تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە 0001/1/1 تا 1900/12/31

عەلی کەندی

بەرگی یەکەم - چاپی دووەم

بژارکراو و پترکراو

باشووری کوردستان - هەولێر

2709 - 2009

گەنجینەیەکی پڕ لە مێژووی ڕووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدەدا

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامه

لــه

١/١/١٠٠٠ تـــا ٣١/١٢/١٩٠٠

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە ١/١/١٠٠٠ تـا ٣١/١٢/١٩٠٠

عەلی کەندی

بەرگی یەکەم – چاپی دووەم
بژارکراو و پتەوکراو
باشووری کوردستان – هەولێر
٢٠٠٩ – ٢٧٠٩

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری مێژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی یەکەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر ڕەخنەیەك یان پێشنیارێك یان هەر زانیاریەك لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یان ژمارەی ئاریافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یان ئیمێلی:Alikendi@yahoo.com

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

* ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. com

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لەگەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشەکردن و بووژانەوەی بەردەوام بە پێی تێپەر بوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و ....هی دیکە .

ئەمەش پێداویستی ژیان بە زانیاری تەواو لەم بوارانەدا هەیە ، لە پێناو هەلسەنگاندن و شیکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گوونجاندنی لەگەڵ ئێستا دا ، ئەویش لە پێناو هێنانە کایەوەی بارێکی لە بارەو گوونجاوتر بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ، بە دابین کردن و سەقامگیرکردن و مسۆگەر کردنی داد پەروەری کۆمەلایەتی و دانان بە مافی مرۆڤ و چارەسەر کردنی کێشە تەشەنە دارەکانی لەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن . بە تایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی ونیشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونەریت و شووێنەوارو شارستانیەت وئاین وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەست لەناو دەستدا و رازی بوون بە بەرامبەرەکە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگۆو دایلۆگ ودانی مافە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .

جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسەکەم ، بەلکووپێشەکیەکەی چاپی یەکەم وبەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئامآژەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بە شێووەیەکی لە بار لە بوارەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

وادیارە مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دەروونی خووێندواران وسەرکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بە دەست هێناوە . لە سەر باری کوردو کوردستان لەو هەموو بوارانەدا . بەڵگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تیراژی ٤٥٠٠ دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان کراوەتەوە و بۆتە سەرچاوەیەکی سوود لێوەرگرتن وەك سەرچاوەیەك . کە بووە هۆی ئەوەی کە داواکاری زۆری لە سەر بێت .

جـا منـیش بـەو پـەری دڵخۆشـیەوە مێژوونامەکـەم ، لـە چـوار بەرگـدا دەخەمـە بەردەستتان بە شێووەیەکی تێرو تەسەل لە هەموو بوارەجیاجیاکان . بە ناوێکی دیکە کە – ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە – یە ئەمـەش لـە سەر داوای مامۆستایانی شارەزا بە هۆی لە خۆگرتنی هـەموو بوارێك بەتایبـەتی لە سـەر کوردو خاکی کوردسـتان ، وەك بوارەکانی رامیاری و نەتـەوەیی و نیشتمانی و ئاین و جووگرافی و زمان و کەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گـەردوون و یاسـاو شـەڕو ئاشـتی و بـە بەڵگـە نامـەکان . ئـافرەت و رووداوەکـانی تیرۆرستەکان و فرۆکەو پزیشك و .... ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لـە ناوەرۆکی مێژوونامەکەدا .

کە بەرگی یەکەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەکات تا ٣١ / ١٢/١٩٠٠ ، هـەروا بـەرگی دووەم لـە ١٩٠١/١/١ دەست پێـدەکات تـا ١٩٥٠/١٢/٣١ ، بـەرگی سـێیەم لـە ١٩٥١/١/١ دەسـت پێـدەکات تـا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هـەروا بـەرگی چـوارەم لـە ٢٠٠١/١/١ دەسـت پێدەکات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ .

لـە هـەمان کـات بـە پێـی پێویـست وێنەکانیـشی لەگـەڵ دانـراوە لەگـەڵ نەخـشە جیاجیاکان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ . بەلاّم بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەکان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیکە سەیری بکەیت لە ناوە رۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا . لە بەر ئەوەی دانەنراوە ، یا وێنەکە دەست نەکـەوتووە یـا وێنەکـە زۆر کـۆن بـووە ، لـە هـەمان کـات نـەم ویـستووە وێنـەکان دووبارە ببنەوە . وەك بەڵگەیەکی راست و دروست و رێك و پێك .

لـە هـەمان کات داوای لێبـووردن لـە خوێنـەرانی هـەڵگری ئـەم کتێبـە دەکـەم لـە هـەر کەموو کوریەك ، لە بەر ئەوەی مرۆڤ گەر هەڵە نەکات پێش ناکەویت .

لە کۆتـایی هیـوادارم خزمـەتێکی بچووکی کتێنخانـەی کـوردی و خووێنـەری کوردم کردبێت لە کوردستان و وولاّتانی دراوسێی کوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عــەلی کــەندی

دانەری ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

٢٠٠٩ / ١ / ٣١

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئـەم خەمخۆریـە تاقـە کەسـییە کـە لایـەن مامۆسـتا عـەلی کەنـدی ئەنجامـدراوە شـایانی سوپاس و پێزانینـە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لـە وولاتانـدا بۆ هـەر بوارێك لـەم بوارانـەدا دەزگایـەك بە کۆمـەڵێ پسپۆرو شـارەزاو لێزان بەماوەیـەکی دیـاریکراو بەمـەرجێ هـەموو کاتێکیـان بـۆ جۆرێـك لـەجۆرەکانی ئینـسکلۆپیدیا تــەرخان دەکــەن وەك (ئینــسکلۆپیدیای زمــان ، فۆلکلــۆر ، سیاســەتمەداران ، شــاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد) ئەم ئینسکلۆپیدیانە لـە کتێبخانەکانـە و لەسـەر تۆڕی ماڵپـەڕەکان هەن و هەروەختێ یەکێك ویستی لە چ بوارێك پێویستی پێی هـەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ .

بـەڵام بەداخـەوە لایـەنی پەیوەنـدار لـە کوردسـتان چ حکوومـەت و دەزگاکـانی تایبەتمەنـد نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هـەبێ کە بەشێوەیەکی بابـەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قووڵی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ .

ئینجا چاپ و بڵاوبکرێنـەوەو جارێ خـەرمان بەرەکـەتی زمـانی کـوردی بەهـەموو شـێوە زارەکـانی کۆنەکراونەتـەوەو تـاکو لەبەردەسـت دابـێ ، ئـەوجا دەزانـین چ زمـانێکی زەنگـین و رەنگینمان هەیە .

لە بەر ئەوەی زمان ناسنامەو گیانی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەك بێ ، بۆیە هەرچەندی بایـەخ و گرنگی و بەها بەزمانی کوردی و زمـانی نەتـەوەکانی دیکـە کـە لـە کوردسـتان دەژیـن بدرێ هێشتا کەمـە ، چـونکە هێنـدەی تـر هـزرو رۆنـاکبیری و ووشـیاری نەتەوایـەتی پێگەیـشتن و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینێ و گەر خاك نیشتمان و وولات بێ ، ئـەوا زمـان گیانەکەیـەتی و هەڵگری ناسنامەی تایبەمەندیەتی لەنێوو زمانانی جیهاندا هەیە .

ئەنـدامی پـەرلەمانی کوردســـــتان

باشووری کوردســــــتان – هەولێر

٢٠٠٩/٨/١٠

كارێـــكی كەلتـــووری مـــەزن

••• ئەم كارەی پیشەسازییەی ووشە :

((ئینـــــــسكلۆپیدیایە – مێژوونامە))

قەڵایەكی كلتـووری مێـژووی مەزنـە ، وەكـو قەڵاكـەی شـاری مێـژوو – هـەولێر – ، هـەردەم زیندووە .

بـــەڵێ ، كارگـــە ووشـــە سازیەكەی مامۆستا عەلی كەندی ، مـەزنترین سـەرمایەی كـوردو كوردسـتان و مرۆڤایەتیـە . لـە لایەنی داڕشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە باشتر بوایە .



كارێكی كلتووری مەزن

... ئەم كارەی پیشەسازییەی ووشە :
((ئینسكلۆپیدیایە – مێژوونامە –))
قەڵایەكی كلتووری مێژووی مەزنە ، وەكو
قەڵاكەی شاری مێژوو – هەولێر – ،
هەردەم زیندووە .
بەڵێ ، كارگە پیشەسازییەكەی
مامۆستا عەلی كەندی ، مەزنترین
سەرمایەی كوردو كوردستان و مرۆڤایەتییە .
لە لایەنی داڕشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە
باشتر بوایە ..
مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

مومتاز حەیدەری

باشووری كوردستان – هەولێر

٢٠٠٩/٧/٧

پـــــــێشەكی

لە یەكێك لە ژمارەكانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەكم لە سەر چاپی یەكەمی كتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی كەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەكەی كەم ناكاتەوە ، چونكە ئەگەر بزانم كتێبێك لاوازە و كەم بایەخە كاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناكوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەڵام دیارە كتێبەكەی نووسەر عەلی كەندی لەم جۆرە نییە<

پاش ماوەیەك عەلی كەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێووە كردم و باسی لەوە كرد كە مێژوونامەكەی كردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەكی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحاڵی خۆم پێشانداو كاتێكمان بۆ یەكتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەك سەردانی بارەگای كۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی كوردستانی كردو دڵخۆش بووم بەوەی كە هاورێیەكی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەڵام بینیم كە چوار بەرگەكە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەكانی زۆرە ، بۆیە داوای كاتێكی باشم كرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بكەم <

بەڵام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە كاتێكی كەمتردا ئەركەكەم ئەنجام بدەم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم و كەمی كات و گەورەیی بابەتەكە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەكەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەكو بەرهەمێكی تر لە هەڵەی چاپ و هەندێ جاریش هەڵەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەڵام لە هەمان كات كارێكی مەزنە بە ماندووبوونێكی زۆر ئەنجام دراوە .

نووسەرێكی دڵسۆزی وەك عەلی كەندی پێی هەڵساوە ، كە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بكرێ تاكو بەرهەمی زیاتر پێشكەشی كتێبخانەی كوردی بكات ، بە تایبەتی كە هێشتا كتێبخانەی كوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە كوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی كوردی دەزانن ، بۆیە چاپكردنی كتێبی كوردیش لە هەموو بوارەكاندا بەشداریكردنە لە بەرەو

پێشبردنی رەوتـی رۆشـنبیری کـوردی ، بۆیـە داوا لـە خوێنـەران و رەخنـەگرانی کورد دەکەم کە بە بایەخەوە سەیری ئەم بەرهەمە بکەن و بیخوێننەوە و لـە سـەری بنووسـن و لایەنـە چاك و خراپـەکانی بـە دیـار بخـەن ، تـاوەکو گـەر هـەر کـەم و کوریەکیشی هەبێت لە چاپەکانی تردا راست بکرێتەوە .

نووسەر کارێکی زۆر باشیش دەکات کە نووسینی خـۆی پـێش چاپ کردن بـە خەڵکانی تر پیشان دەدات ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەکانی خۆی ببینێ ، لـە کۆتایـشدا هیـوادارم کـە عـەلی کـەندی ئـەم توانـا باشـەی هەیـەتی لـە بـواری کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت .

بەمـەش بابەتـەکانی نووسـینی لـە باشـەوە بـەرەو باشـتر دەچـێت و هـەر نووسەرێکیش لە پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د- محەمەد عەبدوڵلاّ کاکە سوور

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی

کوردستان وسەرنووسەری گۆڤارمێژوو

سەرۆکی بەشی مێژوویی ئێواران / کۆلێجی ئاداب لە

زانکۆی سەلاحەدین

٢٥ /٧/ ٢٠٠٩

پێشەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

فەرهەنگی زمان و ئەدەب و زانستی و هونەر بەهەموو بابەتەکانیەوە، هەروەها ئەنسیکلۆپیدیاو ڕێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبەتی و گشتی لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ نرخیان گرانترو پێویستیان زیاتر دەبێ. ئەگەر لەڕۆژگاری ئەمڕۆی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری کەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەکانی فەرهەنگی زمان و ئەنسیکلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئەو نرخەیان نامێنێ، یا کەس پێویستی پێ یان نابێ بەهەڵە چووە، چونکە هێشتا ئەم ئامارە تازە داهاتوانە بەسەرهات و کردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیان تۆمار نەکردووە لەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەییەکی زۆری دەوێ، جگە لەوەی ئەم ئامارانەش لەبەردەستی هەموو کەسێك نین، تەنیا خوێندەوار کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئەدی نەخوێندەوار لەسەر ڕووی زەوی ژمارەیان چەندە! نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو بەتایبەتی لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە!

لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی باسم لێوەکردن لەناو کۆمەڵی ئێمەی کوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لەم لایەنەوە نامەخانەی کوردی هەژارە، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکان ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان بە نەتەوە (الأمة Nation) بزانن پێویستە تۆماری زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیاو کولتووری نەتەوەیی یان هەبێ،

ئەوەی ئەم هەموو مەرجە کولتووریانە دەپارێزێ و ڕێکی دەخا ئەو کارەیە کە بەشێکە کەوتۆتە ئەستۆی عەلی کەندی.

تاقیکردنەوە لەناو کوردەواری ئێمەدا لەم بابەتەوە کەمە، ئەوەی کراوە لەو پلەیەدا نییە باوەڕی تەواوی پێ بکرێ، چونکە دوو هۆی سەرەکی دوژمنی ئەم جۆرە کارە زانستییانەن، یەکەمیان ئیدۆلۆجییەت و دووەمیان سۆزی نەتەوەیی (قەومی)، ئەم دیاردانە هەوێنی کاری داهێنانی ئەدەبی و هونەرین، بەلام پێویستە زۆر دووربن لە کاری لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا. لەناو میللەتانی کەم پێشکەوتوودا شوێنەواری ئەم دوو ڕەوشتە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیە تا پلەیێك دەمێنێ.

عەلی کەندی خۆی لەم کارە قورس و پڕ هەوەس و بە کەڵکە داوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی ڕێز لێنانەوە پێی خۆش بوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی ڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کارەی دانەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئەنجام. ئەم سەرچاوانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، سەرچاوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی. ئەوانەی ڕۆژئاوا مەرجی ڕاستی و بابەتیان تێدا هەیە، بەلام سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان، بەتایبەتی کوردییەکان هەندێ جار جێی متمانە نین، چونکە ئیدیۆلۆجییەت و سۆزی نەتەوەیی تیایاندا کاری خۆیان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتەوە دوور بکەونەوە، هەر چۆنێ بێ ئەگەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عاتیفی لەهەندێ جێگە لەم کارە گرنگەدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان، هەروەها ئەم دیاردەیە هەندێ جار لەسەرچاوە ئەوروپاییەکانیش دەکەونەبەرچاو، بەوەی ئەو کتێبانەی لەزمانانی ئەوروپاییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ ڕۆشنبیری کورد عەلی کەندی کارێکی گەورەی کردووە، ئەمە تەنیا لە کتێبی "مێژوونامە"دا ناکەوێتە ڕوو، بەڵکو لەپێش ئەوە هەندێ کاری دیکەی لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگو ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لەم مەیدانە گرنگەی کولتووری هەموو نەتەوەیێك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە. ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو گێتی دا سوود بەخوێندەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن، کەچی نووسینەکانیان دەبن بەسەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك، بەڵام ناویان ناچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشی لەبەڕێز عەلی کەندی دەکەم، هیوام وایە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٤ ی مایسی ٢٠٠٧

دەســـپێك بۆ چاپی یەکەم

خووێنەری بەڕێز :-

ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان کارێکی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەکانی کوردو کوردستانو وولاتانی جیهان لە ۲۰۰۱/۱/۱ زاینی تاکوو ۲۰۰٦/٦/۱ بەپێی قۆناخە تێپەر بووەکانی پەرەسەندنو پێشکەووتنو گەشەکردن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەییو نیشتمانیو رامیاریو ئابووریو بازرگانی سەربازیو زمانو مێژوو کەلتوورو دابو نەریتو شووێنەوارو شارستانیەت.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی کەسایەتی تاكو خێزانو بنەماڵەو کۆمەڵگاو نیشتمانو نەتەوەو زمانو مێژوو و دابو نەریتو کەلتوورو شووێنەوارو بەرەو شارستانیەت، بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان ، کە هەر هەمووی لە ئەنجامی کێشەو ململانێی بەردەوام بووە چ لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتو سەلماندنی بوونی خۆییو چ لە ململانێی ناو خوودی مرۆڤایەتیدا .

لەپێناو پێك هێنانی یەکەم:- نیشتمان و، دووەم :- نەتەووەو دووایی بە چەسپاندنی سنوورو دەسەلاتو دەووڵەتو بەرەو دامو دەزگاکان .

کە کوردیش نەتەوەیەك بووە لەپێشەوەی بەر لە نەتەوەکانی دیکەی سەر زەوی لەناو ئەو کێشەوململانێیەدا خوولایتەوە ، کورد بەر لە ۲۸٤٥ ساڵ خاوەنی ۲۷ وویلایەتی خۆیی بووەو ۲۷ سەرۆكو شانشین دەسەلاتداریەتی نیشتمانو گەلەکەیان کردووەو بەردەوام بوونە لە پاراستنی دەسەلاتەکەیان، کە پایتەختەکەیان هەمەدانی رۆژهەلاتی کورستان بووە .

خاکی کوردستانو گەلەکەی سەرچاووەی یەکەمی بە دەست هێنانی باری پیشەسازیو کشتووکاڵو بناسازیو بازرگانی بوونەو سەرچاووەی پەرەسەندنو پێشکەووتنو گەشەکردنی گەلانی دیکە بوونە . بە تایبەتی سۆمەریو بابلیو هەروا،... هەتا لە بوواری نووسین بەهەموو بووارەکانی کە بەر لەو مێژووەی سەرەوە لەسەر خاکی کوردستان گەلەکەی نووسینو خووێندنی بەدەست هێناوە .

لە بەرئەوەی مێژوو و جووگرافیا جەستەیەکی زیندووی هاوبەشن لە دوو ڕێگای هاوسەنگ بە سەلماندنی بوونی یەکیان بۆ ئەویدیکە بە پێچەوانەش ڕاستە.

جا هەر کارێکی سەربازی یاخوود نەتەوەیی . یاخوود جووگرافی و ئابووری ، کە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی هەبووەو هەیە لە کاردانەوەی لە سەر لایەنەکەی دیکە بە هۆی دابەش بوونی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەدوو بەشی دژ بەیەکتر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتایی نایەت تا کووتایی مرۆڤ ئەویش بە نەمانی ژیان لەسەر زەویدا .

زانستەکانی مێژوو سرووشتو کۆمەلایەتی ئەوەیان سەلماندووە کە مێژوو گەنجینەیەکەو باشو خراپ دەچێتە ناو لاپەرەکانی... مێژووی پەرەسەندنی قۆناخە یەك لە دووای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە کردارە نالەبارو لەبارەکان ... لە نێووان چەووسانەوەو چەووسێنەرەوە ... لە داگیرکردنو لە ڕزگار کردن... لە سەرکەووتنو لە ژێرکەووتنو بەزاندن... لەئاوەدان کردنەووەو لە ووێرانکردن ... لە دەووڵەمەند بوونو لە بەهەژار کردن... لە بوونو لە مردن... لە سەرهەڵدانو لە تووانەوە ... لە قەدەخەکردنو لە ماوەدان ... لە دادپەرووەریو لە ستەمدیدەیی ... لەدزینو تالانکردنو لە یارمەتیدانو پێدانو دابین کردن... لە ڕاست گۆییو لە ناراستیو فرتو فێل ... لەخۆشیو لە کارەسات ... لەداگیرکردنو لە ئازادکردندا.

ئەمانە هەرهەمووی بەکاری مێژوویی دەچێتە ژوورەکانی تۆمارکردن هەر یەکەو لە لاپەرەکانی خۆی بەجیاو ، هەر یەکێش لەووانە بەیەکەوە بەستراووەنەتەووەو هێزیش نیە بتووانێ یەك دێر لە دێرە تۆمارکراوەکانی مێژووی تۆمار کراو بشێووێنێ، چونکە بە ملیۆنەها لاپەرە خۆی تۆمار کردووەو بێ ئەوەی کرداری کارەکە هەستی پێ بکات لە بەرامبەریدا.

بەلام لە دوای خۆتۆمار کردنەکانی وردە وردە خۆی دەردەخاتو ڕاستو چەووتەکانو باشو خراپەکان بە ڕووی کرداری کارەکە دا دەداتەوە بەپێی قۆناخە یەك لەدوای یەکەکاندا .

خووێنەری بەڕێز :-

چ سرووشتو چ مرۆڤ ، دوو جەمسەری بەیەکەوە بەستراون لەخەباتو هاوبەشی بەیەکەوە ژیانو یەکیان بەبێ ئەویدیکەیان بەمردوو دەمێنێتەوە، لەهەمان

کـات دژ بـە یـەکترن لـەپێناو خزمـەتکردنی یـەکتری لـە نـاو هـەر یـەکیان ، بـە مانایـەکی دیکـە، کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی خـۆی لـە خۆیدا کێشەو ململانێیە لـە دوو جەمـسەردا ، هـەروا لـەناو سرووشتیـشدا... بـەپێی یاسـاکانی کۆمـەڵ و سرووشـت وەك یاسـاکانی (وحـدة وصـراع الاضـداد- نفـي نفـي- کمیـة و نوعیـة- الـشكل والمحتوى- الصدفة والضرورة).

جا لـە بەرئـەوە بـەپێی پەرەسـەندنی تەمـەن ، پـەیتا پـەیتا ساتـەکان و کاتـەکان و رۆژەکان و چاخەکان ، سەرکردەکان دێن و دەرۆن و رادەبوورن.

چـونکە هـەر کارێـك گـەر سـەرەتای هـەبێت کۆتـایی هەیـەو بەپێـچەوانەش زۆر راستە ... لەبەر بوونی کێشەو ململانێ و تـەنگ و چەلەمەی نێـوان ئایین و زانست لەناوچەو هەرێم و جیهان ، لە پێنـاو سەرکەووتنی یـەکیان بەرامبـەر ئەوویدیکـەیان و لەناووبردنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان بەردەوامە.

ئـەوەی مـن بـیری لێدەکەمـەووەو کردوومەتـەوە . هـیچ شـتێك کۆتـایی نیـەو مالانهایەیـەو هـەردەم لـە گۆڕیندایـە بـۆ گـۆڕانێکی دیکـە ، گـەر وونـیش بێـت لـە قۆناخێـك بـۆ قۆنـاخێکی دیکـە... واتـە مێـژوو خـوول دەخوواتـەووەو ژیـانیش بەردەوامەو بەردەوام دەبێ .

گـەر قـەدەری لێـك ترازانـی گـۆی زەوی لەگـەڵ کۆمەڵـەی رۆژەکـانی دیکـەو بـە بوونی بەزریانێکی خوڵاوی و بەرەو ئەستێرەیەکی دیکەی بەهێزتر، ئەوکات ژیان لە سەر ئەو زەویە کۆتایی دێت لە سەر ئەم هەسارەیەدا .

دڵنیاشـم لـەووەی کـە ژیـان لـە سـەر ئەسـتێرەی دیکـە لـە گـەردوون دا هەیـە وەك ئێستای ئێمەو هەمان باروو دۆخ دەگرێتە خۆ، بەڵام لە شێووەو شێووازێکی دیکـە ، بە هـەمان یاساکانی کـە لـە سـەرەوە باسم کردووە . کە ئەو پێنج یاسایە بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سرووشت .

سـەرجەم رۆژەکـانی هەفتـەو مـانگ و سـاڵ پـڕن لـە رووداو کارەسـاتی پـڕ لـە خۆشـی و ناخۆشـی و فرمێـسك رشـتن و پێکـەنین لـە هـەموو بـووارو لایەنـە جـۆراو جۆرەکانی ژیان چ بە نەخشێنراو چ بەخۆڕسکیەوە.

خووێنەری بەڕێز:-

بەر پابوونی رووداوەکان چ ناخۆش و جەرگبڕن یاخوود رووداوی

مووژدەبەخش و دلخۆشکەر بن ... لاپەرەکانی مێژوو بەدەست پاکی و بەئەمانەتەوە لە لاپەرەکانی رۆژنامەی ژیانی خۆی تۆماریان دەکات ، گەر تۆو هەر کەسێکی دیکەو لایەنێك و هێزێك و بنەماڵەیەك بەرگری لە خۆی بکات... چونکە مێژوو لە گەڵ پەرەسەندنی ژیان بەردەوامە، مرۆڤ مێژوو دورست دەکات بەپێچەوانەش راسترە ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و مردنی بۆ نیە ، تەنیا مرۆڤ و ئاژەڵ و گیان لەبەروو داروودرەخت و شاخ و داخ نەبێت . کە بوون و مردنی تیا بەردەوامە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخی تەمەن.

کاروانی پەرەسەندن و پێشکەووتنی مرۆڤایەتی لە قۆناخە جیاجیاکاندا ،. کە نەتەوە سەرهەڵدەدەن و دەتووێنەوە ، چیاو شاخ و دۆڵ تەخت دەبن و چیاو دۆڵ و شاخی دیکە سەرهەڵدەدەن ، دەریا لەجێگەی خۆی وون دەبێ و لەجێگەی دیکە سەر هەڵدەدەن ،.

هەروا بەرامبەر بە سرووشت و گەردوون و مرۆڤ و کەش و هەواو ئەستێرەکان ، کە هەر هەمووی بە یاساکانی سەرەوە بەستراوەتەوە ،. لەهەمان کات مێژووش لەناو ئەو یاسایانە لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێ ، لە بە ئەنجام گەیاندنی کاری فەرمانبەریەتی خۆی لەکات وساتەکان و کاری ئەمرۆی ناخاتە رۆژی دوواتر لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا.

جا بە هەر حاڵ ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین ، کەباروودۆخی ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان و وولاتانی جیهان بەقۆناخێکدا تێپەدەڕێت کە لەژێر دەستی سەرەك کۆمارو شانشین و ئەمیرو سەرەك پارت و گرووپ و رێکخراوی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئیسلامی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بنەماڵە بەبوونی داد پەرووەری و نەبوونی دەکەوونە بەر دەستی سزای گەل بەپێی تۆمارکراوەکانی مێژوو بۆ دادگایکردنیان لەدزینی سامانە هەمەجۆرەکانی گەل ونیشتمان .

لە هەموو بووارە جیاجیاکان و هەنگاوونان بەرەو چەسپاندنی دادپەرووەری بەرێنماییەکانی مێژوو، بەرامالینی بیروو بۆچوونی چەووتی خۆپەرستی و خۆویستی و فەسادو دزی وگەندەڵی، بەهێنانەکایەوەی دادپەرووەری لەکارو ژیان و لەئەرك و مافدا...!!

بۆ مێژوو دەڵێم تورك و فارس و عەرەب ، لە هەمووکات و ساتێکدا دووژمنی یەکتر

بوونـه بـەپێی ڕووداوەکـانی مێـژوو . لـە هـەموو بووارەجیاجیاکـان،.. تـەنیا لەسـەر چاسەرەنەکردن و پێشێل کردنی مافی کورد، هاووخـەبات و هاووبـەش و هاووخـەمی یەکتر بوونە ، . بەتایبەتی لە دوای دروست کردنی سنووری جووگرافی وولاتـەکانیان لەسەر خاکی گەلانی هەرێمەکە بەتایبەتی لە سەرخاکی کوردستان... !

سەرکردایەتی کوردیش بگرە لە سەرەتای بوونی دەسەڵاتیان لەسـەر تیرەو هـۆزو ئیمارت و بنەماڵەو پارت و ڕێکخراو لە هـەموو بـووارە جیاجیاکـان دژی یـەکتر بوونـەو مێژوو بوونی گەل و نیشتمانیان پڕکردۆتەوە لە شەڕی خۆکووژی و کێشەو ململانـێ ، لە ئاسانکاری کردن بۆ دووژمنانی گەل و نیشتمان .

تەنیا لە سەر دەسەڵات و سامان کۆك بوونە ، کە ئەمـەش دوو هۆکـاری سـەرەکی بنەڕەتی بوونە لە نەگەیشتنی کورد بە وولاتێکی سنووورداری قەووارە سـەربەخۆ . وەك وولاتانی دیکەی جیهان، کە کورد لـە کیشووەری ئاسیا لەنەتـەوە یەکەمـەکانی ئــەو کیــشووەرە بوونــەو دوا نەتــەوەش بوونــە لــە بەدەســتهێنانی وولاتێکــی سەربەخۆدا..!!..!!..

جـا هیـوادارم لـەناوەرۆکی پێـشەکیەکەم گەیـشتبن ، کـە ئـەوەی لەتووانامـدا هەبووەو دەستم کەوتووە لە مێژووی ڕووداوەکانی کوردو کوردسـتان و داگیرکـەرانی کوردسـتان و نـاووخۆی کوردسـتان و گـەلانی جیهـانم کۆکردۆتـەوە بـەڕۆژو مـانگ و ساڵ لەو کتێبە تۆمارم کردووە بەدڵنیاییەوە .

دڵنیاشـم لـەووەی کـە مێـژووەکان لـە ٩٩٪ ڕاسـتن بـەپێی مێـژووی سەرچـاوە کوردیــەکان و عەرەبیەکان وبــە تایبــەتی بیانیــەکان ، وەك لــە کۆتــایی کتێبەکــە سەرچاوەکان هەمووی تۆمار کراوە ... لە هەمان کات بەشێووەیەکی ڕێك و دورست لە زجیرەیەکی یەك لـە دووای یـەك و سـاڵ بەسـاڵ بەپێی دەسـت کـەووتن و بـروا پـێ بوون تۆمارکراون..

خووێنەری بەڕێز:-

لـە کۆتاییـدا هیـوادارم خزمـەتێکی بـچووکی مێـژووی گـەل و نیـشتمانەکەم و سـەرجەم مێـژووی گـەلانی دیکـەی جیهـان و مرۆڤایـەتیم کردبـێ ، بـە دەووڵەمەنـد کردنـی کتێبخانـەی کـوردی، هیـوادارم کـە ئـەم کتێبـە ببێتـە هۆکـارێکی زیـاتر دەووڵەمەند کردن و پەرەپێدان بە پەرتووکخانەی کوردی و بیانی . بەتایبەتی وولاتانی دراووسێیی داگیرکەری کوردو خاکی کوردستان .

ئـەویش بـە تێگەیـشتنیان لـە راسـتیەکان و هەڵـەی رابردوویـان و گەرانـەوە بـە گرتنەبەری بنەماکانی ژیانی بەیەکەوەی سەردەمیانە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی خۆیی و بوونی دراووسێیەتی برایانە...

هیـوادارم کـە یارمـەتی دەرم بن لـە هـەر رەخنـەیـەك یـاخود کەمووکوورـیەك کـە لەناوەرۆکی کتێبەکەم بەدی دەکرێ .

تـا بـە هاووکـاری و یارمـەتی ئێـووەی بـەرێز راسـتبکرێتەوە ، بـۆ زیـاتر پـووختکردنی ، کـە مایـەی خۆشحاڵی و دەستخۆشییە... ئـەویش بـە پەیووەنـدی کردن بەژمارە مۆبایلی/ ٤٥٤٨٠٩٨ یاخوود ثاریافۆنی ژمارە /٦٦٠٢٥٣٣٥٢٢ .

لەگەڵ رێزم بۆ هەڵگری ئەم مێژوونامەیە

عـەلی کـەندی

باشـووری کوردستان – هـەولێر

١ /٣/٢٠٠٣

GREAT EMPIRES OF THE
SIXTH CENTURY B.C.

خوێنەری بەرێز :– نەخشەی بلاد مابین النهرین – نەخشەیەکی نوویێیەو لە دوای ساڵی ١٩٣٢ بۆتە نەخشەی فەرمی دەووڵەتی ئێراق ... کە ناوی ئێراق بەر لە دامەزراندنی نەبووە ، ئەم نەخشەیەش بۆ ئەوەی دامناوە کە تەنیا بۆ زانیاریە لە بارەی ئەو شووێنەوارانەی لە ناو ئەو سنوورە دەست نیشان کراون ، لە بەر ئەوەی هەردوو نەخشەکەی ئەو دوو نەخشەیە و دوای ئەو نەخشەیە دانراون ، ئەو نەخشەیە رەتدەکەنەوە بە پێی مێژووی جووگرافی مێژووی بوونی هەڵکەوتە جووگرافیەکە , کە ئەو کاتە پێی گووتراوە میزۆبۆتامیا .

تایە

بلاد مابين النهرين
في العصور السومرية الأكدية
المقياس
سركون الاكدي
العصور التاريخية

ئەم نەخشەیە تەواوی وولاتی نێوان دوو زێیّ دیار دەکات بە پێی تێپەر بـــوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەنووسن یاخوود بڕوایان وایە کە ناوی ئێراق یا سووریا یا چەندین جێگەی دیکە بەر لەو مێژووە دادەنێن ، لە بەر ئەوەی ئەو وولاتانە دوای جەنگی یەکەمی جیهان دامەزراون ، کە نە عەرەب ونە تورك لەو ناوچەیە نەبووەو نەشیان دیووە .

تەنیا لە سەرەتای سەر هەڵدانی وئیسلام و سەرەتای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، کە کورد و هەڵگری بڕوای ئاشوورو ئارامـــی لێ نیشتە جێ بوونە ...

بەڵام کـورد بەر لـە ٦٠٠ ســاڵ دانیـشتووی وولاتـی نــێوان دوو زێـیّ بوونـەو ئیمپراتۆریـەتی میدیاش پایتەختەکەی شاری نەمرود بووە لە رۆژهەلاتی شاری مسلا – مووسڵ – لە وولاتی نێوان دوو زێدا .

١٠٠٠ ✍

١/١/٠٠٠١ ئەم ڕۆژە کە بە ڕۆژی لە دایک بوونی حەزرەتی عیسا درووودی خوای لە سەر بێ ، سەرەرای بیروو بۆچوونی جیاواز لە سەر ڕۆژی لە دایک بوونی

حەزرەتی عیسا . بە هۆی دواکەووتوویی کۆمەڵگاکان و نەبوونی خووێندەوارو ڕۆژنامەو گۆڤاری بەرچاو لەدیاری کردنی ڕۆژی ڕووداوەکان، بەشێووەیەکی زانستی و ئەکادیمیانەو نەبوونی ڕۆژنامە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان .

کەچی دووانزە قوتابیەکەی حەزرەتی عیسا لەوانە (مەتی و لۆقا) لەدایک بوونی مەسیح لەکاتی دەسەڵاتی شانشین- هیردۆرس- دادەنێن ، کە شانشینی وولاتی جوولەکەکان بوو، ئەویش بەر لە ساڵی سێیەمی زاینی . بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا نیشانەکانی بوونی مەسیح پشتبەستە بەنامەکانی ، کە ئاراستەی قەدیس پترس کراوە کە مێژووی ساڵی ٦٤ زاینی لەسەر بووە بەتایبەتی پەیووەندیەکانی نێووان زاناکانی ئاینی مەسیح و یاوەرەکانی عەزرەتی مەسیح ، پۆلس و پترۆس و هەروا یەعقوب و یۆحنا بەپێی باری لە دایك بوونی حەزرەتی عیساو بوونی بەپێغەمبەر لەناو ئاڵۆزترین و نالەبارترین بارودۆخی ئەوکات بەتایبەتی لەنێووان دەسەڵات و کاربەدەستان و زانایانی ئاینی جوولەکەدا .

ئەویش بە سەرهەلدای دووژمنکاریکردنی مەسیح و ئاینی مەسیح و خۆخزاندنە ناو ئەو ئاینە نووێیە ، لەپێناو شێووادن و نووسینەوەی مێژووی هەلە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ئاینی مەسیح، دوای ئەوەش سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی جیاواز لە نێووان کەنیسەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو بوونی دوو مەزهەبی لێك جیاواز ئەویش مەزهەبی کاسۆلیك و

پرۆتستانت له جیهان .

رۆژی له دایك بوونی حەزرەتی عیسا بەشێوەیەکی مێژوویی دیار نیە، بەلاّم بیری جیاواز هەیە لەو بارەیەوە کەچی (کلمنت ئەسکەندەر) لەساڵی ١٠٠ زاینــی کــه زۆر لــەزاناکان و پرۆفیــسۆرەکان کــه هەنــدێکیان رۆژی لــەدایك بــوونی بــه رۆژی ٣/١١/١٧ی پــێش زایــن دادەنــێن، بــەلاّم مەسیحیەکانی رۆژهەلاّت بەپێچەوانەوه لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح به رۆژی ١/١/٦/ زاینی دادەنێن ... دوای تێپەربوونی زیاتر له ١٠٠ ساڵ له بوونی ئاینی مەسیح لەساڵی ٣٥٤ زاینی هەندێ کەنیسەی رۆژئاوا بەتایبــەتی کەنیــسەی رۆمــا ئاهــەنگیان گێــرا بەبۆنــەی لــەدایك بــوونی حەزرەتی مەسیح له ١/١١/٢٥ی پێش زاینی، بەلاّم ئەو مێژووه هەڵەیه که رۆژی کوودەتای زستانیه ، که رۆژی زستان لەو رۆژه بەرەو درێژ بوون دەچێت .

بەلاّم بەر لەوه ئاهەنگیان دەگێرا بەبۆنەی جەژنی (متراس) که لەدایك بوونی رۆژەکه کۆتایه نایەت... بەلاّم کەنیسەکانی رۆژهەلاّت دەستگیر بــوون بــەرۆژی ١/٦ تاگەیــشته ئــەو کاتــەی کــه کەنیــسەکانی رۆژهــەلاّت رۆژهــەلاّتیش جــەژنی لــه دایــك بــوونی حــەزرەتی عیــسا بکەنــه رۆژی ١/١٢/٢٥ پێش زاین تاکوو رۆژی ١/١/١/ زاینی که به گەورەترین جەژنی ئــاینی مەســیح و جیهــان دادەنرێــت و بــەردەوام بــووه تــاکوو ئــەمرۆو بــەردەوامیش دەبێــت... شــایانی باســه ئــەمرۆ ئــاینی مەســیح لــه گەشــەکردن و پەرەســەندنه ، که ژمــارەی زیــاتره لــه ٢/٥ ملیــارو نیــوو لــه جیهان و کەسانی هەڵگری ئاینەکانی دیکەی جیهان روو له ئاینی مەسیح دەکــەن و رێنمــایی و بیرەکــانی پەسەندەکــــــەن – قــصة الحــضارات– بەرگی شەشەم–١٢/١١).

١ /٢ /٢٠٠١ مەبەستم له دانانی ئەم مێژووه رەتکردنەوەی چەند ئاماژه پێکردنێکی نووسەری مێژووی مووسڵ – القس سلیمان سائغ الموصلی – بووه ، که دانراوەکەی به ناوی مێژووی مووسڵ بووه و له ساڵی ١٩٢٣ به چاپ گەیەنراوه له چاپخانەی سەلەفی له میسر ... ! ئەویش:–

جێگەی روونکردنەوەیه که بەرگی یەکەمی له لاپەرەی ٣٩ له خاڵی دووەم

باسی کردووە ، کە شاری مووسڵ هیچ کەسێك داینەمەزراندووە تەنیا عەرەب نەبێت .

بەڵام شاری مووسڵ بە پێی نووسراوە مێژووییەکان بە تایبەتی نووسەری یۆنانی بەناوبانگی جیهان – کزینفۆن – کە لەو کاتەی خۆی و نزیکەی ۱۰,۰۰۰ هەزار چەکدار لە دەڤەرەکانی بەغدای ئێستا بەرەو باکوور دەهات و کە گەیشتە رۆژهەڵاتی زێی دیجلە هیچ دانیشتووانێك لەو ناوچەیە نەبوو ، واتە مووسڵی دوای فتووحاتی ئیسلامی تەنیا ماڵە کوردەکان نەبن کە لە ناو کووخ دەژیان کە زینفۆن دەڵێ :–

کە بەو ناوچەیە تێپەریم تەنیا ئەوەم دی کە بە دەیا کووخ هەبوون و دانیشتووانەکەی بە زمانی کوردی ئاخاوتنیان دەکرد و زێی دیجلەیان کردبووە سەنگەری بەرگری کردن لە خۆ ، ئەویش لە ترسی دووژمنانیان کە ئەمەش لەساڵی ٤٢٠ ی بەر لە زایین بووە ... دوای ئەوە بە هۆی هەڵکەوتەی شاری مووسڵ وردە وردە دانیشتووانی دەڤەرەکانی دیکە روویان لەو ناوچەیە کردووە ، بە تایبەتی ئارامیەکان و فارسەکان لەدوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی میدیا و شاری مووسڵ ، کە ئێستا پێی دەڵێن مووسڵ ، ناوی مووسڵ نەبووە بەڵکوو ناوی نواردشێر بووە ، لەگەڵ چەندین ناوی دیکە وەك مسبلا ، کە لەلایەن دانیشتووانەکەی کە چەندین ناوی دیکەی هەبووە بەپێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

دوای ئەوە بەر لە فتووحاتی ئیسلامی دانیشتووانی مووسڵی ئێستا کورد و ئارامی و ئاشووریەکانی تێدا نیشتەجێ بوونە نەك عەرەب ، یاخوود عەرەب شاری مووسڵی ئێستای دایمەزراندبێ یاخوود ئاوەدانی کردۆبێتەوە ... لە بەر ئەوەی نە عەرەب و نە تورك لە پارێزگای ئێستای مووسڵ نەبوونە تاکوو دەرکەووتنی ئیسلام و فتووحاتی ئیسلامی ، کە لە ساڵی ٦٤٠ ی زایینی مووسڵ لەلایەن عەرەب داگیرکراوە لە رێگەی فتووحاتی ئیسلامی .

کە کوردیش لە رۆژهەڵاتی زێی دیجلە نیشتەجێ بوونەو بەر لە هەموو نەتەوەیەك و ئاینێك ، کە هەڵگری بڕوای ئاینی زەردەشتی بوونەو ئەم ناوچەیەش لە ژێر دەسەڵاتی میدیا بووە ، کە پایتەختی دەسەڵاتی میدیا

لـه شـاری نـەمرودی رۆژهـەڵاتی ئێستای مووسـڵ و ئـەوکاتی دەسـەڵاتی میدیا بووە ... کە عەرەب ئەو کاتە لە دوورگەی بیابانی عـەرەب و یەمـەنی ئێستا زیاتر تێپەر نەبوون و ناوزەندنەبوون لەناوچە جیاجیاکانی دیکە ، تەنیا بازرگانەکان نەبن ، کە بەو ناوچانە تێپەردەبوون و ببووە ئامرازێکی پەیوەندی و ناسین لەگەڵ نەتەوەو دانیشتووانەکانی دیکە .

بەڵام لە دوای فتووحاتی ئیسلامی گەیشتنە هەموو جێگایەك لە رێگەی بە ئیسلام کردن و داگیرکردن و سووتاندن ، کە عەرەب داگیرکەرەو ئەوەی ئێـستا لێـی نیـشتەجێ بـووە خـاکی عـەرەب نیـە لـە ئێراقـی دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢٠ و نـە سووریا و نـە میسر و نـە فەلەستین و چەندین وولاتی دیکە ، بەڵکوو لە رێگەی فتووحاتی ئیسلامی داگیرکراوە و بە خاوەنداریەتی خۆی و ئوومـەی عەرەب و ئوومـەی ئیسلامی دادەنـێ ، کە ئەویش بە زەبری شمشێر بووە لە رێگەی کووشتن و تۆقانـدنی و



منظر الموصل على ضفاف دجلة

سووتاندن و تالأنکردن و ئەنفالکردن...؟ .

ئەم وێنەیە وێنەی پردی کۆنی مووسڵە لە سەر زێی دیجلە کە کورد لە رۆژهەڵاتی ئەم زێیەی نیشتەجێ بووە بەر لە هەموو نەتەوەیەك لە کاتی دروستکردنی ئەم پردە دانیشتووانەکەی تەنیا کورد بووەو عەرەب بوونی نەبووە ....؟...!.

نـەك لـە رێگـەی لێبـووردن و ئاشـتی و تێگەیانـدن ، کـە ئەمـەش مێژووی ڕووداوەکـان ئـەو ڕاستیانە دەسـەلمێنن لە هـەموو بوارە جیاجیاکـان ، لـە

ناوچەو کێشووەرەکەدا .

تێبینی :-

ئەمە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە بوو ، هیوادارم کورد بە مێژووی ڕووداوەکاندا بچێتەوەو فێری ببێ ، کە گەل و نیشتیمانەکەی چۆن کەوتۆتە بەر شمشێری ژەهراوی و پێی لەت لەت کراوەو داگیرکراوە ، لە سەرەتای بوونی ئیسلام تاکوو ئەمڕۆ لە هەرێم و ناوچە و جیهان ، بەتایبەتی بەرامبەر بە گەل و خاکی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠١/٣/٢١ مەبەست لەو مێژووە ئەوە نیە کە لەم ڕۆژەدا جەژنی نەورۆز دەستی پێکردبێ یاخوود مێژووی کوردی بێت ... بەلکوو مێژووی کورد لە ٧٠٨/٣/٢١ بەر لە زایین . دەست پێدەکات ، کە دەکاتە بەرامبەر ١/٣/٢١ بەر لە زایین . بەڵام مەبەست لێرەدا جەژنی نەورۆز وچۆنیەتی سەرهەڵدانیەتی بەپێی نووسراو وتووێژینەوەکانی تووێژینەرە بیانەیەکانی ئەو کاتە و بە پێی سەرچاوەکان ، کە نووسراون و بەر لەهەمووشیان کتابی پیرۆزی – ئاڤێستا – بەهەموو بەشەکان لەگەڵ دیاریکردنی ڕێنماییەکانی ئاینی زەردەشت و سەرهەڵدانیدا .

هەروا – قصة الحضارات – کە دانەرەکەی ویل دیورانتە – هەروا – هكڕا تكلم زرداشت –کە نووسەرەکەی – نیشتەیە – کە فەیلەسوفێکی ناوداری جیهانیە ... هەروا لە – قصە الدیانات – کە دانەرەکەی – سلیمان مەزهەرە – هەروا – زرداشت والدیانات الزرداشتیە – کە دانەرەکەی – فارس عوسمان .

ئەمەو چەندین دانراوی دیکە لەلایەن نووسەرو پرۆفیسۆرو تووێژینەری ناوداری جیهانی و کەسایەتی دیکەی ئاینەکانی دیکەی وەك بووزی و جوولەکەو مەسیحی و ئیسلام لە جیهان .

هـەروا زۆر لـە نووسـەرانی ئەو سـەردەمە بەتایبـەتی لـە عـەرەب و کـوردو فـارس و تـورك و نەتـەوەكانی دیكـەی ناوچـەو هەرێمـە نزیكـەكان لـە كیشوەری ئاسـیا کـە جـەژنی نـەورۆزو بـوونی نـەورۆز هـی کـورد نیـە و بـەڵكوو هـی چـەندین نەتـەوەی دیكەیـە ... بەتایبـەتی لەلایـەن نووسـەرو كەسایەتی ئایینی ئیسلام کە بە جەژنیشی دانانێت و مەراسیمی چەژنی نـەورۆزیش بـەلا شـەرعی دادەنێت لـە جیهانـدا ... کـە تـەنیا جەژنـەكانی ئاینی ئیسلام بەجەژن دانانێن وەك جەژنی – قوربان و رەمـەزان و جـەژنی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام – محەمەد – درودی خوای لەسەربێت .

لەلایــەكی دیكــە جــەژنی نــەورۆز وەك – چــیرۆكێك یــاخوود وەك پەخشانەیەك ناوزەند دەكەن ، كە گوایە پاشایەك هەبووە بە نـاوی زوحـاك ، کـە دوو مـار یـاخوود ئـەژدیهای لـە سـەر شـان بـووە و هـەموو رۆژێـك خـوێنی مرۆڤێكـی بـۆ كراوەتـەو بۆتـە خـواردنی رۆژانـەی ، تـاكوو ئـەو رۆژەی كە پیاوێك بە ناوی كاوەی ئاسنگەر بۆتـە هۆكاری كووشتنی ئـەو پاشایەو مارەكانی یاخوود ئەژدیهاكانی سەر شانی ، و دانیشتووانی لـەم كارەسات و مەینەتە رزگاركردووە .

پێنووسی زۆر لە نووسەرە هەمـە لایەنـەكانی ئیسلام ... كە زەردەشـت و ئاینی زەرادەشتی بەئاگر پەرست دادەنێن و دژ بەخواو رێنماكانی خوا بۆ

مرۆڤایەتی دادەنێن .

من نامەویٚ باسەکە بە درێژی بخەمە ناو کتێبی مێژوونامەکە... لە بەر ئەوەی گەر لە سەر زەردەشت و ئاینی زەردەشتی و چۆنیەتی ئەو ئاینە بنووسین ، بیٚ گومان کتێبێکی ٥٠٠ لاپەرەی پێویستە لەبەر راستی و دروستی سەرهەڵدانی ئەو ئاینەو خوودی زەردەشت خۆی لە سەر خاکی کوردستان و کێشوەرەکەدا .

گەر بە ووردی بچیتە بنچ و بناوانی ئەم ئاینەو چۆنیەتی کەووتنە سەر رووی زەوی لە سەردەمێکی کە سەرهەڵدانی دەسەلاٚتی ئیمپراتۆریەت لەباو بووە ، نەك وەك ئێستا لە وولاٚتی بچووك و گەوورەو بەتوانا و بیٚ توانا ... گەر نووسەر یاخوود تووێژێنەر بیروو بۆچوونی خۆی لەگەڵ بیروو بۆچوونی نووسەرو تووێژێنەرو پرۆفیسۆرو فەیلە سوفەکانی بەر لە خۆی شیٚ نەکاتەوە ئەوە پێی ناگوترێ نووسەر.

لە بەر ئەوەی زۆر لە نووسران هەن کە خاوەنی بەدەیان دنراون ... بەلاٚم تەنیا ووتەی دانەرەکانی بەرلە خۆیان گوواستۆتەوە ناو دانراوەکانی خۆیان بۆ ئەو سەردەمەی کە خۆی تیای دەژی و بە ئاگادارکردنەوەی خووێنەرو نووسەرانی دیکەدا .

ئەمەش لە بازنەیەکی تەسك دەخولێتەوە ... کەچی نووسەردەبیٚ بیروو بۆچوون و هەڵوویستی خۆی هەبیٚ لە نووسین ، یاخوود لەو بوارەی کە خۆی بۆماندوو دەکات . جا لە بواری نەتەوەیی بیٚ ، یاخوود لەبواری نیشتمانی بیٚ ، یاخوود لە بوارەکانی زمان و مێژوو و کەلتوورو داب ونەریت و شارستانیەت شووێنەوار بێت.

جا مەبەستی من ئەوە نیە کە بە شێوەیەکی نادروست بۆ ئەو کارانە بچم بەڵکوو هەڵوویستی من ئەوەیە ، کە نووسەر دەبیٚ پێنووسەکەی بەراستی بنووسیت ، گەر نووسەرێکی راستگۆ و خاوەن ویژدانێکی مرۆڤانە بێت نەك نووسەری ئیمپراتۆرێك ، یاخوود نووسەری پاشایەك ، یاخوود بنەماڵەیەك یاخوود پارتێك و گرووپێك بێت...؟.

هەتا لە بوارەکانی دیکەی نەتەوویی و نیشتمانی و زمان و مێژوو و کەلتوورو داب و نەریت و شارستانیەت .

گــەر نووســەرەکە ڕووســی بێــت نـابێ تـەنیا نووســەری ڕووســەکان و نیشتمانی نەتەوەکەی بێت ، لـە پێنـاو بەهێزکردنی ئامانجەکانی خۆی ، بــەڵکوو دەبــێ ئــەو نووســەرە دادپــەروەری بخاتــە ســەر لاپــەڕەی نووسینەکانی نەك پێنووسەکەی گوولە بێت و دەستی چەکەکە بێت و بەسنگی بەرامبەری وەبنێ...!.

بە پێـی ئـەو ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە مـاوەی نووسـینکانم فێـری بوومـە لەهــەموو سەرچـاوەکانی بیـانی و عـەرەبی و کـوردی ، گەیـشتمە ئـەو بڕوایەی کە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی جەژنی نەورۆز ڕۆژی لەدایك بوونی _زرئوشترای کوری بورشاسپا _ یە و کە دایکی ناوی – دگدوڤا – یە .



هەروا لە هۆزی – هژستیان – ە ، کە لە پارێزگای ئورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لــەدایك بــووە ...بــەڵام نازنــاوی – زەردەشــت – نازنــاوی ئایینەکەیـەو کتابـە پیرۆزەکەشـی بـەناوی – ئاڤێستایە – . وەك کتابـە پیروزەکانی دیکە – زەبوور – تەورات – ئینجیل – قورئان...کە یەکیان بووە ... زەردەشت ئەو کاتەی کە لە دایك دەبێ , جیا لـە هـەموو منداڵی سەر گۆی زەوی بە پێی مێژوو، پێکە نیووە ...نـەك وەکوو مندالـەکانی دیکە گریابێت .

.هـەروا جیـا لـە هـەموو پێغەمبـەرەکانی دیکـە ، زەردەشـت خوێنـدەوار بووەو ماوەی حەوت ساڵ لەلایەن مامۆستاکەی – برزین کردی – فیری

خووندن کراوه لە هەموو بوارەکانی پزیشك و کشتووکاڵ و کۆمەڵایەتی و

پیشەسازی...کەچی نەموساو نەعیساو نە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوایان لە سەر بێت خووێندەواریان نەبووە...!.

واتە ئەو ئاگرەی کە باڵی بە سەر گوندەکە کێشاو رووناکی کەوتە ناوچەکەو ئاگادار بوونەوە بە لە دایك بوونی ئەو منداڵەی کە لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکە چاوەروان دەکرا .

واتە ئەم بڵێسە ئاگرە مانای مۆژدەی خۆشی و سەرکەووتن و نوێ بوونەوەو تەواوکەری ئەویدیکەیە ، بە پێی پەرەسەندن و پێشکەووتن و گەشەکردنی قۆناخە یەك لەدوای یەکەکان.

بۆ سەلماندنی ئەو راستیەش ... زەردەشت لە سەدەی حەوتی بەر لە زاین لەدایك بووە ، واتە لە ساڵی ۷۰۰ ی بەر لە زایین و لە رێکەوتی ۳/۲۱ ... بەڵام زۆر لە سەرچاوەکان لە دایك بوونی زەردەشت بە ٦٢٨/٥/٣٠ دادەنێن ... کەچی لەدایك بوونی لە رۆژی ۹/ئازەر – لە مانگی – مردازما بووە – کە لە ئاڤێستادا هاتووە بە پێی رۆژمێری زەردەشت لەو کاتدا .

ئەو شەوەی کە زەردەشت لە دایك بووە ، بڵێسەی ئاگر باڵی بە سەر ئەو گوندەدا کێشاوە کە زردەشت لێی لەدایك بووەو هەموو دانیشتووانی گوندەکە هەڵاتوون و گوندەکەیان جێ هێشتووە .

بەڵام دوای بە سەرچوونی شەوو هاتنی رۆژ دانیشتووانەکە

ئاگادارکراوەتەوە ، کە ئەو منداڵەی چاوەروانی دەکرا لە دایك بووە ، لە هەمان کات رزگاربوون بووە لە قۆناخێك بۆ قۆناخێکی دیکە ... زەردەشت یەکەم نووێنەر ، یاخوود پێغەمبەر بووە . کە بروای بە تەنیایی یەك خوا هەبووە بەر لە موسا و عیسا و محەمەد – د.خ – ... گەر چیرۆکی لە دایك بوونی موساو عیساو محەمەد راست بێ .

ئەوا چیرۆکی لەدایك بوونی زەردەشت زۆر زۆر راسترە ...؟. لە بەر ئەوەی رێنمایەکانی ئایینی زەردەشت راستی ئەوە دەسەلمێنن ... بەجێ بەجێکردنی مەراسیمی ئاینی زەردەشتی لە کێشوەرەکەو جیهاندا .

ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە ... ئەو نەتەوەو هەڵگری بروا جیاجیاکانی ئەو کات و تاکوو ئێستاش ، جەژنی نەورۆز لەو کات و تاکوو ئێستاش جەژنی نەورۆز بەجەژنی خۆیان دەزانن و جگە لەکوردو فارس و نەتەوەکانی دیکەی وولاتەکانی وەك ، ئەفگانستان و پاکستان و جۆرجیا و تورکمانستان و هندستان و وولاتانی بەلکان و هەتا وولاتانی عەرەبی ئێستا ئاهەنگ بۆ ئەو جەژنە مەزنە دەگێرن .

گەرباس لەجەژنەکانی ئاینی ئیسلام بکەین ... کە جەژنی قوربان جەژنی نەك بە تەنیا ئاینی ئیسلامە ، بەلکوو جەژنی هەموو ئاینەکانە لەبەر ئەوەی ئەو جەژنە لە لایەن ئیبراهیم خەلیل کراوەتە جەژن ... نەك لەلایەن ئاینی ئیسلام ... جەژنەکانی دیکەشی ... !.

چا من زۆر بە کورتی باسی جەژنی نەورۆز و سەرهەڵدانیم کردووە ... بۆ زانیاری زیاتر بگەرێنەوە سەر کتێبەکانی ... قصة الحضارات ٢/١ ... قصة الدیانات ... زرادشت و الدیانة الزرادشتیة ... هکذا تکلم زرادشت ... کە بە روونتر بۆتان روون دەبێتەوە

۰۰٦٨

۰۰٦٨ /٦/٢٩ لە دوای گەران بە بلاوو کردنەوەی ئاینی مەسیح و بەربەرەکانی کردنیان لە لایەن ئاینی جوولەکە ، لە پێناو رازی کردنی جوولەکەکان ئیمپراتۆر – هیرۆن ، کە قدیس پترۆس و قەدیس پۆلس – ی دستگیرکردوو هەردووکیانی سەربری .

٠٠٧٠

٠٠٧٠/١/١ لێك جیابوونـەوەی هـەردووئایینی لێـك جیـاواز ، ئـاینی مەسـیحی لـە ئایینی جوولەكە بەشێوەیەكی فەرمی و بەرچاوو ، كە هەریـەك بە پێی كتابە پیرۆزەكانی خۆیان ئایینەكانیان دەبرد بەرێوە سەرەرای دژایەتی و دووژمنكـاری كردنـی یـەكتری. كـە بـەر لـەو مێـژووش لـە نێوانیانـدا هـەر هەبووە لە گەڵ گەلانی دیكە لە ناوچەو هەرێمەكان و جیهان .

٠٠٧١

٠٠٧١/١/١ نووسینەوەی كتابی ئینجیلی مەرقەس ، كە ئەم كەسایەتیە یەكێك بووە لە دەستە راستەكانی حەزرەتی عیساو قوتابیەكان ، بە گەیاندنی پـەیامی ئـایینی مەسـیحی لـەو كـات بـە گـەلانی هەرێمـە جیاجیاكـانی قـوودس و دەووروبەری و بەرەو وڵاتانی دیكە لە جیهان.

٠٠٩٠

٠٠٩٠/١/١ كارەكـانی حـەزرەتی عیـسا بـە شـێوەیەكی رێكوپێـك لـەم رۆژەدا نووسراوەتەوە بەپێی بنەماكان لە هەموو بوارە جیاجیاكانی پەیوەندی و ژیانی گەلانی سەر زەوی.

٠١٠٠

٠١٠٠/١/١ نووسـینەوەی ئینجیلـی یۆحنـا ، كـە ئـەم كـە سایەتیە یـەكێك بـووە لـە دەسـتە راسـتەكانی حـەزرەتی عیـساو قوتابیـەكانی بەگەیانـدنی پـەیامی ئایینی مەسیحی بە گەلانی هەرێمـەكان و قـوودس و دەووروبـەرو بـەرەو جیهـان... لـە هـەمان كـات بیـنین و بـیروو بۆچـوونەكانی یۆحـەنا نووسراوەتەوە بەپێی رێنمایی و ئامۆژگارییەكانی حەزرەتی عیسا.

٠١٢١

٠١٢١/٤/٢٦ لە دایك بوونی ئیمپراتۆری رۆمانی و فەیلەسوف – ماركس ئـۆرلیۆس – لـە بنەماڵەیـەكی دیـارو بـە ناوبـانگ...لـە دوای مردنـی ئیمپراتـۆر

ئەنتۆپینۆس لە ساڵی ١٦١ ، مارکس بووە ئیمپراتۆر لە سەر رۆمانیا ، کە ئیمپراتۆرێکی لێهاتوو لە سەرخۆ بووەو هەردەم هیواکانی ئاسوودەیی و بەیەکەوە ژیانی بە ئاشتیانە بووە لەو کاتەدا . ئەم ئیمپراتۆرە لە دەسەڵات بەردەوام بوو تاکوو لە ١٨٠/٣/١٧ کۆچی دوایی کرد .
هەروا لە ماوەی دەسەڵاتی لە ناو گێژاوی شەڕو سەرکەووتن و هەڵاتن هاتووە بەهۆی فراوانکردنی دەسەڵات و داگیرکردن ، لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی ئەو سەردەمەدا ، بەتایبەتی لەدوای پەیدابوونی ئاینی مەسیح و هەنگاونان بەرەو ئەوروپا.

٢١٦ز

٢١٦/٤/١٤ز رۆژی لە دایک بوونی رابەرو دامەزرێنەری ئاینی مانی – مانی کوڕی فاتک– لە گوندی – مەردینۆ – لە سەر کەناری چەپی رووباری دیجلە لە باکووری کوردستان ، کە دایکی ناوی (مریەم)

بووەو لەنژاد کوردەو باوکی لە ناوچەی پارێزگای ورمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوشاۆچکەی بەدرە هاتووە بە هۆی ئازاردان ، کە هەڵگری ئاینی زەردەشتی بووینە .
... شایانی باسە عەرەبە شۆڤێنیەکان ناوزەندیان کردووە بە مانی بابلی... یاخوود مەدائن واتە –سەلمان بەگ– کە قەزایەکە لە رۆژهەڵاتی شاری بەغدا بە دووری ١٥ کیلۆمەتر ، کە ئەمەش راستی تیا نیە بەهیچ جۆرێک ، چونکە ئەو کاتە عەرەب نە لە ناوچەی مەدائن بوونە گەر

هەشبووبن مەر لەووەڕێن و حووشترەوان بوونە نەك بەشێووەی نیشتەجێ بوون ،.

ئەویش بەهۆی فتووحاتی ئیسلامی بووەو لە هەمان کات عەرەب لە ناوچەی دەوورووبەری بەدرەو جەسانیش نەبوونە، هەتا لە پارێزگاکانی ئێستای دیالەو کووت و عیمارەش ، چونکە ئەو پارێزگایانە لەسەرەتای سەدەی هەژدەم بەرەو بوون بە شار دورستکراون . بە یارمەتی بەرپرسانی عەرەبەکانی ڕێزی دەسەڵات و سووپای عوسمانی .

شایانی باسە هەندێ سەرچاوە لە دایك بوونی مانی بە ٢٤٢/٣/١٩دادەنێن، بەڵام لەچەندین سەرچاوە بە١٤/٤/ی دادەنێن ، بەلای منیش ١٤/٤/٢١٦ ڕاستە بەپێی چەندین سەرچاوە.

٠٣١٣

٠٣١٣/٤/١ دەرچوونی مەرسوومی هیلانۆ بەپێدانی ئازادی بیروڕای ئایینی مەسیحی لەگەڵ شانشین قستەنیتنی ڕۆما لە لایەن دەسەڵاتی کەنیسەی باڵای مەسیحەکان

٠٣٢٠



٠٣٢٠/٩/١٤ قەدیس هیلانە کە دایکی- قستەنتین- بووەو ئافرەتێکی ناودارو لێووەشاوە بووە ، بەهۆی بەهێزی بیری ئاینی مەسیح، داوای لە کورەکەی کرد . کە ئاینی مەسیح بڵاووکەنەوە لەگەڵ دۆزینەوەی خاچی پیرۆزی مەسیح ، دوایی سێ خاچیان دۆزیەوە کە ئەو سێ خاچەیان لە دوای یەکتر ریز کردوو هەریەك لە خاچەکانیان دەخستە سەر جەستەی ئافرێکی

نـەخۆش ، کـە خاچـی سـێیەم بـووە هۆکـاری چـاکردنەوەی ئافرەتـە نەخۆشەکە ، کە ئەو خاچە جێگەی بزمارو خووێنی جەستەی عیسای پێـووە دیـار بـوو ، کـە لـەو رۆژە خاچـی راسـتەقینەی دەسـتی حـەزرەتی مەسیح دۆزرایەوە.

٠٣٣٠

٠٣٣٠/٥/١١ تـەوواو بـوونی دورسـتکردنی شـاری قووسـتەنتینیە –ئەسـتەمبوڵی– تورکیـای ئێستا لەلایـەن ئیمپراتۆریـەتی بیزەنتیـەکان بـە نـاوی رۆمـانی نـوێ ، کـە ئـەو کـات ٦٠ر٠٠٠هـەزار پـاوەنی زێـری لێ خـەرج کرابـوو، کـە ماوەی شەش ساڵ بەردەوام بوونی لەکار کردن تاکووئەو شارە تـەواو بـوو ، بەکردنـەوەی کـە ئـەویش بـە دورسـت کردنـی ١٤ گـەرەك ، کـە دووانیـان لـە دەرەوەی پەرژینەکـە بوونـە ، ئاهـەنگ گێـران بـەم بۆنـە ٤٠ رۆژی خایاندلە شارەکەدا .

٠٣٤١

٠٣٤١/٤/١٧ کۆبوونەوەی شاری نیڤیا لە پێناو یەکگرتنەوەی بڕوابە یـەکتر بـــوون ، بـەڵام تیرۆرکردنـی سـەرۆکی کەنـسەی ئاشـووری بـەتریك مـارشموون ، بەگوللـەی شـای فـارس . کـە گـرنگترین بڕیارەکـانی کۆبوونـەوەی نیڤیـا یاسای بڕوابوون بوون ، کە کەنیسەی ئاشووری رەزامەندەی لەسـەرکرد . بێ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەکە بکات بەهۆی بارو دۆخەکە.

٠٢٤٢

٠٢٤٢/٣/٢١ لـە رێـورەسمی تـاجگوزاری شـاپووری کـوری ئەدەشـێردا – مـانی – ووتـارێکی خووێندۆتـەوە و شـاپوری یەکـەمی ئیمپراتـۆری ساسـانی بـۆ هەڵگری بڕوای ئاینەکەی بانگ هێشت کردووە .

ئەمەش لە دوای گەرانەوەی بوو کە لە گەشتەکەی بۆ هندستان لـە ساڵی ٢٤١ بووە ... هەڵبژاردنی ناوی – مانی – یانی – نەمر – کە لە خێزانێکی فەرمانڕەوا بووە . لە دوای چەندین ساڵ لە خەباتی رامیاری و سەربازی و ژیانی دوونیایی دیاردەیەکی ئاسایی بووە ، کە نـاوی کورەکـەی بـە نـاوی

مانی بێت لە ناو بنەماڵەکەیدا .

هەوڵەکانی مانی لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی و بانگ هێشت کردنی خـەڵك بـووە کـە لـە سـاڵی ٢٤١ دەسـتی پێکـردووە ، ئـەویش لــە ســەردەمی دەســـــــەڵاتداریەتی ئەردەشـێر ، کـە ئـەو کـات بارو دۆخەکەی لە بار بووە لـە پێنـاو گەیـشتنی بـە ئاواتەکانی . هەرچەند زۆر بە کزی و لاوازی هەنگاوی نـاوە لەسـەرەتادا لــە ناوچـەکە بەتایبـەتی لـە کوردستان .

لەبـەر ئـەوە مـانی لـە گەشتەکەیدا بۆ گوند نشینە کوردیەکان لە بەهاری ٢٤٢ سەردانی شاری هەولێری کردووەو ماوەی سێ رۆژ لێی ماوەتەوەو دوای ئەوە سەردانی — روها — ونەسیبینی — ی کردووە .

دوای ئـەوە لـە سـاڵی ٢٥٢ لـە لایـەن شـاپوورەوە لـە — مـانی — دراو ئاینەکـەی قەدەغـەکرا ... ناوچـە کـورد نـشینەکان بـە تایبـەتی لاپـالی چیاکانی کوردسـتان بوونـە یەکـەمین وێـستەگەی دالدەدانی— مـانی — و دەربـازکردنی لەدەسـت بەرپرسـانی ساسـانی ، چـونکە ئـەو پـاش ئـەو رووداوە بـەر لــەوەی بگاتــە ناوچــەکانی خۆرهــەڵاتی ئیمپراتۆریــەتی ساسانیەکان بەرەو کێشووەرو وولاتی هندستان هەلات.

شـایانی باسـکردنە کـە — مـانی — چـەندین کتێـب و ناميلكـەی بەرهـەم هێناوە کە ئەمەش لە پێناو دلخۆشکەری خەڵك بووە بۆ پەيامەکەی .

دیـارە مـانی ئـەو راستیەی دەزانـی کـە بـەر لـەو ئاینـەکانی —جوولەکـە — تــەورات — و — زەردەشــتی و ئاڤێـستا — و —بـوزی — دامابـادا — و —

مەسیحی و ئینجیل – یان هەبوونە ... ئەو بە ووردی ئاشنای ناوەرۆکی ئەوانە و بنەماکانی بووە ... بۆیە تەوراتی بەستەمکاری پەروەردگار زانی – بەلام ئاڤێستاو ئینجیلی پەسندکردووە و دامایادایشی قبوولکردووە و بەو هۆیە فێری تیۆری دۆنادۆن بووە ... لەگەڵ چەندین بیروو بۆچوونی دیکە .

لە ٢٤٤/١/١٤ هەڵگیرسانی شەڕە بەناوبانگەکەی هورمزدەگانی لە هەرێمی خۆزستانی وولاتی فارس ، کە ئەو کات روویدا لە نێوان هەردوو سەرکردەی بەناوبانگ – ئەردەشێری – و – ئەردەوانی ئەشکانی – کە لە ئەنجامی کۆتایی شەڕەکەدا ئەردەوانی دەبەزێ و زنجیرەی ئەشکانیەکان بە تەواوی لە ناودەچێت لە هەرێمەکەدا .

٠٢٦٩

٤/ ٢/ ٠٢٦٩ ئەم رۆژە رۆژی دەست پێکردنی ڤالانتاینەو خۆشەویستی و راستگۆیی دووپاتدەکرێتەوە... گوڵی سوور بۆتە هێمایەك بۆ ئاشقان . چونکە رەنگی سوور گەر کاڵیش بێتەوە رەنگەکەی وون ناکات. جێگەی ئاماژەپێکردنە کە مالمێکی قەیسەری رۆم هەبوو ، دەیگوت نابێ سەرباز هاوسەرگیری بکات ... هەروا قەشەیەکیش هەبووە ناوی – ڤالانتایین – بوو کە بەدزیەوە کچ و کوری لەیەك مارەدەکرد ... دوای ئەوەی کەزانیان ، قەشەیان خستە زیندانەوە و بریاری لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاند .

کەچی قەشەکە خۆی لەبەندیخانەدا ئاشق بوو بە کچە پاسەوانەکەی ... لەو رۆژەی کە بردیان بۆ لە سێدارەدانی نامەیەکی بەدەستەوە بوو ، کە یەك دێـری لـێ نووسـرابوو ئـەم دێـرەش نووسـرابوو – خۆشـم دەوێیـت – سـەرەنجام لـەرۆژی ٢/١٤ لەسـێدارەدراو ئـەم رۆژە بـووە رۆژی ئاشـقان لەجیهانـدا . ئـیتر هـەر وولات و هـەر نەتەوەیـەك لـەم جیهانـە بەشـێوەو شـێوازی تایبـەتی و گـشتی خـۆی کـوران و کـچانیان ئـەم یـادە لەیـەکتر پیرۆزدەکەن .

گەلی کوردیش ئەم یادە بەسێوو ، یاخوود بە مێخەك لەیەکتر پیرۆزدەکەن ... بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگای کوردەواری نەگەیشتۆتە ئاستێك کە بنەماو رێنماییـەکانی خۆشەویـستی بەئـەنجام بگەیـەنێ ، جـا چ لـەنێوان دوو خۆشەویـستی هـەردوو رەگـەزبێت ، یـاخوود لـە نێـوان هـەردوو هاوسەرەکەبێت ، یاخوود لە نێوان بنەماڵەو هاورێیەتی و دراوسێیەتی بێت ... کە لـە ئەنجامیشدا دەبێ بگاتـە ئەو ئاستەی کـە کۆمـەڵگای کـورد لـەو پـەری خێـرو خۆشی و پەیوەندیـەکی هاوسـەردەمیانە بێـت شـان بەشـانی کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهاندا .

هەروا لە لایەکی دیکەدا ، لە کۆتایی سەدەی سێیەمی زاینیدا قەشـەیەکی دڵ کـراوە بـەناوی ڤانتـالاین لەیـەکێ لەهەرێمـەکانی ئیتالیـا ژیـانی بەسـەر دەبردوو داوای لە دانیشتووانەکە دەکرد بۆ نوێژکردن و راستگۆیی و پـەنا بردن بۆ خۆشەویستی , هانی گەنجەکانی لە کورو کچ دەدا بۆ هاوسـەرێتی , ئـەویش تـورەیی کلودیۆسـی ئیمپراتیـۆر وای مەزنـدە دەکـرد کـە ژن و مێردەکان توانای ئەوەیان نیە ببن بەسەربازێکی بەهێز .

بە بۆچوونی ئەو هاوسەربوون گەنجانی خەمسارد دەکردو وایان لێدێت کە هەمیشە لەتـەك ژن و منداڵـەکانیان دابن . کە ئەمـەش لەسـەر قارەمانیـەتی بوو , وەك کەسێکی ستەم کار کە هەمیشە بروای بە خوێن رشتن هـەبوو ... ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە بریـاری قەدەخـەکردنی هاوسـەرگیری لـە هەرێمەکاندا و لەژێر باڵی تاریکیدا.

ڤالانتـاین ئـەو قەشـە دڵ نورانیـە بـوو کـە لـەنێوو ئەوشـکەوتدا رێـورەسمی هاوسـەرگیری کـچان و کـورانی سـازدەکرد . ئەمـەش لـە ناوەنـدەکانی کێشە

دیـارو نادیارەکـانی ژێردەسـەڵاتی ئیمپراتـۆر بـەردەوام بـوون ، تـاکوو بـووە هێمـای خۆشەویـستی و دەربـڕینی بـیروو بۆچـوونی راگۆڕینـەوە بـە دەیـان رێگەی گوجاو لە پێناو خۆشەویستی و پێکە وەنانی هاوسـەرێتی و خێزان .

۰۲۷۷

۰۲۷۷/۱/۳۱ بە فەرمانی شاهانەو پشتگیری و هاندانی موگەکان و لە سەر بنەمای ئاینی زەردەشـتی ، لـە سـەر رێنمـایی کرتیرمـانی زینـدانی کـرا ... لـە مـاوەی زیندانیەکەی بەهۆی ئازاردان و ئەشکەنجەدان گیانی لە دەست داو کۆتـایی بەژیانی مانی هێندرا .

ئەو بریارەی بە سەر – مـانی – دا ، درا لای – مەردیسنا – بە تاوانی – یاخی بوو لادەر لە ئایین – ناسرابوو – کە سزاکەی بریاردان بوو بە مەرگ .

ئـەو سـزا سـەختەش بەسـەر رابـەری مـانیزم مەترسـی گـەورەی زەردەشتیەکان بوو لەسەرکەوتنی ئەو ئاینە ... هـەر بۆیـە دوای کووشتنی مـانی و مردنەکەشـی زۆر کاریگـەر بـوو ... کـە کاتێـك بەفـەرمانی ئـەو دەسەڵاتدارە پارچە پارچە کرا و پێستەکەشیان سووتاند تا بەتـەواوی لـە مردنەکەی دڵنیا بن .

دوای ئـەوە جەسـتەکەیان و خۆڵەمێـشەکەیان کـۆکردەوەو لـە شـاری – تەیسەفۆن – بەخاکیان سپارد .

بـەم جـۆرە کۆتـایی بـەژیانی هـات ، کـە لـە مـاوەی ٦١ سـاڵدا کـە ٣٦ سـاڵ بانگەوازی پێغەمبەرایەتی دەکرد ، لەو کاتەی لە ململانێـی سـەردەمی ئـایین و بیروباوەری لەو پەری دژواریدا بوو لە جیهاندا .

سەرچاوە:– خسرو مزدك .ل/٥١ – زرین کوب – تأریخ مردم ئیران./٤٧٣ .

۰۳٥٤

۰۳٥٤/۱۱/۱۳ لە دایك بوونی لاهـوتی و فەیلەسـوف مەسیحی نـاوداری جیهـان – ئـاریلیس ئۆگستین – لـە بـازاری بوکـان لـە رۆژهـەڵاتی جـەزائر ... شـایانی باسـە ئـەم فەیلەسوفە بە باوکی کەنیسەی کاسۆلیك ناسراوە .

بە هۆی بەرگری کردن لەبیری ئاینی و داهاتووی لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی ... باوکی ناوی – وسنی – بووەو دایکی ناوی – مونکا – لەئایین مەسیحی بوونە .

لەو کاتەش باشووری ئەفریکیا وویلایەتێك بوو لە رۆمانیا ... ئۆگستین یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ٣٩٦ بڵاوکردەوە بە ناوی – فی مختلف المسائل – هەروا کتابە بەناوبانگەکەی بەناوی – الأعترافات – لە ساڵی ٤٠١ بڵاوکردەوە . لەگەڵ شەش کتابی دیکە لەچەندین بواردا و بەردەوام بووە لە کارەکانی بە گەران لەووڵاتانی جیهان ، تاکوو لە ٤٣٠/٨/١٤ لە شاری بونەی رۆژئاوای توونس کۆچی دوایی کردووە لە ووڵاتەکەدا .

٠٤١٠

٠٤١٠/٩/١ شاری باتنە کە دەکەوێتە نزیك کە ناری زێی فووڕات لە باکووری کوردستان ، کە بازارێکی گەورەی تیابوو . لە هەموو کەلوپەلێکی ئەو کاتی بازرگانیدا ، کە بازرگانەکانی چین و هیند روویان تێ دەکرد... هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا شارەکە کراوە بووە بۆ کارەکانی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی فارسی بە پێی بریاری ئیمپراتۆرەکانی –هۆنۆریۆس و تیۆدۆرسی– بچووك ، کە شاری نەسیبین لە رۆژهەڵات لە سەر کەناری زێی دیجلە و کالینرك بووە، لەرۆژئاواو لە سەر کەناری زێی فووڕات و ئرتکزانا لە هەرێمی ئەرمینیە بووە لەرووی لای باکوور.

هەروا شارەکانی نسیبین و سنجار لە باشووری کوردستان لەو رۆژە چۆڵ کرابوون ، لە دانیشتووان بەهۆی رەزامەندی شای فارس بۆ رۆمانەکان بەپێی رێکەووتننامەی ئاشتی مۆرکراو لە ساڵی ٣٦٣ لە نێووانیاندا .

٠٤٢٠

٠٤٢٠/١/١٧ بە ناوبانگترین پاشای ساسانیەکان – یەزدگرد – کۆچی دوایی دەکات ، کە بەرامبەر بە کوردو خاکی کوردستان لە ئازاردان و وێرانکردن بێ وێنە بووە... ساسانیەکان واتە ئیمپراتۆریەتی فارس ، کە ناوبراوە لەلایەن دانیشتووانی ووڵاتی فارس بە پاشایەکی تاوانبار ناوزەندکرا بوو بەڵام لەلایەنی هەڵگری ئایینی مەسیحی بە پیاو چاك ناوزەندکرابوو ...ئەمەش لە پێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتی لە ناوچە و هەرێمەکەدا .



بوونی عەرەب لەو ناوچانەی کە لەو نەخشەیە دیاری کراوە بەر لە ئیسلام . واتە بوونی عەرەب و تورك لە وولاتی نێوان دووزێیٚ و لە ئێستای ئێراق و سووریا و کەنداو بوونیان نەبووە ...!.

٠٤٣١

٠٤٣١/٦/٢٢ هەڵوێستی ئاشووریەکان بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی وابوو ، کە دەسەڵاتی بێزەنتیەکان سەرچاوەی چەووساندنەوەی هەموو گەلانی ژێر دەستەکانیان بوون ، لە بووارەکانی ئابووری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی . بەڵکوو لە رووی ئاینی بوو بە هۆی بێزاری کەنیسەی ئەرسۆزکسیەی بێزەنتیەکان ، کە کەسایەتی ناوداری ئەوکات (نەستوورەدان پێنەر) ی یەکەمی ئەو چەووساندنەوەیە بوو . لە ناو دانیشتووانی ناوچەی مەرعەش و کە راهیبەی دێری ناووخۆیی بوو لە باکووری کوردستان.

دوای ئەوە بووە بەتریرك لە شاری قووستەنتینیە و بیروو بۆچوونی دوولایەنەی گرتبووە بەر لە بڵاووکردنەوەی رێنماییەکانی ئایینی کە دەیگووت، حەزرەتی مەسیح خوایەو ، مرۆڤیشە لەهەمان کات نەك هەرخوایە ، کە مەزهەبی ئاینی مەسیحی ئەوکات وابوو ... هەروا دەیگووت مریەمەی عەزرا دایکی خوا نیە بەڵکوو دایکی مەسیحە.

لە سەر ئەو بریارو رێنمایی و بیروو بۆچوونانە – نەستوورە– سزادرا

لەلایەن لایەنگرەکانی بەتایبەتی لە ولاتی میدیای ئەو کاتو شامی ئێستای سووریاو ولاتی نێوان دوو زێی ، ئەستووره لە پلەو پایەکەی هێنرا خووارەوە و لێی وەرگیراوە، دوای ئەوە دوور خراوە بۆ هەرێمی لیبیای ئێستاو دوای بەرەو ولاتی میسر ، دووای ئەوە ئیمپراتۆری بێزەنتی –میوودوسی– دووەم بریاریدا بە سووتاندنی هەموو نووسراو و دانراوەکانی (ئەستوورەی) دا. بەلام هەندێ دەست نووسی مایەوە لە کۆگای ئەدیرەی ئاشووریەکان.

٠٤٤٦

٠٤٤٦/٧/١٥ دادووەری رامیاری دەسەلاتی فارس لە شاری کەرکوک – یەزدجەرد– لە دوای گەڕانەوەی ، کە گەیشتە شاری کەرکوک دەنگی دا بە گرتنی مەسیحیەکان ، کە لەو کاتە دانیشتووانی کەرکوک زیاتر لە ٢٠ هەزار خێزان دەبوو، لەو هێرشەیدا ئەوەی دەستگیری کردوو ئەوەی بەکۆمەڵ کووشتیو ئەوەی دیکە دەربەدەر بوون.

٠٤٤٦/٩/٢٥ فەرمانرەوای فارس – یەزدجەرد – شاپوور فەرمانیدا بەکۆمەل کووشتنی ئەو کوردە مەسیحیانەی ، کە لە شاری کەرکوک دەستگیر کرابوون.

٠٤٥٧

٠٤٥٧/٤/١ کەنیسەی مەسیحی بەتەنگووچەڵەمەیەکی بەجیاوازو دژووارو نالەباردا تێدەپەری بە کەرتبوونی کەنیسەی ئاینی مەسیحی کە – تستۆربۆی– لە کەنیسەی مەسیحی جیابۆوە ، ئەویش بە پێك هێنانی کۆمەڵە کەسایەتیەکی ئایینی مەسیحی بەناوی – کۆمەڵەی ئەستووریە –.

٠٥٣٧

٠٥٣٧/١٢/٢٦ کردنەوەی کەنیسەی – ئایاسۆفیا– لە رۆمای پایتەختی ئیتالیای ئێستا ، لەلایەن ئیمپراتۆرو بەتریك میتاس . کە لە پێشەووەی ئاهەنگێران بوون ، کە کەنیسەکە لە سەر شێووەی خاچی یۆنانی دوروست کرابوو بە درێژایی ٢٥٠ پێو پانی ٢٢٥ پێ ، کە قووبەی ناوەندی لە سەر چوار گۆشەی

۱۰۰×۱۰۰ پێ بوو، لەسەر شێوەی دووباڵی لێك جیا دورست کرابوو ، کە بەرزایی ۱۰۸ پێ بوو وقەوارەکەی ۱۰۰ پێ بوو .
شایانی باسە ۳۲۰,۰۰۰ هەزار رەتل زێرو ۰۰۰ر۰۰۰ر۱۳٤ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لێ خەرج کرا ، کە لەو کاتدا بە گەورەترین کەنیسە لەجیهان دادەنرا ، کە بە دەیا رەنگی جیاوازو نەقش‌و نیگاری تاقانەی بێ وێنە ی تیا بەکار هێنرابوو لە مێژووی کەنیسەکاندا لە جیهان.

۰۵۷۱

۰۵۷۱/٤/۲۰ لە دایك بوونی-محەمەدی کوڕی عەبدوللا کوڕی عەبدولمتەلیب- لە شاری مە ککەی وولاتی سعوودیە لە بارودۆخێکی نا لەباری دواکەوتوو لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی‌و هەژاری چەووسانەوە لە دوورگەی بیابانی عەرەبی ، کە بەهیچ جۆرێك پێداوویستیەکانی ژیانی تیا بەچاو نەبوو تەنیا خەریك بوون بە مەر لەوەڕێن‌و حوشترەوان لەلایەك و بازرگانی لەلایەکی دیکەدا .
هەروا لە تەمەنی ٤۰ ساڵیدا بوو بە پێغەمبەر- د , خ - ، واتە لە ٦۱۱/۸/۲ بەپێشبینی کردنی رێنماییەکانی پێغەمبەرایەتی لە بارێکی دوا پلەی دواکەوتوو لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە نیوان ئافرەت‌و پیاو دەوڵەمەندو هەژار ، کە ئەو کات (عبید) هەبوو، واتە مرۆڤ وەك ئاژەڵ دکراو دەفرۆشراو بازرگانی پێووە دەکرا هەتا چ بەئازاد کردن یاخوود کووشتن‌و چەندین لایەنی دیکەدا ... پێغەمبەر- د, خ - لەناو ئەو کۆمەڵگایە بەپێی تەمەنی گەشەکردن تووانی خۆی بگوونجێنێ لە ناو ئەو پەیووەندیە کۆمەلایەتیەو ببێتە تاقیکردنەوەیەکی زانستیانەو رۆشنبیر بوون‌و دۆزینەوەی رێگە چارەی رزگار کردنی ئەو کۆمەلگایە لە قۆناخی کۆیلایەتی بۆ قۆناخی دەرەبەگی‌و بەرەو باش بردنی باری ناوچەکە . لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بەتایبەتی لە دوای بوونی بە پێغەمبەر، واتە نووێنەری خوای میهرەبان لەسەر زەوی ... یاخوود نێردراوی خوای گەوورەو میهرەبان.

٠٦٠٣

٠٦٠٣ / ١ / ٥ دەست پێکردنی شەڕی ٢٤ ساڵە لە نێوان هێزەکانی سووپای فارس لە وڵاتی فارسی لە گەڵ هێزەکانی سووپای رۆم . کە ئەو شەڕە درێژترین و خوێناوترین شەڕ بوو لەوکاتەی جیهاندا .... ئەمەش لەکاتی دەسەڵاتی پاشایەتی خەسرۆ پەروێز شەڕەکە هەڵگیرسا .
هۆکارەکانی ئەو شەڕە بە کووشتنی ئیمپراتۆری رۆم – مۆریس – هاتە کایەوە، کە دۆستی خەسرۆ بوو . کووشتنی مۆریس لەلایەن فۆرکاس ئەنجامدرا .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە خەسرۆ پەروێز سەرکردەیەکی بەناو کورد بوو ... کە هەموو هەوڵ و تواناکانی بۆ فارس و بە بەهێزکردنی فارس بوو نەك کورد لەسەر خاکی کوردستان .

٠٦١٠

٠٦١٠/١٠/١٥ لە دوای لە سێدارەدانی ئیمپراتۆری بێزەنتی – قووقاس– بە هۆی هەلووێستو کردەووەو تاوانەکانی لە ماوەی دەسەڵاتی، دوای ئەو– هرقل– دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی گرتە دەست تاکوو مردنی لە ساڵی ٦٤١ی زاینی .
شایانی باسە هرقل سەرکردەیەکی ئازاو چاوونەترس و زیرەك و لێهاتوو بوو لە هەموو بووارەکاندا .

٠٦١١

٠٦١١/٨/٢ محەمەدی کوڕی عەبدوللای کوڕی عبدولمتەلیب بوو بە پێغەمبەر ، لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا ، ئەویش بە پێشبینی کردنی رووداوەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان . لە دوورگەی بیابانی عەرەبی لە شاری مەککەی سعوودیە ، کە وەك شۆڕشێك بوو ، لە پێناو رزگارکردنی عەرەب لەو کاتەدا لە دوورگەی بیابانی عەرەبی لە رژێمی کۆیلایەتی بەرەو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی .

ئەویش بە بەرپاكردنی چەندین لایەنی دیكە لە ئازادی لە نێوان كۆمەڵگاو پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكان بە رێنماییەكانی ئاینی ئیسلامی نوێ لە گۆرەپانی ناوچەو هەرێمەكە بەرەو چارەسەر كردنی كێشە تەشەنەدارەكان.

٠٦٢٢

٠٦٢٢/٧/١٦ سەرەتای دەست پێكردنی مێژووی كۆچی بوو ، كە بەرامبەر ١/١/١ مێژووی كۆچی دەكات ، كە ئەو رۆژ ژمێرە بەپێی رۆژ ژمێری مانگ دەستی پێكردووە، ئەویش بەكۆچی پێغەمبەر – د ، خ – دروودی خوای لەسەربێ بۆ دەرەوەی شاری مەككە لەگەڵ ئەبووبەكری سەدیق ، بەهۆی ترس و پالەپەستۆی دووژمنەكانی ئاینی ئیسلامی نوێ ، كە دەكاتە رژی ٩/٢٠ی هەمان ساڵ.

٠٦٢٣

٠٦٢٣/٩/١٢ پەرلەمانی شاری مەككە – دار الندوه – كۆبوونەوەكیان گرێدا بە ئامادەبوونی نوێنەری هەموو هۆزەكانی قوورەیش ، لە پێناو دارشتنی پیلانێكی گوونجاو بۆ لە ناوبردنی هەڵگری ئایینی نوێیی ئیسلام . لە بەر ئەوە پێغەمبەر – د.خ – لەگەڵ هاورێ دلسۆزەكەی ئەبووبەكر سەدیق شاری مەككەیان بەجێهێشت.

٠٦٢٣/٩/٢٤ لە دوای هەرەشە كردنێكی زۆر لەلایەن قوورەیشیەكان بۆ سەر محەمەد– د.خ – هەتا بەكووشتنی و دوای سێ رۆژ گەران لە دوای محەمەد لەلایەن قوورەیشیەكان، بەلأم منداڵەكانی ئەبووبەكر ئاگاداریان كردن بە خۆشاردنەوەیان، بەلأم دوای ئەوە بەرەو شاری مەككە گەرانەوەوەو لایەنگرانی محەمەد ، كە زیاتر لە ٢٠٠ كەس دەبوون بەناوی چوونە حەج پێشوازیان لە محەمەدو ئەبووبەكری سەدیق كرد ... شایانی باسە دوای ١٧ساڵ عوومەری كوری خەتاب ئەو رۆژەی كردە ، یەكەم رۆژی مێژووی عەرەب . كە دەكاتە رۆژی ٦٢٢/٧/١٦ ساڵی زاینی.

کێشووەرەکەدا .

هەروا باسی ئایینی زەردەشتیەکان و ئایینی ساسانیەکان دەکات ئەویش:- ئایینی ساسانیەکان ئایینی زەردەشتی بوو ، کە بووە ئایینی فەرمی تەختی پاشایەتی و ئەو ناوەش سەبارەت بە پێغەمبەر زەردەشتی میدیای لێنرا ... کە لە سەردەمی پاشای میدیای - کەشتاسبی هەراسب - لە ساڵی ٦٢٨ ی بەر لە زایین لە دایك بووە .

زەردەشت ڕێنمایی ئایینەکەی بڵاوکردەوەو لە سەر پێستی گامێش کە ژمارەیان/ ١٢ دوانزە هەزار پارچە نووسیووەو کتێبەکەی ناونا - ئاڤێستا - و بە زمانی کوردی و بە خەتێکی نزیك لەوەی هیندیەکانی ئێستا بە کاری دێنن نووسیووە ، ساسانیەکان ئایینەکەی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەکەیان بڵاونەکردەوە لەبەر ئەوەی نەیاندەویست بێگانە بێنە سەر ئایینەکەیان و پێیان وابوو - مەجووسیەت تایبەتە - بە خۆیان ، بنەماکانی ئاینەکە ئەمانەن:-

ڕاوو بۆچوونی خێرخوازانەو ووتەی باش و کاری بەجێ و باوەڕی بە کتاب پەرستی و ڕۆژی دوایی هەبوو ... کۆمەگە لەسەردەمی ساسانی لە چەند چینێك پێك دەهات کە ئەمانەن :-

١-چینی کاهینەکان ...٢- نووسەران ...٣- جەنگاوەران ...٤- گشتیاران .

٥- پێشمەندەکان .

ڕێگە نەدەدرا خەڵکی لە چینێکەوە بچنە سەر چینێکی دیکەو هیچ خاوەن پێشەیێکیش بەبێ ڕەزامەندی پیاوانی ئایین مافی ئەوەی نەبوو پێشەکەی خۆی بگۆڕێت ، زۆر لە ساسانیەکان و نەوەکەی شاپوورو چەندانی دیکە سەردانی ماڵی خوایان کردووە ، لە شارەکانی مەککەو مەدینەدا .

سەرچاوە :- www.kurdmedya.com

٠٦٣٢/٦/٧ کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام – محەمەد عەبدوللا عەبدولمتەلیب – د.خ– لە شاری مەککە ، شایانی باسە لە سەردەمی خۆی نە مێژووی کۆچی دیاریکرابوو نە قورئانی پیرۆزیش لە کتابێکی رێك کۆکرابووەوە ، تا ئەو کاتەی کە ئیمامی عوومەری کوری خەتاب دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی گرتە دەست، کە دوای ١٥ ساڵ لە کۆچی دوایی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ ، لەگەل مێژووی کۆچی کە کۆچی دوایی پێغەمبەر بە ١١/٣/١٢ کۆچی دانراوە بەپێی مێژووی زاینی .

لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر –محەمەد - دروودی خوای لەسەر بێ ، ئەبوو بەکری سەدیق جێگەی گرتەوە بە یەکەم خەلیفەی ئیسلام و بووە هۆی دووبەرەکی و سەرهەڵدانی دووبیروو بۆچوونی جیاواز لە ناو ئاینی ئیسلام بەدوو مەزهەبی شیعە بەسەرکردایەتی ئیمامی عەلی و ، مەزهەبی سووننە بەرابەرایەتی پێغەمبەری کۆچ کردوو – د ، خ – دەست گیر بوون بەرێنماییەکانی پێغەمبەر دروودی خوای لە سەر بێ .

لە دوای ئەو سەرهەڵدانە لە دوو مەزهەب و دەرکەوتنی چەندین بیروو بۆچوونی دیکەی جیاواز ، وەك فاتمی و وەهابی و عەلەوی و ئیسماعیلی و ، چەندین لایەنی دیکە لەناو قەوارەی ئاینی ئیسلام .

بەڵام گەر رێگە راستەکەی ئیسلام دەست نیشان بکەین . کە یەکەم خوای گەورەی میهرەبان و دووەم پێغەمبەرو سێیەم قورئانی پیرۆز ، کە ئەمە راستی ئاینی ئیسلامەو هەر بیروو بۆ چوون و برووای دیکە دەرکەوتبێ... یاخوود دەرکەوێ ، ئەوا شێوواندنی ئاینی ئیسلامە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ئاینی ئیسلامدا .

٠٦٢٤

٠٦٢٤/٣/٧ سەرکەووتنی سووپای ئیسلام بە سەر جوولانەوەی بەرهەڵستکاری هۆزە عەرەبەکان لە پێناو دەرچوونیان لە دوورگەی عەرەب و فراوانکردنی سنووری جووگرافی و لکاندنی بەو دوورگەیەو پەیداکردنی شووین و جێگەی گونجاو و ژیان و رزگاربوونیان لە مەترسی هەردوو ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و فارس .



<u>ئەم نەخشەیە فتوحاتی ئیسلامی دیار دەکات لە سەردەمی ئەبو بەکری سەدیق بەرەو باکووری ڕۆژهەلاتی دوورگەی عەرەبی بەرەو وولاتی نێوان دوو زێی . واتە میزۆپۆتامیا .</u>

ئەو هۆزە عەرەبانە داوایان لە خەلیفە ئەبووبەکر کرد یارمەتیان بدات بە پەلاماردانی وولاتـی نێوانی دوو زێـیْ – میزوبۆتۆمیا – و هەرێمی شام کە بەشی رۆژئاوای ئێستای سووریا و فەلەستینی ئیستاو هەروا ئوردنی لەخۆ دەگرت .... خەلیفە ئەبووبەکر سووپایەکی لەو هۆزە عەرەب و هەڵگری ئاینی ئیسلامی نویْ پێك هێناو بەرەو هەرێمی شامی ژێردەستی بیزەنتیەکان بە سەرکردایەتی – یەزیدی کوری ئەبوو سوفیان – شەرحەبیل کوری حسنە – عەمرۆ کوری ئەلعاس – هەروا ئەبی عوبێدەی کوری جەراح – بە ڕێکەووت بەرەوناچەکەدا .

هەروا سووپایەکی دیکەی بەرەو ئێراق رەوانە کرد بە سەرکردایەتی خالیدی

کوری وەلید ، کە توانی سەرکەووتن بەدەست بێنێ لە کەناری رۆژئاوای زێـی فـورات ... دوای ئـەوە روویکـردە هـەرێمی شـام بـۆ یارمـەتی دانـی سـووپای عـەرەبی ئیـسلام ، دژی دەوولـەتی بیـزەنتی ، کـە لـە ئـەنجام سـەرکەووتنیان بەدەست هێنا و توانیان شاری دیمەشق داگیربکەن .

کە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کە دوورگـەی عـەرەبی بـە تـەواوی کەوتـە ژێـر دەسەلاتی ئیسلام و بە دەرچوونیان لە هێرشەکانی هەردوو دەوولـەتی فارس و بیزەنتیکان... دوای سەرکەووتنیان ، خەلیفە ئەبووبەکر ئەو ناوچانەی کە داگیریـان کردبـوو دابەشـی کـرد بـۆ چـەند وویلایـەتێك و لەهـەر وویلایـەتێك ئەمیرێکی ئیسلامی لێ دامەزراند .

لەگەڵ ئەوەشدا وولاتی نێوان دوو زێێ و شام شەڕی تێدا بەردەوام بـوو دژی چـەکدارانی ئیـسلام .... ئـەو شـەڕو پێکدادانـە چـەندین سـاڵی خایانـد لـە ناوچـەو هەرێمـە جیاجیاکـانی نێـوان ئیـسلام و دانیـشتووانی رەسـەنی ئـەم ناوچەو هەرێمانە لە کوردو فارس و ئارامی و ئاشووریەکان .

. سەرچاوە:- ئەتلەسی مێژووی عەرەبی و جیهان / ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب . دار الشرق . المؤسسه العلمیه لوسائل التعلیمیه - بیروت - سووریا /٢٠٠٥ .

٠٦٣٤/٨/٢٣ کۆچی دووایی خەلیفەی ئیـسلام ئەبووبـەکری سـەدیق ، کە یەکـەم خـەلیفـەی ئیسلام بووە ، لە دوای سێ ساڵ لە خەلافـەتی، دوای ئـەو ئیمـامی عوومـەری کوڕی خەتاب جێگەی گرتەوە بە خەلیفەی ئیسلام.

٠٦٣٥

٠٦٣٥/٢/٢٥ فتووحاتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئیمامی عومەری کوری خەتاب زیاتر هەنگاوی بەرەو دژووارترین دەناو لە ئاکام توانیان وولاتی فارس داگیربکەن بە سەرکردایەتی سەعدی کوری وەقاس لە شەری قادسیەی یەکەم لە داگیرکردنەکانیان بەردەوام بوون بەهۆی بەهێزکردنی سووپای ئیسلام لە هەرێم و ناوچەکەدا .



لە ناوە رۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکە باسم لە فتوحاتی ئیسلامی کردووە وەك داگیر کەرو ئیمپرتۆریەت . ئەم نەخشانەش بەلگەن بۆ سەلماندنی ناوەرۆکی کتابەکەم لە هەموو لایەنەکانیەوە ...؟...!. بۆ کورد.

ئەویش بەناچارکردنی دانیشتووانی ناوچە داگیرکراوەکان و کردنیان بە ئیسلام و دوور لەخواستی خۆیان ... هەروا هەنگاونان بەرەو خاکی کوردستان و ئەرمینیا لە ٦٤١/١٢/١٠ لەشەری نەهاوەند و جێگەی خۆیان بەهێزکردوو ناوچەی فەلەستینیان داگیرکرد ... کە ئیمامی عومەر لە ٦٣٨/١/٢٣ چووە ناوقوودس و بە بەردوام بوونیان لەداگیرکردنی گەلان و

خاکەکەیان لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەبی و جیهان / ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب .
دار الشرق . المؤسسه العلمیه لوسائل التعلیمیه – بیروت – سووریا /٢٠٠٥

٦٣٦ز

٦٣٦/٢/١٤ز کاتێـك سـوپای عـەرەبی ئیـسلام لـە سـنووری ئـەو ئیمپراتۆریەتانەیـدا ، سەرەتایەکی نویّ لە قۆناخێکی مێژوویی نوێدا دەستی پێکرد بە دروشمی – ئازادی بوون بە ئیسلام – ...؟...! لـە پێنـاو بڵاوکردنـەوەی ئـاینی ئیسلام و راکێـشانی زۆرتـرین خـەڵك بـۆ پـەیرەوکردنی ئـەو ئاینـە نوێیـە ... سـەرەتا سـەرنجی هـەڵگری بـروای مانیەکانی وەك چەندین پـەیرەوێکی ئـاینی بـۆ لای خۆی راکێشا .
بەڵام دواتر بۆیان دەرکەووت کە ئەو دروشمە جۆرێکە لـە شێوە رامیاریەتی ... دەوڵەت – خەلافەت – بۆ کۆمەڵە ئاینـە نـا موسڵمانەکان و تـا لەبەرامبـەر ئیسلام نەبوونیان – باج – جزیە –ی بەسەردا بچەسپێنن . باجەکانیش تـەنها لەسەر پیاوان نەبوو واتە لەسـەر – ژنـان و کچان و – منـداڵان – و تەنانـەت – شـێت –یـش نـە سـەپێنرابوو . کـە بـری باجەکـەش – ٤٨ درهـەم بـۆ تووێـژە دەوڵەمەندەکان و ٢٤ درهەمیش بۆ تووێژە هەژارەکان.

سەرچاوە :– بۆ زانیاری زیاتر بروانە – قورئانی پیرۆز – سوورەتی ئەلتەوبە ئایەتی/٢٩ .

٦٣٦/٨/١ز لـە شـەڕی یـەرمووك هێزەکـانی سـوپای ئیـسلام سـەرکەووتنیان بـە سـەر هێزەکانی سووپای رۆمەکاندا هێنا.

٦٣٧ز

٦٣٧/٢/٢٥ لە رێگەی فتووحاتی ئیسلامی شاری مووسڵ لەلایەن هێزەکانی سووپای ئیسلام داگیرکرا . ئەو هۆزانەی کە بەشداری داگیرکردنی شاری موسلیان کرد – تغلب – أیاد – النمر – بەسەرکردایەتی – ربعی کوالافکل العنزی – بوو ، هـەروا ئـەو هۆزانـەی کـە لـە بیابانەکـەی نێـوان رۆژئـاوای شـاری موسـل و سەلاحەددین – تکریتی ئێستا – نیشتەجێ بوون .
بەڵام لەدوای داگیرکردنی شاری مووسڵ و دەووروویەری ئەو هۆزانە روویان لە هەردوو شاری مووسڵ و سەلاحەددین کردو تێیدا نیشتەجێ بوون ... واتە

عەرەب بەر لە داگیرکردنی مووسڵ نیشتەجێی ئەو شارانە نەبوونە ، ئەوانیش مەر لەوەڕێنەکان بوون لە ناوچەکە ، کە لە دوورگەی بیابانی عەرەبی روویان لەو ناوچەیە کردبوو لە دوای داگیرکردنی لەڕێگەی فتووحاتی ئیسلامیدا .



ئەم وێنەیە پردیکی شاری مووسڵە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم کە لەو کاتە دانیشتووانەکەی لە ٩٥٪ . کوردو کلدو ئاشووری بوونە و عەرەب تەنیا مەڕلەوەڕێن و بازرگان و کاسبکارەکانی تیا نیشتەجێ بووە ....!.

٦٣٧/٩/٢ • هەڵگیرسانی شەڕی قادسیەی یەکەم لە کاتی دەسەڵاتی خەلیفەی ئیسلام عوومەری کوڕی خەتاب ، کە ئەو شەرە گرنگیەکی تایبەتی گەورەی خۆی لە گۆڕەپانی گۆڕانکاریەکاندا هەبووە لە پرۆسەی شاڵاوو هێرشەکانی عەرەب بەرەو وڵاتی نێووان دووزێیّ و دەووڵەتی فارسی و بەرەو شام ، کە لە وڵاتی نێووان دووزێیّ . کە بەرەو ناوچەی مەدائن - سەلمان پاکی- رۆژهەڵاتی ئێستای شاری بەغدا هاتن و لەو کات ، کە کوردو فارس و ئارامی و ئاشووری نیشتەجێی ناوچەکە بوون.



ئەمە نەخشەی هەڵگیرسانی شەڕی قادسیەی یەكەمە لە پێناو داگیر كردنی خاكی دانیشتووی گەلانی وولآتی نێوان دووزێی و بە ئیسلام كردنی دالنیشتوانەكان . كە لەوكاتە تەنیا عەرەبە رەوەندكان و مەڕلەوەڕێنەكان لە ناوچەیەدا بوون .

كە لـەوكات بە هـیچ جۆرێك عـەرەب لـەو ناوچانە نەبوونـە تـەنیا بـەدووە مـەر لـەوەڕێن و حووشــترەوانەكان نــەبێ كــە هــەر رۆژەو لەجێگایــەك بــوون بــۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەكانیان .

دوای ئەوە بەرەو خاكی كوردستان بەڕێكەووتن ، كە لـە ئەنجام رووبەرووی هێزەكانی فارس بوونـەوە بەسـەركردایەتی (یـەزدەگوردی) سێیەم وبووە هۆی هەلاتنی و دووایی بەكووشتنی رۆستەم ، بەیارمەتی كوردە خۆفرۆشـەكان لـەو كاتدا.

لەوكاتەو تاكوو ئێستاش عەرەب شانازی بەو شەڕانە دەكەن بە داگیر كردن و كووشتن و تۆقانـدنی مرۆڤ ، جا لە هـەر نەتەوەیـەك و لـە سـەر خاكێكی داگیر كراو ... گەر عەرەب دەسەلآتی هەبێ لە هـەموو كاتـێ زیندوویەك و مردوویـەك بەیەكەوە لە گۆر دەنێن ، لە پێناو داگیر كردن و بەرژەوەندی نەتـەوەیی خۆیـان بە ناوی ئیسلام نەك لە خزمەتی ئیسلام .

<u>تێبینی :</u>— هەروەك لە نەخشەكان دیاری كراون لە گەڵ وێنەكاندا .

٠٦٣٨

٠٦٣٨/١/٢٣ بە وەرگرتنی زانیاری لە سەر خاكی كوردستان و ناوچە جیاجیاكان ... و یـەك

لەوانە ناوچەی جەزیرەو شاری قامیشلۆ ، کە دەکەوێتە رۆژئاوای باشووری کوردستان ... بۆ زانیاری جووگرافیای ئەم ناوچەیە ، کە جەزیرە دەبێ هەردوو ووشەی - بادیە - دەشت - و - مەعمورە - ئاوەدانی - روون بکەینەوە ... چونکە جەزیرە بە مانای فراوانەکەی - بادیە - و (مەعمورە - دەگرێتە خۆ ... واتە دەشت بریتیە لە بەشە چۆڵەکەی جەزیرە ، کە خەڵکی تیا ناژیت و کەم ئاویشە وتەنها بۆ لەوەراندن و بەخێووکردنی مەرو ماڵات گونجاو بووە .

بەڵام هەرچی ئاوەدانیەکەی بووە خەڵکی تیا دەژی و لە بواری کشتووکاڵی کار دەکەن .... ئەو جەزیرەی کە ئێمە باسی لێووە دەکەین ئەو خاك و دەڤەرەیە ، کە لە نێوان هەردوو کەناری چەپی زێی فووراتەو لە دەستە راستی رووباری دیجلەیەو درێژ دەبێتەوە .

بۆ زانیاری زیاتر هەردوو زێی فوورات و دیجلە لە شاخ و چیاکانی ئاراراتی باکووری کوردستان هەڵدەقوولێن ، کە خاوەنداریەتەکەی هی کوردەو داگیرکراوە و دووژمنانی کورد لێی سوودمەندن ... ئەویش بە هۆی خۆ پەرستی و بەرژەوەندنی تایبەتی سەرکردە کوردەکان لە بنەماڵەو هۆزو تیرەو پارت و رێکخراو گروپ لە دەسەڵاتداریەتی ئیماراتەکانی کورد و چەندین شتی دیکە .



شارۆچکەی شەنگاڵ

لە سەرەتای بوونی کورد تاکوو ئەمرۆ بۆ کورد خۆی بە ئامانجی خۆی نەگەیاندراوە لە هەموو بوراەکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و



نیــشتیمانی . کــەلە ســەردەمە جیۆلۆجیەکانــدا هــەروەك لــە شــێووەو شێووازەکەیدا پێك هاتەی خاکەکەی دەردەکەوێت دەریاچەیەکی فراوان بووە لە کێشووەرەکەدا .

هەروا لە سەرچاوە رۆژئاواییەکانی ناسراوە بە – میزۆبۆتامیا – واتە وولاّتی نێوان دوو زێیّ ... بە ووتەیەکی دیکە – رافدین – لەو روانگەوە ناوچەی جەزیرە بۆ سێ دەڤەر دابەش دەکرێت ئەویش :-

١– جەزیرەی بالاّ : ئەویش تەواوی بەشی باکووری شاخاوی دەگرێتەوە لە چوارچێووەی باشووری تورکیا .

٢– جەزیرەی ناوەند : ئەویش دەکەوێتە نێوو سنووری وولاّتی سووریا .

٣– جەزیرەی خواروو : ئەویش دەکەوێتە نێوو وولاّتی سووریاو بەشێکیش دەکەوێتە سەر سنووری ئێراقی بە زۆر دروستکراو بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ .

لەم بارەیەوە وولاّتناس – یاقووتی حەمەوی – لە پەرتوکی – معجم البلدان – دا نووسیویەتی و دەلیّ :–

جەزیرە ئەم شووێنەیە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی دیجلەو فوورات و دراوسێی وولاّتانی شامە– ئەویش بەشێك لە وولاّتی سووریاو فەلەستین و

(جبل سنجار/ معسكر روماني)

ئوردن – دەگرێتە خۆ لە ناوچەکەدا ... دەڤەری – موزەر – و – دیاربەکر – دەگرێتە خۆ لە باکووری کوردستان .

هەر لە بەر ئەوەش بەو ناوە ناوزەند کراوە ، کە ئاوو هەوایەکی دروست و لەبارو گونجاوی هەیەو دەڤەرێکی بە پیت و فرە شارو کۆشك و قەڵای زۆری لێیە ... وەك – حەران ، رەها ، رەقە ، سەرۆکانی ، نووسێبین – شەنگال ، خاپوور ، ماردین ، ئامەد ، مەیافارقین ، موسل – و چەندین جێگەی دیکە لە هەرێم و ناوچەکەدا .

لە بەر ئەو هۆیانە لە ٦٣٨/١/٢٣ زاینی ، کە دەکاتە بەرامبەر ساڵی ١٧ ی کۆچی لە لایەن سەرکردەی ئیسلام و لە شاڵاوەکانی فتووحاتی ئیسلامی لە لایەن عەیازی کوری غەنەم داگیردەکرێت و بەبێ بەزەیی پێ هاتنەوە بە زەبری شمشێر هەڵس وکەووت و خواستەکانی خۆی لەم دەڤەرە جێ بەجێ دەکات..؟

هەروا شاری قامیشلۆ شارێکی مێژوویی دێرینی باشووری خۆرئاوای کوردستانەو چەندین شووێنەواری مێژوویی تیایە ، کە دەکەوێتە چوارچێووەی جەزیرەی ناوەند .

هەروا لە رووی جووگرافیەوە دەکەوێتە ئەو بەری باکووری رۆژهەڵاتی ئێستای سووریا و ، ئێراق دەکەوێتە سنووری رۆژهەڵات ... هەروا پارێزگای دێرە زووری سووری دەکەوێتە بەشی باشووری و پارێزگای رەقەش سنووری

ڕۆژئاوای پێك دێنێ لە هەرێمەكەدا .

ئەمەو چەندین زانیاری دیكە لە ناوەڕۆكی مێژوو نامەكە ڕوونی دەكاتەوە .

٠٦٣٨/١/٢٣ لە دوای داگیركردنی شاری مووسڵ و دەوروووبەری كە لەو كاتە دانیشتووا
ڕەسـەنەكانی لـە كـوردو ئـارامی و مەسـیحیەكان پێـك هـاتبوون ... كـە فارو
عومەر خەتاب ، كە دەكاتە كوری ئیمامی عومـەر هـەروا عەتەبـەی كوری فرق
سلمی كرد بە والی لە سەر مووسڵ ... هەر ئەویش مزگەووتی جامع و خانـ
ئیمارەی دروستكرد ... دوای ئەوە چەندین والی دیكەی لێ دامەزراوە لەكات
دەسەڵاتی دەووڵەتی ئیسلامی لە وولاتی نێوان دوو زێێ ، واتە – میزۆبۆتام
– لەناوچەكەدا .

٠٦٣٩

٠٦٣٩/١/١٢ لە دوای پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام و دەستكردن بە فتووحـاتی ئیسلامی ا
ناوچەی شەنگاڵ و شاری شەنگاڵ لە باشووری كوردستان لەلایـەن هێزەكان
سووپای ئیسلامی داگیركراوە .

١– لـە پێنـاو داگیركـردن و بەعـەرەب كـردن و فراوانكردنـی سـنووری وولاتـ
عەرەب .

٢– بە ئیسلام كردنی دانیشتووانی شارو ناوچەكە ، كە لـە كورد و ئارامیـەكا
پێكهاتبوون .

هەروەك كوردستان و بە تایبەتی هەرێمی باشووری كوردستان كە لە سەرەتا
فتووحاتی ئیسلامی تاكوو تەواوبوونی ئەم مێژوو نامەیە لە بەعەرەب كـردن
داگیركردن بەردەوام بووە لەهەموو بوارەكاندا .

جێگەی باسكردن و ڕوونكردنەوەیە كە ، سنجار ، یان شەنگال ، یـان سەنگار
, كـە شـارێكی وولاتـی نێـوان دوو زێـێ – میزۆبۆتامیـا – بـووە ، كـە مێـژوو
دەگەڕێتەوە بۆ گوندە كۆنەكانی سەردەمی بەندایـەتی و ئـەو بـەردو پاشماوە
كـە لـەو ناوچـەیە ماوەتـەوە ... ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنن كـە ئـەم شـووێنە
یـاخوود ئەم ناوچەیە شووێنی مرۆڤی كۆی سـەردەمی پێش مێـژوو بووە لـ
هەرێمەكەدا .



العراق في الفترة الآرامية(كلمة بيث، بالآرامي، تعني منطقة)

هەروا شاری شەنگاڵ لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری ناسراو بووە , لە ساڵەکانی ٩١١ تا ٦١٢ ی پێش زایین , کە ئەم شارە یەکێك بووە لە بنکە سەرەکیەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە و ، لە پێناو بەرەو پێش چوون و بەرەو زێی فوراتی سەروو , . لە چەندین سەرچاوەدا هاتووە ، کە ناوچەی شەنگال و شارەکە بۆ حەسانەوەی سووپای ئاشووریەکان بووە بەناوی – سنگارا – sinjare – , دوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بابلیەکان و لەژێر دەستیان ماوەتەوە تا رووخاندنی دەسەڵاتی بابلیەکان لە ساڵی ٥٣٩ پێش زایین , دوای ئەوە فارسەکان شەنگال و ناوچەکەیان کەووتۆتە ژێر دەسەلات .

دوای ئەوانیش شەنگال کەووتۆتە ژێر دەسەلاتی ئەگریگیەکان ... دوای ئەوە لە سەدەی یەکەمی زایینی چوار پاشای لێهاتوو لەو شارو ناوچەکەدا پەیدابوون و ئەوانیش – میتان , حەتدا , حەریان , سەنگارا –.

معسکر روماني

دوای ئەوە شاری شەنگال بووە بارەگای میرنشینێك لە دەوڵـەتی ئارامیـەکان و بنکەیەکی سەرەکی بووە بۆ کاروانی بازرگانەکانی ئەوکات ، لەنێوان وولاّتـی دوو زێـیّ – میزۆبۆتامیا – و باکووری شـام ، بەتایبـەتی لـەنیوان شـارەکانی ماردین و نەسیبین لە باکووری کوردستان ، لە پەیوەندیەکی بەهێزدا لەگەڵ خاوەنداریەتی – حەتدا و حەدیابی ئارامی .

لـەو کاتەشدا ئیمارەتی شـەنگال دراوی تایبـەتی بەناوی خـۆی دەرکردووە . ئەم میرنشینە ماوەیەکی باش دەسەلاّتی لەسەر شەنگال و ناوچەکە گیێراوە تا ساڵەکانی ۱۰٦ – ۱۱٤ زایین. لە ناوچەکەدا .

دوای ئـەوە ئـەم میرنـشینە بەداگیرکردنی لەلایـەن ئیمپراتۆریـەتی – تراجـان – کۆتایی پێهێنراوە و هەڵووەشێنراوەتەوە لەشارەکەدا .

دوای ئەوە شەنگال بۆتە مەڵبەندی بنکەی هێزەکانی سووپای رۆمانیـەکان و دوای ئـەوەش لەسالّی ۱۱٤ تـا سـالّی ۱۱٦ ، تیایـدا ماونەتـەوە و لـە سـەردەمی ئیمپراتـۆر – مـارکۆس ئفـدلیۆس – و ، دوای ئـەوە بـەرەو هەڵووەشـاندنەوەی رۆمانـــەکان کۆچـــیان کـــردووەو بەناوچـــەکەدا ، بەتایبـــەتی دوای شکـــستە گەورەکەی کە بەرامبەر ساسانیەکان بەریان کەووت .

دوای ئەوە لە سەدەکانی پێنج و شەشی زایینی بیروو بروای ئایینی مەسیحی گەیشتە شەنگال و ناوچەکە ، کە یەکەم کاهینی مەسیحی بەناوی – فاری – بووە لە سالّی ٥٤٤ ، لە پێناو بلاّوکردنەوەی رێنمایـەکانی ئایینی مەسیح ...

دوای ئـەوە یەکـەم کەسـایەتی لـەو ناوچـەدا – جبرائیـل سـنگاری – بـووە کـە وانـەی پزیـشکی خوێنـدبوو لـە قوتابخانـەی – جندیـشابوور – لـەلای شـای فارس , دوای ئەوە توانیوویەتی چارەسەری نەخۆشیەکانی شاژن – شیرین – بکات و بەم هۆیە بووە سەرکردەی پزیشکەکان .

هەروا بەناوبانگترین کاهینیش – ئیلیا – بووە لـە سالّی ٧٥٠ زایینی و ئەم کەسایەتیە زاناو بلیمەتە بووەو چەندین کەنیسەی لەشەنگال هەبووە لەوانە :– عێن قەننا , کنووشیا – ئەوەی دووەمیش تا سالّی ٨١٩ زایینی ئاوەدان بووە لەناوچەکەدا لە باشووری کوردستان .

٠٦٤٠

٠٦٤٠/١٢/٢ لەم رۆژەدا بۆ یەکەم جار ناوی عەرەبی لە شاری مووسڵ نرا . کە ئەمـەش لـەو کاتەی کە هێزەکانی سووپای ئیسلام بەسەرکردایەتی ئیمامی عومـەری کوری خـەتاب ، لـە رێگـەی فتووحـاتی ئیـسلامی ئـەو شـارەی داگیرکـردو هـۆزە عەرەبەکانی لە دوورگەی بیابانی عەرەبی بەرەو شارو رۆژئاوای مووسڵ هێنا.

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە دروسـتکردنی شـاری مووسـڵ بـۆ چ مێژوویـەك دەگەڕێتەوە .

بەڵام نووسەرو مێژوو نووس و گەڕۆکی ناوداری جیهان – زنیفۆن – لە سـاڵی ٤٠١ ی پێش زاینی ، ناوی مووسڵی لەوکات دیارکردووە کە پێی دەگوترا – مسیلا – لە نزیك نەینەوا ، کە ئەوان وێرانکرد بوو ... کە خۆی بەو ناوچەیەدا تێپەربوو... ئەو گردەی کە دەکەوێتە رۆژئاوای زێی فوورات ئەوە مووسڵ بوو ... لە هەمان کات – تەها باقرو ، فوئاد سەفەر – لە – المرشد الی موگن الاپار و الحچارە – الرحلە الپالپە ص/١٧ – بـۆ تایبەتمەندیـەتی شـاری مووسـڵ ، ناوە عەرەبەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالّی ٦٤٠ زاینی. لە ناوچەکەدا .

لە هەمان کات لـە سـەردەمی ساسانیەکان ناسراو بوو بە – نویَ ئەدەشێر – واتە ئەردەشێری نویَ ... بەر لە فتووحاتی ئسیلامی ... مەسیحی و ئارامی – فارس و یەهوودی – جوولەکە – تیانیشتەجیَ بووە ... بەڵام دوای ئەوەش ناوی مەجووس گۆڕا بەناوی فارس . کە مەجووس ناوزەند کرا ... ئـەویش بە زەردەشـتیەکان دەگـوترا مـەجووس و هـەروا بـە – المیترائـیین – واتـە – یەزیدیەکان .

لەگەل ئەوەشدا نووسەرو پرۆفیسۆرو مێژوونووسەکان لەنێوان فارس و کور
جیاوازیان نە دەکرد ، ناوی کورد دەهات لەژێر ناوی فارسەکان ، یاخوود
عەجەم – وا دیاریشە کە نیازیان ئەوە بووە ، کە مەجووس و فارس و کور
بوونە ، یاخوود کورد و فارس بەیەکەوە ... بەڵام لە دوای فتووحاتی ئیسلام
، چەندین هۆزی عەرەبی شاری حیجازی سعوودیەی ئێستاو یەمە
لەریزەکانی سووپای ئیسلام بوون ، کە نیشتەجێی دەوروبەری شارو نا
مووسڵ بوون .

هەروا بەر لە فتووحاتی ئیسلامی عەرەب دانیشتووی شاری مووسڵ
دەووروبەری نەبوونە ، تەنیا مەر لەوەرێن و حوشترەوانەکان نەبێت ..
ئەویش لە رۆژئاوای شاری ئێستای مووسڵ و نەیانتووانیووە لە زێی دیجل
بپەرنەوە هەتا بۆ مەر لەوەراندن ... تاکوو ساڵەکانی شەستی سەدەی بیست
لە رۆژهەلاتی زێی دیجلە تەنیا گۆری نەبی یونس و شوورەی ئاشوور هەبوو
کە دانیشتووانەکەی کورد بوونە ، لەگەڵ گوندەکانی کورد . کە دوای
شەستەکان حکوومەتی ئێراق گەرەکی زەوری دروستکردو بەدەیا باڵەخانەو
خانووی بۆ دام و دەزگا حکوومیەکانی لێی دامەزراند .

کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە گەوورەترین گەرەك و چەندین گوندو
باخچەو زەوی کورد بەر ئەو گەرەکە بکەوێت ... جگە لەوەش شاری مووسڵ
بەند بووە بەباشووری کوردستان لە هەموو بوارەکانیدا ، بەتایبەتی لە
ئابووری و بازرگانی و کشتووکاڵی . لەناوچە عەرەبەکان کە زۆر دووربووە لە
شارو وولاتە عەرەبیەکان.

کە لەو کات سنوور نەبووە لەنێوان شاری مووسڵ و باشووری کوردستان و
باکووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان ، تاکوو دیاریکردنی سنووری
نێوان ئێراقی دروستکراو لەگەڵ تورکیاو سووریا ، کە موسل بەشێك بوو
لەکوردستان نەك لەگەڵ عەرەب .

بۆ نموونە :– گەرۆکی بەریتانی – pdwolf – لە سەدەی شانزەهەمدا
دەڵێ :– گەیشتینە شاری مووسڵ لە دوای پەرینەوەمان بە بەلەم دەرکەوت
کە مووسڵ دەکەوێتە وولاتی کوردەکان ... هەروا نووسەری تورکی ، چەلەبی
– حاجی خەلیفە – کە موئەریخێکی بەناوبانگی جووگرافی و بیبلۆگرافی بووە
لە سەدەی هەڤدەم لە – جیهان نما – دەلێ:– دانیشتووانی شاری مووسڵ

کوردن و بەعەربی و کوردی ئاخاووتن دەکەن .
هەروا – ئەولیا چەلەبی – لە وەسیەتنامەکەی ج ٤ ل/٧٥ نووسیویەتی و دەڵێ:– کە کوردستان لە ئەرزەرۆم درێژ دەبێتەوە بۆ موسل و بەغداو بەسرە ... مەبەستیش بەس کوردستان بووە ، لەناو دەووڵەتی عوسمانی . هەروا – کییە – دەڵێ:–
شارە گرنگەکانی کوردستان ... لە تورکیا . دیاربەکر ... لە ئێراق مووسڵ . لە ئێران ئورمییە . هەروا چەندین نووسەرو رووناکبیرو گەریدەی دیکە لە سەر شاری مووسڵیان نووسیووە ، کە بەشێکە لە کوردستان ... وەك :– گەرۆکی فەرەنسی – ئولیفیە کە لە ساڵی ١٧٩٥ سەردانی شاری مووسڵی کردووە ... هەروا گەریدەی بەریتانی – جاکسۆن کە لە ١٧٩٧/٧/٢٥ سەردانی شاری مووسڵی کردووە ... کە مووسڵ پایتەختی جەزیرەی کوردستان بوو لە هەرێمەکەدا

٠٦٤١

٠٦٤١/٢/١١ کۆچی دوایی سەرکردەی ناوداری جیهان –هرقل –و گەرانەوەی قیرس لەئاوارەیی و دوایی کە هرقلیەکان دەسەلاتیان گرتەوە دەست و گەیشتنە ئەو بڕووایەی کە پەیمانی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ عەرەب مۆر بکەن ، دوای ئەوە قیرس گەراوە شاری ئەسکەندەریەی میسر .
لە مانگی /٦٤١/٩ لەگەڵ شاندێك لە مەسیحیەکان بەرەو سەنگەری بابلیلەکان بەرێکەووتن ، لە پێناو گفتووگۆکردن لەگەڵ عەمرۆ کوری عاس ، ئەمەش بە هۆی پالە پەستۆو سەر هەڵدانی فتووحاتی ئیسلامی بوو بۆ ناوچەو هەرێمەکانی میسر . کە شاری ئەسکەندەریە لەلایەن ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی – ٣٣٢–ی پێش زاینی دروستکرابوو..

٠٦٤٢

٠٦٤٢/٩/١٢ سەرکردەی ناوودارو سەرکردەی نوێی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لە سەرەتای دەسەلاتی – قنستانز – کە یەکەم هەنگاوینا بە لابردنی سەرکردەی ناوداری بێزنتی– هرقل – لە دەسەلات ، کە لەو کاتە هێرشەکانی فتووحاتی ئیسلامی بەرەو هەرێمەکانی میسر هەنگاویان دەنا .

لـه پێنـاو داگیرکردنـی خـاك و بـه ئیـسلام کردنـی گـەلان و لـه هـەمان کـات داوایـان لــەهێزەکانی سـوپای بێزەنتـی کـرد ، کـه لـه ناوچـەی شـاری ئەسـکەندەریەی میسر بچنه دەرەوە ، بەپێی پـەیمانی نێوان سـەرکردەکانی عەرەبی ئیسلام و بەرپرسانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی له ناوچەکەدا .

٠٦٤٢/١١/٣٠ وولاتـی کـورد لـه زنجیره چیاکانی هەمـەدان ، شـارەزوور ، و ئـەربیل دەسـت پێدەکات و به رووباری دیجله له دەڤەری جەزیره له مووسڵی ئێستا کۆتـایی دێت .....هەروەك فەزلوللا عومەر دووپاتی دەکاتەوە لـەگەڵ لێکـۆڵەرەوەکان ... که هەوڵیان داوه به دوای رەگ و ریشەی نەتەوەیی کورد بچنەوە ... لەوانه توێژەر سۆن – soune – که نەتەوەی کوردی ئێستا ... که له رەگـەزی ئارییـن و دەگەرێنـەوە بـۆ میـدیاکان کـه شـاری هەمـەدانیان کردبـوو بـه پایتـەخت و بنکەی دەسەڵاتی خۆیان .

جـا شـاری هەمــەدان ، کـه دەکەوێتـه هـەرێمی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی ئێـران ... ئـەویش لـه دوای مـۆرکردنی پـەیمانی زەهـاو لـه سـاڵی ١٦٣٩ ی لـه نێـوان ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و فارسـیدا ... کـه ئـەم شـاره مێژوونووس و لێکۆڵینەوەرانی تایبەت به لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆن ، کۆکن لەسەر ئەوەی که شاری هەمەدان یەك لەشاره مێژوویه کۆنەکانی کوردستانه ، که مێژوویەکەی دەگەرێتەوه بۆ زیاتر له ٩٠٠ ساڵ بەر له زایین .

هەروا شارێك بووه له بنکه هەره سەرەکیەکانی شارستانیەتی گـەلانی هندو ئەوروپایی و ناوی له کتابی تەوراتی ئاییني جوولەکەدا هاتووه به ناوی مادی . ناوهێنانی هەمەدان بۆ یەکەمجار بۆ سەدەی ١١٠٠ بەر لـه زایین دەگەرێتـەوه ، کـه لـه نووسـراوەکانی مێخـی تایبـەت بـه شـای ئاشـووری تێگـل بلا سـەری یەکەم – ١١١٥ – ١١٠٢ – بەر له زایین .

ئەمـەش بـه شێوەی ئامیدانـه یـا ئامـدانا ... لـەلای گریگەکانـەوه بـەناوی ئەکبەتانای دێرین ناسراو بووه .

له نووسراوه ئەخمیشیەکاندا به شێووازی هەکمقانا هـاتووه ... لـه مێـژووی هیرۆدۆتس به شێووازی ئەلباتان یا ئەلبتانا .

بەڵام به زمانی میدی ، ئەوا به شێووازی هانك متانا هـاتووه ... بـەڵام شـاری هەمەدان ناوەکەی خۆی لەناوی خوودی میدیەکانەوه وەرگرتـووه . ئـەمـەش لەبەر ئەوەیه ، که ناوەکەی له نووسـراوەکانی ئاشووری بەشێووازی ئامدانه

هاتووه کە ئامادانا نیشتگەی میدیاکانە .... مێژوو لاپەرەکانی خۆی پرکردۆتەوە لە قوناخە یەك لە دوای یەکەکان لەسەر باری کوردو دوای ئەوە هێزی بەئیسلام کردن و بە عەرەبکردن و داگیرکردن ... بەناوی ئاینی نوێی ئیسلام ، لە ساڵی ٦٤٣ لەلایەن جریری کوری عەبدوڵلا بەجلی داگیرکراوە و لە مامەڵەی شۆڤینیانەی بەر چاو تەنگ بەردەوامن لە هەموو بوارەکاندا لە هەرێم و ناوچەکاندا .

٠٦٤٢/١١/ ٣٠ لە دوای داگیرکردنی ناوچەی شارەزوور , بە تایبەتی شارۆچکەی خورماڵ لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئیسلام بە ناوی بە ئیسلام کردنی دانیشتوانی ناوچەکەو داگیرکردنی لە خورماڵ ... کە پەرستگایەکی ئاییني زەردەشتی لێبوو ... نەك گردێکی قەڵاکە لە سەر چاوەی کانیاوێك لەلایەنی رۆژهەڵاتی باشووری و راستەوخۆی رۆژهەڵات ، بەرزبوو بە ٩ قوبەی بەرز ، کە بە کۆمەڵگەی کەوانەیی دروستکرابوو لە بەردو گەچ و خشت... کە تاکوو ئێستاش ئەو پەرستگایە لە هەستی دانیشتووانی ناوچەکە دەزرینگێتەوە . لە دوای داگیرکردنی لە لایەن هێزی چەکداری ئیسلام ... کرا بە مزگەووتی بە ئیسلام بووەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

سەرچاوە :- حدود کردستان الجنوبیە تأرخیاً و جغرافیاً – چاپی دووەم/٢٠٠٥.

٠٦٤٣/١١/١٩ ئیمامی عوسمانی کوری عەفان خەلافەتی ئیسلامی گرتە دەست لە دوای کووشتنی عومری کوری خەتاب لەلایەن – ئەبا لۆلۆە – کە ناوی تەواوی مەیروز بوو ..... لە کاتی دەسەڵاتی ئیمامی عوسمان توانیان کەشتی جەنگی دروست بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سووپای بیزەنتی لەسەر کەنارەکانی میسر و شام . لەکاتی دەسەڵاتی ئیمامی عوسمان توانرا قورئانی پیرۆز لە یەك کتێب کۆ بکریتەوە و چەندین دانەی لێ کۆپی کراوەو ناردرا بۆ پایتەختەکانی دەووڵەتی ئیسلامی ... کە دانە بروا پێکراوەکەی لە شاری تاشقەندی پایتەختی ئازربایجانە ، هەردانەیك لەو دانەیەدا چاپ نەکرێت بەراست نازانرێت لەلایەن دام و دەزگا ئایینەکانی ئیسلام لە جیهاندا .

سەرچاوە:- مێژووی عەرەبی و جیهان – ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب – دار الشرق – المؤسسة العلمیة لوسائل التعلیمیة . بیروت / سووریا /٢٠٠٥ .



ئەم نەخشەیە فراوانکردنی دەسەڵاتی عەرەب و ئیسلامە

٦٤٤ز

١/١١/٦٤٤ز هێزە چەکدارەکانی کوردو هێزەکانی سووپای فارس هاووکاری یەکتر بوون ، لە پێناو بەرەنگار بوونەوەو بەرگری کردن لە یەکتر لە سەر خاکی خۆیان . بەهۆی هێرشەکانی داگیرکەری عەرەب بەناوی فتووحاتی ئیسلام لەناوچەکانی شاری دیالە و باکوورو رۆژهەڵاتی شاری کووت و عیمارەو تکریتی ئێستا - ئەو ناوچانە لەو کات دانیشتووانی عەرەبی تیا نەبوو بەهیچ جۆرێك ، تەنیا رەشماڵەکانی مەر لەوەرێن حووشترەوانەکان نەبێت- کە بەرەو خاکی کوردستان هەنگاویا ننا بەتایبەتیش لەسەرەتا بەرەو شارەکانی ئەهوازو فارس هەنگاویان دەنا .

کە ئەمانەش هەمووی لە ئەنجامی شەڕی خووێناوی لە نێووان هێزەکانی ئیسلام و هێزەکانی فارس بە ناوی فتووحاتی ئیسلامی و توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن ، لە رێگەی کووشتنی بە کۆمەڵی بێ ووێنەی دوور لە ویژدانی مرۆڤایەتی و بە تاڵانکردن و دەربەدەرکردن و ئەنفال و تۆقاندن و سووتاندن ، کە بەو کردەوانە توانیان سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

شایانی باسە کردنە کە بەر لە وەش بەیەك ساڵ عومەر عەزە قەیس لە شاری چەلوانــەوە بـەرەو ناوچـەی شـارەزوری باشـووری کوردسـتان هـەنگاویاننا بەهێزێکی گەورەی چەکدار .

بـەڵام نـەیتووانی ناوچـەی شـارەزور داگـیر بکـات ، بـەڵام بۆجـاری دووەم بـەهێزێکی گـەورەتر بـە سـەرکردایەتی عەتەبـە فرقـەد روویکـردە ناوچـەی شارەزورو لە ئەنجامی شەڕیکی خوێنـاوی تووانی ناوچەکە داگیر بکات لـە رێگـەی ناشـیرنترین کـردەوە ،کە لـەو داگیر کردنـەش نـەیانتووانی بەتـەواوی لەناوچـەکە بمێننـەوە بەهۆی بەرگری کـردن لـە ناوچەکە لەلایـەن جـەماوەری کوردی ناوچەکە .

شایانی باسە کە هەر لەو رۆژە خەلیفە عوومەری کوڕی خەتاب کۆچی دوایـی کرد ، کە خەلیفەی دووەمی ئیسلام بوو، لە دوای ئەبووبەکری سەدیق .

شایانی باسـە کـە لـە سـەردەمی خەلیفـە عوومـەر مێـژووی کۆچـی دانـراوە... شـاری تکریـت بـەر لـە هـاتنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی نـاوی ئـەو شـارە سـەلاحەدین بـووە ، بـەڵام بەهۆی بـەتورککردن نـاوی لـە شـاری سـەلاحەدین گــۆڕاوە بــۆ شــاری تکریــت . واتــە تــورکی ، کــە ئێــستاش تکریــت و سەلاحەدینیشی پێ دەگووترێ لە ئێراق .

٠٦٥٦

٠٦٥٦/٣/ کووشتنی خەلیفەی ئیسلام عوسمانی کوڕی عەفان لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا ، کە ئەو تووانی قورئانی پیرۆز یەك خات لـە کتێبێکی پیرۆزی ئاینی ئیسلام ، گە بەدەستەکانی خۆی نووسیوویەتیەوەو بەراست ترین قورئان دادەنرێتو دەستنووسەکەی ئێستا لە شاری تاشقەندی پایتەختی کۆماری ئۆزبەکستانە ، کە بۆتە سەرچاوەی بەچاپگەیاندنی قورئانی پیرۆز لە جیهان .

هـەروا لـە دوای لێکۆڵینەوەیـەکی وورد دەرکـەوت کـە خەلیفـەی ئیـسلام عوسمانی کوڕی عەفان لە ناوماڵەکەی خۆی تیرۆرکرا ، کە سێیەم خەلیفەی ئیسلام بوو ، لـە کـاتی دەسـەڵاتی ئـەو تـووانی توونسو جەزائرو مـەراکشو ئەنـدەلوسو دوورگـەی قـووبرسو دوایـی بـەرەو ئێـراق بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیسلام.

٠٦٥٦/٧/ لە دوای رێکنەکەووتن لە نێووان ئیمامی عەلیو معاویە لە سەر بیروو بۆ چوون

و دەسەڵات بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوانیان و بەردەوام بوونی ئە
دوژمنکاریە لەنێوانیان. لە و بەشە ئێراقەی ئەوکات ، کە لە رێگەی بـ
ئیسلام کردن و فتووحاتی ئیسلامی کەوتە ژێر دەستیان لە باشووری
ئێستای ئێراق ، وەك پارێزگاکانی ئێستای نەجەف و کەربەلا و قەزای
کووفەدا .

٠٦٦١

٠٦٦١/١/٢٤ لە کاتی نوێژی نیووەڕۆ ئیمامی عەلی بەدەستی عەبدولرەحمان کوری ملجـ
– شەبیب – تیرۆرکرا ، لە شاری کووفە لە رۆژئاوای پارێزگای بابل – حلـ
– لە باشووری ئێستای ئێراق ئەویش لە ئەنجامی دژایەتی کردنی لەگەا
بنەماڵەی معاویەدا .

٠٦٦١/٥/١٧ حەسەنی کوری عەلی دەستی لە خەلافەت هەڵگرت و بۆ معاویەی کوری ئەبو
سفیان ... کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەلافەت گوواستراوە بۆ نەوە
ئەمیە ... ئەویش بە گەیشتنیان بەو ئاواتەی کە چاوەروانی بوون و لەپێناو
هەولیان بۆ دەدا .... ماوەی دەسەلاتی ئەمەویەکان لە ٥/١٧ تاکو
٦٨٣/٨/٣٠ بەردەوام بوو ، ئەویش بە دوو قۆناخ تێپەربوو کە :
١– ماوەی دەسەڵاتی سفیانیەکان :– ئەو ماوەیەش کە دەسەلاتی خەلافەتیا
گرتە دەست ، کە معاویەی کوری سفیان و کورەکەی یەزید ... کە ئەم قۆناخ
ماوەی ٢٣ ساڵ بوو لە دەسەلاتداریەتیان .
٢– ماوەی دەسەلاتی مەروانیەکان :– ئەم ماوەیەش خەلافەت گوواستراوە
مەروانی کوری حەکەم ، تاکوو مەروانی کوری محەمەدی کوری حەکەم ،
دوا خەلیفە بوو لە نەوەی ئومیە کە ماوەی دەسەلاتەکەیان ٦٤ ساڵ بوو
٧٨٣/٨/٣٠ تاکوو ٧٤٩/٨/٢٠ . لەژێر دەسەلاتی ئەمەویەکان سنوور
جووگرافی لە دەریای ئەتلەسی تاکوو سنووری چین فراوان بوو .
لەگەڵ ئەوشدا دەسەلاتەکەیان بەرەو کزی هەنگاوی دەنا بەهۆی شۆرش
راپەرینە ناوخۆییەکانی ناو دەسەلاتی ئەمەویەکان و یاخی بوون لە
دەسەلاتەکەیان ... کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پایتەختی دەسەلاتەکە
لەشاری کوفە بگوازنەوە بۆ شاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا .

لـەو کاتەشـدا ئیمـامی عـەلی پایتـەختی دەسـەڵاتەکەی لەشـاری مەدینـەی سعوودیە گوواستنەوە بۆ شاری کوفەی ئێستای ئێراق .

دوای ئەوە خەلافەت بەرەو هەڵووەشاندنەوە هەنگاوینا بۆ شانشینی میراتی ، بەتایبەتی لەلایەن ئەمەویەکان ، کە لەباوك بۆ کورەکەی یاخوود لە یەکێك بۆ دوانی دیکە یاخوود زیاتر ... هەروەك عەبدولمەلك کوری مەروان ئەنجامیدا . لەگەڵ چەندین کاری دیکە لە بواری کۆمەڵایەتی وئابووری و بازرگانی ، جگە لەهەڵوویێست و خواستی ئایینی لەدەسەڵاتی ئیسلامدا .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان / ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب – دار الشرق – المؤسسة العلمية لوسائل التعليمية . بيروت / سووريا /٢٠٠٥

٠٦٦٥

٠٦٦٥/٣/٢٤ بۆ یەکـەم جـار تورکمـان گەیشتنە نـاو خـاکی ئێستای ئێراق لـەو کاتـەی کـە عوبێدوللای کوری زیاد کە والی خۆراسان بوو .... ئەویش ژمارەیـان نزیکـەی ٢٠٠٠ هـەزار کـەس لـە تورکمـانی خـەزەر دەبـوو بـە چەکدارکردنیان لـە ریـزی سووپاکەی لـەپێناو بـەرگری کـردن لەبەنـدەری بەسـرە لـە باشـووری ئێستای ئێراق .

هەروا فەزلی کوری یەحیای بەرمەکی ، کە والی خۆراسان بوو دوای عوبیدوڵلا لـە سـاڵی ٧٥٦ نزیکـەی ٢٠٠٠٠ هـەزار تورکمانی هێنـا ئێـراق و نیشتەجێی کردن – لەحەربیە – ی تـەك شـاری بەغدا ، لـە دوای پەرەپێدانی شاری بەغدا لەلایەن خەلیفەی ئیسلام ئەبوو جەعفەری مەنسوور لە شارەکەدا .

ئەمەش سـەرەتای نیشتەجێ بوونی تورکمـان بـوو لـە ئێـراق و کاردانـەوەی لـە سەر بوارە جیاجیاکانی دانیشتووانی رەسـەنی ئێستای ئێراق ... کە ئەمـەش هۆکارێکی بنەرەتی بوو بۆ پتەوکردنی ئاینی ئیسلام ، لە پێنـاو داگیرکردنـی خاکی گەلان ، بەتایبەت خـاکی کوردستان لـە هـەموو بوارەکـان بـە تایبـەتی لـە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

سەرچاوە:– سنووری کوردستانی باشوور – مێژوویی و جوگرافی ل/٢٩٠، ئەلرەقیب یوسف چاپی دووەم /٢٠٠٥ .

٠٦٧٧

٠٦٧٧/٧/١ كۆچی دوایی خاتوو عائشەی كچی ئیمامی ئەبووبەكرو خێزانی پێغەمبەر دروودی خوای لە سەربێ .

٠٦٨٠

٠٦٨٠/١٠/١ ئیمامی حووسێنی كوڕی ئیمامی عەلی ، لە ئەنجامی دووژمنایەتی بنەماڵەكەی لە گەڵ بنەماڵەی یەزیدی كوڕی مەعاویە تیرۆر كرا لە شاری ئێستای كەربەلا ، لە باشووری ئێستای ئێراق .

٠٦٨٤

٠٦٨٤/٨/١٨ دوای كووشتنی حوسێنی كوری ئیمامی عەلی ، بزووتنەوەی - تەوابین - پێك هات - واتە تۆبەكار - بەسەركردایەتی سوولیمان سەرد خوزاعی ... ئەویش لەپێناو وەرگرتنەوەی حەقی حوسێنی كوری ئیمامی عەلی ... ئەم بزووتنەوەیەش رووی لە هەرێمی جەزیرە كردو هەوڵی ئەوەیاندا ، كە لایەنگری زۆر بۆخۆیان كۆبكەنەوە ، كە دانیشتووانی ناوچەكە كوردبوون ... بۆماوەی چوار ساڵ لەناوچەكە مانەوەو لایەنگریان بۆخۆیان پەیداكرد ، بەتایبەتی لەناو دانیشتووانە كوردەكان ... بەڵام ئەمەویەكان سووپایەكی زۆریان پێكهێناو هێرشیان كردنە سەریان و لە ئەنجام ئەم بزووتنەوەیە هەرەسی پێ هێنرا لە شەڕێكی دژوار لە - عێن وردە - لەهەرێمی جەزیرە لەباكووری كوردستان.

<u>تێبینی :-</u> هەرێمی جەزیرە دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای كوردستان... كە هەرێمێكی كوردستانە بۆیە پێی دەوترێت جەزیرە .
چونكە دەكەوێتە نێوان هەردوو زێی دیجلەو فووراتی لە سەر رووی شاری سەلاحەدین - تكریت - تا سەرچاوەكانی هەردوو رووبار یەك دەگرێتەوە ... كەلە هەرێمی جەزیرە كورد لەناوچەكانی سەروو نیشتەجێ بوونە بەتایبەتی لە بەشەكانی خۆرهەڵات و باكووری خۆرهەڵات ، بەر لە عەرەب و نەتەوەكانی دیكە ... ئەم هەرێمەش چەندین قەڵاو شووڕای تێدایە لەوانە :- نەسیبین - دارا - حەسەن كێف - ماردین - ئۆرفە - دیاربەكر - ئەرزن ، لە ناو خاكی كوردستاندا .

٠٦٨٥

٠٦٨٥/٤/١ کۆچی دووایی یەزیدی کوڕی معاویە و لە دووای خۆی کوڕەکەی جێگەی گرتەوە... شایانی باسە ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ بنەماڵەی ئیمامی عەلی ، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دووژمنکاریان بەردەوام بووە ، لە باشووری ئێراقی ئێستا لە سەر بیروو بۆ چوون و دەسەلاتی دەولەتی ئیسلام .

٠٧٠٥

٠٧٠٥/١/٢ عەبدولمەلیك کوری مەروان دراوی زێری چاپکرد لە شاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا بەناوی – دینار – کە بازنەکەی واتە قەوارەکەی – ١,٩–سم بوو . کە لەسەری نووسرابوو – الله احد الله الصمد لم یلد ولم یولد .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب – دار الشرق – المؤسسة العلمیة لوسائل التعلیمیة – بیروت – سووریا /٢٠٠٥ .

٠٧٠٥/١٠/ کۆچی دووایی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ، لە سەردەمی خەلافەتی ئەو دەولەتی ئیسلام ، کە تووشی چەندین دابەش بوون هات بەهۆی لێك ترازانی هەلوێستی بەرپرسانی ئیسلامی لە پەرەسەندنو پێشکەووتنو گەشەکردنی باری کۆمەلایەتی و رووبەروبوونەوەی بیری زانستی و رۆشنبیری لە ئاستی زیاتری زانیاری لە ناوچەو هەرێمە جیاجیاکانی ژێر دەسەلاتی ئیسلام .

٠٧٠٨

٠٧٠٨/١١/ دامەزرێنەری بنەماڵەی – بەرمەکی – لەم رۆژەدا خالید بەرمەکی لەدایك بووە ... کە یەکەم کەسیش بووە بۆتە ئیسلام لەو بنەماڵەیەداو دژی ئەمەویەکان رەفتاری کردووەو یارمەتی دەری دامەزرێنەری دەوولەتی عەباسی بووە ... هەروا بۆتە یەکێك لەسەرکردەو پیاوانی ئەبوو موسلمەی خۆراسانی و هاوکاری بووە لە بەهێزکردنی لایەنگیرانی لە پێناو پتەوکردنی دەسەلاتی عەباسیەکان . دوای مردنی خالد بەرمەکی لەساڵی ٧٧٩ یەحیای کوری جێگەی باوکی گرتەوە لە خزمەتکردنی دەوولەتی عەباسی لەهەموو بوارە جیاجیاکان .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە بەرمەکیـەکان بنەماڵەیـەکی کـوردی نـاوداری کوردسـتان و عـەرەب و جیهـان بوونـە ... ووشـەی بەرمـەکیش نازنـاوێکی ئاینیـە... روونـاکبیرو فەیلەسـوف و نووسـەری کـورد –خەلـەکان – خـاوەن کتێبی – وفیات الاعیان و انبا و أبنا و الزمان – دا دەڵێ :–

بەرمەکیـەکان لـە هـۆزی – زراری – کوردینـە . هـەروا زۆر لـە نووسـەرو فەیلەسـوفەکانی پێـشوو گووتویانـە کـە بەرمەکیـەکان فارسـن . بـەڵام ئیبن خەلەکان دەڵێ :– ئەوە کارێکی سەر سوورهێنەر نیە ، کە هۆکارێکی ئەوە بێ کـە بنەماڵەیـەکی کـوردی نیـە ... لەبـەر ئەوەی ووشـەیەکی نەتـەوەیی نیـە و بەرمەکیەکانیش – فارس و ئاگر پەرست بوونە ... کە ووشەی فارسـی مانـای ئەوەیە کە ووشەیەکی رامیاری و ئایینیە .

لە بەر ئەوەی کە کورد خاوەن دەسەڵات بوونە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا ، بەر لە سەدەی شەشی پێش زایین ... بەتایبەتی لەکاتی دەسەڵاتی میدیاکان کـە فـارس سـەربەو ئیمپراتۆریەتـە بوونـە ... ئەمـەش بـەردەوام بـووە لەسـەردەمەکانی – ئەرشـاکیین و ساسـانیەکان و تـاکوو دەرکـەووتنی ئـایینی ئیسلام . کە کـورد و فـارس بربـڕەی پـشتی ئیمپراتۆریـەتی میدیابوونـە ، کە هـەڵگری بـروای ئـایینی زەردەشـتی بـوون . هـەر وەك موئـەریخی یۆنـانی – هیرودۆت – باس لە هێرشەکانی ئەخمینی دەکات و دەڵێ:–

پیاوە ئازاکانی کورد لە شەڕی – کوگمیلا – لە نزیك شاری هـەولێر لـە سـاڵی ٣٣١ بـەر لـە زایین لـە نێـوان دارای سێیەم و ئەسـکەندەری مەکـدۆنی روویـداو سەرکەووتنیان بەدەست هێنا لەم شەڕەدا و ئەسکەندەر کوژرا .

زۆر لە نووسەرو رووناکبیرو رۆژهەڵاتناسەکان باس لەوە دەکەن کە فارس بەر لـە کـورد خـاوەن نەتـەوەو خـاك بوونـە ... بـە تایبـەتی عـەرەب لـەدوای دەرکـەووتنی ئاینی ئیسلام و لە رێگـەی فتووحاتی ئیسلامی ... باسکرا کە ووشـەی فـارس مانـای رامیـاری و ئـاینی و رۆشـنبیری دەگەیـەنێ ، نـەك نەتەوەیی ... لە بەر ئەوەی دەرکەوتنی ووشەی فارس – لـە تێکۆشـەر یا وەك ئەمرۆ پێشمەرگە هاتووە .

دوای ئـەوە ئـەم ووشـەیە و فـارس لـەدوای کۆتاییـەکانی هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریـەتی میدیا دەرکـەوتوون ... کە دەسـەڵاتی میـدیاش دەسـەڵاتێکی

کوردی بووە ... کە فارس و کورد نەوەی میدیاکانن و لە نژاد ئارین ، بەر لەو دیاریکردنەش فارس و کورد لێك جیانەبوونە لەهەردوو لایەنی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئاینیدا ... کە ئەمەش بەڵگەیەکی دروستە لەهەموو بوارەکان بە پێی پێپەربوونی قۆناخەکانی مێژوودا .

بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی میدیاو دەرکەووتنی ئایینی جوولەکەو مەسیح ... بە تایبەتی ئایینی ئیسلام باری جیهان بە تایبەتی لە کیشوەری ئاسیا وروژهەلاتی ناوەراست چەندین گۆرانکاری بەخۆوە بینی و چەندین لایەن لێك ترازان ، بەتایبەتی لەبواری نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئایین لە ناوچەو هەرێمەکاندا .

٠٧١٨

٠٧١٨/٨/٣ دوای ئەوەی کە عومری کوری عەبدولعەزیز دەسەڵاتی گرتە دەست و دراوی ئەمەوی چاپکرد بەناوی – دینار – لەشاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا و پایتەختی دەسەڵاتی ئەمەویەکان ، کە قەبارەی –٢–سم بوو ... لەپێناو بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و بازرگانی لە ژێر دەسەڵاتەکەیدا .

سەرچاوە :– ئەتلەسی عەرەبی و جیهان – ئامادەکردنی – سەیفەدین کاتب – دار الشرق – المؤسسة العلمية لوسائل التعليمية – بيروت – سووريا /٢٠٠٥ .

٠٧٢٠

٠٧٢٠/٢/٩ هەشتەم خەلیفەی ئیسلام لە بنەماڵەی ئەمەویەکان عەبدولعەزیز کۆچی دوایی کردووە .

٠٧٢٤

٠٧٢٤/١/٢ نۆیەم خەلیفە لە بنەماڵەی ئەمەویەکانی ئیسلام یەزیدی کوری عەبدولمەلك کۆچی دوایی کردووە.

٠٧٤٣

٠٧٤٣/١٠/٢ هونەرمەنـدو مۆزیکـا ژەنـی کـورد – ئیـسحاق ئیـبراهیم مووسلی – لە شاری کوفەی باشووری ئێستای ئێراق لە دایك بووە .
جێگەی ئامـاژە پێکردنە کە لە ئایین جوولەکەیەکی کورد بووە لە باشووری کوردستان و بۆتـــە ئیـــسلام ... لــەو ســـەردەمدا بـــەناوبانگترین گـۆرانی بێـژ بـووەو لەهـەمان کـات وانـەی مـۆزیکی گووتۆتـەوە بـەئامێرەکانی ئـەو کـات . بـەهۆی توانـای گـۆرانی و مۆزیکـا و دەرکـەووتنی کەسـایەتی بـەهۆی ئـەم بـوارە ... بۆتـە هاورێی مەهدی و هارونە رەشید ، کە هـەردووکیان خەلیفەی عەباسـی بوونـە ... ئەم کەسایەتیە لەکارە هونەریەکانی بەردەوام بووە تاکوو لە ٨٠٣/١٢/٢٠ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات .
سەرچاوە :– الموسوعه العربيه ١/٤ .

٠٧٤٥

٠٧٤٥/١٠/٣ ئەمەی خوارەوە دەقی راسپاردەکەی – ئیمامی ئیبراهیمـی عەباسیە بۆ ئەبوو موسلمەی خۆراسانی :–
ئەی عەبدولرەحمان :– تۆ پیاوێکی لە ئێمـەی لـە بنەماڵـەی پێغەمبـەری – د.خ – بۆیە راسپاردەکانم وەربگرەو بیپارێزە ... سەیری ئـەو بـەرەی راسـتت بکـە ، کـە خۆرهەڵاتـە . خەلافەتایـەتیان بکـە و چارەسـەری کێشەکانیان بکـە . خـوا دەزانێت ئەم هەوڵەمان بێ ئەوان تەواو نابیت .
سەیری بەری – رەبیعـە – بکە فـەرمان و داواکانیان بزانـە . سـەیری بـەرەی – مزر – یش بکە ... کە ئەوان دووژمنـی سـەرەکی و نزیکی بنەماڵەکەتن . بۆیە

گوومانت لە هەرکەسێکیان بوو بیانکووژەو لێیان بدەو ئەگەر توانیشت مەهێڵە لە خۆراساندا یەکێك بە عەرەبی قسەبکات .
تەنانـەت ئەگـەر منالێکیان گەیشتە تەمـەنی پێنچ ساڵی بیکووژە . ... هـەروا سەرپێچی – سوولەیمانی کوری کەسیری خوزاعی – مەکە . گەر لەگەڵیشیدا نەگوونجایت و تووشی کێشەیەك بوویت. بەڵام بیگەرێرەوە . مەبەست لـەوە نیە کە ئەبوو موسلم لە بنەماڵەی پێغەمبەر بووبێت .

سەرچاوە :– تەبەری – تاریخ الامم و الملوك /١٤/٦ – ١٥ .

٠٧٤٧

٠٧٤٧/٦/٩ رووداوەکانی دەسـەڵاتی بنەماڵـەی ئەمـەوی ئیسلامی لـە بـوارە جیاجیاکان بەرەو پێشبردنی باری دەسەڵاتی ئاینی ئیسلام ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی لێك ترازانی بیروو بۆچوونو هەڵوێستو بروای جیا لـە ئاینی ئیسلام ، کە بەشێووەیەکی فـەرمی کـەرت بـوونی ئـەو ئایینـە بـەدوو مەزهـەبی شیعەو سوونە لەو رۆژەدا دەستی بەتەشەنە کردن کرد لەسەر خاکی خوراسانو داوا کردنـی بنەماڵـەی هاشـم ، کـە نـزیکترین بنەماڵـە بـوون لـە پێغەمبـەر دروودی خوای لە سەر بێت بەدیاریکردی گوندی – حەمیمە –ی باشووری دەریای مردو– بحر الميت – لەسەر رێگای کاروانی حاجیەکان کە ئەنجامی بووە هـۆی بەرپابوونی شۆرشـی دەسـەڵاتی ئەمـەوی بەسـەرکردایەتی ئـەبوو مووسلمەی خوراسانی بە سەرکەوتنی بە سەر مەروانی دووەم .
کە – مووسلمەی خوراسانی لە نژاد کورد بووە – ئەم شەرە پەرەی سـەند لە فەلەستینو حوومسو ناوچەکانی دیکە . ئەویش بە هـۆی گوواستنـەوەی دەسـەڵاتی بـۆ– حـران – لەلایـەن مـەروانی دووەم کـە لـەو رۆژە مەزهـەبی شـیعەو سـوونە سـەری هەڵـدا لـە دووژمنکاریـەتی نێووانیـان . کـە تـاکوو ئێـستاش لـەجیهانی ئیـسلامی بەتایبـەتی لـە ئێـرانو ئێـراقو سـووریاو چەندین جێگەی دیکە وەك ئەفگانستانو پاکستان.
لـە مـاوەی سـەر هەڵـدانی ئـەو دوو مەزهەبـە تـاکوو ئێستا بەسـەدا شـەڕی دژوارو خووێنـاوی لە نێووانیانـدا بەرپابووە ، بـە تایبـەتی لـە ئێراق ، کـە تـاکوو تـەوواو بـوونی ئـەو مێژوونامەیـە . شـەڕی نێـووان شیعەو سوونە

بەشـێووەیەکی نافـەرمی بەردەوامـە ، بـە تایبـەتی لـە دوای رووخانـدنی دەســـەڵاتی رژێمـــی بەعـــسی ئیـــسلامی ســـووننە لـــە ئێـــراق لـــە رۆژی ٩/٤/٢٠٠٣دا.

٧٤٩.

٧٤٩/٨/٢٠ عەباسـیەکان بـەهۆی کۆمـەڵێ نهـێنی و لـە سـایەی ئازایـەتی کەسـایەتی ناوداری کـورد ، ئـەبوو موسـلمەی خۆراسانی ، بوونەتـە دەسـەلاتدار .... ک پادشـای هـەموو وولاتـی ئیـسلام بـوون .....کـە یەکـەم جـار پایتـەختی شارۆچکەی کوفەی باشووری ئێستای شاری بەغدا بووەو دوایـی پایتـەختی گوواستەوە شاری بەغدا .

یەکـەمیان عەبـدوڵڵای کـوری محەمـەد :- عەباسـی سـەفاح - هاتنـە سـەر دەســـەڵاتداو لەســـاڵی ١٢٥٨ بـــە کـــووژرانی - موعتەســـەم کۆتـــایی بـــا دەســـەڵاتەکەیان هـات .... واتـە ٥٤٤ سـاڵ عەباسـیەکان دەسـەڵاتدار بـوون لەسـەر وولاتـی ئیـسلام .... لـە نـاوەرۆکی مێـژوو نامەکـە باسـی چۆنیەتی کووشـتنی ئـەبوو موسـلمەی خۆراسـانی کـراوە ، لەلایـەن خەلیفـە ئـەبوو جەعفەری مەنسوور لەناو دیوەخانەکەی خۆیدا لەشاری بەغدا .

٧٤٩/٨/٢٠ لـە ٢٠/ ٧٤٩/٨ بـە کۆتـایی هـاتنی دەووڵـەتی ئەمـەوی و دەسـت پێکردنی دەســـەڵاتی دەووڵـــەتی عەباســـی ... ئـەویش لـە دوای سـەرکەووتنی داوای عەباسیەکان لە بنەرەتدا هاوکار بوون لەگەڵ داوای -آل البیت- واتە خەلیف و ئیمامـەکانی ئـاینی ئیـسلام ... لـە دوای کۆچـی دوایـی پێغەمبـەر -د.خ - ئەمـەش بـووە هۆکـاری ئـەوەی ، کـە عەباسـیەکان توانیـان سـەرکەوتنەکان بگـوونجێنن لەگـەڵ ئاواتـەکانیان و بـە دامەزرانـدنی دەووڵـەتی عەباسـیان راگەیانـد لـە شـاری کوفـە ، کـە بنکـەی سـەرەکیان بوولـە رۆژانـی یەکـەمی خەلیفەی یەکەمی ئەبوو عەباسی ئەلسەفاح .

دوای ئـەوەش خەلیفـەی دووەمـی عەباســی -ئـەبوو جەعفـەری کـوری مەنسوور- لە شاری بەغدا ، کە لـەو کاتـە وەك گوندێکی گـەوورە بـوو ... بـە هەوڵی ئەو شاری بەغدا توانی ئاوەدان و بووژاندنەوە و گەشە کردنێکـی بـەر چاو بە خۆوە ببینێ لە نێوو شـارەکانی جیهـان... کە ئـەو کـات لـە شـێووەو

شێووازێکی شارستانی خۆی دەرخست ، بەهۆی بوونی شووێنەواره مێژوویيەکانی بابل و حەزەر و هەولێر ونەمردو چەندین جێگەی دیکە لە وولاتی نێوان دوو زێ ... میزۆبۆتامیا لە ناوچەکەدا .

دوای ئەوە سنووری دەوولەتی عەباسی زۆر فراوان بوو لە سەردەمی هارونە رەشید ، کە لە رۆژهەلاتی هندستان و چووە ناو چوار چێووەی ناوچەکانی رۆژهەلات وەك ، ئێرانی ئێستاو و ئەفگانستان و سنە و خوارزم و دوواوەی زێی دوورگەی عەرەبی لە باشوورو باکووری ئەفەریکیا ، جگە لە وولاتی مەغرب ... دوای ئەوەش دەوولەتی – ئەدارسە – هەروا فراوان بوویەرەو رۆژ هەلات و باشوری دەریای ناوەراست و، هەروا دوورگەی قووبرسی و رۆدس و گریت و سقلیە و بەرەو باکووری وولاتی کەرەج و قەوقازو رۆژهەلاتی دەریای رەش هەنگاوینا لە کێشوورەکەدا .



ئەم نەخشەیە فراوان بوونی دەسەلاتی عەرەب و ئیسلام دیار دەکات لە داگیر کردنی خاکی نەتەوەکان . و دەر چوون لە دوورگەی بیابانی گەورەی عەرەبی ...؟...!.

کە لەو کاتیش شاری بەغدا بووە مەلبەندی بازرگانی وژێرخانی ئابووری و بازرگانی دەوولەتی عەباسی و کاریگەری مەزنی لە بەهێز بوونی ئەو

دەسـەڵاتە هـەبوو ، لـە هـەموو بوارەکـان لـە سـەردەمانی زێرینـی دەوڵـەتی عەباسی ، لە سەردەمی خەلیفەکانی ئاینی دەستی پێکرد ، یەك لە دوای یەك لە سەرەتای دەوڵەتی عەباسی تاکوو ناوەندی دەسەڵاتی مەئموون لە سەر دەوڵەتەکەدا .

دوای ئەوە دەوڵـەتی عەباسـی بـەرەو کزبوون هـەنگاوینا ، ئـەویش بـەهۆی سەرهەڵدانی وویلایەتی بچووك لەلایەن پێکهاتەی نوێ ، وەك تورك و مەگۆل و فارس و هنـدی و، بـەردەوام بوون تـاکوو کـەووتنی پایتـەختی دەوڵـەتی عەباسـی ، کـه شـاری بەغـدا بـوو لەسـەر دەسـتی مەگۆلـەکان لـە ١٢٥٨/١/٨دەوڵەتی عەباسی رووخێنرا .

سەرچاوە :- ئەتلەسی عەرەبی و جیهان - ئامادەکردنی - سەیفەدین کاتب - دار الشرق - المؤسسة العلمية لوسائل التعليمية - بيروت - سووريا /٢٠٠٥ .

٧٤٩/٨/٢٠ لەو کاتەی کە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیەکان بوو ، لەم رۆژەوە دەستی پێکـردوو بـەردەوام بـوو تـاکوو سـاڵی ٨٤٦ ... کـە دیاردەیـەکی سـەیری شارستانی لەناو دانیشتووەندا پەیدا کرد ، بە تایبەتی لە ئێراق . کە ئەو خێزانە عەرەبانەی بەهۆی فتووحاتی ئیسلامی روویان لە وولاتی نێوان دوو رێ - میزۆبۆتامیـا - کردبـوو ..... لـە ٣٧ خەلیفـەی عەباسـی تـەنیا سێ خەلیفە لە دایك و باوك عەرەب بوون .

ئەوانیش - ئەبوو ئەلعەباسی سەفاح - مەهدی کوری مەنسوور - محەمەد ئـەمین هارونـه رەشـید - ئـەوانی دیکـه باوکیـان عـەرەب و دایکیـان لـە دانیشتووە رەسەنەکانی ئێراقی ئێستا بوونە . وەك کوردو فاس و ئارامی لە وولاتی نێوان دووزێ .

کە ئەمەش هۆکاری بەهێزبوونی جێ پێگەی عەرەب بووە لە فراوانکردنی سـنووری جـووگرافی ، ئـەویش بـه داگیرکردنـی خـاکی گـەلانی دیکـەو نیـشتەجێ بوونییـان لەسـەر ئـەو خاکـه ، ئـەویش بـه زەبـری شمـشێرو تۆقاندنی دانیشتووانی رەسەنی وولاتی نێوان دووزێ لە هەموو بوارەکاندا ... مێژووی روادوەکانیش شاهدن لە شایەتی دان لەسەر راستیەکان .

٧٤٩/٩/٢٣ بە هـۆی بـاری نـا لـە بـاری ژێر دەسەڵاتی ئەمەویـەکان بە تایبـەتی بە بڵاو بوونـەوەی نەخۆشـی تـاعوون و لە ناوچوونی زۆربـەی خـەڵك ، لە ئـەنجامی برسـیەتی و هـەژاری و لێـك ترازانـی پەیووەنـدی کۆمەڵایـەتی بـووە هۆکـاری سەرەکی لە کەووتنی دەوڵەتی ئەمەویەکان.

٠٧٤٩/١٠/٢٩ هێزە چەکدارەکانی کورد ، یارمەتی هێزەکانی سووپای خەلیفە مەروانیان دا . دژی سلێمان کە رووی کردبووە کوردستان و نەدەچووە دەرەوە .
شایانی باسە خەلیفە مەروان دایکی کورد بووە ، کە لە کاتی خۆی باوکی والی بووە لە کوردستان . کە لەو کاتیش لە کوردستان لە دایك بووە ، لەپاش باوکی بەرپرسیاریەتی والی گرتۆتە دەست لەسەر دوورگەی ئەرمینیا لە ناوچەی شاری ، دوای ئەوە خەلیفە مەروان بەیارمەتی کورد دژی خەلیفە ئیبراهیم جەنگاوەو دوایی بەرەو شام هەنگاوینا بەرەو بەعلەبەگ و شام ، کە بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی خەلیفە ئیبراهیمی بەزاندو چووە ناو شاری دیمەشق لە شام و دەسەڵاتی خەلافەتی راگەیاند لە هەرێمی شامدا .

٠٧٤٩/١٠/٣٠ لە ئاکامی بەردەوامی شەڕی ناوچەی کووفە لە نێوان هەردوو مەزهەب نوێی شیعەو سووننەی ئیسلام ، کە کەوتە ژێر دەستی شەرکەرەکانی ئیسلام ، بە هۆی دەروازی کوڕی عەباس بووەو بە باوکی عەباس خەلیفەی ئیسلامی ئەمەویەکان لەناو چوون و ئالای سپی مەزهەب سووننە ، بەرە بەرە دەهاتە خوارێ و ئالای رەشی مەزهەب شیعە بەرزدەکرایەوەو شۆرشەکە بەردەوام بوو تاکوو گەیشتە رۆژئاوای زێی گەورەو رۆژئاوای شاری بەغدا.

٠٧٥٠

٠٧٥٠/٨/٨ پایتەختی ئیسلام ماویەکی کەم لە شاری مەککە مایەوە ، بەهۆی بەرپابوونی شەڕیکی خوێناوی و کۆتایی هێنان بە خەلیفەکانی سەدری ئیسلام . لەلایەن ئەمەویەکان و دامەزراندنی زنجیرەیەك لە ئیمپراتۆریەتی خەلافەتی عەرەبی بە ناوی ئەمەوی لە هەرێمی شامدا .
هەروا دەسەڵاتی ئەوانیش زۆری نەخایاند لەلایەن بنەماڵەی عەباسیەکان بەهاوکاری گەلانی دیکەی غەیرە عەرەب لە دانیشتووانی کوردی باشوورو فارس ، لە ئەنجامی شەڕیکی سەختدا لە سەر زێی بادینان لە خووارەوەی مووسڵ لەناو بران و ئیمپرتۆریەتی خەلافەتی عەباسی دامەزراو پایتەختی لە شام گواستراوە بۆ شاری بەغدا لە نزیك کەلاوەکانی تەیسفوونی

پایتەختی ساسانیەکان . کە باو باپیرانی ساسانیەکان بەر لە سەدەیەك رووخاندبوویان.

شایانی باسە هێنانی پایتەختی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی عەباسی بۆ بەغدا بەپێی دەیا نەخشەی دارێژراوو، واتە راستەوخۆ بۆ لای خوارووی شووێنی دێرینی خاكو ژیانی كوردو بەكردەوە كوردی خستە ژێر تینی گووشاری رووبەرووی بەردەوامی عەرەبو تەعریبكردن .

چونكە هیچ نەتەوەو دەووڵەتێكی دیكەیان لە نێووان نەبوو، هەم خۆیی و هەم نیشتمانكەی بوونە لە مبەرێكی مرۆیی و خاكی لە نێووان هۆزەكانی عەرەب ، لەلایەكو گەلانی فارسو ئەرمەنی و بێزەنتی لە لایەكی دیكەوە... لافاوی بەخووری عەرەب ، كە لە ماوەیەكی كورتدا خوارووی میزۆبۆتامیای گرتەوە.

بەڵام نەیتووانی لە بنارەكانی چیای زاگرۆس . واتە لە سەر سنووری تەواوی خاكی كوردستان زیاتر تەشەنە بكاتو بتەنێتەوەو لەوێ وەستا : بەهۆی بەرگری توونـدی كورد لە خاكو نەتەوە لە كوردستان ، واتە لە رۆژئاواو باشووری كوردستان.

٠٧٥٠/٨/٩ بانگەشەی عەباسیەكان لە ماوەی سی ساڵی رابردووی لە رێكخستنی نهێنی نێوكانیان ، كە پشتیان بە كۆمەلانی خەلكی هەرێمەكانی خوراسانو ئەودیووی رووبارو شارۆچكەی كووفە بەستبوو ، لە دەست پێكردنی ئەو كارانە . كە دەگەراوە بۆ ساڵەكانی ٧٣٠ ، كە ئەو پشت بەستنەش لە سەر كۆمەلێك بەلێنو پەیمان وەستابوون ، كە عەباسیەكان بەدانیشتووانی ئەو هەرێمانەیان دابوو .

لەوانەش كەمكردنەوەی باجەكانو زیاد كردنی یاداشتەكانو بەرزكردنەوەی پلەو پایەیان لە دەسەلاتی ئایندەیان دا... بەلام دوای سەركەووتنیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی لە پاداشتی ئەو هاوكاری كردنە ، بەشێكی زۆر لە دانیشتووانی كووفەو دەووروبەری ، بە تایبەتی كۆمەلە نژادە غەیرە عەرەبیەكان كە بە (موالی) ناسراو بوون ، خەلیفەی عەباسی كەووتە راووددوونانیانو لێدانو كووشتنی زۆربەی ئەوانەی رۆلی سەركردایەتی و كاریگەریان لەسەر خستنی بانگەوازەكە دا هەبوو.

لە وانیش ئەبوو مووسلمەی خوراسانی كە بەنژاد كورد بوو . ئەو

راوودوونانـەش بـووه هـۆی دورسـت بـوونی رق‌و بێـزاری دانیشتووانی ئـەو هەرێمانە ، لەوانەش هەڵگری بیری ئایینی مانیـەکان بەرامبـەر بـە خەلافـەتی عەباسی‌و ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوە عەرەبەدا – مانیەکان – واتـە هـەڵگری بـرووای ئـاینی مـانی کـە لـە کـوردو فـارس پێـك هـاتبوون‌ولقێکی مەزهـەبی ئاینی زەردەشتی بووەن .

ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەوە عەباسیەکان بەهۆی کۆمـەڵێ کـاری نهێنـی لە سایەی ئازایەتی ئەبوو مووسلمەی خوراسانی ، کە بووە پادشـای هـەموو ئیـسلام و لـە دوای هاتنـە نـاو خـاکی ئیـستای ئێـراق بـە هـۆی فتووحـاتی ئیسلام‌و داگیر کردنی خاکی گەلان ، کە پایتـەختیان بـووە گونـدی کووفـە ، کـە ئێـستا قەزایـەو دوای ئـەوە چـووەتە شارۆچـکەی بەغـدا ، کـە ئێـستا پایتەختی ئێراقە ، لەم رۆژەدا عەبدوللای کوڕی محەمەد . کە ناو زەنـد بـووە بـە – عەباسـی سـەفاح – بـووە دەسـەڵاتدار تـاکوو کـوژرانی بەدەسـتی – معتەسـەم –و کۆتـایی بەدەسـەڵاتی عەباسـیەکان هـات لـە سـاڵی ١٢٥٨، کـە ٥٤٤ ساڵ عەباسیەکان دەسەڵاتدار بوون.

کە هەموو ڕێی‌و شووێن‌و فێرکردن‌و ڕێگە نیشاندەریان ئـەبوو مووسـلمەی خوراسـانی کـورد بـووە ... دوای ئـەوە ئـەبوو جەعفـەری مەنـسوور لـە نـاو دیووەخانەکەی خۆی تیرۆری کرد... ئەمـەش هونراوەکـەی شـاعری ئـەبوو جەعفەری مەنسوورە کە زۆر دژایەتی ئەبوو مووسلمەی خوراسانی دەکرد ، ئەمـەش رەووشـتەکانی عەرەبـە(بـاوکی گووناهبـار خـوا لـە بەنـدەنا گـۆڕی تابەنـدە لـە خـۆی نـەگۆڕی ... تۆڵـەی مەنـسوور بـووی‌و تـەمای غـەدرت هەبوو... بەڵێ دەزانین باوکە کوردەکانیشت هەر ئەهلی غەدر بوون .

خووێنەرو گەلی کورد تێبگە کە...؟...گەر عەرەب بـەرماری نووێـژ کردنیان لـە ئاسمـان بـشەکێتەوە لـە چـاکەو پیاوەتیـان ... جێگـەی بـروا نـین ... چـونکە عـەرەب درۆو دزی‌و فـێڵ کـردن‌و خیانـەت بەئازایـەتی دەزانـن... !. ...؟

٠٧٥٠/٨/١٥ لـە کۆتاییـەکانی دەسـەڵاتی عەباسـی وولاتـی شـام کەووتـە ژێـر دەسـتی عەباسـیەکان‌و دووایـش شـاری دیمەشـق ، دوای ئـەوە مـەروانی دووەم لـە گووندی بوێسری میسری دەسگیر کراو کووشتیان‌و سەریان رەوانە کرد بۆ خەلیفەی باوکی عەباسی، ئەو فتووحاتە پەرەی سەند، کە لـەدووایی شاری کوورفە بووە پایتەختی دەسەڵاتی نوێی مەزهەب شیعەکانی ئیسلام ، دوای ئەوە پاسەوانەکانی ئەبوو ئەلعباس . کە هەمووی لە دانیشتووانە فارسەکان بوون‌و وردە وردە فارسەکان پلەو پایەی گرنگیان گرتە دەست کە هەموویان دانیشتووانی خوراسان بوون.

٠٧٥٠/١١/٢٩ دەرکـەووتنی هەڵوویـستی مانیـەکان بـۆ سـەرەتاکانی دامەزرانـدنی ئـەو دەووڵەتە دەگەرێتـەوە ، کە لـە دوای ئـەوەی – عەبدوڵڵای کوری محەمـەد – ناسراو بە – ئەبوو ئەلعەباسـی سـەفاح – وەلیدی کوری سەعدی ئەزدی – لەشاری کوفە – بەیعەت – ی پێدرا .... بەو رووداوەش کۆتایی بەدەسـەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی هات ، لەلایەکی دیکە رۆڵـی بنەماڵـەی عـەرەبی ئیسلام و هاوپـشتیووانی لـە رەگـەزو ئاینـەکانی دیکـە دەرکـەووت لـە هـەرێم و ناوچەکەدا.

کە لـە نێوانیانـدا – مانیـەکان – بوون... سـەرەتاکانی هەڵوویستیـشیان بە هاوکاری کردنـی بانگـەوازو پشتگیری لە دامەزرانـدنی دەووڵەتەکە دەستی پێکـرد ... لـە بەرامبـەر ئـەو بەڵێنانـەی کـە عەباسیەکان بـەوانیان دابـوو کە دەستی یارمەتی و پشتیووانیان بۆ بانگەوازەکە درێژکرد... لەوانە :–

١– ئەو ناوچانەو هەرێمانەی کە بنەماڵە عەباسیەکان پشتیان پـێ بەستبوو، لـە شـاری کوفـەو هـەردوو هـەرێمی خۆراسـان و ئـەودیوی رووبـار بـوون ... کوفەی نزیك شاری بابلی پایتـەختی ئاینی مانیەکان... ئەو دوو هەرێمەش دوو مەڵبەندی گرنگی پەیرەوانی مانیزم بوون .

٢– یـەکێك لـە سـەرکردە هـەرە دیارەکـانی ئـەو بانگـەوازە ، کەسـایەتیەکی هەرێمی خۆراسان بوو بەناوی – بەهزادانی کوری وندادی کوری هورمزد – کە بـە –عەبـدولرەحمان – ئـەبوو – موسـلمەی خۆراسـانی ناوزەنـد بـوو – لای مێژوونووسەکانی عەرەبی ئیسلام ناسراوەو نـاوبراوە، کە ئەبوو موسلمەی خۆراسـانی کـورد بـووە لـە نـژاددا... لە زۆر جێگـەی دیکـەش باسـی ئـەبوو

موسلمەی خۆراسانی كراوە.

سەرچاوە:- عەبدولرەحمان بەدەوی - من تاريخ الأسماء من الاسلام - د - بەهائەدین بازارگاد - كرونۆلوژی تاریخ ئیران - ل /٩ .

٠٧٥٣

٠٧٥٣/٧/٧ مانیەكان و بەشداریكردنیان لەو راپەرینانەی كە لە سەردەمی یەكەم خەلافەتی عەباسی ئەنجامدرابوون ... ئامانجیش لەو هەڵوویستە دروستكردنی فشارێك بوو لەسەر ئەو دەسەڵاتە و گەیشتن بوو بەو بەڵێنانەی كە پێشتر پێیان دابوون ، بە گەڕاندنەوەو دەستكەوتنیان بەو ئەرك و مافانەش بوو ، كە پێشتر لێیان زەوت كرابوو .

لەبەر ئەم هۆكارانە چەندین راپەرینی رامیاری و سەربازی لەلایەن مانیەكان ئەنجامدرا ، لەوانە راپەرینی .... بەهافەرید ... ئەم راپەرینە ... لەلایەن ... بەهای كوری فافەرەیدون ...كەخاوەن گوندی - زۆزن - ی نزیك شاری نیشابووری هەرێمی خۆراسان سەركردایەتی كرا .

ئەویش بەر لە كووشتنی ئەبوو موسلمەی خۆراسانی راگەیەندرا ... ئەو - كارەی - بەها - سەرەرای مەبەستی ئاینی ئامانجێكی رامیاریشی لە پێشەوە هەبووە ... كە بەپێی ئەو بیروباوەڕەوە لە هەمان كات بانگەشەش بێت ... پێ دەچێ پەیرەوێكی نزیك بە مانیزم بووبێت و نوێگەرێتی تیاكرابێت ...هەروا - مەزدەك ئەو هەوڵانەی لەسەردەمی پێنجەمی زاینیدا كردی لە پێناو سەلماندنی -ئەو بۆچوونەش بوو - بەها - لەسەر پەیرەوو لایەنگیرانی - مەی خواردنەوەو داوێن پیسی وخواردنی گۆشتی ئاژەڵی مردوو سەربرینی ئاژەڵی نەخۆش و - ساوا - ی قەدەخەكراو .

دوای ئەوە داوای لێكردن كە كرنووش بۆ رۆژ ببەن و رۆژی حەوت نوێژ بۆ دروستكراوی ئاسمان و زەوی و جیهان و زیندەوەران بكەن ... هەروا دەبێ باوەڕیان بە رۆژی دوایی و پاداشتی بەهەشت و سزای دۆزەخ هەبێت ... هەروا بۆ دەستە بەركردنی باری دارایی راپەرینەكەش داوای لەلایەنگیرانی كرد ، كە یەك لەسەر حەوتی دەرامەتیان پێشكەش بكەن ... كە ئەم داوایانەش داوای مانیزمیەكان بوون .

بـەڵام جیـاوازی ئـەوە کـە – بـەها – بـاوەری بـەکتاب پەرستی هێنـاو بـە پێچەوانەی مانیزم ، کە باوەری بە دوانە پەرستی هەبوو .

سەرچاوە :– الآثار الباقية عن القرون الخالية . ل/٢١٠ – زرین کوب – تاریخ مردم ئیران ٢٠ /٦١ رخۆلد شپولر – تاریخ ئیران – سرقرون – وەرگێرانی جەواد مەلا نوری – ل/١٣٨ .

٧٥٤

٧٥٤/٦/٢٧ بەرپابوونی راپـەرینی – شـنیاز – لـە گوندی – ئاهـەن – ی سـەر بـە شاری نیشاپوور ... هۆکاری ئەو راپەرینەش دەرکەووتنی ئەو رامیاریەتە هەڵەیەی – ئەبوو جەعفەری مەنسوور – بوو ، کە لە – ئەبوو موسلمەی خۆراسانی – هـاورێی داو کووشـتی .... ئەمـەش بۆتۆڵەسەندنەوەشـی سـەرکردایەتی ئـەو جووڵانەوەیـەی لـەو گونـد دەسـتپێکرد ... ئـەم راپەرینـەش دوای دوو دژە هەڵوویستی دەووڵەت و خەلافەتی عەباسی بوو ... کە لەلایـەن دانیشتووانی هەرێمی خۆراسان و کەسایەتیە ناسراوەکانیان ئەنجامدرا .

لەهەمان کات بەرپەرچدانەوەیەکی گەوورەش بوو دژی رامیاریەتە هەڵـەکانی دەووڵەتی عەباسـی ، کـە ئـەو کارەش بەهۆی پشتیووانی دانیشتووانەکانی هەرێمی خۆراسانەوە بوون ... کە ئەمـەش بووە هـۆی ئـەوەی کە بەهـەزاران کـەس لـە هەرێمـەکانی خۆراسـان و دەیلـەم و تەبرەسـتان پەیوەنـدیان پێووەکردنلە ناوچەکەدا .

هـەروا مەبەسـتیش لـە پێنـاو تۆڵـە سـەندنەوەی مـاف ئـەبوو موسـلمەی خۆراسـانی بـوو لـە دەسـەڵاتدارانی دەوولـەتی عەباسـی و دژایـەتی کردنـی خەلافەتی عەباسی لەوکاتدا دەستی پێکرد . لەو بارودۆخـەدا ، کە – ئـەبوو جەعفـەری مەنـسوور ، هـەواڵی ئـەو راپەرینانـەی پێگەیـشت ، هێزێکـی گەووڕەی لەژێر سـەرکردایەتی – عومـەری کوری عـەلا – رەوانـەی مەڵبەنـدی راپەرینەکە کرد .

بەڵام بـەهۆی بـەرفراوانی دەسـەڵاتی – سـتباز – و بـەتوانای بەرێوەبردنـەوە ئەو هێرشەی هێزەکانی سووپای عەباسیەکان تێك شکاند .

دوای ئەو تێك شکانە ، دووبارە ئەبوو جەعفەری مەنسوور هێزێکـی دیکـەی زۆری بەسـەرکردایەتی – جومهـوری کـوری مـرواری عەجـەلی – نـاردە سـەریان و ، بـە دەسـت پێکردنـی شـەری دژوواری نێوان بەرهەڵـستاکارانی

دەووڵەتی عەباسی و عەباسیەکان بەرپابوو ، بۆ ماوەی دوو مانگ و ١٠ رۆژ لە شوێنێك بەناوی – جۆرجنیان – لە نێوان ناوچەی – رەق – و – هەمەدان – دا لە هەرێمەکەدا .
کە لە ئەنجام زیاتر لە ٧٠٠٠ هەزار کەس کووژران و بەدیلگرتنی ١٤٠٠٠ هەزار کەس لە لایەنگرانی – سنیازا تێك شکان و لەئاکامدا هێزەکانی دەووڵەتی عەباسی سەرکەووتنیان بەدەست هێنا لەناوچەکەدا .
سەرچاوە :– تەبەری – تاریخ الأمم و الملوك . ٧/٤٩٥ .

٠٧٥٤/٦/٢٧ بە هۆی راپەرینەکانی بیری مانیزم و بڵاوبوونەوەی کووژرانی ئەبوو موسلمەی خۆراسانی و راپەرینەکانی دژ بە دەووڵەتی عەباسی و خەلافەتی ئەبوو جەعفری مەنسوور ، لە وولاتی نێوان دووزێی و خاکی کوردستان و دەوورووبەری ... لە هەمان کات و لە پێناو یارمەتی دانی راپەرینەکانی مانی و سنیازا ، لە هەرێمی خۆراسان وهەمەدان و پەرینەوەی بۆ هەرێم و ناوچەکانی دیکە لە رۆژ هەڵاتی کوردستان .
ئەوە بوو راپەرینی ئیسحاق نورکی – لە هەرێمی تورکستان ، کە مەڵبەندێکی مانیەکان بوو – شەر هەڵگیرسا ... بە سەرکردایەتی – ئیسحاق – کە یەکێك بوو لەلایەنگیران و هەوادارانی – ئەبوو موسلمەی خۆراسانی – و سەرکردەکانی ئەو هەرێمە . دوای کووژرانی ئەبوو موسلمە .
ئیسجاق سەرکردایەتی راپەرینەکەی کرد ... راپەرینەکەی بە بیرووباوەری دوانە پەرستی بەگژ ئەو دەسەڵاتەدا چووەوە ... جووڵانەوەی ئەو کەسایەتیە تورکە ، ئەگەر بەتەواوی مانیزم نەبووبێت .... ئەوا لە هەرێمی مانیەکان و لە بارودۆخێکی دەسەڵاتی رامیاری وئایینی دەووڵەتی – ئۆیکۆری – تورك سەری هەڵدا .
جگە لەوەش لەتوانایەکی بەرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرچاوەی گرت .... لەبەر ئەوە مانیزم فاکتەری سەرەکی ئەو جووڵانەوەیە بووبێت , دوای ئەوەی کە هەڵوویستی دووژمنکاری خەلافەتی عەباسیان بۆ دمرکەووتبێت و لە پێناو مانەوەیاندا دەستیان دابێتە راپەرین لەناوچەو هەرێمەکاندا .
سەرچاوە :– تەبەری – هـ . س /٦ /٤٨٨ . فاroوق عومەر موازی – هـ . س – ٢٨٩/١ / ١١٨ – ١١٩

٠٧٥٥

٠٧٥٥/٦/١٦ لـه دوای هێنـانی ٢٠٠٠٠ هـەزار چەكداری توركمـان . لـه سـەدەی نۆیـەمی زایـنی .، خەلیفـەی عەباسـی – موعتەسـەم – سـووپایەكی چـەكداری لـە توركە هاوردانە پێك هێناو نیشتەجێی كردن لە شاری سامەرای پایتـەختی ئەو كاتەی دەوڵەتی عەباسی لە باكووری شاری بەغدا .
جێگـەی باسـكردنە كـە دەبـێ ئێمـە ئـەوە لـەیاد نەكـەین ، كـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی نەتـەوەی توركمـان ، لـە بیابانەكـەی نێـوان هـەردوو وڵاتـی مـەنگۆلیاو چینی میللـی بـووە ... كـە لـەو سەردەمانەشـدا هـەرێم یـاخوود وڵاتــی مــەنگۆلیا ، لــەژێر دەســەڵاتی ئیمپراتۆریــەتی چــینی بــووە . كـە ئێستاش بەشێكی لە ژێر دەسەڵاتی چینیە بەناوی مەنگۆلیای ناوخۆ ... كە نەتەوەی توركمانیش لەو نەتەوە دەربەدەرانەی كە لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتـەكانی پێك هـاتوون و لـە ئـەنجامیش دەوڵـەتی عوسمـانی پـێ دامەزرا لە هەرێمی ئەنازۆلی ئێستای و وڵاتی توركیا.

٠٧٦٢

٠٧٦٢/٦/٢٩ نووێكردنەوەو ئاوەدانكردنەوەی شاردێی بەغدا لەلایـەن ئەبوو جەعفەری مەنـسووری خەلیفـەی عەباسـی ، كـە لـەو كـات دانیـشتووانی بەغـدای دورسـتكراو زیـاتر لـە هـەزار مـال عـەرەبی تیـا نـەبوو ، كـە ئـەوانیش داروودەستە و پێوەندەكانی دەسەڵاتدارانی ئیسلام بوون لـە ناوچـەكەدا ، بەڵكوو دانیشتووانەكەی لە ئاشووری و ئارامی و كوردوفارس بوون..



شاری بەغدا

٧٦٢/٧/١٠ دانیشتووانی کورد لە شاری بەغدای پایتەختی ئێستای ئێراقی بە زۆر دروستکراو ، بەر لە فراوانکردنی شاری بەغدا بوو ، لەلایەن خەلیفە ئەبوو جەعفەری مەنسوور ... بەر لەوەی کە ئەم شارە خشتەکانی دامەزرانی یاخوود دروستکردی ئەو شارە کورد لێی نیشتەجێ بوونە . کە لەو کاتە لە هەموو سنووری ئێستای ئێراق دانیشتووانی عەرەبی لێ نەبووە.

تەنیا مەر لەوەڕێن و بە دووەکان نەبێت ، بەڵکوو نیشتەجێ بوونی عەرەب لە سنووری خاکی ئێستای ئێراق ، لەگەڵ فتووحاتی ئیسلامی دەستی پێکردووە ئەویش .



ئەم وێنەیە گەرەکی دانیشتووانی کورد لە شاری بەغدا

یەکەم :- بڵاوکردنەوەی بەزۆر ئاینی بەسەر نەتەوە جیاجیای دانیشتووی ئێراق و ئەویش :-

أ:- داگیرکردن و نیشتەجێ بوونی عەرەب لە ئێراق لەرێگەی ئاینی ئیسلام.

ب :- دەرچوونی عەرەب لە دوورگەی بیابانی عەرەبی نەك هەر بۆ ئێراق بەڵکوو بەرەو شام و وولاتی دیکەی وەك ، فارس و بەرەو میسری قبتی و ئەفریکیاو دوایی بەرەو وولاتانی دیکەی جیهان .

کە تاکوو ئێستا ئاینی ئیسلام تیری داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی خاك و بەعەرەب کردنی نەتەوەکانی وولاتانی جیهانە ... کە کێشەو گرفتی ناوچەو هەرێم و جیهان ، بەندە بەعەرەب و هەڵگری ئاینی ئیسلام لەهەموو بوارێك بەتایبەتی لەبواری نەتەوەیی و نیشتیمانی لە جیهاندا .

لە بەر ئەوەی – مەقدس– لە – أحسن التقاسیم– ل/١٢١ – دەڵێ : – بخصوص بنائها ان منصوراً حشر الصناع و الفعلە من الشام و الموصل و الجبل . ای البلاد الكردیە – چونکە لە شاری بەغدا گەرەك هەبووە بەناوی کورد ... بەڵام بەهۆی لافاو لە ساڵی ١٠٦٢ ئەو گەرەکەیە ناو رووخاندویەتی ، کە لە گەرەکی باب شێخ بووە ، لە نێوان شەقامی کفاح و شەقامی شێخ عومەر ... بەغدا بەر لە دەستپێکردن بە پەرەپێدانی لەلایەن

خەلیفەی عەباسی ئەبوو جەعفەری مەنسوور و نیشتەجێ بوونی عەرەب لەو شارە ، لە هێزی چەکدار و پەیوەندەکانی خەلیفەو بەر لەویش ناوێکی غەرمی ئاری هەبوو ئەویش : – کەلە – بغ – و – داد – بوو .

کە ماناکەی پێدان ، یان پێدانی لەلایەن خواوە ، ئەو خوایانەی کە لە لایەن مرۆڤ دروستکرابوو – بت – کە لەخوای ئاریەکان بوو . کە لە کتابی پیرۆزی زەردەشتی – ئاڤێستا – هەیە بەسێ وێنە بەناوی – بڤانی پشت – کە ئەویش – یستا / ١٩ و ٢٠ و ٢١ – کە خوای – بڤاش – کە کیشوونی ئاریەکان بووە لە ئێراقی ئێستا دەیان پەرست ، بەر لە ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین .

تێبینی :– بۆ ئەوەی بگەیتە بروایەك ئەوا دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ – رفائیل بابۆ ئیسحق – أحوال نصاری بغداد في عهد الخلافه العباسیه – کە بەغدا ئەم ناوانەی هەبووە : – بغداد – بغداژ – بغژاژ – بغژان – مغداد – مغداژ – مغژان – بعژین – بغدام – مغدام – هەروا .

.٧٦٣



٠٧٦٣/٣/٢١ حەسەنی کوری هانی ناسراو بە – ئەبوو نەواس – یەکێك بوو لە شاعیرە گەورەکانی بەناو عەرەبی لە سەردەمی عەباسیەکان لە شاری بەغدا ... کە لە شاری ئەهواز چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... کە ئەبوو نەواس یەکێك بووە لە کەسایەتیە دیارەکانی ئایینی مانیزم و باوەڕێکی پتەوی بە هەردوو خوای رووناکی و تاریکی هەبووە ... کە روویەکی ناسراوی سەردەمەکەو

دەوڵەتی عەباسی بووە .
ئەم شاعیرە لەلای کاربەدەستەکانی دەوڵەت ، بە یەکێك لە کە سایەتی
گەورەکانی مانیزم ناسراو بووە ... ئەو دەرکەوتنەش وایکرد کە خەلیف
مەهدی لیّ ئاگاداربکرێتەوەو ، ئەویش بە فەرمانێکی تایبەت بانگ هێشت
کۆشکی خەلیفەی عەباسی کرا ، دوای سەلماندنی تاوانەکەی ئەبوو نەواس
لە زیندانی زەنادقە زیندانی کرا .
بەڵام بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووی ئەم کەسایەتیەو پێویستی خەلیفەش
وای کرد کە ئازادی بکات .
مانیزم لای ئەبوو نەواسی شاعیر ، واتایەکی گرنگ و تایبەتی هەبووە ل
هەموو بوارەکاندا ... بەبروای ئەبوو نەواس ، کە ئایینی ئیسلام ئاینێک
کۆت و بەندی ژیانەو هەموو ئارەزووەکانی زەوت کردووە ...
داواکاریەکانی ئەبوو نەواس ئەوە بوو ، کە لە سەر هەموو موسوڵمانیا
پێویستە بۆ رزگار بوونی لە چوارچێوەی سنووورداری خۆیان لە ئایین
ئیسلام دوورکەونەوە و لە ئایینی مانی نزیك بکەونەوە .
بەڵام ئەمە مانای وانە بووە ، لەلای ئەبوو نەواس کە کاری لە خراپ
بەردەوام بن لەمەی خواردنەوە ... ئەمەش جێگەی سەرنجە کە ئە
سەرچاوانەی باسیان لە ئایینی ئەو شاعیرە کردووە تۆمەتی دوور لەباوەر
مانیزمیان دەدانە پاڵ . لەوانە باوەرنەبوونی بە رۆژی دوایی ... لەسەر ئە
بروایە بوو کە کیّ لەو دونیا لەبەهەشت یان لە دۆزەخ گەراوەتەوە .
ئیتر ئەم کەسایەتیە گەر بەئاشکراش ئەو بروایەی نەبووبێ ، بەڵام ل
دەروونەوە خاوەن بروا بوون بووە بە ئایینی مانی و هەڵوێست
بیرووبۆچوونی مانیزم .
سەرەرای ئەوەی کە هەندیّ شارو شارۆچکە ، بەتایبەتی لە باشوور
ئێستای ئێراق خۆشەویست نەبوونە ... ئەبوو نەواس شاعیرێک
بەناوبانگی ئێراق و عەرەب و جیهانیە ..... سەرچاوەکانیش وای بۆ دەچ
، کە ئەبوو نەواس عەرەب نەبووەو لەعەرەبە بەعەرەبکراوەکان بووە ، واتە
متعرب – ... سەرەرای ئەوەش بەردەوام بوو لەکارەکان لەهەموو بوارەکان
بەتایبەتی لە شیعرەکانی تاکوو لە ٨١٣/٩/١ کۆچی دوایی دەکات .

ئێستاش چەندین شووێن بەناوی ئەو شاعیرەیە ، بەتایبەتی شەقامی ئەبوو نەواس لە شاری بەغدای پایتەختی ئێستای ئێراق .

نووسەر:- مەبەستم ئەوە بوو کە لە ساڵەکانی بەر لە ٧٠٠ زایینی عەرەب لە سنووری ئێستای ئێراق و لۆرستان کوردستان و ئەهواز نەبوونە ... تەنیا ئەو عەرەبە مەڕ لەوەڕێن و ڕەووەندەکان و بازرگانەکان نەبێت .... بەڵام دوای ئەوەی ، کە لە هێرشەکانی ئیسلام بەناوی فتووحاتی ئیسلامی روویان لە رۆژهەڵاتی بیابانی دوورگەی عەرەب کردووە ، ئەویش لە پێناو بەئیسلام کردنی یەکەم و داگیرکردن و فراوانکردنی سنووری جووگرافی و عەرەب دووەم لە سەر هەرێم و ناوچەکاندا .

ئەمەش مێژوو شاهیدە ، کە عەرەب بەر لە ئایینی ئیسلام دەرکەوتنێکی وایان نەبوو ، کە دانیشتووانە عەرەبەکان لە یەمەن و دوورگەی عەرەبی تێپەریان نەدەکرد لە کێشوەری ئاسیادا .

سەرچاوە :- ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان - ئامادەکردنی - سەیفەدین کاتب دار الشرق - المؤسسة العلمية لوسائل التعليمية . بيروت - سووريا /٢٠٠٥ .

٠٧٦٦

٠٧٦٦/٢/١٦ ئیخوانە توومینیەکان دوو دەووڵەتیان پێکهێنا ... یەکەمیان بە ناوی دەووڵەتی تورکە باکووریەکان بوو لە ساڵی ٥٥٢ ی زایینی ... دەووڵەتی دووەم ، بە ناوی دەووڵەتی تورکە رۆژئاواییەکان بوو لەساڵی ٥٧٦. کە دەووڵەتی دووەمی تورك شەڕیان دژی ئیسلام دەکرد ، لەناوچەی زێی سیمۆن - کە ژمارەی هۆزەکانیان لەهۆزی پێکهاتوو نەك لە تورك ، بەڵکوو بەناوی تورك . کە پێنج لەو هۆزانە لەباکووری زێی ئیلە بوون و پێنج هۆزەکەی دیکەش لەباشووری بوون... شەڕەکان بەردەوام بوون لەلایەن - خاناشمی رۆژئاوا دژی ئیسلام .

ئەمەش بووە هۆی دابەش بوونی ئەو دەووڵەتە تورکە رۆژئاواییەو ئەمەش لە ئاکامی هەڵس و کەووتی نا لە بار دژی دانیشتووانی ناوچەکەو هەڵگری ئایینی ئیسلام ، تا ئەو کاتەی تورکە - قارلوق - لەساڵی ٧٦٦ جێگەیان گرتنەوە لەهەرێمەکەدا .

سەرچاوە :- بارتوولە - مێژووی تورك لەئاسیای بچوك ل/٣٧ .

٠٧٦٧

٠٧٦٧/٢/٦ راپەرینەكەی – ئۆستازسیز – یەكێك بوو لەراپەرینە گەورەكان و بەرفراو
لــە هــەرێمی خۆراســان .... كــە لــە ســەردەمی خەلیفــەی عەباســی ئــەبو
جەعفــەری مەنــسوردا بــەرپابوو .... ئــەو راپەرینــەی – ئۆستازســیز
لایــەنگیرێكی ئــەبوو موســلمەی خۆراســان و یــەكێكی دیكــە بــوو لــ
فەرمانــدەكانی ناوچــەی – بــادیگس – ئەمــەش دوای كــووژرانی هــاورێ و
سەركردەكەی بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی .... راپەرین لە دژی دەوڵەتی
عەباسی راگەیاندرا .
كە سەرەتای راپەرینەكانیش لەو ناوچەیە سەری هەڵدا .... ئەم هەست و
هــۆش و هەڵوویــستانە زۆری نەخایەنــد خــەڵكانێكی زۆر لــە دانیــشتووانی
ناوچەكانی – هیرات و سیستان و مەرئەلروز – پەیوەندیان بەو راپەرینان
كرد... بەجۆرێكی وا لە ماوەی یەك مانگدا ژمارەی لایەنگیرانی گەیشت
٣٠٠,٠٠٠ – هەزار كەس لە ناوچەكەدا .
ئــەم راپەرینــەش كاردانــەوەی لــە ســەر دەوڵــەتی عەباســی هــەبوو ، بــ
بڵاوبونــەوەی جووڵانەوەیــەكی وای بــەرفراوان لەناوچــەیەكی ســتراتیژی د
بووە هۆی نیگەرانی دەوڵەتی عەباسی بەسەر كردایەتی ئەبوو جەعفەر
مەنــسوور ، كــە ســەرەتا – ئەجــشەمی مــرورزی – كەســایەتی ناســراو
لایەنگیری خەلافەتی راسپاردو رووبەروویان بێتەوە .
ئــەوە بــوو دوای شــەرێكی ســەخت ، كــە بــووە هــۆی كــووژرانی زۆربــە
ســەركردە دیارەكــانی هێزەكــە ، لەوانــە – مــەعازی كــوری موســلمە و
جــوبرائیلی كــوری یــەحیاو ، حــەمادی كــوری عــەمرۆ و ، ئــەبوو نــەجم
سەجستانی و ، داودی كوری كرار – كە دەرفەتێكی باش و گەورەیان بۆ –
ئوستازسیز – و لایەنگیرانی رەخساند و بووە هۆی ئەوەی كە دەست بەسەر
زۆربەی خۆراساندا بگرن لە هەرێمەكەدا .
تەنانەت دانیشتووانی – مورالروو – ی خۆراسان و لایەنگیرانی خەلیفەش
پەیوەنــدیان پێــوەكردن ... ئــەو شكــستە گەورەیــەش دووچــار
عەباسیەكان هات و داوای لە – مەهدی – كوری كرد ، كە بە سووپایەكی
بەهێزو گەورە هێرش بكاتە سەر راپەرینەكان و ، مەهدیش سووپایەكی
ئامادەكرد بەسەركردایەتی – حازمی كوری خەزیمەی . هەروا – هەیسەمی

کوری شوعیە و ، نەهری کوری جەحینی سەعدی و ، بوکاری کوری سەلمی عـەقیلی – رووبـەرووی راپەرینەکـە بوونـەوەو لـە ئاکامـدا راپەرینەکـەی – ئوستاسیز – شکستی هێناو لە ئاکامدا ١٤٠٠٠ هەزار کەس بەدیل گیران لە هـەمان کـات دەسـتگیرکردنی ئوستاسـیز ، کـە لـە سـاڵی ٧٦٧ بـە تۆمـەتی زەندەقە کووشتیان.

سەرچاوە :– ئیبن ئەسیر – هـ.س /٥/٢٩– المقدس . الیه التاریخ ٦/ ٨٦ – ٨٧ .

٠٧٧٥

٠٧٧٥/١٠/٧ کۆچـی دووایـی خەلیفـەی عەباسـی ئـەبوو جەعفـەری مەنـسوور بـووە ، کـە مرۆڤێکی لێهاتوو خزمەت گوورزار بووەو خەریك بـووە بـەئاوەدان کردنـەووەو دورستکردنی شاری بەغدا ، کە ئێستا شاری بەغدا، زیاتر لە پێنج ملیۆن کەسی تیا دەژیو لـە چەندین نەتـەوە پێـك هـاتووە ، بە تایبـەتی کـورد کـە دانیـشتووانی کـورد لـە شـاری بەغـدا زیـاتر لـە ٠٠٠ر٣٠٠ر١ ملیـۆن کـورد دەبن.

٠٧٦٦

٠٧٧٦/١٠/١٩ راپەرینی – موقەنـەعی – خۆراسانی لـە گوندێکی نزیك شـاری – مـەرۆی – هەرێمی خۆراسان دەستی پێکرد . کە کەسایەتیەك بوو بە ناوی – موقەنـەع – و بانگەوازی راپەرینێکی کرد بۆ روو بەروو بوونەوەی دەسـەڵاتی خـەلیفـە مەهدی کوری ئەبوو جەعفەری مەنسوور و دەووڵەتی عەباسی کرد .

ئەمەش یەکەمین راپەرینی رامیاری و ئایینی ناسراوی زەندقە بوو .... واتـە مانیەکان – ئەو خەلیفەیە رووبەرووی بووەوە ... نـاوی بـاوکی – موقەنـەع – بوو – کـە لـەلای مێـژوو نووسـان ئاشـکرا نیـەو چـەند نـاوی دیکـەی وەك – هاشم و عەتا – هـەبووە ... کە کارمەندێکی دیاری ناوچـەی مـەرۆ بووەو لـە پێنـاوی پـەروەردەکردنی کورەکەیـدا رەنجـی زۆر کێشاوە – موقەنـەع – کـە یەکێك بـوو لەسـەرکردە و هـاوڕێ نزیکـەکانی ئـەبوو موسلمەی خۆراسـان ... کە هەوڵـەکانی لـەپێناو تۆڵەسەندنەوەی مـافی ئـەبوو موسلمەی خۆراسـانی بوو لەخەلیفەی عەباسی ئەبوو جەعفەرو کورو لایەنگیرەکانی .

بـەڵام ئـەم سـەرکردەیە هـەر زوو لەلایـەن عەباسـیەکان دەسـتگیرکراو دوای

ئازادکردنیـشی دەسـتی کـردەوە بـە راپـەڕین ، کـە سـەرەتا لـە قـەڵاکانی – بەسـیام و سـەنجردەوکێش – رووبـەرووی خەلافـەتی عەباسـی بـووەوە . کـە زۆر لە مانیزم و مانیەکان پەیوەندیان پێووەکرد ، لەو کاتەی کە رووبەرووی عەباسیەکان بوونەوە ، ئەو مزگەووتانەی کەوتبووە سەر رێگایان هەموویان وێرانکردو زۆر لەو کەسانەی ببوونە موسلمان کووشتیانن

لـە دوای چـوار سـاڵ لـە بـەرگری و پێکـدادانی لەگـەڵ دەووڵـەتی عەباسـی وخەلیفەکانی ، لەئاکامدا لەساڵی ٧٧٩ دەسـتگیرکراو بەدەسـتی – سـەعیدی جـەرش – لەسـەر فـەرمانی خەلیفـە مەهـدی کـوری خەلیفـە ئـەبوو جەعفـەری مەنسوور کووژراو ، کەللە سەرەکەی بەدیاری بۆ خەلیفـە ناردرا ... کـە ئـەو کاتە لەشاری حەلەبی ئێستای سووریا بوو .

تێبـینی:– وادیـارە بـە پێـی نووسـراوەکانی مێژوونووسـان جووڵانـەوەو راپەرینـەکانی مـانیزم و بیری مانیـەکان لەلایـەن کوردو فارسـەکان بـووەو لـە ناوچە جیاجیاکانی لۆرستان و هەمەدان و قەسر شیرین و عیلام بوونە .

دژی ئیسلام وخەلیفەو دەسەڵاتی عەباسی کە لەو کاتـەی عـەرەب لـە رێگـەی فتووحـاتی ئیـسلامی دەسـتی کـرد بـەداگیرکردنی خـاکی گـەلانی سـەر رووی زەوی ... لەوانـەش کـورد و خـاکی کوردسـتان بـە زەبـری شمـشێر ... کـە ئەمەش سەلمێنراوە لەلایەن لاپەرە و تۆمارگاکانی مێژوو لە جیهان.

سەرچاوە :– تاريخ الأمم و الملوك/٦٠ / ٣٦٧ – ٣٦٨ – زرين كوب – تاريخ مردم ئيران – ٢ / ٦٥

٠٧٨٢

٠٧٨٢/٨/٥ کۆچی دوایی شاعیری گەوورەی مانیەکان و رۆشنبیری سەدەی ئـەو کـات – بەشـاری کـوری بـورد – لـە شـاری بەسـرەی باشـووری ئێـستای ئێـراق ، لەبنەماڵەیەکی بەرەسەن دانیشتووی هەرێمی خۆراسانی ئێستای ئێران .

شـایانی بـاس کردنـە کـە بنەماڵـەی بەشـاری پـاش کۆچـکردنیان بـۆ شـاری بەسـرە و نیـشتەجێ بوونیـان ... بەشـار بەشـێووەیەکی گونجـاوی ئـەو سـەردەمەدا پـەروەردەکراو لـەدوای تـەواوکردنی خووێندنـەکانی لـەو کـات توانایـەکی باشـی لـە بوارەکـانی فەلـسەفەو مـەنتق و زمانـەوانی پەیـداکرد . جگە لەبوونی بەشاعیرێکی دیار و بە توانا .

ئەم کەسایەتیە هەوڵی زۆری بیّ ویّنەیدا لە ریّگەی شعرەکانیەوە رووی گەش و گەورەیی و لیّهاتووی مانیەکان بەرز بکاتەوە و رابگریّ و لەم بارەیەوەش بەشار دەلیّ :- الّرج موچلمە والنار موشرقە - و النار معبودە مژ کانت نار .

دەرکەوتنی تەنیا لە ریّگەی شعرەکانی نەبوو ، بەڵکوو لە ریّگەی ئەو ووتار و ووتانە بوو کە لە کۆبوونەوە و شوویّنە گشتیەکان لەشاری بەسرەو دەووروبەری ئەنجامی دەدا ... لەهەمان کات هانی خەڵکی دەدا لەخراپە کاری و مەی خواردنەوەو بەرەڵلاّیی دووربکەونەوە .

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە - حیمادی کوری عجرد - بە شاری بە مانیزمیّکی راستەقینە بناسیّ .

هەر بەو هۆکارەش ئەو باوەر پیّ بوونەی کە لەبەر دادگای بالاّی خەلافەت زیندانی بکریّت و دوای ماوەیەك لە ژیّر ئازار و ئەشکەنجە ژیانی پیّ لەدەست بدریّت .

سەرچاوە :- ئیبن ئەسیر الکامل فی التاریخ / ٦٨/٥ . ئیبن خەلەکان . وفیات الأعیان و انبا و اخبار زمان - ٢٧١/١ .الأسفهانی . هـ.س - ١٣ /٢٤٦ .

٠٧٨٥

٠٧٨٥/٨/٤ باوکی هاروونە رەشیدی والی بەغدا ، محەمەد کۆچی دووایی کردووە کە ریّکخەری پۆستە بووەو لە هەمان کات بلاّوی کردۆتەوە لە شارەکەدا .

٠٧٨٦

٠٧٨٦/٧/٣ وەرگرتنی دەسەلاّتی خەلافەتی عەباسی لە لایەن هارونە رەشید ... لەو کاتەی کە هاروونە رەشید گەیشتە پایەی خەلیفەی عەباسی دەرفەتیّکی باشی بۆ بەرمەکیەکان هیّنا کایەوە ، کە دام و دەزگا دەووڵەتیەکانی دەسەلاّتی عەباسی پرکردەوە لەخزم و کەس و کار و نزیکترین کەس لە خۆی - وادیارە هارونە رەشید بەرمەکی بووە - تا ئەو کاتەی گەیشتنە کۆشکی خەلافەت .

دوای ئەوە یەحیای بەرمەکی خەلیفە - موسا عیسای - لە وویلایەتی

خۆراسان دەرکرد و – جەعفەر – ی کردە والی هەرێمی خۆراسان .... بە بۆچوونی – عەجمی مەحمود خەتاب ئەلجەنابی – تەنها لە کۆشکی خەلیفە هارونە رەشید – ٢٥ , نۆری – سیخووری ئەو بنەماڵەیە ، واتە – بەرمەکیەکان – لەسەر دەووڵەت هەبوون .

ئەوەش مانای ئەوە بوو کە بەرمەکیەکان کاریگەری خۆیان لەسەر سەرجەم دەسەلاتەکە دروستکردبوو . کە بەر لەوە شووێنەواری وای بەخۆوە نەدیبوو . ئەو کاریگەریە لەوەدا بوو ، کە ئەو بنەماڵەیە دەیانوویست دەروازەیەك و پشتیووانیەکی رامیاری گەوورە بۆ بلاوکردنەوەو چەسپاندنی بیروو باوەرەکانیان بکەنەوەو لە ئایینی ئیسلام بدەن .

لەبەر ئەوەی کاریگەری هەڵگری برواى مانی لەسەر خەلافەت پێك هاتەی سەربازی عەباسیەکانیشی گرتبووەوە... فەزلی یەحیای بەرمەکی – لەکاتێکدا والی خۆراسان بوو . سووپایەکی گەوورەی لە – ٥٠٠,٠٠٠ هەزار چەکدار پێك هێنا ، کە بەشێك لەو سووپایە زەردەشتی و مانیەکان بوون – واتە کوردو فارس ، لەسەر فەرمانی هارونە رەشید ، هێنرایە شاری بەغدا . کە – ٢٠٠٠٠ هەزار – ی لەو سووپایە لەگەڵ خۆی هێنا بەغدا .

سەرچاوە :– الدوری – الجذور التاريخية للشعوب ل/٥٢ – ئیبن ئەسیر – الكامل في التاريخ ٩١/٥ .. هارونة رشيد – مؤسسات الخلافة في عهد ة ل/٨٦٨ .

٠٧٨٦/٩/١٢ دامەزرێنەری بنەماڵەی ئیدریسەکان لە شاری مەراکش – ئیدریس – کۆچی دوواییی کردووە.

٠٧٨٨

٠٧٨٨/٦/١١ لە دایکبوونی کەسایەتی ناوداری ئایینی ئیسلام – ئیمام عوبێدوڵڵای ئیمام موسای کازم – کەنازناوی کوردەواریانەی پێوەو لکاوە بەناوی – کۆسەی هەجیج – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێستای ئێراق لە وڵاتی نێوان دوو زێی – میزۆبۆتامیا – جێگەی ئامارە پێکردن و ڕوونکردنەوەیە ، کە ئەم کەسایەتیە لە ٨١٥/٨/١١ لە گوندی هەجیج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی ئێران کۆچی دوایی کردووە .

ئەم کەسایەتیەش دەکاتە برای ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەد ، کە پیرۆزیەکی زۆری لە دڵ و دەروونی خەڵکدا هەیەو مەزارەکەی بووەتە شووێنی نزاو پاڕانەوەی ڕۆژانەی خەڵکێکی زۆر کە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان سەردانی دەکەن .

جا لێرەدا دەمەوێ زیاتر ئاشنای ئەم ناوە کوردەواریە بن ، کە هەجیج گوندێکە لە ناوچەی هەورامانەو دەکەوێتە سنووری جووگراف و کارگێری قەزای – باوە – ئەودیووی ئێران ، گوندێکە دوو ڕووی هەیە ، کە بە لاپاڵی چیایەکەدا دروستکراون ، گوندی هەجیج بە پاکوو خاوێنی و کەش و هەوایەکی تەندروست ناسراوە .



هـــەروا مەزارگـــەی هـــەجیج شـــوێنی دەســـــت نوێـــژو خووێندنـەو مانـەوەی ســـەردانەکانی بـــۆ دابینکـــــــراوە ... مەزارگەکـە لـە سـاڵی ۱۹۹۹ لەســـــەردەمی ئیدارەی ئەوقاف و کاروباری خێرخوازی شاری باوە نۆژەنکراوەتەوە ، کە مەزارگەکە دەکەوێتە سەر ڕێی گوندی هـەجیج و شێووەیەکی بیناسازی جوانی هەیەو لە دووردا وەك نیشانەیەك بۆ گوندەکە بەدیار دەکەوێ ، لە دەوورووبـەری مەرقەدەکـەدا چـەندین زێـوان و خزمـەتگوزار لـە ژن و پیـاو دەبینرێ ، کە هەموو ئەوانە دەروێشەو هەجیجە دڵسۆزەکانن و لە پەنای ئەو مەزارەدا ژیان بەسەر دەبەن .

جگە لە مەزاری کۆسە ، خانەقایەکی خودا پەرستیش لە نیووەی باشووری گوندەکەدا هەیە ، کە تایبەتە بە مووریدەکانی نەقشەبەندی و لەکاتی خۆیدا شێخ حیسامەدین بنیاتینـاوە و ئێـستاش بە خانـەقای شێخ حیـسامەدین ناودەبرێ لە ناوچەکەو لە جیهاندا .

٠٧٩٣

٠٧٩٣/٣/٢٧ کۆچی دووایی ئیمامی مالك ، کە خاوەن دانەری مەزهەبی مالکی بووە . بـەڕێنمایی چوارەم دادەنرێ لـە دووای مەزهەبـەکانی شافعی و حەمبـەلی و حەنەفی ... شایانی باسە ئیسلام لەو چوار مەزهەبە پێك هاتووە ، ئەویش لە پێناو ڕێکخستنی باری کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا .

٠٨٠٦

٠٨٠٦/١١/١٧ سەرهەڵدانی ڕاپـەرینی مانیـەکان بە سـەرکردایەتی – ڕافع کـوری لـەیس – لەشاری سەمەرقەند... سەمەرقەند ئەو شارە بووە کە مەڵبەندێکی مانیەکان

بوو . کە کاریگەری راپەرینەکە بەرادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی خەلافەتی – هارونە رەشید – هەبوو ... لەبەر ئەوە ناچار بوو کە خۆی سەرکردایەتی ئەو هێزە چەکدارە بکات بۆ لێدانی راپەرینەکەی سەمەرقەند .... بەڵام بەر لەوەی بە ئامانجەکە بگات لە رێگا تووشی نەخۆشی دەبێت – بەو هۆیە لە – توونسی – لە ساڵی ٨٠٧ کۆچی دوایی دەکات ... ئەو گەشتەی خەلیفە کە بووە هۆی مردنی لە دوولاوە کاریگەری مانیەکانی بەسەرەوە بووە ... لەلایەك راپەرینی ناوچەیەکی مانیەکان کە خەلیفە عەباسی بۆ ئەو هێرشەی هاندا تا رێگای دوورو درێژی – بەغدا – سەمەرقەند – ببرێت و لێی بدات .

بەڵام لەبەر مردنی نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات ... لەلایەکی دیکەوە بەهۆی – فەزلی سەهلی فارس – داوا لە هارونە رەشید کرا کە – مەئمون – بۆ ئەو هێرشە هاورێیەتی بکات .... ئەو کەسایەتیە واتا – فەزل – لە کەسایەتیە مانیە دیارەکانی ئەو سەردەمە بوو . دوای مردنی ئەو خەلیفە – مەئمون – ی کورە گەورەی ......بە پشتیووانی بەشێکی زۆرلە دانیشتووانی خۆرهەڵات , بە تایبەتی – فەزلی کوری سەهل – بانگەشەی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بۆخۆی راگەیاند .

ئەمین .... لەشاری بەغدای پایتەخت خەلافەتی وەك خەلیفەیەکی عەباسی و جێنشینی باوکی لەلایەن بەشێکی زۆرلە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە راگەیاند ... بەمەش دوو دەسەڵاتی دژ بەیەك بەیەکپارچەیی خەلافەتی عەباسیەکانی هەڵتەکاند ... واتە لەنێوان ساڵەکانی ٨٠٧ – ٨٢٣ و لەسەر دەمی خەلافەتی ئەمین و ململانێی لەگەڵ مەئمونی برایدا بوارێکی دیکەی بە مانیەکان دا ، کە بکەونە نێوو ئەو ناکۆکیەو بەشداری کاریگەری خۆیان لە پشتیووانی کردنی مەئمون لە دژی ئەمین بکەن .

نامەیەکی – مانی – بۆ – شاپووری یەکەم

راپەرێنەرانی جیهان دوانن . ئەوانیش دووشتی کۆنن ، کە رووناکی و تاریکین ... دوو دروستکەرن ، کە چاکەو خراپەن . هەردووکیشیان لە ناویەکدا پێنج مانان کە – رەنگ و تام و بۆن و هەست و دەنگ – ن .

هەردووکیشیان دەبیستن و دەبینن و زانان . ئەوان سەرەتا جیابوون دواتر

تێکەڵاوبوون .... بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوان وێنـە نـەبوون دەربکـەون و رووبـدەن . ئەگەر تاریکی و رووناکی هێنـا بێـت و دوای تێکـەڵاوبوونیان وەک سـێبەرو خـۆر دەرکەووتبن .

ئەوا تـارکی دووژمنـە بـۆ رووناکی ... دیـارە خـۆ رووناکیش تـارکی دروسـت نەکردووە . چوتکە رووناکی کاری چاک دەکات و خراپە ناکات و کـۆنی ئـەوانیش بەڵگەیە بۆ ئەو راستیە . سەرەرای ئەوە ماددە نابێت دوو خەسـڵەت و دوو شـتی جیاواز بێت ... وەکوو بەفر ... ئەوەی دەبێتە سارد نابێتە گـەرم . ئـەوەی بـووە چاکە نابێتە خراپە . ئەوەی خراپ بوو ، چاکە ناکات . بۆیە هـەردووکیان زینـدوو کاریگەرن . هەروەک چـۆن چـاکە ئەسـەلمێنرێت . خراپـەش بەهـەمان شـێوواز ئەسەلمێنرێت .

سەرچاوە :- الیعقوبی – تاریخ الیعقوبی ١٢٩/١ – ١٣٠ .

٠٨٠٩

٠٨٠٩/٣/٢٤ کۆچی دوایی خەلیفەی ئیسلام – هاروونە رەشید – لە شاری بەغدا.... شـایانی باسـە خەلیفـە هـاروون رۆڵـی گرنگـی هـەبووە لەبـەرو پـێش بردنـی باری شاری بەغدا لەهەموو لایەنێکدا .





ئەم دوو نەخشەیە ئەوە دەسەلمێنن کە عەرەب و هەڵگرانی ئایـــنی ئیسلام لە ڕێگەی شەڕێراقی ئێستایان داگـــیر کردووە لە گەڵ هەرێمی شام ، بە تایبەتی ئێراقی ئێستا لە نەخشەی ١/ کەناوی شارەکانی جەلەولاو شارەزوورو ناوچەکانی دیکەی تیایە و لە دوای داگیر کردن ردوویەتیانە خاوەنداریەتی خۆیان ...؟...!

١٥/١٠/٨٠٩ • نووسەرو ڕووناکبیرو وەرگێڕو دکتۆر – ئەبوو زەید حنین ئیسحاق عەبادی ، یاخوود عەباد – ناسراو بە حنین کوڕی ئیسحاق – لە شارۆچکەی – حیرە – چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە . ئـەم شارۆچـکـەیەش کەووتۆتـە باشـووری ئێـستای ئێـراق و پایتـەختی دەوڵـەتی – خـەجیین – بـووە ئـەوکات لـە ناوچەکەدا .

بنەماڵەی ئیسحاق لە سەدەی سێی زایینی لـەم شـارە نیشتەجێ بوونـە . کە ئەم شارۆچکە دوای فتووحاتی ئیسلامی ناوی گۆڕاوە بۆ – حیرەی نـەعمان یاخوود حیرەی مونزر و ، هەروا بەناوبانگ بوو بە ، کۆشکی فوریق و دێر . لە بەرئەوەی ئەو کات نـە عـەرەب و نـە ئیسلام لەوناوچەیە ، واتـە باشـووری ئێراقـی ئێـستا نیـشتەجێ نەبوونـە ، تـەنیا مـەر لـەوەڕێن و حوشـترەوانەکان نـەبێت ، ئـەویش بـەهۆی بوونی لەوەرگەی ئاژەڵداری و کۆچکردنی عـەرەب لەبیابانی دوورگەی عەرەب بەهۆی نەبوونی لەوەرگا .

حـەنین لـەو شارۆچـکەیە ژیـانی منـداڵی و خوویـنـدنی بەسـەربردووەو زۆر

ئارەزوومەنـدی فێربـوونی پیـشەی بـاوکی بـووە ، کـە دەرمانـسازبووەو دەرمانخانەی هەبووە لە شارەکەدا .

هـەر بـەو هۆکـارەش تـوانی خووێنـدنی پزیـشکی و مەبدەئەکامی زانست لـە حیرە فێربێت و هەڵگری ئایینی مەسیحی بووە بەمەزهـەبی کاسۆلیك . دوای ئـەوە زمـانی فارسـی خووێنـدووە لەگـەڵ پیـشەسازی و پزیـشکی لـە ئەکادیمیای یسابووری بەناوبانگ لە خۆزستانی وولاّتی فارس لەوکاتدا ... سـابووری دووەم ، کـە شـایەکی بنەماڵـەکانی ساسـانی بـووە ، بەدامەزراندنی ئەو ئەکادیمیەو پەیمانگەیە .

دوای ئـەوە گەراوەتـەوە شـاری بەغـدا ، و لـە سـاڵی ٨٥٧ و لەلایـەن دکتـۆر یۆحناماسویە زیاتر فێری پیشەکەی بووە ... بەڵام دوای ماوەیەك لێـی زوێـر بووەو جێی هێشتووە ... حەنین زمانەکانی عەرەبی و فارسـی و سریانی و یۆنانی بەباشی زانیووە . ئەم زانایەش لەسەردەمی خەلیفە مـەئمون گرنگی پێدراوە بە وەرگێراندنەوەی کتێبە بە بەهاکانی یۆنانی ، دوای ئەوە لـەکاتی خەلیفە متەوەکل عەلەڵلاّ لە نێوان ساڵەکانی ٨٤٧ – ٨٦١ ، کرا بە وەرگێری کتێبە بە بەهاکان ... ئەم کەسایەتیە لە ماوەی ژیانی تـوانی لە بوارەکانی نووسین و وەرگێران سەرکەووێت و ٩٥ کتابی یۆنانی وەرگێرێتە سەر زمانی سریان و ٣٥ کتابیش وەرگێرتە سەر زمانی عەرەبی .

سەرچاوە :– گۆڤاری هلال . مانگی /٥/٢٠٠٨ ل/١٧٠ .

٠٨١٥

٠٨١٥/٨/١١ کۆچـی دوایـی شـاعیرو زمانـنـاس و ئـەدیبی مـانیزم لـە شـاری بەسـرەی باشووری ئێستای ئێراق – ئەببانی کوری عەبدولحەمید – جێگـەی ئامـاژە پێکردنە کە – ئەببان – یش باوەرێکی راستەقینەی دوانـە پەرستی شـاری بەسـرە هـەبووە ... کە شـارەزایەکی بێ وێنـەی هـەبووە لە زمان و ئـەدەب و شـیعر و کەلـەپووری فارسـی ئـەو کـات . کـە ئـەوەش کاریگـەری لەسـەر گەشـەپێکردن و پێگەیانـدنی بـیروو هۆشـی زانـینی ئـاینی هـەبێ ... کـە کەسایەتیەکی چاونەترس و مەردانە بووە .

لـە بـەر ئـەوە بـیری مـانیزی خـۆی راگەیانـدووەو هـەوڵی بڵاوکردنـەوە و

راکێشانی پەیرەوانی بۆ ئایینەکە کردووە ، بەرادەیەك ئەوەندە هۆگرو پابەند بوو ... کە لای خەڵك بە شێت ناسراوبوو ... بەڵام شێت نەبوو ... تەنانەت هاورییەکی خۆی بەناوی – موعەزلی کوری گەیلان – بەچەند دێرێك لە شیعر وەسفی کردووە .... ئەو تێروانینەی – موعەزل – بۆ – ئەببان – جێگەی سەرسوورمان بووە لەکاتی خۆی ... کە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان نوێژی کردووە ... چونکە بەبۆچوونی ئەو نەدەبوو پەیرەوێکی ئایینی مانیزمیەکان نوێژ بکات .

بەڵام زۆر لەوە نزیك بووە کە ئەو نوێژەی بۆ – جەژنی بما – کردبێ کە چەژنی رەمەزانی ساڵی ٧٨٥ رێکەووت بوو لەگەڵ دوا رۆژی ساڵی مانیەکان ... ئەمە تا ئەو کاتەی کە کۆچی دوایی کردووە بانگەشەی بۆ بیروباوەرەکانی دەکرد لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە :– الحافظ – ٤ /٤٤٧ – الاصفهانی : الاغانی ١٠١/١ البغداد
– خزانە الادب و لب لسان العربی ٣ / ٤٥٨ .

لێرە دەمەوێ باس لە کاریگەری مانیزم لە سەر دەووڵەتی عەباسی دا بکەم ئەویش :–

کە دەووڵەتی عەباسی پێنچ ساڵ دوای دەرکەووتنی ، یاخوود سەرهەڵدانی مانیزم دامەزرا ، کە سەردەمێك لە ململانێی بیری و رامیاری کەلتوورو داب و نەریتی ئاینی دروستکرد ... کە کاریگەری چەندین لایەن و بوارە جیاجیاکانی بەسەرەوە بوو .

وادیاربووە کە دەرکەووتن و سەلماندنی کاریگەری ئاینێك ئەوەندە ئاسان نیە ... بەڵام دەکرێت لە دەرئەنجامی دەرکەووتنی یەکێکیان لە ئاستی ئەوی دیکە دا رادەی کاریگەری یەکەم بەسەر دووەمەوە بزانریت .

دواتر شێوازەکەی بە خۆ گوونجاندنی بیروو باوەرە کۆنەکانە بۆ چەسپاندنی ئامانجەکان لەگەڵ پەیامە نوێیەکە بەدیار بکەوێ . بەو پێیەش مانیزم لە سێ سەدەو نیوو بەر لە ئیسلام دەرکەووت وناسرا ، لە نێوان ململانێی بیروباوەرەکان – جوولەکە , – زەردەشتی , ئێزیدی , مەسیحی , مەرفیونی , دیسانی , بەرگ سپیەکان – تا گەیشتنە ئەو قۆناخەی کە قورسایی خۆی پاراست و بەرەنگاری هەموو هەرەشەو گورەشە و پاڵەپەستۆی زەبرو زەنگ , گەووره پیاوانی ئەوان و هێزەکانی سەردەم بیووەوە .

هەروا چۆن ئەوانی بەر لەوەش کاریگەریان لە سەر مانیزم دروست کردبوو ... لەو روانگەدا – کارل برکمان –ی خۆرهەڵاتناس لە سەر ئەو باوەرە بووە کە – مانیزم – لە مەڵبەندی راستەقینەی خۆی بابل کاری لە ئایینی ئیسلام و لە پێگەی یەکەمی خۆی لەشاری مەککە کردبوو لە هەرێمەکەدا .

لەبەر ئەوەی دەووڵەتی عەباسی لەسەر بنەماو یاساکانی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز ، کە دەستووری نەگۆری ئیسلامەو لەسەر بانگەشەی رازی بوون لەنەوەکانی محەمەدی کوری عەبدوللای کوری عەبدولموتەلبی پێغەمبەری ئیسلام – د.خ – دامەزرابوو .

کە دەسەڵاتێکی ئاینی بوو بەر لەوەی دەسەڵاتێکی رامیاری بێت . لە بەرەو بە جیهان بوون ، هەرچەند لە ناوەرۆکدا دەسەڵاتێکی رامیاری و نەتەوەیی و فراوانکردنی سنووری جووگرافی و بە ئیسلام کردن و بەعەرەبکردن بوو. بۆیە کاریگەری خۆی لەچەند بوارێك لەسەر ئەو دەووڵەتە جێ هێشتبوو ... لەوانەش کاریگەری ئاینی لە کێشووەرەکەو جیهاندا لەسەر نەتەوەو ناوچەو هەرێم و جیهان .

تێبینی:– من نەم وویستووە بە تێرو تەسەلی باس لە هەموو بوارەکان بکەم ، لە بەر ئەوەی مێژوونامەکە تەنیا لەبارەی رووداوە گرنگەکان و هەمە لایەنەکانە لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

بگەرێنەوە سەر ئەو سەرچاوانە ١– تاريخ الشعوب الاسلاميه / ٩١ .
دووەم مؤلف مجهول اخبار العباسی ل/ ١٩٤ .

٠٨٣٣

٠٨٣٣/٨/١٠ خەلیفەی ئیسلام خەلیفە مەئموون کۆچی دوایی کردووە ... شایانی باسە کە خەلیفە مەئموون سووێندی بە قورئان خوارد کە ، دەبێ لە داواکاریەکانم لانەدات و داوای لە محەمەد ئالووسی شاکرو هەردوو براکەی ئەحمەدو حسێن کرد ، بە لێکۆڵینەوە بە لە سەر درێژی هێلی نیووەی رۆژ دا .

لە پێناو زانینی قەبارەی دەریاو خرۆکەی زەوی کە ، یەکەم خاڵی ئەو هێڵەیان لە دەشتاییەکانی شاری سنجار بوو لە باشووری کوردستان . دووەم خالیش شاری کووفە بوو، لەو کاتەی کە زانرا زەوی هێلکەییە ، ئەویش لە رێگەی وەرگێرانی بە دەیا کتێبی زانستی و گەردوونی و فەلسەفەی یۆنانی ، بۆ

سوود لێووەرگرتن و بە دەیا زانیاری دیکەدا .

٠٨٣٦

٠٨٣٦/١٢/١٦ ئاوەدان کردنـەوەو دروسـتکردنی شـاری سـامەڕا لـە جێگـەی گونـدی – موتیرە – کە شاری سامەڕا ئێستا سەر بە پارێزگای سەلاحەدین – تکریت – ە لە باکووری رۆژئاوای شاری بەغدا بە دووری ١١٨ کیلۆ مەتر .

جێگەی روونکردنەوەیە کە شاری سامەڕا دەکەوێتە سەر کەناری رۆژهەلاتی زێی دیجلە ، هەروا دەکەوێتە سەر هێلی ٤٣ بە پلەی ٤٥ خوولەك . هەروا لە سەر هێلی ٣٤ بە پلە ٣٥ خوولەك . کە شاری تکریت لە باکووریەتی . هەروا شاری بەغدا دەکەوێتە باشووری . لە رۆژئاوای شاری رومادیە . لە باکووری رۆژئاوای شاری مووسڵە . لە باکووری شاری کەرکوکە .



بەر لەو مێژووەی سەرەوە دانیشتووانی ئەم شارە هەلگری ئاینی مەسیحی بوونە لە کورد و ئارامی کلدۆ سریانی ، بە تایبەتی کە کەنیسەیەکی تیا بـووە ، کـە شـوێنەوارەکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەر لـە مێـژووی زایینـی و دواییش مەسیحیەکان . لەو کاتەی کە – موعتەسـەم – ی عەباسی بەرەو ئەو ناوچە هات ، ئەویش بە گەران لە دوای جێگایەك بۆ بنیاتنىنانی شارێك و کردنـی بـە پایتـەختی دەسـەلاتەکەی ، لـەو کاتـەی کـە گەیـشتە ئـەو جێگایەی کە ئێستا شاری سامەڕایە و دیتی کەنیسەك لەو جێگایە هەیە و ماوەی سێ رۆژ مایەوە و گەیشتە ئەو بروایەی کە ئەو جێگایە گوونجاوە لە گەڵ خواستەکەیدا .

هەر لەو کات هەڵسا بە کرینی ئەو زەویە و لە هەمان کات کرینی زەوی کەنیسەکەش بە ٤٠٠٠ چوار هەزار دیناری ئەوکات و لەو مێژووە نەخشەی ئاوەدانکردنەوەی بۆ دەست پێکرد ، کە ناوینا بە – سوورە مەن رەئا – لە دوای تەواو کردنی ئەو خانوو و کۆشکانەی کە لەو کات دیاریکردبوو لەو جێگایەدا .

دوای تــەواو کردنــی کارەکــانی لەگــەڵ دارو دەســتەکەی پایتــەختی دەسەلاتەکەیان گوواستەوە ئەم شارە ، دوای ئەوەش خێزانی دیکەی لە عەرەب روویان لەو شارو دەوورووبەرە کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون ، کە نازناوی – عەسکەری – بە خۆوە لکاند .

دوای ئەوە هارونە رەشید یەکەم جۆگەی ئاودێری لێ دروستکرد لە شارەکەو کۆشکی لێدروستکرد بە ناوی خۆی ، دوای ئەویش لە سەردەمی – مەئموون – ی عەباسی لە ساڵی ٨١٣ گوندی مەتیرە بە ناوی رەسەنی خۆی بنیتنایەوە ، کە بووە هاوینەهەواربۆ شاری بەغدا .

دوای ئەوە لە ساڵی ٨٥٩ – متەوەکلی – عەباسی شارەکەی بە ناوی خۆی کرد و مزگەووت و منارەکەی لێدروستکرد بە ناوی – ملویە – دوای ئەوە لە ساڵی ٩٤٤ ناسر دەوولەی حەمەدانی پرژینێکی لێدروستکرد . دوای ئەویش لە ساڵی ١٨٨١ شێخ زین عابدین سەلماسی پەرژینەکەی تەواو کرد . ئەویش لە رێگەی یارمەتی دانی لە لایەن یەکێك لە مەلیکەکانی هندستان .

هەر لەو ساڵەدا یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لێدروستکرا .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٧٨ لە سەر دەمی دەسەلاتی عوسمانی یەکەم پردی لێدروستکرا لە سەر زێی دیجلە کە سامەڕای دەبەستەوە لە گەڵ کەرتەکەی دیکەیدا . دوای ئەوە چەندین کاری دیکەی لە ئاوەدانکردنەوەی بۆ کراوە لە وانەش پرۆژەی بەنداوی – سەرسار – لە ساڵی ١٩٥٢ لە شارەکەدا .

سەرچاوە:– رۆژنامەی – تەئاخی – ژمارە / ٥٥٠٩ .

٠٨٣٨

٠٨٣٨/١١/٢٣ کوردان زۆر شانازی دەکەن کە هەواڵێکی ... واتە ئەسحابە . پێغەمبەر – د.خ– ناوی – کابان –ی کوردی بووە ...کوری کابان کە – مەیمونی ئەبوو

یەسیر –بووە ، لەلای کورد زۆر خۆشەویستە ... کابان وەك سەلمانی فارسی . کە فارس خۆی پێ رادەنێن زۆر لە پێغەمبەر – د.خ– نزیك و فەرموودەکانی لەبەر بوون .

لەچەرخەکانی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلام خاوەری ئیسلام نێووی کورد لە زۆر شووێندا دەهاتە بەرچاوو ... لەم رۆژەدا بەسەرکردەی سەرداریان – جەعفەری کوری فەهرجیس – لەلای موسل شۆرشێکیان دژی – موعتەسەم عەباس – هەڵگرساندو والی موسلیان وەدەرناو خەلیفە چاری ناچار بوو لەشکرێکی یەکجار زۆری بەسەرکردەی – ئیتاخ – ناو نارده سەریان و جەعفەر کووژراو کوردەکان قەڵاچۆکران و بەتەواویش تالان کران ...

سەرچاوە :– ئیبن ئەسیر – رووداوەکانی ساڵی /۲۲٤..
.محەمەد ئەمین زەکی – کوردو کوردستان .

۰۸٤۷

۰۸٤۷/۸/۱۱ خەلیفەی عەباسی– واسف مووعتەسەم – لە شاری سامەرا کۆچی دوایی کردووە ، کە لە دووای مردنی باوکی دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی گرتە دەست لەجێگەی باوکی لە هەموو کاروبارە جیاجیاکاندا .

۰۸٦۱

۰۸٦۱/۱۲/۱۱ تیرۆرکردنی خەلیفە متەوەکل لە لایەن بەرهەلستکارانی لە گەڵ کورەکەی موونتەسرو ئامینە فەتح خافان ... دووای تیرۆر کردنی خەلیفە متەوەکل... محەمەد جەعفەر متوەکل جێگەی گرتەوە بە وەرگرتنی دەسەڵاتی خەلیفە یی بە هەڵسووراندنی کاروبارە جیاجیاکانی خەلافەتەکە لەدەسەڵاتدا.

۰۸٦٦

۰۸٦٦/۱/۲۲ لەو کاتەی مساور دژی والی مووسڵ جەنگا ... کورد هاوکاری مساور بوون .... شۆرشی – زەنج – و –سەففاری – کە دژی بەغدا دەجەنگان کورد یاریدەدەری شۆرشەکە بوون ... – بەعقوبی لەیسی سەففاری– لە

پاداشتی ئازایەتی ئەهوازیدا بە – محەمەدی کوری عەبدوللای کوری هەزار مەرد – بەلاَم محەمەد دەیوویست هەر بە خۆی هەمکارە بیّ . – ئەبوو ئەلهەیجای کوری حەمدانی – تازە ببووە والی مووسلّ ، هاواریان بۆ هێناو گووتیان :–

محەمەدی کوری بیلال و کوردەکانی هرزەیانی دەووری نەینەوایان داوەو هەر کوردەکان ٥٠٠٠ هەزار چەکدار دەبن ... ئەبوو ئەلهەیجا لە – مەعروبە – کە لە سەر چۆمی – خازر – ە ، چووە سەریان و لەشەڕدا لەبەر کورد شکاو هاتەوە موسل و ، دووبارە خۆی بۆ شەڕێکی دیکە ئامادەکرد ، کە بە لەشکرێکی زۆر چووە سەریان ... محەمەد کەوتە تەنگانەو داوای شەڕ وەستانی کردو بەلێنیدا , کە کورەکانی دەگرەو دانیّ و خۆیشی بدا بەدەستەوە .... کە چووەوە بۆ ئەوەی کورەکانی بنێریّ کوردەکانی خۆی تێگەیاند کە بچنە ئازربایجان و خۆ رزگاربکەن .

ئەبوو ئەلهەیجا کەلەو کارە گەیشت محەمەد پەکی کەوتوو خۆی گەیاندیّ و دەووری گرتن ... لەدوای ئەوە کە ئەبووئەلهەیجا توانایان نەماوە ئەو مالّ منداڵ و خێزانانەی بەتالاّن بردبووی بۆی گەراندنەوە ... لە دوایی کوردی حەمیدی و کوردەکانی چیای – داسن – ئاژاوە کۆتایی هات .

سەرچاوە :– اوسترانگ – بلدان الخلافه الشرقیه – وەرگێرانی .
بەشیر فەرەنسیس و گۆرکیس عواد – ل/١٨ .

٠٨٧١

٠٨٧١/١١/١٨ سەرهەلّدانی دەرکەووتنی داوەتی قرمەنیەکان لەناوچەی وولاّتی بەحرێنی ئێستا و ئەحسا . ئەم ناوەش دەگەرێتەوە بۆ سەر ناوی پیاوێکی خۆزستان ، بەناوی حەمدانی کوری ئەشعەت ، کە لە رەشایەکانی دەووروووبەری شاری کوفەی ئێستا دەژیا .... بەر لەوەی کە ناوزەندبیّ بەناوی قرمت ... بە بروای دکتۆر فلیپیش ، ئەم ناوە مانای – مامۆستای نهێنی – بووە . داوەتەکانی ، فرمتی ، لەژێر داوەتەکانی دیارنە بووە نهێنیەکان بووە .

ئەم پیاوە کە ناوی حەمدان بوو چاوی بە پیاوێکی – باگی المژهب – کەووتووە کە ناوی حەسەن ئەهوازی بوو .... کە ئەو کاتە ئەهوازو

دەوروویـەری بـە لۆرسـتان ناوزەنـد بـووەو خـاکی کوردسـتانە . ئـەم نـاو حەسـەنەش هەنـدێ وەلامـی نهـێنی و زانـستی لـەلا بـووە ، کـە هۆکـاری دەوڵەمەندبوونی خەڵك بووە . کە ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر دەروونی –حەمدانی ئەشعەت .

دوای ماوەیەك وەك ئیمامی منتەزەر چاوەروانی لێدەکراو هەڵپسا بە دەست نیشانکردنی ١٢ نەقیب لە بەرێوەبەرایەتیەکان بە بلاوکردنەوەی داواکانی ... ئەبوو سەعید جەنابی زۆر گەرم و گوور بووە لە سەر ئەو کارەو توانی لەدوای مردنی حەمدان سەرکردایەتی قرمەنیەکان بکات و دەوڵەتی قرمەنی دابمەزرێنێ و چەندین کەسی پێکهتوو بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی و دەستی کرد بە هێرش بردن تاکوو توانی وولاتی نێوان دووزێ بەتەواوی و هەندێ لـە هـەرێمی شام داگیر بکـات و بـەرەو شـاری حجـاز لـە دوورگـەی عـەرەبی بەشێووەیەکی توونـدو تیژ هێرشی کردە سەر ئەو حاجیانەی کە بۆ ماڵی خوا چووبوون و بیان کووژن .

ئەبوو تەها سلێمان لەساڵی ٩٢٧ چووە ناو مەککەو دەستی بەسەرا گرت و هەرچـی ئاسـەوارو شـووێنەوار هـەبوو شـکاندی و تـالانی کـرد ... لەوانـە هەڵکەنانـدنی بـەردی رەشـی کەعبـە ، بـە شـکاندنی دەرگاکـانی کەعبـە و تێکـدانی ئـەوەی تیـای بـوو هێنایـە شارۆچـکەی – هجـر. عەباسـیەکان نەیانتوانی هیچ بکەن بەتایبەتی بەگەراندنەوەی بەردی رەش .

بـەلام فاتمیـەکان بـەهۆی پەیوەنـدی بـەهێزیان لەگـەڵ قرمەنیـەکان توانیـان بـەردی رەش لـە دوای ٢٢ سـاڵ بگەرێننـەوە کەعبـە لـە شـاری مەککـە..لـە کۆتاییـەکانی دەسـەلاتی قرمـەنی لەسـاڵی ١٠٢٧ بـوو لەسـەر دەسـتی عیونیەکان بووە ، کە لقێك بوون لەنەوەی عەبد ئەلقیس کەلە دەوروویەری عیوون نیشتەجێ بوون لەشاری ئەحسای ئێستای وولاتی بەحرێن .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب.

دار الشرق/ المؤسسه العلمیه لوسائل التعلیمیه ، بیروت ،سووریا /٢٠٠٥ .

١٨ /١١/ ٠٨٧١ مێــژوو نووســـان دەڵــێن عەرەبــەكان كــۆتری نامەبــەریان بەكارهێناوەو دەلـێن لـەو كاتـەی ، كـە لـە خۆراســـان شــەڕی گـــەوورە دەســــتی پێكـردو تـا گەیـشتە وولاتـــی مــەغریبی



ئێستاو لـەوێوە پەریـەوە بۆ ئەنـدەلووس . كـە لەخـەڵكی وولاتـان فێربوون لـەكاتی شـەڕو كووشـتاردا ئـەم كـۆترە نامـە بەرانـە بـەكاربێنن ... حەمـدان قرمـەتی = حمـدان القرمگـی - كـە پێـشرەوایەتی بزووتنـەوەی فەرامیتـەی كـردووە ، بەهۆی كۆترەوە نامەی بۆ ئـەم رابەرانـە دەنـارد ، كـە پـەیامی ئـەم بزووتنەوەیان بلاودەكردەوە .

هەروا دەلێن لەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئیسلامدا ، كۆتریان پەروەردە دەكرد بۆ رێگاو شووێنی دوور لـە وولاتـی نێوان دووزێ و شاری بەغدا ، لـە سـەر دەمـی خەلیفـە موعتەسـەم بـەكاریان هێنـاوە ... هــەروا میـسریەكانیش لەســەرەتای ســەدەی دوانزەهــەم زۆر بایـەخیان بـەم جـۆرە كـۆترە داوە بۆ گوواستنەوەی نامە لە نێوانیاندا .

هەروا بە درێژایی چەند سەدەیەك ئەم كارەیان ئەنجام داوەو دەلێن . یەكەم كەســیش كــە بــەكاری هێنــاوە ســووڵتان نــورەدین بــووە ، لــە كــاتی فەرمانرەوایییەكـەی لەسـاڵی ١١٤١ ... بـۆ ئـەوەی ئـەم كۆترانـە لـە چـوون و هاتنـەوەدا چـەند شـووێنێكیان لـە نێوان شـارەكاندا بـۆ دروسـت كرابـوو بۆ حەسانەوە لە بڕینی رێگاكانیاندا .

شایانی باسـە كـە دەلێن پیاوێك لـە دوورگـەیەكی یۆنـان لەساڵی ٧٧٦ بـەر لـەزایین ئـەمجۆرە كـۆترەی هێنـاوە بـۆ وولاتـی یۆنـان . هـەروا لـە یاریـەكانی ئۆڵـەمپی بـەرەلای كـردووەو گەراوەتـەوە جێگـەی ، واتـە سـەر هێلانەكـەی كـە بێچووی تێدابووە .... بەم جۆرە بەكارهاتووە ، پـەیتا پـەیتا خـەڵكی یۆنان و

رۆمان و عەرەب ومیسریەکان بۆ نامە گوواستنەوە بەکاریان هێناوە . هەروا لە یاریەکانی ئۆڵەمپی لە پێشبرکێی گالیسکە لە رۆمان بەکارهاتووە کە هەر تیپێك لەرۆژی یاریەکە کۆترێکی لەگەڵ خۆی هێناوە ، کە نیشانەی وولاتەکەی ، یا نیشانەی جل و بەرگی یاریزانانی لەسەر بووە.

زانایان وای بۆ دەچن کە مێژووی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کۆترانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هۆمیرۆس = ی شاعیری خاوەن داستانی -ئەلیازە -ی بەناوبانگ , کە ئەوان لەکاتی خۆی لەشەری = تەراودە = بەکاریان هێناوە .... زانای بەناوبانگ – تشالزداروین – هەڵساوە بە بەراووردکردنی کۆتری نامەبەری ئینگلیزی لەگەڵ چەندین جۆری کۆتری دیکە ، کە پێیان دەلێن تەقلەباز ، یاخوود پالەوان ، ئەم دوو جۆرە بیلوودزیانی لەسەرو رەنگ و دەستەدا هەیە .

هەروا لەلایەکی دیکەوە – مستەر بیرش – دەلێت :– پێش ئەمانە مێژووی رۆمانەکان باسی ئەم کۆترانەیان کردووە . هەروەك – پیلینۆس – دەلێت :– لە مێژووی رۆمانەکان باسی سێ جۆرە کۆتر کراوە لە رەچەڵەکی نایاب و چاکیان لێك جیاکردۆتەوە . ئەکیەرخان ، کە پاشایەکی هندی بووە لە ساڵی ١٦٠٠ کە ئارەزوی زۆر بۆ کۆتر چووە زیاتر لە ٢٠هەزار کۆتر لە کۆشك ولە باڵەخانە شاهانەکەی هەبووە .

کە لەگەڵ پاشای فارس ئاڵوو گۆری کۆتری نایابیان کردووەو کاریان پێکردوون ... جۆرەکانی کۆتر بۆ ٥٠٠ جۆر دەست نیشان دەکرێت ... هەروا لەو کاتەی کە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، لەلایەن سووپای ئەلمانیا لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٠ – ١٨٧١ گەمارۆدرابوون .

ئەم جۆرە کۆترانە بەکارهاتوون ... لە ساڵی ١٩٥٦ ئەمەریکا وازی لە بەکارهێنانی کۆتر هێناوەو رووی لە تەکنۆلۆژیای سەردەم کردووە .... واتە کۆتری نامەبەر بایەخی زۆر پێدراوە لەلایەن وولاتانی شەرکەر لەجیهان وهەروا وولاتانی دیکە و کۆمەڵگاکانی کورد لە کوردستان .

٠٨٧٣

٠٨٧٣/١٠/٢٨ کەسایەتی ناوداری ئاپینی ئیسلام ومەزهەبی شیعەی عەرەبی ئیسلام –

ئیمـام حەسـەن عەسـکەری – لـە شـاری سـامەرا کۆچـی دوایـی دەکـات ئەویش بەهۆی دەرخواردانی ژەهر .

ئـەم بنەماڵەیـە هـەموویان لـە سـامەرا نێـژراوون لـە مزگـەووت ، یـاخوود مەزراگـەی هـەردوو ئیمـام حەسـەن عەسـکەرو عـەلی عەسـکەر .... کـە بۆتـا جێگایەکی خواپەرستی و مەزارگەیەکی پیرۆزی ئایینی ئیسلامە لە سامەرا بەتایبەت لە لایەن مەزهەب شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا ، لە باکووری شاری بەغداو رۆژهەڵاتی پارێزگای سەلاحەددین لە ئێراقی ئێستادا .

سەرچاوە :- گۆڤاری – میزۆپۆتامیا – ژمارە /٢ . ل/١٢٥ .

٠٨٧٤

٠٨٧٤/١٠/١٦ دامەزرانـدنی دەووڵـەتی سـامان لـە هـەرێمی دواوەی زێـێ . جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە سـامانیەکان دەگەرێتـەوە سـەر بنەماڵەیـەکی فارسـی کـۆن . کـە باپیرەیـان – سـامان – لـە سـەردەمی خەلافـەتی ئەمـەوی – هیـشام عەبدولمەلیك ، چووە پاڵ داواکاریەکانی عەباسیەکان ، کە ببووە ئیسلام ... لـە خۆراسـان و لـە ریـزی باوەرەکـانی ئـەبوو موسـلیمەی خۆراسـانی کـاری دەکرد.

ئەوە بوو دەووڵەتی سامانی دامەزراند ... ئەم دەسەڵاتەش بەر فراوان بوو لە سـەرخاکی ئێـستای ئێـران ، تـاکوو ناوچـەکانی تەبرسـتان و رێگـاو چیاو سبجـستانی گرتـەوە . کـە داواکاریـەکانی زینـدوو کردنـەوەی جیاکـەرەوەی فارسـی بـوو لـە مـاوەی زینـدوو کردنـەوەی زمـانی فارسـی و رۆشنبیریەتیەکەیدا.

تێبینی :- زۆرجار لە نووسینەکانم باسم لـە نـژادی کـوردو فـارس کـردووە ، کـە تـاکوو کۆتـایی هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریـەتی میـدیا ... نەتـەوە نـەبووە بەناوی فـارس ، بەڵکوو کـورد بوونـە و لـە دوای ئـەو مێـژووە بوون بە فارس سەری هەڵداوە ... بۆ نموونەش:-

نـاوی سـامان – ووشـەی سـامان ، ووشـەیەکی کوردیـە نـەك فـارس بـەناوی نەتـەوەی فـارس ... بـەڵام بـوونی ئـایینی ئیـسلام گۆرانکـاری زۆر بـە سـەر نەتـەوەو خـاك وزمـان وکـەلتورو داب و نـەریتی نەتـەوەکانی ناوچـەو

هەرێمەکاندا هێنا ...بەتایبەتی لەکیشووەری ئاسیاو دوایی لە کیشووەری ئەفەریکیا لە جیهاندا .

سەرچاوە :- پارنوولد - فاسیلی فلادیمیروفتیش .
مێژووی تورک لە ئاسیای بچوک ل/٣٧

٠٨٧٥

٠٨٧٥/٧/١٤ بەرمەکیەکان لە بنەماڵەیەکی رەسەنی دانیشتووانی ئێستای ئێران بوونەو هەڵگری ئاییني بووزی بوونە ... بەڵام لەدوایی باوەریان بە ئاییني مانیزم هێناوە . باپیرە گەورەیان – بەرمەك – خزمەتکاری پەرستگایەکی شاری – بەلخی – هەرێمی خۆراسان بووە ، خالیدی بەرمەکی – یش لە سەردەمی خەلیفە ئەبوو ئەلعەباس سەفاحدا بەپرسی دیوانی خەراجی دەوڵەت بووە .

بەڵام دەرکەوتنیان لە بواری رامیاریدا بۆ خزمەتی ئایینەکەیان بۆ سەردەمی خەلافەتی – موسا هادی – دەگەرێتەوە . کاتێك ئەو خەلیفەیە وویستی لە هارونە رەشیدی برای بدات و لە جێنشینەکەی خۆی دەری بکات تا – جەعفەری – کوری لە شووێنەکەی دابنێ .
بەڵام بە هاوکاری ولێهاتووی – یەحیای کوری خالیدی بەرمەکی – ئەویش بەهۆی پشتیووانی کردن لە براکەی لە ئاکام ئەو هەڵەش سەرکەووتنی نەدیت . لە ئەنجامدا بە مردنی – موساهادی – لە ساڵی ٨٧٦ داو لایەنگیری بەرمەکیەکان سەرکەووتنی براکەی بۆ پایەی خەلافەت کۆتایی بەو کێشەیە هێندرا .
بۆیە لە بەرامبەردا خەلیفە – هارونە رەشید – یەحیای بەرمەکی – کردە یەکەم وەزیری خۆی و راوێژکارو بەرێوەبەری کاروباری دەسەڵاتەکەی خۆی . لەو کاتەشدا خەلیفە هارونە رەشید نیازی مەراسیمێکی گەورەی هەبوو بەگەیشتنی بە پایەی خەلافەت لە شاری بەغداو لەسەر داوای ئەو کەسایەتیە بەرمەکیە ئاهەنگەکە دواخرا .
لەماوەی ١٧ ساڵ لە دەسەڵاتی یەحیاو کورەکانیدا ... سەرەرای ئەوەی دەسەڵاتی بەرزیان لەو دەووڵەتە هەبوو ... جێگەی متمانەی خەلیفەش بوون

.. بەڵام لەو ماوەیەشدا تەنها بە بنەماکانی ئایینەکەیانەوە – مانیزم – پابەندنەبوون . بەلکوو زۆر خزمەتیان بە هاو پەیرەوەکانیان کردوو ئەو پایەیان بۆ خزمەتکردنی ئایینی – مانیزم – بەکارهێنا ... یەحیا ... هانی – سەهلی کوری هارونی کوری راهیوون – ی هاوولاتی – دەشتی میسان – داو چەندین کتێب لەسەر خێڵەکەی و نەزانی عەرەب و رەسەنایەتی شارستانیەتی فارس و ئایینەکانی لەوانە – مانیزم – بنووسێت . هەروا لە دارشتنی کتێبی – کلیلەو دیمنە – دا بە شیعر کە – ئایانی کوری عەبدولحەمیدی کوری لاحق – بە ئامانجی گەیاند و بری – ۱۰۰۰۰ هەزار – دیناری ئەوکاتی وەك خەڵات پێشکەش کرد .

لە هەمان کات فەزلی کوریشی بە ۵۰۰۰ هەزار – دینار پاداشت کرد . ئەو هەڵوێستەی بەرمەکیەکان لەسەردەمی بەهێترین خەلیفەی عەباسیەکان بوو کە ساڵێك ...؟ دەکردو ساڵێکی شەڕی دووژمنەکانی .... هەروا رۆڵی باشیان لەسەردەمی خەلیفە مەئمونیش هەبوو لە پێناو بەرگری کردن لە بروای مانیزمدا .

سەرچاوە :– الدوری – الجذور التاریخیة للشعوب . ل/٤٨ – تەبەری . تاریخ الامم و الملوك ٦/ ٤٨٤ .

۰۸۸۲

۰۸۸۲/۸/۱۵ کۆچی دوای شاعیری گەورەی مانیەکانەو رۆشنبیری سەدەی ئەو کات – یەشاری کوری بورد – لە شاری بەسرای باشووری ئێستای ئێراق لە بنەماڵەیەکی بەرەسەن دانیشتووی هەرێمی خۆراسانی ئێستای ئێران.

شایانی باسکردنە کە یەشاری دوای کۆچکردنیان بۆ شاری بەسرەو نیشتەجێ بوونیان ... یەشاری بەشێوەیەکی گوونجاوی ئەو سەردەمەدا پەروەردەکراو لەدوای تەواوکردنی خوێندنەکانی لەو کات توانایەکی باشی لە بوارەکانی فەلسەفەو مەنتیق و زمانەوانی پەیداکرد .... جگە لەبوونی شاعیرێکی دیارو بەتوانا .... ئەم کەسایەتیە هەوڵی زۆری بێ وێنەیدا لەرێگەی شیعرەکانیەوە رووی گەش و گەورەیی و لێهاتووی مانیەکان بەرزبکاتەوەو رایگرێ و لەم رووەوەش دەڵێ ... الأرج مظلمە والنار مشرقە – والنار معبودە مذکانت نار ... دەرکەوتن و ناسینی یەشاریش تەنیا

لەرێگەی شیعرەکانی نەبووە ... بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو ووتارو ووتانەی کەلە کۆبوونـەوەو شـووێنە گشتیەکان لەشاری بەسرە و دەووروبـەری ئـەنجامی دەدا هــانی خــەڵکی دەدا لەخراپــەکاری و مــەی خواردنــەوەو بــەرەڵلاّی دوورکەوتنەوە ... ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە – حمـادی کـوری عجـرو – یەشاری بە مانیزمێکی راستەقینە بناسیّ .

هەر بەو هۆکارەش بوو کە ئەو باوەر پیّ بوونەی کە لەبـەر دادگای بالای خەلافەت زیندانی بکرێت و دوای ماوەیەك لەژێر ئازارو ئەشکەنجە ژیانی پیّ لەدەست بدرێت لە شارەکەدا

٠٨٩٤

٠٨٩٤/٣/١٣ ئەنـدازیار و موئـەرخ و زانـای بـەناوبانگ – ئـەحمـەد داودوننـد – ناسـراو بـە ئـەبوو حەنیفـەی دینـوری – لـە ناوچـەی دینـور لەناوچـە شـاخاویەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان لە دایك بووە.

زمــانی ئەنــدازیاری و فەلــەك وجووگرافیــا ومێــژووی خووێنــدوو. لــە شارۆچکەکەی خۆی – مەرسەدێکی – واتە دووربین ، داناوە بۆ وەرگرتنی زانیـاری لـە بـاری کـەش و هـەواو گـەردوون ...لـەماوەی ژیـانی سـەردانی هەرێمـەکانی شـام و دوورگـەی عـەرەبی و کەنـداوی فارسـی کـردووە ... لـە مـاوەی ژیانیـدا زیـاتر لـە ٢٠ دانـراوی لـە دوای خـۆی جـیّ هێشتووە وەك – الانواو – الباه – الشعر و الشعراو – الفصاحه – الجبر المقابله – البلدان – و دەیـا دانـراوی دیکـەی گـەردوون و جووگرافیـا و مێـژوو و کۆمـەڵنناس و ئەنـدازیاری ... ئـەم مرۆڤـە کـوردەش لـەماوەی ژیـانی لـەکارەکانی بـەردەوام بووە تاکوو لە ٩٠٢/١٢/٥ کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە:– الواق بالوفيات ٣٧٧/٦ ... معجم الادباو /٤٩١ .
معجم المؤلفين ٢١٨/١.

٠٩٠٨

٠٩٠٨/٩/٣٠ دامەزرانـدنی دەووڵـەتی فاتمیـە لـە کێشووەری ئـەفریکیا بەسـەرکردایەتی عوبێدوڵلاّ – ئەلمەهدی – داوای ئەوەی دەکرد کە ئەو خاوەن مافە بە بوونی

به خه‌لیفه . كه كوری محه‌مه‌دی كوری ئیسماعیلی كوری جه‌عفه‌ر سادق بووه ... له‌و كات هه‌وڵه‌كانی ریگه خۆشكه‌ر بوون بۆ داواكاریه‌كانی ئیسماعیل ، كه پێی ده‌گووترا ، باوكی عه‌بدوڵلای شیعی و هۆزی - كتامه - له ناوچه‌كه‌دا .



ئه‌م نه‌خشه‌یه ده‌وڵه‌تی فاتمیه‌كان ده‌رده‌خات

هه‌ر له‌وكات هه‌وڵیدا ئه‌و هۆزه‌ی كۆكرده‌وه له پێناو سه‌ركه‌ووتنی و ده‌وڵه‌ته‌كه‌شی ناوزه‌ند بوو به ده‌وڵه‌تی - عه‌بیدیه-

جێگه‌ی ئاماژه‌یه كه ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه له ره‌چه‌ڵه‌كداو له نژادا عه‌ره‌ب نه‌بوونه‌و به‌هۆی قۆناخه تێپه‌ر بووه‌كانی مێژووی په‌ره‌سه‌ندن و پێشكه‌وتن بوونه‌ته عه‌ره‌ب ئه‌ویش :- نژاد و ره‌گه‌زی عه‌ره‌ب یه‌كێكه له نژاد و ره‌گه‌زی سامی . كه هه‌موو داب و نه‌ریته‌كانیان په‌یوه‌ندن به‌سامیه‌كان و زمانه‌كه‌شیان لقێكی زمانی سامیه ... نووسه‌رو نژادنناس و ره‌گه‌زنناس و زماننناسه‌كان عه‌ره‌بیان دابه‌شكردووه بۆ دووبه‌ش ... كه ئه‌ویش :-

یه‌كه‌م :- العرب البائده - و دووه‌م :- العرب الباقیه -و ، هه‌روا عه‌ره‌بی باقیه دابه‌شی دووبه‌ش كراوه ئه‌ویش :-

یه‌كه‌م :- قه‌حتانیه‌كان و . دووه‌م :- عه‌دنانیه‌كان .

قەحتانیەکان لە بنەرەتدا دانیشتووی باشووری دوورگەی عەرەب بوونە کە ئەویش ئەمیرو سەرەك هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی یەمەن بوون ، کە ئێستا کۆماری یەمەنی پێ دەگووترێت ... هۆزەکانیش هۆزی ، سەباو حەمیر، کە لەوانە چەندین کۆمەڵی دیکە جیابوونەتەوەو بە دوورگەی عەرەبی بڵاوبوونەتەوە ... ئەویش:-

بە پێکهێنانی ناوچەیەکی دەسەڵاتدار وەك - مەنازرە - کە لە ناوچەی حیرە هاتبوون و ، هەروا ئەمیرەکانی غەساسنە و کەندە و ئەزەد و ئەلائەوس و خەزرجیان لێ جیابووبوووەوە .

بەڵام عەدنانیەکان پێیان دەگووترێ عەرەبی بە عەرەبکراو کە بنەماڵەی ئیسماعیل ، یەك لەوانە بووە و لەناو عەرەب ژیاون لەدوای بوونیان بە عەرەب بە هۆی پێدانی ژن و دروست بوونی خزمایەتی , یەکێك لە کورەکانی ئیسماعیل کە ناوی عەدنان بوو کە عەدنانیەکان لەدوای ئەو دەرکەوتوون .

دوای ئەویش معد و دوای ئەویش نزاری کوری نعد .

ئا ئەلێرەدا دەردەکەوێ کە عەرەب بوونیان نەبووە لە ئێستای ئێرا ق و شام و ئەفەریکیا و مسر و چەندین وولاتی دیکە ... ئێستا کە بە نیشتیمانی عەرەب دادەنرێت تەنیا لەدوای فتووحاتی ئیسلامی عەرەب توانی بەهۆی ئاینی ئیسلام سنووری جووگرافی فراوان بکات لەرێگەی داگیرکردن و بەعەربکردن وبە ئیسلام کردن .

شایانی باسە هەروەك گەرۆك و مێژوونووس و جووگرافیناسەکان لەلایەرەکان دیاریان کردووە ، کە هەرێمی شام ناوی تەواوی خۆی سام بووە واتە بەناوی یەکێك لە کورەکانی نوح کراوە بە هۆی بوونی دەسەڵات لەو هەرێمەو بە هیچ جۆرێك عەرەب لەو ناوچەو هەرێم و وولاتانە نەبووینە.

جا دەووڵەتی فاتمی کەلە مێژوودا بەدەسەڵاتی کوردی ناسراوە و فراوان بوو لە رۆژئاوا لەسەر ئەدارسەکان و رۆستەمیەکان و لەدوای ئەوە شاری - مەهدیان - کردۆتە پایتەختی وولاتەکەیان .

لە هەمان کات دەووڵەتی فاتمی بەرەو رۆژهەڵات هەنگاویان ناوەو هەوڵی ئەوەیان داوە ، کە وولاتی میسری ئێستا بخرێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و

دوایــی بــەرەو وولاتــی نێــوان دووزێ واتــە – میزۆبۆتامیــا – ... ئــەویش وەرگــرتنی میراتــی خەلافــەتی عەباســی ... لــە دوای مردنــی کــافور - ئەخمەشیدی – لە میسر دەرگایـان بۆ کراوە بۆ چوونە ناومیسر ... دوای ئەوە سەرکردەی سووپا جەوهەر سقلی بگاتە ناو فستات و لە ١٦٨/١١/٢٥ دەستی کرد بە دروستکردنی شاری قاهیرەی پایتەختی میسر .

دوای چــوار ســاڵ دەوولــەتی عەبیدیــەکان قاهیرەیــان کــردە پایتــەختی دەسەڵاتەکەیان و ناویاننا دەووڵەتی فاتمیەکان .

دوای ئەوە دەسەڵاتی فاتمیەکان لە ساڵی ٩٦٩ توانیـان هـەرێمی شـام بخەنـە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەووڵەتی فاتمی بەردەوام بوو لـە دەسـەڵاتەکەی لـە هـەموو بوارەکـان ، تـاکوو سـاڵی ١١٧١ و ئـەو دەووڵەتـە کۆتـایی پـێ هێنـرا لەکێشوورەکەدا.

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب – دار الشرق – المؤسسە العلمیە لوسائل التعلیمیە – بیروت – سووریا /٢٠٠٥.

٠٩٠٩

٠٩٠٩/٩/٢٠ ناوچەی شارەزوور لە باشووری کوردستان کە یەکێك بووە لـە ناوچـە هـەرە بەناوبانگـەکان ، لــە ســەردەمی ئیــسلامی لــە کوردســتان . جێگــەی ئامــاژە پێکردنـە ، کـە مەبەسـت لـەو دەسـەڵاتداریەتە کـە هەنـدی شـارو ئاوەدانی لـە کوردستان لـەو کاتـە دەرکـەوتوون ، بـە دەسەڵاتداریەتی شـارو ناوچـەکانی ناســراوبوون و نــاوی مــیروو دەســەڵاتداریان ئاشــکرا نیــەو لــەو ماوەیــەدا ســەربەخۆ بــوون و دەســەڵاتداریەتیانەی کــە دیــارو رۆشــن نەبوونــە ... لــەم مێــژووەش تــاکوو ســاڵی ٩٢٩ ناوچــەی شــارەزوور ســەربەخۆ بــووە... بەڵگەش:–

١– لەو ناوچەیەدا والی دەسەڵاتی عەباسیەکانی تیا نەبووە.

٢– لە ماوەی ئەم بیست ساڵەشدا هیچ باج و سەرانەیەکیان بۆ دەووڵەتی خەلافەتی عەباسی نەناردووەونەداوە .

بـەڵام دوای ئـەوە ناوچەی شارەزوور لـە ژێـر دەسـەڵاتی خەلافـەتی عەباسی دەمێنێتەوە... بەڵام جارێکی دیکە سەربەخۆ بۆتەوەو تاکوو ساڵی ٩٥٤ ، کە بووهیـەکانیش پێیـان داگیرنـەکراوە لـەدوای شـەڕێکی دژووار و زۆر ، ناچـار

دەبن پاشەکشەیان کردووە ، ئەویش بە هۆی توونـدو تۆلّی دانیشتووانی شـارەکە ، کـە زۆر دلێرانـە بـەرگریان لەناوچـەکە کـردووەو بـەردەوام بـوون لەبەرگری کردن هـەر وەك لەسـەرەتای فتووحـاتی ئیسلامی لـەژێر دەسـەلاّتی خەلیفـەی ئیسلام عومـەر کـوری خـەتاب بـەری شـالاّوە دڕندانەکـەی گرتـووە لەهەموو بوراەکان .

بـەلاّم شمـشێری دووژمنکـاری و داگیرکـردن و کووشـتن و تۆقانـدن و ئـەنفالکردن ، وایکـرد ناوچـەی شـارەزوور مـل کـەچ بێـت و روو لـەئایینی ئیسلام بکات بە ترشی نەك بە شیرینی .

ئەمەش بەبەلّگەی چەندین نووسراو ، لەلایەن وولاّتناسی ئیسلامی ئەوکات ، کە سەردانی ناوچەی شارەزووریان کردووە و یاداشتیان نووسیووە ، کە دانیشتووانی ناوچەکە یاخی بوون لە مل کەچ کردن بۆ دووژمنکانیان و هیچ میروو بەرپرسێکی خەلیفەی تیا جێگە نەبۆتەوە .

لە بەر ئەوەی شاری — نەریز — کە لە هەرێمی ئازربایجان لـە نزیك شـاری — ئـەدەبیل — ە لـە لایـەن هـۆزە کوردە هەزبانیـەکان فـەرمانرەوایی لـیّ کـراوە و سەربەخۆیی راگرتووە و ناوچەکەیانیان ئاوەدان کردۆتەوەو پـەرەیان پێداوە لەهەموو بوارەکان .

هەروا چەندین ناوچە دەسەلاّتداریەتی سەربەخۆیان پێك هێناوە . لەوانەش کـە بەناوبانگترین کەسایەتی کـورد — دەیسەمی ئیبراهیم کـوردی — کـە لـە هەرێمی ئازربایجان و هەندیّ ناوچەی دیکە لەتاران و ئەرمینیا توانیوویـەتی دەسەلاّتێکی بـەهێز دروسـت بکـات ... کە پێشوو جێگری والـی ئازربایجان بوو، تـوانی دوای کـووژرانی والیەکـە ، خـۆی بکـات بـە ئـەمیری هەرێمەکـەو بیری فراوانخوازی بگرێتە بەرو هەر لە سالّی ٩٢٦ سەربەخۆیانە هەرێمەکـەی بەرێوەدەبرد لە کێشووەرەکەدا .

٠٩١٢

٠٩١٢/٨/١٨ کۆنترین دەسەلاّت لە شێووەی میرایەتی . میرنشینی عەیشانە بوون ، کە لـە نێوو تیرەیەکی کوردی سەر بە هۆزی گەوورەی بەرزیکانی بووە ... هەر وەك نووسـەرو مێژوونوسـی نـاوداری کـورد — ئـیبن ئەسـیر — لـە دانراوەکـەی —

الکامل فی التأریخ – ئاماژەی پێکردووە ، لە ڕووداوی ئەم مێژووەی سەرەوە ، کە ئاماژە بە عەیشانیەکان دەکات و ناوی دوو میر دێنێ بەناوی – نداد و غانم – کە کوری – ئەحمەد بوونە و سووپایەکی بەهێزی ئەو کات شارو ناوچەکانی – دینەوەرو هەمەدان و نەهاوەند و چەندین ناوچەی دیکە دەسەلاتداریەتیان تێدا گێراوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ .

بەم جۆرە میرنشینە کوردەکان لەهەرێمە جیاجیاکان دەست پێدەکات و بەرەو میرنشینی دیکە هەنگاو دەنێ بەپێی پەرینەوەی قۆناخەکان ... وەکوو میرنشینی– ڕوادی – لەساڵی ١٠٤٨ و میرنشینی محەمەدی کوری شەداد لە ساڵی ٩٥١ و میرنشینی – حەسنەوی لە ساڵی ١٠٥٦ ... کە دەبنە میراتگری میرنشینی عەیشانیەکان و میرەکان خالۆزاو پورزای یەکتر دەبن ... ئا لەم سەردەمەدا کوردستان بە قۆناخێکی گەورەی شارستانیەتدا لەهەموو بورەکانی ژیاندا تێپەربووە لەو کاتی بارودۆخی کوردستان .

٠٩٣١

٠٩٣١/١/٢٤ دامەزراندنی حکوومەتی دۆستەکی لە دوای هەڵووەشاندنەوەی ئەحمەدی کوری مەروان لە لایەن دۆستەك – دۆشتیك – کە لە خانەوادەی حەمیدی – حمودی – بووە ... ئەویش کورێکی هەبووە بەناوی –باز – ئەبوو شووجاع – و ناوی منداڵیشی حوسێن بووەو نازناوی ئەبوو عەبدوللاشی هەبووە . ئەم کەسایەتیە لە ٩٤٥/٨/١٣ لەشاری دیار بەکر لەدایك بووە لە هەرێمەکەدا .

بەهۆی ئازایەتی و چاونەترسی بێ وێنە بووە ، لەو کات خەڵکێکی زۆر دەووری داوەو . ئەویش خواستی پاشایەتی ئامانجی بووە ..لە ساڵی ٩٥٥ لە دوای داگیرکردنی ناوچەی جەزیرو سعرد لە کوردستان ، حکوومەتی خۆی دامەزراندووە ... کە باوکی لە ساڵی ٩٥٨ کۆچی دوایی دەکات ، جلەوی دسەلات دەکەوێتە دەست بازی کوری و ئەویش ئاواتی فراوانکردنی دەسەلاتەکەی بووە لە مەلازکردوو ماکۆی خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆی ... لە هەمان کات شارێکی بەناوی – شاباز – دروست کردووە ، لە دواییدا لەلایەنی شانشین عادل ئەیوبیە .

دوای ماوەیەك ناوەکەی گۆڕاوە بۆتە – شاری عادل جەواز – ئەویش لە نێوان ساڵەکانی ٩٦٣ تا ٩٦٤ بووە ... هەروا شارەکانی ئەرجیش و دیاربەکرو میافارقین وئۆرفەو ئەخلات و وان و بەدلیس و چەندین جێگەی دیکەشی خستۆتە ژێر دەسەڵاتەکەی خۆی .

دوای ئەوە میرەکانی حەسەن کێف و جەزیرەو دیاربەکرو بۆتان وسروج و نەسیبین ... هەموویان چوونە ژێر فەرمانی و شاری دیاربەکریان کردۆتە پایتەختی ئەو دەسەڵاتە .... لەو کاتەش ئەلقادر بلای عەباسی نازناوی شاباز ئەبوو شووجاعی پێ بەخشی لە هەرێمەکەدا .

سەرچاوە:– شەرەفنامە – ل/٤٠ – ٤١ .

٠٩٣٥

٠٩٣٥/١١/٣٠ هەر لەو کێشەو ململانێیەی داگیرکردن و خۆ بەهێزکردنی کۆمەڵێك لە تورك بەسەرکردایەتی – گکم – و لە گەلیان کوری – رائق – بەرەو ناوچەی واست هاتن و ، دوای ئەوەش لە ساڵی ٩٤٥ لەوکاتەی کە – معز الدولە – ی کوری بۆیە گەیشتە خاکی ئێستای ئێراق ، دەوڵەتی – بویهیە – ی لێدامەزراند ، کە هەندێك لە سووپاکەی لە تورکمان بوون .

بەڵام شاکر سابر لە لاپەڕە/٥١ لە کتابەکەی بەناوی – موجز تأريخ التركمان في العراق – بە هەڵە چووە ، کە تورکمان لەشارەکانی – کەرکوك و هەولێرو مووسڵ و تکریت – سەلاحەددین – هەبووبن .



لەبەر ئەوەی مووسڵ و کەرکوك و هەولێر ، ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی دەوولەتی – حەمدانی – بووەو باسی تورکمانی لێووە نەکراوە... بەڵام – ئیبن ئەسیر – باسی ئەوەی کردووە ، کە – معز ئەلدولە – هەندێ ناوچەی لە شارەکانی بەسرە و کووت لە دەست دابووە لە ناوچەکەدا .

تورکمانەکان .... ئەمەش لەکتابی – الکامل فی التاریخ .

هەروا شاکر سابر لەجێگایەکی دیکەش تووشی هەڵە بووە کە دەڵێ :– شەپۆلی تورکەکان لەئازربایجانەوە بەرەو ئێراق هاتن و گەمارۆی موسلیان داو ، هەروا دەستیان بەسەر – جەزیرەی عومەر – داگرت و لە موسل و تەلەعفەر جێگیربوون .

بەڵام ئەو پێناسەیەی شاکر سابر بەناوی ئیبن ئەسیری نووسیووە ... راستی تیا نیە ، لە بەر ئەوەی ئیبن ئەسیر باسی رووداوەکەی ١٠٣٠ یکردوە ، کە تورکمان – ئوگز – بەرەو جەزیرەی عومەر هاتوون – جەزیرەی بۆتان – و بەرەو تەلەعفەرو سنجارو دیاربەکر و ، هەروا دەستیان بەسەر موسل داگرت لە هەرێمەکەدا .

بەڵام ئەمیر قرواشی کوری مەقالید عقیلی بەرەو چیای – مەلحول – باچیای – ساتیدما – یا ، شاری – سن – کە بەرامبەر چیایەکەیەو دەکەوێتە رۆژهەڵاتی زێی دیجلە ... لەوێ هێزەکانی کۆکردەوەو حیلەش بەسەرکردایەتی – دبیس کوری مزیدی ئەسەدی و هێزەکانی بەسەرکردایەتی ئەبی فەتیح جاوانی بوو ، کە ئەمیرێکی کورد بوو لە کوردە جاوانیەکان ، لە حیلەو بەهانای هێزە کوردیەکان هات و – قرواش تورکمانی – کووشت و زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار چەکداریشی لێ کووشتن ، بەر لە گەیشتنی ئەو دوو ئەمیرەی کە لە سەرەوە باسکراوە .

ئەویش لە ناوچەی تەلەعفەر ، کە بووە هۆی هەڵاتنی – گز – لە موسل – لە دوای تاڵان کردنی بەرەو ناوچەی نەسیبین هەڵاتن ، کەلەنزیك شاری قامشلۆیە و کەس لە تورکمان لە موسل و تەلەعفەر نیشتەجێ نەبوون .

بەڵام لەناوچەی جەزیرەی عومەر لەلایەن ئەمیری ئەلدولە بووە بەرەو ئازربایجان هەڵاتن و بووە هۆی دەرکردنیان لە باشووری کوردستان و باکووری کوردستان .

تێبینی:- بوونی نەتەوەی تورك لە ئێستای ئێراق ، لە ناوەرۆکی مێژوو نامەکە بەر لەو مێژووە باسکراوە و دوای ئەوەش کە تورك بوونیان چۆن بووە لە ئێراق .

٠٩٥١

٠٩٥١/٢/٨ دامەزرێنەری حکوومەتی محەمەدی کوڕی شەداد لە لایەن - محەمەد شەداد - ئەم سەرکردە کوردە هەلسا بە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەی - کارتوو ئارات - لە هەموو بووارە جیاجیاکان ، کە ئەو حکوومەتە زیاتر لە ١٥٠سالٚ لە دەسەلاٚت بەردەوام بوو . لە ناوچەکانی - قرياخ و کوردستان و نەخچەوان - لەو پارچە خاکەی کوردستان کە ئێستا کەوتۆتە ژێر دەسەلاٚتی کۆماری ئەرمینیای یەکیەتی سۆڤیەتی جاران . بە تایبەتی پارێزگای یەریڤان و دەوورووبەری لە هرێمەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شەدادیەکان خاوەنی ئیمارەتی کوردی بوونە ، کە لە سالٚی ٩٥١ تا سالٚی ١١٩٩ ، دەسەلاٚتدار بوون ... کە چەند پارچەیەك لە ئەرمینیای لە ژێر دەسەلاٚت دا بووە ، وەك ناوچەی - حەران - کە ئێستا ناسراوە بە ئازربایجان ...ئەم نازناوەش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەری ئیمارەتی محەمەدی کوری شەداد .

کــه ئــەو ئیمارەتــەش لــه شــاری – دفـین – دەســتی پێکـرد ... کـه بـەرەو فرەووانی هەنگاوینا تاکوو شارەکانی – باردا و کانجا – که ئەم شارانه لە هـەرێمی ئازربایجـان بـوون . دەسـەلاّتی شـەدادیەکان هاووپەیمانیـەتیان لـە گــەڵ ســەلجووقیەکان بەســت و چــەندین شــەڕیان دژی ئیمپراتۆریــەتی بێزەنتیەکان کرد ، ئەویش لە ساڵی ١٠٤٧ ، تاکوو ساڵی ١٠٥٧ ، که ئەو کاتــەش ئیمــارەتی شــەداد لــەو پــەری بەهێزیــدا بــوو . کــه دەســەلاّتی درێژدەبووەوە لە نێووان زێی کوراو زێی ئاراسدا .

دوای ئەوە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی – قستەنتینی شەشەم – لە ساڵی ١٠٠٠ تاکوو ساڵی ١٠٥٥ شەری دژی شانشینی ئەرمینیا – کاگیلی دووەم – بەرپاکرد ... بەر لەوەش قستەنتین چەندین نامەی بۆ – عەلی لەشکری – نەوەی محەمەدی شەداد ، کە ئەمیری ئیمارەتی شەداد بوو و رەوانــەکرد و داوای لێکــرد کــه بــچێته رێــزی هێزەکــانی ســووپا وئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دژی شانشینی ئەرمینا .

دوای ئەوە عەلی لەشکری رەزامەندی لە سەر داوای ئیمپراتۆریـەتی بێزەنتـی کرد ، بە مەرجێك ، ئەو زەویانەی کە رزگاری دەکات بیخاتـه ژێـر دەسـەلاّتی خۆیدا .

لە گەڵ ئەوەشدا ئەو کارە شەرگەربازەش بە تووانای شەدادیەکان بوو ، بــەلاّم لــه کۆتــایی بــه هــۆی برواکــردن بــه ئیمپراتۆریــەتی بێزەنتــی و ســەلجووقیەکان ، کــه لــه ئــەنجام دەســەلاّتی شــەدادیەکان لــه لایــەن سەلجووقیەکان کۆتایی پێ هێنرا بە سەرکەووتنی سەلجووقیەکان لە هـەرێم و ناوچەکەدا.

٠٩٦٠

٠٩٦٠/٣/٣ دامەزرانـدنی یەکـەم ئیمـارەتی تـورکی ئیـسلامی بـە نـاوی دەووڵـەتی – قراخانیەکان – که لەو سەردەمەیەدا تورکەکان بوونە هەڵگری بروای ئاییني ئیــسلام ، کــه نیــشتەجێی سەرچــاوەی –زێــی ســیمۆن– بــوون . کــه ئەمیرەکـەیان سـەردەمەکەی کـرد بەسـەردەمی ئیـسلام و رزگـارکردنی شـاره ئیـسلامیەکان . کـه لـەوکات باجیـان دەدا ئـەو کەسـانەی کـه هـەڵگری بـروای

ئاینی ئیسلام نەبوون .
جێگەی ئاماژە پێکردنە ، کە ئاینی ئیسلام لە نێوو نژادی تورك بڵاوبووەوە بە شێووەیەکی بەرفراوان ، لەو کاتەی کە دەووڵەتی - سامانیە - رۆڵی باڵای هەبوو لەناوەندەکانی ئاسیا لە سەدەکانی ٣ - ٤ کۆچیدا . لەوکاتەدا جووگرافیە ئیسلامەکان لە دوای کەسانی تورك دەگەران و باسیان لێووە دەکرد ، بەناوی ئەوەی کە تورك دژی ئاییینی ئیسلامە .
بەڵام ئەو بیرووبۆچوونە بە پێچەوانە بوون ... لە بەر ئەوەی سەرهەڵدان و بوونی نەتەوەو دەسەڵاتی تورك ، بەهۆی ئاییینی ئیسلام بوو ، کە وەك چەکێك بوو لەپێناو بەهێزکردن و باڵادەستکردنی تورك و پێکهێنانی نەتەوەی تورك .
لە بەر ئەوەی بوونی تورك بەهۆی کۆکردنەوەی نەتەوە دەربەدەرەکانی دیکەی ئاسیای ناوەندو بچووك بوو ، لە بیابانی مەنگۆلیای نێوان ڕووسیای قەیسەری و ووڵاتی چین ، ئەویش بە پەرەسەندنیان بەرەو ئاسیای بچووك ، کە تورکیای ئێستایە بەتایبەتی کوردستان .
سەرچاوە :- بارتوولد - ل/٧٧ .

٠٩٦٧

٠٩٦٧/١٢/٧ هەر لە سەردەمی ئەمەویەکان دراوی دەسەڵاتی ئەمەوی چاپکرا بەناوی - دینار- لەلایەن ئەلحوکم المنتە سری کوری عەبدولرەحمان لەشاری زەهرای ئەندەلووس ... کە قەبارەکەی - ٢,١سم- بوو ... بەردەوام بوونی خەلیفەکانی ئەمەوی بە چاپکردنی دراو لە لایەن ئەمیرەکان ، کە دەسەڵاتیان دەگرتە دەست و لەو ووڵاتانەی دەسەڵاتیان بەدەست بوو لە پێناو بووژاندنەوەی باری ئابووری و بازرگانی و کەمکردنەوەی کێشەی کرین و فرۆشتن .

٠٩٦٩

٠٩٦٩/١١/١٤ بە بریاری سەرکردەی دەووڵەتی فاتمی -جەوهەر سقلی - المعزالدین الله الفاگی- دەستکرا بە دروستکردنی مزگەووتی - ئەزهەر - لە شاری قاهیرەی پایتەختی ئێستای میسر ، کە ئێستا بۆتە مەڵبەندێکی ئاییینی و



زانستی و ئاداب و مێژوو و چەندین بواری دیکە بەناوی زانکۆی - ئەزهەر . جێگەی ئاماژەیە ئەم بنەماڵەیە لە رەچەڵەك و لە نژاد عەرەب نەبوونە ودەوڵەتی فاتمی ناسراوبووە بە دەسەڵاتداریەتی کورد لە لایەن کورد ... واتە عەرەب خاوەنی نە شووێنەوارو نە شارستانیەت نەبوونە - قورئانی پیرۆز - بە زمانی عەرەبی نەبوایە ، عەرەب نەدەبووە ئیسلام وگەر ئیسلامیش نەبووایە عەرەب نەیدەتوانی لە دوورگەی عەرەبی دەرچن ، تەنیا بازرگان و ئاژەڵ لەوەرێنەکانی نەبن ، ئەویش بەهۆی ناڵەباری باری کەش و هەواو نەبوونی لەوەرگە لەدوورگەی عەرەبی لە هەموو بوارەکاندا .

سەرچاوە:- ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان - ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب - دارالشرق العربی - بیروت - سووریا /٢٠٠٥ .

٠٩٧٠

٠٩٧٠/١١/٢ سەرۆکی حکوومەتی دۆستەك - شابان - ئەبوو شووجاع لەدوای بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی بەهۆی پشتگیری لێکردنی لەلایەن میرەکانی کورد , توانی دراو بەناوی خۆیەوە لێداو لە ووتارە

هەینیەکان ناوی لە تەک ناوی خەلیفەی عەباسی دا دەخوێندرایەوە ....
کاتێ ئەبوو تەغلەی حەمەدانی و عەزد دەولەی دەیەمی بوون و بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوانیان .

باز یاریدەدەری عەزد دەولەی داو لە پاش کۆچی دوایی عزد دەولە لەساڵی ٩٨٢ ، باز بەنیازی داگیرکردنی موسل بوو و بەلەشکرێکی زۆر لە شەنگال دەرکەووت ... سەماح دەولەی کوری عەزد دەولە بەسەرکردایەتی ئەبوو سەعید بارامی کوری ئەردەشێر ، لەشکری ناردە پێش و هەردوو لەشکر لەناوچەی - باجلایا - بەگژ یەکدا هاتن و لەپاش شەڕێکی خوێناوی لەشکری سەماح شکاو بەرەو دوواوەی کشانەوە .

دوای ئەوە دووبارە هێزی چەکداری بەسەرکردایەتی ئەبوو ئەلقاسم سەعید ناردە سەربازو ئەمجارەش لەرۆخی چەمی خاپوور تووشی یەک هاتن و دووبارە باز سەرکەووتنی بەدەست هێنا ... دوای ئەوە مووسڵی گەمارۆدا لەسەر داوای دانیشتووانی شاری موسل و ماوەی سێ مانگی بۆ دانان ، کە دەستیان بۆ درێژ نەکەن ... ئەوانیش لەم ماوەیەدا شارەکە چۆڵ بکەن .

هەر لەو کاتە ئەبوو عەلی کردە حوکمداری شاری موسل و خۆشی گەراوە شاری دیاربەکرلە هەرێمەکەدا .

بەم شێوەو مووسڵیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی شاباز ئەبوو شووجاع ...
دوای ئەوە بەهێزێکی چەکداری زۆر بەرەو شاری بەغدا کەوتە رێ ، کە سەماح سەرسام ببوو لەو کارەداو هێزێکی زۆری بەسەرکردایەتی زیادی کوری کاکۆیەی ناردە سەر رێی بازو لەسەر رێی شاری تکریت - سەلاحەدین - تووشی باز هاتن ولە ئەنجامی شەڕێکی گەوورە هێزەکانی باز شکاو گەراوە بۆ دیاربەکر ، دوای ئەو بازو سەماح رێکەووتن بە کۆتایی هێنانی کێشەکانی نێوانیان لەناوچەو هەرێمەکاندا.

سەرچاوە :-ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان - دارالشرق العربی -
ئامادەکردنی د. سەیفەدین کاتب - بیروت - سوریا /٢٠٠٥ .

٩٩٠.

٠٩٩٠/٣/٣ شارۆچکەی مەندەلی سەر بە پارێزگای دیالە لە باکووری شاری بەغدای پایتەختی ئێراقە ... شارۆچکەی مەندەلی و دەووروبەری لە باشووری

کوردسـتان و شـار و ناوچـەیەکی کـوردی و کوردسـتانیە ... هـەزاران ساڵە خۆراگرانـە دانیـشتووانی شـارو ناوچـەکە بـەرگری لـە کـورد و کوردایـەتی خۆیـان دەکـەن , کـە هـەردەم کـەوتبووە ژێـر سمـی ئەسـپی داگیرکـەران و بـەردەوام خـوێنی رۆڵـەکانی بەخـشیووە بـە خاکەکـەی لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکان لە ناوچەکەدا.

جێگـەی باسـکردن و رونکردنەوەیـە کـە شـاری مەنـدەلی یەکێکـە لـە شـارە کۆنەکانی کوردستان , دەکەوێتە ئەو پەری سنووری باشووری کوردستان , یەکێکە لە یەکەم قەزا ئیداریەکان بوو ، لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لەسـەر رووبـەری ٨٤,٠٠٠ هـەزار کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی خـاکی هـەرێمی باشووری کوردستان و شاری مەندەلیش لەناو ئەو سنوورەدایە.

شـاری مەنـدەلی ناحیـەکی سـەر بـە قـەزای بەلـەدرووز و ئـەویش سـەر بەپارێزگای دیالەیە ... مەڵبەندی شاری مەندەلی ٨٠ کم لەشاری بەعقوبە دوورە ... لە بارەی مەندەلی و جێگەو شوێنی – ئیبن خوردازیە – دەڵێ:– بەنـدەنجین و بیرازولـروز لەیـەك – کـورە – دا بوونـە ... هـەروا – یـاقووتی حەمویش دەڵێ:–

بەندەنجین شارێکی بەناوبانگە ، کە لەلای نەهرەوانە و دەکەوێتە ناحیەی – جەبـەلی – شـارەکە دەکەوێتـە سـەر سنووری نێـوان ئێـراق و ئێـران لـەلای رۆژئاوای – شاخی پشت کەوە – و لـەلای باکووریـەوە زنجیرە گردۆلکـەی – قەشقە – یە , لەلای رۆژئاوای زنجیرە چیای حەمرینە و لـەلای باشووریەوە قەزای بەدرە و ناحیەی عەزیزیەیە .

هەروا لەبارەی دێرینی و کۆنی شاری مەندەلی جوامێر مەندەلاوی دەڵێ :– مێژووی شاری مەندەلی بەپێی ئەو بیروبۆچوونەی کە بەعسیەکی بـەریتانی لـە سـاڵی ١٩٦٦ سـەردانیان کـردووە , دەردەکـەوێت کـە مێـژووی شـارەکە دەگەرێتەوە بۆ ٦٠٠٠ شەش هەزار ساڵ بەر لـە زایین , خـوودی شـارەکەش بووە لە شارەکانی لۆلۆبییەکان , کە باپیرانی لۆرەکانن و ئەوانیش بەشێك بوونـە لـە نـژادی کـورد ... هـەروا یـەکێك بـووە لـەو شـارانەی کەووتۆتـە نێـوو قەلەمرەوی دەووڵەتی میدیا لە ناوچەکەدا .

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ئـاینی ئیـسلام و رەوانـەکردنی سـووپای ئیـسلام بـۆ

ئێراقی ئێستا – هاشم عوتبە – بەئاشتی شارەکەی داگیرکردووە , بەناوی فتووحاتی ئیسلامی – هەروا لەسەردەمی ئیمامی عەلی – بوو بە گۆرەپانی شەڕی نێوان سووپای ئیمامی عەلی و خەوارجیەکان .

هەروا شاری مەندەلی ماوەیەك سەر بە ئیمارەتی عەنازی کوردی بووە لە ساڵەکانی ۹۹۰ و ، ناوچەیەکی دیکەی فراوانیان لە کوردستان لەژێر دەسەڵاتدا بووە کە – کرمانشا ، هەلوان ، شارەزوور ، داقووق ، دەسکەرە ، , مەندەلیج , نوعمانیە – ی لەخۆگرتووە , جگە لەوەش ئەم ناوچەیە لەنێوو ئیمارەتی – حەسنەویهی – کوردی و دوایش لەنێوو ئیمارەتی بابان دابووە .

لەگەڵ ئەو هەموو گۆرانکاریانەشدا , لەشەری نێوان دەووڵەتی سەفەوی فارسی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر ماوەی بەدەست لایەنێکیانەوە بووە , تا دوای رووخاندنی دەووڵەتی عوسمانی ، لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهان .

هاووڵاتیانی شاری مەندەلی لە پیاوە ماقولانی ئەوکات لە کورد و تورکمانی شارەکە ئەنجوومەنێکی دەسەڵاتداریەتیان دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەمەلایەنەی شارەکەیان.

گەر بگەڕێینەوە بۆ رووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو , بەپێنووسەکانی ئیبن خەلدون و حەمەوی و ئیبن ئەسیر و خەلەکان , وایان دیارکردووە کە شاری مەندەلی هەر چوار دەووری شارو ناوچەی کوردی بووە ... لەلای باشووریەوە هەردوو شاری بەدرە , جەسان ، بووە , لەلای باکووریشیەوە شاری خانەقین و گوندەکانی – مکاتوو – کانی ماسی – یە , لەلای رۆژهەڵاتی کوردستانی دیووی ژێر دەسەڵاتی فارس بووە ، کە هەردوو شاری – سۆمارا و گەیلان – بووە , کە تەنها چەند کیلۆمەترێك لەشاری مەندەلیەوە دوورن ... هەروا بەرزاییەکانی چیای – جکاسوو , حەمرین – لەیەکیان جیادەکاتەوە .

شارو دێی کورد وەکوو ملوانکەیەك وان بەگەردەنی شارەکەوە وەکوو ناحیەی قەزانیە و گوندەکانی – دوورو دیشنج و کیری و کچکۆتیل و جاریە – کە گوندەکەی شەهید جوامێر سایەمیرەیە . . ئەم شارەش چەندین

گەرەك و شووێنەواری مێژووی گرنگی تیا بووە و تیایە .
بەڵام رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراقی دروستکراو لەسەر خاکی گەلانی
وڵاتــی نێــوان دووزێــیَ – میزۆپۆتامیـا – درێخیـان نـەکردووە لـە گـۆڕینی
دیمۆگرافیـــای جــوگرافی و نەتــەوەیی لەشــارەکەدا ، هـــەر وەك شـــار
شارۆچـکە و گونـدەکانی دیکـەی هـەرێمی باشووری کوردسـتان ، ئـەویش
لەراگوواسـتن و بەعـەرەبکردن و دەربەدەرکـدنی دانیـشتووانە کوردەکـان
هێنانی عەرەبی هاوردە ، نەك هەر لە باشووری ئێستای ئێراق .
بـەڵکوو لـە وڵاتـانی دیکـەی عـەرەبی ، بەتایبـەتی لـە بیابـانی دوورگـەی
عەرەبی بۆ ناوچەکەیان هێناوە , بە تایبەتی لە سەرەتای شەڕە یەك لەدوای
یەکـەکانی فتووحـاتی ئیسلامی «لـە پێنـاو داگیرکردنـی خـاکی گـەلان و بە
ئیـسلام کردنــی گــەلان و داگیرکردنــی نیـشتیمانەکەیان ، بـەزەبری شیر
داگیرکەرانە ، نەك رزگارکردن و بەرپاکردنی باری ئارامی و ئاشتی لە هەمو
بوارە جیاجیاکان لە هەرێم و ناوچەو جیهان .
تێبینی :– من نامەوێ بەتەواوی باس لە مێژووی پێکهاتەی ناوچەو نەتەو
و رووداوە جیاجیاکان بکەم , تەنیا ئەمەم بۆ وەك زانیاریەکی سـەرەتایی
بوونی بەسەرچاوەیەکی دیار لە نووسینەکاندا .

١٠١٥

١٠١٥/٦/٢١ دەووڵەتی – عەنازیـە – ی کوردی ، کە پایتەختەکەی – شاری حەلوان
بووەو بەردەوام بووە تاکوو ساڵی ١١٠٧ ، کە سنوورەکەی درێژ دەبووەو
تاکوو – ئەسەد ئاباد – ی سەر بە شاری هەمەدانی رۆژهەڵاتی کوردستا
... .هەر وەکوو پێشوو کە لەژێر دەووڵەتی – حەسنویهە –ی کوردی بووە
کە پایتەختەکەی شاری – دینوور – بووە وسنوورەکەی درێژ دەببووەوە ا
ئازربایجان تاکوو بەشێك لە خۆزستان و زێی بچووك و تاکوو نەهاوەند ، ک
لە ٩٥١/٦/٩ دامەزراوە لە کێشووەرەکەدا .
کەواتـە ئـەو ناوچانـە هـەمووی لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیماراتـە کوردیـەکان بوو
دوای ئەوەش کەوتۆتە ژێر دەستی ئیماراتی بابان .
گـەر بگەرێینـەوە بـۆ مێـژووی رابـردووی گونـدو شارۆچـکەو شـارەکان
هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ... کـە شـاری مەنـدەلی و دانیـشتووانەکە

بەسترابوونەوە بە دانیشتووانی شارستانیەتی زاگرۆس و لە هەمان نژاد بوون کە ئەویش – ئاریە – کە گوندو شارۆچکەیان لێ دروست کردووەو کاری هەمە جۆری کشتووکاڵیان ئەنجامداوە بەر لەوەی کە مرۆڤی دیکە بگەنە ئەو هەرێم وباشوور و ناوەندی ئێستای ئێراقی بەزۆر دروستکراو .

هەر وەك شوورێنەوارناسەکان بە پێنووسەکانیان ئەو راستیەیان لەلاپەرەکانی تۆمارگای مێژوو تۆمارکردووە ... کە شەپۆلەکانی مرۆڤ لەسەرەتادا لەناوچە شاخاویەکان ، لە زاگرۆس بەرەو ناوەندو باشووری ئێستای ئێراق , هەنگاویان ناوە ... واتە لە سەر خاکی کوردستان – لە رێگەی شارۆچکەی مەندەلی و دەوورووبەری ,

باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە یەکەم دانیشتووان لە ئێراقی ئێستا کورد بوونە – گردی تەمرخان – لەناوچەی – فەرەئالووس – لەباکووری مەندەلی – کە لە شووێنەوارە گرنگەکانی – جرموو – بووە ، بەر لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین .

ئەمەش کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی و هەروا شووێنەواری – گردی چکامای – چۆخە مامی – لەهەمان ناوچەیە ، کە دۆزینەوەی شووێنەواری لێ بەردەوام بووە لە شارستانیەتی زاگرۆس بە ٥٠٠٠ ساڵ بەر لەساڵی زایینی لە هەرێم و ناوچەکەدا .

ئەمەش بووە راستیەك ، کە لێکۆڵینەوەو تووێژینەوەی شووێنەواری لەساڵی١٩٧٧ دەستی پێکرا لە – گۆمی بەنداوی حەمرین – لە – گردی سنکور – کە دەکەوێتە باکووری چیای حەمرین ، ئەو راستیانەی دووپاتکردۆتەوە کە شووێنەواری ئەو خانووانەی لەیەك چوونی لەگەڵ شارستانیەتی زاگرۆس لەسەر خاکی کوردستان بەگشتی و هەرێمەکان بەتایبەتی لە سەر خاکی کوردستان .

سەرچاوە :– باقر یاسین – لە پێشەکی مێژووی شارستانیەتی کۆن ل/٤١٧ ...

هەروا گۆڤاری سۆمەر – بەشی یەکەم و دووەم ب/ ٤٠ – ١٩٨٤ .

١٠٣٧

١٠٣٧/١٠/١٤ سەرەتای دەست پێکردنی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەلجوقیەکان دەگەرێنەوە سەر رەچەڵەکی یەکێ لە بنەماڵە

تورکمانـەکان ... کـە ئـەو نـاوەش بـەناوی بنەماڵـەی سـەلجوقی کـراوە ...
لەسەرەتاوە ئەو دەسەڵاتە بچووکە ، یاخوود ئەو هێزە بچووکە هاوکاریاز
لەگەڵ گەزنوییەکان دەستی پێکرد .

بەڵام سوڵتانی گەزنوی - مەسعوود قەدر- ترسی لە دڵ پەیدا بوو بەهۆی
تواناو بەهێزبوونی سەلجوقیەکان و هەوڵیدا سنوورێکیان بۆ دابنێ ... بەڵا
لــەدوای ئــەوە هێــزی ســەلجوقیەکان ســەرکەوتنیان بەدەســت هێنــاو
دەسەڵاتەکەیان بەرەو رۆژئاوا هەنگاوینا .



لە ماوەی سەدەیەك دەسەڵاتی سەلجوقیەکان فراوان بوو ، تاکوو گەیشتە
کـەنارەکانی دەریـای ناوەنـد . لـەو کاتەشـدا خەلیفـەی عەباسـی -ئـەلقائ
بئـەمرللا -دیـتی بـارێکی لـەباری بـۆ گوونجـاوەو ، لەلایـەکی دیکـەش
سـەرهەڵدانی هێـزی سـەلجوقیەکان و رزگـاربوونی لەدەسـت توانـاو هێـز
بوهیە فارسەکان وسەرکەووتن بەسەریان .

ئەویش بەیارمەتی هێزی سەلجوقیەکان . کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ
نێوان فارس و هێزی سەلجوقی لە ئاکامدا - تگرل بگ- گەیشتە ناو شار

بەغدای پایتەختی ئێستای ئێراق و سەرکەووتنی بەسەر هێزەکانی بووهی فارسی و خۆ سەپاندنی وەك خەلیفەی عەباسی و هەتا لەسەر بووهیەکانی فارسی لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە :– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی دکتۆر سەیفەدین کاتب – دارالشرق العربی – بەیروت – سووریا /٢٠٠٥.

١٠٤٧

١٠٤٧/٦/٢٨ دامەزراندنی دەووڵەتی غوریەکان ، لە وولاتی عووری شاخاوی لە سەردەمی دەووڵەتی عەباسی ، لە نێوان دۆڵی – هلمند و هەرا – لە ئەفگانستانی ئێستا ، بەسەرکردایەتی عزەدین حوسینی کوری حەسەنی کوری محەمەد ، بە بەربەرەکانی کردنی دەووڵەتی گزنویەکان تاکوو گەیشتنە ئاستی لەناوبردنیان لە ساڵی ١١٨٦ و خستیە ژێر دەسەلاتی خۆی و دەسەلاتەکەی دەووڵەتی غوریەکان فراوان بوو تاکوو گەیشتە هندستان .



دوای ئەوە ئیماراتی تورکی لیٚ دروست بوو ، کە یەکەم شانشینی قتبەدین ئەبیکی بوو لەهند .... دوای ئەوە لە ١٢١٥/٥/٢٥ دەسەلاتی غوریەکان کەوتە ژێر سایەی دەسەلاتی خەوارزمەکان و هەردووکیان لەهێرشەکانی مەگۆل لەساڵی ١٢٣١ کۆتاییان پێهات لەکێشووەرەکەدا .

سەرچاوه :- ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەكردنی – دكتۆر سەیفەدین كاتب – دار الشرق العربی – بەیروت – سووریا/٢٠٠٥ .

١٠٤٧/٦/٢٨ هێزێكی چەكداری توركمان لە هێزەكانی سەلجوقی بۆ یەكەم جار گەیشتنە شاری مەندەلی ... بەڵام ئەو هێزە بۆ داگیركردن بوو نەك مانەوەونیشتەجێ بوون .... لەگەڵ ئەوەشدا توركەكان بەزمانی توركی ئاخاوتنیان نەدەكرد ، بەڵكوو زمانی مەگۆلەكان و ئەزەری ئاخاوتنیان دەكرد .

لەبەر ئەوە نیشتەجێ بوونی توركمان لەمەندەلی و قەزانیە لەدوای نیوەی یەكەمی سەدەی سیانزە بوو ... ئەویش بەهۆی شەپۆلەكانی مەگۆلی ، یاخوود قەرەقوینلویا ئالاق قوینلوو لە ناوچەكەدا .

بەڵام نیشتەجێ بوونی عەرەب لەشاری مەندەلی لەگەرەكی – نەقیب – كە دەكەوێتە بەشی رۆژئاوای مەندەلی... كە گەرەكێكی نوێ بوو بەجیاواز لەگەڵ گەرەكە كۆنەكانی شارەكە ... ئەمەش لە دوای داگیركردنی ناوچەكە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، دوایش لەلایەن رژێمی بەعسی لەدوای ساڵی ١٩٦٣ دا.

گەرنا عەرەب لەو ناوچە نیشتەجێ نەبوونە . لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتووانی قەزانیە لە كوردو توركمان پێك هاتبوون ... ئەو ناوەشی لە ناوی لقو فزانلوو ، لە عەشیرەتی باجەلانی كوردیەوە هاتووە .

لەبەر ئەوەی لەسەردەمی مەگۆلەكان كوردەكانی للۆرو كەلهورو پێك هاتەی لەگەڵ باجەلانی فەزانیە ، كە زمانیان كوردی بووەو فەزانیەش مەڵبەندی سنجەقی ناوچەی مەندەلی بووە لەسەدەی سیانزەهەم تاكوو سەدەی حەقدەهەم لە هەریم و ناوچەكەدا .

سەرچاوە:- عەباس عەزاوی – مێژووی ئێراق .ج /٦ ل/٢٧٣.

١٠٥٠

١٠٥٠/١/١ گەورەترین كەرت بوون لە كەنیسەی ئاینی مەسیحی پوویدا كە بەدوا كەرتی رۆژئاواو رۆژهەلات ناسرا بەناوی – الارندوكس – كە ئەویش كەنیسەی رۆژئاوا لەكەنیسەی رۆژهەلاتی جیابوونەوە و بووە هۆكاری دژایەتی كردنی یەكتری ، لە بوواری ئاینی لە و سەردەمەدا لە جیهان .

١٠٥١

١٠٥١/١/١ داگیرکردنی پارێزگای ئەسفەهان لەلایەن سەرکردەی سەلجووقی – تگول بەگ – دوای ئەوە بەرەو شاری تەبریز هەنگاوینا تاکوو داگیرکردنی ناوچەکە دا .

١٠٥٥

١٠٥٥/١٢/ هێزە چەکدارەکانی تورك بە سەرکردایەتی -- تگول بەگ – ی سەلجووقی گەیشتە ناو شاری بەغداو دەسەڵاتی ئاڵ سەلجووقی تێیدا چەسپێندرا ، لە پێناو بەهێز کردنی جێگەی خۆی دوای ئەوەش کچە براکەی خۆی بۆ خەلیفەی عەباسی خوواست و بووە هاوسەری ، واتە بوونیان بە زاواو خەزووری یەکتر .

١٠٥٦

١٠٥٦/٣/ لە پێناو بە هێزکردنی هاوکاری‌و دۆستایەتی‌و برایەتی لە نێووان خەلیفەی عەباسی – بئەمرللا – و سەرکردەی دەووڵەتی سەلجووقی– تگول بەگ – کە خەلیفەی عەباسی خوشکی براگەورەی تگول بەگ ، جفری بەگی خوواست ، لە هەمان کات تگول بەگ کچەکەی خەلیفەی عەباسی خوواست ، کە ئەمەش بووە هۆی ، یەکەم بەهێزکردنی جێگەی سەلجووقیەکان‌و ، دووەم دەسەڵاتی عەباسی‌و فراوان کردنی هەردوو دەسەڵاتی زاواو خەزوری یەکتری عەباسی‌و سەلجووقی لەناوچەو هەرێمەکەدا .

١٠٥٧

١٠٥٧/٥/١٠ دوای بەرەو لاوازبوونی رۆڵی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بە توانەوەی بنەماڵەی
مەكدۆنی ، ئەویش بەهۆی بوونی كێشەی توونـد لـەنێوان هـەردوو چینـ
سەربازی و مەدەنی لە ئیمپراتۆریەتەكەدا.
جێگەی ئاماژە پێكردنە كە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی هاوكاری توركەكانـ
دەكرد لەدێر زەمانەوە ... كە هاوپەیمانیەتی لەنێوان تورك و بیزەنتیەكا
بەردەوام بوو ، ئەویش لەدوای سەدەی شەشەمی زاینی بەر لەبوونی وەا
نەتەوەیەكی دیار ، بەڵكوو وەك بنەماڵە بوون ... ئەو توركانەش لەرێز
سووپای بیزەنتی وەك گێرەشێوێن كاریان دەكرد .
هەروا لەلایەكی دیكەش كۆمەڵەیەكی دیكەیان لەرێزی سووپای ئیسلا
كاریان دەكرد ... كە ئەو سووپایە لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتـ
بیزەنتی مۆڵگەدار بوون دژی بیزەنتیەكان ... ئەو بنەماڵە توركانەش رۆڵێك
دیاریان نەبوو ، هەروا كاردانەوەیان لەسەر دەسەڵاتی بیزەنتی و ئیسلا
نەبوو ، تاكوو دەركەووتنی دەسەڵاتی سەلجوقیەكان لەسەر سنوور
رۆژهەڵات لەسەدەی پێنجەمی كۆچیدا .
لەو كاتەش دەسەڵاتی ئیسلام دەسەڵاتێكی لاوازبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتـ
بیزەنتی لە ناوچەكەدا ... كە دەسەڵاتی ئیسلام لە پەیوەندیەكی كەرت بوو
دەژیا لەبواری رامیاری و مەزهەبیدا .
هەر لەسەرەتای بوونی ئیسلام ، بە تایبەتی لەدوای كۆچی دوایی ئیمام
عەلی ، دوو مەزهەبی شیعەو سوونەی دژ بەیەكتری دەركەووت و ر
لەدوای رۆژ ئەو دژایەتیە پەرەی سەندو بەردەوام بووە تاكوو ئێستا ... بەا
دوای لاوازبوونی دەووڵەتی بیزەنتی و دەركەووتنی رێگەی خۆشكەر بـ
بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی و فراوان بوونی لەهەرێمەكەدا ... كە سـ
هۆكار بۆتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی ئەویش:-
ئایینی - ئابووری - رامیاری - هۆكاری دەركەووتنی سەلجوقیەكانیـ
قۆستنەوەی باری ئایینی ئیسلام بوو ، ئەویش لە پێناو بەهێزكردنـ
دەسەڵات و بوونی لەناوچەو هەرێمەكاندا ، بەرامبەر بە مەسیـ
دراوسێكانیان .



که ئەویش ئەرمەن و بیزەنتی بوون ، کەشەڕەکەشیان لایەنی خۆبەختکەری – جیهاد –ی گرتە بەر بەتایبەتی لەناوچەی – کەرج – کە دەکەوێتە شاری – تەفلیس – لەباکووری کوردستان .

هەروا هەرێمەکانی ئەرمەن ، کە ئەویش زۆربەی هەرە زۆری لەسەر خاکی کوردستان و دوای ئەویش بیزەنتیەکان ... لەو کاتەش – تگرل بەگ هەوڵەکانی ئەوەبوو هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی خۆی بێت و بنەماڵەی تورك زیادبکات ، بە رامیاریەتی بە تورك کردن لەنەتەوە جیاجیاکانی دیکە بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستان .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی – دکتۆر سەیفەدین کاتب – دار الشرق – بەیروت – سووریا /٢٠٠٥ .

١٠٥٨

١٠٥٨/٢/٢ قەڵای شاری مووسڵ کەوتۆتە سەر خاکە بەرزەکانی شاری مووسڵ کە دەڕوانێتە سەر زێی دیجلە ، لە هەمان کات چاوگەی کبریتە ، کە دەکەوێتە باکووری شاری مووسڵ– حەمام عەلی – کە کەس بەتەواوی نازانێ لەبنەڕەتا کێ ئەو قەلایەی دورست کردووە ، بەڵام لەو کاتەی کە کورد نیشتەجێی رۆژهەڵاتی زێی دیجلە بوونە بەپێی نووسراوەکانی گەرۆکی ناوداری جیهانی– زینەفۆن – بەر لە ٤٠٠ساڵ پێش زایین ، ئەو تەنیا کوردی دیووە لەو دەڤەرەی ئێستای پارێزگای مووسڵدا .

هـیچ نەتـەوەو دانیـشتاوانێکی دیکـەی لـەو هەرێمـە نـەدیووە . تـەنیا کور
نـەبێ ، چونکە زینـەفۆن و هاورێکـانی کـە لـە شاری بەغـدا بـەرەو ئـەو ناوچ
بەرێکەووتن و دوایی بەرەو شام هەنگاوویاندەنا .

١٠٦٣

١٠٦٣/١/٤ مردنـــی تگــرل بــەگ و جێگرتنــەوەی لەلایــەن ئەلــەب ئەرســەلان و لــە دوا
هەوڵێکی زۆر توانی سەرکەووتن بەسەر بیزەنتیەکان لەشەری – مەلازکرد
لــە بــاکووری کوردســتان بەدەســت بــێنیٚ لــە ســاڵی ١٠٧١ و ئیمپراتــۆر
بیــزەنتی– رومــانووس دیــۆگین – دەســتگیربکات و دوایــی ئـازادی کـرد .
ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە سنوورێك بۆ ئیپراتۆریـەتی بیـزەنتی دابـ
لە فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتەکەیان .



دوای مردنـی ئەلـەب ئەرسـەلان لـە سـاڵی ١٠٧٢ ، کورەکـەی مەلکشا جێگـ
گرتـەوەو ، لـەو کاتەشـدا کـە دەسـەڵاتیان درێـژبـبووەوە لـە رۆژهـەڵاتی چ
تاکوو دەریـای ناوەنـد ... لـە رۆژئـاوا دەسەڵاتەکەی تووشـی ملمـلانـیٚ بوو
لەگەڵ بوهیەکان و گزنوییەکان و فاتمیەکان و بیزنتیەکان ... لەدوای مرد
مەلکـشا لـە سـاڵی ١٠٩٢ دەووڵـەتی سـەلجوقی دابـەش بـوو ، لـە چـەند
ناوچەو هەرێمدا .

ئەویش وەك دەووڵەتی سەلجوقی لە شام و یەکێك لـە ئێـراق و ئەوەی دیکـ

لەکرمانی ئێرانی .... واتە ئێراق و ئێرانی ئێستا ... چونکە ئەو کاتە نە ئێراق هەبوو نە ئێران .... کە ئێراق ئەو کاتە پێی دەگووترا وولاتی نێوان دوو زێ ، واتە – میزۆپۆتامیا – و ئێرانیش پێی دەگوترا وولاتی فارس لەکێشووەرەکەدا .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی – دکتۆر سەیفەدین کاتب – دار الشرق – بەیروت – سووریا /٢٠٠٥ .

١٠٦٤

١٠٦٤/٣/٣ تیرۆرکردنی– ئەلەب ئەرسەلان – کە خاوەنداریەتی هەموو وولاتی فارس و وولاتی نێوان دوو زێی – میزۆپۆتامیا – ی هەبوو لەگەڵ نێووەی زیاتر لە باکوورو رۆژهەلاتی کوردستانی هەبوو، دوای کۆچی دوایی ئەویش کورەکەی – مەلیك شا– جێگەی گرتەوە ، لە هەڵسووراندنی کاروباری دەسەلاتەکەی لە سەر ئەو ناوچە و هەرێمانەی کە لە ژێر دەستیدا بوو لە کێشووەری ئاسیادا .

١٠٧٦

١٠٧٦/٨/٥ دامەزراندنی دەسەلاتی خەوارزم لە ژێر دەسەلاتی عەباسیەکان لە وولاتی خەوارزم لە باشووری دەریاچەی – ئارالْ – کە لە زێی جیحوونی دەکردەوە . ئەویش بەسەرکردایەتی سەرکردەی تورك – ئانووشتکین– کە باوکی قتبەدین محەمەد بۆی بە جێ هێشتبوو ، بە نازناوی خوارزمشا لە ١٠٩٧/١٢/٩ و بەردەوام بوونی تاکوو سالْی ١١٢٨دا .

هەروا محەمەد خوارزمشا توانی دەسەلاتی خۆی فراوان بکات لەسەر سگستان و دەسەلاتی غەزنوییەکان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی ... بەلام دوای هاتنی کورەکەی – ئاتسز – لە سالْی ١١٢٨ ، کە بووە یەکەم سولْتانی دەوولەتی خوارزمی و بەربەرەکانی مەگۆلەکانی دەکرد .



کــە ئەمــەش یەکــەم هەڵــە بــوو کــەکردی ، کــە مەگۆلــەکان هاتنــە نــاو
دەســەڵاتەکەی... بــەڵام دوای مردنــی لــە ســاڵی ١٢٠٠ کورەکــەی محەمــە
عەلائــەدین تکش ، تــوانی دەســەڵاتی خــۆی لەســەر هــەموو وولاتــی فــارس
بچەسپێنێ و هــەموو هــۆزو تیرەکــان بخاتــە ژێــر دەســەڵاتی خــۆی لە فارس
تورك و مەگۆلەکان .

ئەویش بەهۆی چەندین هەڵەی رامیاری بووە بە لە ناوچوونی دەوڵەتی
خــوارزمی لەســاڵی ١٢٣٠ ، بەدەســتی مەگۆلــەکان کــە دوا شانــشینەکەیان
جەلالەدین منکبرتی بوو لە کێشووەرەکەدا .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی –
دکتۆر سەیفەدین کاتب – دار الشرق – بەیروت – سووریا /٢٠٠٥ .

١٠٧٧

١٠٧٧/٧/٢٥ بە دابەش بوونی دەوڵەتی سەلجوقی گەورە لە شام و ئێراق و ئێران ، ل
ئاسیای بچووکیش ئیمارەتێك پێکهات بەناوی – سەلاجقەی رۆم – لە لایە
سلێمانی کوری قتلمیش و دەسەڵاتەکەی بەردەوام بوو تاکوو چووە نا
دەوڵەتی عوسمانی ... لە دواییدا پایتەختەکەی گوواستەوە بۆ شاری
قوتیە – لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە:– ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان – ئامادەکردنی –
دکتۆر سەیفەدین کاتب – دار الشرق – بەیروت – سووریا /٢٠٠٥ .

١٠٧٨

١٠٧٨/٧/١٤ رابەری ئاینی ئێزیدیەکان – شێخ عودەی کوری موسافر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .... شێخ عودەی مرۆڤێکی زاناو زیرەك و بەتوانابووە بە تایبەتی لەبەراوردکردن لە نێوان ئاینەکانی جوولەکەو مەسیح و ئیسلام ئەویش بە کۆکردنەوەی کتابە پیرۆزەکان و کتابەکانی دیکەی کە شیکردنەوەی ئاینیان تیا روون کرابووەوە .

لەسەرەتا داوای هەڵگری بڕوای ئاینی ئیسلامی کردووە ، بەڵام ئەم مرۆڤە بەهۆی دەستگیری بە تەسەوفی ئاینی و هەولی بەهێزو پتەوکردنی ئاینی ئێزیدی بووەو لەو هەوڵە بەردەوام بوو تاکوو لە ١١٦١/١٢/٢١ کۆچی دوای دەکات و تەرمەکەی لە مەڵبەندی ئاینی ئێزیدی لە لالشی دەنێژرێت .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شێخ عودەی لە ترسی دەسەڵاتی عەباسیەکان بەرەو لالش هەڵاتیەو لەوێ خۆی گرتۆتەوەو جێ نشین بووە .

هەروا بنەماڵەی شێخ عودەی کە کورد بوونەو لەناوچەی هەکاری سەریان هەڵداوەو بەرەو ناوچەی دهۆك و شەنگال هەنگاویان ناوە . کە چەندین بیروبۆچوون باس لە چۆنیەتی بیروبۆچوون و هەڵوێست و رەفتارەکانی شێخ عودەی کوری موسافر دەکەن .

بەڵام ئەوەی لە نووسراوەکان دیاری کراوە وەك :– مێژوونووس – کوری عەتبە – لە مێژوو داو ، هەروا یعقوب سرکیس و ، یان نەسا کتابی ، راهب رامیشوع و ، چەندین نووسەرو مێژووناس ، چ لە بارەی ئاینەوە و چ لە بارەی بوونی بنەماڵەی شێخ عودەی ، لێکۆڵینەوەیان کردووەو شێخ عودەیان بە مرۆڤێکی بەتواناو زیرەك زانیووەو دووپاتی کوردایەتی ئەم مرۆڤەیان

کردۆتەوە لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٠٧٩

١٠٧٩/٣/١٥ مێـــــــژوونووس و رووناکبیر - هەمزەی ئەسفەهانی - لە نووسینە مێژووییەکانیدا ئەلێت :- لە یەکەم سالّی کۆچیدا نەورۆز رێکەووتی رۆژی ٦/١٨ و رێکەووتی یەکەم رۆژی زولقیعدەی کردووە ... لەکاتی دەسەلاّتی خەلیفە متەوەکل دا رۆژی نەورۆز کە مەبدەئەکانی (جەمعی کۆکۆدنەوەی -خراج - بوو ... کە دوو مانگ پێشخرا .

مەبەست لە مەش زووتر باج کۆکردنەوە بووە ، لە سالّی ٢٤٥ی کۆچیدا .. خەلیفە موعتەزەر مێژووی کوردی کردیە بە ٦/١١. لە دووایيدا لەکاتی - مەلیك شا - ی سەلجووقی دا کە رۆژنامە گۆرا زانایانی گەردووناسی- فەلەك - بەمەبدەئەکانی سالّی تازەیان قبوول کرد . کە رێکەووتی ١٠/ رەمەزانی /٤٧١ ، کۆچی دەکرد کە بۆتە مەبدەئەکانی سالّی تازەدا .

هەروا لە وولاّتی میسریشدا جێگەی بروا بوو کە - مەقدیزی- و رێکەووتی /١٠ ، یاخوود /٩/١١ی دەکرد .. بە بڕوای خۆم . واتە هەمزەی ئەسفەهانی دەڵێ:-

مێژووی رۆژانی مەلیك شا زۆر بە جێیەو زۆر نزیکە لە راستی ، چونکە رۆژی یەکەمی بەهار ٣/٢٢ زاینی دەکات و کاکلەکەی وەك لەسەرەتا ئاماژەمان پێ کردووە ، کە نەورۆز یەکەم رۆژی بەهارە -

بەپێی نووسراوە جۆراو جۆرەکانی زاناو پرۆفیسۆرو نووسەرو مێژووناس و

جووگرافیناس ، دووپاتی دەکەنەوە کە هەریەك بە شێوەو شێوازێك و بە بیروو بۆچوونێك .

بەلام هەر هەموویان دووپاتی پابەند بوونی نەورۆز بە لە دایك بوونی زەردەشت دەکەنەوە ، هەر وەك لە دانراوە گرنگەکەی - ول دیوورانت - قصة الحضارات- بەرگی یەکەم ٢/١ ، لە وەرگێرانی - زەکی نەجیب محەمەدو محەمەد بەدران - و دانراوەکەی - سلێمان مەزهەر- قصە الديانات - وەرگێرانی کتابی پیرۆزی ئاڤێستا لەلایەن یۆنانیەکان هەر وەك لە - قصة الحضارات - باسی لێووە دەکات ... کە ئەم سێ سەرچاوەجێگەی بروا پێکردنن لە هەموو رویەکـدا .

هەروا لەو کاتەی کە زەردەشت لە دایك دەبێ بلێسەی ئاگر لەسەر گووندەکە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوەو دانیشتووانی گوندەکە هەموویان گووندەکە بەجێ دێلنو بەرەو دەشتایی رادەکەن ، دوای چەند کاتژمێرێك دەنگو باسیان دەگاتێ ، کە منداڵە چاوەڕوانکراوەکە لە دایك بووەو لەو ناوچەیەش خووێندەوار هەبووە بە تایبەتی قوتابیانی - بوورزین - کە مامۆستاو فێرکەری زەردەشت بووەو مرۆڤێکی زاناو روناکبیرو لیهاتوو بووەو لە هەمان کات جیا لە هەموو منداڵێکی لە دایك بوو زەردەشت بەدەنگێکی بەرز پێکەنیووە بە رووخۆشیو پێکەنینەوە.

دوای گەوورە بوونی زەردەشتو لە تەمەنی حەوت ساڵی بۆتە قوتابی- برزین کروس - کە بە لێهاتووترینو زیرەکترین قوتابی دەرچووە لە فێربوونی شعرو ووتارو کشتووکالو پیشەسازیو پزیشکیو چەندین بوواری دیکە ، کەماوەی هەشت ساڵ خووێندویەتی لەو کاتدا .

لێرەدا ووشەی نەورۆز یانی نووێ بوونەوە... ئاگری نەورۆزیش یانی بوونو سەرکەووتنو مووژدەو ئازایەتی و خەباتو قووربانی دان لە هەموو بووارە جیاجیاکانی ژیان لە دەسەلاتو پێشکەووتنو گەشەکردنو بەیەکەوە ژیان .

واتە لەدایك بوونی زەردەشت لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زاینو دوای ٤٨ ساڵ بۆتە ئاینی رەسمی ئیمپراتۆریەتی میدیا . ئەو ئاینە ئاینی رەسمی کوردیو فارسی بووە تاکوو هاتنی ئاینی ئیسلام ، ئەویش لە رێگەی بە

ئیسلامکردنی گەلانی ناوچەو هەرێمەکان بەتایبـــەتی کـوردو فارس . کە لە سـەرەتا بـەزەبری کووشـتن‌و بـرین‌و تـاڵان‌و سـووتاندن‌و تۆقانـدن کـراون بـە ئیسلام لە ڕێگەی فتووحاتی ئیسلامیدا .

واتە مووژدەی لە دایك بوونی زەردەشت ، ئەو بڵێسە ئاگرە بووە کە لە سەر ئـەو گوونـدەی کـە لێـی لـە دایـك بـووە ، کـە بـەرەو ئاسمـان بـەرز بۆتـەوەو نەورۆزیش بەر لەو مێژووە بە ٤٠ ساڵ بە ڕەسمی بوونی خۆی سەلماندووە ، بە مێژووی بوونی نەتەوەی کوردو کوردستان‌و گەلانی هاونژاد کە ئاری بوونە.

لەگەڵ ئەوەشدا میدیەکان ٨٣٧ ساڵ بەر لە مێژووی زاین ، کە دوا هـەواڵ لـە بـارەی دەسـەڵاتی میدیـەکان ، کـە لـە تابلۆیـەك تۆمـار کـراوە لـە لایـەن – سلمانسری سێیەم – کەبەرەو شارۆچکەی – پارسوا – هەنگاوینـاوە لە چیاکانی کوردستان ، کە لەو کات ٢٧ سەرۆك‌و ئەمیر دەسەڵاتداریەتی ٢٧ وویلایەتیان دەکرد ، کە پێیان دەگوتن– ئەمادای ، مادای ، میـیدیین – کە نەژادی – هنـووری – بوونـەو پایتەختـە کەیان وویلایـەتی – ئیکباتانـا– ی هەمـەدانی ئێـستا بـووە ، کـە زیـاتر لـە چـوار ریـان بـووە هـەر وەك لـە کتـابی(تـەوراتی) جولەکـەکانیش باسـی کـردووە کـە بـە دەووڵـەتی ماددیـەکان ناوزەند بووە .

کە لەو کاتە بوونی فارس‌و هیـچ نەتەوەیـەکی دیکـە لـە ناوچـەو هەرێمـەکانی ژێـــر دەســـەڵاتی ئـــەو ٢٧ ئیماراتـــە نـــەبووە ، کـــە توانیویانـــە بـــەرگری لەدەسەڵاتەکەیان بکەن‌و هـەر سـەرکەووتنێکیان بەدەسـت هێنابایـە ، ئـەویش بە رزکردنەوەی بڵێسەی ئاگر بۆتە هێمای سـەرکەووتنیان ، چونکە لـەو کات لـەو کارەیـان زیـاتر بـە دەسـتەوە نـەبووە . وەك ئێـستای ڕاگەیاند کە هەیـەو بـەردەوام بـووە تـاکوو توانیویانـە مێـژووی کـورد سـەقامگیر بکـەن لەیەکـەم ڕۆژی بەهار کە ١/١/١ ساڵی کوردیە.

کە تـاکوو ئێـستاش وەك هێمایـەکی بـەرز ڕاگیراوە ، کـە جـەژنی نەتـەوەیی ڕاستەقینەی کوردە لە جیهان ، ئەویش نیشانەکەی بەبەرزی بڵێسەی ئاگری نـەورۆزە بـە نـویێ بوونـەوە لـە هـەموو بوارەکـانی پەرەسـەندن‌و پێشکەوتن‌و گەشەکردن .

ئەمـە لـە لایـەك و لەلایـەکی دیکـەش وەك لەسـەرەوە باسـم کـرد ، کـە قـصـە الحضارات زۆر بە پێزی باسی لە میدیـەکان و زەردەشـت و ئاینی زەردەشتی دەکات ، کە هـەتا دارای یەکـەم یـەکێك بـووە لـە کوڕەکـانی زەردەشـت ، کـە پەیووەندیە سەرەتایەکانی نێووان گەلانی ناوچەو هەرێمەکە لە نێوان کوردو یۆنـانی و ئیتاڵیـەکان هـەبووەو ئـەوان سەرچاوەی ناوزەنـدی میـدیا بوونـە ، هەر وەك لەقصة الحضارات باسی لێووە کردوە.. بەڵام کورد..!.

تێبینـی:- باوکی زەردەشـت نـاوی - بوورشاسـبا - بـووە و نـاوی دایکـی - دگدوڤا- بووە .

١٠٨٦



١٠٨٦/٤/١٨ زۆر جـار باسـی ئـەوەمان کـردووە ، کـە سـەلاحەدینی ئـەیوبی هەسـتی نەتەوایـەتی و نیـشتیمانی زۆر لاوازبـووەو بـڕوای بـە نەتەوەکـە و نیـشتیمانەکەی نـەبووە ، بـەڵکوو هـەموو هەوڵـەکانی لـە دەسەڵاتەکەیدا بە هێزکردنی عەرەب و فراوانکردنی سنووری جووگراڤ خاك بووە ، بۆ عەرەب لە ڕێگەی ئاینی ئیسلام بە هێزکردنی ، و گەر سەلاحەدین نەبوایە ئاینی ئیسلام دەگەڕایەوە سەر دۆخی جارانی لەکاتی پێغەمبەر - د.خ - لـە چوارچێوەی دوورگـەی بیابـانی عـەرەبی و یەمـەن و زیـاتر نـا ، بـە هۆی دژایەتی کردنی ئەو ئاینە لەلایەن ئاینی مەسیحی و ئاینەکانی دیکەی وەك ئاینی مانی و زەردەشتی و جوولەکە . کە هەوڵەکانی سەلاحەدین تەنیا شەڕکردن و دژایەتی کردنی مەسیحیەت بوو ، لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان ، لە شام و وولاتی نێوان دوو زێی و ئەفەریکیا و چەندین جێگەی دیکە بە

تایبەتی لەسەر خاکی کوردستان .

بۆ نمونە : – سەلاحەدینی ئەیوبی لەوکاتەی هەرێمی دیار بەکری خستە ژێر دەسـەڵاتی خـۆی بـەهیچ شـێووەیەك یارمـەتی ئـەمیرەکانی کـوردی نـەدەدا و بەتایبەتی بنەماڵەی نەوەی مەروان – دوستەکیەکان – کە خاوەنی دەوڵـەتی دۆسـتەکی کـورد بـوون .... و لەهـەمان کـات هاوکـاری نـەکردن بۆ ژیانـەوەی دەووڵەتەکەیان و ئیماراتەکانیان.

بـەڵکوو بە پێچەوانەوە یارمەتی نورەدین محەمەد قرە ئەرسەلانی نـەوەی – ئـەرتق – ی سـەرکردەی دەووڵـەتی سـەلجوقیەکانی دا ، کـە ئـەوان بـوون دەووڵەتی دۆستەکیان لەناوبرد .

لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەلاحەددینی ئـەیوبی کتێبخانـەی گـشتی دیاربـەکری تـالانکرد کـە زیـاتر لـە ١,٤٠٠,٠٠٠ ملیـۆن کتـابی ئیـسلامی و رامیـاری و نەتەوایەتی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و شیعرو نامەی تیابووە ، کە گەوورەترین کتێبخانە بوو لە جیهانی ئیسلامی ئەو کات . بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامەی کە لە سەربوونی کوردی تیابوو .

هەروا سەلاحەدینی ئەیوبی یارمەتی کوردی نەدەدا لـەو کاتـەی شۆرش دژی تورکمـانی داگیرە هاوردەکـانی بـەرپاکردو هـەتا لـەو پەیمانـەی کە لە نێوان کوردو تورکمان مۆرکرا لە ساڵی ١١٨٥ ، کە ئارەزووی نەدەکرد کورد بـەهێزو سـەرکەوتووبێت لـەژێر دەووڵـەتی کـوردی ..... بـەڵام ئـاواتی ئـەوەبوو کـورد بۆلای خۆی راکێشێ و بیانبات بۆ شام و وولاتی میسر ، بە شەرپێکردنیان دژی سەلیبیەکان .

هـەروا نمونەیـەکی دیکـەش ، کەلەو کاتـەی لـە زێـی گـەوورەوە تاکوو کۆتـایی ناوچـەی شـارەزوور لـە باشـووری کوردسـتان ، لـە بـەر دەسـتیدابوو بـەپێی پەیمانی لەگەڵ بنەماڵەی ئەتابەکیەکان لە ساڵی ١١٨٥ لە مووسڵ و ئیمـارەتی – قەمجاقیە – ی تورکمانی ژیاندەوە ، لـە کـەرکوك و شـارەزوور لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ... واتـە یارمـەتی دەری عـەرەب و تورکمـان بـوو دژی کوردو خاکی کوردستان .

لەبەر ئەوەی بە عەرەبکردن و داگیرکردنی خـاکی کوردسـتان بەچوار قۆناخـدا تێ پەر دەبێ ئەویش :–

یەکەم : قۆناخی دووەم ، لە ڕێگەی فتووحاتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی خەلیفەی ئیسلام عومەری کوری خەتاب لە ناوچەکانی پارێزگای مووسڵ و کەرکوك و دیالەو کووت وبەرەو خاکی کوردستان ، لەئەنجامی شەڕی خوێناوی لە نێوان کوردو عەرەبی هەڵگری ئایینی ئیسلام .

دووەم : لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی ، کە شەڕی دژی سەلیبیەکان کردو کورد بووە هۆکاری سەرکەووتنی دەسەڵاتەکەی ، بە بەرفراوانکردنی سنووری جووگرافی عەرەب و بەهێزکردن و ژیانەوەی ئاینی ئیسلام .

سێیەم : لەگەڵ ڕاگەیاندی دەووڵەتی عوسمانی ، کە ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوو لەماوەی زیاتر لە ٤٥٠ ساڵ ، کە ئیپراتۆریەتی عوسمانی تورك بەهۆی بەرگری کردن لە ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام ، گەیشتنە ئەو قۆناخەو عەرەب بەلێشاو بەرەو خاکی گەلان ، بە تایبەتی کوردستان دەهێناو نیشتەجێی دەکردن و کوردی دەربەدەر دەکرد لە سەر خاکی کوردستان بە تایبەتی لە باشووری کوردستان .

چوارەم : لەدوای وەرگرتنی دەسەڵاتی بەعس لە سووریاو ئێراق ... بە شێووەو شێووازی نوێی بەعەرەبکردن و داگیرکردنی خاکی کوردستان بەهێزوپتەوتربوو ، لە ژێر دروشمە شۆڤینیەکانیان– ئوومە عەرەبیە واحید – زات رسالە خالیدە – ئێراق و سووریای عەرەب و چەندین دروشمی دیکە.... ئەمە جگەلە تورك وفارس لەناوچەو هەرێمەکەدا لەسەر خاکی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

سەرچاوە:– سوود لەکتابی – حدود كوردستان الجنوبيە تاريخاً و جغرافياً – وەرگیراوە .

١٠٩٢

١٠٩٢/١١/١٨ کۆچی دووایی مەلیك شای فارس لە شاری بەغدا ، کە لەوکات ئەو والی بەغدا بوو، کە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدای کردبووە مەڵبەندی گەردووناسی ، لە ڕۆژانی دەسەڵاتی ئەو ئیسلام چووە قۆناخی هێمای سەرکەووتن هەتا لە ووتارە ئاینیەکانی ڕۆژی هەینی بەناوی ئەو دەخووێندرایەوە لە شارەکەدا .

١٠٩٥

١٠٩٥/١/١١ جوولانەوەی خاچەكان بەر پەرچدانەوەیەكی مەسیحیەكان بوو رووەو ئیسلام ... كە رەگـەكانی دەگەرێتـەوە لـە گـەڵ سـەرهەڵدان و پەیـدابوونی ئایینی ئیـسلام ... هـەروا دەركردنـی ئیـسلامەكان لـە دوورگـەی عـەرەبی و روو بەرووبوونەوەی لە نێوان ئیسلام و بیزەنتیەكان ... ئەم جوولانەوەیەش وەك جەستەیەكی زینـدوو بـوو لـە ماوەی چەند سـەدە ، ئەمـە كـاری كـردە سـەر گۆرانكاری لـە قۆناخێك بۆ قۆناخێكی دیكە و بەردەوام بوونی تاكوو ساڵی ١٢٩١ ... كـە ئەمـەش هۆكـارێكی بـوو چـەندین لایەنـەی لـە خـۆ دەگـرت .ئەویش:-

یەكەم :- هۆكاری ئایینی و بیروو بۆچوون بوو ، لە سەر رێنمایی و ئامانج و ئاواتەكانی داهاتووی ئەم دوو ئاینە لە سەر گۆی زەوی و دوا رۆژەكەشی قیامەتە لە دوای نەفخە سوورەكەدا...؟...!.

دووەم :- هۆكـاری نەتـەوەیی و بـوونی خـاك و دەسـەڵات بـوو ، لەهـەموو بوراەكـانی رامیـاری و ئـابووری و بازرگـانی و سـەربازی و شـووێنەوار و شارستانیەت لە جیهاندا .

جووڵانـەوەی خاچـەكان لـە ئـەورووپای رۆژئـاوا سـەری هەڵـداو بـەرەو هێرشكردنە سەر ئیسلام و عەرەب بوو ، لە كێشووەری ئاسیا ، بەتایبەتی لەدوورگەی بیابانی عەرەبی ، كە وولاتی یەمەن و سعوودیەی ئێستا دەگرێتە خۆ ... هەروا بوونی ئیسلام لە شام و ئێراقی ئێستاو ئەنادۆڵی توركی ئێستا ، كە بەشێكی گەورەش كوردستانی گرتەوە ، بە تایبەتی لەباشوورو باكوور لە كێشووەرەكەدا .

ئەمەش دەگەرێتەوە سەر ئەو هۆكارانەی كە كۆمەڵگای رۆژئـاوا لـەو ماوەیـەدا كێشەو ململانێی توند و تیژی نـاوخۆیی بەخۆوە دیت ، لە نێوان ئەمیرانی دەرەبەگایەتیدا ... كە ئەمەش ببووە هـۆی بێزاری و بڵاوبوونـەوەی برسیەتی و رووخاندنی ژێرخانی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە كێشووەرەكەدا .

سەرچاوە:- سەلاحەدینی ئەیوبی - موسوعه الحروب الصلیبیه
-دانانی دكتۆر سلابی - چاپی یەكەم - بەیروت /٢٠٠٨.

١٠٩٩

١٠٩٩/٧/١٥ لە ئاکامی شەڕیکی کووشندەو دڕووار لە نێووان هێزە چەکدارەکانی ئیسلامو مەسیحی ، لە ئەنجام شاری قوودس لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سەلجووقی داگیر کراو - گود فروادی بۆبۆن - کرا بە شانشین لەسەر شاری قوودس و دەوورووبەری ، ئەمەش لەشالاوی دووەم بوو ، کە لە شەڕی خاچەکان کە ڕێکخرابوو لەلایەن دەرەبەگە فەینسەکان و ئیتایەکان بەسەرکردایەتی - گودفروادی بۆبۆن- و - ریمۆن دوسانجیل- و - هۆگ دومیرفرو- و - یۆهیمۆندی یەکەم - و- ئەمیر تارانتیا - کە توانیان لەو شالاوە شاری ئەدیسە بخەنە ژێر دەستیان و دوایش شاری تارس و ئەنتاکیەدا .

بەر لەوەش شاری قوودس داگیر کرابوو بە دامەزراندنی شانشینەکە و دامەزراندنی ئیمارات لە شارەکانی ئەنتاکیەو ئەدیسەو تەرابلسدا .

١١٠٨

١١٠٨/٨/١١ بە هۆی رووخاندن و چاکردنەوەی شوورەی دەووری شاری مووسڵ لە لایەن بەرپرسان و والی ئەو کاتەی پارێزگای مووسڵ ، بە تایبەتی لە دوای داگیرکردنی لەلایەن ئیسلام ، لە هێرشەکانی فتووحاتی ئیسلامی کە یەکەم خەمخۆری ئەم شوورەیە - پەرژین - کە سایەتی ناوداری کوردو سەرکردەیەکی لێهاتوو عیمادەدین زەنگی بووە .

کەناو زەند بوو بە سەرکردەیەکی تورک ، کە ئەوکات تورک لە پارێزگای مووسڵ و جەزیرو شام نەبووە ، بەڵکوو سەرکردەیەکی کورد بووە و کە بۆتە

والی موسل دەستی کردووە بە بنیاتنانەوەی شوورەکە بەشێوەیەکی رێك و گوونجـاو ، بـە دروسـت کردنـی خەنـدەقێك لـەرووی دەوروبـەری شـوورەکە لەپێناو بەرگری کردن لەلایەك و ، لە پێنـاو بەهێز کردنـی دەسـەڵات لـە شـاری موسل ... لەدوای ئەو مێژووەدا .

جیگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە شـوورەی مووسـڵ ، بـۆ یەکـەم جـار لەلایـەن سـەعیدی کـوری عەبـدوڵڵا نەخشەی بـۆ کێشاوە ، ئـەویش کـە خەلافـەتی وەرگـرت دوای بـاوکی لـە سـاڵی ٦٨٥ بـە بنیاتنانـەوەی ... دوای ئـەویش لەلایەن مەروانی کوری محەمەد ، ئەویش بە فراوانکردنی شوورەکەو مانەوەی تاکوو وەرگرتنی خەلافەتی مووسڵ لەلایەن هارونە رەشید لە ساڵی ٧٩٧ ، کە ئەو شوورەکەی رووخاند .

بەڵام بەهۆی شۆرشی شاری مووسڵ و ، مووسڵ بەبێ شوورە مایەوە تاکوو بـوونی شـەرەف دەولـە ئەلعقـەیلی ، کـە ئـەویش هەڵـسا بەدروسـتکردنی شـوورەیەك بەشـێوەیەکی ناتـەواو .... تـاکوو هـاتنی عیمـادەدین زەنگـی لەساڵی ١١٠٨ بەناوی دوو گۆرەپان ... ئەویش سووری سەلجوقی و سووری ئەتابکی کە ئەمانە لەلایەن زەنگی دروست کرابوو .

شوورەی شـاری مووسـڵ ٩ دەرگـای هـەبووە ، لـەکاتی ئـەتابکی کـە دەرگـای عیمـاد لەسـاڵی ١١٣٣ لەگـەڵ چـەندین نـاوی دیکـە لەشـارەکەدا ... دەبێـت ئەوەش بزانین کەشاری مووسڵ ، یەکەم خشتی ئاوەدانکردنـەوەو بنیاتنـانی لەلایەن کورد بووە ، بەر لە ٤٢٠ ساڵ پێش زایـن ، لـە پردی ئاسنینی شـاری مووسڵ پردی نوێی ، کە سەدام حوسێن لەسەر زێی دیجلە دروستی کردبوو ... واتـە کـورد لـە رۆژهـەڵاتی تـەواوی شـاری مووسـڵ بوونیـان هـەبووە و لـە ۆژئاوای زێکەش ئاوەدانی تیانەبووە ، تاکوو دوای مێژووی زاینی و کۆچی ئیسلامیش لەشارەکەدا.

١١١١

١١١١/١٢/١٨ کۆچـی دووایـی نووسـەرو ئـەدیبو رووناکبیری نـاوداری جیهـانی ئیمـامی غەزالی . کە رۆڵی کاریگەری هەبوو لە بووارەکانی رامیاریو کۆمەلایـەتی ، بـە تایبەتی لە بوواری ئاینی وەك رابەرێك.



تێبینـــــــی:-
ئەمـــــــەش وێنــــــەی
گۆڕەکەیەتی

١١١٧

١١١٧/٥/٥ نورەدین مەحمود کوری عیمادەدین زەنکی ، لە شاری حەلەبی شام چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... دوای ئەوە لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا لە ساڵی ١١٥٥ بۆتە فەرمانرەوا .... کە فەرمانرەوایەکی داد پەروەر بووە و لە رێی ئایینی ئیسلام زۆر شەڕی کردووە .... هەروا قەڵاو پەرژین و دیواری لە زۆر گوندو شارۆچکەو شارەکان دروستکردووە ، لە پێناو بەرگری لە خۆو دەسەڵات کردن لە ناوچەکەدا .

هەروا زۆر فێرگەی خوێندنی ئاینی دامەزراندووەو ماوەی ٢٨ ساڵ فەرمانرەوایی کردووە تا لە ١١٧٣/٨/١٢ کۆچی دوای دەکات .

لێرەدا بە پێی سەرچاوەکانی مێژووی رەسەنی کورد شەرەفنامەو کوردو کوردستان و میدیا ، وا دەردەکەوێت کە هەر لە سەرەتای ساڵی زاینی و بەر لەساڵی زاینیش کورد ، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی کێشووەری ئاسیا دەسەڵاتداربوونە ، چەند فەرمانرەواو چەند ئەمیرو چەند شانشین و بەتایبەتی لەوڵاتەکانی میسرو شام و وڵاتی نێوان دوو زێ -میزۆبۆتامیا - و وڵاتی فارس و باکووری کوردستان و ئەنازۆڵ .

بەڵام بەداخەوە ئاورێک لە مێژووی سەرکردە کوردەکان و بەراوردێك لەنێوانیان و لەگەڵ سەرکردە سەرهەڵدانەکانی بەر لەساڵی زایینی و دوای ئەویش ، بەتایبەتی لەدوای بوونی ئاایینی ئیسلام و ، دوای ئەویش و بەر لەویش ، لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەکانی رۆمان و مەگۆڵ و بیزەنتی و عوسمانی و فارسیدا .

بەڵام بەداخەوە لە هەموو بارودۆخێك و قۆناخێك و سەردەمێك قوربانی دانی کورد بەسەرکردایەتی کورد چ لە شەڕی خۆکوژی و چ لە شەڕی دووژمنانیان ، بۆتە یارمەتی دەری دروست بوونی دەووڵەت و دەسەڵاتی وڵاتی دیکەی

نەتـەوەی غـەیرە کـوردو ، هـەتا دروسـت بـوونی نەتـەوە لەسـەر بەرژەوەنـد
کـوردو ، پاراسـتنی بەرژەوەنـدی تایبـەتی سـەرکردە کوردەکـان لەسـەرەتا
بـوونی کـورد بـەر لـە ٢٠٠٠ هـەزار سـاڵی زایـینی وتـاکوو نووسـینی ئـ
مێژوونامەیەدا.

هەر بۆ بەشی کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتووە ، نەك لەلایە
گـەلی کوردسـتان لـە سـەر خـاکی کوردسـتاندا ، بـەڵکوو هۆکارەکـە
سەرکردایەتی کـورد بـوو و لـەو شـووێنانەی کـە تیـای دەسـەڵاتداربوونە ، ل
هەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١١١٧/٥/٥ بەشی رۆژئاوای مەڵبەندی ناوچیا – اقلیم الجبال – بە کوردستان ناوبراو
، مستوفی دەلێ:–
لـە دەوروبـەری نیـوەی سـەدەی شەشـەمی کۆچـیدا سـوڵتان سـەنجەر
سەلجوقی ئەو ناوچە چیایەی کرماشانی جیاکردەوەو ناوینا – کوردستان
هەروا سولەیمانشای برازای خۆی لەسەر داناو باج و پیتاکی کوردستان لە
کات دوو ملیۆن دینار بوو ..... کە لە دانیشتووانەکە وەردەگیرا .... هـەروا
مـروج ئەلزەهـەب –ی مەسـعوودی لـە سـاڵی ٩٤٣ زایـنی نـاوی چـەند هـۆز
کوردی هێناوە ئەویش :–

١– شاهیجان :– لەلای دینەوەرو هەمەدان .
٢– ماجوردان :– لە کەنگاوەر .
٣– هەزەبانی دیرات :– لە ئازربایجان .
٤– هەروا شارنجان :– لازیا ، مازدنکان ، باریسان ، جەلالی ، جەیارق
. جاوانی موستەکانی . ئەمانە لەناو چیاکان دەژیان .
٥– دەیابلا :– لە شام دەژیان .

هـەروا کـوردە مەسـیحیەکان وەك تـیرەی یـەعقوبی – جورقـان– لـە موسـل
چیای جودین .... جگە لەمەش ناوی سەدان هۆزو تیرەی کورد نووسراوە .
سەرچاوە:– شەرەفنامە . ل/١١٩–١٢٠ .

١١١٩

١١١٨/٨/١٦ کۆچـی دووایـی سـولتان محەمـەدی سـەلجووقی ، کـە دوای خـۆی کوڕەکـەی
مەحمود جێگەی گرتەوە لە سەر دەسەڵاتدا .

١١١٩

١١١٩/٤/١٤ ئایینی ئیسلام کاریگەری بە هێزی لە سەر دەروون و هەست و نەستی گەلی کوردستان هەبووە ، ئەویش بەهۆی داگیرکردن و بە عەرەب کردن و بە ئیسلام کردن و داگیرکردنی خاکی کوردستان و مانەوەی بە دەیا ڕێگەی جۆراو جۆری ڕێبازی ئایینی وەك تەریقەتەکان .

که لەدوای تەریقەتەکانی مروڤیە و بەر لەوەش دەیا تەریقەتی دیکە هەبوونە وەك ، تەریقەتی حەیدەری و سەهروەردی و خەڵوەتی ... هەروا تەریقەتی – رفاعی ، کە لەلایەن ، ئەحمەدی رەفاعی – هاتۆتە کایەوەو تەکیەکانی لەشارەکانی کەرکوك و جەلەولاو مەندەلی هەبووە .

ئەم تەریقەتەش هەر لە زووەوە پێگەی لەکوردستان داکوتا و تەشەنەی کردووە لە هەرێمەکەدا . بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکانی دەوورووبەری شاری بەغدا ، لە بەر ئەوەی ئەم تەریقەتە لە ناوچە عەرەب نشینەکانی دەوورووبەری بەغدا سەری هەڵداوە.

بۆیە لە بەر ئەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ناوچە کوردیەکانی کوردستان لە هەرێمەکەدا ... هەروا تەریقەتی – کوبرەوی – کە لەلایەن شێخ نەجمەدین کوبرەوی خوزامی لە ساڵی ١٢٢٠ ی زایینی دامەزراوە ... ئەم تەریقەتەش لە ئاسیای ناوەراست و ئێراندا پەیرەوانی هەبووە و شارەزایانی ئەم تەریقەتەش لە کوردستان هەڵکەوتوون .

واتە ئەو ڕێبازو بیروبۆچوونە جیاجیایانە کاریگەری لە سەر باری کورد لە کوردستان هەبووە ، نەك لە پێناو سوود مەندیەتی گەلی کوردستان بەڵکوو بەزیان بەخشی کورد لە هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا لە سەر خاکی کوردستان . ئەویش کاریگەری لەسەر لاوازکردنی هەست و بروای نەتەوایەتی ونیشتیمانی و زاڵ بوونی بروای ئایینی لەسەر بروای نەتەوەیی و نیشتیمانی ، بێ ئەوەی گەلی کوردستان هەست بەو کاریگەریە بکات بە هۆی زاڵ بوونی کەسایەتی ئایینی ، لەپێناو کەسایەتی و بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر بەرژەوەندی گشتیدا لە هەرێمەکەدا .

١١٢٧

١١٢٧/١/١١ دروستکردنی منارەی سەنگاڵ لە هەرێمی باشووری کوردستان لەلایەن – بەندەی هەژاری کوردی تاق سنقر – کە بەرامبەر مانگی موحەرەمی ساڵی

٥٢١ کۆچی دەکات .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە ، کـە دروسـتکردنی شـەنگاڵ دەگەڕێتـەوە بـ



قۆناخـەکانی مێـژوو .... لــە بـەر ئـەوە چەندین شووێنەواری دێـرین و پاشمـاوەی شارسـتانیە جیاجیاکــان لــە ناوچـەکە دەبینـرێ ، کـە زۆر لەگەشـتیارو گەریـدەی ئـەوروپایی سـەردانی شـەنگاڵیان کـردووەو یاداشـت و رۆمـان و چیرۆکی ئەفسانەیا لەسەر نووسیووە ، بەپێی خواستی خۆیان , لەوانەش گەریدەی ئینگلیزی جیمس بنکهام – لە ساڵی ١٨١٦ ، کە لە شام بەرەو شەنگاڵ رۆیشتووە لەرێگـەی نەسبین .... لـە نێـوو جەرگـەی شـەنگاڵ چـاوت بـە ، فـەرجاخ و دوورەیـە عـەباس و ، چـەندین شـووێنەواری دیکـە دەکـەوێت و جگـە لـەوەش چاوت بە شـوورەی رۆمـان دەکـەوێت ، کە لـەوکات رۆمانـەکان مـاوەی ٧٠٠ ساڵ داگیریان کردووە .

هـەروا لـە ساڵنامەی وویلایـەتی مووسڵی عوسمانیدا هـاتووە ، کە شـەنگا بەیەکێك لەناوچەکانی جەزیرە دەژمێردرێت ، کە دانیشتووانەکەی لە کورد ئێزیدیـەکانن و دەکەوێتـە رۆژئـاوای شـاری مووسـڵ ... هـەروا بـەپێ سەرچاوەکانی بوونی کوردە ئێزیدیەکان لە ناوچەکەدا ، دەگەڕێتەوە بۆ بـ لە دامەزراندی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری .

شـەنگاڵ لەسـەرگردو تەپۆلکـەی قـەدپاڵی چیای شـەنگاڵ دامـەزراوەو لـ بـەرزترین لووتکـە کـە ٤٨٠٠ پـێ لەسـەر ئاسـتی دەریـا بەرزدەبێتـەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٢٢ و ٣٦ ی باکوورو هێڵی درێژی ٤٧ و ٤١ ; رۆژهەلات لە ناوچەکەدا .

بەمـەش ئـەم شووێن و پێگـە جووگرافیـە لـە رابـردوودا یارمـەتی داوە ببێت دووریـانی رێگاکـانی کاروانـە بازرگانیـەکان ... لێـرەدا مـن بـەکوورتی باسـ

شەنگالم کرد ، بەهۆی ئەوەی مێژوونامەکە بەوەندە رازیە نەوەك کتێبێکی تایبەتی لەسەر شووێنەکانی کوردستان .
سەرچاوە :- گۆڤاری لالش – ژمارە / ٢٣ .

١١٢٧/١/١٧ دامەزراندی دەوولـەتی – ئەلئەتابکیە- لە شاری حەلەبی ئیستای سووریا لەلایەن عمادەدین زەنکی ... ئەویش لە دوای گەمارۆدانی هێزی خاچەکان لە ساڵی ١١١٧ ، کە لەو کاتە دانیشتووانی ناوچەکە دەووریان لە نەجمەدەین ئەیلگازی دابوو دژی خاچەکان لە شەڕی – سهل بلاگ – لە ساڵی ١١١٩ و دەستگیرکردنی سەرکردەکەیان – روگیە داسالرنۆ – ی ئەمیری ئیناکیەکان ... دوای ئەوە حەلەبی کردە خاوەنداریەتی خۆی و دەوولـەتی ئەرتەقیەی لێدامەزراند . .

بەڵام لەلایەن عمادەدین زەنکی لە ناوبرا ... دەووڵەتی ئەتابکیە دەگەراوە بۆ عمادەدینی زەنکی کوری ئاق سنقر ، کە – ئەتابك – باش جێگر کە سوڵتانی سەلجوقی ئێراق بووە .... لەساڵی ١١٣٢ بووە والی لە سەر مووسڵ و دەووڵەتی ئەتابکیەی لێدامەزراندا ... دوای ئەوە عمادەدین لەساڵی ١١٢٧ توانی شاری حەلەب داگیربکات بەلە ناوبردنی دەووڵەتی ئەرتەقبە .. بەڵام دوای ئەوە عمادەدین لەساڵی ١١٤٦ تیرۆرکراو دەووڵەتی ئەتابکیە دابەش بوو بە دوو دەووڵەتلە ناوچەکەدا .

یەکەمیان :- لە شاری حەلەب و ، دووەمیان :- لە شاری مووسڵ .. دەووڵەتی ئەتابکیە لە مووسڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەیفەدین غازی یەکەمی کوری عمادەدین و بەردەوام بوو لەدەسەڵاتەکەی تاکوو ساڵی ١٢٦٢ ... بەڵام دەووڵەتی ئەتابکیە لەحەلەب بەسەرکردایەتی کورەکەی نورەدین ... دوای ئەوە شاری دیمەشقیشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەرێمی شامی گرتە خۆ و لەدوای مردنی لە ساڵی ١١٧٣ کورەکەی سالح ئیسماعیل جێگەی گرتەوە ، دوای ئەوە سەلاحەدینی ئەیوبی لە ١١٧٣/٨/١٣ خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە ئەو بنەماڵەیە دژی خاچەکان لە شەڕو پێك دادان و فراوانکردنی دەسەڵات بەردەوام بوون لە هەرێم و ناوچەکاندا .

سەرچاوە :- ئەتلەسی مێژووی عەرەب وجیهان – ئامادەکردنی دکتۆ سەیفەدین کاتب– دار الشرق – بریروت – سووریا /٢٠٠٥

١١٣٠

١١٣٠/١٢/٤ سولتان مەحمودی محەمەد – مەلیك شا – كۆچی دوواییی كرد ، كە لە دوای خۆی كوڕەكەی جێگەی گرتەوە ، كە لە هەمان كات رووبەرووی مەسعوودی مامی بووەوە ، كە بووە هۆی بەرپابوونی شەری نێووان مامو برازا ، كە لە ئەنجام بەسەر مامی سەركەووتو لە دەسەلاّتەكەی بەردەوام بوو.

١١٣٢

١١٣٢/١١/١٢ عمــــــادەدین زەنگی هێرشێكی ســەربازی كــردە سەر قەلای عەقرە وداگــیری كــرد و دەســـتی كـــرد بەرووخانـــدنی پەرژینەكـــەی – دیــوار– بـە هـۆی ئـــەوەی كـــە دانیشتووانەكەی پشتگیریان لەخەلیفەی عەباسی ئەلمستەرشد بلای عەباسی دەكرد ... لەو كاتەی كەگەمارۆی شاری مووسلّی دا ، كە عیمادەدین زەنگی حووكمرانیـەتی پارێزگـای مووسـڵی ئێـستای دەكـرد ...و لـەو كاتـەی كـە سولتان حوسین ئەلولی كوری سولتان حەسـەن بـەگ – دەسەلاتی ئیمارەتی بادینانی لە ١٥٣٤ گرتە دەست .

دوای ئـەوەی كـە ئیمـارەتی بادینـان بـەرەو بـەهێز بـوون هـەنگاوی دەنـا لەبوارەكانی ئاوەدانكردنەوەو ئابووری ، هەلسا بەنۆژەنكردنەوەی پەرژین – دیوار– ی رووخێنـدراوی قەلای عـەقرە وئاوی لەهەمان شووێنی جێگـەی بە دانیشتووانەكە گەیاند.

هەروا مێژووی نوێ كردنەوەی لە سەر دیوارەكان نووسی ... ئەویش لە سەر بـەردێكی مەرمـەڕ وەك تابلۆیـەك ، كـە ئێستا ئەو تابلۆیـەش لەشـاری لەندەنە بــەهۆی داگیركردنــی لەجــەنگی یەكــەمی جیهــان ... كــە قــەلای عــەقرە

ژێرزەمینێکی تیایە کە تاکوو ئێستا نهێنیەکانی دیارنیە... دوای ئەوەش هێزەکانی سووپای عوسمانی بەسەرکردایەتی مستەفا رەشید پاشا هێرشیان کردە سەر عەقرەلە هەرێمەکەدا .

بەلام دانیشتووانی قەلای عەقرە بەرگریان لەقەلاکەیان کردووە... کە ئەویش بووە هۆی ئەوەی کەمستەفا رەشید دوو لوولە تۆپەکانی لە سەر گردی بواجە لە قەلاکەو کە تاکوو ئێستاش کە ناوزەند بووە بە – کری – تۆپا ، یاخوود – گردی تۆپەکان – لە باشووری کوردستان.

١١٣٥

١١٣٥/٣/٣٠ لە دایك بوونی فەیلەسوفی جوولەکەو زانای لاهووت لە ئایینی جوولەکە و پزیشك ودەرمانساز – موسا مەیمون – لە شاری قەرتبە لە ئەندەلووس ... ناوی تەواوی – ئەبوو عمران موسا بن مەیمون قرتبی – بوو. لە دوای کێشەی نێوان ئیسلام وجوولەکە ، موسا دەچێتە میسرو ماوەی ٣٠ سال لەو وولاتە جێ نشین دەبێ وکاری پزیشکی دەکات لەگەل دانانی کتابەکانی پزیشکی وفەلسەفیەکان ، لەگەڵ شیکردنەوەی کیتابی تەوراتی پیرۆزی جوولەکە ، تا ئەو کاتەی کە لە ١٢٠٤/١٢/١٣ کۆچی دوایی کرد لە وولاتی میسر .

١١٣٧

١١٣٧/٩/١٩ سەرکردەی کوردی موسلمان سەلاحەدینی ئەیوبی لە شاری – سەلاحەدین – تکریت – چاوی بەجیهان هەلهێناوە . ئەم شارەش مەلیکەکانی فارس دروستیان کردووە ، لەکۆنەوە لەسەر بەردی مەزن و کردوویانە بە کۆگای پێداویستیەکان و قەلاکەشی بۆ چاودێری کردنی

جمووجوڵی دووژمنان بووه.

هەروا لە کاتی دەسەڵاتی عومەری کوری خەتاب ، خەلیفەی ئیسلام دەستی بەسەردا گیراوه لەساڵی ٦٣٧ زاییندا .

جێگەی ئاماژه پێکردنە کە سەلاحەدینی ئەیوبی لە بنەماڵەیەکی کوردە . لە هــۆزی – روادیــەو لەبنــەرەتا نیــشتەجێی شارۆچــکەی دوویــن – ە ، کە دەکەوێتـە کۆتـایی سـنووری ئازربایجـان لـەنزیك شـاری تـەبلیس لـە وولاتـی ئەرمینیا ... ئەم بنەماڵەیەش دەگەرێنەوه سەر بنەماڵەی ئەیوبی کوری شادی ... باوکی سەلاحەدین ، نەجمەدین ئەیوب و ، مامی ئەسـەدەدین شێرکۆ ، کە بەرەو ئێراقی ئێستا کۆچیان کرد ، لە شامەوه بنەماڵەیەکی ئاسایی نـەبوون ، بـەڵکوو لەبنەماڵەیـەکی زانـاو توانـادار بـوون لـەبواری هەڵسوورانی کاروبـاری رامیاری و ئیداری .

دوای گەیـشتنیان بـۆ وولاتـی نێـوان دوو زێـیٚ – میزۆبۆتامیـا – لـە سـەدەی شەشەمی کۆچی و نیشتەجێ بوونیان لە پارێزگای سەلاحەدین – تکریـت – شـادی باپیریـان تـوانی هەندیٚ کـاری ئیـداری لـە قـەڵای سـەلاحەدین بگرێتـە دەست ... کە دەرەبەگێکی بە هروزخادم بـوو ، کە یـەکێك بـوو لـە ئەمیرەکانی سولتانی سەلجووقی – محەمەد مەلکشا .

شـاری سـەلاحەدین دەکەوێتـە سـەر کـەناری دیجلـە بـەلای راسـتەوەو ، لـە بـاکووری شارۆچـکەی سـامەرا – یـە کـە رێگایـەکی سـەرەکی بـووه لـە نێـوان شـاری بەغداو شام ... کە ئـەوکات زۆربـەی هـەره زۆری دانیـشتووانەکەی لـە کوردن بـوون ... واتـە زیـاتر لـە ٨٥٪ دانیـشتووانی پارێزگـای تکریتـی ئێـستا کوردبوونە نەك عەرەب لە پریزگاکەدا .

ئەم بنەماڵەیە توانیان کاروبارەکانی دەووڵەت بگرنە دەست و لـەو کاتـەی کـە شادی کۆچی دوایی دەکات ، نەجمـەدین جێگـەی دەگرێتـەوه ... سـەلاحەدین لەشاری تکریت لەدایك بووه ... ووشـەی تکریـت لـە بـە تـورك کردنـەوه هـاتوو لەو کاتەی کە دەووڵەتی عوسمانی ئەو ناوچەیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی ... کە پارێزگای سەلاحەدین و پارێزگای تکریتی پیٚ دەڵێن .

سەرچاوه :– سەلاحەدینی ئەیوبی – موسوعه الحروب الصلیبیه –
دانانی دکتۆر سلابی – چاپی یەکەم – بەیروت /٢٠٠٨

١١٣٨

١١٣٨/٢/١٠ سەرکردەی کوردی موسلمان سەلاحەدینی ئەیووبی لە شاری سەلاحەدین- تکریت - چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .
شایانی باسە ناوی - تکریت - لەبەتورککردنەوە هاتیە ، لە دوای داگیرکردنی شارەکە کە ناوی رەسەنی خۆی بەناوی سەلاحەدین ئەیووبی و بنەماڵەکەی بووە. کە دەکەوێتە باکووری شاری بەغدای پایتەختی ئێراق .

١١٤٩

١١٤٩/٥/١١ ئەبوو ئەلسەعادات مەجدەدین موبارك ئەبوو ئەلکەرمی جەزیری ، کە نازناوی بە - أبن أپیر- بەناوبانگە لەناوچەی جەزیرەی باشووری کوردستان چاوی بەجیهان هەلهێناوە ، کە بەجەزیرەی ئیبن عومەر ناوزەندە ... هەر لەوێ گەورە بووەو دوایی چۆتە شاری مووسڵ ولە لای - محەمەد سەعیدی کوری موبارەك - ی خوێندوە و گوێی لەفەرموودەکانی پێغەمبەر- د.خ- گرتووە و بۆتە دۆستی ئەمیر موجاهیدەدین قایماز لە شارەکەدا .
دوای ئەویش بۆتە هەڤاڵی نورەدین ئەرسەلانی کوری ... ئەم کەسایەتیە بەناوبانگە روونـاکبیرو رۆشەنبیرو فەیلەسوفە ، لەماوەی ژیانی چەندین بەرهەمی هەبووە لەوانە - جامع الاصول ، النهایە ڤ غریب الاحادیپ ، الانعاف ڤ تفسیر القران ، البدیع فی فن الکتابە ، دیوان الرسائل ، کتاب شافی ، المصگفی المختار فی الادعیە والافکار - ئەم مرۆڤە میوانگەیەکی لەدەووری شاری مووسڵ دروست کردبوو ، کەخەلك زۆر رووی تێ دەکرد وبەردەوام بوو لە نووسینە هەمەلایەنەکانی ، تاکوو لە ١٢٠٩/٧/٦ کۆچی دوایی دەکات و هەرلەوجێگایە تەرمەکەی بەخاك دەسپێردرێت .

شایانی باسه ، به پێی نووسراوه مێژووییەكان وا دەردەكەوێت كه ئیبن ئەسیر مرۆڤێكی كوردبووەو هەر بەم بۆنەیه بۆته وەزیر لەلایەن ئەخزەلی نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی و، لەهەمان كات جەزیرەی ئیبن عومەر كه ئەو ناوی تەواوی عومەری كوری عبدالعزیز بووه و ، هەرئەویش ئاوەدانی كردۆتەوه ، كەناوی ئەو گوندە – مەرعەقید– ی پێگووتراوه و ، دوای ئەوه ناوزەند كراوه بەجەزیره لەكێشوەرەكەدا .

سەرچاوه :–شەرەفنامه – ل/١٧٠ .

١١٤٦

پردی ئاسنین له موسل

١١٤٦/٩/١٤ دورستكردنی پردی ئاسنین له سەر زێی دیجله له شاری مووسل ، كه ناوزەند بوو به ناوی پردی شانشین غازی ، كه بەناوبانگترین دەرگایه ، كه بووه هۆی بەستنەوەی رۆژهەلاتی شاری موسل به رۆژئاوای شاری موسل و رۆلی كاریگەری هەبوو لەهەموو بوواره جیاجیاكاندا .

ئەو پردەش لەلایەن شانشین سەیفەدین غازی دورستكراوه...شایانی باسه رۆژهەلاتی مووسڵ دانیشتووانی كوردو ئارامی و ئاشووری و كورده ئێزیدیەكان بووەو ، كاتی خۆی عەرەب رووی له رۆژئاواو باشووری مووسڵ كردووه بەرەو ناوشارو دەووروبەری رۆژئاواو باشووری هاتوون ، لەرێگەی فتووحاتی ئیسلامی داگیر كراوەو . دوای ئەوه پەرەی سەندووه بەپێی قۆناخه جیاجیاكان كه تاكوو له سالی ١٩١٩ دانیشتووانی رەسەنی كورد لەشاری مووسڵ له ٨٥٪ بووه بەلام ئێستا ...؟...!.

١١٤٩

١١٤٩/٥/١١ دورستکردنی مزگەوتی – عەتیق– لە شاری مووسڵ لەلایەن سەیفەدین غازی یەکەمی کوڕی عیمادەدین زەنکیو ئەتابکیۆنەکان کە گرنگی زۆریان بەو مزگەووتەدا ، بە جوانکاری هونەریو تاکوو ئێستاش ئەو مزگەووتە ماووەو مەراسیمەکانی ئاینی ئیسلامی لێ ئەنجام دەدرێ لە شارەکەدا .

١١٥٢

١١٥٢/٤/٨ تورکمانە کۆچکردووەکان روو لە کوردستان دەکەن ، لە دوای سەرکەووتنی دەووڵەتی سەرلجوقی بە سەر ئیمارەتەکانی کورد لە کوردستان بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ئەویش بەداگیرکردنی گوندوشارۆچکە وشارەکان ... کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دانیشتووانی کورد لە شووێنەکانی خۆیان رەو بەرەو شاخەکانی کوردستان بکەن ، نەک هەر لەکوردستان .

بەلکوو لەزۆربەی زۆری شارەکانی دیکەی ئێستای ئێراق ئەویش بە بەتالان بردنی مولک و سامان ومەرومالآت ودانەوێلە وگۆرینی ناوچەوگوندوشارۆچکە ، لە ناوی کوردی بۆ ناوی تورکمان ، کە ئێستاش لەهەندێ شووێن ناوی تورکمان لەسەر گوندوناوچە وشارۆچکە بەدەردەکەوێت.

کە ئەمەش پیشەی تۆرانیەکان بووە ، وەك عەرەب لەدوای داگیرکردن ودەست بەسەرداگرتنی ناوچە وگوندوشارۆچکەو شارەکان ، لەرێگەی فتووحاتی ئیسلامی و، هەڵسانیان بەگۆرینی ناوی کوردی بۆ ناوی سەرکردەو شێخەکان وتیرەکانیان ، لەسەر خاکی ئێراق و، بەتایبەتی لە رۆژئاواو باشووری کوردستان.

بەلآم لە دوای هەرەس هێنانی دەووڵەتی سەلجوقی لەم رۆژەدا بەنەمانی دەووڵەتێکی ناوەندی بەهێز تەنیا ئەو ئیماراتانە نەبێت ... کە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی بۆشایەکی بەرفراوانی بەتۆڵەوە وەرگرتەوە لەلایەن گەلی کوردستان ، کە لە ١١٨٦ شۆرشێکی بەرفراوانیان بەرامبەر تورکمانە داگیرکەرەکان وهاوردەکان بەرپاکرد ، لە وولآتی جەزیرەو ، مووسڵ

ودیاربـەکرو ، خـەلات و، شـارەزوور و ، ئازربایجـان و ، شـام . بەکووشـتن و راوودوونانیان لە هەرێم و ناوچەکەدا .

کـە ئەمـەش چـەندین سـاڵی خایانـد بـەگرتنی رێگـە لێیـان وگێرانـەوەی ئـەو مەروماڵات وسامانانەی کە بەتالانیات برد بوو... بە دەرکردنیان لەزۆربەی زۆری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەگێرانەوەی بۆ ژێر دەسەلاتی کورد لە هەرێم و ناوچەکاندا .

ئەم شۆڕشە لە مەلبەندی شارەکانی ، کە کەوتبوونە رۆژهـەلاتی زێیـی دیجلە وباکووری چیای حەمرین ، لە کاتی خۆی کە دەووڵەتی عەباسی بە سەری دا زاڵ ببوو لە شاری بەغدا ... کۆتایی هاتنی ئەم شۆڕشە کێشەوگرفتەکانی نێوان کوردو تورکمان لەلایەن وەزیری دەووڵـەتی ئەتابکیە – موجاهـدین قیمان – بوو لە شاری مووسڵ ، کە پیاوێکی خاوەن کەسایەتیەکی لێهاتوو بـوو . ئـەویش بەکۆکردنـەوەی سەرۆك هـۆزو تیرەکـانی کـوردو تورکمـان ، لـە ئەنجامی رێکـەووتن لەسـەر کۆتـایی هێـنان بەم کێشە وگرفتانە بەگێرانەوەی مافی کوردو ماوەدان بەنیشتەجێ بوونی تورکمان.

کـە ئەمـەش زیـانێکی گـەووره بـوو لـەکورد درا ، لـەو کاتـەداو کاردانـەوەی کاریگەری خۆی نواند تاکوو ئێستاش لەسـەر باری نەتـەوەیی و نیشتتمانی گەلی کوردستان ... لەو بارودۆخەدا سەلاحەدینی ئەیوبی هەلوویستی دیار نـەبوو بەرامبـەر بـەتورکمان و بـەرگری کـردن لـە کـورد وخـاکی کوردسـتان لـە هەرێمەکەدا .

١١٥٣

١١٥٣/٣/٢٧ لـە کتـابی پـیرۆزی ئاڤێـستەدا کێـووی – سـیلان – بـە کێـووی هۆکینریـە ناسـراوە و ، بـە ووتـەی مامۆسـتا حەمـەدوللای مـستەوفی قـەزوینی کێـوی – سولان – یان – سیلان – ە و لـە ئازربایجـانیش لای ئێرانیـەکان لـە شـووێنی توورسینای ئیسرائیلیەکانی خاقانی شێروانی شـاعیری گـەوورەی سـەدەی ١٢٠٣ ئەو کێووەی ناوزەندکردووە و بە قیبلەی زەردەشتیەکانی داناوە .

هەروا یاقووتی لە – معجم البلدان – دا باسیکردووە و دەڵێ :–

سیلان شـاخێکی گەوورەیـەو دەڕوانێـت بەسـەر شـاری – ئـەردەبیل – کـە لـە خاکی ئازربایجاندایە ... لەم شاخەدا چەند گۆڕێك هەیە کە شووێنی ئەولیاو



پیاو چاکانە کە شووێنێکی بەرزو پیرۆزە .
جێگـــەی ئامـــاژە پێکـــردن و ڕوونکردنەوەیـــە ، کـــە حەمـــەدوللای مـــستەوفی قەزوینی لە – نزهە القلوب – کە لە ساڵی ١٣٣٩ نووسیوویەتی و دەڵێ :–
کێوی سیلان لـە ئازەربایجاندایـەو شـاخێکی بەناوبانگـەو وولاتـی – ئـەردەبێل – و سەراو – و پێشکین – و ئاباد – و – ئاراچاك – و – خیـاو – لـە بەردەم ئـەم کێـووە سـەخت و بڵندانـە ، کـە لـە دووری ٥٠ کیلۆمـەترەوە دەبینرێـت ، هەروا لووتکەی شاخەکەش هەرگیز بەفری لێ نابرێ ، هەروا کانیاوی ساردی بـێ وێنـەی تیایـە ، کـە لـە زۆرینـەی سـاڵدا ئاوەکانیـان دەبێتـە شـەختەو ، شووێنی حەوانەوەی نامۆکانە .
هەروا زەکەریا محەمەد قەزوینی ، کە لە سـاڵی ١٢٠٣ لـە قـەزوین لەدایك بـووە و لە ١٢٨٣/٤/١ لە شارۆچکەی بەغدای وولاتی نێوان دوو زێـێ کۆچـی دوایـی کردووە ، کە لە کتێبی – اپار البلاد و اخبار العباد – دا دەڵێ:–
زەردەشـت لـە ئازربایجـان ژیـاوەو لـەناو مرۆڤدا گۆشـەگیربووە لـە کێـووی – سیلان – خواپەرستی کردووە و کتێبی بەناوی – بستا – ئاوێستا – داناوە .
هەروا شەهرستانی ، کە لە ساڵی ١١٥٣ کۆچی دوایی کـردووە ، لە کتێبی – الملك و النحل – دا لە دایك بوونی گیانی زەردەشـت دەباتـەوە بۆ کێوویێك لـە ئازربایجـان ، هەرچـەند نـاوی کێـووی نـەهێناوە ، بـەڵام وادیـارە کـە هـەمان کێووی سیلان بێت ، کە بەرزترین کێووی ئازربایجانە .
لە وەرگێرانی فارسی – ملك و نحل – کە بە یارمەتی – ئەمزەلـەدین سـەدر – دوور خـراوە بـۆ ئەسـفەهان لـە کۆتـایی سـەدەی پانزەمـدا . بـە ئـەنجام

گەیشتووە و دەڵێت :-
خواوەند گیانی زەردەشتی لەسەر درەختێکی بەرز لەنگەر پێگرت لە بەرزای
کێووێك کە لە کێووەکانی ئازربایجان و ، فەرمانیدا درەختەکە سەوز بێت
سـێبەری - زەردەشــت - یــش تێکــەڵ بــە شــیری مانگــابوو و لــەناو
جوولاوەتەوە ، ئەوسا باوکی زەردەشت ئەشیرەی کردۆتە خۆراك و نوتفی ئا
لە رەحمی دایکیا سووراوەتەوە و بووەتە پارچەیەك گۆشتی برژاو ، با
جۆرە کاتێك لە دایکبوو بە پێکەنین و ئاوازی خۆشی دنیای هەژاند
ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لێبوو .
هــەروا میرخوانــد لــە - رەوزەی ســەفا - لــە باســی فەرمانڕەوایــەتی
گوشتاسب - دەڵێ :-
لە مێـژووی - بنـاکتی - و فەرهـەنگی نووسـراودا هـاتووە ، کـە زەردەش
حەکیمی رۆژگارێکی دیارو دەرکەوتووە ، ئەو کاتەی کە زردەشت لە دایك بو
خەندە لەسەر لێوی بوو ، جیا لە هەموو منداڵێکی لە دایك بوو ، هەروا ڕوو
لە تەواوی ئامادە بووان بوو و دانیشتووانەکەش هەستی بەو ئاوازەی ی
دەنگی خەندەی کردووە ، کە چۆن و بە چ شێووەیەك دەنگەکە گەوورە بوو
بەرزبۆتەوە بە شاخێك لە شاخەکانی - ئەردەبیل - دا و رۆیشتووە.
هــەروا پــەرتوکێکیش لــە رێگــەی کێووەکــە و بنمیـچی خانووەکــەوە هاتۆ
خوارەوە بۆ نـاو دەسـتی یـەکێکی دیکـە لـەو چیرۆکانەی گەیـشتووەو ئـە
دەڵێ:-
ئاشـتی بـە مانـای پشکۆی ئـاگرە زەردەشـت دەسـتی داوەتـێ ، بـەڵام دەسـ
نەسووتاندووە ، لـە ئاوێستاو پەرتووکەکانی پەهلەویشدا ئەوەی لە ناو
ئـەو کێووەدا دیـارە ووشـەی - سوولان - یـان ووشـەی دی ، کـە ئـەو ناو
لێوەرگیرابێت نەبینراوە ، لەوانەیە لە پشت ئەو ناوەشەوە ناوی دیکە هەب
... هەروا لـەو کێووەشدا زەردەشت بەپێی نووسراوەکان لەساڵی خۆشی
گـوڵ و گـوڵزاردا حـەوت نامـەی لەگـەڵ حـەوت - ئامـشەسپەند - ە کا
هاورێکانیدا گۆڕیووەتەوە .
لە یەکەمیاندا توانیوویەتی پرسیار لە ئاهورامزدا بکات لە ڕۆژی ڕووبا
- دانیتی - ، لە دووەمیاندا لەگەڵ - وهومن - لـە کێووی - هـۆکر - و
ئـاو ، سـێیەم لەگـەڵ - ئارتـا - ئارتـاو هیـشتا - ئاردیبەهـشت - ی ئا

ڕۆیشتووی بەردەوام ، چوارەم لەگەڵ – شتویەر – شەهربووەر – ی میوانی خانووی لادێ ، پێنجەم لەگەڵ – سپەندارده‌مد – لەکانی گەوورە کە لە کێووی ئەسنوون دەردەچێت ، شەشەم لەگەڵ – خورداد – لەکێووی – ئەسنوون – ، حەوتەم لەگەڵ – ئەمرداد – لەخاکی ڕۆخی – دانیتی – کێووەکانی – هۆگر – و پڕ لە ئاو گوڵ و ڕێحان ، کە دوو لووتکەن بەیەکەوە لە دایك ئەبن ، کە – سیلان – یان پێك هێناوە .

ئەو دوو لووتکەیەش لە بەرزترین کێووەکانی نزیك شاری – تەورێزن – کە بە شێووەی دوو کەللە شەکر جوودای تەنیشت یەکتری دەبینرێت .

ئەم بۆچوونە لە پەرتووکەکانی دیکەی پەهلەویشدا خۆی سەلماندووە ، کە لە – بندهش – داهاتووە :–

هەموو ئاوەکان لە کانی – ئاردەویسوور – ی ئاناهیت – عەشتار – کە کانی پڕ ئاوی سازگاری خۆر ئاوایە بەرچاو دەکەوێت ، لە ڕێگادا سەد هەزار جۆگەلی زێڕینی ئامادەکراو لەگەڵ ئاوی گەرم ، لەو جۆلانەوە بەردەوام بە دامێنی کێووە بەرزەکە دەڕۆن و لە لووتکەکەیدا کۆدەبنەوە ، لەگەڵ لووتکەی ئەو کێووەدا گۆلاون – ئۆردوییس – هەیە کە ئاوەکان دەرژێنە ناوی و لەوێوە بە جۆگەلەی زێڕینی دیکە ئاوەکان بەرەو دەرەوە دەڕۆن لە بەرزایەکی بەرامبەر هەزار کەس بەرز ئاوەکان پەیووەستدەبن بە کێووی – ئائووسین – و دوایش بە دەریا دەگەن .

لێرەدا گرنگترین دیاردەکانی کێووی – سیلان – کە یەکێکە لە کێووەکانی – هۆگر – بوونی گولاوێکە لە لووتکەکەیدا لەگەڵ بوونی کانییەکی گرنگی ئاوی گەرمی کانزایی ، کە لە دامێنی کێووەکەدایەو بەرزی لووتکەکەی ٤٨٥٠ مەترە و ، سیلان گولاوێکی بەرێژەی گەوورەو جوانەو خاوەنی ئاوی سازگاری بێ ئەندازە ساردە ، لە دەووروووبەری ئەو گولاوە کۆلەکەی بەفر بە شێووەی چرایەو ئاوی لێ دەچۆڕێ و جوانی ڕووی ئەو گولاوە دەردەخات

<u>تێبینی:–</u>

<u>ئەمە تەنیا کورتەیەك بوو لە مێژووی چیای سیلان ، دەتووانی بگەڕێیتەوە سەر کتێبی – جواد مفرد کهلان گزارش زادگاری زرتشت و تاریخ ئەساتیر ئیران – چاپی یەکەم / ١٣٧٥ ، لاپەرە /٧١–٧٦ ... هەروا لە ناوەڕۆکی مێژوونامەکە باس لە چۆنیەتی بوونی زەردەشت و ئاگری نەورۆز و بوونی</u>

كوردایەتی زەردەشت لە مێژوودا .

١١٥٤



١١٥٤/٣/١٨ ســــەركردەی مەگۆلــــەكان جــــەنگیزخان لەدوورگـــــەی بیابانی مەنگۆلیا لـە دایك بووە . كـە بـاوكی نـاوی بەسـووكە بـووە و دایكـی نـاوی ئـاولون بـووە... هـەروا پێـك هاتــەی تیرەكـەی ، واتـە – عەشـیرەت – ی دەگەڕێتەوە بۆ سەر تیرەی – تــایگوت –. لەوكاتــەی كــە جـەنگیزخان تەمــەنی پـانزە سالان بوو بەربەرەكانی هەردوو تیرەی تایگوت ونیرۆنـی كـرد ، كە هەردوو تیرەكەی دەگەڕاوە سەر تیرەكانی باوكی لە ناوچەكەدا .

واتە دوو بنەماڵە لەو ناوچەیە دا ... دوای ئەوەی كە تەمەنی جەنگیز خان گەیــشتە ٤٠ ســالی و لەســالی ١١٩٣ تیرەكــانی ناوچــەكە یــەكیان گــرت بــۆ لــەناوبردنی وجــەنگیزخانیش چــەند هــەزار كەسـێكی لــەخۆی كــۆكردەوە لــە پێنـاوبـەرگری كـردن لـەخۆی ودژایـەتی كردنـی ئەوتیرانـە ، لـە ئـەنجام شـەڕ لەنێوانانیانـدا هەلگیرسـاو ، لـە ئاكامـدا جـەنگیزخان تـوانی سـەركەوتن بەدەسـت بێنـێ و هێـزی چـەكداری وولایـەنگیری بـۆ خـۆی دروسـت بكـات لەهەموو بوارەكانی دەسەلآتداریدا لەناوچەكەو بەرفراوان بوون بەرەو هەرێم و ناوچەو جیهان.

سەرچاوە :– شەرەفنامە ل/٨٢ – ٨٣ .

١١٥٥

١١٥٥/٣/٧ لـوڕی بـچووك خـاوەن سـەركردەیەكی راسـتەوخۆی خۆیـان نەبوونـەو لـە ژێر فەرمانڕەوایی والی وویلایەتی بەغدا بوون .

جێگەی ئامـاژە پێكردنە كە نـاوی لـوڕی بە سـەر ئەو كوردانـەدا سـەپێنراوە

کە وەختى خۆى لە – کول – ى فانرود ژياون و لە دواييدا لەبەر زاوزێى زۆر نەوە جێگەيان بەرتەنگ بووەو دەستە بەدەستە وتيرەبەتيرەيان لێ جيابۆتـەوەو هەرلايـە رووى کردۆتـە لايەکـەوە ... هـەر کۆمـەلێکيان لەهـەر جێگايـەك دەگيرسانەوە ، کـە ناوەکـەيان دەکـرد بەناونيشان و بـەوە دەناسـران کـە لـە ناوچەى لۆرستان پەرت وبلاوەيان لێدەکرد...وەك :–

هۆزى جەنگەرۆيى و ئۆترى ... ئەو تيرە لۆرانەى کە بە بنچينە نەچنەوە سەر کۆنـە دانيـشتووانى – کـول – لـۆرى تـەواو و رەسـەن وبـێ گـەردنين وەك هۆزەکـانى:– کرۆسـکى – لێنکـى – رۆژبيـانى – سـاکى – شـادلويى – داروعەيانى – مەحەمەد کەمارى – کە بە لۆرى رەسەن دادەندرێن وزرە لۆرن ... بەلام هۆزى جەنگيرويى کەفەرمانرەواکانى لۆرى بچووك لەوانن ... لە لۆرە رەسەنەکانن ودەچنەوە سەر تيرەى شەلێورى .

هـەروا تـيرە لۆريـەکانى – کارانـە ، زەرەنگـەر ، فـەزلى ، سـتوەند ، ئـالانى ، کاهکاهى ، دەخوارکى ، درى ، برارەند ، مانگرەدار ، ئەتارکى ، بولعەبباسى ، عەلى ماماس ، کێجايى ، سلکى ، خودەکى ،نەدرۆيى – گـەلێك هـۆزوتيرەى ديکەش لەو لۆرە رەسەنانەن ... بەلام هۆزەکانى :– سامى ، ئەسپان ، سەهى ، ئـەرکى – ئەگرەچـى بەشـێوەى لۆريـشدا داخێـون لـۆرنين وتـەنيا هەرئەوەندەيە کەبۆرە پياوێك ورەمەکى بوون ولەگوندەکانيان دا بەمسکێنى دامەزراون.

دواى ئەوەش لۆرستان خرايـەوە سـەر شارى بەغدا ... حوسامەدين شوهلى کـە لـە توركـەکانى ئەفشارو سەربەسـەلجوقيەکان بـوو ، کرايـە فـەرمانرەوايى لۆرستان وهەندێ ناوچە لەخۆزستان.

سەرچاوە :– شەرەفنامە ل/ ٨٢ – ٨٣ .

١١٦٥

١١٦٥/١١/ کۆچى دوايى متەسەوف کوردى بە ناوبانگ ، ئەبوو ماجدى کوردى ، کە لە چياى حەمرين ژياوە وچياى حەمرين بەسنوورى خاکى کورد دێت.

جێگـەى باسـکردنە کەدروسـتکردنى قوبـە لەسـەر گـۆرى زانـاى کـورد – مەحەمـەد عـەلى کـوردى – لەچـياى حـەمرين لـەخالى رێگـاى سـەرەکى لـە رۆژئاواى باکوورى شارەبان ، ئەمەش لە سەرداواى خۆى بووە . کە سنوورى

نێوان کوردستان وئێراقی بەزۆر دروست کراوبووە .
مەبەستیش لەوگۆرە بوونی هێمایەکی سنووریە ، بەلام بەعسیەکان لەکاتی دەسـەلاتی عەبدولکەریم قاسم ئەو گۆرەیـان شـوێن بـزر کـردووەو دووبـارە گۆرەکـە نۆژەن کرایـەوە و ، بەڵام دووبـارە لەلایـەن رژێمـەی بـەعس ، عەرەبە داگیرکـەرەکان هـەڵیان وەشاندەوە ... ئەم کەسایەتیەش زانایەکی بەناوبانگ بووەوچەندین دانراوی بەهێزی هەبووە .

سەرچاوە :– حدود کوردستان الجنوبیە تأریخاً و جغرافیاً . عەبدولرەقیب یوسف . چاپی دووەم .



١١٦٥/١١/٧ لەوکاتـەی نووسـەر و روونـاکبیر – ئـیبن ئەلـشێخ – سـەردانی شاری ئەسکەندەریەی میـسر دەکـات و لـە بەشـــی دووەمـــی کتێبەکەیدا بەناوی – ئـەلف بـێ – باسـێکی تێـروو تەسـەل لەسـەر منـارەی ئەسـکەندەریە دەنووســـێ و باســـی دەکات .
جێگـەی روونکردنەوەیـە کـە مێـژووی دروسـتکردنی منـارەی ئەسـکەندریەی ئێـستای وولاتـی میـسر دەگەرێتـەوە بـۆ ٢٨٠ سـاڵ بـەر لـە مێـژووی زایـنی لـە شـارەکەدا ... مەبەسـتیش لـە دروسـتکردنی ئـەو منارەیـە بـۆ رێ نیـشاندان و رێنمـایی کردنـی دەریاوانـەکان بـووە لـە ناوچـەکەدا ، لـە کـەنارە نزمـەکان یاخوود نەویەکانی میسردا .
ئەمـەش لـە رێگـەی ئـەو ئـاگرەی کـە لـە بنەکـەی منارەکـەدا بـە بـەردەوامی داگیرسـابوو ... ئـەو روونـاکیـەش دەورووبـەری روونـاك دەکـردەوە بـەهۆی

چەندین ئاوێنەی – مسین – کە رووناکیەکە تیشکی دەدایەوە بە ئاراستەی ناوچەکانی دەوورووبەری منارەکەدا .

ئەم منارەیەش لە سەردەمی دەسەڵاتی – بەتلیمۆسی یەکەم – دروستکراوە و لە سەردەمی بەتلیمۆسی دووەمیش دروستکردنی تەواو کرد ... کە لەلایەن – سۆستراتۆس – ی تەلارساز و ئەندازیاری گریکی نەخشەسازیەکەی بۆ کراوە ، دروستکردنی منارەی ئەسکەندەریە لە بەردی کلس – قسل – بە ئەنجام گەیاندراوە و هەرچی ئەستوونەکانی هەبووە لەبەردی گرانێت دروستکراون .. هەندێ لە رووگەی منارەکە بە بەردی مەرمەڕ و برۆنس رازابووەوە .

هەروا جوانکاریەکانی دیکەشی بە قوورقووشم و بۆیە رووپۆش کرابوون لەسەر پردۆکەی شووشەیی دا . ئەو پردۆکانەش لەسەر پشتی قرژاڵی دەریای بوون ... منارەی ئەسکەندەریە لە چوار نهۆم پێکهاتبوو کە بەرزیەکەشی لە نێوان ١٢٠ – ١٣٥ مەتر بووە ... کە یەکەم نهۆمی بەرزیەکەی ٦٠ مەتر بووە ... هەروا شێوە و چوارگۆشەییەکەی و چەندین پەنجەرەی لەخۆ دەگرت .

هەروا لە نهۆمی یەکەم نزیکەی ٣٠٠ ژووی تیابووە و تەرخان کرابوون بۆ نیشتەجێ بوونی کرێکارانی منارەکە و خانەوادەکانیان و ئەمبارکردنی کەرەستە و ئامرازە تایبەتیەکانی پەیوەست بە منارەکەدا ... منارەی شاری ئەسکەنەریە لە دووری ٧٠ میل لەناو دەریا دەدیترا .

گرنگترین لەوەش لە لووتکەی منارەکەدا چەندین ئاوێنەی زەبەلاح هەبووە کە تیشکیان دەشەکایەوە ، ئەمەش وای دەکرد کە ئەو پاپۆرو کەشتیانەی لە دوورەوە دەهاتن بەرەو منارەکە ببیندرێن ، لەکاتێکدا بە چاوی ئاسایی نەدەبینران و ئەو ئاوێنانەش لە دووربینی گەورەکەر دەچوون ، وا مەزەندە دەکرێت کە زانایانی شاری ئەسکەندەریە لەو گاڤەدا ئاوێنەیان دروستکردبێت .

هەروا لە ساڵی ٧٠٠ زاینی ئەو فانۆسە کەوت و ئاوێنەکەش تێکشکا بەمەش لەوکاتەوە منارەکە لە ئەرکە بنەرەتیەکانی خۆیدا داماڵدرا .

بەر لەوەی منارەی شاری ئەسکەندەریە بەر بوومەلەرزە بکەوێت و بە

تەواوەتی بوومەلەرزەكە ، لەسەدەی چواردەمی زاینی وێران و نگرۆی بكات
مەسعوودی مێژوو نووس باسێكی ووردی دەكات و بەرزی منارەكەش بـ
نزیكەی ۲۳۰ باڵ خەملاندووە .

هەروا لە ساڵی ۱۳۰۳ لە سەردەمی – ئەلناسەر محەمەد قەلاوون – بوومـ
لەرزەیەكی دیكە روودەدات و قەلاّ و پەرژینی ئەسكەندەریە وێران دەكات
مێژوو نووس و رووناكبیر – مەكریزی – باس لەو وێرانكاریە دەكات ، ووتـ
لە سەر ئەوە دەكات ، كە لە ساڵی ۷۰۳ زاینی – كۆبیبرس ئەلجەنشكیر -
منارەكەی نۆژەنی كردۆتەوە .

هەروا نووسەرو مێژوو نووس و گەڕیدەی ناوداری عەرەبی – ئیبن بەتووتە -
لە ساڵی ۱۳۰۵ بۆ جاری دووەم سەردانی شاری ئەسكەندەریە دەكات ، لـ
دوای بوومەلەرزەكە ، بە نیوو سەدە بەم شێووەیە باس لە منارەی
ئەسكەندەریە دەكات :–

كە رۆیشتم منارەكەم بینی ، وێرانكاری باڵی بەسەردا كێشرا بوو
بەشێووەیەك نەدەكرا بچیتە ژوورەكانی ، نەدەتوانرا سەر بۆ سەرەوە بەرز
بكەیتەوە ... دوای ئەوە سولتان ئەشەرف قایتبای سەردانی ئەسكەندەریا
دەكات و فەرمان دەدات كە لەسەر دارو بەردی منارەكە قەلاّیەك دروست
بكەنەوە .

ئەمەش لەكاتی شالاّوەكانی توورکە عوسمانیەكان بوو بۆ سەر وولاّتی میسر
، هەروا بە كردەنیش لە ساڵی ۱٤۸۰ ئەم قەلاّیە دروست دەكاتەوە . بەلاّم وەك
منارەكە و بەشێووازێكی دیكە ، كە بەتاوەری قایتبا ناسرا ، كە تاكوو
ئەمرۆش هەر ماوە لە وولاّتەكەدا .

۱۱٦۸

۱۱٦۸/۱۰/٥ دامەزراندنی ئیمارەتی كوردی بەناوی – ئیمارەتی جەلائیری – لە شاری
كەركوك لەلایەن – بابا ئەردەلان – كە دەگەرێتەوە بۆ پشتی – مامولی – ی
سەر بەهۆزی گۆران – كە هۆزێكی گەورەی كوردەو لەكوردستان نیشتەجێز
، لە باكوورو باشوورو رۆژهەلاّت و رۆژئاوای ئێستای كوردستان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە ئینسکۆپیدیای تورکی ، بەزمانی تورکی هاتووە ، کە لە شاری ئەنکەرە لە ساڵی ۱۹۷۲ بە چاپگەیاندراوەو لە بەشی ۲۰/ ی ئەم کتابەدا هاتووە ... کە تەیموری لەنگ لە ساڵی ۱٤۰۳ پەلاماری ئەو شارەی داوەو بەتەواوی وێرانی کردووە ، هەتا بەشارۆچکەو گوندەکانی لەگەڵ شاری – تاووخ – کە مەڵبەندی بووە ... لەکاتی دەسەڵاتی ئەحمەد جەلائیری کوردی ... کە ئەوکاتیش کەرکوك و ناوچەکەی کەجێگەی کانیاوەکانی نەوت بووەو هەڵکەوتەکەی وایکردووە ، لە هەموو قۆناخە یەك لەدوای یەکەکانی پەلاماربدرێت بەهۆی بوونی بە شارێکی کوردی و بوونی بەخاکی کوردستان .

۱۱٦۹

۱۱٦۹/۱/۲ یوسف سەلاحەدین کوڕی برای نەجمەدین ئەیووب دەسەڵاتی گرتە دەست ، کە ئەمەش لە دوای کووشتنی شێرکۆ بوو.

۱۱۷۱

۱۱۷۱/۹/٤ دامەزراندنی دەووڵەتی ئەیوبی ... لە سەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبی ، لە هەرێمەکانی شام و ووڵاتی نێوان دوو زێیَ – میزۆبۆتامیا – ئەویش بەهۆی هەرەشەکانی خاچەکان لەو هەرێمانەو ناوچەکانیدیکە بەتایبەتی لە پێناو داگیرکردنی شاری قوودس لە فەلەستین .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هێرشەکانی مەگۆلی تەتەر بۆ ئەم هەرێمانەو کوردستان ، لە دوای رووخاندنی دەووڵەتی عەباسی لە ۱۲٥٦/۱/۸دا ، کە کوردستانیش یەکێك بوو لە ناوچە داگیرکراوەکان لەلایەن مەگۆلەکان لە هەرێمەکەدا .

ئـــەویش بـــووە هۆکـــاری وێرانکردنـــی گونـــد و شارۆچـــکە و شـــارەکان
کاردانەوی لە سەر باری کوردو بە کۆچکردنی بەرەو هەرێمەکانی شام وەا
:- سووریای ئێستاو فەلە ستینیش و ، هەروا وولاتی میسر...کۆچبەرانم
کوردیش لە پیاوانی زاناو رووناکبیرو پیاوانی ئاینی بوون .
کورد لەو کاتدا رۆڵی بالآیان هەبوو لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی
عەرەب زیاتر ، لە بنیاتنانی شارستانیەتی کورد لە کوردستان و گرنگی دا
بەئیسلام وخوودی کورد خۆی .
هـەروا هێرشـەکانی مـەگۆل بۆ سـەر کوردسـتان و ، بەتایبـەتی بۆ ناوچە;
شـارەزوور لـــە ١٢٤٤/٦/٩ ، کـــە بەهـــەمان شـــێوە و کاردانـــەوەی لەســـە
کەسایەتیەکانی کـورد کـرد ، بۆ کۆچـکردن بـەرەو شـام و وولاتـی میسر ک
ژمارەیان لە ٣٠٠٠ کەس تێدەپەری ، لەگەڵ خێزانەکان لە هەرێمەکەدا .
لەگەڵ گەیشتنی ئەو کۆمەلە کەسایەتیەی کورد بۆشاری دیمەشقی ئێستا:
سووریا ، شانشین ناسر پێشوازی لیکردن و لە سووپاکەی دایمەزراندن ، ل
پێنـاو بـە هێزکردنـی هێزەکـانی خـۆی بـە سـەرکردایەتی ئـەمیر بەهائـەدی
یەعقوب شارەزووری لەساڵی ١٣٠٦ ، دوای ئەوە لە شـەڕی – عێن جالوب

رۆڵـی باڵایــان بینــی و سـەرکەووتنیان بەسـەر مەگۆلـەکان بەدەسـت هێنـا ...لەگەڵ ئەو کۆچکردنەدا بابیریە و للوسبەکانی کوردیش کۆچیان کردبوو بۆ هەرێمی شام.

سەرچاوە:- ئیبن خەلەکان - وفیات والاعیان .

١١٧٣

١١٧٣/٨/١٣ دەووڵەتی زەنکیەکان توانیان خۆیان بەهێزبکەن لە هەرێمی شام و پایتەختی دەسەلاتەکەشیان شاری حەلەب بوو .... ئەم دەسەلاتە رۆڵـی باڵای هـەبوو لەبەربـەرەکانی کردنـی هێرشـەکانی خاچـەکان ... بـەلام بنەماڵـەی ئـەیوب و شـێرکۆی کـوردی ، کـە نزیکترین کەسـی بـوون لـە بنەماڵـەی لاب زەنکـی ... نورەدین شێرکۆ کە دادوەری شاری حمس بوو رەوانـەی میسر کرا لـە پێنـاو رێکخسـتنی کاروبارەکـانی و رێگـە گـرتن لەخاچـەکان - هێـزی چـەکداری مەسیحیەکان - بە وەرگرتنی دەسەلات لەسەر میسردا .



بەلام لەدوای مردنی شێرکۆ کورەکەی سەلاحەدین کە سەرکردەی سووپا بوو تـوانی بەشـێووەیەکی لێهاتوانـە کارەکـان رێـک خـات و دەووڵـەتی فـاتمی هەڵووەشێنێتەوە و شارەکان بۆ خەلیفەی عەباسی بگەرێنێتەوە ... بە مردنـی نـورەدین مـاوە زیـاتر بـۆ سـەلاحەدین رەخسا بـە دامەزرانـدنی دەووڵـەتێکی

فراوان و بەهێز .

سەلاحەدینی ئەیوبی لە ماوەیەکی کەم توانی ببێتە سەرکردەی جیهانی ئیسلام ، بە گەراندنەوەی جیهانی ئیسلام و فراوانکردنی سنووری دەسەلاتی ئیسلام ، بەتایبەتی فراوانکردنی سنووری جووگرافیای خاکی عەرەب دەرچونیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە دوورگەی عەرەب ، کە بە دووە داگیرکردن و بە عەرەبکردن و بە ئیسلام کردن دێت ، لە دوای فتووحاتی ئیسلامی ، بە تایبەتی کورد لە خاکی کوردستان .

سەرچاوە:- ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان - لە ئامادەکردنی سەیفەدین کاتب - دار الشرق - المؤسسە العلمیە لوسائل التعلیمیە - بەیروت - سوریا - ٢٠٠٥.

١١٧٤

١١٧٤/٨/٢ لە دایک بوونی زاناو رووناکبیری ئاینی ئیسلام - شێخ جەمالەدین ئەبو عومەر عوسمان ئەبووبەکر یونس ، لە ئەرستای مەلبەندی شاری - سەعد ی میسر ... کە لە نەژاد کوردەو باپیرانی لە ناوچەی شارەزووری پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان بەرەو میسر رەو دەکەن لە هەرێمەکەدا .

کە کوری ئەبوو عومەر ئیبن ئەلحاجب بووە ... کە لە رێزمانە بەناوبانگەکانی زمانی عەرەبی بووە , هەر لەو شارە خووێندن تەواو دەکات لەفێرگەی فازلیەدا ... لە شاری قاهیرە کراوەتە مامۆستاو وانەی گووتۆتەوە بەهۆی زیرەکی و داوایان لێکردووە بیکەنە قازی ... بەلام ئەو داوایەی رەتکردۆتەوەو لە میسر بەرەو شام رەو دەکات و لەشاری دیمەشقی شا نیشتەجێ دەبێ .

ئەم زانا کوردە لەسەر مەزهەبی شافعی دەبێت ، بەلام دوایی روو وەردەگێرێ و دەچێتە سەر مەزهەبی مالکی و لە مزگەووتی گەوورەی شاری دیمەشق بۆتە مامۆستاو چەندین کتێبی داناوە لەوانە :-

نامیلکەیەك بۆ پەرەپێدانی مەزهەبی مالکی - شافیە - لە - سەرف - و کافیە- لە -نەحو - دا ، لەگەڵ چەندین نامیلکەو کتێبی دیکە لەسەر ئاین بە شیکردنەوەکەشیدا... دوای ئەوە کەوتە شاری ئەسکەندەرونەو لە کارەکانی بەردەوام دەبێت تاکوو لە ١٢٤٨/٤/٢٦ لەتەمەنی ٤٦ سالیدا

کۆچی دوایی دەکات ولە دەری دەرگای دەریا لە گۆرستانی سالح کوری ، ئەبوو شامە دەنێژرێت لە ناوچەکەدا .

هەروا باوکی ئیبن حاجب بەر لەوە بچێتە میسر بەردەداری ئەمیر عیزەدین سەلامی کورد بووەو لە شاری – سەند – زاخۆ – لەلای ئامێدیەوە لە هەرێمی باشووری کوردستان ژیاوەو لە بەر ئەو پەردەداریە باوکی ناوی ئیبن حاجبی بەسەردا براوە .

سەچاوە :- – شەرفنامە – لاپەرە / ١٨٧ – ١٨٨

١١٧٦

١١٧٦/٧/١٠ دوای ئەوەی کە سەلاحەدینی ئەیوبی توانی زۆربەی هەرە زۆری هەرێمی شام بخاتە ژێر دەسەلاتەکەی ... گەراوە میسرو هەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری قاهیرەی پایتەخت ، بریایدا بۆ یەکەم جار بەدروستکردنی دوو قوتابخانە ئەویش :-

١- دروستکردنی قوتابخانەی شافعی لە تەك گۆری ئیمامی شافعی ناسراو بە قوتابخانەی سەلاحیە لە شارەکەدا .

٢- قوتابخانەی حەنەفی ، ئەویش بەناوی ئیمامی حەنەفی ، کە ئەمە دوو مەزهەبن لە ئاینی ئیسلام لە چوار مەزهەبەکەدا . کە – ئەحمەدی و ، مالکی و ، شافعی و ، حەنەفیە ... دوای ئەوەش ئەمیرەکانی دەووڵەتی ئەیوبی ، دەستیان کرد بەدروستکردنی قوتابخانە لە شارۆچکەو شارو ناوچەو ئەو هەرێمانەی کە لەژێر دەسەلاتی دەووڵەتی سەلاحەدینی ئەیوبی دابوون .

سەچاوە :- سەلاحەدینی ئەیوبی – موسوعە الحروب الصلیبیە –
دانانی دکتۆر سەلابی – چاپی یەکەم –بیروت/٢٠٠٨

١١٧٩

١١٧٩/٦/٨ یەکـــەم دراو لـــە ژێـــر دەسەڵاتی سەلاحەدینی ئـەیوبی چـاپکرا ، لـە شاری قاهیرەی میسر ، بە ناوی دیناری ئەیوبی ، لـە ژێـر لـە سـەردەمی شانـــــشین ناســـر سـەلاحەدینی ئـەیوبی ، کـە قەبارەکـەی - ٢سـم - بوو ... دوای ئەوەش دووجاری دیکە چاپکرا لـە شاری ئەسکەندەریەی میسر لـە ساڵەکانی ١١٩٣ - ١٢٣٥ ، کـە ئەمـە رۆڵـی کاریگـەری هـەبوو لەســەر بـاری ئـابووری و بازرگـانی و پەیوەنـد کۆمەڵایەتی لەو وولاتەدا.

سەرچاوە :- ئەتلەسی مێژووی عەرەب و جیهان - ئامادەکردنی دکتۆ . سەیف الد کاتب - دار الشرق العربی - بەیروت - سووریا / ٢٠٠٥ .

١١٨٠

١١٨٠/٥/٢٨ دەســتپێکردنی نووسـینەوەی چـیرۆك ، یـاخوود پەخـشانە - یـا بـە سـ هاتــەکانی خۆشەویــستی - شـیرین و فـەرهاد - یـا - خەســرۆ و شـیرین لەلایەن شاعیری نیزامی - کە ئەویش پێشکەشی کرد بە - جیهان بەهلەو - دادوەری ئازربایجان .



کۆشکی شیرین

ئەویش لەدوای تەواو بوونی لەساڵی ١١٨٢ ، کە زۆر گرنگی بەو چیرۆکە دراوە لەلایەن عەرەب و نەتەوەکانی دیکە ، بەهۆی سەرنج راکێشی و بەهێزی چیرۆکەکە لە رووداوی خۆشەویستیەکی بێ وێنە لەو سەردەمەدا ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٣ رۆژهەڵاتناسی تشیکی – هریرت دودا – نووسراوەیەکی دانا بەناوی – فەرهاد و شیرین – لەسەر خەسرو شیرین لەلایەن شاعر نیزامی – ئەم چیرۆکەش بۆ چەندین زمانی بیانی وەرگێردراوە لە جیهاندا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە چیرۆکی بەناوبانگی شیرین و فەرهاد چیرۆکێکی کوردیەو بەناوی شاری – قەسر شیرین – ناونراوە ، لەرۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی فارس لە ئێران و ، هەتا چیرۆکی خۆشەویستی لە نێوان فەرهاد و شیرین کوردیەو هەردوکیانیش هەر کوردن و لەسەر خاکی کوردستان بووە ، ئەم خۆشەویستیە رووی داوەو هەر لەسەر خاکی کوردستان شیرین و فەرهاد لەدایك بوونەو کۆچی دوایشیان لە سەر خاکی کوردستان بووە .

سەرچاوە – گۆڤاری میزۆپۆتامیا – ژمارە/٢ لاپەرە /٧٦

١١٨١

١١٨١/٥/١ زانای بەناوبانگی مەزهەبی شافعی و لە نەژاد کورد – ئەبوو عومەر عوسمان کوری عەبدولرەحمان ، لە ناوچەی شارەزوور چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لە مەشاهیرالاکرادی ... ئەمین زەکی بەگ دەڵێ :– کە لە ساڵی ١١٨٢ لە

دایك بووه .. ئەم کەسایەتیە ئاینیە کوردە بەهۆی زیرەکی و توانای زانینی چەندین کتێبی لەسەر زمان و ئەدەب نووسیووە .. لەکارەکانی بەردەوام بووە تــاکوو لــە ١٢٤٥/٥/٢٩ هــەر لەشــارەزوور کۆچــی دوایــی دەکــات لەهــەرێمی باشووری کوردستان .

١١٨٢

١١٨٢/٥/٧ پەیوەندیەکانی نێوان سەلاحەدینی ئەیوبی و دەوڵەتی بیزەنتی لە بارێکی نــاهــەموار دەخوولایــەوە... بــەڵام ئیمپراتــۆر – مانۆیــل کــۆمنین – کــە دژی سەلاحەدین و ئاینی ئیسلام بوو .

لە هەمان کات هاوپەیمانانی خاچەکان بوو... بەڵام لەو کاتە کە ئیمپراتۆر– ئەندرۆس نیقۆســی کۆمنین ، دەسەڵاتی گرتـە دەست باری پەیوەندی رووەو بــارێکی لــەبارتر هــەنگاوینــاو بــەهاتنی ئــەو پەیوەندیــەکی بــەهێز لــەنێوان سەلاحەدینی ئەیوبی و ئیمپراتۆر ئەندرۆسی دروست بوو ، ئەویش بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا ... لەهەمان کات دژی سەلاجقەکان بوون ، کە سەڵجوقیەکان سووپای بیزەنتیان لەناوبرد لە شەری – میربووکیفالۆن – لەکۆتاییەکانی ساڵی ١١٧٦ دا .

هــەروا رق هەڵسانی دژی خاچــەکانی – لاتین و ئیتالیــەکان – بــەهۆی دەست بەسەرا گرتنی توانای ئابووری بیزەنتیەکان ... ئەمــەش بووە هۆکاری ئــەوەی کــە ئیمپراتــۆر ئەنــدرۆس نیقۆســی کــۆمنین ، زیــاتر لــە ســەلاحەدینی ئــەیوبی نزیك ببێتەوە لە پەیوەندیەکانیاندا .

ئــەم لێــك نزیــك بوونەوەیــەش لەئــەنجامی پاراســتنی بەرژەوەنــدی هــەردوو لایــەنی هاوبــەش بــوو دژی – لاتــین – خاچــەکان بەشــێوەیەکی گــشتی و سەلجوقیەکان بەتایبەتی .

بەڵام وولاتانی رۆژئاواو ئەوروپا ئەو لێك نزیك بوونــەوەی لــە نێــوان ئیمپراتــۆر ئەندرۆس نیقۆسی و سەلاحەدینی ئەیوبی ، کە هەوڵێکە بۆ پــێ شێل کردنــی رایەلەی ئاینی لەبیزەنتی و رەش کردنەوەی داب و نەریتەکەیەلە جیهاندا ... لــە بــەر ئــەوە شــەرِی نێــوان بیزەنتیــەکان و ئــاینی ئیــسلام لەســەرتای پەیدابوونی ئیسلام بەردەوام بووە .

لەهەمان کات ئەندرۆس نیقۆسی ویاریدەدەرەکەی - ئیسحاقی دووەم ئەنجیلۆس - ئەم رامیاریەتەیان گۆری بەنزیك بوونەوە لەسەلاحەدینی ئەیوبی ، کە دووژمنی هەرە گەورەی خاچەکان بوون ... بەلام هەولیاندا زیاتر هانی هێزەکانی سەلاحەدین بدەن بۆ ئەوەی ئیمارەتەکانی خاچەکان لە رۆژهەلات لەناوببەن ... ئەم لێك نزیك بوونەوە هۆی ئەوە بوو کە ئەندرۆس نیقۆسی دوور خرایەوە لەئیمارەتی - کیکیان .

لە دوای سالی ١١١٦ و بەرەو شاری دیمەشقی شام بەرێکەووت ... کە لەلایەن نورەدین مەحمود پێشووازی لێکراو رێزی لێگرت ... کە ئەمەش هۆکاری کاریگەر لە پەیوەندی نێوان سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەندرۆس نیقۆسی دروستگرد و لەسالی ١١٨٥ هاوپەیمانیان لەنێوانی مۆرکرا ، لە چەند خالێکی هاوبەش لەوکاتدا .

بەلام بەر لەوەی کە سەلاحەدینی ئەیوبی وەلامی مەرجەکانی نێوانیان بداتەوە ، ئەندرۆس ئیقۆسی لە شاری قوودس لە دەسەلات لادراو لەمانگی/١١٨٥/٩ کووژراو ، ئیسحاق ئنجیلۆس بووە ئیمپراتۆر لەجێگەی ئەدرۆس نیقۆس لە هەرێمەکەدا .

سەرچاوە :- سەلاحەدینی ئەیوبی - دانانی دکتۆر سەلابی- چاپی یەکەم - بەیروت/ ٢٠٠٨.

١١٨٥

١١٨٥/٤/٤ لە رێکەووتنامەی نێوان سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەمیری مووسل مەسعوود مودود عمادەدین زەنگی مۆرکرا ... ئەویش بەهەلگرتنی دەسەلاتی عزەدین مەسعوود لەسەر ناوچەی شارەزوورو کارەکانی و وویلایەتی قەرابلی و هەموو ئەو بەشانەی کەوتبوونە دواوەی زێی ، لەکارەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی بەرامبەر وازهێنانی لەسەر دەست بەسەراگرتنی شاری موسل .. هەروەك ئیبن ئەسیر باسی کردووە ، کە هەولێرو کەرکوك و تاکوو کۆتایی ناوچەی شارەزوور لە بەردەستی سەلاحەدینی ئەیوبی دابووە .

١١٨٧

١١٨٧/٤/ یەکێك لە کورەکانی سەلاحەدین ئەیووبی ، داوای لە شانشینی لیبیا - قمسی تەرابلسی- کرد ، کە ماوەی پێبدا کە هێزەکانی بە هەرێمەکەیدا

تێپـەڕێت . دوای ئـەوە شانـشینی لیبیـا ڕەزامەنـدی لـە سـەر داواکـەی کـرد بەمەرجێ ئەو سوورانەوەی هێزەکانی دەبێ پێش ڕۆژئاوا بوون لە هەرێمەکە دەرچێت ، ئەگینا تووشی هیلاکەت دەبێت .

١١٨٧/٥/١ بـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی ناونـاتۆرەو ووتـەی نـا لـەبار لەسـەر خووشـکی سەڵاحەدینی ئەیووبی ... کە سەلاحەدین سووێندی خووارد ، کە سـەری- ریتـۆ - بـە دەسـتەکانی خـۆی پەلبـدا . لەهـەمان کـات بـەخۆیی و ٨٠٠٠٠ هەشـت هـەزار چەکدارو چـەندین لقـی دیکـەی چەکدار لـە میسرو موسل و مادرین چوونە ریزەکانی چەکدارەکانی کوڕی سەڵاحەدین لە نزیك ئەستارا . ئەویش لـە پێنـاو بە ئەنجامگەیانـدنی ئەو کـارە بەرامبـەر بە نـەیارەکانی و گەراندنەوەی نازناوی ناوداریەتی بنەماڵەکەیدا .

١١٨٧/٧/٢ هێزەکـانی سـووپای سـەلاحەدین بەسـەرکردایەتی کوڕەکـەی هێرشـیان کـردە سەر شاری تەبەریە لە فەلەستین ، بە هۆی کردەوەیەکی نەزانی ، کە یـەکێك لە چەکدارەکانی ئاگری بەر دایە یەکێك لە کۆگاو بووە هۆی ئاگر بەربوون لـە شـارەکەو لـە ئاکامـدا هـەمووی سـووتاند تـەنیا قەلعـەی شـارەکە نـەبێت بـە رزگار بوونی لە سووتاندن ومانەوەی لە شارەکەدا .

١١٨٧/٧/٣ هێزەکـانی سـووپای - ئەفرنجـە - بـەرەو بیابـانی ووشـکانی هەڵکشان کـە سفووریەو تەبەریە لێك جیا دەکاتەوە ، کە بە ١٥٠٠٠ هـەزار سووارو سـەرباز بـەرەو دەریـای جـەلیل کەووتنـە رێ ، کـە لـە پێشـەوەیان - رینیـۆ قمسـی تەرابلـسی- بـووەو لـە دوواوە بالیـان بـیلان و لەناوەنـد شانـشین - گـی دۆلوسـینیان - بوو بۆ پارێزگـاری کـردن لـە - ڕۆڤـن - سـەرەك ئەسـاقفەی عەکا .

کـە بیرنـارد لـە لینـا هـەڵگری سەلیبەکە بوو لـە دوای شـەڕیکی کووشـندەو دژووار لە نێووان هێزەکـانی سـووپای ئیسلام بەسـەرکردایەتی سەلاحەدین و هێزەکـانی سـووپای مەسـیحی ، کـە لـە ئـەنجام هێـزە مەسـیحیەکان بـەرەو دوواوە کشانەوە بە هۆی سەرنەکەووتنیان.

١١٨٧/٧/٤ لە دوای شەڕێکی دژووار لە نێووان هێزەکـانی سووپای ئیسلام و هێزەکـانی سـووپای مەسـیحی ، ئـەویش بـە سـەرنەکەووتنی هێزەکـانی سـووپای مەسـیحی بەرامبـەر بـەهێزەکانی سـووپای ئیـسلام بەسـەرکردایەی

سەلاحەدینی ئەیووبی ، کە لەو شەڕە سەلیبە بەهادارەکەی مەسیحیەکان وون ببوو و تاکوو ئێستا دیار نیە ، کە سەلیبەکە سەلیبێکی گەوورە بووەو لە چەندین کیلۆمەتر دەدیترا . کە لە دارو ئاسن دورست کرابوو.

جێگەی باسکردنە کە سەلیبی مەسیح ، هیمای بەرزی ئاینی مەسیحە ، وەك رێگە نیشاندەرێکی ئاینی و دروشمە بالآکان و ، وەك ئالآیەکی سەرکەووتنی مەسیح و ئاینی مەسیحیەکانە لە جیهاندا .

١١٨٧/١٠/٢ لە دوای کۆچی دووایی سەرکردە - نورالدین زەنکی- سەلاحەدینی ئەیووبی بە هێزێکی زۆر هێرشی کردە سەر سەلیبیەکان و شاری قوودسی رزگار کردو دەسەڵاتەکەی بەرەو فراوانکردن هەنگاوینا ، لە پێناو خزمەتکردنی عەرەب و فراوانکردنی سنووری جووگرافی عەرەب لە سەر بەرژەوەندی گەلانی دیکە لە ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان ، بە تایبەتی لە سەر خاکی گەلی کورد لە کوردستان .

کە سەلاحەدینی ئەیووبی دژی کوردو کوردستان و بە عەرەبکردن و بە ئیسلام کردنی کوردو گەلان بەردەوام بووە .

شایانی باسە سەلاحەدینی ئەیووبی سەرکردەیەکی کوردی ئیسلام و . لە پێناو عەرەب بووەو هەموو توواناى لە پێناو بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و سنووری جووگرافی عەرەب بووە لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا.

بەڵگەش :- گەر سەلاحەدینی ئەیووبی و هێزەچەکدارەکانی کورد نەبوونایە لە بەربەرەکانی کردنی سەلیبیەکان و بە سەرکەووتنیان .

کە عەرەب نەیدەتووانی بەم جۆرە سنووری جووگرافیای نیشتمانی عەرەبی فراوانتر بێت .

کە دژی کوردو نیشتمانی کورد بووە، لەهەمان کات گەر سەلاحەدین لە شەڕەکان سەرکەووتنی بەدەست نەهێنابایە بەسەرکردەیەکی کوردی خائینیان دادەنا...؟.

هەروا مەحەمەد عەلی پاشاش بە هەمان شێووە ، هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوەی مێژوو نووسان و رامیاریەتی ئیمپراتۆریەتەکانی فەرەنسا وروسیای قەسەری و بەریتانیا ترسی زۆریان لە محەمەد عەلی پاشا

هـەبوو . لـە دامەزرانـدنی دەووڵـەتێکی فراوانـی کـوردی لەسـەر کوردستان
دەووروبەریدا .
گـەر سـەرکردە کوردەکـان لـە دوای هەرەسـی ئیمپراتۆریـەتی میـدیا ئـە
ئازایـەتی و لێهاتوویـیـەیان لـە پێنـاو کوردو خاکی کوردستان بـەکار بهێنایـ
تـاکوو ئێـستاش کـورد خـاوەنی بـەهێزترین دەسـەلاّت و دەوولـەت و سنووری
دەووڵەتەکە دەبوون و لەئاستی پێشەوەی وڵاتان دەبوون لە هەموو جیهاندا .
خووێنەری بەرێز:–
من مەبەستم ئایینی ئیسلام نیە... بەڵام گەر ئاسانکاری لە لایەن سەرکردە
سـەرەك هـۆزو تیرەکـانی کـورد نەبووایـە بـەهۆی خوواستی تایبـەت ، عـەرەب
نەیـدەتووانی خـاکی داگـیر بکـات هـەروا فـارس و تـورکیش.. ئەمـ
راستیەکەیە..!.

١١٨٧/١٠/٩ لەو کاتەی هێزەکانی سووپای ئیسلام گەیشتنە شاری قوودس سەلاحەدین
ئـەیوبی فـەرمانی دا ، کـە هەرچی خـانوو و باڵەخانـەو جێگـەی شـووێنەوار
شارسـتانیەتی ، کـە خاچـەکان دروسـتیان کردبـوو بیرووخێـنن لـە شـار
دەورووبەریـدا ... هـەروا بـە رووخانـدنی ئـەو پەژینـەی کـە چـوار دەوورە
میحرابی قوودس کرا بوو .
هەروا ئەو جوانکاریەی کە لە سەر قووبەکەی ماڵی قوودس کرابوو ... دوای
ئەوە بریاریدا کـە کەسایەتی ئـاینی زیائـەدین هـەکاری کـردە ئەمینـدار لەسـە
شاری قوودس .
هـەروا ئـەو خاچـەی کـە لـە زێـر دروسـتکرابوو لەسـەر قووبـەی مـاڵی قـوودس
هێنرا خوارەوە ، کە ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە موسولمانەکان دڵخۆش
بکـات ... دوای ئـەو هـەموو کارانـەی سـەلاحەدین هەڵسا بـە دروسـتکردنی
باڵەخانەی مزگەووتی ئەقسا بەجوانترین شێوواز لەو سەردەم لە شارەکەدا .
سەرچاوە :– سەلاحەدینی ئەیوبی – دانانی دکتۆر سەلابی – چاپی یەکەم – بەیروت/٢٠٠٨.

١١٩٠



١١٩٠/٢/٨ قەڵای هەولێر پەرەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینیووە لە سەردەمی – ئەتابییەکان – بە تایبەتی لە سەردەمی سولتان موزەفەرەدین کە لەو مێژووە حووکمرانی هەولێری گرتە دەست تاکوو ساڵی ١٢٣٣ لەسەر بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەی دام و دەزگاکان و بەرێوەبردنی کاروباری دانیشتووان ، لە دوای کۆتایی دەسەڵاتی عەباسیەکان و سەرەتای حکوومرانی – ئیلخانی – کە لەو کات هێزو توانای مەگۆلەکان لەهەرێمی باشووری کوردستان تێك شکێنرا بەتایبەتی لەدەوروبەری پەرژینی قەڵای ئەوکاتی هەولێر لە هەرێمەکەدا .

لەو کات مەگۆلەکان ئەو توانایەیان نەبوو قەڵای هەولێر داگیربکەن تا ئەوکاتەی حکوومرانی مووسل – بەدرەدین لوئلو یارمەتی دان ... کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مەگۆلەکان توانیان شوورەی قەڵای هەولێر و دەرگاکانی وێران بکەن و بیسووتێنن لە ١٢٥٨/١٢/٢٩.

هەروا قەڵای هەولێر خۆراگر بوو بەرامبەر هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی دووژمنانی ، لەوانەش هێزەکانی تەیموری لەنگ بۆ جاری دووەم لەساڵی ١٤٠١ کە زیانێکی زۆر بەشووێنەواری قەڵاو دانیشتووانەکەی گەیشت .



سەرەرای ئەو هەموو وێرانكاریانەی كە بەسەرهەولێرو قەڵاكەیدا هات ، هە
لەخۆراگری بەردەوام بوو ... بۆ نموونە لەسەردەمی حكوومرانی – ئەمی
ئاسیان – قەڵای هەولێری گەمارۆدا بۆ ماوەی یەك ساڵ ، ئەویش لە ساڵ
١٤٣٥ لە پێناو مل كەچ پێكردنی كورە مامی ئەمیر میرزا عەلی ... دوا
ئەوەش گەمارۆدانی قەڵای هەولێر لەسەردەمی حكوومرانی – ئەلەق قوینلو
لەساڵی ١٤٦٧.

سەرەرای گرنگی پێدان بە پاراستن و ئاوەدانكردنەوەی قەڵاكە لەلایەن ئەمی
عەلی حاجیلۆ لە ساڵی ١٤٧٤دا . لەگەڵ ئەو هەموو كارەساتە لەسەردەم
دەوڵەتی عوسمانی دووبارە دەستكرا بەرێكخستنەوەی قەڵای هەولێرو دا
و دەزگا میریەكان وەك ، خانووی سەراو چەندین شووێنی دیكە و بەردەوا
بوونی باری ئارامی و ئاسایشی شارەكە .

بەڵام هەولێرو دەورووبەری دووچاری هێرشكردنە سەری بەردەوام بوو
لەداگیركردن ، بەسەركردایەتی نادرشای ئەفشاری لەساڵی ١٧٣٢ و ماوە
دوو مانگ دانیشتووانی شاری هەولێر لە خۆراگری بەردەوام بوون .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە جێگەی پەرستگای بەناوبانگ لەقەلای هەولێ
وەك تووێژینـەرە شـووێنەوارەكان بـۆی چـوونەو گەیـشتوونەتە ئـەنجام
لێكۆڵینەوەكان ، بەپێی تۆمارگەكان و شووێنەواری ئاشووریەكان ، كە بەج
ماون ، یاخوود دۆزراونەتەوە ، كە ئەو پەرستگایە چوار خوای لەخۆ گرتوو

و ناوزەندی ئەوکات بە – ئەربائیلۆ – کە شاری چوار خواکانی پێ گووتراوە ...کە لەوکات گرنگی باشی پێدراوەو لە خرسیاو تابلۆیەك دۆزراوەتەوە لە شێوەی لاکێشی ، کە ناوی مەلیکەکانی ئاشووری لەسەر بووە ... کە نووسەرێك لە نووسراوەکەی ناوی پەرستگای خوای لەهەولێر دیاریکردووە بەناوی – عەشتار – لەسەر دەستەی – قەندەلانۆ – کە ئەمەش نووسەری بەناوبانگ – باقر یاسن – لە مێژووی شووێنەوارە کۆنەکان – باسی کردووە ... کە ئاشوور ناسربال لەنێوان ساڵەکانی ٨٨٤ – ٨٩٥ ی بەر لەزایین تێیدا دەسەڵاتدار بووە لە ناوچەکەدا .

هەروا مەلیك – شمش ئەددا –ی پێنجەم ، لە نێوان ساڵەکانی ٨٢٣ – ٨١١ تێیدا دەسەڵاتدار بووە ... هەروا ئاشوودانی سێیەم ، لە نێوان ساڵەکانی ٧٧٢-٧٥٤ ی بەر لەزایین تێیدا دەسەڵاتداربووە... هەروا – سنحارب لەنێوان ساڵەکانی ٧٠٥ – ٦٨١ بەر لەزایین تێیدا دەسەڵاتدار بووە . هەروا ئاشووربانبال لەنێوان ساڵەکانی ٦٦٨ – ٦٢٧ بەر لەزایین تێیدا دەسەڵاتدار بووە ، ئەویش لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

کە ئەمەش نووسەر جەمال بابان، لە – کتابی ناوی شارەکانی کۆنی ئێراقی – باسی کردووە لە ١٩٨٦ ...هەروا لەچەندین نووسراو کتێبی دیکەی مێژوویی شووێنەوارو شارستانیەت و شارەکانی کۆنی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیای بچووك باسکراوە .

تێبینی :– عەشتار ، یاخوود ئاشوور ، ناوی ئەو پەیکەرانە بووە ، کە وەك خوا پەرستراوە ، نەك بەناوی نەتەوە ، یاخوود ئایین... لە بەر ئەوەی ئێستا هەندێك لە برا مەسیحیەکان وا خۆیان ناوزەندکردووە ، کە لە نەتەوەی ئاشوورن ، یاخوود نەتەوەی ئاشوور ... نەتەوە نیە بەناوی ئاشوور بەڵکوو ئەو پەیکەرانە بوونە کە ناویان بەناوی ئاشوور و عەشتار هاتووە لە سەردەمەکانی ئیمپراتۆریەکەیاندا .

١١٩٣ ✍

١١٩٣/٣/٥ کۆچی دووایی سەرکردەی کوردی موسلمان سەلاحەدین ئەیووبی لە دوای بە دیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی عەرەب لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گۆرەکەی

له دیمەشقی پایتەختی سووریایه

گەر بەراووردێك له نێووان ئەو دانراوانـــەی کـــه لـــه ســـەر ســـــەلاحەدینی ئـــەیووبی و بنەماڵەکـــەی نووســـراوه ، لـــه چەندین لایەن خۆی دەردەخات ، که سەلاحەدین ئەیووبی خزمەتی گەورەی هەبوو بۆ داگیرکەرانی خاکی کوردستان . به تایبەتی له لایـەن عـەرەب ، لـه بـەر ئـەوەی سـەلاحەدینی ئـەیووبی ، یەکـەم کەس بوو که له مێژووی ئیسلام ، قوودس و چەندین ناوچه رزگار بکات لـ ژێر دەسەڵاتی مەسیحیەکان و ئاینەکانی دیکەدا .

هـەروا ئـەویش لـه پێنـاو خزمـەتکردن و فراوانکردنـی سـنووری جـووگرافی عەرەب و دەرچوواندنیان له دوورگەی عـەرەبی و هەرێمـەکانی وولاتـی یەمەن و کۆچـکردنیان بـەرەو هـەرێم و ناوچـەی دیکـه ، ئـەویش بـه رێنمـایی ئامۆژگاریەکانی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو به رێگه خۆشکەری نیشتەجێ بوونیان .

راسـته سـەلاحەدین سـەرکردەیەکی ئیـسلامی کـورد بـوو ولـه هـەمان کـات دەسـەڵاتەکەی لـه کـورد پێـك هـاتبوو لـه ناوچـه و ئـەو هەرێمانـەی کـ سـەلاحەدین دەسـەلاتداریەتی تێدا دەکرد ، ... بـەڵام سـوودمەند نـەبوو بـ کـورد لـه هـیچ بوواریـك ، بـه تایبـەتی لـه هـەردوو بـوواری نەتـەوەیی نیـشتیمانیدا . و بـەلکوو زیـان بەخـشێکی بێ ووێنـه بـوو بـۆ کـوردو خـاکی کوردستان .

بەڵگەش :– له دوای مردنی خۆی ، کورو برایەکانی کەووتنه گیانی یەکتری له پێناو سامان و دەسەڵات ...؟ . له هەمان کات بیروو بۆ چوون و هـەڵس کـەووتی سـەلاحدینی ئـەیووبی کاردانـەوەی لـه سـەر زانـاو رووناکبیر نووسـەر و پیاوانی نەتـەوەیی و ئاینی کـورد هـەبوو، بـه بـەهێکردنی بیری

ئاینی و زاڵ کردنی بە سەر باری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا و بە خۆ لە بیرکردن و ... بە هێزکردنی دووژمنانی کوردو خاکی کوردستان .

بەڵام بە داخەوە زۆر لە نووسەران و رووناکبیرانی سەدەی بیست و یەك ، پێنووسی نووسینەکانیان بە بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووی سەلاحەدینە و ناوزەندکردنی بە سەرکردەیەکی کورد ....! . راستە سەرکردە بوو ، بەڵام سەرکردەی کورد نەبوو لە پێناو رزگارکردنی کوردستام و دامەزراندنی دەووڵەتی کوردیدا .

بەلکوو سەرکردەی عەرەب بوو ، بە رزگارکەری عەرەب و بووژاندنەوەی ئاینی ئیسلام بوو لە هەموو بوارە جیاجیاکان و هەر سەلاحەدینی ئەیووبیش بوو هیماو توواناى عەرەب و ئیسلامی بەرزکردەوە ....؟.

دوای ئەویش :– ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزرێنەری وولاتی میسر – محەمەد عەلی پاشا – کە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە باسکراوە .

پادشایانی سەردەمە نوێیەکان بەردوو بناخەی باڵەخانە دێرینەکانیان هەڵدەوەشاندەوەو باڵەخانەی دیکەیان پێ دروست دەکرد بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەن لە دوا رۆژدا ....!.

سەلاحەدینی ئەیووبیش هەوڵیداوە بەردی هەرەمەکانی میسر دەر بهێنێ و شووورای شاری قاهیرەی پایتەختی میسر پێ بینا بکات ... ئا لەو کاتەدا سەلاحەدین بیروو هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردی لە گۆرنا ، لە پێناو زیندوو بووژاندنەوەو دەرخستنی عەرەب و ئاینی ئیسلام و مێژوو لە لاپەرەکانی تۆمارەکانیدا تۆماریان بکات ...بەڵام ئەم کارانەی سەلاحەدین ئەیووبی بۆ عەرەب بوو نەك بۆ کورد وکوردستان .

لە بەر ئەوەی تاکوو ئێستاش عەرەب ، سەلاحەدین بە عەرەب و سەرکردەی عەرەب دادەنێن بە هۆی سوود وەرگرتنیان بە ١٠٠ ٪ لە سەلاحەدین . خۆ ئەگەر سەلاحەدین شکستی بهێنابایە ، ئەوا عەرەب ناوزەندیان دەکرد بە سەرکردەی کوردی خائن ، وەك ئەبوو مووسلمەی خۆراسانی ، کە ئەبوو جەعفەری مەنسوور لە ناو میوانخانەکەی خۆیدا کووشتی...!.

بە سەدا کورد هەبووە و هەیە کە خزمەتی دووژمنانی کوردیان کردووە نەك کورد ، جا لە نووسەر و رووناکبیر و کەسایەتی ئاینی و هونەرمەندو شاعیر

و گۆرانیبێژ وو...هەروا...!.
دەڵێم بە داخەوە سەرکردە کوردەکان جا لە ڕێگەی ئاین و لە ڕێگەی کار
رامیاری و لە ڕێگەی نەتەوەیی و لە ڕێگەی بنەماڵە ، لە هەموو کات
ساتێك خزمەتی بێگانەیان کردووە و ئاوات و ئامانجی گەلی کوردستانیان ل
ژێر خاك ناوە ...!.
هەروا بگرە لە سەرەتای دروست بوونی ئیماراتی کوردی بەر لە مێژوو
زاین ، تاکوو سەدەی بیست ویەك . لە دژایەتی کردنی یەکتری و کووشتن
برین زیاتریان نەبووە ، لە پێناو سامان و کورسی و خۆ دەووڵەمەند کردن
لە سەر خووێنی گەنجی کورد و گەلی کوردستان و لە سەر خاکی کوردستان

١١٩٥

١١٩٥/١٢/٦ سەرداران و ئەمیرانی میسر بوونە سووێند خۆری و ئازایەتی بارودۆخەکە
پەیمانی سەروەریان مۆرکرد لە ١١٩٢/٩/٢ ... لە بەر ئەوەی سولت
سەلاحەدین بەر لە مردنی فەرمانرەوایی میسری دابووە دەست عوسما
کورە گەوورەی ... ئەویش دوای مردنی باوکی کەوتە خۆو خۆی نەیارکر
کاروباری میسری لێك لەبارکردو ئەوسا لە گەڵ مەلیك عادلی مامیدا کاک
مامە و برالەی خۆیان کردو بە جووتە هێزەکانیان بەرەو شام بەرێکر
گەمارۆی مەلیك ئەمزەلیدا.
ئەم کوردە کە برایەك لەلایەك و براو مامێك لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی
بەگژ یەك وەنا و مەلیك ئەفزەل دووجار هێزی هێرش بەرانی بەپاشد
کشاندەوەو سەری سێ جارە زۆر بەتووندی دەووری دراو ماوەدای ل
بەرتەسك کراو تووشی برسیەتی هات ، لەساڵی ١١٩٦ شامی جێ هێشت
عوسمان فەرمانرەوایی شامی دادەستی عادل و خۆیشی بەرەو می
گەرایەوە .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە – ئەمین زەکی بەگ – لە مێژووی ئیماراتی کو
لە – ٢– ٢٢٦ دا دەڵێ :–
مەلیك عادل کۆمەڵێك لەمیرەکانی ئەیوبی رازی نەبوون ، کە کەمەلیك عەز

پەلاماری مەلیك ئەفزەل بدات و بوونە ناوبژیوان و لەهێرشی یەکەمدا گەراندیانەوە دوواوە .... بەڵام بۆ ساڵی دوایی دووبارە هێرشی هێنایەوە سەر وولاتی شام و مەلیك عادل لایەنگیری مەلیك ئەفزەلی دەکرد ، بۆ ئەوەی نەتوانێ بەشی براکەی داگیر بکاو بۆ جاری دووەمیش پێك هاتنەوە .

هەروا مەلیك عادل ، کە زانی شەڕی ئەو دوو برایە کۆتایی نایەو لەو سونگەیەشدا لەشکری موسلمانان تێ دەچێ و فەرەنگیش گوێیان لەکلاو دەرپەڕاندووەو نینۆك لێك دەخشێنن و هەر ئەوان سەرکەوون و وازی لە ئەفزەل هێناو لە گەڵ عەزیز رێکەووتن و بە جووتە گەرانەوە سەر شام و مەلیك ئەفزەلیان دەرکرد و قەلای سەرخەدیان دابەو بۆ خۆی بوو بەپادشای وولاتی شام .

زۆر سەیرە بنەماڵەی سەلاحەدینی ئەیوبی هەتا توانیان کوردیان لە پێناو عەرەب و ئاینی ئیسلام و بەهێزکردنی جێ پێگەی عەرەب و فراوانکردنی سنووری جووگرافی عەرەبیان پتەوکرد ، لە دواییدا خۆیان لەناو خۆیان بەگژیەکدا چوون کوردیش .... ؟ .
نووسەر .

١١٩٦

١١٩٦/١١/٢٤ سەیف ئەلائیسلام تکیلین – توگرولتەگین –ی کوری نەجمەدینی ئەیوب ، کە پاشای یەمەن بوو ، کۆچی دوایی کردو ، دوای ئەو کورەکەی کە ناوی – مەتحەدین ئیسماعیل – و نازناوی مەلیك – موعیز– بوو جێگەی گرتەوە.. کە ئەمەش نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی بووەو لە نەژاد کورد بوونە .... بەڵام بە داخەوە .... ؟.

سەرچاوە:– شەرەفنامە – لاپەرە /١٦٥ .

١١٩٨

١١٩٨/١٢/١٠ کۆچـــی دوایـــی زانـــاو فەیلەسوف ئیسلام – محەمەد ئەحمەد محەمەد ئەحمەد رشد ... ناسراو بە ئیبن رشد و بە نازناوی حەفید . شایانی باسە کە باوك و باپیری قازی فقهی بەناوبانگ بوونە ... کە باپیری قازی بووە لەشاری قرتبە ... زۆر لە فتواکانی تاکوو ئێستا بە دەست نووسی خۆی لە کتێبخانەی نیشتیمانی فەرەنسا پارێزراوە .. ئەم زانایە لەساڵی ١١٢٦ لەشاری قرتبە لەدایك بووە ... لە فقهی ئیمامی مالکی خوێندووەو هەروا فەلسەفەی خوێندووەو دوای باوکی بۆتە قازی لە قرتبە .... کە تاکوو ئێستاش نووسینەکانی ئەم مرۆڤە کاردانەوە و کاریگەری خۆی هەیە بە تایبەتی لەبوارەکانی ئاینی ئیسلامدا .

سەرچاوە:– موسوعەی فەلسەفە – بەرگی/٣ دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی .

١١٩٩

١١٩٩/١٠/٢٣ مێژوو نووسی بەناوبانگی کورد – ئەمین زەکی بەگ – دەڵێ :– کاتێ کە مەلیك ئەفزەل کرایە پادشای میسرو سەرپەرشتی مەلیك مەنسووری برازای لێبرا ... کە تۆڵە لە مەلیك عادل بکاتەوە ناردیە لای مەلیك زاهری برای ، کە پادشای حەلەب بوو .

لە هەمان کات دژی مامی یاریدەی براو بۆخۆشی خەریکی خۆ سازکردن بوو ، کە بچێتە جەستەی مامی . مەلیك عادل کە بەو سەر و بەینەی زانی ، لە ژێرەوە پەیوەندی نێوان ئەفزەل و سەردارانی تێك داو بەهێزێکی زۆر چووە سەر میسرو ئەفزەل و مەلیك مەنسووری دەرکردو میسری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە

هەروا ئەمین زەکی بەگ دەلیّ:- کە لە میسریان دەرکرد ، دوای ئەوە رەوانەی قەلاّی سـەخەد کـرد لـە بـاکووری کوردسـتان و ماوەیـك تیّـدا مایـەوە. مـەلیك زاهیری برای هیّزیّکی لەحەلەب هیّنا بۆ ئەوەی شام بگریّتەوەو وریـایی مـەلیك عادل پەیوەندی نیّوان ئەو دوو برایەی تیّکداو مـەلیك زاهیر هاتەوە حەلـەب و مەلیك ئەفزەل بە نائومیّدی گەرایەوە قەلاّی سەرخەد و لـەدوای مـەلیك عـادل بەزەیی پیّداهات و قەلاّکانی :- نەجم و سروج و حمسادی دایەوە دەست .

جیّگـەی باسـکردنە کـە وەك لـە پیّـشەوە باسمـان کـرد ، کـە هــەتا سەلاحەدینی ئەیوبی مابوو مەلیك ئەفزەل لە دەسەلاّتدا بوو لە سەر شام ، لە دوای مردنی سەلاحەدینی ئەیوبی – عەزیز عوسمان – ی برای ئەفزەل لەگەلّ مـەلیك عـادلی مامیـدا ، سـیّ جـار هیّرشـیان کـردە سـەر شـام و ئـەفزەلیان دەرکردو قەلاّی – سەرخەد – کە قەلاّیەکی کەونارایە لەشام و لـەنیّوان موّران و چیای بەلەدروزەو ئیّستاش گوندیّکەو شوویّنەواری کۆنی کوردی تیایە – کە مـەلیك ئـەفزەل لـەو قەلاّیـەدا دەژیـا تـاکوو مـەلیك عـەزیز لـە وولاّتـی میـسر کۆچی دوایی دەکات.

لە دوای ئەوە ئەفزەلیان ناردو بۆماوەیەکی کوورت لەسەر میسر پادشایەتی دەکرد.. لەو کاتەدا کە مەلیك عادل بەم کارەی زانی بـەهیّزیّکی گـەوورە چووە میسرو بـەزۆری زۆردار مـەلیك ئـەفزەلی دیـسان لەسـەر تـەختی پادشـایەتی لابردو قـەلاّی – شمـشانی- پـیّ سـپارد – قـەلاّی شمـشان کۆنـەو قەلاّیەکە لە سەرچەمی فوورات لە باکووری کوردستان و لەباشووری قـەلاّی مەنسوورە... لە ئەتلەسـی عوسمـانی بـە – سـاماد – نوسـراوە – دوای ئـەوە مـەلیك ئـەفزەل تاکوو ١٢٢٥/١/١٣ کۆچی دوایی کرد لە باکووری کوردستان .

سەرچاوە :- شەرەفنامە / لاپەرە /١٦٦-١٦٧ .

١٢٠٢

١٢٠٢/٩/٢ دوای سـەرکەووتنی بـە سـەر دووژمنـەکان و تـەواوی بیابـانی مـەنگۆلیا – جـەنگیزخان – شـایەتی خـۆی لـە ئاهـەنگیّکی گـەوورەدا راگەیانـدو داوای لـە هۆزەکانی ناوچەکە کرد .

ئەویش کە یەکیەتیەکی پتەو پیّك بیّنن لە پیّناو فراوانکردنی دەسەلاّتەکەی و

بــەرەو پێکهێنــانی نەتەوەیــەکی ســەربەخۆ لەهــەموو بوارەکــانی نەتــەوەیی لەناوچەکەدا.

١٢٠٢/٩/٢٠ لە پادشای یەمەن مەلیك موعیز ئیسمالی کوری سەیف ئەلا ئیسلام تگتەکیز کوری نەجمەدینی ئەیوب لە شاری زوبەید – زوبەید شارێکی دیارە لەیەمەن و کەووتۆتە باشووری رۆژهەڵاتی بەندەری – حودیدە . بەدەستی سەردارانی لەشکری خۆی کووژرا... لەبەر ئەوەی موعیز پیاوێکی داوێن پیس و هەمیشە سەرخۆش و بیّ وەفا بووە ... کە دەست درێژی دەکردە سەر ماڵ و نامووسی ژێر دەستانی خۆی ... هەر ئەو موعیزە ، لەلای شەرم بوو بلیّ مز کوردم و دەیگووت من لەتۆی واتا لە نەوەی ئەمەویەکانم .

لە پاش کووژرانی موعیز مەلیك ، ناسری کوری کەلەتەمەنێکی منداڵی دابوو جێگەی گرتەوە ... یەك لەزانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا کە ناوی - ئەبوو ئەلفەنایم موسلیم کوری مەحمودی شیرازیە – کتێبێکی بەناوی - عجایب الاسفار و غرائب الٌخبار –ی بەناو ئەو مەلیك موعیزە داناوە بەهۆی سەرەرۆیی لەکارەکانی لە یەمەندا .

سەرچاوە :– شەرەفنامە – لاپەرە/١٣٥ .

١٢٠٥

١٢٠٥/٨/١٨ نووسەرو شاعیری کورد – شەمسەدین ئیبراهیم جزری – ناسراو بە - فاشوشە چاوی بە جیهان هەلهێناوە – جێگەی ئاماژە پێکردنە کا ناسراوبووە بە نووسینە بەنرخەکانی لەو کات ، کە بە شێووەیەکی گشتی لەبواری ئایینی ئیسلام رۆڵی کاریگەریان هەبووە ... سەرەرای بوونی کوردایەتیان و لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی بەهۆی بارودۆخی ئەو کات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەپەرە سەندنی بیری ئایینی لەهەرێمەکەدا .

سەرچاوە:– شذرات الذهب /٤٥٦/٥.

١٢٠٧

١٢٠٧/٩/٢٠ شـاعرو هـەڵگری بـروای سـۆفی لـە ئـاییینی ئیـسلام – محەمـەد محەمـەد حسین بەهائـەدین لە شـاری – بـەلخ – چـاوی بـە جیهـان هـەلهێناوە ... کـە ئـەمرۆ ئـەم شارۆچکەیە دەکەوێتە ئەفگانستان ... ئەم شاعیرە ناسراوە بە جەلالـەدینی رۆمی ... دوای ئەوە بنەکاڵەی محەمەد محەمەد بە هائەدین لە ترسی هێرش و شـالاوەکانی مـەگۆل بـەرەو – نیـساپور – رۆیـشتن . لـەوێ بـە شـاعیری بەناوبانگی فارسی گەوورە فەریدەدین عەتار گەیشت ... کە دیوانی – اسرار نامە –ی پێشکەش کرد .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە ، کـە بەهائـەدین لـە بنەماڵەکـەی شـانازیان بەکوردایـەتی خۆیـان کـردووە ، تـاکوو کۆچـی دوایـی کـردووە . دوای ئـەوە روویان لەشام کردووە و دوای چووە بۆ حەج کردن .

دوای ئەوە بەرەو هەرێمی ئەنازۆڵ بەرێکەوتووە و لەشاری قوینە جێگیربووە ... کە مامۆسـتایەکی زیرەك و لێهاتوو بـووە ، لەسـەر دەسـتی بـاوکی فێری زانیاریەکی باش بووە.

هـەروا لـە قوینیـەش لەلایـەن مەگۆلـەکان دەربـەدەرکراون . ئـەم کەسـایەتیە لـەدوای پەیـداکردنی توانایـەکی بـێ وێنـە لـەبوارەکانی زانـست و ئـەدەب و فەلسەفەو شعرو پەرەپێدانی رێگەی تەسەوف .

لەگەڵ ئەوەشدا بە دەیا پارچە شعرو دانراوی هەمەلایەنەی بەرهەم هێنـاوەو بۆتە رێگە نیشاندەری زاناو فەیلەسوف و شاعیرو ئەدیبانی عەرەب و بیانی و کـوردی ... بەردەوام بـوونی لە بەرهەمـەکانی تـاکوو لـە رۆژی ١٢٧٣/١٢/١٧

کۆچی دوایی دەکات و لەشاری قوینە بەخاك دەسپێردرێت .
سەرچاوە:- مجلة العربية / ٥٨٨ - نۆفەمبەری /٢٠٠٧.

١٢١١

١٢١١/٦/١٥ زاناو مێژوونووسی گەورەی کورد - ئیبن خەلەکان - لە شاری هەولێر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، کە ناوی تەواوی - ئەبوو ئەلعەباسی شەمسەدینی ئەحمەد ئیبراهیم بووە ... ئەم کەسایەتیە ناودارە نەمرە چەندین کتێبی بەبەهای داناوە وەك : - وفيات الاعيان - أنباء أبناء الزمان -ی مێژوویەکی بەناوبانگی لە هەموو زیاتر بووە .

تێبینی:- گوندی خەلەکان لە دۆڵی خەلەکانە لە شارۆچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێرە لەهەرێمی باشووری کوردستان .. ئەم کەسایەتیە مێژوونووسە گەورەیە ، بەردەوام بووە لە بوارەکانی کارکردن تاکوو لە ١٢٧٢/٧/٢٩ لە شاری دیمەشقی وولاتی شام کۆچی دوایی دەکات تەرمەکەشی هەر لەوێ بەخاك دەسپێردرێت لە شارەکەدا .
سەچاوە :- شەرەفنامە - لاپەرە/١٧١

١٢١٥

١٢١٥/٥/٢ یافعی لە مێژوویەکەی خۆیدا دەڵێ :- مەلیك مەسعوود یوسفی کوڕی مەلیك عادل لە سەر فەرمانی باپیری هێزێکی بردە سەر یەمەن و پادشایەتی یەمەنی دەستەکەووت .
دوای ئەوە نیازی دەست بەسەراگرتنی خاکی حیجازی کەووتە سەر و لە هەڵمەتێکدا خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی .. دوای ئەوە لەشاری مەککەی مەڵبەندی ئاییني ئیسلام لە ١٢٢٨/١١/٣٠ کۆچی دوایی دەکات و هەر لەو

لە گۆرستانی حاجیانی ئەو شارە نێژراوە .

ئەم کەسایەتیە لەلایەن شێخ سەدیق کوری بەدر کورد نێژراوە ، ئەم شێخ سەدیقەش لەشاری هەولێر لە دایك بووە و کۆچی بەرەو وولاتی سعوودیە کردیەو لەویَ خەریکی دینداری بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە .

سەرچاوە :- شەرەفنامە / لاپەرە /١٨٠-١٨١ .

١٢١٥/٥/٢ شاعیرو نووسەرو رووناکبیری کورد - ئیبراهیم لوقمان ئەحمەد محەمەد فەخرەدین شەیبانی ئەلئەسعەرد - لەشارۆچکەی - ئەسعەرد - لەنزیك - میافارقین - لە رۆژهەلاتی زێی دیجلە لەدایك بووە .

جێگەی باسکردنە کە ئەم مرۆڤە پلەی وەزیری وەرگرتیە لەسەردەمی مەلیك سەعید محەمەد زاهر لە - بیبرس - لە نیوان سالەکانی ١٢٧٧- ١٢٧٩ کە بۆماوەی دوو جار لەکاتی مەلیك مەنسوور قەلاوین لەسالەکانی ١٢٧٩- ١٢٩٠ ئەم پۆستەی بەدەست هێناوە .

کە پیاوێکی نەرم و لە سەرخۆ بووە ... لەو کاتە مەلیك کامل محەمەد ئەیوب ئەمەد - واتە دیاربەکر - کردیەوە نامەکانی کە ئاراستەی بەرپرسەکانی دەکرد بەناوی - ئبن لوقمان - بووە .

هەروا لەپۆستەکانی دیکە کاری کردووە وەك دەوولەتی سولتان مەلیك سالح ئەیوب لە میسر لەنێوان سالەکانی ١٢٤٠ - ١٢٤٩ ... بەردەوام بووە لەکارەکانی تاکوو لە ١٢٩٣/١٢/٢ کۆچی دوایی دەکات لەمیسرو چەندین دەست نووسی شیعرو بوارەکانی دیکە لەدوای خۆی بەجیَ دەهێلیَ لەم وولاتەدا .

سەرچاوە : فوات الوفیان ٤٣/١ ... المنهل الصافی / ١٣٨ .

١٢١٨

١٢١٨/٨/٣ کۆچی دوایی کوری سەلاحەدینی ئەیووبی - ناسر سەلاحەدین - لە تەمەنی ٧٥ سالیدا بەهەمان بیروو بۆچوونی باوکی... کە رۆلی گرنگی هەبوو لە فراوانکردنی سنووری جووگرافی نیشتمانی عەرەب و بەهێزکردنی ئاینی ئیسلامو لە پێناو بەعەرەبکردنی کوردو خاکی کوردستان ، کە لە دوای مردنی خۆیشی ١٦ کوری جیَ هێشت .

١٢٢٠

١٢٢٠/٣/٨ دامەزرانـدنی ئیمـارەتی ئـەردەلان لـە بەشـی رۆژهـەلاتی کوردسـتان و ئـەو ئیماراتە بەرەو فراوانی هەنگاوینا تاکوو پارێزگای کەرکویشی گرتە خۆی و ئەم ئیمارەتە بەردەوام بوو تاکوو ١٨٦٥/٥/٢٧ .

هەروا ئیمارەتی دووەمی بابان لە ١٥٩٧/٨/٤ لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابان دامەزراو پایتەختەکەی قەلاچۆلان بوو لەباشووری کوردستان .

دوای ئـەوە ئیـبراهیم پاشـای بابـان لــە ١٧٨٤/١١/٢٦ دەسـتی کـرد بەدروسـتکردنی شـاری سـلێمانی و دوایـی کردیـە پایتـەختی ئیمارەتەکـەو تـاکوو لەسـالّی ١٨٥١ کۆتـایی بـەم ئیمارەتـەهات و بـووە ژێـر دەسـتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە هەرێمەکەدا .

سەرچاوە : محەمەد ئەمین زەکی – مێژوو وولاّتان و ئیمارەتە کوردیەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا . وەرگێرانی عەلی عەونی – چاپی دووەم – لەندەن /١٩٨٦ .

١٢٢٥

١٢٢٥/١٠/٦ هێزەکانی سووپای تەتەر بەسەرکردایەتی جەنگیزخان لە رۆژئاوای چینی میللـی دەرکـەوتن و بـەرەو وولاّتـی خـەوارزم و سـەمەرقەندی رووسـیای قەیسـەری هـەنگاویاننا ، کە هـەمووی لـە ماوەیەکـەی کورت دا داگیر کردوو کردیـە خاوەنداریـەتی ژێردەسـەلاّتەکەی خـۆی ، کـە بـووە هـۆی تـەنگ پـێ هەلّـچنین بـە هــەلّگری بـروای ئـاینی ئیـسلام ، کـە ئەمـەش بـە خـۆ دوورخستنەوەی خەلیفە ناسرەدین ئەللا خەلیفەی ئیسلام و خۆ دوورە پەرێز گرتن لە رووداوەکاندا .

١٢٢٦

١٢٢٦/١٢/٢٢ مـەلیك مەنسوور ئیبراهیم کوری مـەلیك شێرکۆی محەمـەدی کوری ئەسەدی شێرکۆی مـامی سـەلاحەدینی ئـەیوبی چـاوی بـە جیهـان هـەلهێناوە ... ئە مەلیکە خاوەنی شاری حمس و دەووروبەری بووە ... واتە ئیمارەتی حمس ... ئەمـەش لـەدوای مردنـی بـاوکی هـات ، لـە سـالّی ١٢٣٩ کە مـاوەی ئەمیر ئیمـارەتی حمـس شـەش سـالّ بـوو ... دوای ئـەوە لـە سـالّی ١٢٤٠ تووش

شەڕهات لەگەڵخەوارزمەکان .

کە لە هەرێمەکانی شام نیشتەجێ بوون بەهاوکاری سووپای حەلەب لە ئاکامدا سەرکەووتنی بەسەریاندا هێناو لەناوچەی ڕۆژهەڵات دەری پەراندن تاکوو ڕۆژهەڵاتی زێی فوورات ... هەروا دەستی بەسەر ناوچەی – حەران – داگرت بەیارمەتی بەدرەدین لولوی خاوەنی مووسڵ ، بەم هۆیەش هەموو دیلەکانی ژێر دەستی خەوازرمەکانی ئازادکردوو گەراندیەوە جێگەی خۆیان لەوانەش مەلیک – ئۆرانشای – کوری سولتان سەلاحەدینی ئەسفەر ... لەو شەرە گەوورەش توانی دەست بەسەر ناوچەی خابووردا بگرێت . دوای ئەوە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٢٤٢ شەری لەگەل خەوارزمەکان بەرپاکردەوەو بەسەریاندا سەرکەوت .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٢٤٦ لەگەڵ مەلیک نەجمەدین سالح ئەیوبی رێکەووتیان مۆرکرد و بۆجاری سێیەم و چوارەم لەگەڵ خەوارزمیەکان تووشی شەڕ هاتن و سەرکەووتنیان بەدەست هێنا ، کە ئەمەش بۆوە هۆی ئەوەی کە لەلایەن مەلیکی میسر جێگەی دەست خۆشی لێکردن بوون .

دوای ئەوە لەسەردانەکەی گەڕایەوە لەلایەن مەلیکی میسر لە شاری دیمەشق لە ١٢٤٦/٥/١٩ کۆچی دوایی کردو تەرمەکەیان هێنایە شاری حمس و لەتەك گۆڕی باوکی بەخاکیان سپارد .

دوای ئەوە کورەکەی مەلیك – ئەشرەف موزەفەرەدین – دەسەڵاتی ئیمارەتی حمسی گرتە دەست لە هەرێمەکەدا .

سەرچاوە :– الاعلام ٤٣/١ – مشاهیر الکرد ٢٦٧/١

١٢٢٧

١٢٢٧/٨/١...کۆچی دووایی سەرکردەی هێزەکانی سووپاو ،سەرکردەی تەتەرەکان جەنگیز خان .

١٢٢٩

١٢٢٩/٢/١١ گرێدانی رێکەووتننامە لە نێوان قەیسەری ئەڵمانی – فریدریا دووەم – لە گەڵ – سوڵتان سەلاحەدین – ئەویش لە پێناو بەرپابوونی ئاشتی لەجیاتی شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوو ئاینی سەرەکی لە جیهان ئیسلام و مەسیحی ، بەتایبەتی لە ناوچەی شام و شاری قوودس لە ناوچەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم رێکەووتنە لە تابلۆیەکی گەورەی جوان و قەشەنگ دروستکراوە و لە مۆزەخانەی – شالاپورژ – لە رۆژئاوای شاری ڤینایە ، کە و دەکەوێتە جوانترین ناوچە لە ئەورووپا ، لە سەر جێگایەکی بڵند لە سەر کەندی سەوز لە کەناری زێی دانووب ، کە بەناوبانگە بە کۆشك و تەلاری بێ وێنە لە ئەورووپادا .

هەروا خاڵێکی گرنگ لەو رێکەووتنە ئەوە بوو ، کە شاری قوودس دابەش بێت لە نێوان مەسیحیەکان و ئیسلامەکان ، کە شاری قوودس بگەرێتەوە بۆ خاوەنداریتی لاتینیەکان و جێگە پیرۆزەکانیش بۆ ئیسلام و جوولەکەکان بێت ، ئەویش لە پێناو بەیەکەوە ژیان لە نێوان ئیسلام و مەسیحی و جوولەکە لەناوچەکە و شارەکەدا .

هەروا بەر لەو کاتەشدا تەقینەوەکەی دانیشتووان لە ئەورووپادا بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێناو درێژکردنەوەی دەسەڵات و بە دەست هێنانی سەرکەووتن و کۆکردنەوەی کەلتوور و شووێنەوارە گرنگەکان لە جیهانی مەسیحیدا ، ئەویش کە بۆ جاری چوارەم شاری – قوستەنتینیە – لەلایەن خاچەکان داگیرکرا.

کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمان بوو لەساڵی ١٢٠٤ لە شالاوە بەر فرەوانەکەیان ، کە ئەویش بووە هۆی تالانکردن و بردنی هەرچی شووێنەواری کۆنی سەردەمی بیزەنتیەکان هەبوو بردیان ، کە ئێستا لە مۆزەخانەکانی ئەورووپا بەر چاو دەکەون ، بە تایبەتی لەشاری بوندەقیە کە ئەو کات دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی هەبوو لە کێشووەرەکەدا .

سەرچاوە:– www.daraubayat.com

١٢٢٩

١٢٢٩/١١/٢ قەڵای هەولێر مەڵبەندی دەزگای میرە – ئەتابەکیەکان – بووەو سەراو بەندیخانەشی تێدا بووە . بەندیخانەش بەناوبانگ بوو. زانای بەناوبانگی ئەم شارە – ئیبن ئەلمستەوق – ئەم بەندیخانەی بەبەندیخانەی – حەلەبی – حەلەب – ناو دەبات . لەهەندێ نووسراودا روونی دەکاتەوە کە – ژێر زەمین و مەغارە – لەژێر خانووەکانی قەڵادا هەبوونە لەکاتی تەنگانەی شەڕدا بۆ جۆرەها مەبەست بەکارهێنراون .

جگە لەم نووسراوانەش گەلێ تەمەندارانی شاری هەولێر لە ئافرەت و پیاو ئاماژە بۆ ئەم ژێر زەمین و مەغارەو نەخشەو نیگاری خانووەکانی سامانداراني گەرەکی سەرای قەڵای هەولێر دەکەن ... واش دیارە کە ئەم نەخش و نیگارانە لەلایەن هونەرمەندانی پێشووی شاری هەولێر وەك – هونەرمەند وەستا ئیسماعیل و ، وەستا نورەدین سەتەندەجی – هەر ئەو دوو هونەرمەندەش لە سەردەمی – سەفەویەکان و تەتەرەکاندا چاتی گومبەتی دەرگای باشووری قەلایان دروستکردووە .

بەڵام ئەوەی شایانی سەرسوورمانە جوانکاری خەپەنگ و شانە سینەکانی ماڵە دەسەڵاتدارەکان و دەوڵەمەندەکانە . ئەوەشیان وانەبێت تەنانەت هەر دیاردەیەکی قەڵای هەولێر بێت . بەڵکوو دیاردەیەکی ئەوپەری جوانی جیهانیە لە هەرێمەکەدا لە باشووری کوردستان .

سەرچاوە :– ئەتلەسی مێژووی عەرەب وجیهان – ئامادەکردنی دکتۆر سەیفەدین کاتب – دار الشرق – بیروت – سووریا /٢٠٠٥.

١٢٢٣

١٢٢٣/١٠/ کەسایەتی ناوداری شاری هەولێر موزەفەرەدین باوکی سەعید کوکبری کۆچی دوایی کردووەو گۆڕەکەی تاکوو ئێستاش لە شاری هەولێرە لەباشووری کوردستان بەرامبەر پارێزگای هەولێر .

شایانی باسە کە جەماوەری شاری هەولێر رێزی زۆر لە موزەفەردین دەگرن و رۆژانە سەردانی دەکەن و وەك پیاوێکی ئاینی لە نیازی گەیاندنیان بە ئاواتە خوازەکەیان لە شارەکەدا .

١٢٤١

١٢٤١/٤/٩ فراوان بوونی ئیمپراتۆریەتی مەگۆلەکان لە دوای مردنی جەنگیزخان لـ
ساڵی ١٢٢٧ لە رۆژهەڵاتی کۆریا و بەرەو رۆژئاوای ئێران و هەروا لـ
باشووری رووسیا تاکوو باکووری ، کە زەریای هێمنە لە باشووریەوە .
دوای جەنگیزخانیش – ئەقتاح – کە جێگەی گرتەوە لەسەر فەرمانرەوای
مەگۆل ... کە فەرمانرەوایی – خەوارزمەکان – هەرەسیان هێنا لە فارس
ئازربایجان .

لە دوای ئەوەی کە مەگۆلەکان توانیان بەسەریاندا زاڵ ببن بە لە ناوبردن
سەرکردەکەیان – جەلالەدین منکبرتی – لە ساڵی ١٢٤٠ و لە هێرشەکانیا
هەنگاویان بەرەو ئەورووپا هاوێشت ... لە ئەنجام توانیان بەسەر هێزەکا
سووپای هۆڵەندی سەربکەوون لە شەری – لیگنتز – و دوای ئەوە هەوڵیان
بەرەو وڵاتی مەژەر هەنگاو بنێن .
دوای ئەوە توانیان شانشینەکەیان – بیلای چوارەم – ببەزێنن لە مانگ
/١٢٤١/٤ ... کە هێرش و شاڵاوە درندانەکەی مەگۆلەکان هەنگاو
بەرفراوانی دەنا بەهۆی کردارە نا مرۆڤایەتیەکەیان لە کووشتن و برین
تۆقاندن لەو جێگایانەی کە دەسەڵاتیان بەسەریدا دەشکا ، بەرامبەر
دانیشتووانەکان کە دەنگوباسەکانیان گەیشتە جیهانی ئیسلامی

مەسیحی ، و بووە هۆکاری دڵتەزاندن .

بە تایبەتی لەو کاتەی کە هەڕەشەکانی مەگۆل لە لابالی ڕۆژهەلات لە جیهانی ئیسلامی و بە ترسناکی مەگۆلەکان بەرە و ناوچەو هەرێمەکان و خەلافەتی عەباسی بەرەو هەلووەشانەوە و کەووتن هەنگاوینا ، کە لەو کاتەی لە کەنارەکانی شام ژێر دەستەی خاچەکان بوون و هەولەکانیان لە پێناو داگیرکردنی میسر و وولاتانی دیکە بوو لە کێشوورەکانی دیکە لە جیهان .

سەرچاوە:- www.starlight.demon,co,uk/mooncal

١٢٤٧



١٢٤٧/٥/٨ دراوی دیناری زێر لە شاری مووسلٚ بەچاپگەیەندرا لەلایەن بەدرەدین لۆلۆی زەنکی ، کە قەبارەکەی – ٢,٤سم – بوو .شایانی باسە ئەوکاتە شاری موسل ناوی موسل نەبووە ، کە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە بەشێوەیەکی دیار باسی لێووەکراوە .

سەرچاوە :- ئەتلەسی مێژووی عەرەب وجیهان – ئامادەکردنی دکتۆر سەیفەدین کاتب– دار الشرق – بریروت – سووریا /٢٠٠٥.

١٢٤٩

١٢٤٩/٦/٦ هێزەکانی سووپای شانشین لوویسی نۆیەمی سەلیبیەکان ، هێرشی کردە سەر – دمیات – ولە ئەنجام داگیری کرد ، لەپێناو گێراندنەوەی ناوچەو هەرێمە داگیرکراوەکانیان لەژێر دەستی ئیسلامەکان.

١٢٥٣

١٢٥٣/٣/٣ بـه کۆچـی دوایـی دوا مـەلیکی بنەماڵـەی سـەلاحەدینی ئـەیوبی مـەل
سـەلاحەدینی مـەلیك زاهـر سـەلاحەدین نەجمـەدین ئـەیوب ، کـە بـووە هـۆ
ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی ئەو بنەماڵەیە لـەدوای بوونی عزەدین تورکمانیان
پادشـای میـسر لـە ١٢٥٤/٢/٢١ و ، لـەو رۆژەدا پادشـایەتی میـسر کەوت
کۆیلایەتیەوەو خانەدانی ئـەیوبی سێبەری لـە سـەر وڵاتـی میسر رۆی و
یەکجاری ناویان لە رووپەری پادشایەتی میسر سرایەوە .
جێگەی باسکردنە کە ئەو – موعیزە – لە کۆیلەکانی مەلیك سالحی نەو
سـەلاحەدینی ئـەیوب بـووە .... لەبـەر ئـەوەی هەنـدێك کۆیلانـەی بـەر
ئەیوبیەکان لەگەڵ پادشایانی عوسمانی دا هاوچەرخ بوون .
سەرچاوە :– – شەرەفنامە – لاپەرە /١٩٣

١٢٥٨

٨ / ١ / ١٢٥٨بە ئامۆژگاری سوڵتان هۆلاکۆ ، کە بۆ سەرۆکی وەزارەتەکانی عزەدین ئە
فەزلی نارد ، ئەویش بۆ داگیرکردنی شاری هەولێر لە باشووری کوردستان
بەهێزێکی گەوورە بەسەرکردایەتی ئەرقیونویان .
بـەڵام دانیـشتووانی شـاری هـەولێر لـە قـەڵادا توانیـان بـەرگری تـەواو لەق
بکـەن ئەمـەش لـەدوای یـەکگرتنیان بەسـەرکردایەتی تاجـەدین کـە لـەو کا

خەلیفەی شاری هەولێر بوو ، کە توانرا هێزی سووپای هۆلاکۆ تێک بشکێنرێ و بەسەریان سەرکەوون ، کە تاکوو ئێستا هەولێر بەوە ناوزەندە بەناوی هەولێری هۆلاکۆ شکێن لە کوردستان .

٨ / ١ / ١٢٥٨منارەکەی دانیالٚ پێغەمبەر لە شاری کەرکوک کۆنترین مزگەووتە تا ئێستا ، کە منارەکە بەسەر ەشی بێت و نزیکەی ١٠٠ مەتر لە مزگەووتی گەوورەی سەر قەڵای کەرکوك دووره ، کە ئەو مزگەووتە مێژووی دروستکردنی دەگەرێتەوە بۆ بەر لە ئەم مێژووە لە شارەکەدا .

جێگەی شێکردنەوەیە ، کە ئاینەکانی نەتەوەکانی شاری کەرکوك ئەوەندە کۆنن و رەگێکی قووڵی هەیە و لەناو ئەو شارەدا بە جێماوە ، وەك کەلتوورێك بۆ هەموو نەتەوە و ئاینەکان .

تەنیا عەرەب نەبێت لەو شارەدا ، لە بەر ئەوەی عەرەب چەند ساڵێکە روویان لەو شارە کردووە ، ئەویش یەکەم لەرێگەی فتووحاتی ئیسلامی و دووەم لە رێگەی دەسەڵاتداریەتی سەلاحەدینی ئەیوبی و سێیەم لە رێگەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . دوای ئەوانەش بە هۆی دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق ، لەسەر خاکی وولاتی نێوان دوو زێیٚ – میزۆبۆتامیا – و بە تایبەتی هاتنی رژێمی بەعس لە ئێراق ، کە ئەمانە هۆکاری گەیشتنی عەرەب بوون ، بۆ پارێزگای کەرکوك و مووسل و تکریت و دیالە و چەندین ناوچەی دیکە و هەروا ئێراقی ئێستا ...؟.

مەرقەدی دانیال

لە دوای دامەزراندنی دەووڵەتی جوولەکە لە فەلەستین لەساڵی ١٩٤٨ هەڵگری ئاینی جوولەکە ، روویان لە ئیسرائیل کرد چ بە خۆشی خۆیان و چ

لەســەر داوای حكوومــەتی نــوێی جوولەكــە و چ بــە پاڵەپەســتۆی حكوومــەتی ئێـراق لـەو كاتـدا ... كـە جوولەكـە وەك ئـایین و نەتـەوەكانی دیكـە لەشـاری كەركوك ژیانیان بەسەر بردووە و بەشداری تـەواویان لـە ئـاوەدان و شـووێنوار و پاراستنی كردووە جگە لە بوارەكانی دیكەش .

لە هەمان كات پاشماوەی گەرەك و مەرەقەد و تەوراتگە و هونەری بیناكاریان تـاكوو ئێـستاش گـەرەك و كۆچـەی ماڵـەكانیان لـە كـەركوك دەرازێنێتـەوە ... جوولەكەو ئاینی جوولەكە كە یەكێكە لـەو گۆرانـە ئاینیانـەی كـە لەناوچـەی كەركوكدا سەری هەڵدا و تـاكوو ماوەیـەكی بـاش رۆڵێكی گـەورەیان بینیووە لـە گەشـەكردنی بـاری كۆمەڵایـەتی و ئـاینی لـەو شـووێنانەی كـە جوولەكـە و ئاینی جوولەكەی تێدا بڵاوبۆتەوە .

كە هاتنی جوولەكە بۆ وولاتی نێوان دووزێی كۆن ، بە سێ قۆنـاخ بـووە و لـە كوردسـتان بڵاوبوونەتـەوە ... ئاشـووریەكان وەك بەنـدی شـەڕ هێناویـانن كـە دەگەرێتەوە بۆ كۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین .

دوای ئەوانیش كلدانیەكان وەكوو بەندی شەڕ هێناویانن بۆ بابل لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایین ، قۆناخی سێیەمیش دەگەرێتەوە بـۆ سـەرەتای ئـاینی ئیسلام ، لـە كـاتی خـەلیفـە عومـەری كـوری خـەتاب كـە هەنـدێك هـۆزی جوولەكەی هێناو دابەشیكردن ... هێرشی یەكەمی جوولەكە بەسـەركردایەتی شەلماسـەری سـێیەمی ئاشـووری – بـووە پـێش زایـین ، بـۆ سـەر ناوچـەو هەرێمـەكانی – یـەهوزدا – و دەسـت بەسـەراگرتنی ژمارەیـەكی زۆریـان بـە هێنانیان بۆ ناوچەكانی ئاشوور و نیشتەجێكردنیان لە ناوچە جیاجیاكان بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەتوانن بگەرێنەوە .

قۆناخی دووەم هێرشی – تەجلات بلاشری سێیەم – بوو بۆ سەر ئیسرائیل و دەسـتگرتن بەسـەر ناوچـەكەیاندا و نیـشتەجێكردنیان لەسـەر ناوچـەكانی كوردسـتان ... لـە سـاڵی ٧٢٢ ی پـێش زایـین – شەلمانـسەری پێنـچەمی ئاشـووری – بـە هێرشـێكی سـەربازی بـۆ سـەر ئیـسرائیل و پایتەختەكـەی گەمارۆدا ... بەڵام لە ساڵی ٧٢١ ی پێش زایین كۆچی دوایی كرد .

لەدوای مردنی ئەو پایەدارە گەمارۆ لەسەر سامەرە سێ ساڵی خایاند لەسـەر دەمـی پاشـا – سـەرجۆنی – دووەم ، تـوانرا ئیـسرائیل داگـیر بكـات و

دانیشتووانەکەی راگووێزیێ لە ناوچەکەدا .

کە گیراوەکان ژمارەیان گەیشتە ٢٧,٢٨٠ هەزارکەس و نیشتەجێکردنیان لە شارەکانی – سلخ و – بۆزان و – دۆڵی خاپوور و – شاری مازی و لە کوردستان ، کە دەکاتە ناوچەکانی ئێستای کوردستان ، واتە هێرش لە دوای هێرشی بەردەوام بوو ، لە لایەن سەرکردەکانی ئاشوور و کلدان لە ساڵەکانی ٦٧٢ و ٥٩٧ و ٥٨٦ ی پێش زایین لە هەریم و ناوچەکەدا .

هەروا هاتنی دانیاڵ پێغەمبەر بۆ شاری کەرکوك لەگەڵ هاوەڵەکانی رۆڵیان لە پێگەیاندن و گەشەکردنی لایەنە ئاینیەکانی جوولەکەکان کردووە لە شاری کەرکوك دەووروبەریدا ... نووسەرو مێژوونووسی عەرەب – ئەحمەد سوسو لە نووسینەکانی دەڵێ :–

دانیاڵ پێغەمبەر یەکێکە لەو پەیامبەرانەی کە هاوسەردەمی – نەبوو خزنەسری دووەم – بووە ... هەر وەك یەکێك لەو چوار پێغەمبەرە گەورانە لە دوای – حزقیال – ە و لە خێزانێکی خانەوادەیە و لەوانەیە کەلە – ئۆرشەلیم – لەدایك بووبێت ... ئەحمەد سوسە ، کە پێشتر جوولەکە بووەو بووە بە ئیسلام ... باس لەوە دەکات کە – ئەبووخزنەسەر – لەگەڵ سێ لاودا هێناویانە بۆ بابل لە سەرەتای یەکەمی فەرمانرەوایی یەکەمی ساڵی ٦٠٥ پێش زایینی .

هەروا سوسە دەڵێ :– دانیاڵ لە بارەگای کۆشکەکەی لەگەڵ هاوەڵەکانی بەخێوکرا ... هەر لەوێش فێری زمانی کلدانی بووە و هونەرو زانیاری کلدانیەکانیش بەباشی فێری بووەو لەگەلی گوونجاوە ... بەڵام شووێنی گۆری دانیال پێغەمبەر وەکوو ئەوەی – بنیامینی ئەنکیلی – ئامارژەی پێ دەکات ، لە سەدەی دوانزەهەمی زایینیدا ، لەشاری – شوشە – شووشان – ە کە کۆنە پایتەختی ئیسلامی ئێرانی بووە ، یان خۆزستان بووە و گۆرەکەی یەکێکە لەو چوارده کلێسەی کە هەیە لەو ناوچەیەدا .

٨ / ١ / ١٢٥٨رۆژهـــــــــەڵاتناس و تووێـــــــــــــژەرو مێژوونووســـــــــــان هــەموویان لــە سـەر ئـــەوە کـــۆکن کـــە هۆکاری سەرهەڵدان و نەشـــــــونماکردنی مەزهـەبی کاکەییـەکان دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتان – ئیسحاق شێخ عیسا – بەرزنجی کوری بابا عەل هەمــەدانی کــوری یــەعقوب کــوری یوســف کــوری ســەید مەنــسوور کــور عەبدولعـەزیز کوری عەبـدوللای کـوری ئیـسماعیل کـوری موحدەسـی کـور ئیمــام موســا کــازمی – کــورد – ، کـە ئێـستا مەزارگـەی لەشـاری بەغدا پایتەختی ئێراقە .

وا دیـارە لـەو دەوورووبـەرە شێخ عیسا لەگـەڵ براکـەی شێخ موسـا لەشار هەمــەدان لــە رۆژهــەڵاتی کوردســـتان ، بــەرەو وولاتـــی ســعوودیەی ئێسـ بەرێکەوتوون بۆ بەجێگەیاندنی رێورەسمی حەجکردن لەشاری مەککە . ک دەگەنــە شــاری مەککــە ، لــە خــەودا دەبیــنن ، کــە هــەردووکیان لــەکات گەرانەوەیان ، کە ئەو بەردە رەشە گەوورە هـەڵبگرن بۆ هەر جێگایـەك برۆن تا ئەو کاتەی کە داوایان لێدەکرێت .

ئـەویش لـە دوای گەرانـەوەیان هەڵدەسـتن بەدروسـتکردنی مزگـەوتێك لـە جێگایەی کە لێی راوەستاون ، ئەو جێگایەش گوندی بەرزنجەیە لە باشوور کوردستان ... لەدوای ماندووبوونێکی زۆر نووستن بەرامبەر گوندی بەرزنج لـە کووخێـك کــە لــە دارودرەخـت لەلایــەن جووتیارەکـان دروسـتکرابوو لـە جێگایــەدا... ئــەوانیش بــەپێی رێنماییــەکانی خەونەکــەیان لــەو جێگایـ مزگـەووتێکیان دروستکردو بەردێکی رەشیان لـە شێووەی بـەردە رەشـەکە مەککە لە یەکێك لە سووچەکانی مزگەووتەکەیان دانا .

کەلەو کاتەش خەلافەتی عەباسی هەرەسی پیٚ هێنرابوو لەلایـەن مەگۆلـەکا ... لە دوای تـەواوکردنی مزگەووتەکە – تەکیـە – دانیشتووانی ناوچەکە ل

دەروێش و ئاینداره‌کان روویان تێکرد بۆ خواپەرستی و لە هەمان کات خزمەتیان دەکرد ... دوای ئەوە براکەی شێخ عیسا کە شێخ مووسا بوو بەرەو گوندی – شەولە – بەرێکەووت کە نزیك بوو لەگوندی بەرزنجە ... ئەویش هەوڵەکانی لە پێناو دروستکردنی هەمان شێووەی تەکیەی براکەی بوو ، کە لە بەرزنجە دروستیکرد بوو ، هەر لەوێ ژنێکی هێنا بەناوی – فاتمە – بەلام نیشتەجێ بوونەکەی زۆری نەخایاندو هەندێ لەئیسلامە توونـد رەوەکان بەرەبەرەکانیان دەکردو لەئەنجام تیرۆریان کرد . شێخ عیسای برای کە زانی براکەی شێخ موسا کووژراوە بەرەو گوندی – شەولە – بەرێکەووت و تەرمەکەی لە گوندی بەرزنجە بەخاك سپارد لەناو تەکیەکەو خێزانی براکەی – فاتمە –ی خواست و بوونە هاوسەری یەکتری کە دوایی سێ کوری لێبوو .

کە ناویان شێخ عەبدولستارو عەبدولکەریم و عەبدولقادر بوون . لەلایەکی دیکە وا دەگێرنەوە کە شێخ عیسا لەو کاتە چووە مەککە بۆ – العمرە – سێ دەروێش لە ئیسلامەکان کە لەلایەن خواوە نێردرابوون داوایان لێکرد کە ژنێکی دیکە بهێنێ ... بەلام شێخ عیسا ئەو داوایەی دەروێشەکانی رەتکردەوە بەهۆی گەوورەیی لەتەمەندا .

بەلام دەروێشەکان بەردەوام بوون لەداواکەیان بۆ ماوەی سێ جارو لەئەنجام شێخ عیسا رەزامەندی لەسەر داواکەیان کردو ژنی دووەمی هێنا بەناوی – دایە رێباز– کە کچی حوسین بەگ بوو لەعەشیرەتی جاف و لەهەمان کات حوسێن بەگ سەرەك عەشیرەتی جاف بوو ... ئەم کارەش لە دوای چەندین جار داواکردن لەحوسێن جاف ، ئەویش بەپێدانی کچەکەی بە شێخ عیسا کە دوای سێ جار ئینجا حوسێن جاف رەزامەندی لە خوازبێنیەکە کرد ئەمەش لەدوای چەندین مەرجی گران ، کە ئەمەش لەساڵی ١٢٧٢ بوو لە ناوچەکەدا .

دوای ساڵێك لەهاوسەرێتی – داربراك خاتوون – سەید سولتان ئیسحاق – لەدایك بوو ... لە دایك بوونی سولتان ئیسحاق لەساڵی ١٢٧٣ بوو . کە کاکەییەکان بروایان وابوو کە لەدایك بوونی سولتان ئیسحاق بەهەمان شێووەی لەدایك بوونی حەزرەتی عیسای مەسیحیەکان بووە ...

جا چیرۆکی هەمەجۆری سەرهەڵدانی کاکەییەکان لەچەندین لایەنی

دیاریکراوەو هـەر هـەموویان بەرەو یـەك ڕێگـای سـەرەکی هـەنگاو دەنـێن کـە سەرهەڵدانی کاکەییەکان لەم کاتەدا بووە لەهـەرێمی باشووری کوردستان ...
ئەویش لەدوای کۆچی دوایی شێخ عیسا لـە ١٣٥٦/٢/٦ لەگوندی بەرزنجەی هەرێمی باشووری کوردستان .

سەرچاوە :- سی , جی , ئەدمۆندز - کرد - ترك - عەرەب . ل/١٧٠ - هەمان سەرچاوە - ٦٧ - ٦٨ - ٦٩ عەبدولکەریم مدرس .علماً کان خدمە العلم والدین -چاپی یەکەم / ١٩٨٣.

١٢٥٨/٢/٦ ئـەرتووگوڵ کـوڕێکی بـوو بـە ناوی عوسمان ، کە دەگەڕاوە سـەر ئـەو بنەماڵـەی کـە دەوڵـەتی عوسمـانی دامەزراند ، لـەو کاتـەش بـوو کـە مەگۆلـەکان بەسـەرکردایەتی هۆلاکـۆ شاری بەغدایان داگیر کرد ، کـە پایتـەختی خەلافـەتی عەباسیەکان بـوو، کـە ئـەو داگیرکردنـە بـووە هـۆی وێرانکردنـی شـاری بەغداو دەورووبەریدا .
کە دانیشتووانەکە لـەو کـات زۆربـەی زۆری لـە کـوردو ئاشـووری و ئارامی و فارس بـوون . لـە دوای ئـەو هـەموو کارەسـاتە، لـەدایك بـوونی عوسمـان بـووە هۆی بەرەو بەهێزبوون لە بارێکی لاوازو گوواستنەوەی بەرەو قۆناخێکی نوێ لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکـانی بـەرەو دامەزرانـدنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەهەرێمی ئەنازۆلی ئێستای تورکیا .

١٢٥٨/٢/١٣ لـەدوای داگیرکردنـی شـاری بەغداو دەورووبـەری لـەلایـەن هێزەکـانی سـووپا بەسـەرکردایەتی هۆلاکـۆ ، لـە ئـەنجام هـەر چـەند دامو دەزگـای کـارگێڕی و قوتابخانـەو پەرتووکخانـەو مزگـەووت و کەنیسە هـەبوو وێرانـی کـرد ، بـۆ ئەوەی بیر لە دوا ڕۆژی ڕوداوەکان بکاتەوەلە ناوچەکەدا .

١٢٥٨/٢/٢٠ لە دوای وویرانکردنی شاری بەغداو دامو دەزگا کارگێڕیو پەروەردەییو ئاینی لەلایەن هێزەکانی سوپای هۆلاکۆ ، دەستی کرد بە بەرەو باشبردنی باری شارەکەو دەووروبەری ، بەتایبەتی یارمەتیدانی مەسیحیەکانو ریز گرتنی– بەتریرك ملیخای دووەم – و دابین کردنی جێنشین کردنی لەسەر کەناری زێی دیجلە لەشاری بەغدا.

١٢٦٠

١٢٦٠/٩/٣ بەرپابوونی شەڕی – عین جالوت – کە هێزەکانی سووپای ئیسلام بەسەرکرایەتی شانشین موزەفەر سەیفە دین سەرکەووتنیان بەدەست هێنا بەسەر تەتەرەکان بەسەرکرایەتی سەرکردەی تەتەرەکان – بیبرس – لە هەرێمەکەدا .

١٢٦٠/٩/٣ هێزەکانی سووپای مەگۆڵ بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ بەرەو هێرشکردنە سەر شاری ئۆرشەلیمو قوودسو ناوچەکانی دیکە هەنگاوی نابوو ، بەڵام

هێزەکانی سوولتان – بیبرس – توانیان هێزەکانی سووپای هۆلاکۆ تێك بشکێنن و ناوچەکەو دەوورووبەری و فەلەستین بەتەواوی رزگار بکەن لە ژێر چەپۆکی هێزەکانی سووپای هۆلاکۆلە ناوچەکەدا .

١٢٦١

١٢٦١/٨/١٥ نەخشەکێشان لــە پێنــاو گرتنــەوەی شــاری قووســتەنتینیەی پایتــەختی بێزەنتیەکان لەل ایەن – میخائیلی هەشتەم بالیلوج – و دوای گەرانەوەی بە گێرانــەوەی شــاری قووســتەنتینیە بــۆ ژێــر دەســەلاتی خــۆی ، خــۆی بـووە ئیمپراتـۆر لـە سـەر کەنیـسەی – ئایـا سـۆفیا – ئـەویش دوای چـوونە نـاو شاری قووستەنتینیەی ئەستەمبۆڵی ئێستای دەوولەتی توركیا.

١٢٦١/١١/٢٦ عزەدین عەبدولسەلام دیمەشقی ، کە نازناوی سوڵتانی زانایانی پێدراووەو لـە شـاگردانی ئامێدی کورد بووە ... کە ئیمامی جومعەی شـاری دیمەشقی شـام بـووە ، لەوکاتـەی مـەلیك ئیسماعیل پادشای دیمەشـق لـە سـاڵی ١٢٤٠ قەلای شەقیفی بۆ خاچ پەرستان چۆل دەکات .

لـە سـەر ئـەم کـارە نارەوایە لەلایەن عزەدین بەتووندی بەرپەرچدەدرێتەوە و تـوورەیی خـۆیـان ئاشـکرا دەکـەن و مـەلیك سـالح ئیسماعیل لـەو کـارەدا بـە کژیەکدا دەچن و عزەدین لە ئیمامی جومعەی دەخات .

دوای ئـەوە لەگـەل ئـەبوو عومـەر ئیبن ئـەلحاجب دا دەگیـرێن وهـەر هـەردووکی خـستە زیندانـەوەو ، لەدواییـدا ئـەم کەسـایەتیە بـەرەو میـسر رەوودەکـات و سـوڵتانی میـسر ریـزی لێـدەگری و دەیکاتـە بـەرپرس و ئیمـامی جومعـەی مزگـەوتی – عـەتیق – و لـە شـاری قاهیرەی پایتەختی میسر لە قوتابخانـەی سـالحیە وانـە دەڵێتـەوەو تـاکوو لـەم رۆژەدا کـۆچی دوایـی لـە شـاری قـاهیرە دەکات و هەر لەوێش تەرمەکەی بەخاك دەسپێردرێت لە شارەکەدا .

سەرچاوە : شەرەفنامە – لاپەرە /١٨٦–١٨٧ .

١٢٦٢

١٢٦٢/١١/١٥ موعاویەی کوری ئەبوو سوفیان یەکەمین خەلیفەی دەوولـەتی ئەمـەوی بوو لـە شام و یەکەم حووکمرانی ئیسلام بوو ، کە باجی نەورۆزی لە بەهاران و باجی میهرەگانی لەپایزدا ژیانـدەوە ... هـۆی ئـەو ژیاندنـەوەش دەگەرێتـەوە بـۆ ئـەو

تەنگ و چەڵمەدارابیەی کە لەئەنجامی توندوتیژی رامیاریەتەکەی تووشی هاتبوو .

لەو کاتەی کە موعاویە دەسەڵاتی خەلیفەی ئەمەوی گرتە دەست خەڵکێکی زۆر دژی وەستان بەتایبەتی – شوورات , واتە , خەوارجیەکان – عەلەویەکان ... ئەویش بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی سەربگرێ و بچەسپێ . بەم هۆیە دەستەیەکی لەبەهێزترین میرو والی لەووڵاتەکانی ژێردەسەڵاتەکەی خۆی دامەزراندوو پەیمانی نووسراوی پێدان .

کە هەر باج و سامانێکی لەو وڵاتانە دەستیان دەکەوێ بۆخۆیان بێت و تەنیا لە وتاری رۆژی هەینی و جەژن و بۆنەکاندا ناوی موعاویە وەك خەلیفەی ئیسلام بێنن و لەگەڵ وەرگرتنی باجی نەورۆزیش رێگە بدرێ دابوو دەستووری ئەو جەژنە بەرێوە بچێت .

ئەم خەلیفەیە بۆ وەرگرتنی باج و سامان تەنیا وڵاتی شامی بەدەستەوە بوو , ئەوەی دەستیشی دەکەوت بەشی هەموو خەرجیەکانی دەریاو بەهێزکردنی حیزبی ئەمەوی و پێکەوەنانی سووپای بەهێز بوو بۆ پەلاماردانی وڵاتان و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامی نەدەکرد . بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەو گرفتی ئابووری ئەم هەنگاوانەینا : –

١– پێشخستنی کشتووکاڵ لە رێگەی دابەشکردنی زەوی بەسەر پیاوانی دەسەڵاتدارو گرنگی دان بەجۆگەو بنەوان بۆ ئاودانی بەرووبوومی کشتووکاڵ.

٢– دانانەوەی داب و دەستووری و وەرگرتنی دەستوو دیاری و باجی نەورۆزو میهرەگان لەخەڵکەکە ... ئەم هەنگاوەی موعاویەش بۆخاتری چاوی رەشی کورد و نەوە رۆژهەڵاتیەکان ، نەورۆزی ژیاندەوە ، بەڵکوو لەپێناو وەرگرتنی باجەکە ئەو هەنگاوەینا .

ئەم کارەی موعاویە نە هەر تەنیا ئەو رەسمە کۆنەی ژیاندەوە بەڵکوو ئەو جەژنانەشی بایەخ پێداو ژیاندیەوە ...بەتایبەتی جەژنی نەورۆز ... چونکە دەکەوێتە سەرەتای بەهارو ساڵێکی تازە ، کە هەموو ساڵێك لە هەمان رۆژدا ئەم رۆژە خۆی نوێ دەکاتەوە .

دوای نەمانی موعاویە خەلیفەکانی دیکەی ئەمەوی رێگەیان بەو جەژنەداو

باجی خۆیان کۆدەکردەوەو گەنجینەی دەوڵەتەکەیان پێ پردەکرد . لە پێنا
مانـەوەی دەسـەڵاتە هەمیشەییەکەیان ، لەوانە خەلیفە عەبدولمەلیك مەروا
بوو ، کە لە ساڵی ١٣٠٥ دا کۆچی دوایی کرد .
ڕێگەی بەجێبەجێکردنی دابوو نەریتی نەورۆزداو باجی نەورۆزی وەرگرت
یەکێك لەوالیەکانی کە – حەجاجی کوری یوسفی سەقەفی – بوو زۆر بەگەرمو
ئەو ڕۆژەی لە ئێراقی ئێستاو وولاتی چیاکان و – واتە کوردستان – و ئێرا
و خۆرساندا کردووە بە داب و نەریت و لە ڕۆژی نەورۆز دەست و دیاری
بەخشیشی ئەو جەژنەی کۆ دەکردەوە ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە شاری
کووتی دروستکرد وپایتەختی ئێستای ئێراقی گوواستەوە ئەو شارە . و
دابوونەریتی ئەو ڕۆژی لەکۆشکەکەی خۆی لەو شارەدا ژیاندەوە .
هەموو خەلیفەکانی ئەمـەوی گرنگیـان بەجـەژنی نـەورۆزدا ، لـە پێنـاو
بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتەکەیان تـەنیا خەلیفـەی هەشـتەمی ئەمـەوی – عومـە
عەبدولعـەزیز – نـەبێت کـە جـەژنی نـەورۆزی قەدەخـەکرد ... بـەڵام دوای
مردنـی ئـەو خەلیفـەی نۆیـەمی دەوڵـەتی ئەمـەوی – یەزیـدی کـوری
عەبدولمەلیك – کە لە ١٣١٩/٢/٢٢ دەسەڵاتی گرتە دەست و جەژنی نەورۆزی
ژیاندەوەو باجی وەرگرت و پەیرەوی ڕێنماییەکانی خەلیفەی موعاویەی کرد
لە هەموو بوارەکانیدا .

سەرچاوە:– وزارة التربية – تاريخ الحضارة العربية الاسلامية ل/٦ – بەغدا/ ١٩٨٢ ل/١١٤
.

١٢٦٣

١٢٦٣/١١/٤ کۆچی دوایی سوڵتان هۆلاکۆ لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا ... ناوی تەواوی هۆلاکۆ
– قۆلاخۆ – بووەو بەباشترین و لێهاتووترین سەرکردە دادەنرێت لە ئازایەتی
و چاونەترسی لەهەموو بووارەکانی دەسەڵاتداریەتیدا لەسەر ئەو ناوچەو
هەرێمانـەی کـە دەسـەڵاتی بەسـەریدا دەشـکاو دام و دەزگاکـانیش لـە
دانیشتووانی ئەو ناوچانە بوون نەك لە لایەنی دیکە بۆ ئەوەی بتوانێ
سەرکەووتن لە ئامانجەکانیدا بە دەست بهێنێ بەسەر دانیشتوواندا .

١٢٦٥

١٢٦٥/٥/٤ لەدایك بوونی شاعیری ناوداری ئیتاڵی و جیهان - دانتی - لە شاری فلۆرەنسای وولاتی ئیتالیا .... سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی جیهان ئەوەندە باسی ژیانی منداڵی دانتی ناکەن ... تەنیا ئەوەندە نەبێ کە دەڵێن جارێ تەمەنی ٩ ساڵ بووە ، کە چاوی بەکچێکی جوان کەوتووەو ناوی - پاتریس - بووە ... حەزی لێکردووەو ئەو حەزو خۆشەویستیە بوونەتە سەرچاوەی سروشتی داهێنانە ئەدەبیەکانی دوا ڕۆژید .

کەچی لە ئەنجامدا بۆ یەکتری نەبوون ... دانتی زۆر زیرەك و تێگەیشتوو بووە ... هەر لەمنداڵیەوە پەیمانی بەخۆی دابوو ، کە تەنیا زانستی نوێی سەردەمەکەی وەرگرێ و بەماوەیەکی کەم فێری مۆزیکا بوو لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری لەکاروباری سیاسیدا کرد .

لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا کرا بە ئەندامی کاربەدەست لە حکوومەتی فلۆرەنسا کە لەو کاتەدا ڕاپەرینی ڕامیاری توند لە نێوان پارتەکەی دانتی و ناحەزەکانی هەبوولە وولاتەکەدا .

بەهۆی بەرزبوونەوەی ئەم کێشەیە دانتی و دەستەیەك لە ئەندامانی پارتەکەی لەساڵی ١٣٠١ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ دوورخرانەوە ... دوای ئەوە گەڕانەوە وولاتەکە ... ئەم شاعیرە ناودارە لە کارە ڕامیاریەکان و شیعرەکانی بەردەوام بوو لە پێناو گۆڕین و چاکسازی تاکوو لە ١٣٢١/٧/١٤ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لە وولاتەکەیدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - عەبدولڕەحمان بەدەوی بەرگی ١/ .

١٢٦٥/٥/١٥ لـه دایـك بـوونی شـاعیری مـەزنی ئیتـالی – دانتیـه ئـەلگیاری – لـه شـار فیرنتسه لـه بنەماڵەیـەكی بـەناوبانگ ... دانتیـه بیرووبۆچوونەكانی فەلسەف رامیـاری لاهـووتی هـەبووه ... بنەماڵەكـەی ، واتـه بـاوك و بـاپیرانی كـار پیـشەسازی و بازرگـانی و پارەیـان دەكـرد ... بـاپیری – كتـشاكویدا لەكۆتایی سەدەی یانزەم ئیمپراتۆری ئەلمانی كۆنرادی سێیەم بووه ... ك لەسەر خاچەكان لەساڵی ١١٤٧ كوژراوه .

دانتیه یەكەم كتابی لەساڵی ١٢٩٣ دانا كه ٣١ پارچه شعری لەخۆ گرتبو ئەم شاعیره ناوداره لەكارەكانی شعر و رامیاری و فەلسەفەیەكانی بەردەو بوو تاكوو له ١٣٢١ كۆچی دوایی دەكات ... كه بەچەندین قۆناخ تێپەریو به كێشەو گرفت له بووارەكانی ئایینی و رامیاری و فەلسەفەدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە . عەبولرەحمان بەدەوی – بەرگی /١

١٢٦٥/١٢/٢٣ لـه دایـك بـوونی زانـاو فەیلەسـوف نـاوداری ئـاینی مەسـیحی و ناسـراو بـه جیهـانی ووردبین – – ژوهـن دونـس ئەسـكوت – لـه گەرەكـەكانی كۆنتیـه ئسكتلەندا ... له بنەماڵەیەكی دەووڵەمەندی دەرەبەگی خاوەن زەوی گەوو . ئەمـەو لەلایـەكی دیكـه لـەدایك بوونەكـەی بـه ١٢٦٦/٣/١٧ دادەنـێن . بۆیەكـەم جار خووێنـدنی لـه فرنشكن دەست پێكـردووه ... هـەر لەسـەرەتا مندالی و خووێنـدنی خـاوەن هەسـت و بیروو توانایـەكی بـێ وێنـەی هـەبو لەگەشەكردندا .

ئـەویش بەخووێنـدنی ئـاینی لاهـووت بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ بەپـشتیووان مامەكەی – ئیلیا دۆنـس – كه چاودێری كەنیسەكان بووەو لـه ١٢٩١/٣/١٧ وێنـەی كـاهینێكی كێـشاوه كـه لـەو كاتـه تەمـەنی ٢٥ سـاڵان بـووه ... لـه كاتەشدا لـه ئۆكسفۆرد و لـه شاری پاریـسی پایتـەختی فەرەنسا لـه نێوا ساڵەكانی ١٢٨٧–١٢٩٠ دەستی كرد بەخووێندن .

دوای ئـەوه لـه زانكـۆی پـاریس لـەنێوان سـاڵەكانی ١٢٩٤ – ١٢٩٧ زانـست لاهـووتی و فەلـسەفەی خوێنـدووه ... دانراوەكـانی ئـەم فەیلەسـوفه لـه ٢ بەرگـەو لەسـاڵی ١٦٣٩ بـه چـاپكەیەنرا ... ئـەم مرۆڤـه لەژیانیـدا درێخـ نـەكردووه لـه كارەكـانی تـاكوو لـه ١٣٠٨/١١/١٨ لەشـاری كـۆڵنی ئـەلمانی كۆچی دوایی دەكات .

سەرچاوە :– موسوعەی فەلسەفە – بەرگی /۱ دکتۆر عەبدولرەحمان بدوی .

١٢٦٧

١٢٦٧/٩/٢٢ لە دایك بوونی جەلالەدین محەمەد عەبدولرەحمان عومەر قەزوینی لەشاری مووسڵ... دوای ئەوە لەگەڵ باوکی روویان لەشاری هەولێر لە باشووری کوردستان کردووە ، کە مەزهەب هەڵگری بڕوای شافعی بووە ... دوای ئەوە لەگەڵ باوکی روو لەووڵاتی رۆم دەکەن . خووێندنی لە بووارەکانی زانستی تەواوکردووە و هەروا لە بواری یاسایی توانای باشی هەبووە ... دوای ئەوە گەراوەتەوە شام و لەشاری دیمەشقی ئێستای پایتەختی سووریا کاری دادگاو خووێندنەوەی وتاری هەینی ئەنجام داوە ... دوای ئەوە رووی لەووڵاتی میسر کردووە.

دوای ماوەیەك گەراوەتەوە شام ... توانای باشی هەبووە لەنووسینی شیعرو بەردەوام بووە لەکارە هەمەلایەنەکانی تاکوو لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی دەکات و لەگۆرستانی سوفیەکان بەخاك دەسپێردرێت لە وولاتەکەدا .

تێبینی:– ئەم کەسایەتیە عەرەب نەبووەو بنەماڵەکەی لەناوچەی دەریای قەزوین هاتوون .

١٢٧٣

١٢٧٣/١/١٧ رووداني بوومە لەرزەی زەوی ووێرانکەر لە هەرێمی ئازربایجان ، کە بووە هۆی،گیان لە دەست دانی بە سەدا هاووڵاتیو زامدار بوونی بە دەیا هاووڵاتی دیکەو ووێرانکردنی بەسەدا خانوو کێڵگەی کشتووکاڵی ، کە لەوکات تەنیا کەنیسەی سریانیەکان نەبێت بەبێ زیان لێکەووتن مایەوە ، کە هەموو مەسیحیەکانی ئەو هەرێمە روویان تێ دەکرد بۆ خوا پەرستی و مەراسیمەکانی ئاینی مەسیحی لە ووڵاتەکەدا .

١٢٧٦

١٢٧٦/٢/١٧ رەشە بایەکی خۆڵاوی بێ ووێنەی سوور ، ناوچەکانی مووسڵو هەولێری گرتەوە بۆ ماوەی شەش کاتژمێر بەردەوام بوو، کە بووە هۆی دورستکردنی ترسێکی تۆقاندن لە دەروونی دانیشتووان . هەر لەم رۆژەدا تۆرانیەکان قەشەی شاری ئازربایجانیان تیرۆر کرد لە گەڵ سی هاووڵاتی دیکە.

١٢٨٠

١٢٨٠/١١/١٥ كۆچـی دوای فەیلەسـوفی لاهـووتی مـەزن – ئـەلبتریس مـاگنوس – ناسـراو بـە ئەلبرتسی مەزن لەشاری كۆلۆنیا لە ئەلمانیا... شایانی باسە ئەم فەیلەسوفە مامۆستای قـەدیس تۆمائـەكوینی بـووە ... لـە بـەر ئـەوە بـەنازناوی ئـەلبرتس ئەلتیتوونی ، یاخوود ئەلبرتس كۆلونی ناوبانگی دەركردووە ... دوای ئـەوە روو لـەئیتالیا دەكـات و لـە زانكـۆی بادوخـا دەخـوێنێ لەسـەر مەبدەئـەكانی فەیلەسوفی ناوداری جیهان ئەرستۆ .

دانراوەكـانی ئـەم فەیلەسـوفە بـۆ یەكـەم جـار لەسـاڵی ١٦٥١ لـە ٢١ بەرگـدا بەچاپگەیەنراوە ... دوای ئـەوە دیـسان لـە ٣٨ بـەرگ بەچاپگەیەنرا ، چونكە چاپی یەكەم چەندین ناتەواوی و دەست نووسەكانی كۆنەكرابوونەوە ئـەویش بەچاودێری p.jammy لە فەرەنسا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – بەرگی /١ – عەبدولرەحمان بەدەوی .

١٢٩١

١٢٩١/٥/١٨ شاری قوودس و دەووروبـەری لـە دوای شـەڕیكی خوێنـاوی بێ وێنـە لـە نێووان هێزە چەكدارەكانی سووپای مەسیحی و هێزەكانی سووپای ئیسلام ، لە ئەنجامی ئەو شەڕە هێزە چەكدارەكانی ئیسلام توانیان هەرێمەكە بخەنە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان و، كـە مەسـیحیەكان تووانـای بـەرگری و پاراسـتنی هەرێمەكـەیان لـە دەسـت نـەما ، كـە ئەمـەش بەسـەركردایەتی نـەوەكانی سـەلاحەدینی ئـەیووبی و كـوردە بەشـدار بـووە چـەكدارەكانی بـوون دژی هێزەكانی مەسیحی لە ناوچەكەدا .

بـەم هۆكـارەش نەتـەوەی عـەرەب تـووانی بكەووێتـە وە سـەر پێـی خـۆی و ئاواتەكانی جێ بە جێ بكات لە فرەوانبووندا .

١٢٩٥

١٢٩٥/١١/١٠ لە زاناو ئەدیبی ناسراوی كورد – فەخرەدین ئیبراهیم ئیسحەق یحیا ئەمەدی – واتــە دیاربــەكر – لــە بــاكووری كوردســتان چــاوی بــەجیهان هەڵهێناوە...خووێندنی لەشارەكانی دیمەشق و بەغداو ئەسكەندەریەی میسر

تەواوکردووە ...چەندین پلەو پایەی بەدەست هێناوە بەهۆی زیرەکی و ئازایەتی بەتایبەتی لە بوارەکانی ئایینیدا ... لەبەر ئەوەش توانیوویەتی کارەکانی ئەوقاف بگرێتە دەست و لەرێزی سووپاش کاری کردووە . ئەم کەسایەتیەش بەردەوام بووە لەکارە جۆراوجۆرەکانی تاکوو لە ١٣٧٦/٥/٢١ لەمیسر کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە :- شذرات الذهب ٢٥٥/٦ ... الدليل اشافي ٩/١.

١٢٩٧

١٢٩٧/٦/٣٠ هێزە چەکدارەکانی ئیسلام بەسەرکردایەتی شێخ عەلائەدین هێرشیان کردە سەر شاری ئەمەد- دیاربەکر - لە باکووری کوردستان ، بەبێ دەست پاراستن دەستیان کرد بەکووشتنی مەسیحیەکان بە ناشیرین ترین شێووە ئازاریان دان و بەسەدانیان لێ کووشتن ، لەوانە مەترانی مەسیحی- گریگۆر یۆس- ، لە هەمان کات هەرچی کتێب و نووسراوو کەلووپەل هەبوو هەموویان تالان کردو سووتاندیان .

١٢٩٦

١٢٩٦/١٠/٣٠ نووسەری ناوداری کورد و نووسەری کتێبی کوردو کوردستان - ئەمین زەکی بەگ - دەلێ :-

لەدوای وەرگتنی دەسەلات لەلایەن خازانخان ئەفراسیای کردەوە بەفەرمانرەوایی لۆرستان ... دوای ئەوە لە خازانخان بەرەو شاری بەغدا هەنگاوینا ، ئەویش بەفیتی ئەفراسیای دلرەش و تەرەکەباز ، کە فەرمانیدا بەقەلاچۆکۆدنی کورد ، کە نزیکەی ٥٠ هەزار کوردیان کووشت و مولك و سامان و ژن و منداڵ و پیریان بەتالان بردو وای لێهاتبوو ، کە کورە کوردێکی دوانزە ساڵانیان بە ١٢ درهەم دەفرۆشت و گۆلکەیان بە پێنج درهەم دەفرۆشت و ، لەهەمان کات نرخی بەرانێك - بەران - بە درهەمێك بوو .... ئەمەش لەتۆڵەی ئەوەبوو کە ئەو کوردانە لە دژی خانی یارمەتی میر نەورۆزیان دەدا لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە :- شەرەفنامە - لاپەرە /٨٢ .

١٣٠٣

١٣٠٣/٨/١٥ گەریدەو نووسـەرو موئەریخی بەناوبانگ – محەمەد عەبدوڵڵا محەمـەد ئیـبراهیم تـەنگی – ناسراو بە – ئیبن بەتووتە – لە تەنگەی وولاتی مەغرب لەدایك بووە ... شایانی باسە کە ئەم دانـــەرە بەناوچـــەو هەرێمـــە جیاجیاکان زۆرگەراوە ، لەوانە وولاتـــی مـــەغرب و میـــسرو ناوچـــەکانی شـام و حیجـازی سـعوودیە و ئێـراق و وولاتـی فارس و کوردستان و یەمەن و بەحرێن و توورکمانستان.

هەروا هەندێ ناوچە لەچین و هندو وولاتی تەتەرو ناوەراسـتی ئەفەریکیا کە مـاوەی سـوورانەوەکەی ٢٧ سـاڵی خایانـدووە لـە سـاڵی ١٣٢٥ تـاکو ١٣٥٢ زایینی . ئەم موئەریخە چەندین دانراوی جێ هێشتووە وەك کەلتوورێکی بێ وێنــە لەوانــە – تحفـە النظّـار فی غرائـب الامکـار و عجائـب الاسـفار – کـە بـۆ زمانەکانی پرتووگالی و فەرەنسی و ئینگلیـزی – وەرگێردراوە . هـەروا ئیبن بەتووتە جگە لەزمانی عەرەبی ، زمانەکانی فارسی و تورکی بە باشی زانیووە لە ئەنجامی ئەم گەشتەیدا .

لـە دوای ئـەم سـوورانەوەیەو بەدەسـت هێنـانی زانیاریـەکی بـاش لەوکاتـدا گەراوەتـەوە شـاری مـەراکش و لـەوێ لـە ١٣٧٧/٥/١٠ ماڵئـاوایی دەکـات . نووســینەکانی وەك سەرچـاوەیەکی گـرنگ لەلایــەن نووســەرو دانــەروو مێژوونووسان بایەخێکی بێ وێنەی هەیە لەهەموو بوارەکاندا .

تێبینی :– جێگەی باسکردنە کە ئەم نووسەرە لە سوورانەوەکەیدا بەناو خاکی کوردستان بە شێووەیەکی بابەتیانە باسی کوردی نەکردووە و زۆر لە سەرکردەو تیرەو

هۆزەکانی کوردی-بە توورك یا فارس ناوزەند کردووە ، هەروا لەگەڵ ناوچەکانی کوردستان ... (نووسەر).

١٣٠٥

١٣٠٥/١١/٥ لە دوای چۆڵ بوونی کورسی رەسوولی – پاپا – بۆ ماوەی یەك ساڵ ، بە هۆی دابەشی کەرادلە ، و کە بووە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی ئەساقفە بووردو هەڵبژێرن– برتراندی گوت– بە هۆی هەلوێستی بوویرانەی لەگیانی ئاشتیانە لە سەر ئینگلتەراو ئەو دووبەرەکیەی کە لە نێووان شانشینی فەرەنسا وپاپا هەبوو ، لەوکات لە شاری لیۆن بە ناوی – ئقیلیمنزس– کە فیلیب ئامادەبوو، داوای یارمەتی لە پاپا کرد بە کۆتایی هاتنی کێشەکان لە نێووان فەرەنسا و ئینگلتەرا لەبارەی ئەلگسکوونیا .

١٣١٠



١٣١٠/٧/١ بۆجاری دووەم ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لە دوای کەووتنی لە شاری نەینەوا – مووسڵ – کە لە ساڵی ٦١٢ کەووتنی یەکەمی بوو لەلایەن ئیمپراتۆریەتی میدیای کورد ، کە لەو کاتە ئاشوورییەکان وا دەرنەکەووتبوون ، کە هیچ لایەنگیریەکیان نەبوو لە خۆپاراستن بە هۆی هەڵوێستی خۆپەرستی و ماوەنەدان بەگەلانی دیکە ، بە تایبەتی گەلی کورد لە ناوچەی مووسڵی کوردستانی کورد .

کە لەو کات بەهۆی نەبوونی هاوکاری لە نێووان ئاشووورو میدیادا ، لەو کاتیش لە هەولێر بەکەووتنی هەر چوار کەنیسەکەو قەلای هەولێر ، کە

ئـەو کـات ناوزەنـد بـوو بـە – ئـەربائیلۆ – کـە بـۆ جـاری یەکـەم وکۆتـایـ
ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و کەووتنی بەخۆوەدی لە هەرێمەکەدا . لە وولاتـ
میزۆبۆتامیا .

١٣١٧

١٣١٧/٣/٦ رەوشی تەسەووف لـە کوردستاندا ، کە دوای تەریقـەتی قادری و تەریقەتـ
نەخشەبەندی بە دووەم و گەوورەترین تەریقەتی ئایینی ئیسلام لە کوردستا
دەژمێردرێت .
جێگەی ئامـاژە وپێکردنە کە ئەم تەریقەتە لە شاری بۆخارا لەلایەن کەسایەتـ
بەناوبانگی ئایینی ئیسلام – بەهائەدین محەمەد – سەری هەڵداوە ... کە بـ
پێیەی رێورەسمەکانی زیاتر پابەندی شەریعەتی ئایینی ئیسلام بوون ... لـە
کاتیشدا بیرووباوەری ئایینی بووە هۆکارێکی بەهێزی ململانێی بە ئەنجـ
گەیاندن ، بە سەرکەوتووانە لـە هـەموو بووارەکانی ئایینی و دوورکەووتنەو
لەبیرووبۆچوون و بـروای نەتـەوەیی و نیشتیمانی ... کـە زۆربـەی مـەلاکانـ
ئاینی روویان لەم تەریقەتە دەکرد لە بەر ئەوەی لـەنێوو خـەڵکی سادەدا زۆ
بڵاوببووەوە لەلایەن مەزهەبی سووننەو شیعەی هەڵگری ئایینی ئیسلام .
هەرچـــەندە لـــە ســـەدەی ٦٣٠ کۆچـــی لـــە کوردســـتان پـــەیرەوانـ
دەرنەکـەووتبوون . بـەڵام لـەکۆتایی سـەدەی ٦٣١ ی کۆچـی بـۆ بەدەسـ
هێنـانی ئـەم تەریقەتـە کەسایەتی نـاوداری کـورد – سـەید عـەلی کـوری – کـ
خـەڵکی ناوچـەی ئامێدی بووە لـە باشـووری کوردسـتان ، رووی لەمەڵبەندـ
شێخەکانی تەریقـەتی نەقشەبەندی لـە سـەرمەنقەند کـردووەو تەریقەتەکـە
وەرگرتـووە ... کـە چـەندین سـاڵ لـەو شارە لە خزمـەتی شـێخەکانیان بووە
تاساڵی ١٥١٩ لەناوچەی قەزوین لەلایەن ئۆزبەکیەکان دەکووژرێ.
لەبەر ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێووەیەکی گشتی تەریقەتی قادری
جێگەی خۆی بەشێووەیەکی بەرفراوان زاڵ کردبوو ... هـەر چـەند تەریقـەتـ
دیکەی ئایینی ئیسلام هاتبوونە ئاراوە ، بەڵام لەسەر ئاستێکی تەسکدا ...کـ
لـە سـەردەمی – قـەرەقۆینلۆکان – تەریقـەتی – حروفیـە – هـەبوو ، کـە ئـە

تەریقەتە ئایینیە تەریقەتێکی شیعە بوو ، کە لە سەدەی ٦٢٩ ی کۆچی لەلایەن – فەزوڵڵا ئیستریادی – هاتۆتە کایەوە کە لە لێکدانەوەی – خەون – شارەزابووە .

هەروا تەریقەتی ئەم مرۆڤە لە سەر بنەمای پیرۆزکردنی مرۆڤ دامەزراوەو داوای لە تەیمور لەنگ و سولتان و میرەکان کردووە کە بێنە ژێرباری باوەرەکەی ... کەچی لە ساڵی ١٣٩٤ ی زایینی لەلایەن میران کووژراوە ... پاش کووژرانی – میران شا – لەلایەن قەرەقۆینلۆکان قەرە یوسف گرنگی بە حروفیەکان داوە ... تەریقەتی حروفیە لە ئەنادۆڵ لەخۆی نزیك خستۆتەوەو لەقەلەمرەودا پارێزگاری لێ کردوون ، لەبەر ئەوەی دووژمنی سەرخستیان – میرانشا – بەدەستی قەرە یوسف کووژراوە .

پاش ئەو گرنگی پێدانە دەرگای کوردستان لەبەردەم موریدانی حروفیە کرانەوەو چالاکیان تا ئەوپەری وولاتی رۆم رۆیشتووە ... هەرچەندە حروفیەکان لەتەك فەرمانرەوایی قەرەقۆیتلۆکان کاریان کردووە ... بەڵام میرو خەڵکی کوردستان روویان لەم تەریقەتە نەکردووە لەبەر ئەوەی پەیرەوی مەزهەبی شیعەیان دەکرد ... سەرەرای ئەوەش کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبووە .

سەرچاوە :– مێژووی ئێراق لە نێوان دوو داگیرکردن – دانانی – پارێزەر – عەباس عەزاوی – بەشی /٨ .

١٣٢٦

١٣٢٦/٨/٢١ لە بنەماڵەی ئۆرخانی دووەم – عەلائەدین – لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کە هەموو هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی تەرخان کردبوو، ئەویش توانی دراو لێبدا لە مس . لە هەمان کات دامو دەزگای دەووڵەتی دامەزراندو براکەی ئۆرخان کاری کردنەوەو– فتووحات – بگرتە دەستو هەوڵیدا بە بەفراوانکردنی دەسەڵاتو فراوان کردنی پارچەی سنووری جووگرافی لە هەرێمەکەدا ، بە بڵاووکردنەوەی ئاڵای دامەزراندنی دەووڵەتی عوسمانی ، لە وولاتە دراووسێکان بە تایبەتی لە سەر خاکی کوردستان.

١٣٢٧

١٣٢٧/١١/١٧ لە یەکێك لە شارەکانی دوواوەی زێ و لە گوندی خواجەئیلگار تەیموری لەنگ لەدایك بووە....باوکی جووتیار بووە.. لەسەرتا تەیموری لەنگ گەنجێکی تەمەڵی دڵ رەق و بەهێزبووە و هەردەم حەزی لەشەڕو کێشە دروستکردنی گرفت بووە ... لەهەمان کات دەستی دزیکردنی ماڵی خەڵکی هەبووە .

جارێك چەند مەرێك دەدزێ و لە ئاکامدا بەردەبێتەوەو قاچی تووشی نەخۆشی دەبێ و دەلەنگێ ، بۆیە ناوزەند بوو بە تەیموری لەنگ ، کە بەزمانی کوردی و فارسی پێیدەگووترێ لەنگ واتە – الاعرج – و بە تورکیش پێی دەگووترێ – ئَفاق – ، تاکوو ئەم گەنجە بووە یەکێك لەسەرکردەکانی مەگۆل و لەشێووەی جەنگیزخانی دەکرد لەهەڵس و کەووت و هەڵوویست و ئامانجەکانیدا .

سەرچاوە :– مێژووی ئێراق لە نێوان دوو داگیرکردن – دانانی – پارێزەر – عەباس عەزاوی – بەشی /٧ .

١٣٣١

١٣٣١/١٠/٤ کۆچی دوایی جووگرایناس و رامیاری و شاعیری ناوداری کورد – ئیسماعیل عەلی ئەیوبی – . شایانی باسە کە ئیسماعیل عەلی ئەیوبی ناوزەند بووە ، بە باوکی فیدا ، و لە شاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا لە دایك بووە ... کە بنچەی دەگەرێتەوە بۆ شاهنشای کوری

نەجمەدینی کوری ئەیوبی برای سولتان سەلاحەدینی ئەیوبی .
باوکی فیدا جووگرافینناس و رامیاری و شاعیر بووە ... لەکاری خۆیدا لەجووگرافیا پاشا بووەو رۆڵی باڵای هەبوو . ئەنجوومەنێکی زانستی بەناوبانگی هەبووە ، کە زانایان چاودێریا دەکردو ئەویش هاوکاری دەکردن... گرنگترین پەرتوکی رۆژ ژمێری وولاتانە ، کە بەم پەرتوکە توانی گەورەترین ناوبانگ دەربکات...تائێستا گرنگترین پەرتوکی جووگرافیایە لەجیهانی جووگرافیادا.

١٣٣٢

١٣٣٢/٥/٢ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیر و مێژوو نووسی بە ناو بانگی جیهانی ، عەلامە – ئیبن خەلدون- لە وولاتی توونس ... ئەم کەسایەتیە مرۆڤێکی لێهاتووی بووارەکانی ژیان بووە ، لە بوواری رامیاری‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەب‌و زانست‌و شیعروئایین ... کە ووتە بەنرخەکانی تاکوو ئێستاش جێگەی رێزلێگرتنە لە جیهاندا .

١٣٣٧

١٣٣٧/٧/١ داگیرکردنی شاری بەغدا لەلایەن شێخ حەسەن جەلایری ، ئەویش بە لە ناوبردنی حکوومەتی مەگۆل لە ئێراقی ئێستا و بە دامەزراندنی حکوومەتی جەلایریە کەناونرا بە – ئەلایلگانیە – کە یەکەم شانشینی شێخ حەسەن کە بەر لەوە ناوی شێخ حسنیە بووە .
ئەو شێخ حەسەنە کوری شێخ حوسێنی کورکان بووە و پێی گوتراوە –

خێڵ – دوای ئەوە کچی ئورگاتمانی کوری ئاقیفا – ئاق یوگا– ی کور
ئیلگانویان جەلایری هێناوە.



کە دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئیلگانویان . جەلایرەکان تیرەك بوونە لـ
تیرەکانی کە دەسەڵاتی مەگۆلیەکان لێ پێکهێنراوە ... لەحکوومەتەکە
جەلایری نەخشەیەکی فراوان دروست کراوە ، کە ناوچەو هەرێمەکان
کوردستانی تیا دەست نیشان کراوە ... من نامەوێ بەدرێژی باسی بکە
چونکە مێژوونامەکە ، تەنیا کردنەوەی دەرگایەکی مێژووی پووختە لـ
ڕووداوەکاندا .

سەرچاوە :– مێژووی ئێراق لە نێوان دوو داگیرکردن –دانانی – پارێزەر –
عەباس عەزاوی – بەشی /٨ .

١٣٤٠

٢٤/٦/١٣٤٠ هەڵگیرسانی شەڕی – ئەلهەویس – لە نێووان هێزەکانی سووپای دەریایی
جەنگی شانشینی فەرەنسا شانشین – فلیبی شەشەم – و کەشتیە
دەریایەکانی سووپای شانشینی بەریتانیا شانشین – ئەدواردی سێیەم –
کە لەو شەڕە زۆربەی کەشتیە جەنگیەکانی فەرەنسا لەناو چوون ، ئەم
شەڕەش هیچ کاردانەوەیەکی ئابووری لەسەر باری شانشینی فەرەنسا
نەکرد ، بەهۆی یارمەتی سەرمایەدارە دەرەبەگەکانی فەرەنسا ، کە ڕۆڵی

سەرەکیان هەبوو لە دەسەڵاتی فەرەنسا.

/ ٥ / ١٣٤٥ رووخانـــدنی تـــەلاری کۆشـــکی کیـــسرا لـــە رۆژهـــەلاتی شـــاری ئێستای بەغدا ، لە دوای ســـەرکەووتنی عەرەبـــە ئیسلامەکان ، لە ڕێگەی فتووحـــاتی ئیـــسلامی بەسەر هێزەکانی فارس ، کە تا ئێستاش پاشماوەکانی ماوەو هەوڵی چاککردنەوەی نادرێت لە لایەن حکوومەتەکانی کە لەئێراق دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست لە ناوچەکەدا .

١٣٥٦

١٣٥٦/٢/٦ لە دوای مردنی شێخ عیسا ، براکانی سوڵتان ئیسحاق لێی توورەبوون کە بووە سەرهەڵدانی کێشە لە نێوانیان و داوایان لە سوڵتان ئیسحاق کرد ، کە ئەو میراتەی باوکی کە بەجێی هێشتووە دابەشبکرێت لە زەوی وخانوو کێڵگە کـشتووکاڵیەکان و ئـاژەڵ و سـامانەکانی دیکـە... سـوڵتان ئیـسحاقیش ئـەم داوایـەی جـێ بـەجێکردو هیـچی بۆخـۆی نـەبرد ، تـەنیا هەنـدێ پێداویـستی ئەوکات .

دوای ئەوە داوایان لە سوڵتان ئیسحاق کرد کە لـە گونـدی بەرزنجە بـڕوات . ئەویش گونـدی بەرزنجـەی جێهێـشت و بـەرەو – پردیـوەر – بەرێکـەووت و لـەدایکی – دار بـڕاك – و هەنـدێ لـەهاورێکانی وەك – بنیـامین و داودو پیرموسا و مـستەفا ... هـەروا لەگـەڵ حـەوت کورەکـەی و دەروێشەکانی کـە بروایـان بـەبیری ئـەو بـوو ... لـەو کاتـەی کـە گونـدی بەرزنجـەی جـێ هێـشت بەرهەڵستکارانی ئیسحاق بەبراکانی ئیسحاقیان گووت:–

بـەهۆی بردنـی مافوورەکـانی و رایەخـەکانی تەکیەکـە ئیـسحاق هـەموو کەسایەتی و لێهاتوویی بۆ خۆبردو هیچی بۆئێووە نەهێشتەوە . دوای ئـەو ناوناتۆریـە براکانی سووپایەکی پێك هێنا بەسـەرکردایەتی سێ لـە براکـانی ئیسحاق و ناوی سووپایەکەیان نا سوپای – جیجك – وبەرەو دوای سوڵتان

ئیسحاق ویاوەرەکانی بەرێکەووتن و لەئەشکەوتی – مەرنۆ – لە شارەزوو
تووشی یەك بوون وویستیان خۆی و یاوەرەکانی هەموو بکووژن .
لەو کاتەی کە تووشی یەك دەبن زۆر بیرووبۆچوون هەیە لەسەر لەناوچوون
براکانی ئیسحاق بەفەرمانی خوا ... بەڵام بەهەرحاڵ سوڵتان ئیسحا
لایەنگری زۆر دەبێ بەهۆی هەڵس و کەوتوو پەیوەندی و ووتەکانی . ک
ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بیرووبۆچوون ، لەلایەن خەڵکی هەرێمەکە ل
باشووری کوردستان ، بەتایبەتی لەپارێزگای کەرکوك و سلێمانی
هەندێکیش لە هەولێر ، لە ناحیەی گوێری سەر بە پارێزگای هەول
لەباشووری کوردستان .
لەلایەکی دیکە رۆژهەڵاتناس – سی . جی – ئەدمۆند دەڵێ :– بروا
کاکەییەکان دەگەڕێتەوە سەر رێگای سۆفیەکان و لەرێکخستنەکانی پێشو
لە هەرێمی لۆرستان سەری هەڵداوەو بەرەو ناوچەی شارەزوور و هەوراما
هاتووە ، لەرێگەی کەسایەتی ناوداری کورد – شاە خۆشین – کە چە
هاورێیەکی هەبووەو هەروا بەرامبەر بە سوڵتان ئیسحاقیش... لەهەمان کا
رۆژهەڵاتناس مینۆرسکی دەلێ : –
کاکەییەکان ئاینەکەیان ئاینێکی کوردیە ... لەلایەکی دیکەش محەمەد ئەم
هەورامانی دەڵێ :– کاکەییەکان پەیوەندیەکی روون و بەهێزی ئاینیان هەیا
ئەوەش پەیوەندە بەناوچەیەك ، یاخوود چەندین ناوچەی دیاری کر
لەهەرێمی باشووری کوردستان .
واتە لەو کاتەی کە سوڵتان ئیسحاق لە – پردێوەر – جێ نشین بووە . کو
گەورەکەی بەناوی – محەمەد گەورە سوار – سەرپەرشتی کاروبار
براکانی بکات – هەفتەوانە – و داوای لێکردن ، کە شێخایەتیەکە لەدوا
یەك ئاڵوگۆر بکەن بەناوی – پیرە – کە ئەو برا گەورەیان بەناوی – کاکە
دەستی پێکردو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەڵگری بیرووبروا
کاکەییەکان لەهەر جێگایەك بن پەیوەندی بەهێزیان هەبێت لەهەم
بوارەکاندا .
کە لەو سەردەمە شێخ ، یاخوود گەورە ، یاخوود رابەری مەزهەب
کاکەییەکان دەستی پێکرد لە پەیوەندیە هەمەلایەنەکانی ئەو مەزهەبە ل
جێگایانەی کە کاکەییەکانی تیایە لە ناوچەو هەرێمەکاندا .

<u>سەرچاوە :–</u> کاکەییەکان – لێکۆڵینەوەیەکی ئەنتەرو پۆلۆژیە لە ژیا

کۆمەڵایەتی . د. نوری یاسین هەرزانی ، پەیمانگای شووێنەواری کورد – لەسەر ئەرکی ماڵی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە – چاپکراوە لە هەولێر – باشووری کوردستان .

١٣٥٦/٩/١٩ بەر پابوونی شەڕ لە نێووان لایەنگیرانی شانشینی فەرنساو بەرهەڵستکارانیدا ، کە لە ئاکامدا شانشینی فەرەنسا– جانی دووەم – لە کۆشکی شانشینی بەریتانیا بەند کرا ، بە هۆی بەزینی هێزەکانی سووپای فەرەنسا لە – موبیرنۆی – و بلۆك کردنی سێیەکی فەرەنسا . لەلایەن شانشینی بەریتانیا بە باج سەندن بەبری ٣,٠٠٠,٠٠٠ ، سێ ملیۆن ریالی زیر بەرامبەر بەو بلۆك کردنە.

١٣٦١

١٣٦١/٦/١٦ کۆچی دوایی متەسەوفی تێئۆری ئەلمانی – تاولر گوهانس – لە ئیستراسبورگ ... شایانی باسە ئەم زانایە لە ساڵی ١٣٠٠ چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە ئیستراسبۆرگ ... پەیوەندی بەرێگای دۆمینکان کردووەو لەساڵی ١٣١٥ ماوەی دوو ساڵ لەخووێندن و لێی بەردەوام بووە .

دوای ئەوە لەساڵی ١٣٢٥ بەرەو کلن – کۆلۆنیا – چووەو لەوێ دەستی بەخووێندن کردووە ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٣٣٩ بۆتە مامۆستا لە شاری بازلی سویسری و دوای ئەوە لەساڵی ١٣٤٧ گەراوەتەوە ئیستراسبورگ .... ئەم زانایە چەندین دانراوی هەبووە بەپێی بیروبۆچوونەکانی لەهەموو بوارەکانی ئایینی و فەلسەفە تاکوو کۆچی دوایی دەکات لە شارەکەدا.

سەرچاوە :– مەوسوعەی فلسفە – بەشی /٢ – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی .

١٣٧١

١٣٧١/٧/١٥ بۆ یەکەم جار تەیمووری لە نگ دەرکەووت بەراگەیاندنی سەربەخۆیی لەناوچەی تورکمانستان و خۆی بەشانشینی هەرێمەکە راگەیاند لە دوواوەی زێ ... تەیمووری لەنگ کوری ترگای کوری ئیگای ژکتان بووە ... دەرکەووتنەکەشی لە نێوان ناوچەی کەس و سەمەرقەند بووە . تەیمووری لە نگ هەروەك فتووحاتی ئیسلامی و چاولێکەری لەو کارە دەستی کرد بەداگیرکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی لە سەر زۆربەی هەرێم و ناوچەکان لە کێشووەری ئاسیاو ئەورووپاو هەندێکیش لە ئەفەریکیا.



ئەمـــەش بـــەهۆی هاوكـــاری كردنـــی لەلایـــەن هۆزێـــك بەســـەركردایەتی شەمـــسەدینی فـــاخوری و پیركـــە ، كـــە ئەمانـــە لـــە ئاسـیای بـچووك دیـــارو بـــەهێزبوون ... لەهـــەمان كـات یارمـــەتی دەری تـــەیمووری لـــەنگ نـــەوەكانی جـــەنگیزخان بـــوون كـــە رۆڵـــی باڵایـــان هـــەبوو لـــە بـــە هێزكردنـــی جـــیٚ پیٚگـــەی تەیمورو دەسەڵاتەكەی لە ناوچەكەدا .

سەرچاوە : مێژووی ئێراق لە نێوان دوو داگیركردن – پارێزەر عەباس عەزاوی – بەشی/٢ .

١٣٧٣



١٣٧٣/٦/٨ لـــە بۆنـــەی ئاهـــەنگی یادكردنـــەوەی یادی سەد ١٠٠ساڵەی دامەزراندنی ســـینەمادا لـــە باڵەخانـــەی – بـــاخی فیردەوۆسـی– لـــە تـــارانی پایتـــەختی وولاّتی فارس كۆبوونەوە ئەنجامدرا ، كـــەخۆی لـــە ٢٠٠٠ دوو هـــەزار ئاهـــەنگ گێـــر دەدا ، كـــە بـــۆ ئـــەو ئاهەنگە بانگ هێشت كرابوون.

١٣٧٩

١٣٧٩/٨/٩ کۆبوونەوەی – کەرادلە – واتە ئەندامانی ئەنجوومەنی مەسیحیەکان لە جیهاندا – لە گەڵ فەرەنسیەکانی هەڵگری ئاینی مەسیحی کە لە شاری – ئەناتیی – ئەنجامدراو پیلانی شۆرش دارێژرا ، لە نێوان دوو بیروو بۆچوون ... لە نێوان هەردوو مەزهەبی کاسۆلیکو پرۆتستانت ، ئەویش بە راگەیاندنو بلاووکراوەیەکی دیاریکراو لە هەڵبژاردنی– ئیریان – بۆ وەرگرتنی پۆستی پاپا بە تاکە بە هۆی پاڵەپەستۆ لە لایەن – گۆکای – رۆما .

کە هەموو کەرادلەکان لایەنگیریان بۆ – تلیان – کردوو لە ٩/٢٠ کۆبوونەوە لە سەر ئەوەی کە – ربرت ئەلژنیفی – پاپای دیاریکراووە ... ، کە – ربرت – پۆستی دەسەڵاتی پاپای گرتە دەست بەناوی – کلمنتنی حەوتەم– ، بەلام – ئیریان – هەر دەست گیر بوو بە پۆستی پاپا لە رۆما.

کە ئەویش بووە هۆی سەرەتای کەرت بوونی پۆستی دەسەڵاتی پاپاو لە گەڵ ئەو دووبەرەکیە لە نێوان دەسەڵاتەکانی پاپا بەردەوام بوو تاکوو مردنی – کلمنتنی حەوتەم – لە ساڵی ١٣٩٤ و، بەهاتنی – بندکتی سیانزەهەم – ... دوای یۆنیفاسی نۆیەم – کە داوای کرد بەگێرانی ئاهەنگێکی جەژنانەی گشتی ئەنجام بدرێت لە ساڵی ١٣٩٩ لە پێناو یەکخستنی ئەو دوو بەرەکیە لە نێوان دوو مەزهەبی ئاینی مەسیحی کاسۆلیکو پرۆتستانت بەتایبەتی لە رۆماو فەرەنسا.

١٣٨١

١٣٨١/٥/١ بەرپابوونی شۆرشی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا... لە دوای یەك مانگ لەو مێژووە ، بووە هۆی رووبەروو بوونەوە لە نێوان هێزکانی سووپای دەسەڵاتو هێزەکانی کەنیسەی ئاینیو زانستی ، کە ئەمەش بووە هۆی لێکەووتنی زیانێکی زۆر لە دام و دەزگای کەنیسەو دامو دەزگاکانی دەووڵەت لەم وولاتەدا .

١٣٨٢

١٣٨٢/١١/٢ پادشایەکی – چەرکەس – کە پادشایەتی وولاتی کۆنی میسریان کردووەو نەوەی ئەو کۆیلانەن ، کە لە و رۆژەوە دەسەڵاتی میسریان گرتۆتە دەست ... یەکەمیان مەلیك زاهر سەیفەدین برقوق کۆیلەی ئەمیر... بەلگای عومەر

بووه ... که بەلگاش له پێشوو یەکێك بووه له کۆیلەکانی مەلیك سالحی ئەیووبی و دەسەلاتی میسریان له دەست ئەیووبیەکان دەرهێناوه بەهۆی لاوازی ئەو کاتی بنەماڵەی نەوەی سەلاحەدینی ئەیووبی لەو کاتی ولاتی میسر دا .

شایانی باسه که بنەماڵەکان و نەوەکانی سەلاحەدین ١٣٥ ساڵ له وولاتی ئەو کاتی میسر دەسەلاتدار بوونه له گەڵ بنەماڵەی – خدێوی – محەمەد عەلی پاش – و نەوەکانی تاکوو شۆڕشی میسر له ساڵی ١٩٥٢. ئەویش با رووخاندنی رژێمی شانشینی و راگەیاندنی رژێمی کۆماری له وولاتەکەدا .

١٣٨٩

١٣٨٩/٨/٩ سولتان ئۆرخان دامەزرێنەری سەرەتای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆچی دوای کردووه ، که مرۆڤێکی شۆڤێنی بەرچاو تەنگی دژ به نەتەوه جیاجیاکانی ناوچەو هەرێمەکان بووه لەپێك هێنانی نەتەوەی تورکدا .

ئەویش بەبێ ئەوەی پەیوەندیەکانی بەرەو هاوکاری و دۆستایەتی ببات و پەلاماری هەموو گەلانی ژێر دەستەو ناوچەکانی دەووروبەری دەدا ، له بـ تورککردنێکی بێ وێنه لەپێناو بەهێز کردنی دەسەلاتی له هەمو بووارەکان ، به تایبەتی له بوواری سنووری جووگرافی و نەتەوەیی ئابووری و له پێناو بەرزکردنەوەی بوونی کەسایەتی تورك لەسەر جیهان .

١٣٩٦

١٣٩٦/٩/٢٧ بەرپابوونی شەڕ له نێووان هێزەکانی سووپای ئیمپرتۆریەتی نوێ عوسمانی ، که ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار چەکدار بوون به سەرکردایەتی سولتان بایەزید – هێرشی کرده سەر هێزه چەکدارەکانی مەسیحی سرب

لە هەرێمی بەڵکان ، بە سەرکردایەتی – ئیستفن لازار– دا .
ئەویش بەپەرینەوەی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەزێی دانووب و شاری نیکۆیگی ، ئەویش بە گەمارۆدانیان بە برپابوونی شەڕیکی خوێناوی . بێ بەزەیی هاتنەوە لەلایەن عوسمانیەکان ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای عوسمانی سەرکەووتنیان بەدەست هێنا بە سەر هێزەکانی سربە مەسیحیەکان لە سربەستاندا .

١٤٠٢

١٤٠٢/٧/٢ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای تەیمووری لەنگ و هێزەکانی سووپای عوسمانی ، کە ١٢٠ سەدو بیست هەزار چەکدار دەبوون بە سەرکردایەتی بایەزید ، لە ئەنجام شاری سیواس و دەووروبەری لە باکووری کوردستان داگیر کرا لە لایەن هێزەکانی تەیمووری لەنگ و شەڕەکە بەرەو شاری ئەنکەرە هەنگاوینا لە ئەنجام هێزەکانی تەیمووری لەنگ سەرکەووتنی بەدەست هێنا بە دەستگیرکردنی سولتان بایەزیدی عوسمانی و بەندکردنی تاکوو مردنی لە١٤٠٣/٣/١٠ ، لە تەمەنی ٤٤ ساڵیداو ماوەی بەندکردنەکەشی١٣ ساڵ بوو.

١٤٠٥

١٤٠٥/٢/١ لە دوای کۆچی دووایی سولتان بایەزید خانی یەکەمی سولتانی عوسمانی، نەوەکانی یەك لەدوای یەك جێگەیان دەگرتەوە ، ئەویش بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ، هەریەك لە بەشێك و بووارێکی دەسەلات . لە هەلسووراندنی کاروبــاری دەووڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا .

١٤٠٦

١٤٠٦/٣/١٩ کۆچــی دووایــی زانــاو روونــاکبیری عــەرەبیو جــیهانی مامــۆستا – ئـیبن خــەلدوون – لــە شــاری قــاهرەی پایتەختی میسر.

شــایانی باســە کــە ئـیبن خەلــدوون پێــشەنگی زانــستی کۆمەڵناســیو پێــشەنگی فەلــسەفەی مێــژوو– پێشەنگی تێئـووری ئاوەدانکردنـەوەو گەریـدەی بـەناوبانگو مووعجزەیـەکی عەرەبیە کە تاکوو ئێستا هاوشیوەی کـەمە لە مێژوودا .

١٤٠٩

١٤٠٩/٣/٢٥ لـە دوای دەیـا شـەڕو کێشەو ململانـێ لـە نێـوان هـەردوو مەزهـەب ئایـ مەسیحی ... کاسـۆلیکو پرۆتـستانت ... کـۆنگرەی – پیـزا – گرێـدرا ، لـ پێنـاو دیـاریکردنی پاپـا بەرەزامەنـدی هـەموو مەسـیحیەکان لـە جیهـان ، ب بـەلاوە نـانی بـیروو بۆچـوونو جیـاوازی مەزهــەبی . ئـەویش بـەدانانی گریگۆری – بەپاپا .

لە ئەنجام – بندکتی سیانزەهەم – بەرەو شانشینی ئەسپانیا هـەڵات بە هۆی نەبوونی لایەنگیر لە پێناو بوونی بەپاپا لە سەر ئاینی مەسیح . سەرەرای ئەوەش کێشەکان چارەسەر نەکرا لە دوای دامەراندنی گریگۆر بەپاپای مەسیحیەکان لە جیهان . بە هۆی کێشەی نێوان فەرەنساو ئیتالیا کە ئەو دوو وولاتە مەڵبەندی پیاوانو کەسایەتی ئاینی مەسیحی بوو کـە فەرنـسا زۆربـەی پرۆتـستانتو ئیتالیـا زۆربـەی کاسـۆلیك بـوون ، ئـ کێشانە تاکوو ئێستاش بەردەوامە .

بەڵام لە شێووەو شێووازێکی دیکەی بەرەو چارەسەر کردن لە هەموو بووا جیاجیاکـانی ئـاینیو پەیووەنـدی لەگـەڵ ئاینـەکانی دیکـەی جیهـا پەیووەندنی نێوودەولەتی ، بەتایبەتی دەووڵەتی فاتیکان لەجیهاندا.

١٤١٢

١٤١٢/٢/٣ هۆزەكانی لوڕ– شۆڵو شووانكارەكانیشیان ، كە هۆزی لوڕ كۆنترین هۆزن لە دوو بنەماڵەی گەورەو بچووك پێك هاتبوون ، كە هۆزێكی زۆرن و بەربلاو بوونەتەوەو پادشاو میری خۆیان هەبووەو بەشی زۆریان لە ویلایەتی میسرو شام بوون .

شامیەكانیان زۆرتر بوون ، واتە وولاتی ئێستای سووریاو ئووردن و فەلەستین ، كە زۆر ئازاو راستگۆ بوونەو لە هۆزە گەورەكانی كورد بوونە لە كوردستان.

سەرچاوە:– شەرەفنامە /١٢٤.

١٤١٤

١٤١٤/١١/٥ لە سەر داوای پاپا – یۆحەنا یستی سێیەم – لە رۆمای پایتەختی ئێستای ئیتالیا ، كۆنگرەی نێوودەووڵەتی لە نووێنەری هەموو مەزهەبەكانی مەسیحی ، بە تایبەتی پرۆتستانت و كاسۆلیك گرێدرا بە هەلبژاردنی پاپا .

ئەویش بەئامادەبوونی ٢٩ كەرادلە و ٣٣ لە سەرۆك ئەساقفەكان و ١٥٠ ئەسقەف و ١٠٠ سەرۆك دێرەكان و ٣٠٠ لە زانایانی لاهووتی و ٤٠ لە نووێنەری زانكۆكان و ٢٦ لە ئەمیرەكان و ١٤٠ لە دەرەبەگە دەوڵەمەندەكان و ٤٠٠٠ لەپیاوانی ئاینیدا .

شایانی باسە كە یەكەم كۆنگرەی نێوودەووڵەتی گەورەی مەسیحی بوو لەجیهاندا لە دوای كۆنگرەی ساڵی ٣٢٥ ، بەبریاردانی دوای كەنیسەكانی مەسیحی، ئەویش بە دوورخستنەوەی یۆحەناو گریگۆری و بندكت لە دەسەڵاتی پاپایی بە دامەزراندنی ئەنجوومەنێكی گشتی بە پێی یاساكانی ئاینی مەسیحی پیرۆز .

ئـەویش لـە پێنـاو بـەرێووەبردنی کاروبـاری تـەواوی مەسـیحیەکان لـە جیهاندا لە پێناو بەرەو چارەسەر کردنی کێشە هەلوواسراوەکان.

١٤١٥

١٤١٥/٩/٢ لـە دوای کۆچـی دووایـی– هـسن – ی سـەرکردەی – بوهیمیـەکان– لـە بـەرپابوونی شۆرشـی بوهیمیـەکان ، کـە زیـاتر لـە ٥٠٠ سـەرکردەو پیـاوانی ئـاینی و خـاوەن سـامانەکان لـە بۆهیمیـەکان و مۆرافیـەکان کۆبوونـەوە لـە ئەنجوومەنی کنستان.

ئەویش بـە مۆرکردنی بەلگەنامـەی ئـەو ٥٠٠ بەشـدار بوونـە لـە لایـەنگیرانی تیشك و لایەنگرانی هسیان کردو چوونە سەر مەزهەبی کاسۆلیك ، لە پێناو بەرگری کردن لە مەبدەئەکانی مەسیح دژی یاساکانی کە لە لایەن مرۆڤەوە دەردەچـێت بـە چەووسـسانەوەی مـرۆڤ لـە لایـەن مرۆڤـەوە لـە هـەموو بووارەکاندا .

١٤٢٠

١٤٢٠/١/١٧ بـۆ یەکـەم جـار نـاوی شــاری کـەرکوك لەلایـەن – تـــــەیمووری شـەرەفەدین عـەل ی یــەزدی – لــە کتــــــێبی – زەفەرنامـــــە – نـــاوی هـــاتووە

دوای ئـەوەش بـە چـل سـاڵێك لـە دوای عـەلی یـەزدی نووسـەری کتـێبی دیاربەکریـە – کـە لەلایـەن ئـەبوو بەکری تـەهرانی ئەسـفەهانی کـەوا پێدەچ ساڵی ١٤٧٠ کتێبەکەی نووسیبێ ، لە زۆر جێگەدا بەناوی شاری کەرکوکەو باسی کردووە .

کـە شـاری کـەرکوك سێچارەگی دانیـشتووانەکەی کـورد بوونـەو کـە ئەوکات تـورك و عـەرەبی بـە دەگمـەن لێ هەبوونـە یـاخوود نەبوونـە ... لـە بـەر ئـەوەی

پارێزگای کەرکوك عەرەبی تیا نیشتەجێ نەبووە تاکوو دوای چەندین ساڵ لە فتووحاتی ئیسلامی ، کە تاکوو دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لەسەر خاکی گەلانی دیکەی وولاتانی نێوان دوو زێێ – میزۆبۆتامیا – عەرەب لە پارێزگای کەرکوك و سەلاحەدین و مووسڵ بە ڕێژەیەکی کەم هەبوونە .

بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و سووریا و وولاتانی دیکەی عەرەبی بەتایبەتی وولاتی سعوودیە ، کە بە لێشاو روویان لەو پارێزگایانە کردووە ، هەروا پارێزگاکانی کووت و عیمارە و بەتایبەتی دیالە وەك داگیرکەرێك ، نەك وەك میوان و زەوت نەکردن و داگیرنەکردنی خاکی گەلانی وولاتی نێوان دوو زێ بەتایبەتی خاکی کوردستان .

سوود لە کتێبی دکتۆر جەمال رەشید – کەرکوك لە سەردەمە کۆنەکان – چاپخانەی ئاراس / ٢٠٠٢ وەرگیراوە .

١٤٢٠/٣/٨ بنەماڵەی عوسمانیەکان دەگەڕێنەوە سەر تیرەیەکی تورکان لە سەرەتای سەدەی سیانزەهەمی زایینی ، کە لە نێوان دوورگەی بیابانی نێووان مەنگۆلیاو چینی مللی دەژیان ، ئەویش کە خەریك بوون بە کاری پیشەی بە بەخێووکردنی مەرو مالات و چنین ، لە دوای ئەوە دەست بەسەراگرتنی جەنگیزخان بە سەر هەرێمەکانی وولاتی نێوان دوو زێێ – میزۆبۆتا میا – و ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك.

کە ئەویش بووە هۆی ئەوەی ، کە سلێمانی باوکی عوسمان بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردستان هەنگاوبنێ تا گەیشتنە هەرێمی ئەنازۆڵو بە جێگیربوونیان ، بە تایبەتی لە شاری ئەفلات لە باکووری کوردستان لە رۆژهەلاتی ئێستای تورکیا .

١٤٢١

١٤٢١/١/٦ مردنی قەرە یوسف بووە هۆی دوودڵی و سەرنواندن وهەروا نەتەوەکەی تووشی دڵناخۆشی بوون و بووە بلاوە پێکردنی دەستەکانی سەبا . لەو کاتەشدا شارخ بەرەو تەبرێز بەرێکەووت بۆ دەست بەسەراگرتن بەبێ هیچ بەرگریەك لە شاری تەبرێز .... بەلام ئەسبان بەرەو شاری بەغدا هەنگاوینا و هەروا جیهانشا .... ئەبوو سەعید بەرەو شارۆچکەی جەسان ... جەسان شارۆچکەیەکە لە تەك بەدران – واتە ناوچەی بەدەرو جەسانی کوردسان لە باشووری کوردستان .

بەڵام ئەمیر ئەسکەندەر کە لەکەسایەتیە ئازاو چاونەترس و دیاریوو لەو کاتە

بەهۆی مردنی باوکی و کەسووکاری لەدەووری کۆبوونەوەو لەشاری کەرکوك چوونە لای شارەخ و بووە شەر لە نێوانیان لە ١٤٣١/٩/٩ کە ئەوکات پێی دەگوترا – بەخشی – لە سەر سنووری ئاشکرد و شەرەکە دوو رۆژ بەردەوام بوو لە نێوانیان و چەندین کەس لە هەردوولایەنیان کووژراو رۆژی سێیەم ئەمیر ئەسکەندەر لەو شەرەدا بەزی وبەرەو لای زێی فوورات رۆیشت و لەوێ بەرەو شاری ماردین لە باکووری کوردستان هەنگاوینا .

ئەویش بە هۆی ئەوەی نەوەك عوسمان بەگ هێرشی بکاتە سەرو کۆکچە موسای لەگەڵدابوو– دکر –... ئەمەش لەشەرەفنامەدا ئەمەی دیاریکردووە ، کە کوردەکانی خۆراسان بوون لەو کاتەش شا تەهماسب ئیمارەتەکەیدا دەست کەسایەتیەك کە ناوی شەمسەدین بوو ... ل/٤٢٤ .

لەدوای ماوەیەکی زۆر هەردوو لایەنی چەکدار لەنزیك شاری ماردین بەیەك گەیشتن و هێزی چەکداری ئەمیر ئەسکەندەر زۆر بوو ... بووە هۆی ئەوەی کە لە هێزەکانی عوسمان بەگ لادەن و بگەرێنەوە ناوچەی ئەمیر ئەسکەندەر ، بەڵام لە ئاکامدا تووشی شەڕ هاتن و شەڕەکەش ماوەی ٢٥ رۆژی خایاندو ئەمیر ئەسکەندەر سەرکەووتنی بەسەر عوسمان بەگ بەدەست هێنا ... دوای ئەوە شارەخ گەراوە خۆراسان و ئەمیر ئەسکەندەریش گەراوە تەبرێز و لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت .

دوای ئەوەش ئازربایجانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان .... دوای ئەوە شەڕ لە نێون هێزەکانی شارەخ و هێزەکانی ئەمیر ئەسکەندەر بەرپابوو هەتا کاری لە دراوسێکانی کرد ... بەڵام جیهانشا وئاسیان لە بەغدا مانەوە ... واتە بەپێی نوسراوەکانی شەرەفنامە کورد دەسەڵاتداریەتی فروانی هەبووەو زاڵ بوونی بە هۆی بەهێزبوو ... بەڵام شەڕی نێوان سەرکردە کوردەکان بە ئامانجی نەگەیاندوون لەکوردستان .

١٤٢٨

١٤٢٨/١٠/١١ بەردەوام بوونی شەڕ لە نێوان شارەخ و ئەمیر ئەسکەندەر . ئەمانە سەرکردە کوردەکان بوون بە پێی شەرەفنامە... بەڵام جیهانشا لایەنگیری براکەی ئەمیر ئەسکەندەر بوو ، کە ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی نێوانیان لە دەوورووبەری شاری سەلماس لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، کە ئەمیر ئەسکەندەر لەو پەری بەهێزی و ئازایەتی دابوو لەو شەڕەدا .

بەڵام بەهۆی هەڵەکانی سەرنەکەووت و بەرەو هەرێمەکانی رۆم رۆیشت ... کە لەو کاتیش قەرە عوسمان لایەنگیری شارەخ بوو ... کە شاری بەغداو دەوورووبەری لەو شەڕەدا بە دووربوون . ئەم شەڕەش کە لەنێوان سەرکردەکان بوون لەپێناو دەسەڵات وپارەو سامان ... ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش شەڕ بەردەوام بوو لەنێوان بارانیەکان وبایندەریەکان ...

سەرچاوە :- مێژووی ئێراق لە نێوان دوو داگیرکردن –پارێزەر عەباس عەزاوی بەرگی /٣ .

١٤٢٩

١٤٢٩/٤/٢٠ سولتانی عوسمانی سولتان – محەمەد فاتحی – دووەم لە دایك بووەوحەوتەمین سولتانی عوسمانی بووە لەو بنەماڵەیەدا .

١٤٣٢

١٤٣٢/٥/٣٠ ئاگر لە گیان بەردانی زاناو رووناییری فەرەنسی خاتوو – ژاندارکی ژن – لە فەرنسا ، بەهۆی بەهێزی بیروو باوەڕی ئاینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ، کە بە زیندوویی ئەو کارە نامرۆییەیان بەرامبەر بەو ئافرەتە ئەنجامدا .

جێگەی باسکردنە کە رژێمی ئەو کاتی فەرەنسا لە لایەن دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان بە رێوەوە دەچوو لە وولاتەکەدا .

١٤٣٦

١٤٣٦/٧/١٦ لە هەوڵێکی بێ وێنەدا کە لە لایەن زانای ئەلمانی – گۆتەنبێرگ – بۆ یەکەم جار دۆزینەوەی چاپخانە هاتە کایەوە ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بەسەدان رۆژنامەو گۆڤار و کتێب دەردەچوون و بڵاودەکرانەوە ، کە سەدەی نۆزدەم شاری – ڤینسیا – ببووە ناوەندی بازرگانی و رۆژنامەیەك لەو بازارەدا دەردەچوو بەناوی – گەزەتە – کە ببووە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵی رووداوەکانی ئەو شارە .

لە سەدەکانی ناوەند لە ئەورووپا – پامفلیت ، Pamphlet – پەیدابوو گەلێك لە پیاوە ناودارەکانی ئەو کات و ئەو سەردەمە بیرووراو هەستی خۆیان لەو رێگەیەوە بەخەڵك دەگەیاندو وردە وردە بەرەو بە هێزبوون هەنگاوینا لە جیهان .

سەرچاوە :– تێگەیشتنی راستی – کەمال مزهەر –شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا – ١٩٧٨ .

١٤٤١

١٤٤١/٢/٤ هەوڵدان لە پێناو لێك نزیك بوونەوەی کەنیسەی سریانی وکوورسی رەسوولی – پاپا – ، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٣٧ بە رێگەی نامە گۆڕینەوە لە نێوان پاپا گریگۆریۆسی نۆیەم و پەتریریکی سریانی ئەگناتیووسی داود بەرەو راگەیاندنی بەتریریکی سریانی بە یەکگرتنی تاکە کەسی بەکوورسی رەسوولی، دوای ئەوە کۆری هەرێمی کەنیسەکانی رۆژهەلات کۆبوونەوەیەکیان گرێدا لەدورگەی قووبرس.

ئەویش لەسەر داوای پاپا بندکتی دوانزهەم بوو... ، کە لەو کۆرەدا ئەسقفی سریانیەکان یەکیەتی تەوواوی لەگەڵ کەنیسەی کاسۆلیك راگەیاند ،... بەڵام سریانەکانی قووبرس هەندێکیان رێگەی لاتینی لە خواپەرستی گرتە بەرو هەندێکیان چوونە ناو کەنیسەی سریانی مارۆنیەکان.

لە دوای ئەوە هەوڵی دیکە زۆر درا ، لە سەر ئاستی کۆڕی مەسکوونی ، کە کۆڕێکی فلوورنتینی بوو لە رۆژانی پاپا یاخوود جانیووسی چوارەم وبەتریرك ، لەئاکام پاپا بڕیاری تایبەتمەندی بەسریانیەکان راگەیەندرا.

شایانی باسە کە ئەرمینیا یەکەم هەرێم بووە بەهەڵگرتنی بڕوای ئاینی مەسیحی لە ساڵی ٣٠١ وگریگۆری منەوری دووەم ناسراو بەناوی قەدیس گریگۆریۆس منەوەر ، کە یەکەم کەس بووە پالپشتی کەنیسەی ئەرمەنی کردیە و . هەر بە ناوی خۆشیەوە بووە ، کە کەنیسەی ئەمەرن سەر بەخۆبووەو ریوورەسمێکی تایبەتی هەبووە لەداب و نەریتدا .

١٤٤٢

١٤٤٢/٢/٤ پاپا ئۆژیپیووسی چوارەم لە مەراسمێکی شکۆداری ئایینی دڵخۆشکەر ، یەکگرتنی قبتیە مەسحیەکانی میسری بە کەنیسەی رۆما راگەیاند لە کەنیسەی خاتوو مریەمەی عەزا لە شاری بلفۆرنسای ئیتالیادا .

١٤٤٢/٨/٢١ بەر پابوونی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتان مووورادی دووەمی دکتاتۆرو هێزەکانی سووپای شانشینی رۆما ، لەپێناو داگیرکردنی قووستەنتینیە، بەڵام هەوڵەکانی هێزەکانی سووپای عوسمانی هەرەسی پێهێنرا بەرامبەر بە هێزەکانی سووپای شانشینی رۆما.

١٤٤٤

١٤٤٤/٧/١٣ لە ئاکامی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزەکانی سووپای سرب و مەژەر ، بە داگیرکردنی چەندین ناوچە لە لایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی و بە بەردەوام بوونی شەڕو کێشە لە ئەنجامدا سەرکەووتنی سەرکردەی مەژەری لە وولاتی سربیا بەسەر هێزەکانی سوڵتان مووورادی

عوسمانی لە شاری نیس راگەیاندرا .
لـە دوای سـێ رووداو رێکـەوتنی ئاشـتبوونەوەیان لـە نێـوان مـۆر کـرا بـە بەجێهێـشتنی هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی لـەو ناوچـانەی کـە داگـیری کردبوو ، بەگەراندنـەوەی بۆ ژێـر دەسـەلاتی سربەکان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەدەست درێژی نەکردنە سەر ناوچەدا .

١٤٤٤/١١/١٠ بـەرپابوونی شـەڕلـە نێـوان هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی و هێزەکـانی سـووپای شانـشینی سـرب – لادسـلاس – لـە دوای مـۆرکردنی رێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوانیان بەهێرش نەکردنە سەر سربەکان .
بەڵام لەناوچەکەدا لە دوای شەڕێکی توندو دژوار بە کووشتنی کردینال – سیزارینی – کە بووە هۆکاری هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بە سەرکەوتنی عوسمانیە ئیسلامەکان لە ناوچەکەدا.

١٤٤٥

١٤٤٥/٨/٧ بلاووکردنەوەی پاکانە بەناو بانگەکەی پاپا – ئۆژینۆس – ی چوارەم ، لە بارەی ناوونانی نەسرانی ، بەڵکوو نەسرانی نیەو کلدانیە.
شـایانی باسـە کـە کێـشەی مەزهـەبی و نەتـەوەیی لـە نێـووان مەزهـەبی کاسۆلیکو ئۆرزکسیەو نەتەوەو ئاین ، پێك هاتەی ئاینی مەسیح لە سەدا نەتەوە پێك هاتووە . لەوانە کورد لە کوردستان ، بەڵام چەندین بیری جیاواز هەیە لە نێووان مەسیحیەکان بەگشتی و مەزهەبەکان بەتایبەتی ، لە نێووان کلدانو نەسرانی و ئەرمەنی و ئاشووررو سریانی ، کە هەر یەك لەوانە خۆی بەراستر دەزانێ لە وویدیکە ، کە ئەو کێشەیە بەردەوامە لە بیروبۆچوونە جیاجیاکانی ناو پێکهاتەکاکانی ئاینی مەسیحیەکاندا .

١٤٤٥/٩/٧ لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو کەنیسەی یۆنانو کەنیسەی رۆژئاوا ، کە لە بەلگەنامەی فەرمی کەنیسەی رۆمانی تۆمار کراوە بە پاکانەی بلاووکراوە . لە لایـەن پاپـا – ئۆژینـۆس – ی چـوارەم ، کـە ئـەویش لـە دوای بریـاری – تیمتاوس – ی مەترانی نەسرانیەکانو ئیمان هێنان بە مەزهەبی کاسۆلیك لە هەرێمی قووبرس لە پێش – دوومنیکی ئەندراوس – ی مەترانی قوولسالب – رۆدس – ی دووەم لـە شـاری لاتـران ، کـە پاپـا رایگەیانـد ، کـە لێـرە

بەدوواوە سریانیەکان لە نەستووره ناویان بە کلدان دەگووترێ لەو رۆژەوە مێژووی دەربەدەر بووەکان بەکلدانی قووبرسی دادەنرێت.

١٤٥٠



١٤٥٠/٦/١٨ هێزێکی گەوورە لە جووتیارو کرێکارانی شارو شارۆچکەکانی بەریتانیا بەرەو شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەرێکەوتن و کە لە شاری – پلاك هیس – چەکدار کران بەسەرکردایەتی سەرکردەکەیان – جاك کید – ئەویش بە هۆی باری گرانی وەرگرتنی باج و چەندین زولم و زۆرداری دیکەی رژێمی شانشینی بەریتانیا .

ئەویش لە پێناو هەلووەشاندنەوەی دەستووری کرێکاری و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێدا ، کە لەو کاتە حکوومەتی بەریتانیا– جاك کیدی – بە کۆمۆنیست تاوانبار کرابوو، دوای ئەوە سەرکردەکانی سووپای بەریتانیاو هەندێ لە پیاوانی لەگەڵ سەرکردەی سووپای شۆرشگێرانی جووتیارو کرێکار چاویان بەیەك کەووت لە شاری – سفنووکس– ، کە بووە هۆی سەرسوورمانی هەموو خەلك بەسەرکەووتنی شۆرشگێران کە لەو کاتەی بەرەو لەندەن هەنگاویاننا.

لەوکاتەدا ئەنجوومەنی شانشینی بەریتانیا لە چەند رێنماییەکیدا داوای ئارامکردنەوەی بارووودۆخەکەی کرد ، بە دەستگیرکردنی– لۆری سای و ملیچ کرومر – کە دوکار بەدەستی نا لە باری نارێك بوون ، لە کارەکانیان بەرامبەر بەگەلانی بەریتانیا ، دوای ئەوە کەووتنە ژێر دەستی سەرکردە

شۆرشگێرەکان ، کە لە ٧/٤ی هەمان ساڵ لە سێدارەیان دان و سەرەکانیان بـەدوو سـنگی کووتراوەکـانی دیـوواری بالەخانـەی شانـشینی بـەریتانیا هەڵوواسران.

١٤٥١

١٤٥١/٢/٧ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان موورادی چوارەم کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی سوڵتان ئەبوو فەتحی دووەم جێگەی گرتەوە ، لەدوای مردنی تەرمی سوڵتان موورادی چوارەم گواسترایەوە بۆ شاری بۆرسەی خاکی باکووری کوردستان .

شایانی باسە کە بە پێی نووسراوی نووسەرو رۆژنامەنووس و مێژووناس و جووگرافیناس و کۆمەلناس و دەیا بیرو بۆچوونی تووێژێنەرەکان ، بگرە لە دوای رووداوەکەی لافاوەکەی کەشتیەکەی حەزرەتی نووح .

من گەیشتوومەتە ئەو بڕووایەی کە بنەماڵەو سەرکردەکانی دامەزرێنـەری ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی کـورد بوونـە ، هـەروەك سـەلاحەدینی ئـەیووبی و دامەزرینـەری دەوڵـەتی میسر محەمـەد عـەلی پاشـا و رووناکبیری نـاوداری جیهانی کەواکبی و بنەماڵەی سەرۆکی پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆو مستەفا حـەقادی دەرهێنـەری فلیمـی سینەما لـە سـەر سـەلاحەدینی ئـەیووبی ، کـە دانیـشتووی شاری حەلـەبی ئێستای سووریا و بەدەیا بنەماڵەو کەسایەتی دیکەدا .

بەلام بە داخەوە دەڵێم بە هۆی کێشەو ململانێ و شەڕی ناووخۆی کورد لە کوردسـتان . هـەر وەك بەڵگـەی زینـدووی لـە باشووری کوردسـتانی لکێنـراو بەئێراق ، شەڕی نێووان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان ، کە سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دوای ١٩٦٥ و کە تاکوو ئێستاش نـە لـە شەڕو نـە لـە ئاشتی دایـە بـە بـەردەوامی لەکێشەو گرفت و ململانێدان.

ئەمە لە لایەك و لەلایـەکی دیکـەش ، بەر لـە مێژووی زایینـی بـە ٨٣٠ سـاڵ زیـاتر کورد خاوەنی ٢٧ وویلایـەتی دەسـەڵاتدار بووەو تـاکوو دابەشـکردنی کوردسـتان بـەپێی نەخـشەی داڕێـژراو لـە پـەیمانی سـایکس بیکـۆی

١٩١٦/٥/١٦ ، جێبەجێکردنی بەپێی نەخشەی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤، ئیماراتە کوردیەکان لە کوردستان بەردەوام بوونە لە شەڕو کێشەو ململانێی ناووخۆیی ، کە بووەتە هۆکاری کاردانەوە لەسەر دەروونی گەلی کوردو کەسایەتی و بنەماڵە جیاجیاکان و دوورکەووتنەوەیان لەسەر گۆڕەپانی نەتەوەیی لەسەر خاکی کوردستان .

ئەویش بە نەگەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی تاکوو ئەمڕۆ... ئەم هۆکارانە بوونە لە کاردانەوەی بنەڕەتی و سەرەکی لە دژایەتی کردنی گەل و نیشتمانەکەیان و خزمەت کردنی گەلانی دیکەو گەیاندنیان بە ئاوات و ئامانجەکانیان ، بەتایبەتی لە رووی نەتەوەیی و نیشتمانی جگە لەبووارەکانی دیکەدا .

١٤٥١/٢/١٨ سوڵتانی عوسمانی حەوتەم ناسراو بە سوڵتان محەمەد ئەلفاتح دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتە دەست ، کە تەمەنی ٢٢ساڵ بوو، هەوڵی چاکسازی دا لە هەموو بوواره جیاجیاکانی دەسەڵاتەکەیدا ، کە چەندین زمانی دەزانی لەگەڵ مێژووناسی بەرفراوان و رۆڵی سەرەکی بینی لە بەهێز کردن و فراوانکردنی سنووری جووگرافی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە هەموو لایەنەکاندا .

١٤٥٢

١٤٥٢/٤/١٥ لە دایك بوونی هونەرمەندو نیگارکێشی سەدەکانی ناوەراست- خاتوو کاترینا - لە نزیك گووندی - فنتشی- بەدووری ٦٠ میل لە شاری فلۆرنستی رووسیای قەیسەری... شایانی باسە کاترینا دایکی کچە جووتیارێکی رۆشنبیر بووەو باوکی - پیرو دانتونیا-پارێزەرێکی دەوولەمەند بووە لە وولاتەکەدا .

١٤٥٣

١٤٥٣/٤/٦ هێزەکـانی سـووپای ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی بەسـەرکردایەتی محەمـەد ئەلفاتح گەیشتە دەورووبەری شاری قووستەنتینیە ، کە سووپاکەی زیاتر لـە ٢٥٠ دووسـەدو هـەزار چـەکدار دەبـوو، لـە ووتەیەکیـدا ، داوای سـەرکەووتنی لـە سـەربازو سـەرکردەکان کـرد بـە سـەر هێـزی سـووپای بێزەنتیەکان بە هەموو جۆرە چەکێکی ئەو کات ، لە خۆ ئامادە کردنێکی بێ ووێنە لە هەموو بووارەکانی جەنگ کردندا .

١٤٥٣/٤/٢٢ لـە دوای گـەمارۆدانی دەورووبـەری شـاری قووسـتەنتینیە لـە هێرشـێکی بەرفراوانو شەڕیکی دژووراردا بەسەرکردایەتی سوڵتانی عوسمانی محەمەد ئـەلفاتحو هێزەکـانی سـووپای بێزەنتـی بەسـەرکردایەتی جۆسـتنیان ، لـە ئـەنجام هێزەکـانی سـووپای بێزەنتـی سـەرکەووتنی بەدەسـت هێنـا لەگێراندنەوەو داگیر کردنی بەندەرەکەدا .

١٤٥٣/٥/٢٩ کەووتنی شاری قووستەنتینیەی پایتەختی بێزەنتیەکان لەلایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی کە بووە هۆی کەووتنی ناوچەو هەرێمەکانی بەلکان .

١٤٥٣/٥/٢٩ هێزەکانی سووپای عوسمانی ، کە پێك هاتبوو لە ١٥٠سەدو پەنجا هەزار سەرباز ، سەر لە بەیانی هێرشیان کردە سەر شاری قووستەنتینیەو داگیریان کرد بەشێووەیەکی زۆر درندانە جگە لە پەلاماردانی دانیشتووانی شارەکەدا .

بەڵکوو پەلاماردانی کەنیسەکان بە بەتالان بردنی هەرچی لە ناو کەنیسەکاندا هەبوو ، لە کەلووپەل و نووسراوو کتێب و پاشماوەی شووێنەوارو کەلتووری ، بە تایبەتی ئەوەی پەیووەندی هەبوو بە ئاینی مەسیح و ووێرانکردنی شارەکە . کە ماوەی ١٠٠٠ ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی رۆمانی و بێزەنتیەکان بوو .



١٤٥٣/٦/٢٩ بــەهۆی شــۆفێنیەتی دەســەڵاتی عوسمــانی بــە وویرانكردنــی شــاری قووســتەنتینیە ، خــەڵكی شــارەكە پەیكــەری مریەمــەی عــەزرایان بــەرز كــردەووەو لــە ناكــاو پەیكەرەكــە كەووتــە خووارەوتێكــشكا ، لــە دوای سەرنەكەووتنی گفتووگۆی نێووان سوڵتانی عوسمــانی محەمــەد ئــەلفاتح و نووێنەری دانیشتووانی شارەكەدا .

هــەروا لــە هــەمان كــات هێزەكــانی ســووپای عوسمــانی بەســەركردایەتی محەمــەد ئــەلفاتح لــەماوەی چــەند مــانگ تــووانی شــارەكە داگــیر بكــات ، ســەرەرای بــەرگری كــردن لەشــارەكە لەلایــەن هێزەكــانی ســووپای بێزەنتــی، لەهــەمان كات زانایانی ئاینی ئیسلامی ئایەتی ئەنفالیان بۆ سەربازەكانی عوسمانی دەخووێندەوە وداوای سەركەووتنیان بۆ دەكردن .

١٤٦٢

١٤٦٢/٩/١٦ لــە دایك بوونی فەیلەسوف ئیتــاڵی – پیترومبۆناتسی – لــە شــاری منتوفای ئیتالیــا ...خووێنــدنی لــە زانكــۆی یادوفــا تــەواوكردووەو مۆڵــەتی وانــە گووتنــەوەی بەدەســت هێنــاوە لــە بــواری پزیــشكی لەســاڵی ١٤٨٧ .... دوای ئەوە بە مامۆستای یاریدەدەر دامــەزراو لــەبواری فەلسەفە لــەزانكۆی یادوفا .

دوای ئەوە بۆتە مامۆستا لەبواری فەلسەفە .

لەدوای ساڵی ١٥١٠ کتابێکی داناوە بەناونیشانی دەروون بۆ ئەرستۆ .... دوای ئـەوە لـە ١٥١١/١٠/٢٤ بـە مامۆسـتای فەلـسەفە لـەزانکۆی پۆلونیـا دامەزراوە . دوای ئەوە لە ساڵی ١٥١٦ کتابێکی بەناونیشانی – خلود النفس – دانـا کـە بـووە هـۆی جێگـەی نـارەزایی دەربـڕین بەتایبـەتی لـەبواری ئایینەیـەوە ... دوای ئـەوە لەشـاری بوندقیـە ئـەم کتێبـە سـووتێندرا و پاپـا داوای کـرد بچێتە رۆمـا . دوای هـەوڵێکی زۆر ، پاپـا لێـی خـۆش بـوو لەگـەڵ ئەوەشـدا بڕیـاری زینـدانی کردنـی لـە ١٥١٨/٦/١٥ ی بـۆ دەرچـوو ، بـەڵام دەستگیر نەکرا .

دوای ئەو گرفتانە کە هاتە پێش ، کتابێکی دیکەی بەناونیشانی – بەرگری – بڵاوکـردەوە بەهەرەشـەکردنی بـۆ سـەر بەرپرسـانی فاتیکـان ... ئـەم فەیلەسوفە لەکارە هەمەلایەنەکانی فەلسەفەو ئاینی بەردەوام بووە تـاکوو لـە ١٥٢٥/٥/١٨ لە پۆلۆنیا کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە :– مەسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی– بەشی/٢ .

١٤٦٣

٢٤ /١٤٦٣/٢/ لە دایك بوونی فەیلەسوفی ئیتالی – پیکۆ دلامرندولا – لـەخێزانێکی نـاودار لەشارۆچکەی مۆدیتا لـەباکووری ئیتالیا . شایانی باسە لەدایك بوونی ئەم فەیلەسوفە جێگـەی سەرسـوورمان بـوو لـە جـوانی و زیرەکـی و توونـدوتۆڵی لەهـەموو لایەنـەکان . کـە مرۆڤێکـی بـێ وێنـە بـوو لـەناوپیاوەکانی سـەردەمی راست بوونەوە لەئیتالیا لەسەدەی پانزەهـەم . میراتگری راستەوخۆی دانتی و ئیلیــزێری و بردکــە بــووە ... هــەوڵی داوە لــەپێناو گوونجانــدنی شارستانیەتی کۆنی یۆنانیەکان و رۆمانیەکان و مەسیحیەکان لە جیهاندا .

ئەویش بەداواکاریـەکانی ئیمـان و پێداویـستیەکانی هۆشمەندیـەتی ... ئـەم فەیلەسوفە هەستی ئایینی بەهێزبووە ، ئەویش لـەو نامیلکـەی کـە بـۆ یەکـەم جـار بـڵاوی کـردەوە بەناونیـشانی – ئاکامـەکانی فەلـسەفە –. لەلایـەکی دیکەش بە مرۆڤێکی بێ ئایین دەژمێردرا لەلایەن پیاوانی ئایینی مەسیحی بە تایبەتی پاپا ... ئەم مرۆڤە بەردەوام بوو لـە کـارە بە نرخـەکانی تـاکوو لـە

١٤٩٤/١١/١٧ کۆچی دوایی دەکات لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا .
سەرچاوە:- مەسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی -بەشی /٣ .

٥ / ٩ / ١٤٦٣ دەرکــەووتنی میرنــشینە کوردیــەکان لــە دوای داگیرکــردن و بــە زۆر کردن ئیسلام لەســەردەمی فتووحــاتی ئیسلامی ... کــە ســەرەتایەکی دەســەڵات کوردی بووە بەشێووەیەکی ناوچەیی و هــەرێمی لــە ســەرخاکی کوردستان ناوچەکانی دیکە ، کە توانراوە دەسەڵاتی میرایەتی تیابگێرن .

لەوانــەش میرنــشینی - پــازۆکی - وەکــوو ســەرجەم میرنــشینە کوردیــەکان دیکــە دەرکــەووتووەو لــە بەشــی بــاکووری کوردســتان بــوون ... قەڵــەمیرەو پازۆکیــەکان دەکەووتــە باکووری دەریاچەی شاری وان و لــە کۆتاییــەکانی کیفــی - و - ئــەرگێش - و عــادل جــەوازو ئەلــشکردرۆ شــێووە... گــەوور مێژوونووســی نــاوداری کــورد - شــەرەفخانی بەدلیــسی - پێــی وابــووە ک بنــچەو بنەماڵــەی میرانــی پــازۆکی ســەر بــەهۆزی - ســوویرین - لــە هــەرێم دیاربەکردا لە باکووری کوردستان .

یاخوود بۆ بنەماڵەی کوردەکانی رۆژهــەڵاتی - ئێــران - دەگــەرێنەوە . هــەرو مێژوونووسی کورد - محەمــەد ئــەمین زەکــی - یــش رەچــەڵەکی پازۆکیــەکان بــۆ کوردەکــانی دانیــشتووی رۆژهــەڵات لەکوردســتان دەگەرێنێتــەوە ... بــەڵا مێژوونووسی مەملوکی - ئیبنتگری بردی - باســی کــردووە کــە پازۆکیــەکا لەســــەر ســنووری رۆم لــە رۆژئــاوای شــاری دیاربــەکر نیشتەجیٚ بوونــە ، ک قەڵای - کەرکــەریش - ســەر بــەو میرنــشینە بــووە . کــە خێڵــی گــەوورە بوونە توانیویانــــە بــــەجۆرێکی بــــاش ئیــــدارەی خۆیــــان بگێــــرن و بــــچنە نێــــو پەیوەندیەکان لەگەڵ میرنــشینە کوردیــەکان و هێزەکــانی دیکــە لەناوچــەکەدا بەتایبەتیش پەیوەندیان لەگەڵ ئۆزن حەسەن بەهێزبووە .

ئاماژە بەوەش کراوە کە لەو دەووروبەرەدا دەستیان بەسەر قەڵای کەرکەرد گرتووەو پاش ساڵێك ، واتــە لــە ســاڵی ١٤٦٤ داویانــە بــە ئــۆزان حەســەن ... پازۆکیەکانی رۆژئاوای شاری دیاربەکر چالاکیان زۆربووە ...جــەڵام لــەروو جووگرافیەوە مەڵبەندی سەرەکیان لەباکووری دەریاچەی وان بووە سەرەرا ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا جمووجۆڵیان بەرچاو نەبووە ...میرە پازۆکیەکان بـ دوولق دابەش بوونە ئەویش :-

یەکەم :– بەخالید بەگلو ناوزرند بووەو دەکا . بەڵام باس لەلقی دووەمی میری پازۆکیەکان ناکات .... لەگەڵ ئەوەشدا میر حوسێن عەلی ، کە یەکەم میری پازۆکیەکان بووەو سەر بەخالید بووەو بە – گلوەکانە – ناوبانگی دەرکردووە ... وا دیارە ئەم کەسایەتیە بەو دوولقە ناوزەند ، یاخوود دابەشکراوە .

وا دەرکەووتووە کە لەسەردەمی ئۆزۆن حەسەندا هەوڵیان داوە ئیدارەیەکی سەربەخۆیان هەبێ بەهۆی گوونجاو و لە باری ئەوکات ، بۆ ئەوەی سەرکردەو میرە کوردەکان سەربەخۆیی لەنێووە قەڵەمرەوەکانیاندا دەست بخەن لە هەرێم و ناوچەکەدا .

نەخشەی ناوچەکانی میرنیشینە کوردەکان لە شەرەفنامەدا



کورێک لەکورەکانی حوسێن ، پاش مردنی باوکی دەسەڵاتی میرنشینەکە دەگرێتە دەست وەکوو شەرەف نامە ئاماژەی پێکردووە . لە ساڵی ١٤٩٨

رووی ل ەمیرنشینی بەدلیس کردووەو لەگەڵ خالیدی کوریدا هاوکاری میر شەرەف کردووە ، لە ململانێیەکانی لەگەڵ میر ئیبراهیم دا .
دوای ئــەوە لەگــەڵ ســەفەویەکانی فارســدا مــیر خالیــد بــەگ روو لــە شـ ئیسماعیلی سەفەوی کردووە ئەویش واتا شا لە لەشکرەکەیدا بەشدار شەڕی پێکردووە .
میر خالید دەستێکی بالاو زیرەکانەی هەبووو لەبەر ئەوە ناویاننا – جۆلا خالید – هەروەك شەرەفنامە – ئاماژەی پێکردووەو دەڵێ :-
شا ئیسماعیل دەستی لە زێر بۆ دروست کردووە ، وەك سیاسەتێك بۆ ئەوە میرەکانی کورد بەگژی یەکدا بدات و جێ پێگەی خۆی لەسەر میرەکانی کور بەهێزبکات . ناوچەی – س – خنووس و مەلازگردو ئۆحکات مۆشی – سا بە بەدلیسی بە میرات دایتە خالید بەگ و براکانی بەم هەڵوویستانەش دو هاوپەیمانی پێشووی لە یەککردووەو گیروگرفتی خستۆتە نێوانیان و مـ شەرەف ناوچەکانی سەر بە بەدلیسی لە پازۆکیەکان سەندۆتەوە . دوا ئەوە میر خالید هەوڵی داوە هەڵەکانی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکا بقۆزێتەوە لە ناوچەکەدا .
ئەویش بەلێدانی دراو بەناوی خۆی و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند . کە ئـ کارەش بەقۆناخێکی درەوشاوەی میرنشینەکە ناوزەند کرا . لەبەر ئەوە لەزۆر بواردا بەئاراستەی سەربەخۆ بوون هەنگاوی گرتووە لە بەرێوەبردن کاروباری میرایەتی خالید بەگ .
دوای ئەوە رووی لە سوڵتان سەلیمی عوسمانی کردو لایەنگیری خـۆ نیشاندا بۆ سولتانی عوسمانی .
بەلام نەیتوانی هاوسەنگی لە نێوان دەسەلاتەکانی سەفەوی و فارسی عوسمانی رابگرن ، و لەئاکامدا لەشەڕی جالیدیران ، خالید بەگ لەلایە سولتانی عوسمانی سولتان سەلیم دەکووژی و دوو کوری لەدوای بەجـ دەمێنێ بەناوی ئیدریس و وەلید ... بەم جۆرە مێژووی بوونی میرنشینـ پازۆك کۆتایی پێ دێت لەسەر خاکی کوردستان .

سەرچاوە :- شەرەفنامە ... کوردوکوردستان

١٤٦٩

٣ / ٥ / ١٤٦٩ لـە دایـك بـوونی نووسـەرو تووێـژەرو کەسـایەتی نـاوداری جیهان و خـاوەن کتـێبی – ئەمیر – . نیکۆلۆمبیکا میللـی ... لـە شـاری فلۆرانس لـە بنەماڵیـەکی مامناوەندید .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە بـاوکی نیکۆلۆمیکیـافیلی – برنـارد – لەبنەمالەیـەکی بـەناوبانگ بـوون و برنـارد گرنگـی بـەبواری خوێنـدن و پێـشکەوتنی منداڵـەکانی دەدا ... کـە پارەیـەکی زۆری بـۆ کـرینی کتـێبی لاتـینی خـەرج دەکـرد .... بۆیـە بنەماڵەکـەی بەرەو هـەژاری هـەنگاوی دەنـاو لەتەمـەنی ٢٩ ساڵیدا بە سەرۆکی دیوانی دووەم و ئەندامی شوورای دەکەسی دەسەڵاتدار لە فلۆرانس هەڵبژێردرا .

هەروا نکۆلۆ میکیافیللی لەساڵی ١٥١٢ کاری نووسینی ووتارەکانی دەست پێکردوو لە ساڵی ١٥١٣ لە ماوەی ٤ مانگدا کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی – میر – نووسی . دوو بەرهەمی گەوورەش ئەو ، واتە هونەری شار ١٥٢٠ و مێژووی فلورانس ١٥٢٥ یەك بەدوای یەك بەچاپگەیەندران و بڵاوبوونەوەو کاری ووتارەکانیشی کۆتایی هات .

میکیافیللی بەردەوام تیئۆریەکانی خۆی وەك چارەسەرو بەردە بازێك بەرەو پراکتیکی سیاسی دەبینی ... ئەم نووسەرو کەسایەتیە بەناوبانگەو هەست و نەست و هەڵوویستێکی توونـدرەو لـەبوارەکانی رامیاری و کۆمەڵایـەتی و دەسەڵات لەنووسینەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٥٢٧/٧/٢٢ کۆچی دوای دەکات .

هـەروا میکیـافیللی لـەکتێبی خۆیـدا بـەردەوام گلیـەیی و گازانـدە دەکـات کـە لەکاتی دوورخستنەوەیدا ناچار بوو تەنها کاتی خۆی لەگەڵ ژنان و مریشکو

و جووجەڵە بەسەر ببات ... لەو کاتەشدا دونیای سیاسەت پێویستی زۆری بـەو هـەبوو لـە تێئوریەکانیـدا و ، لـە هـەمان کـات ئـاواتی میکیـافللی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزو سەقامگیر بوو لەئیتالیا .

سەرچاوە :- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣ .

١٤٧٢

١٤٧٢/٢/١٦ زانای گەردوونناسی پۆلۆنی- نیکۆلای کۆپەرنیکۆس- لە شاری تۆرونی پۆلۆنیای بروسیا لە دایك بووە .

١٤٧٣

١٤٧٣/٢/١٩ لـــە دایـــك بـــوونی زانـــای گەردوونناس و زانای هۆڵەندی و لـە هـەمان کـات دامەزرێنـەری زانـستی گەردوونناسـی نـویٚ - کوبرنیکۆس - لە شاری تۆرون لـــە بومرانیـــا ... لـــەدوای تـەواوکردنی قۆنـاخی خوێنـدن چـووە زانکـۆی کراکـۆڤ ... لـە سـاڵی ١٤٩٤ چـووە زانکـۆی پۆلۆنیـا لـە ئیتالیـا ئـەویش بەخوێندنی یاسای کەسی ... لەگەڵ ئەوەشدا لە خوێنـدنی گەردووناسی بەردەوام بوو.

بۆ یەکەم جار نیشانی - رصد - فەلەکی لە ١٤٩٧/٣/٩ ئەنجامدا ... دوای ئەوە لە ١٥٠٠/١١/٦ لە رۆما نیشانی مانگیرانی ئەنجامدا ... دوای هـەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر لە ساڵی ١٥٠٣ بروانامـەی دکتـۆرای بەدەست هێنـاو لـەکارەکانی بـەردەوام بـوو تـاکوو لـە ١٥٤٣/٥/٢٤ لەشـاری فرونیـورك لـە پرووسیا کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە :- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢ .

١٤٧٥



١٤٧٥/٣/٦ لە دایك بوونی وێنەکێشی توانا داری ناوداری جیهانی – مایکل ئەنجیلۆ– لە شاری – کیریس –ی لە ئیتالیا .
شایانی باسە ئەم هونەر مەندە بەهرەمەندە کە ناوی مایکل ئەنجیلۆ یە بە ناوی یەکێك لە فریشتەکانی خواوەند کراوە .

١٤٧٨

٧ / ٢ /١٤٧٨ لە دایك بوونی رووناکبیرو رامیاری و فەیلەسوف ناوداری ئینگلیزی – تۆماس مۆریس – لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەبنەماڵەیەکی دیار ...کە باوکی قازی بووە لە دادگای باڵای بەریتانیا .... مۆریس چووەتە زانکۆی ئۆکسفۆرد ، کە لەو کاتە تەمەنی چواردە ساڵان بووە .... هەردوو زمانی لاتینی و یۆنانی بەباشی فێربووە .
هەروا یاسای تەواوکردووەو بۆتە پارێزەر ... لە ساڵی ١٥٠٤ هەڵبژێردراوە و بۆتە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا ... دوای شانشینی هندری حەوتەمی رەتکردەوە لەسەر پارە لەو کات ... لەو کاتەش هندری هەشتەم بووە شانشین لەسەر بەریتانیا کە دۆستی مۆریس بوو ... کە ئەو مۆریسی کرد بە راوێژکارو ، دوای ئەوە بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیاو دوایی بووە و وەزیری دارایی ... بەڵام دوای سێ ساڵ کێشە لە نێوان هندری هەشتەم و مۆریس پەیدابوو ، لەئاکامی ئەو کێشەیە لە ١٥٣٥/٧/٦ بریاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردو لە سێدارەدرا لە شارەکەدا .

سەرچاوە :– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٤٧٨/١١/١ دەرچوونی بریارێك لە لایەن پاپا – سکستۆس– ی چوارەم ، ئەویش بە دامەزراندنی شەش قەس ، لەوانەی کە هەڵگری مۆڵەت و بروانامەی بەرزی خوێندنی ئاینیان هەیە.

ئەویش لەپێناو پێك هێنانی دەستەیەکی دادگایی و پشکنین لە پێناو لێکۆڵینەوە لەسەر کارە نا لەبارو نەگونجاوەکان لەگەڵ ئاینی مەسیحی و یەکخستنی بیروبۆچوونی جیاوازو دانی دەسەڵاتی تەواو بە دەسەڵاتی شانشینی ئیسپانیا .

١٤٧٩

١٤٧٩/١/٢٨ ئۆزۆن حەسەن... واتە حەسەنە درێژ، کوڕی عەلی بەگی کوڕی قەرە ئەیلول عوسمانی میری هۆزی– ئاقۆینلو– بووە ، کە مەرە سپیانی تەتەرو لە سەردارانی لە شکری تەیموری لەنگ بوو . کە دەوڵەتی مەرەسپیانی لە سەر دارو بەردی دەوڵەتی مەرە رەشیان– قەرەقۆینلوو– دامەزراندنووەو پایتەختی لە دیار بەکرەوە بردۆتەوە شاری تەرێزو لەوێ مردووە ، کە دروشمی ئالاکەیان لە سەر شێوەی مەرێکی سپی بووە .

ئەم هۆزە بە بەردەوامی بەربەرەکانی کوردو فارسیان کردووە لە پێناو بە هێزکردنی دەسەڵاتیان لەسەر خاکی گەلانی دیکەدا ، چونکە تەتەرەکان لە ئاسیای بچووك ، واتە لە دوورگەی بیابانی نێوان مەنگۆلیاو چین بەرەو کوردستان و ناوچەکانی دیکە هەنگاویان ناوە ، کە هەر ئەوەش بووە هۆی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانیەکان .

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر وەك لە چەندین جێگەی دیکە لەناوەرۆکی مێژوونامەکە دیارکراوە ، کە دەوڵەتی عوسمانی لە تورك پێك نەهاتبوو ، بەڵکوو لە گەلانی کیشوەری ئاسیاو هەندێکیدیکەیان لە کیشوەری ئەوروپا ، لە گەلانی دەربەدەر کراو پێك هاتبوو ، ئەویش لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئیمپراتۆیەتەکانی بەر لە دەوڵەتی عوسمانی . بەپەرت و بڵاوە پێکردنیان و هەژار کردنیان و بە ناچار کردنیان بە پەنا بردنە بەر هەر دەسەڵات و بنەماڵەیەك لە پێناو یارمەتی دانیان بە دابین کردنی بژێووی ژیانیان ، ئەویش بووە هۆکاری بنەڕەتی لە دامەزراندنی دەوڵەتی

عوسمانی و نەتەوەی تورك لە ئاسیادا .

١٤٧٩/١/٢٨ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی درێژخایەن لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و وڵاتی بووندقیە ، بە بەجێهێشتنی شاری ئەشتوودرەی ئەلبانی بەرامبەر بە هەندێ دەسکەووت ، نیازی عوسمانیەکان کە هەنگاو نان بوو بەرەو ئەوروپا ، کە ئەو کاتە کۆماری بووندەقیە گرنگترین و بەهێزترین کۆمار بوو لە کێشووەری ئەوروپادا .

١٤٨١

١٤٨١/٥/٣ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان محەمەد ئەلفاتحی دووەم کۆچی دوایی کرد ، لە تەمەنی ٥٣ساڵیدا ، کە ماوەی دەسەڵاتەکەی ٣١ ساڵ بوولە سەر ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٤٨١/٥/٣ ڕامیاریەتی ئاینی و نەتەوەیی شا ئیسماعیل لە وڵاتی فارس لە ناوچە داگیر کراوەکانی کوردستان و عەرەبستان دا ، لە پێناو نانەوەی تۆوی دووبەرەکی بوو لە نێوان مەزهەبەکانی شیعەو سووننە ، لە نێوان مەلاو گەوورە پیاوانی ئاینی کوردو عەرەب ، لە نێوان فارس و کورد ، لە ئاکام ناچار کران کە نامەی داواکاری پشتگیری بۆسوڵتانی عوسمانی ڕەوانە بکەن.

١٤٨١/٦/٣ لە دوای کۆچی دوایی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان محەمەد ئەلفاتح لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان دەست کرا بە ئاهەنگ گێران و سەماکردن ، بەبۆنەی مردنی ئە سولتانە ، ئەویش بەهۆی درندەیی دەسەڵاتەکەی بوو لە ئازاردان و ئەشکەنجەدانی گەلانی ژێر دەسەڵاتەکەیدا ، بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستان .



١٤٨١/٧/٢٠ لـــــه ســــــەردەمی دەســەڵاتی سـوڵتانی عوسمانی ، سـولتان بایەزیـــدی دووەم ، ســـــــەرکردەی ئیمـارەتی مۆسـکۆی رووسیای قەیـسەری –ئیڤـانی سـێیەم – تـــــــووانی ئیمارەتەکەی لـه ژێر دەســـەڵاتی رژێمـــی ئیسلامی عوسمـانی رزگـار بکـات دوای ئـەوە دەسـتی کـرد بـه فراوانکردنی سنووری ئیماراتەکەی بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی عوسمانی، دوای ئەوە بەرەو باکـــووری کـــوردستان.

هـــەروا بـــەرەو ئـــەنازۆڵ و ئـــەوروپای رۆژهـــەڵات ، کـــه لـــەوکات دەســـەڵاتی عوسمـانی سـەرقاڵی رێکخستنی کاروباری ناوخۆو شەرەکان بوو لـه پێنـاو فراوانکردنـــی ســـنووری دەســـەڵات و بـــه هێزکردنـــی دەســـەڵات لـــه هـــەموو بووارەکاندا بەتایبەتی لە بوواری ئاینی مەزهەب سوننە بەرامبـەر مەزهـەبی شیعەی فارس لە کێشووەرەکەدا .

١٤٨٣

١٤٨٣/١١/١٠ پێکهاتەی بنەماڵـەی لۆسـەری لـه بارووددۆخێکی نـەوەو کـەش و هەوایـەکی وا دورست بوون ، کە لە شارێکی بچووك بوون ، دانیشتووانی لـه ٣٠٠٠ سـێ هـەزار هـاووڵاتی زیـاتر نـەدە بوو، کـه لـەو رۆژە – مـارتن هـانز – چـاوی بـه جیهان هەڵهێناوە .

هەروا بە هۆی توونددڕەوی هەلس و کەووت و رەفتارەکانی . باوکی گەیشتە ئـەو بڕووایـەی کـه بـه کارهێنـانی داری جادووکـەری باشـترین رێگەیـه بـۆ چارەسـەرکردنی هـەر کێشەیەك کـه سـەر هەڵدەدات ، لـه لایـەن دروسـتکەری

كێشە هەمەلایەنەكان .

١٤٨٣/١١/١٠ رووناكبیرو چاكسازی ناوداری مەسیحی و دامەزرێنەری رێبازی پرۆتستانتی – مارتن لۆسەر – لە شاری ، ئیسلین ، ی لە باكووری ئەلمانیا لەچاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە شارەكەدا .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە مارتن لە قوتابخانەی – مەگدبۆرگ – و – بزناخ – دەستی بەخوێندن كردووەو لەساڵی ١٥٠١ چووەتە زانكۆی – نیرفۆرت – و بروانامەی زانكۆی لەساڵی ١٥٠٥ بەدەست هێناوە – بەهۆی هەڵوویستی توندوتیژی دایك وباوكی لەساڵی ١٥٠٥ رووی كردۆتە – ئۆگستین – لە نێرفۆرت و لەساڵی ١٥٠٧ بۆتە قەشەی مەسیحیەكان . مارتن بەهۆی زیرەكی و لێهاتوویی توانیوویەتی لەساڵی ١٥٠٨ ، وانەی فەلسەفە لەزانكۆی – فیتنبۆرك – لەسەر ئاستێكی بەرز بلێتەوەو كتێبەكەی ئەرەستۆی بەجوانی شێكردۆتەوە .

هەروا لۆسەر لەساڵی ١٥٠٧ چۆتە شاری – رۆما – ی پایتەختی ئیتالیا و لەنزیكەوە ئاگاداری باری گشتی مەسیحیەكان و كاروكردەوەی پاپای ڤاتیكان بووە ... كە لەو دەمەدا پاپا پێویستی بە پارەو سامان هەبوو بۆ خەرجی خۆیی و خزمەت كردنی كتێب و كەرادلەكان .

ئەویش لە پێناو بەدەست هێنانی ئەو ماڵ و پارەیەش پەنای بردۆتە بەر – چێكی لێخۆشبوون – داوای دەكرد كە هەرچی بكرێ خودا لەگوناهەكانی خۆیی و خزمەكانی خۆش دەبێ ... لەو كاتەشدا قەشەیەكی دۆمەنیكی بەناوی – بۆمەنناتتس – لە ساڵی ١٥١٦دا سەرپەرشتی فرۆشتنی ئەو چێكانەی لێخۆشبوونی دەكرد ... مارتن ئەو كارەی كە بەچاوی خۆی بینی زۆر پێی پەست بوو ، چونكە كاری وا لەمەسیحیەكاندا رووی نەداوە . كاتێك كە گەرایەوە ئەلمانیا دوای لێكدانەوەیەكی قووڵ و هەڵسەنگاندنی ووردی پرەنسیپەكانی ئایینی مەسیحی كرد .

مارتن هەڵسا بەیاننامەیەكی راگەیاندو ٢٥ كێشەی گرتە خۆ لەدژی – چێكی لێخۆشبوون – و لە ١٥١٧/١٠/٣١ لەسەر دەرگای كنێسای فتنبورگ لە فرانكۆرت هەڵیواسی ، كە تتس بەم كارەی زانی رووی كردە فرانكۆرت و لەوێ بەیاننامەكەی مارتن لۆسەری بڵاوكردەوە ... دوای ئەوە قوتابیانی

شارەکە بەیاننامەکەی تتسلیان سووتاند.

دوای ئەوە مارتن بەیاننامەکەی بۆ خاوەنی سامان و خانەدانەکانی ئەلمانیا دەرکردو داوای لێکردن کە پشتگیری لەو بزووتنەوەیە چاکسازییە ئاینیە بکەن ... دوای ئەو رووداوانە ل ەسالّی ١٥١٨ پاپا – لیوی دەیەم – مارتنی بانگ کردە رۆما بۆ لێپرسینەوە لەسەر ئەو کردەوانەو رەخنەکانی ... لەو کاتەشدا زانکۆی فرانکۆرت و نووێنەری سەکسۆنیا لەسەر مارتن لۆسەر بەجواب هاتن و مارتنیش بەردەوام بوو لەسەر پەلاماردانی دەسەلاّتی پاپا ... بەو هۆکارە پاپا – لیوی دەیەم – مەرسوومێکی لە دژی لۆسەر، کە لە ٤١ کێشە پێك هاتبوو راگەیاند .

دوای گەیشتنی مەرسوومەکە بەدەست لۆسەر سووتێندرا . دوای ئەوە لۆسەر کنێسەیەکی نوێی بەناوی کنێسای پرۆتستانتی دامەزراندو گرنگترین پرنسیپەکانی ئەو چاکسازیە لەچوار خالّ پێك هاتبوو کە ئەویش:-

١- هەلّووەشاندنەوەی چێکی لێخۆشبوون .

٢- قەشەکان چیتر رەبەن نەکەن .

٣- هەلّووەشاندنەوەی قووداسی لێخۆشبوون لەگوناهی مردوان .

٤- هەلّووەشاندنەوەی ئەو رێورەسمە ئاینیەی کە قەشە نان و شەراب دەگۆرێ و بەجەستەی مەسیح خووێنەکەی .

هەولّەکانی لۆسەر بەرەو گەشەدان بەرز دەبووەوە و لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە سالّی ١٥٤٦/٢/١٨ کۆچی دوایی کرد لە وولاّتەکەدا .

سەرچاوە :- رۆژنامەی – الصباح – پاشکۆی هەفتانە ژمارە /٢٤٧

١٤٩٢

٢ / ١ / ١٤٩٢ لەم رۆژەدا هێزەکانی سووپای – قشتالە – توانی بچێتە ناوشاری گرناتەی ئەسپانی و ئالاّی – قەدیس یاقب لە تەك خاچی جەنگ – لە سەر بالّەخانەی سوور – قصر الحمراو – بەرزبکاتەوە ، کە ئەم رۆژە کرا بە رۆژی جەژنی سەرکەووتن لە هەموو وولاّتانی هەلّگری ئاینی مەسیحی ... هەروا فەرمانی پاپا لە هەموو کەنیسەکانی جیهان لێدرا بەم بۆنە مەزنە کە تێیدا

سەرکەوتنیان بەدەست هێنا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە تارقی کوری زەید لە ساڵی ٧١١ ی زایینی بەهێزێکی گەورەی هەڵگری بڕوای ئایینی ئیسلام ، توانی ئەسپانیا داگیربکات ... ئەبوو عەبدوڵڵا کە دوا شای گەرناتە بوو ... کە ماوەی هەشت سەد ساڵ لەژێر دەسەڵاتی ئیسلام بوو .

دوای گەراندنەوەی شاری گەرناتە و بەوەدەرنانی دەسەڵاتی ئیسلام لە ئەسپانیا . ئەبوو عەبدوڵڵا و بنەماڵەو بنەماڵەی دارو دەستەکەی و بەرپرسانی هەمووی بە چەند کەشتیەك رەوانەی ئەفریکیا کران و کۆتایی بەدەسەڵاتی ئیسلام لەو وولاتەدا هات ، هەروا لەچەندین وولاتی دیکەشی کە لەو کاتە دەسەڵاتی ئیسلام بەرەو کزی و لاوازی هەنگاوی دەنا .

ئەویش لەبەر دوو هۆکا ری سەرەکی ئەویش :-

یەکەم :- بە ئیسلامکردنی بەزۆرو ماوەنەدان بە بیرزورای جیاوازو دژایەتی کردنی هەڵگرانی ئایینی مەسیحی و ناوزەندکردنیان بە کافر تاکوو ئێستاش لە وولاتەکەدا .

دووەم :- بەعەرەب کردنی بەزۆر چ لە رووی نەتەوەیی و چ لە رووی خاك کە دوو هۆکار بوونە تاکوو ئێستاش لەلایەن ئیسلام پەیرەو دەکرێت بە تایبەت عەرەب کە ئایینی ئیسلام بەهی عەرەب دەزانن .

هەر لەوکاتەشدا ئەبوو عەبدوڵڵا کلیلی باڵەخانەی سووریان دا دەست شا - فرودینالد و شاژن ئەیزابلا ... کە وێنەکێشی ناوداری جیهان وێنەی ئەو رێ و رەسمەی لە تابلۆیەکی گەوورە وێنە کێشابوو ، کە بۆتە کەلتوورێکی وولاتی ئەسپانی ... کە شاری گەرناتەو باڵەخانەی سوور بە شێووازێکی

ئیسلامی بەنەخش و نیگار رازاندرابووەوە .

ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی کــە هێزەکــانی قەشــتالە تــوانی دەســت بەســە
تەواوی وویلایەتی ئەندەلووس دابگرێت لە ساڵی ١٢٦٢ و بووە هۆی ئەوە
کە ئەندەلووس هەموو بنکەکان لە دەست بدات .

سەرچاوە :- گۆڤاری هلال . مانگی /٥/٢٠٠٨ - ل/١٦٦ .

١٤٩٢/٣/٣٠ بە هـۆی زۆری رووداوەکـان ، لـە ئەسـپانیا شانشین - فردینانـدۆ ئیـزابیلا -
مەرســـومێکی راگەیانــد ، بــە دوورخــستنەوەی جوولەکــەکان لــە هــەمو
تەمەنێك بێ جیاوازی بە بەجێ هێشتن و دەرچوونیان لە خاکی ئەسپانیا
ماوە نـەدانیان بـە گەرانـەوەیان و لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی سەرپێـچی ئـە
مەرسوومەی بکردایە لە سێدارە بدرێت ، ئەم مەرسوومەش تاکوو ٧/٣١ ،
هـەمان سـاڵ دەبـێ ئـەم مەرسـوومە جـێ بـەجێ بکرێـت ، واتـە مـاوەی چوار
مانگ مۆڵەتیان بۆ جوولەکەکان دیاری کرد لە وولاتەکەدا .

١٤٩٢/١٠/١٢ لـە دوای هـەوڵ و مانـدو بـوونێکی بـەردەوام ئـەویش بـە دۆزینـەوەی کیـــشووەری ئـــەمریکا لەلایـــەن گـــەرۆکی نـــاوداری ئەمـــەریکا و جیهان - کریـستۆفەر کۆلۆمبس - لـــە دوای هـــەوڵ و تەقـــەلاو مانـــدوبوونێکی زۆر بـــۆ ئـــەو کێشووەرە و بوونی لە جیهاندا .

١٤٩٤

١٤٩٤/٦/٧ پاپـا ئەلکـسەندەری شەشـەم بـڵاو کراوەیـەکی راگەیانـد ، کـە حکوومـەتی
ئەسـپانیا خاوەنداریـەتی ئـەو زەویانـە دەکـات ، کـە خاوەنـەکانیان روو لـە
ئاینی مەسیح ناکەن .

لـە رۆژ ئاواداو ئـەو زەویانـەی لـە رۆژهـەلات بـۆ پورتووگالیـەکان بـوو، کـە
هێلێکی خەیاڵی بوو لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ئەسپانیاو پورتوگال و بەو لێك
جیا کەرەوەییە ، کە لە باکوور بۆ باشوور بە درێژایی ٢٧٠ میل لە رۆژئاوای

ئەزوورو دوورگەی – راس الأخضر – بوو، بەلام پورتووگالیەکان ئەو راگەیاندنەیان رەتکردەوەو بووە هۆی بەرەو بەر پابوونی شەڕی نێوانیان، بەلام ئەویش بە مۆرکردنی پەیمانی – تۆردیسیلاس – کۆتایی هات بە دیاریکردنی هێلی سنووری هاوسەنگی نێوانیان لە ناوچە و هەرێمەکەدا .

١٤٩٥

١٤٩٥/٤/٢ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سلێمان خانی یەکەمی قانونی لە دایك بووە ، کە دەیەم سوڵتانی عوسمانی بووەو دەسەلاتی بەشێوەیەکی یاسایی بەرێوە دەبرد ، لە دوای مردنی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیم ئیسماعیل پاشا دەسەلاتی گرتە دەست لە سەر تەواوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٤٩٧

١٤٩٧/٦/١ لە گەشتەکەیدا گەڕۆکی ناوداری جیهانی – کۆلۆمبس– لەگەرانێکی گران و بەردەوام گەیشتە کیشوەری ئەمەریکای باشوورو ، کە لەو کاتەش – جۆن کابۆت– گەیشتە دوورگەی کیب بریتۆن لە کەنداوی سانت لۆراس لە رۆژی ٦/٢٤ی هەمان ساڵدا ، کە یەکەم ئەورووپی بوو بگاتە ئەو کیشوەرە لە نیوەی گۆی رۆژئاوای زەویدا .

لە دوای سەردەمی هەولەکانی گەڕۆك لایف ئەریکسۆن لە ساڵی ١٠٠٠دا. کە ئەم گەریدانە رۆلی بالایان هەبوو لە هەموو بووارەکان بە تایبەتی لە بوواریجووگرافیدا لە جیهان .



نەخشەی دۆزینەوەی کیشوەرەکان

١٥٠٠

١٥٠٠/٦/٢٦ تەریقـەتی سـەفەوی فـارس لـە ئێـران ، کـە ببـووە بزووتنەوەیـەکی ئـاینی
رامیـاری و بـەهێز بـوون ، هەرچـەندە کـووژرانی یـەك لـە دوای یـەکی
سەرکردەکانی نەك بە هەڵووەشاندنەوەی ، بەڵکوو ببووە هۆی خۆشکردنی
زەمینـەی بـە هێـزی دەسـەڵات و دەسـەڵاتی رامیـاری بگرنـە بـەر لـە جیهانی
ئیسلامیدا .
لە کاتێکدا کە ئەمیرەکانی ئاققۆینلوو بەر ببوونە گیانی یەکترو لەو کاتە
ئیسـماعیل تەمـەنی لـە سـیانزە سـاڵان بـوو. بـەپێی رێـوو شـووێنەکانی
خەلیفەی تەریقەتی کەووت بەخۆ ئاشکرا کردن بەرەو ئەردەبیل کەووتە رێ
بـە درێـژایی رێگـا لایـەنگیرانی باوبـاپیرانی ئەهاتنـە رێـزی لەشـکرەکەی
ژمارەیان بەرەو زیاد بوون دەچوون .
شایانی باسە کە مەزهەبەکانی هەمەلایەنی ناو ئاینی ئیسلام هۆکاری لێ
ترازانی تەواو بوو لە نێوان بیروو بۆ چوونە جیاکانی کۆمەڵگای ئیسلام
لەگـەڵ رێنماییـە بنەڕەتیـەکانی ئـاینی ئیـسلام بـەپێی دەسـتووری نـەگۆڕ

ئاینی ئیسلام کە قورئانی پیرۆزە .
بە تایبەتی لە نێوان ئەو دوو مەزهەبە دژ بە یکتریەکەی شیعەو سوونە ، جگە لەوەش تەریقەتەکانی قادریەو نەقشەبەندیو چەند بیروو بۆچوونی دیکەی جیاواز لە ناو ئاینی ئیسلامو کاردانەوەی لە سەر باری نەتەوەییو رامیاریو نیشتمانیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو مێژوو زمانو کەلتوورو دابو نەریتدا لە ناو کۆمەڵگاکانی دیکەدا لە جیهانی ئیسلامیدا...؟.

١٥٠٢

١٥٠٢/٢/١٢ راگەیاندنی مەرسوومی شانشینی لەلایەن شانشینی ئەسپانیا بە هۆی بەرپابوونی راپەرینو خۆپیشاندان لە شارو وویلایەتەکان بە ئاگادار کردنەوەی هەڵگری بڕوای ئاینی ئیسلام چ بە چوونە ناو ئاینی مەسیحیو چ بە بەجێ هێشتنی ئەسپانیا.
بەو هۆیەوە ئیسلامەکان نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو مەرسوومە دەربری .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە عەرەبە دانیشتووانەکانی ئیسلامی لە ئیسپانیا ، هەندێکیان بە هۆی هێرشەکانی فتووحاتی ئیسلامیو هەندێکیان بەهۆی کارو بازرگانی روویان لەو وولاتە کردبوو .
بەڵام بە هۆی هەڵوویستی شۆفێنیانەی عەرەبە توندڕەوەکان لە رامیاریی و هەلوویستی بە داگیرکردنو بە عەرەبکردنی گەلانی رەسەنی ئیسپانیا ، کە ئەمەش بووە هۆکاری دەرکردنی ئەو مەرسوومەلەو وولاتەدا .
چونکە عەرەبە دانیشتووانەکانی وولاتی ئیسپانیا نەك هەر بۆ کاری دابین کردنی بژێووی ژیان نیشتەجێی بوون . بەڵکوو هەوڵی دورستکردنی دوو دڵیو نانەوەی دووبەرەکی بوون لە نێوان پێك هاتەی ئاینی لەم وولاتەدا ، بە تاییبەتی لە نێوان ئیسلامو مەسیحی...کە ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی لە سەر پەیووەندی کۆمەڵایەتی بکات لە هەموو بوارەکان لەولاتەدا .

١٥٠٤

١٥٠٤/٢/٢٩ لە دوای بلاووکردنەوەی رۆژنامەی رۆژەکان بە روونکردنەوەی باری رۆژانەی ئەستێرەکانی سووراوە– سیار – لە ماوەی ٣٢ساڵی دادێ ، کە لەو کتابە

نووسـراوە ، کـە کۆلـۆمبس وای پێشبین کردووە . کـە خسوفی مـانگ وەك سـکی پیـاوێکی برسـی پـر دەکـات، دوای ئـەوە چـەندین روونکردنـەوە لـە بارەی زانستی گەردووناسی نوێی تایبەت بە موزەنەبەکان دیاریکرا .

١٥٠٤/١١/١٥ کۆچی دوایی شانشین ئیزابیلای شانشینی ئیسپانیا .. شایانی باسە کە ئیـزابیلا لـە ١٠/١٢ی هـەمان سـاڵ ئامۆژگاریـەکانی نووسـیەوە ، کـە لـە دوای مردنـی لـە سـەر تەرمەکـەی ئاهـەنگ بگێـرن و ئـەو سـامانەی کـە لـە کۆگاکـان کۆکراوەتەوە بە سەر هەژاران دابەش بکرێت .

بۆ ئاگاداری خووێنەر گۆری شانشین ئیزابیلا لە شاری غەرناتەیە.

١٥٠٩

١٥٠٩/٩/١٣ دەسـتپێکردنی دوا گەشـتەکەی کریـستۆفەر کۆلـۆمیس لـە زەریـای ئەتلەسی .

١٥١٢

١٥١٢/٤/٢٥ لـە دوای بـەجێ هێـشتنی دەسـەڵاتی عوسمـانی لەلایـەن سـوڵتان بایەزیـدی دووەم بـۆ کورەکـەی ، سـوڵتان سـەلیمی دووەم و بـوونی بـە سـوڵتانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، بە پشتیووانی هێـزی سووپا لـە بەهێز بـوونی جێگـەی لە سـەر دەسـەڵاتی عوسمـانی لـە – فتووحـاتی عوسمـانی – واتـە بەرەو داگیرکردن و فراوانکردنی سنووری جووگرافیدا .

سـوڵتان سـەلیم بـۆ هانـدان و بـانگکردنی دەووڵـەتی رۆم و پـەلاماردانی دەوولەتی تازە دامەزراوی مەزهەب شیعەی فارسی لـە ئێران ، لەپێناو لەناو بردنی . کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تا ئەو کات و ساتە دا رووی پەل هاوێشتن و فراوانکردنی سنووری جووگرافی بەرەو ئەورووپا بـوو، نـەك رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

بەڵام کاردانەوەو هۆکاری دورست بوونی دەسەڵاتی مەزهەب شیعەی فارس لـە ئێـران و رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتداو هەوڵـدان لـە پێنـاو فراوانکـردن و بەهێز بـوونی لـە کوردسـتان و قـەفقاس و ئەرمەنـستان و دوایـی بـەرەو عەرەبـستان هـەنگاوینا ، کـە بـووە هـۆی مەترسـی راسـتەقینە لـە سـەر دەسـەڵاتی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

چونکە لەو کاتە دەسەڵاتی مەزهەب شیعەی فارسی پاڵەپەستۆی زۆری خستبووە سەر دانیشتووانی کورد لەسەر خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی فارس ، بەوەرگێرانی بیروباوەری مەزهەب سوونەی ئیسلام بۆ مەزهەب شیعە بەناوی – جەعفەری– لەو کاتەش دەسەڵاتی ئیمارەتەکانی کورد توانیبوویان جێگەی خۆیان پتەو بکەن و هەنگاویان بەرەو بەهێز تر دەنا ، کە ئەمانە بوونە هۆکاری روو وەرگێران و پەلامارەکانی هێزی سووپای عوسمانی و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی کوردو خاکی کوردستان.

بە بەرپابوونی بە دەیا شەڕی ئاینی و خاک و نەتەوەو دەسەڵات لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی فارسی سەفەوی لە ئێران و ناوچەکانیدیکەدا .

١٥١٣

١٥١٣/٤/٢ گەریدە بەناوبانگەکانی جیهان ، لە دوای دۆزینەوەی کێشووەر و هەرێم و ناوچەو بەردەوام بوونیان لەم کارەدا ، کە دوایین دۆزینەوە دۆزینەوەی کەنارەکانی فلۆریدا بوو لە سەر دەستی دۆزێنەری ئەسپانی – برۆنس لیووث – لە کێشووەرەکەدا .

١٥١٣/١١/٥ بریاردانی مەرسوومێك لەلایەن شانشین – لیۆ – ی شانشینی ئیتالیا بە تێکەڵاوو کردنی هەردوو پەیمانگای زانستی لە یەك پەیمانگادا ، ئەویش بە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی ، کە زانکۆی کۆشکی بیرۆز– کە ، فاتیکانە– لە گەڵ زانکۆی مەدەنی، کە هەردوو پەیمانگەکە لەو ڕۆژە بووە زانکۆی ڕۆما بە دابین کردنی بالەخانەو پارەو پێداوویستیەکان.

دوای ئەوە کە ناوزەند بوو بە ناوی – سابیندسا – و ئەو پەیمانگایە لە کاتی پاپا ئەسکەندەر باشترین بووژانەوەی بەخۆوە دیت لەووڵاتی ڕۆما .

١٥١٤



١٥١٤/٢/١٥ ئەستێرە ناس و ماتماتیکناس و کەسایەتی ناوداری ئیتاڵی و جیهانی بەناوبانگ - گالیلۆ – لە شاری بیزای ئیتاڵیا چاوی بەجیهان هەڵهێناوە .
ئەم کەسایەتیە لەکارە هەمەلایەنەکان سەرکەووتوانە بەردەوام بووە تاکوو لە ١٦٤٢/٨/١ کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەیدا .

١٥١٤/٣/١٩ بە هۆی باری ناوچەو هەرێمەکان بەسەرهەڵدانی کێشەی مەزهەب ئاینی لە نێوان دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەسەلاتی شا ئیسماعیلی سەفەوی فارسی ، کە بەو هۆکارە کۆبوونەوەیەکی گەوورە پیاوانی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەنجامدراو سوڵتان سەلیمی دووەم سەرکردەی دەووڵەتی مەزهەب سوونەی ئیسلامی رایگەیاندو ووتی:–
شا ئیسماعیلی سەفەوی مەزهەب شیعەی ئیسلام ، ترسی زۆری خستۆتە سەر دەسەلاتەکەمان و مەزهەبی سووننە ، کە جێگەی گومان لێکردنە .
لە بەر ئەوی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەسەلاتی ئیسلامی سووننە بووە ، بە پێچەوانەی دەسەلاتی شا ئیسماعیلی سەفەوی فارسی لە ئێران ، کە دەسەلاتی فارسی مەزهەب شیعە نەك هەر کاردانەوەی لەسەر دەسەلاتی عوسمانی هەبووە بەڵکوو کاردانەوەی خراپی لە سەر جیهانی ئیسلامی هەبووە . لە هەموو لایەنێکدا .
ئەمەش بە هۆی کردەوە جۆراو جۆرەکانی دەسەلاتی شا ئیسماعیلی فارسی سەفەوی بەرامبەر بە مەزهەبی سووننە لە ناوچەو هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی ، کە ئەو هۆکارانە بووە هۆی کاردانەوە لەسەر

هەلوویستی سولتان سەلیمی دووەمو شەڕی دژ بەدەسەلاتی فارسی ڕاگەیاند ، کە لە شاری ئەردنە بەرەو ولاتانی فارس بەریکەووت .
سەرەرای نامە گۆرینەوەی بەسوودی نیوانیان ، کە شەرەکە بەسەرکردایەتی سولتان سەلیمی دووەمی سولتانی عوسمانی بوو ، تاکوو داگیر کردنی شاری تەوەریز ، کە خاکی کوردستان . لە باکووری رۆژهەلاتی ببووە گۆرەپانی شەری داگیر کردنو هەلاتن ، لە نیوان هیزەکانی سووپای شەرکەری عوسمانیو سەفەوی فارسی لە سەرخاکی کوردستان .

٢٤ / ٤ / ١٥١٤سولتان سەلیمی یەکەم فەرمانی پیشرەویەتی کردنی سووپاکەیدا بەرەو رۆژهەلات لە باکووری کوردستان ، تا گەیشتە شاری ئەرزیخان ، کە لەو کاتەشدا هیزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ماندوو بوونیکی زۆریان بەخۆوە بینی لەو کۆچکردنە بۆئەو ناوچانە بەهۆی کەمی ئازوقەو خۆراك و پیداویستیەکانی دیکەی جەنگ .
بەتایبەتیش لەو کاتە نەخشەی پلانی - خاکی سووتاویان - بەرزکردبووەوە بە پەیرەوکردنی . کە - محەمەد خان ئوستانەلوو - والی دیاربەکر لەباکووری کوردستان ، واتە - ئامەد - پاشەکشەی دەکرد ... و - نوور عەلی خەلیفە روملوو - یش والی ئەرزیخان پاشەکشەی کرد و هەردوو والی بریاریان دا ، کە دژی هیزەکانی سووپای عوسمانی بووەستن و یارمەتی دەری سەفەویە فارسەکان بن.
لەو شەرەش کە لەهەر جیگایەك برۆیشتنایە هەموو شتیکیان دەسووتاند کە بە کەلك دووژمن بهاتایە ... ئەو کارەشیان لە پیناو دابەزاندنی وورەو توانای سووپا بوو لەگەل ئەو هەراسانکردنەی هیزی سووپای سولتان سەلیم بەردەوام بوو ... کە پیشرەویەتی هیزەکانی سووپای دەکرد بۆ ناو خاکی ئیران لە هەریم وناوچەکاندا .
لەهەمان کات شا ئیسماعیلی سەفەوی فارس پلانی وابوو کە سووپای عوسمانیەکان بۆ قولایی ناوچە چیاییەکانی خاکی ئیران وەربگیری و لەوی پەلاماری هیزەکانی سووپای عوسمانی بدات و لەم شەرە سەرکەوویت . هەر لەوکات و ساتەکانی هیرشی هەردوو لا سولتان سەلیم - ورووژینەری - بۆ

شـا ئیـسماعیل سـەفەوی دەنـارد ، لـە پێنـاو تـورەکردنی شـا ئیـسماعیل بریـاری رووبەرووبوونـەوە بـدات . دژی هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی شەڕەکە بەفەرمی هەڵبگیرسێ.
لەئەنجامـدا شـەڕەکە دەسـتی پێکـرد لـە نێوان هـەردوو لایـەنی دووژمنکار هەڵگری بروای ئیسلامی مەزهەبی شیعە ، کە شا ئیسماعیل سـەفەوی فارس و ... مەزهـەب سوونـنە کـە سوڵتان سـەلیم بـوو لەسـەر خـاکی کوردسـتان جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ناوچـەی چاڵیدێران ٣٨٤ کیلۆمـەتر لـە شـار تەوریز دوورەو دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای – شاری خوویی– کە دەکەوێ نێوان دوو زنجیرە چیاو دەشتەکە بەلای رۆژهەلات و رۆژئاوا درێژ بۆتەوە . ا هەندێك شووێن ئەو دوو زنجیرە چیایە بە جۆرێك لێك دوور دەکەوونەوەو ك دەشـتاییەك دروسـت دەکـەن . کـە چـیاکان بەچـاو نابینریـت . دەشـت چاڵیدێران وەك دەشتێکی پان و بەرین دەردەکەوێ ، کە دەکەوێتـە باکوور رۆژهەلاتی دەریاچەی وان لەباکووری کوردستان .
پاش چەند مانگێك شەڕەکە لە ٨/٢٣ دەستی پێکردوو لە ئاکام کوردستان گـەلی کوردسـتان زیـان بـەخش بـوون بـەهۆی بـوونی خـاکی کوردسـتان بـ گۆرەپـانی شـەڕی نێـوان سـەفەوی فارسـی و ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەهەرێمەکەدا .

سەرچاوەکان :– کورد لەمێژووی دراوسێکانی – سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی کوردو کوردستان – محەمەد ئەمین زەکی .

١٥١٤/٨/٢٣ بـەرپابوونی شـەڕی چـالدێران لـە نێـوان هێزەکـانی سـووپای ئیمپراتۆریـــــەتی عوسمـــــــانی و هێزەکـانی سـووپای فارسـی سـەفەوی لـە سـەر خـاکی کوردستان ، ئەویش

بە هۆی پشتگیری کردنی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کورد ، کە ئەمەش بووە هۆی سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای عوسمانی بەسەر هێزەکانی سووپای سەفەوی فارسدا.

ئەم کارەش بە کارەسات هەڵگەراوە بۆ کوردو خاکی کوردستان ، ئەویش بە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی دژ بە یەکتری ، کە بە یەکەم دابەشکردنی سەرەکی کوردستان دادەنرێت لەمێژووی کوردو کوردستان .

ئەویش بە هاوکاریو یارمەتی سەرەك تیرەو هۆزو ئەمیرەکانی کورد ، بەپشتگیری کردنی هێزەکانی سووپای عوسمانیو نەقۆستنەوەی ئەو هەلو مەرجە لە بارانەی کە بۆیان هاتبووە پێشەوە لە ئەنجامی شەڕی نێوانیان ..؟!. بەبەدی هێنانی ئاواتو ئامانجەکانی گەلی کوردستان..!!.

١٥١٤/٩/٥ لە گەرمەی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی بە سەرکردایەتی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیمی دووەمو هێزەکانی سووپای فارس ، لە دوای داگیرکردنی شاری تەورێز بە ئاموژگاری سوڵتان سەلیم ، دەستیان گرت بەسەر کۆگاو خەزنەکان .

ئەوەی لە ناو کۆگاکە هەبوو هەمووی رەوانەی شاری ئەستەمبوڵ کردو دوای هەشت رۆژ لە جێ بەجێکردنی مەرامەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە هەرێمەکەدا، شاری تەورێزی جێهێشت لە دوای وێرانکردنو تالانکردن .

١٥١٥

١٥١٥/٨/٩ دوای ساڵێك لە کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانیو هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی لە سەر خاکی کوردستان ، ئەویش بە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە دژ بە یەکتریە . بە پشتیووانی کردنی هێزەکانی سووپای عوسمانی لە لایەن سەرەك هۆزو تیرەو میرەکانی کورد لە سەر خاکی کوردستان .

دوای ئەوە کە بووە هۆکاری مۆرکردنی رێکەووتننامەی نێوان میرنشینەکانی کورد لە باکووری کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانی ، بە یارمەتی مەلا ئیدریسی بەتلیسی لە پێناو پەلامارنەدانو

هەڵنەگیرسـاندنی شـەڕو بەیارمـەتی دانـی کـورد، بـەڵام دوای ١٥ سـاڵ دەسـەڵاتی عوسمـانی لـەو ڕێکەوتننامەیە پەشیمان بوونەوە ،. ئەوەش لـە پێناو پەلاماردانیان و گەمارۆدانیان . گەرچی لەو ماوەیەش چ دەسەڵاتی فارسـی سەفەوی و چ دەسـەڵاتی عوسمـانی درێخیـان نـەکرد بەرامبـەر بـە کورد لە ئازاردان و ئەشکەنجە پێگەیاندن بە کوردو خاکی کوردستان . بە تیبەتی لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٥١٧

١٥١٧/١/٢٤ هێـزە چـەکدارەکانی کـورد بـە سـەرکردایەتی مـیر سـەید عـەلی شارەکانی کەرکوك و موسڵ و دەوورووبەری خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، بە یارمەتی جـەماوەری شـارەکان . لـە پێنـاو بـەهێزکردنی جێپێگـەی خـۆی بـە خزمەتکردنی دانیشتووانی هەرێمەکە لە هەموو بووارەکان و ئەویش بەپێك هێنانی دەووڵەتی کوردی و سەربەخۆی ڕاگەیاند .

لە هـەمان کات دەسـەڵاتی فارسـی سـەفەری پیرۆزبایی لێکردو ، ئەویش بەلێنی بە فارس دا ، کە دەست لە کاروو باری نـاووخۆی دەسەڵاتی فارسـی وەرنـەدات ... بـەڵام دوای سـێ مـانگ ئـەو مـیرە کوردە بەهۆی پێشبرکێیی سوواری ئەسپ گیانی لە دەست دا.

١٥١٧/١/٢٥ سەرەتای سەرهەڵدانی دورست بوونی دەووڵەتی عوسمانی و تێپەربوونی بە قۆناخـە یەك لـە دوای یەکەکانی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمـانی ، لـە هەموو ناوچەو هەرێمە جیاجیاکانی ژێر دەسـەڵاتی لـە جیهـان . بە تایبـەتی لە ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریکیا.

کـە بەسـەردەمی خەلافـەتی عوسمـانی دادەنرێـت بـە مەڵەنـدی خەلافـەت و دادووەری خەلیفـەی ئیـسلام و خزمـەت کردنـی عـەرەب و فراوانکردنـی سـنووری جـووگرافی عـەرەب ، بـە گوواسـتنەوەی لـە دوورگـەی بیابـانی عـەرەبی بۆ ناوچەکانی دیکەی سەر خاکی گەلان بەتایبەتی خاکی کورد لەباشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان .

ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی کـە پارچـەیەك بـووە لـە ئیسلام و بـەهێزترین دەووڵـەتی ئیـسلامی بـووە لـە جیهـان ، کـە ئەمـەش سـەرەتای مێـژووی دەسـەڵاتی عوسمـانی بـووەو تـاکوو جـەنگی یەکـەمی جیهـان ، کـە کـورد

خـاوەنی چـەندین ئیمـاراتی هەمـە جـۆرو لایـەن بـووە ، چـونکە دەسـەڵاتی عوسمانی لە ناوچە جیاجیاکان بە تایبەتی لە کوردستان بەناوی دەسەڵاتی تورك نـەبووە، بـەڵکوو دەسـەڵاتێکی ئیسلامی و خۆچەسپاندن بووەو ئـاینی ئیسلامی کردۆتە سەری رەمەکانی لە بە هێزکردنی دەسەڵاتەکەی لـە هـەموو بوارە جیاجیاکاندا .

سەرەرای ئازاردان و ئەشکەنجەدانی کوردو ئەرمەن و مەسیحی بە تایبـەتی ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرکردە میرەکـان و سـەرۆك هـۆزو تیرەکـانی کـورد . هـەردەم ئاسـانکاری تـەواویان بـۆ دەسـەڵاتی عوسمـانی و عـەرەب و فـارس کـردووە ، بـە هـۆی کاردانـەوەی ئـاییـنی ئیـسلام لـە سـەردەروونیان و ...بیرنەکردنـەوەیان بـەلێك جیـا کردنـەوەی کێشـەی نەتـەوەیی و نیـشتمان و دەووڵەتی کوردی لە کوردستان ، لەگەڵ بیروو باوەری ئاین و دەسەڵاتەکانی هەڵگری بیرووباووەری ئاینی و کردنە ئامانجی خۆ بەهێزکردنیان...!.

١٥١٩

١٥١٩/١٠/٢٦ وەرگێرانی بەڵگەنامەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن دکتۆر- جەلیل تەمیمی- بەناوی - تۆب ماپی سەرای - لە ژێر ژمارە /٤٦٥٦ ، کە لە لایەن گەلانی جەزائر ئاراستەی دەسەڵاتی عوسمانی کرا بوو ، بۆ ئەوەی جـەزائر بکەوویتـە ژێـر پاراسـتنی دەسـەڵاتی عوسمـانی ، کـە لـە لایـەن کەسـایەتی نـاوداری هـەرێمی جـەزائری - خـەیرەدین- نووسـرابوو بـۆ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیمی دووەم لە شاری ئەستەمبۆڵ .

١٥٢٠

١٥٢٠/٩/٢٢ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیمی دووەم ، لـە تەمـەنی ٥١ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووەو مـاوەی دەسەڵاتەکەی ٩ سـاڵ بـووە ، کـە بـە درنـدە تـرین شـێووە دەسـەڵاتەکەی دەبـرد بـەرێووە . لـە داگیرکـردن و پـەلاماردان و تاڵانکردن و وێرانکردن ، بەتایبەتی لە سەر خاکی گەلی کوردستان .

١٥٢٠/١١/٢٨ لە گەشتەکەیدا - فردینال میلیگان - گەیشتە زەریای هێمن ، کە ئەمەش بـووە یەکـەم دۆزێنـەری کێـشووەری ئـەوروپا بـە چـوونە نـاو ئـاوی ئـەو دەریایەدا.

السلطان سليمان القانوني ابن سليم الأول
926 – 973 هـ/ 1520 – 1566 م

١٥٢٠/١٢/١٢ لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان سلێمان قانونی ، تـــووانی بـــەهێزەکانی ســـووپای پورتووگـــالی لـــە هەرێمـــەکانی دەریای سوورو ئەو مەڵبەندانەی کە لێی نیشتەجێ ببوون ، ببووە ئارامگـەیان و بیپـارێزین تـاکوو کەنداو ، کە ئێستا عەرەب پێی دەڵـێن کەنـداوی عــەرەب لــە ناوچەکەدا .

بەلام لە راستیدا کەنداوی فارسەو ، جگە لەوەش کە کاتەکانی بەر لە نیشتەجێ بوونی عەرەب لەو ناوچانە ، کورد نیشتەجێی ئەو ناوچان بوونەو خاوەن ئیماراتی خۆیان بوونەو کاروباری ئیماراتەکەیان بەرێو بردووە لە ناوچەکەدا .

شایانی باسە کە شارەکانی ئێستای کووت و سووێرەو عەزیزیەو عیمارەو قەزای مەجەری سەر بە عیمارە ، تا دەگاتە نزیك شاری بەسرا لە سەرەتای سـەدەی هـەژدەم ئـاوەدان کراوەتـەوەو عەرەبـە رەوەنـدەکان روویـان لـە ناوچەیەدا کردووە ، لە پێناو پەیدا کردنی لەوەڕگەو خوواردنگە بۆ مەرو مالات و بەخێوو کردنیان ، نەك نیشتەجێ بوونیان.

بەلام داب و نەریتی عەرەب تاکوو ئێستاش وایە . گەر خیووەتەکەی لە هەر جێگایەك هەڵدا ، ئەوا بە خاکی ئوومەی عەرەبی دەزانێ لە دوای چەن ساڵێکدا ...!.

١٥٢١

١٥٢١/٨/٢٥ لە دوای شەڕێکی خووێناوی لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی هێزەکانی سووپای مەژەر لە هەرێمی بەڵکان ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای عوسمانی تووانی شاری بەلگراد داگیر بکات و سوڵتانی عوسمانی بە خۆی گەیشتە شاری بەلگرادو نووێژی لەناو کەنیسەیەکی سەرەکی مەسیحیەکان

لـە شـارەکە کـردو دووایـی کردیـە مزگـەووت بـۆ خووپەرسـتی لەلایـەن ئیسلامەکان لە شارو ناوچەکەدا .

١٥٢١/١٢/١ مـۆرکردنی پـەیمانی بازرگـانی لـە نێـوان دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و کۆمـاری بووندقیـە ، بـە پـشتگیری و ڕێنماییـەکانی ڕێکەوتننامـەی پێشوو لـە نێوانیان و دووپاتکردنـەوەی زیاتر لـە کۆماری بووندقیـە ، کـە دەتووانـێ هەرسـێ سـاڵ جارێ قوونسلیەکەی لـە ئەسـتانە بگۆرێ و لەرێگەی دادگا چارەسەری کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوانیان بکەن بە نووێنەری هەر یەك لەو دوو وڵاتە ، بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتنەکەدا .

١٥٢٢

١٢ — الشاه طهماسب .

١٥٢٢/١١/١٠ لە دوای مردنی شا ئیسماعیلی سەفەوی کورەکەی — تەهماسب — جێگـەی گرتـەوە لـە هەڵـسووراندنی کاروبـاری دەووڵـەتی فارسی سـەفەوی ، کـە ئەوکات تەمەنی دە ساڵان بوو بە وەرگرتنـی دەسـەڵات بەسـەر قزلبـاش و سـەرکردە مەزهـەب شـیعەکان ، کـە دوانـزە ناوچـەی کارگێری لەخۆدەگرت .

دوای ئەوە شا تەهماسب بەرەو ڕۆژهەڵات هەنگاوینا و سەرکەووتنی بەسەر عـەلی خـانی ئۆزبـەکی بە دەسـت هێنـا... بەڵام دوای ئـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا گەرایەووەو شاری بەغدای داگیر کرد ، کە لـەو کـات — عەلی زیلفەقار — کە سەرکردەی کورد بوو کاروباری بەغداو دەووروویـەری دەبرد بەرێووە ، کە سـەر بـە دەسـەڵاتی عوسمـانی بـوو ، لـە هـەمان کـات هێزەکـانی سـووپای عوسمانی توانیان هێزەکانی شا تەهماسب لە ناوچەکە دەربکەن .

١٥٢٢/١١/١ دەسـت پێکردنـی شـەڕی بیـست سـاڵە لـە نێوان دەسـەڵاتی شـا تەهماسـبی فارسی و دەسەڵاتی سوڵتان سلێمان قانونی ، کە خـۆی لـە زنجیرە شـەڕیکی

دژووار دەخوولایەوە... کە شەڕە گرنگەکان لەسەر خاکی کوردستان بوونو بەشێکی زۆری قووربانیەکان لەکوڕە هۆزوتیرە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو دەسەڵاتی شەرکەر بوو لە هەرێمەکەدا .

کە ئەو شەڕانەش لەپێناوی سەرکەووتنی یەك لەو مەزهەب شیعەو سووننە ئیسلامیەدا بوون ، کە گەلی فارسی مەزهەب شیعەو دەووڵەتی عوسمانی مەزهەب سووننە ، بەڵام کارەساتەکەش بۆ کوردو خاکی کوردستان بوو، کە کۆتایی هاتنی شەڕەکان بە مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی ئاشتی ئەماسیە کۆتایی هات لە ١٥٥٥/١١/١٦ ، لە نێوان هەردوو دەسەڵات و وولاتی شەرکەر لەناوچەو هەرێمەکاندا .

١٥٢٣/١١/١٠ دامەزرێنەری دەووڵەتی فارسی شا – ئیسماعیلی – سەفەوی لە ڕامیاریەتی بەڕێووە بردنی کارووباری ئاینی مەزهەب شیعە زۆر بەرچاو تەنگ بوو ، دژی مەزهەب سووننەو . لە هەمان کات لە ڕامیاریەتی نەتەوەییش ، کە زۆر بەرچاو تەنگو شۆڤێنی بوو لە مامەلە کردنی لەگەڵ هۆزەکانی ئازەریو قزلباشیو شاملۆو ئیستاچلوو تلەلوو قاچارو ئەفشارو زولقەدردا .

کە ئەمانەش ببوونە هێزی سەرەکی دامەزراندنی دەووڵەتی فارسو لەشکر کێشەکان لە ناوچەکەدا .

شایانی باسە کە ڕامیاریەتی کوڕی شا ئیسماعیل لەسەر سێ بیروو بۆچوون دامەزرابوو ئەویش :–

١- نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرداره خۆجێیەکانی کوردو دانانی سەرانی قزلباش ، لە پێناو خزمەتکردنی دەسەڵاتەکەیانو بنەماڵەو هۆزەکانیا ز لە جێگەی ئەوان ، واتە کورد لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان.

٢- ناچار کردنی خەلکی ناوچە داگیر کراوەکانی کوردستان بۆ دەست هەڵگرتن لە مەزهەبی سووننەو چوونە سەر مەزهەبی شیعە بەناوی مەزهەبی جەعفەری لە هەرێمەکەدا .

٣- بەکارهێنانی ئەو پەری توندو تیژی ، لە پێناو چاو ترساندنی خەڵك دانیشتووانەکەو سەرکووتکردنی بێ بەزەییانەی هەمە جۆرە بەرهەلستیو ملنەدان .

شایانی باسە کە شا ئیسماعیل بەر لە مردنی لە لە شکر کێشیەکانید

کە بە ناو کوردستان دا دەسوورایەوە لە ئەرزنجان هەنگاوینا بۆ باکووری کورستان .

دوای ئەوە بەرەو هەرێمی شاری دیاربەکرو لەوێ بۆ شاری موسڵو دوایی بەرەو ناوچەی بەغداو لورستانی کورد ، کە دەستی لە هیچ جۆرە زەبروو زەنگێ نەدەپاراستو بەدەیا کاری ناهەمواری دیکەی لەگەڵ کوردو خاکی کوردستان ئەنجامدا ، لە دوای خۆشی کوڕەکەی شا تەهماسب بەهەمان کارو کردەوە رەفتاری دەکرد بەرامبەر بەو ناوچانەی دەکەووتە بەر دەستی لە ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان .

١٥٢٤

١٥٢٤/٨/٢٤ کەسایەتی ناودارو شۆرشگێری ئەڵمانی – هانزمیلر- کۆمەڵێك جووتیاری لە دەووری خۆی کۆکردەوە لە شاری – شتیگلن – بە نوێ کردنەوەی داواکانی لە – منستر- بە پێك هێنانی رایەلەیەك بەناوی – الاخوه الانجیلیه- ، بەڵێنی دا بەرزگار کردنی کرێکارە کشتووکالیەکان لە هەموو ئەڵمانیا .

کە تەواوی شارەکانی ئەڵمانیای لە خۆ دەگرتو بەرەو بەهێز بوون هەنگاویان دەنا تا ژمارەیان گەیشتە ٣٠ر٠٠٠ سی هەزار جووتیاری چەکدار لە باشووری ئەڵمانیاو دانی باج بۆ حکوومەتی ئەڵمانیا رەتکردەوە بۆ کەنیسە و دەرەبەگەکان دوای ئەوە بریاریاندا بە ، یان رزگاریو ئازادی لە سەر ئەڵمانیا یان مردن لە سەر خاکی ئەڵمانیا .

١٥٢٥

١٥٢٥/٣/٢٧ بەرپابوونی راپەرین لە دوانزدە ناوچەی بۆدایۆی وولاتی ئەلمانیا لە یەك کاتو ساتدا ، کە کۆمەڵێك لە کرێکارانی کشتووکالیو کرێکارانی کارگەکان دەسەلاتی کارگێریان گرتە دەست لە شارەوانیەکان بە تایبەتی لە شارەکانی – هایلبرۆن ، رۆتنبرگ، فیرتسبۆرگ- و حکوومەتی کۆمۆنەیان راگەیاند لەشاری فرانکفۆرتدا .

ئەویش بە پێك هێنانی دەسەلاتی ئەنجوومەنی شارەوانیو بەدەرکردنی پیاوانی ئاینیو دەرەبەگ ، لە دەسەلات بە هۆی تاکرەویو

چەووساندنەوەو دکتاتۆریەت لە دەسەڵاتیان و پاوانکردنی قووتی هەژاران ، لە سامانی زەوی و کاری کشتووکاڵی و کارگەو مەنجەمەکان .

١٥٢٥/٤/٤ لە دوای راپەرینی کرێکارانی کشتووکاڵی لەئەڵمانیاو بەردەوام بوونی بە گرتنەوەی هەموو شارەکان ، ئەویش بە پێشوازی لێکردنیان . لە لایەن زۆربەی پیاوانی ئاینی و رووناکبیرەکان لەو راپەرینەو لایەنگیری خۆیان بۆ جووتیاران و کرێکارو کرێکاری کشتووکال راگەیاند دژی دەسەڵاتی توندڕەوی لە ئەڵمانیا.

١٥٢٥/١٠/١٨ لە کۆتایی سەدەی پانزەهەم ئەفگانستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی تەیموورییەکان ، کە بووە دوو دەووڵەتی لێک جیاواز ، دوای ئەوە ئیماراتی لێک ترازاو ، کە لەو ساتەش حسێن بیگراتە لخووری لە سەر هەرێمی خراسان دەسەڵاتدار بوو.

لە هەمان کات محمد بایز شا زەهیرەدین توانی شاری کابووڵ داگیر بکات و خەزنە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، بەڵام دوایی ئەو ناوچەیەی و شارەکانی کابووڵ و خەزنە گواستراوە بۆ سەرسنووری هندستان و کەووتە ژێر دەسەڵاتی لۆریەکان ، کە لەو کاتە لۆریەکان لەناو شانشینەکەیان تووشی کێشەو ململانێ و دووبەرەکی هاتبوون.

١٥٢٥/١٢/٦ چاوپێکەووتن لە نێوان سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سلێمان قانونی و باڵوێزی فەرەنسا ئەنجامدرا ، کە باڵوێزی فەرەنسا نامەی شانشینی فەرەنسای بە سوڵتانی عوسمانی داو، دوای ئەوە سوڵتانی عوسمانیش پەیمانی پێدا ، کە بەر بەرەکانی وولاتی مەجەر بکات ، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و فەڕەنسا لەسەر هەرێمەکەدا .

١٥٢٦

١٥٢٦/٤/٢٥ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سلێمان قانونی لە شاری قووستەنتینیەی پایتەختی دەسەڵاتی عوسمانی ، بەرەو وولاتی مەژەر بەرێکەوت ، لە پێناو بەربەرەکانی کردنی وولاتی مەجەری بە ١٥٠ سەدو پەنجا هەزار سەربازو ٣٠٠ تۆپ و ٨٠٠ کە شتی و بریاری جەنگی راگەیاند .

السلطان سليمان القانوني ابن سليم الأول 926- 973 هـ/ 1520 – 1566 م

کـــە لـــەو کاتـــەدا خـــۆی ســــــــــــەرکردایەتی هێزەکانیسـووپای دەرکـرد و لەگـەڵ سـێ لـە وەزیرەکـانی لـە رێگـەی – مـارین سـربی– نزیـك قـەڵای بـەلگرادو تووشـی شـەڕ هـاتن ، لـە ئـەنجام شـەڕیکی خووێناوی بەرپابوو بە گەیشتنە دۆڵـی– مۆهـاکس– کـە شـاری مۆهـاکس دەکەوێتـە باشـووری هەرێمی ئەو کاتی وولاتی مـەژەر نزیك سنووری یۆگسلافیا.

١٥٢٦/٨/٢٩ هێزەکانی سووپای عوسمانی بە سەرکرایەتی سوڵتان سلێمان قانونی ، پەلاماری وولاتی مەژەرو گەلانی مەژەری دا ، لە ناوچەی مۆهاکسو دوای ئەوە لە ٩/١٠ ی هەمان ساڵ شاری بۆدابستیان داگیر کرد ، کە لەو کاتەش – کلمنت– ترسی گەیشتیو داوای کرد ، کە ئەوروپا بەهیچ شێووەیەك روو وەرنەگێرێ بۆ مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحیو بەتەنیا بەڵکوو شان بەشانی ئیسلام بن لە هەرێم و ناوچەکەدا .

١٥٢٦/٩/١٠ لە دوای داگیر کردنی دۆڵی مۆهاکس لەلایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی ، تووانرا شاری بوود داگیر بکەن ، کە بووە هۆی داگیرکردنی تەواوی وولاتی مەجەرو بە کووشتنی شانشین – لویس ... و لە دوای ئەو سەرکەوتنە . دەستیان بەسەر کەنیسەکان داگیرا ، بەتایبەتی کەنیسەی بەناوباگی مەجەر – متیاس– کە پێی دەگوترا ، کەنیسەی – تنوریج – ، دوای ئەوە کەنیسەکە کرا بەمزگەووتو بەزەغرەفەی هونەری عەرەبی رازاندرایەوە لە شارەکەدا .

١٩٢٦/٩/١١ دوای داگیر کردنی وولاتی مەژەرو بەردەوام بوونی شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتان سلێمان قانونیو هێزەکانی سووپای مەژەر بەسەرکردایەتی جێگری شانشینی کوژراو شانشین – فیلادیسلانی دووەمی جاجلیۆ – بەرپا بوو لە هەرێمەکەدا .

لە ئەنجام بووە هۆی سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای عوسمانی. لەلایەکی

دیکـەش هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی گـەمارۆی دەوورووبـەری شـاری ڤیەنای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمای پیرۆزیاندا .

١٥٣١

١٥٣١/١٠/١١ هەڵگیرسـانی شـەڕی لـە نێـوان هێزەکـانی سـووپای مەزهـەب کاسـۆلیکی مەسیحی و هێزەکانی سووپای مەزهەب پرۆتستانتی مەسیحی، کە سووپای کاسـۆلیك ، ژمارەیـان ٨٠٠٠ هەشـت هـەزار سـەرباز دەبـوون و سـووپای پرۆتستانەتەکانیش ،ژمارەیان ١٥٠٠ سەرباز بوون ،

ئەویش بەسەرکەووتنی کاسۆلیکەکان شەڕەکە کۆتایی هات ، لەو شەڕە سەرکردەی پرۆرتستانتەکان – زونجلی – و ٥٠٠ لە چەکدارەکان کووژران ، کە دانیشتووی شاری – زیورخ – و دەووروو بەری بوون .

١٥٣٣

١٥٣٣/٥/١٠ لە دایك بوونی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیم خانی دووەم ، کە دایکی رووسـی بـووەو نـاوی – رۆسـلانی – بـووە ، دوای ئـەوە لـە ١٥٦٦/١٢/٢٤ دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی گرتە دەست لە سەر ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٥٣٣/٧/٢١ بەردەوام بوون لە هەڵگیرسانی شەڕی بیست ساڵە لە نێوان ئیمپراتۆریـەتی فارسـی سـەفەوی و ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، کـە کارەسـاتێکی گـەووەرەی کـردە سـەر بـاری کوردو کوردسـتان ، کـە ئولامـە سوڵتانی تکـەلوو دادوەری ئازربایجـان ، کـە یـەکێ بـوو لـە سـەرکردەکانی قزلباشـی لـە دەسـەڵاتی فارس...بە هۆی بوونی کێشەو ململانێی دەسەڵات لە شا تەهماسب یاخی بووو پەنای بردە بەر سوڵتان سلێمان قانونی.

کە ئەمەش بووە هۆی لێك ترازانی پەیووەندی لە نێوان سەرکردە کوردەکان ، لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی ، کە سەرکردە کوردەکـان هـەولی رزگـار بـوونی ئیمارات ونیشتمانەکەیان دەددا لە نێوان دوو هەڵوێستی جیاواز لە نێوان دەسـەڵاتی فارسـی سـەفەوی و ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەسـەر خـاکی کوردستان .

١٥٣٣/٩/٧ لە دایك بوونی شانشین ئەلیزابیتی یەکەم کە بەناوبانگترین شانشین بوو لـە ئینگلتـەرا ... جێگـەی باسـکردنە کـە ئـەم بنەماڵەیـە بـەردەوامن لـە بەرێووەبردنی دەسـەڵاتی شانـشینی لـە بـەریتانیا و ناوچـەو هەرێمـە ژێـر دەستەکانیاندا .

١٥٣٤

١٥٣٤/٧/١٢ سولّتانی عوسمانی سولّتان سلێمان قانونی کاروباری کارگێریەتی ئیمارەتی سۆرانی خستە سەر سنجەقی هەولێر لە باشووری کوردستان ، لە هەمان کات حوسێن بەگ . کە ئەمیرێکی کوردی ئێزیدی بوو کردی بە میری سۆران ، . دوای ئەو بریارە سەیفەدین کە یەکێك بوو لە میرەکانی سۆران ، هۆزەکانی ناوچەکەی لە خۆ کۆکردەوەو سەرەتا قەلای هەولێری داسنیەکانی وەرگرتەوەو دوای ئەوە دەستی بەسەر هەموو مەڵبەندەکەدا گرتەوە لە شارەکەدا .

لە هەمان کات حوسێن بەگ هەولّ زۆری دا کە میرسەیفەدین لە ناویان بمێنێتەوە ، بەلاّم نەیتوانی‌و دوای ئەوە لە سەر ئەو هەلوێستە ، لە لایەن سولّتانی عوسمانی بانگ کرا بۆ ئەستەمبوڵ ... لە دوای گەیشتنی بۆ ئەستەمبوڵ بە بریاری سولتان حوسێن بەگی لە سێدارە درا .

هەر لەو کاتەش میر سەیفەدین بە سەربەخۆیی مەڵبەندی سۆرانی بەرێوەو دەبردو چەندین جار هێزەکانی سووپای عوسمانی هێرشیان دەکردە سەر ، بەلاّم لەگەڵ میر سەیفەدین هیچیان پێنەدەکرا لە ناوچەکەدا .

١٥٣٤/٧/١٣ لە پێناو جێگیرکردنی ئەو سەرکەووتنانەی کە سولّتان سلیّمانٍ خۆیی‌و هێزەکانی بەدەستی هێنا بوو ، لە گەڵ هێزێکی گەوورە بەناو خاکی کوردستان رووی کردە ناوچەی تەورێزو دوای ئەوە هەر بەناو خاکی کوردستان بەرەو گەرمیان‌و بەغدا هەلکشا، سولّتان سلیّمان لەو سوورانەوەیدا هەموو ئەو ناوچانەی کە لە بەر دەستی قزلباشیەکان بوو دەری هێناو خستیە ژێر دەسەلاّتی خۆی ، دوای تەواو بوونی خواستەکانیدا ، سولّتان بەناو خاکی کوردستان بەرەو ئەستەمبوڵ گەرایەوە .

دوای ئەوە شا تەهماسب شاری تەورێزی لە بەر دەستی عوسمانیەکان دەرهێناووەو لە بەرەو چوونی بۆ شاری وان لە باکووری کوردستان ، کە خۆی سەرکردایەتی‌سووپایەکەی لە هێرشەکانی دەکرد لە ناوچەکەدا .

١٥٣٤/٧/١٤ هێزەكانی سووپای عوسمانی توانیان بگەنە شاری بەغداو دەووروو بەری ، كە لەو كاتەش والی بەسرا – راشد كوڕی مفامس– بوو . پشتگیری خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی راگەیاند ، كە ناوچەكانی ژێر دەستی كەووتە ژێر پارێزراوی دەسەڵاتی عوسمانی.

دوای ئەو كارە بەپێی هەلووێستە جیاجیاكان كە ئەنجامی بووە هۆی دورست بوونی كێشە لە نێوان والی بەسرە راشدو بەرپرسانی عوسمانی ، بەهۆی بەردەام بوونی هێرشەكانی هێزی سووپای عوسمانی بەرەو شاری بەسرەو بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ، لەئاكامدا راشد مفامس بەرەو شاری نەجدی ووڵاتی سعوودیە هەڵات و بەم جۆرە ناوەراست و باشووری ئێستای ئێراق كەووتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەكان .

١٥٣٤/٩/١٣ هێزەكانی سووپای عوسمانی بەسەركردایەتی – فەخرەدین– پەلاماری مەسیحیەكانیدا لە باكووری ئەفریكیا ، كە لەو كاتەش شانشینی پورتووگال – جاكی سێیەم– كە بەو هەولەی زانی داوای كرد كە هەندێ ناوچە چۆڵ بكەن ، بۆ ئەوەی بنكە بەرگریەكان بەهێز بكرێت .

ئەویش بە هۆی بوونی هێزەكانی عوسمانی لە جەزائرو یارمەتی دانیان بە هۆی ئاینی ئیسلام ... كە كاردانەوەی هەبوو لەسەر هەڵوویستی پورتووگاڵ لە مەغریب ، كەچی توونس لە لایەن هێزەكانی سووپای عوسمانی داگیر كرابوو ، كە بووە هۆی كارلێكردن لە پاپاو مەسیحیەكان و ئیمپراتۆری پێنجەم بە هۆی هێرش كردنە سەر مەسیحیەكان .

١٥٣٥

١٥٣٥/٣/٢٢ سەرەرای گەشە كردن و زۆربوونی بیری – لا معەمەدیەكان – لە هەردوو ووڵاتی ئەڵمانیاو هۆڵەندا ، لە هەولێكی زۆر ئەو بیرەیان رەتكردەوە ، كە مەزهەبە برایەتیەكان لە منستر بڵاوویان دەكرەوە لە پێناو بەهێز كردنی دورشمی باش و سەركەوتنی شۆرشەكەیان هەڵگرتبوو ، بە بڵاوبوونەوەیان لەشارەكانی وەك:– كۆڵۆنیاو تریرۆ ئەمستردام و مدین لە ووڵاتەكەدا .

لە هەمان كات بەردەوام بوون لەدوعا كردن ، واتە پارانەوە لە خوا لەپێناو سەركەووتنی لامعەمەدیەكان . كە كاردانەوەی ناهەمواری كردبووە سەر

مەزهەبـەکانی کاسـۆلیك و پرۆتـستانت و بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لەشـاری ئەمستەردام زیاتر لە – ٥٠ – کەشتی جەنگی بەرەو ئەو شارانەی ، کە لە لایـەن هێزەکـانی لامعەمـەدی گـەمارۆ درابـوون ، لـەو کاتـەش دەسـەڵاتی هۆڵەنـدا لـە کارێکیـدا ئـەوەی هـەڵگری ئـەو بـیرە بـوو ، پـەرت و بـڵاوەی پێکردبوون.

بـەلام لـە ٣/٢٨ی هـەمان سـاڵ هێزەکـانی لامعەمـەدی شـاری– دیروسـت فریزلاند– یان داگیر کرد ، لە ئەنجامی شەڕێکی توونـد کـە زیاتر لـە ٨٠٠ کەس لە لا معەمەدیەکان لە ناو بران .

شـایانی باسـە کـە لقێکـی لا معەمەدیـەکان لـە ئـەڵمانیا بـەرەو شــاری – بنـسلفانیا – بەرێکـەووتن و لـە شـاری – جرمـانتۆن– و لەدەوورووبـەری نیشتەجێ بـوون ، کـە ئـەو کـات ژمارەیـان – ٢٠٠ ٠٠٠– دووسـەد هـەزار کەس دەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا معەمەدیەکان لە رووسیا رەویان کرد بەرەو ئەو ناوچانەی کە هاوبیروو هاو هەڵوویست و هاورەفتاریان بوون .

هـەروا معەمەدیـەکان دەگەرێنـەوە سـەر بنچەی مۆراخی ، کـە لـە باشووری داکۆتاوالبرتـا نیشتەجێ بـوون ... لـە رۆژهـەڵاتی شـاری بنـسلفانیا تـاکوو ئێستاش نیشتەجێن بەناوی – ئەلمینوونیوون ولامینیوون – هـەروا هـۆی ناوزەنـد بونیـان بـەو نـاوە لـە سـەریان دەگـەراوە بـۆ سـەر نـاوی – جاکووب ئەمین– کە ناوی سەرکردەیەك بوو لەو کاتدا .

شایانی باسە کە مەزهەبێکی جیابوونەوەن لە هەردوو مەزهەبی کاسۆلیك و پرۆتستانت لە ئاینی مەسیحی ، کە ئیمانیان بە بـەکارهێنانی ئاژەڵ وهێلی ئاسـنین و ئوتومبێـل نیـەو تەماشـای وێنـەی جوولێنـەرو خووێندنـەوەی رۆژنامەو دەیا کاری دیکە نەبووە ، لە هەمان کات تـەرەکتۆرو دەراسـەش بـەکار نـاهێنن، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هـەموو بووارەکـانی کـشتووکاڵی سـەرکەووتوون و بەباشـترین شـێووەو شـێوازو ، کـە بەرهەمـەکانیان بـێ وێنەن لە نەبوونی نەخۆشی لە هەموو بووارەکانیدا .

١٥٣٦

١٥٣٦/٧/١٢ کۆچـی دوایـی مـەزنترین پیـاو و لایـەنگیری مرۆڤایـەتی سـەردەمی راسـت بوونەوە – ئاراسمۆس ئەرزمی – لە شاری بازلی سویسری . شایانی باسـە ئـەم زانـاو رووناکبیرە نـاودارە لەسـاڵی ١٤٦٦ لـەباوکێکی غـەیرە شـەرعی

لەدایك بووە – واتە بیژی بووە – لەشاری رۆستردام لەهۆلەندا . کە ئەمەش هۆکـاری کاردانـەوە بـووە لەسـەر ژیـان و هەڵوویـست ورەفتارەکـانی ئـەم مرۆڤـەدا ...چـووە دیـری رەهبـان ئمـواس لەگونـدی سـتایژن لـەنزیك شـاری خودا لەناوەراستی هۆڵەندا .

بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ژیانی دیرایەتی بگوونجیٚ ... هـەر بـەو هۆیـەوە رووی کردە فەرەنسا و ئینگلتەرا و ئیتالیاو سویسرا ... لە ساڵی ١٥١٧ پاپا لیۆی دەیـەم لـە بـاری رەهبەنـە ئـازادی کـرد ... دوای چـەندین کێـشەو گرفـت ئـەرزمس لەسـەر داوای هنـری هەشـتەم لـە سـاڵی ١٥٠٩ چـووە کۆشـکی شـایانەو هـەر لـەو کاتـە کتـابێکی بەناونیشانی – مـدح الجنـون – ی دانـاو لەهـەمان کـات هەڵسا بەگووتنـەوەی وانـەی زمـانی یۆنـانی و شـێکردنەوەی کتــابی پــیرۆزی ئینجیــل .... ئــەم مرۆچــە لەژیانیــدا بــەردەوام بــوو لەنووسینەکانی لەچەندین بواردا تاکوو کۆچی دوایی دەکات .

١٥٣٧

١٥٣٧/٤/٢٥ مۆرکردنی رێکەووتنامەی نێوان پورتووگاڵو سەعدین لە گەڵ رێکەووتنی بازرگـانی نێوانیـان ، کـە ئامـانجی پورتووگـاڵ نزیـك بوونـەوە بـوو لەگـەڵ نووێنەری سەعدین ، بە چارەسەرکردنی کێشەکانو بە دوورکەووتنەوە لە دەسەلاتی عوسمانی . بە هۆی دروست ترسیان لە هەڵوێستی داهاتووی دەســەلاتی عوسمــانی بــە پــەلاماردانی دوورگــەی – ئیبیریــە لــە وولاتــی مەغریبو ئەسپانیاو مەغرب – بە بەجێبەجێکردنی ئامانجەکانیان .

ئەویش بە کاردانەوەی لە سەر باری ناووخۆو ژێر دەستەکانی پورتووگاڵ . هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کـە دەسـەلاتی پورتووگـاڵ بـروای بـە دەسـەلاتی عوسمــانیو لایــەنگیرانی نــەبوو ، بەتایبــەتی لــە رووی ئاینیــەوە . کــە جەمسەری هێرشو شەرەکانو شالاوەکانی هێزەکانی سووپای عوسمانی لە سەر بەربەرەکانی کردنی ئاینی مەسیحی بوو بە هەردوو مەزهەبەکان.

١٥٤١

١٥٤١/١٠/١٥ شارڵ پێنەجەم پێشبینی ئەوەی دەکرد بە هەلسەنگاندنی بیروو بۆچوونی حەسـەن ئاغـاو ئامانجـەکانی ، کـە داواکاریـەکانی لەگـەڵ پیـاوانی ئـایینیو کۆبوونـەوە کردنیـانو کـە داوای جیهـادی دەکـرد لـە پێنـاو بـە هێزکردنـی

جێپێگەی ئیسلام لە جەزائرو بەرەو داگیر کردنی خاکی گەلانی دیکەدا .
لەو کاتەش شارڵ داوای کرد کە بەرگری لەگەل‌و نیشتمان بکەن بە خەباتی هاوپەیمان‌و دۆستانە ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە پەیووەندی رامیاری‌وئابووری و نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتی‌و بە دەیا کاری دیکە .

١٥٤٢



١٥٤٢/٧/١٥ کۆچی دوایی ئافرەتە شۆخ و شەنگی جیهان بەجەستە جوانی و بە وێنە سەرسوورهێنەرەکە – مۆنالیزا –... شایانی باسە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ بەپێی نامەیەکی دۆزراوە لەئەرشیفی کلێسەکی شاری فلۆرەنسا ئاگادار بەم نامەیە لەبارەی کۆچی دوایی مۆنالیزا ، کە ئاماژە بەوە دەکات کە خێزانی فرانسیسکۆ دیك جیکۆندا بووە . هەروا لە گۆرستانی کلێسەیەکی خانمە راهبیەکان نێژراوە لەناوەراستی شاری فلۆرەنسا لە ئیتاليا ... کە مۆنالیزا لەدایك بووی ساڵی ١٤٧٩ بووە ... هەروا وێنەی ئەو ئافرەتە لە لایەن نیگار کێشی ناوداری جیهان لیۆناردۆ دافینستی کێشراوەو ئێستا وێنەکەی لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە شاری پاریس پایتەختی فەرەنسا .

١٥٤٣

١٥٤٣/٥/٢٤ کۆچی دووایی زانای گەردووناسی پۆلەندی – نیکۆلاس کوێر نیکۆس –

که دانەری کتێبی – سوورانەوەی دەستەی ئاسمان – بووە.. لەوکاتەی ک
زانی ئەستێرەکان لە دەووری رۆژ دەسوورپێنەوەو زەویش بە دەوری خۆید
دەسوورێتــەوە ، کــە هــەر هــەمووی یــەك بازنــە دروست دەکــەن لــە هــەمو
رۆژێکدا.

شەرەفخانی بدلیسی

١٥٤٣/٢/٢٥ لــەدایك بــوونی – شــەرەفەدین شەمــسەدین – کــە لــە ســاڵی ١٥٩٧ ، بەشــــی یەکــــەمی شــەرەفنامەی تــەوواو کــردو لــە ئاداری ١٥٩٩ کۆتــایی هێنــا بــە تــەوواو کردنیﻧووســینەوەی کتێبــی شــەرەفنامە ، کــە بــە سەرچـــاوەیەکی ســـەرەکیو بنـــەڕەتی مێـــژووی کـــورد دادەنرێــت لــە هــەموو بــوارە جیاجیاکاندا.

شایانی باسە کە شەرەفخانی بەدلیسی لە شارۆچکەی – گەرهوری – لـ
ناوچەی قوومی ئێستای ئێران لە دایك بووە ، لە تەمەنی نۆ ساڵان ، ماوەی
سێ ساڵ لە قوتابخانەی شا تەهماسبی کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی
خووێندویەتی . کە ئەم قوتابخانەیە تایبەت بووە بە کورانی میرو گەوور
پیاوانی ئەو سەردەمەدا لە ژێر دەسەڵاتی فارس لە ئێراندا .

١٥٤٤

١٥٤٤/٩/١٨ بەرپرسوسەرکردەی هێزەکانی سووپای عوسمانی – خەیرەدەین برورسی
– لە گەڵ هێزەکانی سووپا لە شاری تۆلۆن بوون ، کە لەو کاتەدا شارلکان
پەلاماری باکووری رۆژهەڵاتی فەرەنسایدا ، بەڵام دوای ئەوە ناچار بوو
بەرەو ئەڵمانیا بڕوات ، لەو کاتەش جوولانەوەی یاخی بوونی پرۆتستانت
دژی کاسۆلیك دەستی پێکرد لە وولاتەکەدا .
کە بەشێووەیەکی گشتی دژی شارڵکان بوو بە تایبەتی... لە ئەنجام بوو

هۆی مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ شانشنی فەرەنسا ئەویش بەچۆڵ کردنی شاری تۆلۆن لە لایەن خەیرەدینی سەرکردەی هێزەکانی سووپای عوسمانی ئیسلامو گەرانەوەی بۆ ئەستەمبۆڵ .

شایانی باسە کە لەو باروو دۆخەی ئەو کات ... لەلایەك سەرهەڵدانی شەڕی نێوان دوو مەزهەبی کاسۆلیکیو پرۆتستانتی مەسیحی، لەلایەکی دیکەش شەڕی نێوان مەسیحیو ئیسلامو چەندین کێشەی دیکە وەك شەڕی نێوان دوو مەزهەبی شیعەو سوونەی ئیسلام ، ئەمەو جگە لە داگیرکردنی خاکی گەلان بە تایبەتی خاکی کوردستان .

١٥٤٦

١٥٤٦/٧/٤ لەدایك بوونی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان مورادخانی سێیەم لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . شایانی باسە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاکوو هەرەس پێ هێنانی لە جەنگی یەکەمی جیهان . ئەو دەسەڵاتە لەناو یەك بنەماڵە دەخوولایەوەو کەسی دیکە بۆی نەبوو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگرتە دەست ، جگە لەوان دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بگرتە دەست لە سەر کاروباری دەسەڵاتی عوسمانیدا .

١٥٤٧

١٥٤٧/٢/١٧ زاناو رۆژهەڵاتناس – ژاك گاسووت – لە گەشتی دووەمی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ، بە شێووەیەکی بەرچاو باسی شاری دیاربەکرو بەتلیسو ئەدەنەو مەلاتیەو چەندین شووێنی دیکەی لە باکووری کوردستان کردووە .

دوایی ئەوە ڤینیزی هاورێی جێ هێشتووە و بەرەو ناوچەکانی رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان هەنگاویناوە ، لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری بە هاوکاری و یارمەتی دانیشتووانی گووند شارۆچکە و شارەکان ، لە سەر مێژوو زمانو دابو نەریتو کەلتوورو شووێنەوارو شارستانیەتی کورد لەسەر خاکی کوردستان .

کە نووسینەکانی بەپێی زانیاریەکانی ئەو کات کاردانەوەی گرنگی هەبوو بۆ داهاتووی ئێستای کورد ، لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا .

١٥٤٨

١٥٤٨/١٢/٢٨ ئەلقسی ئینگلیزی جۆن ئەشیتۆن لە ووتەکانیدا دەڵێ :-
کە روحی قود خوانیە بەڵکوو هێزێکی نێردراوی خوایە . کە عیسای مەسیح کە خوا بەحەزرەتی مەریەمی بەخشی پێغەمبەر بووەو ناکرێ بڵێن خوایە یاخوود کوری خوایە . هەر بەو هۆیەوە لە مانگی/ ١٥٤٨/٤ لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کردەی جووڵانەوەی برنارد ئەشیتۆ ، کە زۆر کەس لە بازرگان و خاوەن پیشەکان ئامادەبوون بەرامبەر ئەو دەستەیە لەمانگی ١٥٤٨/٥ لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەش کە دەڵێن:-
عیسا پێغەمبەرە ، نەك خوایە هەر وەك جووڵانەوەی . تپلیخەکان . کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەو دادگایی کردنیان یان بەندی هەتا هەتایە بووە یاخوود بەسووتاندنیان .

١٥٥٠

١٥٥٠/١/٢٠ بنەماڵەی زابۆلی ئیزابێلا دەستی لە شاری ترانسلفانیا کشاندەوە بۆ مزدینلەندی ئەمیری نەمسا ، کە بەپێچەوانەی مەژەرکان بوو بە وەستاندنی شەڕی کاتی لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و نەمسا ، خەلیفەی عوسمانی هێزێکی سەربازی رەوانەی ترانسلفانیا کردو لە دوای شەڕێکی دژووار تووانی شارەکە داگیر بکات .
شایانی باسە کە ئەو شەڕانەی کە لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزەکانی چ سووپای مەژەرو چ سووپای نەمساو چ سووپای بەریتانیاو وولاتانی دیکەدا .
لە بنەڕەتا شەڕی ئایینی بووە نەك هەر شەڕ لە سەر خاك ، هەروەك شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی لە سەر دوو مەزهەبی دژ بەیەکتری شیعەو سوونەی ئیسلام بووە :

سـەرەراى ئـەوەش بـە داگـیر كردنـى خـاك‌و رفانـدنى سـامان‌و بـەرووبوومى گەلانى ئەو ناوچانەى كە ببوونە گۆرەپانى نێوان ئەو لایەنە شـەركەرانەى كـە لەسەرەوە باسمان لێووە كردن .

١٥٥١

١٥٥١/١/٩ هێزەكـانى سـووپاى عوسمـانى لـە چـەندین لایـەن هێرشـیان كـردە سـەر هێزەكانى سووپاى نەمسا ، كـە لـە ئـەنجام هێزەكانى سووپاى عوسمانى توانى بەسەر هێزەكانى سووپاى نەمسا سەركەوویت لە ئەوروپادا .

١٥٥١/١٢/٢٩ لە دواى كۆچى دووایى شانشینى فەرنسا شانشین – فرانسواى یەكەم – و جێگرتنـەوەى لەلایـەن كورەكـەى – هنـرى دووەم– ، دووبـارە پـەیمانى لەگـەڵ دەسـەڵاتى عوسمـانى نـوێ كـردەوەو هێزەكـانى سـووپاى هـەردوو دەسەڵاتى عوسمانى‌و فەرەنسا بە هاوبەشـى بۆردوومـانى هـەردوو ناوچـەى سقلیەو باشوورى ئیتالیایان كرد .

دواى ئەوە بەرەو دوورگەى كۆرسیكا هەنگاویاننا ، بەڵام بە هـۆى جیـاوازى هەڵوویـست لـە نێوان هـەردوو سـەركردەى هێزەكانى سووپاى عوسمـانى‌و فەرەنـسا دوورگەكـەیان جـێ هێـشت‌و هـەر یـەك بـۆ وڵاتەكـەیان گەرانـەوەو نەیان توانى هاوپەیمانیەتەكە بگەیەننە ئنجام .

١٥٥٢

١٥٥٢/١/١ كەرت بوونى بڕرواى مەسیحى لەناو كەنیسەكان بەناوى – سولاقا– كە ئاشووریەكان جیابوونەوە لە كلدانیەكان .

١٥٥٣

١٥٥٣/٤/٩ دامەزراندنى – سیم یوخنا سۆلاقا – بە بەتریاركى شـارى بابل لەلایەن پاپـاى رۆمـا – یۆلیۆسـى سـێیەم – بـەیكگرتنى كەنیـسەى نـوێى بابـل ، لـە گـەڵ كەنیـسەى كاسـۆلیكى رۆمـانى‌و لەگـەڵ پاراسـتنى داب‌و نـەریتى نـاووخۆیى هەرێمى بابل ، كە لەلایەن پاپا ئەو كارانە پەسەند دەكران .

١٥٥٤

١٥٥٤/١/٨ هێزەکـــانی ســـووپای ئیمپراتۆریـــەتی عوسمـــانی بـــەرەو شـــاری فـــاس بەرێکـــەووتن‌و ، لـــە ئـــەنجامی ئـــەو هێرشـــانە شـــارەکە داگیرکـــرا ، گـەرچـی لەلایـەکی دیکـە شـەڕی نێـوان هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی‌و سـەعدیز بەردەوام بوو، لە ئەنجام شارەکانی فاس کە تازە کەووتبووە ژێـر دەسـەلاتی هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی .

١٥٥٥

١٥٥٥/٥/٢١ مۆرکردنی پەیمانی- ئاماسیا – لە نێوان هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی فارسـی و ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، کـە لـە هەوڵـەکانی هـەردوو ئیمپراتۆریەتەکـەدا سەرەتای دەست پێکردن بوو بە خاکی دابەشکردنی کوردسـتان لـە نێوان هەردوو دەووڵەتی عوسمانی و دەووڵەتی فارسیدا .

شایەنی باسە سەرکەووتنی عوسمانیەکان لە شـەڕی چاڵدێران بەسـەرەتای مێژووی هاوچەرخی تیرە کوردەکان دادەنرێت . دابەش بوونی جووگرافیـان و دابەش بوونی هـۆزو تیرەکان و دابرانـی مەڵبەنـدی تیرەکـان لـە سـەر خـاکی کوردستان .



١٥٥٥/١١/١٦ ئـــەمیرە خـــانزادی ســـۆران ، کـــچی حەســـەن بـــەگ و خێزانی ئەمیر سلێمان دەســـــەڵاتداری ئیمـارەتی سـۆران لـە باشـووری کوردسـتان چـاوی بــە جیهـــان هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەیەکی ناوداری کورد بووە .

جێگەی ئاماژە پێکردنـە کـە ئەمیرە خانزادی سۆران لـە دوای کۆچـی دوایـی هاوسـەرەکەی دەسـەڵاتداریەتی ئیمـارەتی سـۆرانی گرتۆتـە دەسـت . ئـەویش

لەوکاتە هات کە کێشەی لەگەڵ دادوەری سوڵتانی عوسمانی لەشاری بەغدا پەیداکردبوو . لە بارەی کارگێری و هەڵسووراندنی کاروباری ئیمارەتەکەیدا و بەم هۆیە سەردانی شاری بەغدای کردو لەوێ دەستگیر کراو خرایە بەندیخانەو دەرمانخواردکرا .

دوای ئەو رووداوە ئەمیرە خانزاد حکوومرانی ئیمارەتی سۆرانی گرتە دەست و دژی عوسمانیەکان وەستا ، لە پێناو پاراستنی یەکگرتوویی ئیمارەتەکەو دەستی کرد بە بووژاندنەوەی ئیمارەتەکە لەهەموو بوارەکان و پایتەختەکەی گوواستنەوە نزیك شارۆچکەی هەریرو قەڵای – کەلەسوو – ی لەسەر چیای هەریر دروست کرد ، لەپێناو پارارستنی دەسەڵاتەکەی لەبەرامبەر هێرشەکانی بابانیەکان .

هەر لەو کاتەش دەستی کرد بەدروستکردنی قوتابخانەو مزگەووت و قەڵاو باڵەخانە ، کە تاکوو ئێستاش ئەو جیگایانەی کە ئەو دروستی کردوون هەر بەناوی ئەو ماونەتەوە لە باشووری کوردستان .

لەکاتەکانی بەرگری وەك پیاو جل و بەرگی پیاوانی لەبەر کردووەو زۆر ئازاو زیرەك ولێهاتوو بووە ، لە هەمان کاتیش ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و جوان بووە ... ئەم خاتوونە کوردە بەردەوام بووە لەپێناو خزمەت کردنی چینی هەژارو ئیمارەتەکەی و پەیوەندیەیکی سەردەمیانەی هەبووە لەگەڵ دارو دەستەکەی تاکوو لە ١٦١٦/١/٢٠ کۆچی دوایی دەکات ... دوای ئەویش ئیمارەتەکە بەرەو لاوازبوون هەنگاوی دەنا لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

<u>سەرچاوە</u> :– استذكارات من تاريخ الكرد الحديثة – عومەر عەلی شەریف /٢٠٠٥.

١٥٥٨

١٥٥٨/١١/١٧ نووێنەرێك لە نووێنەرانی کۆشکی شانشین لە – هاتفیلد – بە درێژایی ٣٦ میل بە پەلە لە باکووری شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەرەو کۆشکی شانشین رایدەکرد ، کە گەیشتە کۆشکی شانشین ماری لە شاری هاتفیلد . هاواری کردو رایگەیاند و گووتی :– ئەلیزابیت تیوّدۆر بوو بە شانشین لە سەر کوورسی شانشینی لە ئینگلترا ، کە خووشکی لە دایك بووی شانشین ماری بوو نەك لە باوکی .

شایانی باسه که بەره بەیانی ئەم رۆژه ئەلیزابیت خەوونی بە خۆوه دیت ، بە بوونی به شانشینی بەریتانیاو بەگەیشتنی ئەو هەواڵه به شانشین ماری ... ئەویش بەوەفا داریەوه کوورسیەکەی بۆ جێ هێشت ، له دوای گەیشتنی ئەو هەواڵه ... دوای ئەو ئەندامانی پەرلەمان هەموویا پیرۆزباییان له ئەلیزابیت کرد به ووشەی - خوا شانشین ئەلیزابیت بپارێزێت - له رۆژی ١١/١٩- ی هەمان ساڵ لۆردات و ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا و ئافرەتان و جەماوەرێکی زۆر لەهەموو ئینگلتەرا له دەورووبەری کۆشکی شانشین له هاتفیلد کۆبوونەوه ، بۆ سووێند خواردنی پشتگیری شانشین ئەلیزابیت له بەریتانیا .

لەو کاتە شانشین ئەلیزابیت ووتەیەکی شانشینانەی خووێندەوه به لێهاتوویی ، کە لەو رۆژەوه ئەو بنەماڵەیه دەسەڵاتداریەتی بەریتانیا له هەموو بواره جیاجیاکان دەکەن تاکو ئەمرۆ له سەر تەواوی بەریتانیادا .

١٥٥٩

١٥٥٩/١/٢٣ بە هۆی بالا دەستی مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحی لە بەریتانیاو بەر لە هاتنی شانشین ئەلیزابیت ، لە چەندین لایەن هەستی ئاینی ئەو مەزهەبە زامدار دەکرا ، بەلام دوای ئەوەی کە ئەلیزابیت بووە شانشین لەسەر بەریتانیاو بە دامەزراندنی یەکەم پەرلەمان لەسەر دەستی ئەلیزابیتو زۆربەی زۆری کورسیەکانی ئەنجوومەنی گشتی پرۆتستانت بوون ، کە ئەو پەرلەمانە توانی دەسەلاتی تەوواوی ئاینیو زانستی بداتە دەست شانشین ئەلیزابیت بە دەرکردنی چەندین یاسای جۆراوجۆر وەك :-

یاسای سەربەخۆیی لە ٤/٢٩و یاسای هەماهەنگی لە ٤/١٨، دوای ئەوە ئەم یاسایانە بوونە بنەمای دەسەلاتی شانشین ئەلیزابیت ، بە بوونی بە دادوەری بالای بەریتانیا لە سەر کێشەکانی ئاینی بە هاووشانی یەکتری ، بە تایبەتی دەسەلاتی ئاینیدا ، ئەویش بە دامەزراندنی پیاوانی کەنیسەو بە سزادانی هەر کەسێکی بەرگری لە پاپا بکات زیندانی بکرێت تاکوو کۆتایی ژیانی .

بەلام لە دوای سالی ١٥٦٣ ، رامیاریەتی ئەلیزابیت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو گۆرینکاری هەنگاوینا بەوەی کە هەموو مرۆڤێك ئازادە لە دەربرینی بیروو بۆچوونو بڕووای ئاینی وەك چۆن بیەوێ ئەویش بە ئازادیەکی راستەقینە لە هەموو بووارە جیاجیاکانی ژیاندا لە وولاتەکەدا .

١٥٥٩/٥/٣٠ سەرۆك هۆزاکانی کە دەسەلاتی سۆرانیان لێ پێك هاتبوو لەگەل میرەکانی کوردستان ، بە هەماهەنگیان لەگەل دەسەلاتی فارسی سەفەوی هەستیان بەوە کردبوو . کە سولتانی عوسمانی سەرقالە بەوەی کە رێگەی بۆ میرقولی بەگ کە کوری سلێمان بەگ بووە خۆش بکات و لە ناوچەی سەماوەردا بەرەو ناوچەی حەریرو دەوورووبەری لە باشووری کوردستان بگەرێنەوەو لە کاتی گەرانەوەی ، جەماوەرییێکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچەی حەریر پێشوازیان لێکرد .

دوای ئەوە حەریری کردە پایتەختی میرایەتیو هەولی بەرفراوان کردنی دەسەلاتی میرایەتیەکە یدا بەهاوکاری تیرەو هۆزەکانی سۆران لە باشووری کوردستان .

١٥٥٩/٩/٧ لە سێدارەدانی - میر سەیفەدین - ی میری سۆران لەلایەن دەسەلاتدارانی

ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـە باشـووری کوردسـتان بـە هـۆی دژایـەتی کردنـی توندی دەسەڵاتی عوسمانیەکانی دژ بەگەلی کوردستان .

١٥٦٠

١٥٦٠/١/٢١ لـە دایـك بـوونی فەیلەسـوف وراميـــاری ئینگلیـــزی – فرانـسیس بیکۆن – لـە شاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ... بـــاوکی وەزیـــری دادی شانـشینی بـسایت بـووە .... بیکـۆن لەتەمـەنی ١٢ سـاڵیدا چـووەتە زانکـۆی گمـبردگ ، دوای ئەوە بروانامەی لەبواری یاسا بەدەسـت هێنـاوەو بۆتـە پـاریزەر .... لـە تەمـەنی ٢٣ سـاڵیدا بۆتـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی گـشتی بـەریتانیا ... لـەدوای چـەندین کێـشەو گرفـت بووەتـە وەزیـری داد ، کـە باوکیـشی هـەمان پۆسـتی وەزاری بەدەســت هێنــابوو... دوای ئـەوە بـەهۆی نەخۆشـیەکی کووشــندە لــە ١٦٢٦/٤/٩ کۆچی دوایی دەکات لەشاری لەندەنی پایتەختی ئیتالیا.

١٥٦٠/٣/١٧ هێنانـە خـوارەوەی شانـشینی فەرەنـسا شانـشین – فرانـسوای دووەم – لەلایەن– کلفینیوون – کە ئەمانە کۆمـەڵێك لە پرۆتستانتی توندڕەو بوون بـەدانانی – لـویس دی کونـدی– بەشانـشینی فەرەنـساو سـەرکردەی سەربازی – گوودو فروادی بارن – بە کۆکردنەوەی ٥٠٠ چەکدار لە پێناو هێرش کردنـە سەر شانشینی فەرەنسا لـە گـەرەکی ئامیوواز لـە ناوەراستی فەرەنـسادا ... بـەڵام هەوڵەکـەیان هەرەسـی هێنـا بـەهۆی ئاشـکرابوونی پیلانەکـە ، دوای ئـەوە هێزەکـانی سـووپای فەرەنـسا توانیـان گـەمارۆی ناوچەی پیلانەکە بدەن لە هێرشێکی ناکاو پیلانگێرانی هـەموو کووشتو زیاتر لە ١٠٠ چەکدار هەڵاتن ، بەڵام سەرکەووتنیان بەدەست نەهێنا.

١٥٦١

١٥٦١/١٢/٢٥ بە هۆی گوێ رایەڵ نەکردنی فەرمانەکانی سوڵتانی عوسمانی و دروست بوونی کێشە . دوای ئەوە سوڵتان سلێمان لە کارێکی دڕندانەی دژ بە مۆڤایەتی بایەزیدو هەر چوار کوڕەکەی – ئۆرخان ، مەحمود ، عەبدوڵلا ، عوسمان – ی دەستگیر کردو لە سێدارەی دان لە شاری قەزدین .
دوای ئەوە لاشەکانیان گوواستراوە بۆ شاری سێواس لە باکووری کوردستان ... لە هەمان کات بایەزید کورێکی بچووکی مابوو ئەویشیان کووشت لەگەڵ براکانی لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژدران .

١٥٦٢

١٥٦٢/٣/١ هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی نێوان هەردوو مەزهەبی پرۆتستانت و کاسۆلیکی مەسیحی ، سەرکردەی هێزەکانی سووپای پرۆتستانت ئەمیراڵ – کۆلینی و ئەمیر لویس و ئەنتوان دی بۆربۆن – بوون . سەرکردەی هێزەکانی سووپای کاسۆلیك دۆق – مۆنمۆرنسی – سەرکردەی سووپای فەرەنسا و دۆق – فرانسوا – بوون .
شایانی باسە کە لەو شەڕەدا کە شەڕێکی مەزهەبی بوو بەسەدان کەس لە هەردوو لا کووژران و بەسەدان بریندار بوون ، کە ئەم شەرانەش بە هۆی دەستکاری کردن بوو لە ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی. هەر وەك چۆن لە نێوان مەزهەبی شیعەو سووننەی ئیسلام هەیە لە جیهانی ئیسلامی و مەسیحی لە جیهاندا .

١٥٦٣

١٥٦٣/٣/١٩ بـالاترین ڕووداوی ئاشـتبوونەوە لـە نێـوان مەزهەبـەکانی پرۆتـستانت و کاسـۆلیك بـوو ، ئـەویش بـە مـۆرکردنی ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی و ئاشـتبوونەوە لـە نێـوان دەسـەڵاتی شانـشینی فەرنـسا ، کـە کاسـۆلیك بـوو لەگەڵ پرۆتستانتەکان .

ئەویش بە ئەنجامدانی خواپەرستی لـە نـاو کۆشـك و تـەلار و باڵەخانـەکانی پیاوانی گەورەو کەسایەتیەکان و بارەگاکان و دام و دەزگاکانی حکوومـەت و کەنیسەکان بێت نەك ڕوو لە گەرەك و ناوچە میللیەکان لە وڵاتدا بکەن . لە پێناو ڕێگە گرتن لە دروست بوونی کێشەی نێوانیان لە وڵاتەکەدا .

١٥٦٤

١٥٦٤/٢/١٥ لەدایك بوونی زانای ماتماتیك و گەردوونناس و فیائمی و فەیلەسوف ئیتالی – جاللیۆ – لە شاری بیزای ئیتالیا... باوکی مۆزیکا ژەن و دانـەری تیئـۆری مۆزیکـا بـووە ... دوای بەئـەنجام گەیانـدنی کـارە هەمەلایەنـەکانی لـە ١٦٤٣/١/٨ کۆچی دوایی دەکات لە وڵاتەکەیدا .

تێبینی :- لەبەر هەڵە ئەم مێژووە نەسراوەتەوە- کە لە سەرەوە وێنەکەی هەیە .

١٥٦٤/٢/١٨ کۆچی دووایی هونەرمەندو وێنە کێش و فەیلەسوف و ڕووناکبیری جیهانی – مایکل ئـەنجیلۆ – لـە تەمـەنی ٨٩ سـالیدا، دوای ئـەوە تـەرمی ئـەو هونەرمەندە ناوودارە جیهانیە گوواستراوە بۆ شاری ملۆرنس و گۆرەکەی لە کەنیسەی سانتا کروس- الصلیب المقدس- بە خاك سپێردرا .

ئـەویش بـە ئاهـەنگ گێرانـی چـەند ڕۆژێـك ، دوای ئـەوە ڤارسـای گـۆڕێکی مەزنی لە سەر جووانترین شێوواز بۆ دروستکرد ، ئەم مرۆڤە لە دوای مردنی نرخی کەسایەتی و بەهرەکەیان زانی و تا دونیاش ماوە مایکل ئەنجیلۆ لە دەروونی هـەموو مرۆڤێکدا بە زینـدوویی دەمێنێتـەوە ، لـە بـەر ئـەوەی ئـەو مرۆڤـە لـەو کـارە هونەریانـەی کـە کردوویـەتی بـە خزمـەتکردنی هونـەر کەسێکی دیکە ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە لە جیهاندا .

تێبینی:- وێنەی ئەم هونەرمەندە مەزنە لە سەرەتای کتێبەکەیە .



١٥٦٤/٤/٢٣ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیرو شاعیری ناوداری جیهانی - ولیم شکسپیر - کە تاکوو ئێستا کارەکانی - ملك البر وەهاملت ، وعقیل - لە سەر شانۆکانی جیهانی بڵاووبۆنەتەوە.
شایانی باسە ئەو کەسایەتیە ناوودارە خاوەنداریەتی هەموو کۆمەڵگاجیاجیاکانی جیهانە لەم بووارەدا .

١٥٦٥

١٥٦٥/١/١ بە هۆی سەر هەڵدانی بیروو بۆ چوونی جیا لە رێنماییەکانی ئاینی مەسیح و کاردانەوەی لە سەر بیری زاناکان ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی کەرت بوونی بیروو بۆچوون لە ناو ئایینی مەسیحی ، ئەویش بە جیابوونەوەی هەڵگری بروای ئەنجیلیەکان لە سەر ئاینی مەسیحیی لە جیهاندا .

١٥٦٥/١٢/٨ بەهۆی گەمارۆدانی توونډو بەردەوامی مەسیحیەکان لە لایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی ، تا ئەو کاتەی کە هێزە چەکدارەکانی مەسیحی خۆیان ئامادەکرد بەسەرکردایەتی شانشینی نەمسا ، لە شاری سقلیەدا .
لە ئەنجام بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕیکی توونډو تیژ لە نێوان هەردوولا ، کە کەشتیە جەنگیەکانی ئیسلام بەسەرکردایەتی دەسەڵاتی عوسمانی پاشەکشەیان کردوو بووە هۆی گیان لە دەست دانی بەسەدا هاوولاتی و چەکدارو بریندار بوونی بە سەدا کەسیش لەو شەڕەدا .

١٥٦٦

١٥٦٦/٥/٦ لە دایك بوونی محەمەد خانی سێیەمی سوڵتانی عوسمانی. کە لە دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتە دەست ، دایکی ناوی - سەفیە - ی لەدایك بووی ئیتالیا بووە، محەمەد خان ١٩ برای

هـەبووەو هـیچ خووشـكی نـەبووە ، لەهـەمان كـات كاروبـاری دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا دەست وەزیرەكان ، بە سەركردایەتی كردنی لە لایەن سەنان پاشا. لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٥٦٦/٧/١٩ نووسەرو رۆژهەڵاتناس و پرۆفیسۆرەكان ، لە سەر ئەو بیروو بۆچوونە كۆك بوون ، كە ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی لەسـەردەمی سوڵتان سلێمان قانونی بـەهێزترین دەسـەڵات بـووە لەجیهانـدا ، لـە كۆتاییەكانی دەسـەڵاتی سـوڵتان هۆكارەكانی لاوازی بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەركەوتن بە تایبـەتی لە بوواری ئابووری و سەربازی و كارگێریدا .

١٥٦٦/٩/٥ سوڵتان سلێمان قانونی لـە تەمەنی ٧٤ سالیدا كۆچی دوایـی كـردو ماوەی دەسـەڵاتەكەی ٤٨ سـاڵ بـووە ، لـەكاتی دەسـەڵاتی ئـەو ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـەو پـەری بـەهێزی و بەرفراوانیـدا هـەنگاوینا لـە هـەموو بـووارە جۆراو جۆرەكانی دەسەڵات ، بە تایبەتی لە بوواری ئابووری و سەربازی ، كە ئـەو دوو بـووارە بـە بنـەمای بنـەڕەتی بـەهێزی دەسـەڵاتی عوسمـانی بـوو لـە جیهان .

١٥٦٧

/١١/١٠ بەرپا بوونی شەڕی دووەمـی نێوان هێزە چەكدارەكانی مەزهـەب كاسۆلیك و
١٥٦٧ پرۆتستانتی مەسیحی لە ناوچەی - سان دینـی - لە نزیك شاری پاریسی پایتـەختی فەرەنسا ، كە ئەمیرال كـۆلینی و ئەمیرال كوونـدی سـەركردایەتی هێزەكانی سووپای پرۆتستانتیان دەكرد .

لـە هـەمان كـات ئاگـاداری شانـشینی فەرەنسایان كـرد بـە داگـیر كردنـی پاریـــسی پایتـــەختی فەرەنـــسا ، بـــەڵام ســـەركردەی هێزەكـــانی ســـووپای شانـشینی كاسـۆلیك تـووانی هەوڵـەكانی هێزەكـانی پرۆتـستانت پوچـەڵ بكاتەوە بەسەركەوتنیان .

١٥٦٨

١٥٦٨/٢/١٧ سوڵتانی عوسمـانی سوڵتان سـەلیمی دووەم رێكەوتننامەی ئاشتی لەگـەڵ نەمسا مـۆركرد ، بـە نـوویٚ كردنـەوەی بەڵێنـەكان ، هـەروا لەگـەڵ مـەژەر

پۆلۆنیاو چەندین لایەنی دیکە رێکەووتنی ئاشتی مۆرکرد ، لە پێناو بەرەو بەیەکەوە لە ژیانی پەیووەندیو هاوچەرخی نێوو دەوولەتی ، نەك لە سەر رێگەی باوکی ، کە هەموو هەوڵێکی داگیرکردنی وولاتان بوو لە جیهاندا .

١٥٦٨/٨/٨ کەسایەتیو سەرکردەی جەزائر– قلج عەلی بیلر بەگ – جەزائری بەدەست گرتنی بۆ قلج عەلی ، کە ناسراو بوو بە بەهێزی توواناای لە بەرێووەبردنی کاروو باری کارگێڕیو پاڵەوانیەتی لە جەنگ بە سەرکەووتنەکان ، ئەویش بە گەراندنەوەی دەسەلاتی ئیسلامی بۆ سەر ئیسپانیا ، دوای ئەویش رزگار کردنی باکووری ئەفەریکیا لە ژێر دەسەلاتی سەلیبیەکان .

١٥٧٠

١٥٧٠/٣/٣١ هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پشتگیری نوویان رەوانە کرد بە پیاوو بەچەك لە پێناو گەراندنەوەی شۆرش لە ئەندەلوس... لە هەمان کات فەرمان درا بە قەلەج عەلی بە جێ بەجێکردنی فەرمانەکە ، کە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای هاوبەشی ئیسلامو عوسمانی لە گەڵ هێزەکانی سووپای سەلیبیەکان .

/١٢/٢٦ لە دوای کۆچی دووایی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سلێمان قانونی ،
١٥٧٠ ئەویش بە وەرگرتنی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن سوڵتان سەلیمی دووەم ، لە یەکەم شەڕیدا لە ناوچەی شاری لیبانتۆبوو ، کە هێزەکانی سووپای عوسمانی بەرەو شکستی هێنان هەنگاویناو ترسناکی لەسەر دەریای سپی ناوەراست نەما .

هەروا لە شاری ئیکسار لەخاکی گۆرین بوو بەرەو وەستانی سەردەمی بووژانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە هێزی دەریایی لە... دوای ئەوە رامیاریەتی دەوولەتی عوسمانی لە دوای جەنگی لیبانتۆ بەرەو پاراستنی جێگا پیرۆزەکانی ئیسلام ، یەکەم... دووەم پاراستنو لە دەست نەدانی دەسەلات بوو لە سەر دەریای سوورو کەنداو ، کە وەك پەرژینێکی ئاسایشی دەسەلاتەکەی بوو لە بارەی باری پاراستنی ئەو جێگایانەو دەرگای بەرگری کردنو بەر بەستەکردنیرێگای هێزەکانی سووپای پورتووگاڵ بوو بە ماوە نەدانیان .

١٥٧١

١٥٧١/٧/١٥ هێزە داگیرکەرەکانی سووپای تەتەر شاری دێرینی مۆسکۆیان سووتاند بەشێووەیەکی بێ وێنە لە مێژووی وێرانکردنو سووتاندن لەجیهاندا .

١٥٧١/٨/٢ هێزەکانی سووپای عوسمانی دوورگەی قووبرسیان داگیر کردو لە ژێردەستیان مایەوە تاکوو بەریتانیا لە ژێر دەستی هێزەکانی سووپای عوسمانی رزگاری کرد ، ئەویش لە ئەنجامی شەڕیکی توندو دژوار بوو لە نێوانیاندا .

١٥٧١/١٠/٧ بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هێزەانی سووپای عوسمانی وهێزەکانی سووپای مەسیحی... هێزەکانی سووپای عوسمانی پێك هاتبوون لە ٢٢٢ کەشتی جەنگی گەوورەو ٦٠ کەشتی بچووکو ٥٧٠ تۆپو ٢٤هەزار سەرباز ، لە گەڵ ١٣ هەزار سەربازی دەریاییو ٤١ هەزار مجدەف... بەڵام هێزەکانی سووپای مەسیحی پێك هاتبوون لە ٢٠٧ کەشتی گەورەو ٦ کەشتی تۆپ هەڵگرو ٣٠ کەشتی بچووکو ١٨٠٠ تۆپو٣٠ هەزار سەربازو١٣ هەزار دەریاوانو ٤٣ هەزار مجدەف لە ناوچەکەدا .

لەو کاتیش ئستوولی سووپای مەسیحیەکان ئاڵای سەلیبی مەسیحیان بەرزکردبووەوە ... هەروا ئستووڵی سووپای عوسمانی ئاڵای سوڵتانی بەرز کردبووەوە ، کە پێك هاتبوو لە ووشەی – اللە – . لاباڵی راستی هێزەکانی مەسیحی پاشەکشەیان کرد بەرامبەر بەهێزەکانی سووپای عوسمانی ، بەڵام لاباڵی چەپی هێزەکانی مەسیحی کە بەندەقیەکان سەرکردایەتیان دەرکرد... کە هێزەکانی لە لایەك لە بەرگریدا بوونو لەلایەکی دیکە لە هێرشکردن دا بوون لە ناوچەکەدا .

کە ئەمەش بووە هۆی کووشتنی بەهەزارەها سەربازی عوسمانیو لە ئەنجام هێزەکانی سووپای مەسیحی بەسەرکردایەتی– دۆن جوان – سەرکەووتنیان بە دەست هێنا بەرامبەر بە هێزەکانی سووپای عوسمانی بەسەکردایەتی – موسیناد عەلی .

شایانی باسە کە ئەو شەرە ناووزەند بوو بە ناوی شەڕی – لیبنتۆ– کە بە گەوورەترین شەڕی نوویێ سەردەمی ئەو کات دادەنرێت لە نێوان ئیسلامو مەسیحی لە جیهاندا .

١٥٧١/١٠/١٧ بەرپابوونی شەڕی دەریایی لە نێوان هێزەکانی سووپای دەریایی و پیادەی عوسمانی و هێزەکانی سووپای دەریای و پیادەی مەسیحیەکان لە جەزائر ، ئەویش بە کۆتایی هاتنی شەرەکە بە سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای مەسیحی، لەئەنجام زیاتر لە ٣٠ هەزار سەربازی سووپای ئیسلامی عوسمانی کوژران... بەلاّم لە ئەنجامی بەردەوام بوونی شەڕی نێوانیان لە دوا شەری کۆتایی هێزەکانی سووپای عوسمانی سەرکەووتنیان بە دەست هێنا بەسەرکردایەتی قەلەج عەلی و پاداشت کرا بە پلەی سەرکردەو مانەوەی لە سەر ناوچەی کلیبریك لە جەزائردا .

١٥٧٢

١٥٧٢ /٨/٢٣لە سەر بریارو داوای شانشینی فەرەنسا شانشین – شارلی نۆیەم – و بە ئامۆژگاری دایکی – کاترین دی – ئەویش بە ئەنجامدانی قەسابخانەی – سان برتیلمی– لە فەرەنسا ، بەرامبەر بە مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحی لە لایەن مەزهەبی کاسۆلیك ، کە لە ئەنجام بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە٠٠٠ ,٦٠ هەزار هاوولاّتی لە نێوان هەردوو مەزهەبی کاسۆلیکی و پرۆتستانت بەتایبەتی مەزهەبی پرۆتستانتەکان .

سەرەرای بەرهەلستکاری کردن لەلایەن هەندێ لە کەسایەتی و ئەمیرەکانی ئەوکاتی فەرەنساو بەردەوام بوونی ئەو شەڕە بەتایبەتی لە رۆژی ٨/٢٤ , کە رۆژی جەژنی قەدیس برتالماوس بوو لە شارەکەدا ، لە درێژەی بەردەوامی شەڕ ئەمیرال کۆلینی پرۆتستاتنی بووە راووێژکاری شانشینی فەرەنسای کاسۆلیك –شارلی نۆیەم – لە فەرەنسادا

. ئەویش لە پێناو پال پێوەنان و هاندانی شانشینی فەرەنسا بە بەربەرەکانی و هێرش کردنە سەر ئەسپانیا لە دانیشتووانەکانی ناوچەی – فلاندریا – بوو ، کە لە رەچەلەکدا دەگەرانەوە سەر بەلژیکیەکان ، ئەویش لە پێناو دامەزراندنی کۆماری – کالفینیە – بوو لە ناوچەکەو ببێتە هۆکارێك بە لە ناووبردنی شانشینی فەرنساو تۆلە وەرگرتنەوە لێی بەو رێگایدا .

١٥٧٢/٨/٢٥ هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێرشێکی بەرفراوانیانی کردە سەر هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی و گەلی کورد ، کە لە ئەنجام بووە

هۆی کووشتنی زیاتر له ٤٠٠ چوار سەد هەزار هاوولاتی لە هەرسێ لایەنی شەڕکەر بە تایبەتی لە مەزهەب شیعەکانی فارس و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەك قەسابخانە بە ناووبانگەکەی – سان برتلیمی – پاریس لە فەرەنسا .

١٥٧٤

١٥٧٤/٥/١٤ کەشتیە جەنگیەکانی سووپای عوسمانی بە سەرکردایەتی سنان پاشاو سەرکردەی جەزائر – قەلەج عەلی – ، بالیان بە سەر دەریای سپی ناوەراستدا راکێشا ، ئەوەیش بە لێدانی کەناری کالابریاو مسینا... کە هێزەکانی سووپای عوسمانی توانیان دەست بەسەر کەشتیەکانی سووپای مەسیحی دابگرن و دەریایان کرد بە دوو بەشەوە بۆ ماوەی پێنج رۆژ ، لەئەنجام هێزەکانی سووپای عوسمانی توانیان سەرکەووتن بەدەست بێنن لە ناوچەکەدا .

١٥٧٤/١٢/١٢سولتانی عوسمانی سولتان سەلیمی دووەم لە تەمەنی ٥٢ سالیدا کۆچی دوایی کردووەو ماوەی دەسەلاتی هەشت سال و پێنج مانگ بووە. لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٥٧٤/١٢/٢٦ دکتۆرو بازرگانی ناوداری ئەلمانی – لیۆنارد راولف – لە گەشتەکەی بۆ وویلایەتی شارەزوورو مووسل سەردانی شاری کەرکوك و دوایی بەرەو شارۆچکەی پردێ و دوایی بەرەو شارۆچکەی ئاسکی کەلەك هەنگاویدەنا و گەشتەکەی بەسەر بردووە لەهەرێمی باشوری کوردستان ,

لە ئاکامی ئەو گەشتەیدا راپۆرتێکی بەزمانی ئینگلیزی بلاو کردۆتەوە ، بەلام بەداخەوە نەمزانی لە چ رۆژنامەیەك و گۆڤارێك بلاوی کردۆتەوە . لەهەمان کات لە ١٢/٣٠ی هەمان سالدا لە گەشتەکەی بەناوچە کوردیەکاندا بە باکووری کوردستاندا سووراوەتەوە و تاکوو گەیشتۆتە ئەرمینیا .

١٥٧٤/١٢/٢٦ گەرۆکی ئەلمانی – نیبۆر – کە رەنگە بەناوی بەناو بانگترین گەریدەی ئەلمانی بێت ، کە سەردانی شاری کەرکوکی کردبێ ، کە بەچەند لاپەرەیەك باسی شاری کەرکوکی کردووە لە سەفەرنامەکەیدا ، کە لە دوو بەرگی زۆر

گەوورەدا لە ساڵی ١٧٨١ وەرگێراودراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لەشاری ئەمستردام چاپ و بڵاوکراوەتەوە . کە بەم شێوەیە باسی کەرکوک دەکات لە بارەی قەڵاکەوە دەنووسێ :-

ئەم شووێنەی پێی دەڵێن قەڵا پیسترین شووێنێکە تا ئێستا کە بینیبم و ماڵەکانی بەبێ هەڵاوێردن و لە وپەری خراپیدان ، لەناو قەڵاکە سێ مزگەووت و منارەی لێیە ، یەکێك لەم مزگەووتانە گرینگە ، چونکە گۆری



پێغەمبەرەکان – دانیال ، میخائیل و ئەلیعازر – عیزرایل –ی لێیەو جوولەکەکان گوومانیان لەوەدا نیە کە پێغەمبەرەکەیان لەم مزگەووتەدا نێژراوە لە شارەکەدا .

بەڵام موسڵمانەکان رێگەیان نادەن بچنە ناو مزگەووتەکە . کەرکوك نزیکەی ٤٠ کلدانی بانەستووری لێیە ، کەسەر بە کڵێسای رۆمانن – کەرکوك شووێنی نیشتەنی پاشای پلە دوو تەوگەیە . پاشا لە شار دانانیشێ ، هەرچی باقی وویلایەتی شارەزوورە دەکەوێتە سەر رێگای تاوق تا هەولێر ، کە ئەمرۆکە سەرجەمی سەر بە پاشای بەغدایە .

نادرشا بە ئاسانی دەستی بەسەر شارەکەو قەڵاکەدا گرت ، بەڵام سەردەمانێك لە موسل سەرنەکەووت و ناچاربوو بەخێرایی لە کەرکوك بکشێتەوەو زیانێکی زۆری لە کەرکوکدا .

هەروا نیبۆر دەڵێ :- دەڵێن لە نزیك شاری کەرکوك چاڵە قیرو نەوتی لێیە ،

هـەروا شـووێنێك هەیـە پێـی دەڵـێن – بابـاگورگور – کـە لەوپـەری سـەیر
سـەمەرەدایە ، بەتایبـەت زەویەکـەی هێنـدە گەرمـە بەرادەیـەك بەشـی ئـەو
دەکـات گۆشـت و هێلکـەی لەسـەر سـووربکرێتەوە ، مـرۆڤ تـەنها پێوویسـت
بەوە دەبێ چاڵێکی چکۆلەی لەسەر هەڵکەنێ و مەنجەڵی بخاتە سەر ، زۆر
کـەس ئـەوەیان بـۆ دووپـات کردمـەوە ، کـە بینیویانـە شـەوان بڵێسـەی ئـە
شووێنە هەڵدەستێ و بەچاوی خۆیان بینیویانە .
هەروا لە کەرکوکەوە تا شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری – پردێ – لە ئێوارەی
١٢ مانگ ، گەیشتین , هیچ ئاواییەکم لە سەر رێگا نەبینی ، بەڵام رێکەوتی
زۆر بنەماڵـەی کوردەکـانم کـرد کـە مـەرو ماڵاتیـان لـەم لەوەرگـە جوانـ
دەلەوەراند لەو نێوانەدا .

١٥٧٦



١٥٧٦/٨/٢٦ کۆچـی دوایـی هونەرمەنـدو وێنـەکێشو روونـاکبیری بـەناوبانگی جیهـانی – تیشیان – کە تەرمەکـەی لـە کەنیسـەی سـانتا ماریا لـە وولاتـی پۆلۆنیا نێژراوە ، هەر بەو بۆنـە حکوومەتی پۆلۆنیا بریارەکـانی خـۆی هەڵووەشـاندەوە کـە خـۆ پیشـاندان و کۆبوونـەوەی تێـدا قەدەغـە کـراو بـوو لـە وولاتەکەدا .

١٥٧٧

١٥٧٧/٦/٢٨ هونەرمەندو شێووەکار کێشی بەناووبانگی جیهانی – پیتەر پۆڵ رۆینز – ل
شاری ئەنتۆبرب چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

١٥٧٨

١٥٧٨/٧/٣ مێژوو نووس و رووناکبیری بەناووبانگی کورد شەرەفخانی بەدلیسی بەهۆی نەتوانینی بەگەڕانەوەی بۆ بەدلیس... لە ئێران... لە هەوڵێکی ئاواتخواز چووە پاڵ لە شکری عوسمانی لە پێناو دورستکردنی هەلێکی گوونجاو بۆ گەرانەوەی بەرەو شاری بەدلیس لە باکووری کوردستان ، بۆ ئەوەی بتوانێ نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی - شەرەفنامە - تەواو بکات و لە هەمان کات هیوا داربوو بە بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکەی فیدراسیۆنی ئیمارەتە کوردیەکان لە کوردستان ، کە ئاواتی ئەو سەرکردەیە بوو بەگەڕانەوەی بۆ خاکی کوردستان.

١٥٧٨/٨/٤ شەڕی - وادی مەخازن - لە کردارە مەزنەکانە ، کە دەووڵەتی سعدیە پێی هەلسا لە کاتی سوڵتان عەبدولمەلیك ، ئەویش بە سەرکەووتنیان بەسەر لایەنگرانی پورتووگال لە شەڕی ملووڵی سێیەم ، کە ئەو شەڕە ناونرا بەشەڕی - قصر کبیر- . یان بە جەنگی وادی مەخازن لە نێوان هێزەکانی سووپای مەسیحی و پورتووگال بەهێزە چەکدارەکانی ئیسلامی لە مەغریبدا لە کێشووەری ئەفەریکیادا .

١٥٧٨/٨/١٩ بەرپابوونی شەڕێکی خووێناوی دژووار لەنێوان هێزە چەکدارەکانی سووپای ئیمپۆاتۆریەتی فارسی سەفەوی لە ناوچەی - چیلدەر - بە هاوکاریکردنی هێزەکانی سووپای توورك . کە پێرستی - ناوی بەرپرسی کوردەکان بوو ، لە شەڕی نێوان ئێرانیەکان و عوسمانیەکاندا کووژرا ... کە میر محەمەد دەسەلاتداربوو لەسەر هەرێمی جەزیرو - ساروخان - فەرمانرەوایی خەزوو - سانسۆن - بوو .

هەروا کورەکەشی - حەیدەر بەگ - فەرمانرەوایەتی تەرجیل و ... بابە زیدبەگ کە کوری میر هەکاری بوو ... ئەم گۆرانکاریانەش لە بەرەکانی شەڕی نێوان فارس و عوسمان هاتە کایەوە ... کە لە سایەی سەر سووپای چەکداری کورد بوو ... کورد گیانی باشترین سەربازانی خۆی فیدای سەرکەووتنی عوسمانیەکان کرد لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە .

سەرچاوە :- م . س - لازاریف .

١٥٧٩

١٥٧٩/٢/٢٨ هۆزی ئەفشار کە یەکێ بوو لەو حەوت هۆزەی کە قزلباشیەی لێ پێکهاتبوو ... بەشداری کەری سەرەکی بوون لە شەڕەکانی شا ئیسماعیل‌و لە هەمان کات دامەزراندنی دەوڵەتی فارسی سەفەوی مەزهەب شیعەدا کردبوو ، کە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستەکانی دەوڵەت لە سەرانسەری قەلەمرەوی سەفەوی دا کە هەر لەناو ئەوان دا هەڵئەبژێردرا بوون ، کە دەسەلاتی زۆریان لەئیدارەی شاهەکانی فارسدا هەبوو .

بەڵام هەندێ لەسەرانی ئەو هۆزە تاوانبار کران بە هاووبەشی کردنیان لە کووشتنی مەهدی عەلیای هاوسەری شا محەمەد خوودا بەندە لە وولاتەکەدا .

١٥٨١

١٥٨١/٧/٣١ لە پاڵ ئەوەدا خۆ ئامادەکاری بۆ لایەنی سەرکەووتن ، باڵوێزی تایبەت لە ئەستەمبۆڵ ، لە دوای گەیشتن بە بەنیمچە رێکەووتنی سەربازی لە نێوان دەووڵەتی عوسمانی‌و شانشینی ئەسپانیا بە کۆتایی هێنان ، بە کێشەکانی نێوانیان‌و چوونە ناو شاری لشبۆنەی پایتەختی ئەو کاتەی پورتووگال ، بەرامبەر پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ مەغریب ، رووبەروو بوونەوەی هێزەکانی عوسمانی بەرامبەر پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ مەغریب‌و رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی عوسمانی بەرامبەر دەست هەڵگرتن لەشاری عرائس‌و دەستکەووتەکان .

١٥٨٣

١٥٨٣/٤/١٠ لەدایك بوونی دانەرو یاسایی و لاهووتی هۆلەندی – گروتیوس – هۆگۆ – لە دلفەتی هۆلەندی ... کە قوتابیەکی زیرەك و زانایەکی بێ وێنە بووە شایانی باسە بروانامەی دکتۆرای لە یاسا بەدەست هێناوە کە تەمەنی لە ٥ ساڵیدا بووەو زمانی لاتینی هەر لەسەرەتای منداڵیەوە بەباشی فێربووە ئەندامی شاندی نێردراو بووە بۆلای هنری چوارەمی شانشینی فەرەنسا .. هنری چوارەم ئەم زانایەی ناوزەند کردووە بەسەرسوورهێنەری هۆلەندی .

دوای ئەوە بوو بەزانا ناسێکی یاسایی – لاهووتی – داهێنەر – دبلۆماسێکی لێهاتوو ... لەساڵی ١٦٠٣ بەپارێزەر دامەزرا لە هۆڵەندا .

هەروا لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا چووە زانکۆی لیدن لەهۆڵەنداو بۆ ماوەی سێ ساڵ مایەوە .

جێگەی سەرسوورهێنەری زانای هۆڵەندی مەزن – یوسف ئسکالیگر– بوو . لە ساڵی ١٥٩٨ یاوەری بالوێزی هۆڵەندی کرد ، کە بەرەو فەرەنسا بەرێکەووتن . لە ساڵی ١٦١٥ سەرۆکایەتی شاندی هۆڵەندی کرد بۆ بەشداری کردنی لە کۆنگرەی راوی ماسی کە لەئینگلتەرا بەسترا .

بەهۆی کێشەی ئاینی و رامیاری لە ١٦١٩/٥/١٨ بریاری زیندانی کردنی هەتایەی بۆ دەرکرا . لە بەندیخانە دەستی کرد بەدانان لە نووسینە هەمە لایەنەکانی و یەکەم کتابی بەناوی – نظم القانون الهولندی – بلاوکردەوە ، دوای ئەوە دووەم کتابی بەناوی (حقیقه الدیانه المسیحیه)ی بلاوکردەوەو رێنمایی لەسەر کتابی ئینجیل دانا.

دوای دوو ساڵ لەبەندکردنی خێزانەکەی بەدزی پاسەوانەکان و رەزامەندی هەندێکیان توانی لەناو سندوقێك دانابنێ لە ١٦٢١/٣/٢٢ هاوسەرەکەی توانی لەبەندیخانە رزگاری بکات و گەیشتە شاری گورکوم ... دوای ئەوە چووە لای یەکێك لە هەڤاڵەکانی و دوایی بەرەو شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا رۆیشت و لە ١٦٢١/٤/١٥ گەیشتە پاریس و لەلایەن ئەمیر کوندیەی وەزیری دادی فەرەنسی پێشوازی لێکرا .

ئا بەم شێوەیە ئەم زانایە لەکارە هەمەلایەنەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٦٤٥/٨/٢٨ لە روستوك لە ئەلمانیا کۆچی دوایی دەکات ...

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٥٨٣/٥/٩ دادووەری هەرێمی شێروان – خادم مەسیح پاشا – بەرەو داگیر کردنی داغستانی سەر کەناری دەریای خەزەربە رێکەوت ، واتە دەریای قەزوین ، دوای ئەوە سەرکەووتنی بە سەرهێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی داگیرکەری خاکی کوردستان بە دەست هێناو لەلایەن داگیرکەری دەسەڵاتی عوسمانی ، واتە لە دوو لایەنە خاکی کوردستان داگیر دەکرا ، بە نۆبە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی فارسی و عوسمانیدا ، بەر لەوەش لەلایەن

ئیسلامو هەر بەناوی ئیسلام.

١٥٨٥

١٥٨٥/٥/٢١ مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی ئاشـتی لـە نێـوان ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و فارسـی سـەفەوی ، لـە دوای شـەڕی شـەش سـاڵە ، لـە ئـەنجام هەرێمـەکانی کەرەجو شێروانو لوڕستان کەووتنە ژێر دەسـەلاتی عوسمـانی ، کە زۆربەی زۆری خـاکی کوردسـتان بـوو لـە گـەڵ بەشێك لـە خـاکی ئازربایجانو شاری تەورێز .

لەو کاتـەش سەرەك ئەنجوومـەنی وەزیرانـی عوسمـانی پاشا کۆچی دوایی کردو خادم مەسیح پاشا جێگەی گرتەوە لە سەر ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٥٨٥/١٢/٢٣ هەنـدێ لـە کەسایـەتی نـاو هـۆزی ئەفشار تاووانبـار کرابـوون بـە کووشـتنی هـەمزە میرزای کـوڕی شـا محەمـەدی فارسـی ، ئـەویش بەدەسـت تێکـەڵاوی کردنـی لەگـەڵ ئـەمیرێکی تەتـەری بـەدیلگیرا ، کـە بـە هاوکـاری یـەکتری کووشـتبوویان... بـەو هۆکـارە شـاعەباس گومـانی لـە هەنـدێ لـە هۆزەکـانی ئەفشار دەکرد . کە لە هۆزە قزلباشیەکان پێك هاتبوون لە وولاتەکەدا .

١٥٨٨/٦/١٠ کۆچی دوایی سۆفی و فەیلەسوفی ئەلمانی – ڤالانتین ڤایگل – لە نایندرۆڤ لە نزیك گانیسینیۆن لە سکسۆنیا ئەرستبرگ ... شایانی باسە ئەم فەیلەسوفە لەساڵی ١٥٣٣ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . ژیانی بەتەنیای و دوورە پەرێزی بردۆتە سەر ... خووێندنی سۆفی تـەواوکردووە لـە گـەڵ خووێـندنی لاهـوتی لەدوای مردنی چەندین بەرهەمی بەچاپگەیەنراوە لەوانـە :– الحیاة الدائمة لەسـاڵی ١٦٠٩ . رسـالة في الحیـاة الـسعیدة ، لەسـاڵی ١٦٠٩ . حـوار حـو المـسیحیة الـصحیحة ، لەسـاڵی ١٦٢٢ ... لەگـەڵ چـەندین بەرهـەمی دیکـ لەژیاندا ، کە کاردانەوەو کاریگـەری خـۆی نووانـدووە لـە دوای کۆچـی دوایـ کردنی لە وولاتەکەیدا.

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی – بەرگی /٣.

١٥٨٧

١٥٨٧/١٠/٢٠ بـەرپابوونی شـەڕی هەشـتەمی ئـاینی نێـوان مەزهەبـەکانی کاسـۆلیك

پرۆتستانت ، كە ناووزەند بوو بە شەڕی - كوتراس- كە پرۆتستانتەكان سەركەووتنیان بە دەست هێنا بەسەر كاسۆلیكەكان و بە هەلاتنی پرۆتستانتەكان بە سەركردایەتی - هنـدی دۆنافـار- لەو شەڕەداو سەركردەی كاسۆلیك - دۆق دوژوابووز - كوژرا .

١٥٨٨

١٥٨٨/٤/٥ كەنگەشە هێنەترین بیرەمەندە رامیاریەكانی سەردەمی نویێ - تۆماس هۆبز - لە دایك دەبێ ، كاتێك كە پایۆرە جەنگیەكانی ئیسپانیا خەریكی نزیك بوونەوە لەكەنارەكانی ئینگلستان بوون و ئەم وولاتە لەترسی تێك هەلچوونی سووپا دەژیا .

ئەم زانا ناوداره لاوێكی خاوەن بەهرە بوو ... لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا چووە زانكۆی ئۆكسفۆردو لەساڵی ١٦٠٧ لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا خووێندنی تەواوكردو مۆلەتی وانە گووتنەوەی وەرگرت ... باوكی تۆماس هۆبز قەشەیەكی نەخووێندەوار بوو ، كاتەكانی بەكتابی پیرۆزو مەی خواردنەوە بەسەر دەبردو دوای ماوەیەك باوكی كۆچی دوایی كرد .

دوای ئەوە لەلای مامەكەی ژیانی بەسەربرد ، هۆبز لەسەر راسپاردەی یەكێك لەهاوكارانی بەپلەی مامۆستایەتی بنەماڵەی دەست رۆیشتووی لۆردكاوندیس رازی بوو ... ئەمەش بووە هۆی سەربەخۆیی دارایی و لە ئاكامدا باهاتن و گەشەی هەمەلایەنی روحی و هزری ئەو بێجگە لەمە بەدەستپێكردنی پێشوویيە كۆماری خوازەكان لە ئینگلستان چالزی یەكەم - ستیوارت - و زۆربوونی مەترسی شەڕی نێووخۆیی ، كە خانەدانەكانی لایەنگری پاشایەتی داوایان لە تۆماس هۆبز كرد كە گەلالەیەك لەفەلسەفەی رامیاری خۆی بكات ، ئەویش بەمەبەستی داكۆكی كردن لە رەوای پاشایەتی بلاوبكاتەوە . ئەم گەلالەیەش كەسەرەتای بۆ بەشی كۆتایی سیانەیەك - تریلۆژی - لەژێر ناوی - توخمە فەلسەفەیەكان - لەبەر چاوگیرا بوو كە لەساڵی ١٦٤٠ بلاوی كردەوە .

بەلام بەهۆی گۆڕینی بارودۆخی ئینگلستان و بە سەركەووتنی پەرلەمانی - درێژە - بە سەر پاشایەتی لایەنگیرانی ، كە لە پایزی ساڵی ١٦٤٠ بەناچاری

لەترسی دەستبەسەرکردنی بەرەو شاری پاریسی پایتەختی فەرەنس
ڕۆیشت و بۆماوەی ١٠ ساڵ لەفەرنسا مایەوە.
گرنگترین بەرهەمەکانی بەناوی – لۆیاتان ، یان ، جەوهەر – روخسار
لەدەسەڵات و دەوڵەتی کەنیسەی مەدەنیش لەساڵی ١٦٥١ لەشاری لەندە
بڵاوی کردەوە ... هۆبز بەشەکانی یەکەم و دووەمی فەلسەفەی سرووشت
ئەنترۆپۆلۆژی لە دوای یەك لەساڵەکانی ١٦٥٥ – ١٦٥٨ دا بڵاوکردەوە .
ئەم بیرمەندە لەماوەی ژیانی توانی بەدەیا بەرهەم بەئەنجام بگەیەنێ ل
سەرباری رامیاری و توندوتیژی و حکومەت و ماف ... و بەردەوام بوون
تاکوو لە ١٦٧٩/١٢/٤ لەتەمەنی ٩١ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.
سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٥٩٠

١٥٩٠/٣/٢١ مۆرکردنی پەیمانی نێوان دەسەڵاتی فارسی سەفەوی‌و دەسەڵاتی عوسمانی
لە شاری ئەستەمبوڵ ، کە بووە هۆی ئەوەی لۆرستان‌و شارەزوور بکەوێتە
ژێر دەسەڵاتی هێزەکان‌و بەرپرسانی دەسەڵاتی عوسمانیدا .

١٥٩٠/٤/١٨ لە دایك بوونی ئەحمەد خانی یەکەم ، کە کوڕی محەمەدخانی سێیەم بوو
لە دوای باوکی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتە دەست بە سوڵتان
عوسمانی لە سەر هەمان بیروو بۆچوون لە ڕێنماییەکانی باوکی لە سە
ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٥٩٢

١٥٩٢/١/٢٢ لەدایك بوونی فەیلەسوف بەناوبانگی فەرەنسی و جیهانی –پیاراگسندی –
هەرێمی بیروڤانس لەباشووری فەرەنسا .... هەر لەسەرەتاوە لایەنگیر
بیرووبۆچوونەکانی فەیلەسوف ناوداری جیهان ئەبیقۆر بووەو لەهەمان کا
ئاواتەکانی بوونی بەقەشەی مەسیحی بووە و خوێندنی ئایینی دەست
پێکردوە .
لەساڵی ١٦١٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە لاهووتی بەدەست هێناوە ... دوا
ئەوە دوو ڕووی وانە گووتنەوەی گرتەبەر ... ئەویش :–

یەکەمیان :- مامۆستایەتی و لاهووتی . ئەویش لە بواری ئایینی و فەلسەفە لە ئاکس . دوای دەست بەسەر داگرتنی یەسووعیەکان ... واتە مەسیحیە توونـد رەوەکان . بەسەر کۆلێژی ئاکس وازی لەکارەکانی مامۆستایەتی هێنا لەساڵی ١٦٢٣ ... بەڵام دوای ئەوە بووە کاهینی یاسایی. یەکەم دانراوی لەساڵی ١٦٢٠ ئامادەکرد بەناونیشانی - ابحاث غير تقليدية ضد اتباع ارسطو - ئەویش لەبارەی گەردووونناسی بوو... لەهەمان کات پەیوەندی بەفەیلەسوفی ناوداری جیهانی ئەبیقۆر و چەندین زاناو فەیلەسوفی دیکە کرد ، لە کارە هەمەلایەنەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٦٥٥/١٠/٢٤ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣ .

١٥٩٤

١٥٩٤/٥/٣١ کۆچی دوایی نیگارکێشی بەناووبانگی جیهانی- پاولۆ تەنتورتۆ- وگۆرەکەی لە کەنیسەی - مادۆنادل ئۆرتووە- لە شاری بووندەقیە .

١٥٩٥

١٥٩٥/١/١٦ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان موورادی سێیەم ، لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو گۆرەکەی لە شاری سۆفیای پایتەختی بووڵگاریایە... شایانی باسە سوڵتان موورادی سێیەم شاعیرێکی ناوودارو بەهرەدار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی دراووسێی باش بوو لە گەڵ وولاتەکاندا .

١٥٩٦

١٥٩٦/٣/٣١ لەدایك بوونی فەیلەسوفی بیرکاریزانی ناوداری فەرەنسی - رینیە دیکارت - هەروا بە - کاریتسۆن - یش ناسراوە .... شایانی باسە دیکارت بەیەکێ لەدامەزرێنەرانی فەلسەفەی نوێخواز و دامەزرێنەری بیرکاری نوێ دادەنرێت و یەکێکە لەو زانایانەی کە زۆرترین بەرهەمی هەمە جۆری هەیە لەسەدەی /٢٠ - ٢١ دا .

لەبەر ئەوە دیکارت بەیەکێ لە کلیلەکان دادەنرێت لەشۆرشی زانست و شارستانیەتی تازەداو نـاوی ئـەو زانایـە بەئەنـدازەی دیکـــارتی کەلێتوێژینەوەکـــە لەســەر شێووازەکانی دیکـارتی و ئەنـدازەدا ، کـە ئاوێتـە بـووە لەگـــەڵ جـــەبر ... دیکـــارت بەرهەلـستی زۆری بیرۆکـەکانی پـێش خـۆی کـردووە . لـەپێش هەموویانـــــەوە ســــۆزی روح وێرای ئەوەی زۆر لە بیرۆکەکانی لە ئەرستۆو سۆفۆکۆم لەسەدەی شانزەهە ، یاخوود بیرۆکەی ئوگبتین رەگ و ریشەیان هاتبوو .

دیکارت لەدوو خاڵدا بەرهەڵستکاری ئەو قوتابخانەیە دەکات .

یەکەم :- دابەشبوونی جەستە سرووشتیەکان بۆ مادەو وێنـە - شێووە رەتدەکاتـەوە هـەر وەکـوو زۆرینـەی فەلـسەفە یۆنانیـەکان رەتـی دەکەنـەوە

دووەم :- دۆزیان ئامانج رەتدەکاتەوە جا خوودی دۆزەکە سرووشتی مرۆ بێ یان خواوەندی بێت ، لەشێکردنەوەی دیاریدە سرووشتیەکان .

ئـەم مرۆڤـە لەژیانیـدا بـەردەوام بـوو لەخـەبات و هەوڵـدانی لـەپێنا سەرکەوتنی بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی تاکوو ماڵئاوایی لەفەرەنسا جیهـانی فەلـسەفە کـرد لـە ١٦٥٠/٢/١١ ، بەرهەمـەکانی تـاکوو ئێـستا داهـاتووش سەرچـاوەی زانـست و پەرەسـەندن و پێـشکەوتن و گەشـەدا لەهەموو بوارەکانی لە جیهاندا.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢

١٥٩٦/٨/٢٥ لـە کتێبـی شـەرەفنامەی بەدلیسی ، وای دیـار کـردووە کـە کـورد لـە بار کۆمەڵایـەتی و زاراوە دەبێتـە چوار بـەش بـەپێی نووسینەکانی ئـەو کات..

کرمانجی... لوڕ... کەلهوور... گۆران... لە هەمان کات دەڵێ :-

سنووری کوردستان بەخەتێکی راست لە سەر کەنداووی فارسەوە تا کۆتایی مەلاتیەو مەرعەش لە باکووری کوردستان ، کە ئەم هێڵە وولاتی فارس و ئێرانی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی گچکەو ئەرمەنستانی گەورەیە... باشووری ئێراقی عەرەب و ناوچەکانی موسڵ و دیاربەکرە...پادشایەتی میرانی کوردستان بەناوی هۆزەکانیانەوە ناسراون . وەك :–



ئیماراتی هەکاری و سۆران و بابان و ئەردەلان .

هەروا هەندێکیان ناویان بەبرایی شارو قەلاکانیان هاتوون وەك میرانی ... مەلەنگێف و بەدلیس و جەزیری و حەزۆو ئەکیل و هەروا... شایانی باسە کە کورد زۆر زۆر دەوولەمەندە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەیی و نیشتمان و داب و نەریت و کەلتوورو شارستانیەت و شووێنەوارەکان....!!!؟ .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هەر نەتەوەیەك لە سەر ئەو پارچە زەویەدا نیشتەجێیەو خاوەنی زمانێکی فرە زاراوە بێ ، بوونی خۆی بە درێژایی مێژوو لە پەرینەوەی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان دەسەلمێنێ .

لەوانەش کورد کە خاوەنی چەندین زاراوەی بە هێزە لە سەر بنەمای زمانی دایك وەك :– زاراوەکانی – کرمانجی ، لۆری ، کەلهووری ، گۆران – دوای ئەوەش :– هەردوو زاراوە بە هێزەکەی کرمانجی و سۆرانی – لە گەڵ ئەوەشدا زاراوەی هەورامی بە یەکێك لە زاراوە هەرە کۆنەکانی زمانی کوردیە ، کە لە سەردەمی زەردەشتی و ئاینی زەردەشتی و تاکوو ئێستاش ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردی ئاخاوتنی پێدەکرێت لە کوردستان .

هەروا چەندین شێووە زاراوەی دیکە هەن وەك :– کاکەیی و شەبەك ، ئەمانە

که زمانی رەسەنی رێك پێك دێنن لە سەر خاکی کوردستان ... ماناى وايە تا زماتی کوردی مابیٚ و بمێنیٚ ، کورد بوونی بەردەوام دەبیٚ لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە هەردوو بوواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

دەبیٚ ئەم راستیەش بلێین ، کە یەکێك لەو زاراوە زمانەی کوردی نەماو کۆتایی پێهات . ئەوا زاراوەکانی دیکە کۆتاییان پیٚ نایەت ...نەك وەك نەتەوەيەك زمانەکەی بیٚ زاراوەی جیاجیایە ، زمانی کوردی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە لە هەموو روویەکی زمانەوانی و هەر ووشەیەکی چەندین مانای خۆی هەیە ، لە ناورستە جیاجیاکان . لە رستەی رامیاری و لە رستەی شیعر و لە رستەی رۆمان و لە رستەی کۆمەڵایەتی و لە رستەی پەخشانە ولە رستەی نووسیندا .

کە هەر ووشەیەك لە بوواری نووسینێك جێگەی خۆی دەکاتەوە لەسەر بنەمای رێزمانی زمانی کوردی و بەراووردکردنی لە گەڵ زمانەکانی دیکەی نەتەوە جیا جیاکان لە جیهاندا .

١٥٩٦/٨/٢٨ شەرەفنامەی بەدلیسی وای راگەیاندووە ، کە کورد لە بارەی کۆمەڵایەتی و زاراوەیی دەبنە چوار بەش. ئەویش :- کرمانجی - لۆر - کەلهوری - گۆران - .... هەروا دەڵیٚ :-

سنووری کوردستان :- بەخەتی راست لە سەر کەنداوی فارسەوە تابرانەوەی - مەلاتیا - و - مەرعەش - دەچیٚ . باڵی باکووری ئەم خەتە وولاتانی فارسی و ئێراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی گچکە و ئەرمەنستانی گەورەیە .... باشوریشی ئێراقی عەرەب و ناوچەکانی موسل و دیاربەکرە ... هەر وەك لەنەخشەکەیدا هاتووە لەلاپەرە / ١٢٨ .

هەروا پادشایان و میرانی ئازای کوردستان بەناوی هۆزەکانیان ناسراون . وەك :- هەکاری ، سۆرانی ، بابانی ، ئەردەلان ... هەندێکیشیان ناویان وێرای شارو قەڵاکانیان هاتوون . وەك میرانی :- حەسەنکێف ، بەدلیس ، جەزیر ، حەزۆ ، ئەکیل ، هیتریش . هەروا دەووڵەتەکانی !- مەریوان ، حەسنەدی ، لۆری مەزن : - مەزلەوی - لۆری بچووك - ئەیوبیەکان ، کە پادشای میسر و شام بوونە . هەرو١٠ دەڵیٚ :- شادی کوری مەروان :- باپیری سەلاحەدینی کوردی بووە - رەوەندی دوین - بوو .

١٥٩٦/٨/٢٨ تـا ئـەم میـژووە فـەرمانرەوایانی فێنـك بـەردەوام بوونـە ... کـە دانیـشتووانی ناوچـەی فێنـك لـە چـوار هـۆز پێـك هـاتوون – یـەجنویی . شـوقاقی ، میران . کۆینە – فەرمانرەواکانی فێنك دەچنەوە سەر میر ئەبدالی کوری سولەیمانی کوری خالید . کە سولەیمانی کوری خالید لە هەرێمی جەزیرە کۆچی دوایـی کـردو کورەکـانی وولاتەکـەی باوکیـان لـەناو خۆیاندا دابەشـکرد کـە ناوچـەی فێنك بەر ئەودال کەوت .

ماوەیەکی زۆر میر ئەبدال لەو ناوچە دەسەلاتدار بووە و دوایی کۆچی دوایی کردووە ... نەوەکانی ئەو ناوچەیان لە بەر دەست بووە ... بەلام پاش مردنـی ئەودال نۆرکە ئاق قوینلوو لەبەر دەستیان دەرهێنـاون و داگیریان کـردووە و مـاوەی سەدسـاڵ لەبـەر دەسـتیان ماوەتـەوە ... لـەدوای ئـەو مـاوە دوورو درێژەدا ، کە داگیرکەرانی ناوچەی فێنك ئاق قلوینلوو بەرەو نـەمان چـوون لـە ناوچەکەدا .

دووبـارە ئـەو بنەماڵەیـە گەرانـەوە سـەر شـوێنی خۆیـان لەناوچـەی فێنـك و کـەس پـەلاماری ئـەو بنەماڵـەی نـەداوە ، کـە دەسـەلاتیان بەسـەر ناوچـەکەدا دەرۆیشت لەهەموو بوارێك تـەنیا ... جارێك نـەبێت لەسـەر دەمـی مەزنایـەتی شا عەلی بەگ ، کە فەرمانیرەوایی جەزیر بوو . دەستی بەسەر ناوچـەی فێنـك دا گـرت و دای بـەمیر محەمـەدی بـرای ... بـەلام دووبـارە بەیارمـەتی خـوودی فـەرمانرەوایانی جـەزیر ناوچـەکە دراوەتـەوە دەسـت بنەماڵـەو نـەوەکانی مـیر ئەبدال ... ناوچـەی جـەزیر کەوتۆتـە باکووری رۆژئـاوای مووسڵ و ناوچـەی فێنکیش هەر لە ناو هەرێمی جەزیرەیە لەباشووری کوردستان.

سەرچاوە – شەرەفنامە – لاپەرە /٣٢٤/٣٢٥ .

تێبینی :– فەرمانرەوایی حەسەن کێف کە بە – مەلکان – بەناوبانگن . بەلام ئەمین زەکـی بـەگ دەڵـێ :– ئـەم نازنـاوە لـە مەلکاتیـەوە هـاتووە ، کـە یەکێکـە لـە سـێ مەزهەبی مەسیحی ئەویش:–

مەلکاتی ، یاقووبی ، نەستۆری ، کە سەر بە قەددیس ئەنتۆنیۆس بوون . بەلام هەندێك لە کوردە مەسیحیەکان بە ناوی مەزهەبەکانیان ناوزەندکراون ... کۆمـەڵێك لە مێژوونووسان لایان وایە کە :–

نەسـتوریەکانی مووسـڵ ، یـاخوود لای مووسـڵ ، کـە ئێـستا بـە خۆیـان دەڵـێن .

ئاشووری و مەسیحیە یاقوبیەکان ... کە سەردەمێك – جۆزقان – یان پێ دەگووتر ... ئەمانە بە رەسەن کوردن .

١٥٩٦/١٠/٢٦ بە هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر هێزەکانی سووپای مەژەرو شانشینی نەمسا ، دەشتایی کرزنیان ووێران کرد لە نزیك قەڵاو بووە هۆی بەردەوامی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی بە داگیرکردنی وولاتانی بەرهەلستکارانی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەو هەرێمەکاندا .

١٥٩٧

١٥٩٧/٨/١٣ کتێبی شەرەفنامە لەلایەن – شەرەفخانی بەدلیسی– بەدەست نووسراوەتەوە ، کە لە پەرتووکخانەکانی – ربۆدلن و ئەستەمبوڵ و پرینستۆی ئەمەریکاو پەرتووکخانەی کۆمەڵەی شانشینی ئاسیا لە بەریتانیاو پترسبۆرگی پایتەختی ئەو کاتی روسیای قەیسەری– هەن و هەڵگیراون ، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی کوردوکوردستان دەژمێردرێت ، بەتایبەتی لەبوواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا . ئەویش بە درێژایی مێژوو وەك بەلگەنامەیەکی نێوو دەووڵەتی لە جیهاندا .

١٥٩٨

١٥٩٨/٤/١٥ مۆرکردنی پەیمانی نێوان هەردوو مەزهەبی کاسۆلیك و پرۆتستانتی مەسیحی ، لە دوای هەشت شەڕی دژووار لە نێوانیاندا ، بە ناوی پەیمانی– نانت – کە بە تەواوی دان بە برووای مەزهەبە جیاجیاکانی ئاین نرا ، لە فەرەنسا و تاکوو ئێستاش ئەو رێکەووتنە لەکار پێکردنی بەردەوامە ، لە لایەن جیهانی مەسیح لە جیهاندا .

١٦٠٠

١٦٠٠/٧/١٣ کەسایەتی کوردی ناودار ئیسمائیل مەلا حوسێن لە مێژووی ئەردەلان زۆر لە سەر هەلۆخانی نووسیووە کە دەڵێ :–

هەلۆخان پیاوێکی زۆر دەست رۆیشتووبووە و وولاتی خۆی ئاوەدانی بەئیرۆ

کردووە . جگە لەقەڵای – زولم – کە پایتەختی بووە ... سیٚ قەلای دیکەشی دروستکردووە کە ئەوانیش :-

قەلای حەسەن ئاوا لەسەرلوتکەی کەژێکی بەرز . هەروا قەلای پلەکانیشی دروستکردووە لەناو جەرگەی وولاتی گۆراندا . قەلای مەریوان بوونی و گەنجینەی لەزێرو زیوو و ئاخنای هەبوو .... هەروا چەندین فێرگەو مزگەووت و تەکیەو خانەقای ئایینی لە کوردستان دروستکرد بوو ... ئەم کەسایەتیە باکی بەکەس نەبوو ، لە کەس نەدەترساو لەهەمان کات هەردوو دەسەلاٚتی عوسمانی و فارسی لەهەلۆخان دەترسان .

لەو کاتەشدا شا عەباسی سەفەوی فارس ، بەنیازی داگیرکردنی وولاتەکەی هەلۆخان بوو ... بەهێزێکی گەوورە هێرشی کردە سەر لە نزیک شاری هەمەدان لە رۆژهەلاٚتی کوردستان ، لە گوندی – سەهیم – تووشی شەڕ هات لەگەڵ هێزی هەلۆخان ، ئەم گوندە لەژمارە /٦ ی گۆڤاری گەلاوێژدا بە – میهەم – نووسراوەو گوندێکە ، کە ٩٥ کیلۆمەتر لە شاری سنە دوورە – عەلی بالی زەنگەنە ، کە کوردێکی نزیک بوو لەشاو راووێژکاری بوو و ئامۆژگاری شای کرد ، کە ئەگەر بەشەڕ هات لەگەڵ هەلۆخان لەوانەیە نەتوانیٚ بەسەر هەلۆخان سەرکەیٚ .

بەلاٚم لەرێگەی راووێژکردنی کوردە خۆ فرۆشەکان بۆ شاو ، شاش دەستی کرد بە پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەلۆخان لەپێناو لەناوبردنی ، جا بەهەر شێووەیەك بێت . لە ئەنجامدا وای کرد کە هەلۆخان سووێندی گەوورە بەسەر شا عەباس بخواردایە .

هەر لەپێناو لەناوبردنی داوای لە هەلۆخان کرد ، کە خانی ئەحمەد خانی کوری بنێرێتە لای بۆ ئەسفەهان کە هەلۆخانیش خان ئەحمەد خانی بۆ ناردو شا عەباسیش رێزی لێگرت و خاتوو کلاٚو زێری خوشکی خۆی لیٚ مارەکردو کردیە هاوکاری کردنی خۆی و چەندین کاری گرنگی پیٚ سپارد لەهەموو بوارەکانی کاروباری دەسەلاٚتی شا عەباس .

لە هەمان کات کردیە بەپرس و راووێژکار ، لە ئەنجام نازناوی نا بە والی کوردستان و لەشکرێکی زۆری خستە ژێر دەسەلاٚت و ناردیە سەر هەڵۆخان .

لەو کاتەش هەلۆخان لە قەلاٚی حەسەن ئاوابوو... لە دوای گەمارۆدانی قەلاٚی

حەسەن ئاواو بە سەرنەکەووتنیان پیلانێکی گەورەیان نایەوە ... ئەویش کا
ژنــی خــان ، کـە دایکـی ئەحمـەدخان بـوو لەگـەڵ مـەلا یـاقووتی هـاودەمی
هـەلۆخان خیانـەتیان بـە مێـردو ئاغـا کـردو بەدزیـەوە رێکـەووتن و دەرگـای
قەڵایان داگیرکردو هەلۆخانیان بە دیل گرت و رەوانەی ئەسفەهانیان کرد بۆ
شاعەباسی سەفەوی فارس .

ئەمە خیانەتی کورد بوو لەگەڵ کورد بۆ دووژمنی کورد ... نووسەر :-
واتـە هـەلۆخان بەدەسـت بەسـەری لـەلای شـا عـەباس مایـەوە تـاکوو کۆچـی
دوایـی لـە شـاری ئەسـفەهان کـرد.... دوای ئـەوە حـووکمرانی ئـەردەلان و
شارەزوور کەوتە دەست خان ئەحمەد خانی کوری هەلۆخان و جێگەی باوکی
گرتـەوە .... دووژمـنی کـورد بـە هـەموو بارێـك سـەرکەووتنی بەسـەر کـورد
مـسۆگەرکردووە ، بـەهۆی خیانـەتی نـاو مـاڵی کـورد لەگـەڵ یـەکتر لـەپێناو
بەهێزکردن و خزمەت کردنی دووژمن لەسەر خاکی کوردستان .

سەرچاوە :- شەرەفنامە - لاپەرە /٢١٣ - ٢١٤ - ٢١٥ .

١٦٠٠/١٢/٣١ دامەزراندنی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵات ، کە بەناوبانگترین کۆمپانیایە لە
مێژوودا . کە ئەو کۆمپانیایە رۆڵی سەرەکیو بنـەڕەتی هـەبوو لـە ململانێـی
نێـوان فەرەنـساو بـەریتانیاو ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـە رۆژهـەڵاتی
ناەراسـتو کیـشوەری ئاسـیادا ، ئـەویش بـە بـەردەوام بـوون لـە سـەر ئـەو
رامیاریەتـە تـا گەیـشتە ئـەو قۆناخـەی کـە بـە پێـی نەخـشەکانی دارێـژراوی
پـەیمانی سـایکس -بیکـۆی نهێنـی لـە سـاڵی ١٩١٦ ، لـە سـەر دابەشـکردنی
کـوردو خـاکی کوردسـتان بـە دامـەزراندنی دەووڵـەتی تـازە لەسـەر ئـەو خاکـە
وەك ئێرانی فارسیو تورکیای تورکو ئێراقی عـەرەبیو سووریای عـەرەبیو
ئوردنی شانشینیو ئەرمەنستانی ئەرمەن .
بـەڵام گـەر بەراووردێکی تووێژینـەوە دار بکرێـت لـە سـەر نەتـەوەکانی چـوار
چـێووەی ئـەو دەووڵەتــە دورســتکراوانە هــیچ نەتەوەیــەك ژمــارەی
دانیشتووانەکەی لە ژمارەی دانیشتووانی رەسەنی خۆی زیاتر نیە - واتـە
کـورد- ، بـەڵام بـە هـۆی هەلکەووتـەی جـووگرافی خـاکی کوردسـتانو
ناوچەکەو چاوگە نەووتیەکان ، کە پێووەری ئەو دابەشـکردنەی پێووە دیار

بوو لە هەمووبوارە جیاجیاکانی رامیاری‌وئابووری و بازرگانی و سەربازیدا . دوا رۆژیشی داگیرکردن بوو لەلایەن بەریتانیاو هاوپەیمانەکان .

لەو کاتەشدا وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌و رووسیای قەیسەری‌و فەرەنساو فارسی سەفەوی‌و عرەبی ئیسلامی لە دوورگەی بیابانی عەرەبیدا ، هەر چەند کێشەو ململانێ‌و شەڕو پێکدادان لە نێوانیان هەبوبێت ، بەڵام لە سەر کێشە سەرەکیەکان‌و بەرژەوەندیە تایبەتیەکان کۆك بوونە... بەڵام کورد تاکوو ئێستاش...؟...!. لە سەر خاکی کوردستان.

١٦٠٢

١٦٠٢/٦/٢٦ شاعەباسی فارسی سەفەوی زیاتر لە ٥٠ پەنجا هەزار خێزانی لە تیرەو هۆزەکانی کوردو جەمشگەزەوکی دیکە لە کوردستان بەرەو دەشتەکانی خوواروی تاران گوواستەوەو لە وویشەوە بەخۆیان‌و مالاتەکانیان بەرەو خۆراسانی ناردن ، لەو کاتەشدا پارێزگاری لە سنووری سەروی رۆژهەلاتی قەلەمرەوی عەجەمی دەکرد ، لە بەرامبەر هەرەشەی ئۆزبەکدا .

هەروا پێی سپاردن بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ئەو هۆزانە رێ‌و شووێنی هێنان‌و جێگیرکردنی هەندێ هۆزە گەوورە شەرکەرەکانی قزلباش بۆ کوردستان دانا .

شایانی باسە شاعەباسی فارسی سەفەوی مەهەب شیعە لە هەوڵەکانی درێخی نەکردووە بەرامبەر گەلی کوردستان ، ئەویش بە دوو لایەن کوردو خاکی کوردستانی داگیر کردو لە بە فارس کردن بەردەوام بوو لە هەرێمەکەدا.

یەکەم :— بەردەوام بوو لە راگوواستنی کورد لەسەر خاکی دیرێنی خۆی بۆ جێگەی دیکەو بە جێگە گرتنەوەیان بە هۆزو تیرەکانی فارس .

دووەم :— بەردەوام بوونی بە بەمەزهەب شیعەکردنی بە هەر نرخێك بوایەو بۆی بگوونجایە هەروەك چۆن کورد بە زەبری شمشێر کراوە بە ئیسلام‌و خاکی لێداگیرکراوە لە هەرێمە جیا جیاکان .

١٦٠٣

١٦٠٣/٦/١١ لـه كـاتی پـهلاماردانی قـهڵای مـهریوان لـه رۆژهـهڵاتی كوردسـتان ، شـێخ حهیـدهری مـوكری لـه ریـزی سـووپای قزلبـاش دا كـوژراو قووبـادی كـوڕی جێگـهی گرتـهوهو لهلایـهن شاعهباس كرا بووه سـهركردهی گـهورهی هـۆزی موركریو فهرماندهی مهراگه- مهراغه- له رۆژههڵاتی كوردستان .
بهڵام شاعهباس توورهیی كۆنی بـاوكو باپیری خۆی هـهرمابوو، لـه هـهمان كات له گهشتهكهی ، كه بۆ ناوچهی موكریانی كردبووی داخی دڵی خۆی پێ دارشت و تۆڵهی رابردووشی لێكردهوه، كه دوای ماوهیهك قووباد خانو هاورێكـانی كووشـتو فـهرمانی كووشـتنی بهكۆمـهڵی بـۆ هـۆزی موكریـانی راگهیاند .

١٦٠٣/١٢/٦ سـوڵتانی عوسمـانی سـوڵتان محهمـهدی سـێیهم ، لـه تهمـهنی ٣٧ سـاڵیدا كۆچی دوایـی كرد ، كه ماوهی دهسهڵاتهكهی ٩ ساڵ بووهو لـه دوای خۆی كوڕهكهی ئهحمـهدی یهكهم جێگـهی گرتـهوه بـه سـوڵتانی عوسمـانی لـه سـهر ئیمپراتۆریهتهكهدا .

١٦٠٤

١٦٠٤/٥/٣٠ نووسهری هاوزانو هاودهمی ئهو كات مامۆستا جهلال مجهم كووشتنی به كۆمهڵی موكری له رۆژههڵاتی كوردستان له لایهن جهندرمهكانی شاعهباسی فارسی مهزههب شیعه بهم جۆره باس دهكات له ناوچهكهدا .
سزای كوردهكانی ئهو كوردانه له بهردهی شاردنهوهدا مابووهوه . كاتێ كه پلـهی گـهرمی هـهتاو بـه ١٤ پلـه لـه سـهرهتاندابوو قوبـاد خـان لهگـهڵ ٩٤ كهسایهتی كوردی دیكهی موكری بهكۆمهڵ كووشتو هـهر ئهو كات بریاری كووشتنی به كۆمهڵی بۆ كورد دهركرد. له سهر خاكی رۆژههڵاتی كوردستان.

١٦٠٥

١٦٠٥/٥/١٩ شاعهباسی سهفهوی فارس له كورد داخ لـه دڵ بـوو بـههۆی بهشداری كردنـی كورد له شـهڕی نێوان هێزهكانی سووپای عوسمانیو فارسـی بـه پشتگیری كردنـی سـووپای عوسمـانی دژی هێزهكـانی سـووپای فـارس ، لـهكاتی

شەڕەکان هەوڵی کووشتنی شاعەباسیان دا ، ئەویش لە لایەن کوردە چەکدارە موکریەکان .

١٦٠٦

١٦٠٦/٧/١٥ نووسەرو هونەرمەندی گەورەو بەناوبانگی هۆڵەندی- رامبرانت- لە شاری لاین لە وولاتی هۆڵەندا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

١٦٠٧

١٦٠٧/١٠/٢٤ بەرپابوونی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزە چەکدارەکانی میر عەلی جانپوولابەگ ، لە دۆڵی ئەرسەلان بیلی لە باکووری کوردستان ، لە ئەنجامدا هێزەکانی سووپای عوسمانی سەرکەووتنیان بەدەست هێنا لە ناوچەکەدا .

١٦٠٧/١٠/٢ شەرەفخان لە کتابە بەنرخەکەیدا کە – شەرەفنامە – یە تاکوو ساڵی ١٠٠٥ لەنووسینەکانی بەردەوام بووە ... بەڵام من ئەم مێژووەم هەڵبژارد ، کە لەرووداو و روونکردنەوە نزیکە بۆئەوەی بابەتەکە بەشێووەیەکی دروست بگاتە ئامانجی خۆی لەتێگەیشتنی وەك سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوی تەواو . ئەویش :-

ئەمین زەکی بەگ ، لە بەرگی یەکەمی مێژووی کوردو کوردستان لەلاپەرەکانی / ١٨٦- ١٨٧ دا دەڵێ :-

خانەدانەو بنەماڵەی لەنژاد کورد جانپۆلاد هەر لەکۆنەوە فەرمانرەوایی کلس بوو ، ئەو لە رۆژگاری – چیگالەزادە – سەنان پاشا – دا میر حوسین سەرداری ئەو بنەماڵەی بووە . هەروا لەلایەن سەدری ئەعزەم ، واتە سەرەك وەزیرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمان پلەی جانپۆلاد شاری حەلەبی پێدراوە . کاتێ کە سەدر ئەعزەم بەرەو داگیرکردنی وولاتی فارس دەچێ .

لەوکات میر حوسێن چەند بیانوو دەدۆزێتەوەو خۆی لەداواکاری سەدری ئەعزەم دوور دەخاتەوە ... سەدری ئەعزەم ئەو کارەی میر حوسێنی لەدڵ گران دەبێ و لەپاش ئەوەی لەشاری تەورێز شکاو گەرایەوە ... میر حوسێنی بردە لای خۆی و دوایی کووشتی . میر عەلی جانپۆلاد ، کە برای میر حوسێن بوو . کە هەواڵی کووژرانی براکەی پێگەیشت ، خۆی گەیاندە شاری حەلەب

و شۆڕشی دژی دەووڵەتی عوسمانی راگەیاند و تەرابلسی شامی داگیرکردو هێرشی کردە سەر شام و گەلێك ناوچەی خستە ژێر دەستی خۆی . ئەم شۆڕشە هەنگاوی بەرەو بەهێزبوون دەناو لە ئەنجام دەووڵەتی سەربەخۆی لەشام دامەزراند .

دوای ئەوە هێزێکی گەورەی پێکەوەناو دراوی بەناوی لێدا ... دوای ئەوە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ – ئەرشیدۆك فەردیناند –ی پادشای – تۆسکانا – لە ١٦٠٧/١٠/٢٤ مۆرکرد ، تۆسکانا دەووڵەتۆکەیەك بوو لەئیتالیاو هەوڵیدا لەگەڵ دەووڵەتانی دیکەش رێکەووتن مۆربکات .

بەڵام سەرەك وەزیرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی – قویوچی موراد پاشا – کە کرابووە سووپا سالاری هێزەکانی سووپای عوسمانی ، فەرمانی پێدراو بوو شۆرشی ئەنادۆڵ لەناوببات ... وەزیری ناوبراو هەوڵیدا بەر لەهەموو شتێك هێزی جانپۆلاد لەناوبەرێ و لەدوایی بگەرێتەوە سەر ئەنادۆڵ . هێزێکی ٤٠٠٠٠ چل هەزار سەربازی لە تورك و کورد بەسەرکردایەتی زولفەقار پاشا بردەسەر میر عەلی کە میر عەلیش بە ٢٠٠٠٠ هەزار چەکدار لەدەربەندی – بوگراس– رووبەروویان بووەوە .

بەڵام موراد پاشا ئەو رووبەروبوونەوەی لەو دەربەندە بەباش نەزانی و رووی کردە دۆڵی – ئەرسەلان بیلی – بۆئەوەی پشتی جانپۆلاد بگرێ . لە ئەنجام شەڕی نێوانیان بەرپابوو . لە ئاکامدا جانپۆلاد شکستی هێناو جانپۆلاد ناچار بوو بەرەو شاری حەلەب بگەرێتەوە . بەڵام بەهۆی شکانی هێزەکەی . نەیتوانی لەحەلەبیش خۆی بگرێ رووی لەئەستانە کردو داوای لە سولتانی عوسمانی کرد یارمەتی بدات و سولتان ئەحمەدیش بەخشی و کردیە بالیۆز لە نەمسا .

برا بچووکەکەی کە میر عەلی بوو ناردیە فێرگەی تایبەتی بارەگای یاسایی . بەڵام موراد پاشا ئەو لێخۆش بوونەی پادشای لێخۆش نەهات ... لەرێگا کە لەو کاتەی جانپۆلاد بەرەو مشەوار دەچوو لەناو قەڵای بیلگرادا کووشتیان .

لێرەدا وا دیارە کە میر عەلی کوری میر حوسێن یا برازای بووە ... چونکە شەرەفخان ناوی دە کورە ماوەکانی جانپۆلادی هێناوە ناوی عەلی نەبردووە . ئەوەو بنەماڵەی جانپۆلاد تاکوو ئێستاش ماون و لە وولاتی لوبنان نیشتەجێن و دەژین و بوونی کوردایەتی خۆیان لەیاد کردووەو گەر جار جار

چاوپێکەووتن بکەن لەگەڵ راگەیاندی کورد دەڵێن ئێمە کوردین . لەوانەش کەمال جمبلات ، ولید جەمیلات ، کە نەوەی جانپولادن ، کە رۆڵی بالاّیان هەیە لە رامیاریەتی و رامیاری دەسەلاّت و ئابووری و سەربازی و چەندن لایەنی دیکە ، کە بەدروز ناوزەندن لە شامدا.

١٦٠٨

١٦٠٨/١٢/٤ ئابلۆقەدانی سووپای شا عەباسی یەکەمی سەفەوی لە قەلاّی دەمدەمو توندکردنی ، لە هەمان کات دەوورەگرتنی لە بەرگری لە خۆ کردن لەلایەن کوردە برادۆستەکان بە سەرۆکایەتی ئەمیر خانی لە پەزێرین لە رۆژهەلاّتی کوردستان .

١٦٠٨/١٢/٥ لە ئاکامی کێشەی بەردەوام بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی قەلاّی دەمدەم لە رۆژهەلاّتی کوردستان لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کوردو هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا .

١٦٠٨/١٢/٥ هەڵگیرسانی داستانی قەلاّی – دمم دمم – لە ناوچەی موکریان لە رۆژهەلاّتی کوردستان ... ئەویش گەواهی خۆراگری و ئازایەتی گەلی کورد بەرامبەر داگیرکەرو زولم و ستەم دەردەخات بە خەبات و قوربانی دان لە پێناو ئازادی و سەربەستی لە سەر خاکی کوردستاندا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم داستانە لەلایەن نەبەردی و قارەمانیەتی هۆزی برادۆستی موکریان دەسەلمێنێ ... داستانی قەلاّی دمم دمم راستیەکی بەڵگە نەویست بووە ... چونکە دووژمن بەدەستی خۆی ئەم رووداوەی تۆمارکردو ئەویش – ئەسکەندەری مۆش– ی چیرۆکنووسی شا عەباس فارسی سەفەوی لە ئێرانی ئێستادا .

ئەم داستانە بەناوبانگە بە سەرکردایەتی – خانی لەپە زێرین – بووە کە دەستێکی فەوتا لەکاتی پاڵپشت و هاوکاری کردنی کورەکانی شۆرانی لەداستانەکەدا . بە هۆی لێهاتوویی و ئازایەتی ئەم سەرکردەیە شا عەباس زۆر رێزی لێگرتووە و کردوویەتیە بەحاکمی ورمێ و شنۆو مەرگەوەرو تەرگەوەر . پایەی – خانی – ئەمارەتی خێڵەکانی برادۆستی پێ بەخشیووە ئەم سەرکردەیە بەهۆی ئازایەتی خۆی توانی بەشێکی زۆر دەسەلاّتی عوسمانی بهێنێتە ژێر رکێفی خۆی شا عەباسی سەفەوی فارس ... لەبەر

ئەوەی دووژمنـانی کـورد چـاویان بەسـەرکردەی کـوردو خـاکی کوردسـتان هەڵنەهاتووەو بەردەوام بوونە لە دارشتنی پلان نانەوە بەتێکدانی نێوان خان و شا عەباس .
ئەویش بە بیـانووی پرووپووچـی مەزهـەبی ئایینی ، کە خـانی لـەپ زێـرین مەزهەب سوونەی ئیسلام بووەو فارسیش مەزهەب شیعەی ئیسلام بووە هـەروا ترسێکی دیکـەی وەهمـی پەیـدابوو لەبـەهێزبوونی دەسـەڵاتی کـورد ناحەزانی خانی شایانی خستە دڵە راوکێ ... تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئـەو قەڵایـەی بـە بریـاری خـۆی لـە موکریـان بنیـات دروسـت بکـرێ . وازی لێبهێنـرێ و تەواونـەکرێت ... کـە ئەمـەش پاشـگەزبوو لـە بریارەکـەی شـا عەباس ... میر خانیش دەبووایە خۆی و هێزەکانی خۆیان بەدەستەوە بدایە رێز لەو بریارە بگرن ، لە پێناو ئاو و خاکی خۆیان بـەرگری بکـەن ... خانی لەپە زێرین ملکەچی ئەو بریارە نەبوو .
بەڵکوو بریارێکی دیکەی شا عەباسی شکاندا کە دەبێ ۸۰۰۰ هەشت هەزار چەکداری جەلالی لەکۆی ۲۰ بیست هەزار چەکداری خۆی دابمـەزرێنێ . میر خـان هـەردوو بریارەکـەی شـای شـکاند... یەکـەمیان:- قەڵاکە بووە مۆڵگەی جێگـای خـۆی ... دووەمیـان :- نەیدەویـست هێـزی دیکـە لەگـەڵ لەشـکری خـۆی تێکـەڵ بکـات ... تـاکوو خیانـەت و یـاخی بـوونی تـووش نـەبێت لەخەڵکانی دیکەی ناو برادۆستیەکان .
بۆیـە شـا عـەباس – معهـد الدولـە – ی بـە ۲۵ بیـست و پێـنج هـەزار کـەس لەسـوارو پیـادە لەگـەڵ چـەك و تەقەمـەنی و تـۆپ خانەیـەکی زۆر نـاردە سەر قەڵای دمم دمم ، کە قەڵاکە یەك هەزار جەنگاوەری تیابوو لەهێزەکانی میرخان ... فارسەکان بەهاوکاری جەلالیەکان و قزلباشیەکان دەستیان بەهێرش کرد ... ئەم شەرە چەند مانگی خایاندو بەو هۆیـەش معهد الدولـە سەری نایەوە بەهۆی سەرنەکەووتنی لەم داستانەدا .
شا عەباس لەجێگەی معهد الدولە محەمـەد بـەگ بێگدەلی کـردە سـەرکردەی لەشـکرەکە لەهـەمان کاتیـشدا – پیربـووداف خـانی – ی حـاکمی تـەورێزیش بەهێزێکی گەوورە لەو شـەرە بەشداربوون ... دووژمن بـەهۆی ژمارەی زۆری و چـەکی زۆرو تەقەمــەنی و زۆری ئازووقــە توانیــان چــەندین لــە بورجــ

رووخاوەکانی قەلاْکە داگیربکەن ...جەنگاوەری قەلاْش لەپاش چەند مانگ خۆراگری لە کەمی ئاوو خواردن و کەمی ژمارەیان بەراورد بە ژمارەی دووژمن و لەپاش شەڕێکی خووێناوی تەنها – قەلاّی ئارین – یان بەدەستەوەما بەسەرکردایەتی خانی لەپ زێڕین و لەدوای شەڕێکی درێژ خایەن دەستی کرد بە گفتووگۆکردن ... بەلاّم خانی لەپ زێڕین بڕوای بە دووژمن نەبوو و بەردەوام بوو لە داستانەکە تاکوو جەنگاوەرو خانی لەپ زێڕین شەهیدکران لەسەر خاکی کوردستان .

١٦٠٩

١٦٠٩/٤/٦ ئەمیرخانی برادۆست کە بە – ئەمیرخانی یەك دەست – و –خانی لەپ زێڕین– ناودار بوو ، بەکردەوە بالاّترین دەسەلاّتداری ناوچەکانی خۆر ئاوای دەریاچەی ورمێی ڕۆژهەلاّتی کوردستان بوو، کە لەلایەن شاعەباسەوە بە دادوەری ورمێ داندرابوو، ئەویش بەسەرکردایەتی کردنی گەورەی خێلەکانی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو سۆماو برادۆستو مورکیانی دەکرد ، لەو کاتیشدا قەلای دەمدەمی لە نزیك شاری ورمێی ئاوەدان کردەوەو تادەهات قەلاکەی توونددتر دەکردو هێزەکانی خۆی زۆرترو زیاتر پرچەك دەکرد لە پێناو بەرگری کردن لە قەلاّکە لە ناوچەکەدا .

شاعەباسی فارسی لەخانی لەپ زێڕین کەووتە گومان ، لەو خۆسازدانە ، کە ئامانجی سەربەخۆیی ڕۆژهەلاّتی کوردستان بوو، لە بەر ئەوە کەووتە خۆ لە پێناو مەهانە پێ گرتن لێی ، دوای ئەوە هێزیکی گەورەی ناردە سەری و پاش شەڕیکی سەختو خووێناوی ئابلوقەی درێژخایەنی قەلاکەی دا .

لە ئەنجام داگیری کردو هەزاران هاوولاّتی کورد بوونە قوربانی ،کە ئەم

ڕووداوە بۆتـە داسـتانێکی قارەمانانـەی تێکۆشـەرانی گـەلی کوردسـتان لـە بەرامبەر هێرشی درندانەی داگیرکەری فارسی سەفەوی مەزهەب شیعە ، لە وڵاتی فارس بۆ سەر گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

١٦٠٩

١٦٠٩/٨/١٩ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان مووراد خانی چوارەم لە دایك بووەو لە دوای لابردنی مستەفای برای لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەو جێگەی گرتەوە لە ماوەی دە ساڵدا لە سەر دەسەڵات .

١٦١٠

١٦١٠/١/١٠ لـەدوای پیـزانینی شانـشینی ئەسـپانیا – فیلیپـی سـێیەم – بـەوەی کـە ئەوانەی بونەتە مەسیحی و لەهەمان کات بروایان پێ نیە و بۆنە ئاینیەکانی ئیسلام بـەنهێنی لەئیسپانیا ئـەنجام دەدەن ، لـە بریارێکـدا بـە مەرسـوومی شانـشینی ، کـە مۆڵـەتی ٣٠ ڕۆژی پێدان لـەخاکی ئیسپانیا بچنە دەرەوە و دوای ئەوە کردیە ٢٠ ڕۆژ لە وڵاتەکەدا .

١٦١٠/٣/٢٦ شا عەباسی سـەفەوی دەسەڵاتداری فارسی لـە ئێران لـە دوای داگیرکردنـی قەڵای دەمـدەم و نەهێشتنی دەسـەڵاتی ئەمیرەکانی کورد بە تایبـەتی خانی لـەپزێرین لـە وویلایـەتی ورمـێ و دەووروبـەری... دوای ئـەوە سـپاردنی دەسـەڵات لـە ناوچـەکەدا بەکاربەدەسـتانی فارسـی ، دوایـی ڕاسـتەوخۆ هێرشـێکی بـەرفراوانی کـردە سـەر ناوچـەی موکریـانی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان.

لـەوێش کوشتارێکی زۆری لـە کوردەکان کـردو ژن و منـداڵی بـەدیل گـرت و ڕەوانەی جێگەی نادیاریکردن .

شـایانی باسـە شـا عـەباس فـەرمانی دا بـەهێزەکانی سوپا کـە خـۆی لـە ٦٠ هـەزار سـەرباز دەداو شـەڕێکی خوێنـاوی بـۆ مـاوەی چـوار ڕۆژ ئەنجامـدراو بەردەوام بوو .

شایانی باسە ئەمسالە بەساڵی بە کۆمەڵ کوژی هۆزی موکریانی ناوچەی موکریان لە مێژوودا ناوزەد کرا .

١٦١١

١٦١١/٣/١٦ گەریدەو مێژوو نووسی ناوداری تورك – محەمەد زیلی دەرویش – ناسراو بە – ئەولیا چەلەبی – لە شاری ئەستەمبوڵی ئێستای تورکیا لە خێزانێکی رۆشنبیر چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارەدا تەواوکردووە ، دوای ئەوە چۆتە قوتابخانەی سولتانی عوسمانی ... دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندنی بۆتە پارێزگاری مزگەوتی – ئایا سۆفیا ، لە شارەکەدا .

هەروا بۆتە ژمێریار لەدیوانی سوڵتانی عوسمانی ، دوای ئەوە چۆتە ریزی – سەباهە – کە جەنگاوەری دەرەبەگەکان بوون لەهێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا . دوای ئەوە وازی لەم رێگەیە هێناو دەستی کرد بەگەشتکردن لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا . کە شار بەشارو شارۆچکە بە شارۆچکە و ناوچە بەناوچەو گوند بەگوند دەگەرا ... لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری لەهەموو بوارە جیاجیاکانی دانیشتووان سەرەرای ناخۆشی و ماندوبوونی زۆربەهۆی ناخۆشی و رێگاو نەبوونی کەرەستەی گوواستنەوە لەنێوان ئەو ناوچەو ئەو شارانەی کە پێیدا تێدەپەری .

ئەم کەسایەتیە چ کەنارێك لەکەنارەکانی جیهان نەبێ پێیدا تێپەر نەبووبێ و هەر بەو هۆکارەش نازناوی – بەتووتەی تورکی – پێووە لکێندرا ، بەهۆی تواناو لێهاتوویی و زیرەکی و دڵ فراوانی لەکارەکانیدا ... کە مۆرتان – j.H.mokdtmann – بەم شێووازە باسی لێکردووە کە کتابەکەی – کنز کامل للمعارف المتعلقه بالجغرافیه و بأمور الحیاه الأجتماعیه و عادات الشعوب – کە ئەم مرۆڤە لەهەموو بوارەکانی دروست بوونی کەسایەتی جێگەی سەرسوورهێنەر بووە .

دوای ئەوە شەش بەشەکەی ئەولیا چەلەبی بەناوی – سیاحەتنامەسی – لەساڵەکانی ١٨٩٦ – ١٩٠١ بە چاپگەیاندراوە بەناوی تەواوی خۆی – تأریخ سیاح – هەروا بەشەکانی ٧ – ١٠ لەساڵی ١٩٢٨ و ١٩٣٥ – ١٩٣٨ بە چاپگەیەندراوە ... ئەم کەسایەتیە بەدەیا بەرگ لە نووسینەکانی بەچاپگەیەندرا .

لەوانــەش ئــەو بەشــەی کــە لەســەر کــوردو کوردســتانی نووســیووە بــە تێبینیەکانی لەدوای گەرانەکەی بەخاکی کوردستان لەساڵی ١٦٤٨ و ساڵی ١٦٤٨ بۆ جاری دووەم ... کە بەشێوەیەکی گشتی بەهەموو کوردستاند سووراوەتەوە ، بە دۆڵ و دەشت و شاخەکان و گوندو شارۆچکەو شارەکاند کە بە شاری هەولێرو مووسل و عمادیەو جەزیرە - بۆتان - و حەسەن کێف ... کە سوورانەوەی ئەم کەسایەتیە بەخاکی کوردستان گرنگیەکی مەزنی هەبوو لەروونکردنەوەی چەندین لایەندا .

کە ئەمرۆ بۆ کورد سوودمەندە ، کە ئەولیا چەلەبی لە نووسینەکانی بە شێوەیەکی سرووشتی ووشەی کوردستانی بەکارهێناوەو سرووشتی ووشەی کوردستانی بەکارهێناوە و ئەو ناوچەیە بووە ، کە چیاییەو رووبارو زێی لێ هەڵقولاوە . کە هەموو لە زێی دیجلەو فوورات خۆی گرتۆتەوە ... ئەولیا چەلەبی زۆر زانیاری لە بوارەکانی رامیاری و ئابووری و سەربازی و کۆمەلایەتی و چەندین لایەنی دیکە لەسەر کوردو خاکی کوردستان تۆمارکردووە ، لەسەدەی هەڤدەمدا . کە هەموو زانیاریەکانی سوودمەندبوون بۆ ئەمرۆی گەلی کوردو داهاتووی کورد لەناوچەو هەرێمەکانی دەووروبەری کوردستان .

١٦١١/٨/٥ لە دوای چەندین ساڵ هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی مەزهەب شیعەی ئیسلام ، بە سەرکردایەتی شاعەباس توانی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگەرێنێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی لە هەرێمەکانی ئێراقی ئێستاو سەلمان پاک و تەبریزو وان و چەندین ناوچەی دیکە لە باکوورو رۆژهەلاتی کوردستان .

کە لە شەرە دژووارەکانی ئەو کات دەژمێردرێت لە نێوانیاندا و بە نۆبە ئەو ناوچانەیان دەکەووتە بەردەست ، کە هەمووی خاکی داگیرکراوی کوردستان بوو، لە ئەنجام پەیمانی ئاشتیان مۆر کرد بەشێووەی کاتی کە مۆرکردنی ئەو جۆرە پەیمانانە لە پێناو دووبارە خۆ ئامادە کردن بوو بۆ شەرێکی دیکە لەسەر خاکی کوردستان و گەلانی دیکەدا .

١٦١٤

١٦١٤/٣/٣١ کۆچی دووایی نیگارکێشی سەردەمەکان – دۆمەنیکۆ گریگۆ – لە ئەسپانیا ، کە بە هونەرمەندێکی بلیمەتی ئیسپانی ناسراو بوو.

١٦١٥

١٦١٥/١/٣١ خان ئەحمەد خانی باوك کووژ دەسەڵاتی گرتە دەست و شاری – سنەی – کردە پایتەختی خۆی و بەبێ ویژدانانە هێرشی بردەسەر هۆزەکانی بلباس و دانیشتووانی ناوچەی موکریان و شارەکانی – سابلاخ و ورمێ و مەراگ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، داگیرکرد .

ئەمەش لەدوای شەڕێکی خووێناوی کە لەهەردوو لای هێرشبەرو بەرگری کەر بەسەدان کەس کووژران... دوای ئەوەش پیاوەکانی خۆی لەسەر ئەو جێگایانە دانا ، دوای ئەوە بەرەو شارۆچکەو ناوچەکانی رواندزو هەریرو کۆیەو ئامێدی و لە ئاکام خستیە ژێر دەستی خۆیی و هەریەك لەوانە پیاوەکانی خۆی لەکوێخواو بەرپرس دانا ، کە ئامۆزاکانی کە کورانی بارامی سۆرخاب بەگ بوون و هەریەکەی مەڵبەندێکی پێ سپاردن ... رواندزی دا بە قەرە حەسەن و ، خالید بەگی نارده شەقڵاوەو شەنگاڵ و بەشێك لەناوچەی ئامێدی خستە بەر فەرمانی عوسمان بەگ.

هەروا بەردەوام بوو لە هێرش کردنە سەر هۆزەکانی خالتی و ئێزیدیەکان کە هەردوو لایەنی هێرشبەرو بەرگری کەر زیانێکی زۆریان لێکەووت لەئاکامدا عەلی بەگ زەلمی لەشەڕدا کووژرا ....ئەنجام خان ئەحمەد خانی سەرکەووتنی بەدەست هێناو بەرەو شاری موسل بەرێکەووت و والی موسل کەلە تورکە عوسمانیەکان بوو هەڵات بەرەو شاری حەلەبی ئێستای سووریا .

دوای ئەوە بەرەو شاری بەغدا بەرێکەووت ، کەماوەی ساڵ و نیووێك گەمارۆی شاری بەغدای دا .

بەڵام نەیتوانی بچێتە ناو شاری بەغدا ... ئەم کارانەی خان ئەحمەد خان لەسەر داوای شا عەباسی فارس سەفەوی بوو ... نەك بۆ کورد ، چونکە گەر بۆ کورد بوایە شا عەباسیش تووانای سەرکەووتنی نە بەسەر هەڵۆخان دەبوو

نـه بەسـەر خـان ئەحمـەد خـان . لەبـەر ئـەوە خـان ئەحمـەد خـان تـوانی دەسەڵاتەکەی لە کەرکوك و شارەزوور و لە ئامێدیەوە تا کرماشـان و هەمـەدان و هەر لەلۆرستانەوە تا ورمێ بسەپێنێ لە کوردستان .

سەرچاوە :- شەرەفنامە -لاپەرە /٢١٥ - ٢١٦ - ٢١٧ .

١٦١٦

١٦١٦/٤/٢٣ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ئـەدیب و رووناکبیرو هونەرمەنـدی بـەناوبانگی جیهانی - شکسپیر- بووە .

١٦١٦/٩/١٨ نووسەرو رووناکبیرو گەڕۆکی بەناووبانگی ئیتالیٚو جیهانی - دیلافانیـه - ئـەم نووسـەرو گەریـدە بـە ناوبانگـە سـەردانی وولاٚتـی نێـووان دووزێـی- میزۆبۆتامیا - ی کردووە ، کە گەشتەکەی بە ناو خاکی کوردستان بووە ، کە لـە باکووری کوردستان بـەرەو باشـووری کوردسـتان گەشـتەکەی کۆتـایی پێ هێناوە.

١٦١٧

١٦١٧/١١/٢٢ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان ئەحمەدی چوارەم ، لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا کۆچـی دایی کردووە ، کە ماوەی دەسـەڵاتەکەی چوار ساڵ بووە ... بـەڵام بە هـۆی بـچووکی تەمـەنی عوسمـانی یەکـەمی کـوڕیو لادانـی لـە ڕێنماییـەکانی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی دیکەی عوسمانی مستەفای کوڕی ئەحمەدی یەکەم بووە سوڵتانی عوسمانی، بەڵام بۆ ماوەی سێ مانگ ، ئەویش بە نـەتوانینی ، دوای ئـەو عوسمـان خـانی دووەم بـووە سـوڵتانی عوسمـانی لـە سـەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٦٢٠

١٦٢٠/١٠/٦ لـە ناوەنـدی هێرشـەکانی سـووپای عوسمـانی بـۆ سـەر وولاتـی پۆڵۆنیـا و سـەرنەکەوتنی هێزەکانی سـووپای عوسمانی لـەو هێرشـەدا و کاردانـەوەی ناهـەمـواری کـردە سـەر دەسـەلاتی عوسمـانی ، کـە بـووە هـۆی مـۆرکردنی رێکەوتننامـەی ئاشـتی لـە نێـوان پۆلۆنیـاو دەسـەلاتی عوسمـانی . بەرێکەوتنامـەی هاوکـاری‌و دۆسـتایەتی و بـە دەسـت تێـوەر نـەدان لـە کاروباری ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان‌و هەر یەك لە وولاتەکانیان .

١٦٢٠/١١/٨ ئیمپراتـۆر – فردینانـدی دووەمـی – ئەسـپانیا لـە هێرشـێکی بـەرفراوانی توانی سەرکەوویت بەسـەر مەزهـەبی پرۆتستانتی لـە شاری –بۆهیمیای– مەسیحی .

بەیارمـەتی هێـزە چـەکردارانی مەزهـەبی کاسـۆلیکی مەسـیحی ئەسـپانی لەشەڕی چیای سپی– جبل الابیض– کە بووە هـۆی دەرکردنـی – فردریکـی پێنجەم – لە خاکی ئەو ئیمپراتۆریەتەو هەموو سامانەکەی بلۆك کرا .

١٦٢١

١٦٢١/٦/٢١ لە ئاکامی کێشە دژوارەکانی نێوان بەر هەڵستکارانی دەسەلاتی شایەتی لە ئەنجام بریار درا بە لە سێدارەدانی ٢٧ ئەندامی لۆرداتی بەریتانیا ، ئەویش بەهۆی شەڕو پێکدادان بوو لە چیای سپی – الجبل الابیض – لە وولاتەکەدا .

١٦٢٢

١٦٢٢/٥/٢ بەهۆی کێشەی نێوان دەسەلاتدارانی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە گەرانەوەی کەسایەتی دەسەلاتی عوسمانی، ئەوە ش بووە هۆی کاردانەوەی دژوار لـە ئـەنجام سـولتان عوسمـانی دووەمیـان تیرۆرکـرد ، بـە گەرانـەوەی دەسەلاتی سولتان مستەفا بۆ سەر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٦٢٢/١١/٥ نووسەرەو شاعیری کورد – ئیبراهیم مەلا – ناسراو بووە بە – کوری مونلا لە – حەسەن کێف – لە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان چاوی بە

جیهان هەڵهێناوە .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ئیبراهیم مـەلا لـە سـاڵی ١٥٨٦ تـوانی مۆڵـەتی ووتـار ووتنـەوە بەدەسـت بـێنێ لەلایـەن قـازی – موحیـەدین – لـە شـاری دیمەشـق لەشـام – دوای ئـەوە لەسـاڵی ١٥٩١ بـەرەو شـاری حجـازی وولاّتـی سعوودیەی ئێستا بەرێکەووت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی حـەج کـردن ... دوای ئەوە گەراوە شاری حەلەب و دەستی کرد بە خووێندن و نووسین ... ئیبراهیم مەلا باوکی سەرۆکی قازیەکان بووە لەشاری تەورێز لە رۆژهـەلاّتی کوردستان . چەندین دانراوو نووسینی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووەو لەشاری حەلـەب کۆچی دوایی کردوە .

سەرچاوە:– الاعلام /١/٣٠– خلاصة الاثر/١/١١ – الازهريه /٥/٦٠٦ .

١٦٢٣

١٦٢٣/٩/١١ بە هـۆی لاوازیو بـێ توانـایی سـوڵتان مسـتەفا ، ئـەویش بـە سـەرهەڵدانی تەنگـژەی دەسـەلاّتو ئـابووریو پەیووەنـدی ، کـە لـە دەسـەلاّت لادراو مـووڕادی چـوارەم جێگـەی گرتـەوە بـە دەسـەلاّتی سـوڵتانی عوسـمانی ، لـە پێنـاو بـەرەو باشـبردنی بـاری دەسـەلاّتی عوسـمانی لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکاندا .

١٦٢٣/١١/٢٨ شـا عەباسـی فارسـی بـەهێزێکی سـووپای زۆرەوە گەیـشتە شـاری بەغـداو داگیری کـرد ، ئـەویش بـە پـەلاماردانی هێزەکـانی سـووپاو دامو دەزگاکـانی دەسـەلاّتی عوسـمانی ، لەهـەمان کـات دەسـتی کـرد بـە رەشـبگیری گـەلاّنی شـاری بەغـدا بـە پێـی ویـستی خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەنجام دەدان لـە شارەکەدا.

١٦٢٤

١٦٢٤/٧/١٤ لـە دوای داگیرکردنـی شـاری بەغـدا لەلایـەن هێزەکـانی سـووپای فـارس بەسـەرکردایەتی شـا عـەباس ، دوای ئـەوە بـەرەو داگـیر کردنـی دەووەروبەری شاری بەغدا هـەنگاوینا لـە سـەقامگیر کردنـی بەرگریو ئارام کردنـەوەی بـارو دۆخـی شارەکەو دەسـت کـردن بـە ئەنجامـدان لـە جێبـەجێ کردنی کاروباری دانیشتووانەکان .

١٦٢٥

١٦٢٥/١٠/٣ لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی فارسی سەفەوی مەزهەب شیعەی ئیسلام لەلایەن شاعەباس ، سەرانی خێلی ئەفشار لەوە دەترسان کە شا عەباس تۆڵەی کووشتنی دایکی و باوکییانی لێ بکاتەوە ، لەبەر ئەوە خێلی ئەفشار لە گۆشەو کەناری ئێراندا پەروازە ببوون و نەیان دەتووانی وەکوو جاران مامەڵە بکەن و خۆیان لەدەسەڵاتی شاعەباس نزیك کەنەوە لە وولاتەکەدا .
شایانی باسە ئەو حەوت خێلە ، کە خێلی ئەفشاریان پێ دەگووتن و سەرچاوەی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فارسی بوون لە وولاتی فارس بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیل ، لەهەمان کات ئەو خێلانە بەرپرسیار بوون لە پەلاماردان و هێرش کردنە سەر کوردو خاکی کوردستان لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا .

١٦٢٦

١٦٢٦/٩/٢٢ شاهە یەك لە دوای یەکەکانی دەسەڵاتی فارسی سەفەوی مەزهەب شیعەی ئیسلام لە ئێران ، بە گوویرەی توواناى خۆیان درێخیان نەکردووەو درێژەیان بە هەمان رامیاریەتی شا ئیسماعیلی یەکەم دەدا بەرامبەر بە کوردو خاکی کوردستان ، کە ئەم رامیاریەتەش لە سەردەمی شا عەباسدا چووە قۆناخێکی نوویی جێبەجێکردن کە خۆی لە چوار بنەمای سەرەکی دامەزرا بوو ئەویش:-

١- گۆرینی بنەرەتی لە هەڵ و مەرجی دیمووگرافی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان و راگوێزانی دانیشتووانەکەی بۆ ناوچە دوورەکانی سەرووی رۆژ هەلاتی دەووڵەتی فارسی ، بەتایبەتی بەرەو خۆراسان- ئەحوازی ئێستا - و هێنانی دانیشتووانە ئەزەریەکان بۆ هەرێمی کوردستانی لکێنراو بە دەووڵەتی فارس لە دوای شەری جالیدێران لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی عوسمانی لە هەرێمە جیا جیاکانی کوردستان .

٢- هەوڵدان بەگۆرینی مەزهەبی دانیشتووانی کوردستان لە مەزهەبی سووننە بۆ مەزهەبی شیعە ، کە ئەمەش مالووێرانیەکی دیکە بوو بۆ نەگەیاندنی کورد بە ئامانجەکان لە کوردستان .

٣- سەرکووتکردنی بێ بەزەیی و توونددوتیژی هەموو سەرکێشیەکی کورد ، واتە راپەرین و شۆرشەکانی کوردو بەفارسکردن ، کە بە ئاگرو ئاسن وەڵامی دەدرایەوە ، کە ئەو کاتە ئەوەی عەرەب و فارس بە کوردی دەکرد ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوەی نەدەکرد .

٤- لە بەر ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەبرووای من تورکایەتی نەدەکرد ، بەڵکوو دەسەڵاتداریەتی بنەماڵە بوو ، لە یەکەم جارو بلاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام بوو دووەم جار لە هەرێم و ئەو ناوچانەی کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتەکەیان .

١٦٢٩

١٦٢٩/٣/٦ بە هاندانی ناوەندەکانی دەسەڵاتی پاپا- فردیناند – کە قووراوێکی دیکەی گرتەوە ، کە لەو کاتە مەرسوومی پیلانگێری بە گەرانەوەی دووبارە دەسەڵاتی ئەمیرەکانی راگەیاند لە ئەنجوومەنی یاسادانان و وەرگرتنی بریارەکان ، لەهەمان کات دەسەڵاتەکانی دەستووری پێ نەدرابوو بە گەرانەوەی ئەو سامانانەی کە لە لایەن کەنیسەی کاسۆلیك داگیر کرابوو لە ساڵی ١٥٥٢ تاکوو راگەیاندنی ئەو بریارە لە لایەن فاتیکاندا .

١٦٢٩/٨/٢١ پاش مردنی شا عەباسی سەفەوی فارس – خەسرەو پاشای عوسمانی هێزێکی گەورەی بەرەو شاری بەغدا ناردو لە هەمان کات گەیشتە شاری کەرکوك و بەرەو شارەزوور هەنگاوینا و لە ئاکامدا سەید خانی حاکمی ئامێدی و میرە بەگی سۆران و چەندین میری مەزنی دیکەی کورد سەریان بۆ خەسرەو پاشا شۆرکردو بوون بە هاوکاری . خان ئەحمەد خانیش لەهەمەدانەوە بەخۆیی و ٤٠٠٠٠ هەزار چەکدار رووبەروویان بووەوەو لەئاکامدا سەرکەووتنی بەدەست هێناو شارەزووری لەژێر دەستیان رزگارکرد , کە مستەفا پاشای ئەرنائۆتیش کە کێخوای و پاسەوانی شارەزوور بوو لەو شەرەدا زامدارکرا .

دوای ئەو هەموو کێشەو ململانێیەی نێوان خان ئەحمەد خان و دەسەڵاتی عوسمانی و فارس ، کە لەو ناوەندە کورد دۆراندی بەهۆی زیاتر هاوکاری

کردنی دووژمنانی کوردو خیانەتکاری کورد لەگەڵ کورد ، لە پێناو . بەرژەوەندی کورد بەردەوام بووە لەسەر خاکی کوردستان ... دوای ئەوە بەهۆی شکانی هێزەکانی خان ئەحمەد خان بەرەو موسل رۆیشت لەئاکامدا لە ١٦٣٦/٦/٥ لەشاری موسل کۆچی دوایی کردو لەگۆرستانی یونس پێغەمبەردا بەخاك سپێردراوە لە شارەکەدا .

١٦٣٢

١٦٣٢/١/٢٤ لە لەدایك بوونی روناکبیر وفەیلەسوفی ناوداری هۆلەندی و جیهان – سپینۆزا – لە شاری ئەمستردام . کە هەڵگری بیروبروای ئایینی جولەکە بووە . لەخێزانێکی جوولەکەی ئەسپانی بووەو بەهۆی ئێش وئازاردانی خێزانەکەی بەبوونیان بەجوولەکە بەرەو هۆلەندا کۆچیان کرد . ئەم فەیلەسوفە لەلایەن خێزانی و هاورێکانی پەروەردەی بێ وێنەکراوە . لەکەنیسەی جوولەکان لەشاری ئەمستردام خوێندنی – تلموودی –ی تەواوکردووە لە بوارە جیاجیاکانی خوودی ئاینی جوولەکە ، کەزیاتر لە ٢٠ بەرگ بووە .

شایانی باسە کە ئاینی جوولەکە دابەش بە دووبەش دەکرێت ، ئەوانیش:– ئەلمشنا – ئەلچمارا – لەهەمان کات دوو تلموداشی هەیە ئەویش:– یەکەم:– تلمودی ئۆرشەلیم و دووەم:– تلمودی بابلی .

کە لەشاری بەغدا هاتە کایەوە ... ئەلمشنا ناوەرۆکیەتی و جمارا شی کردنەوەیەتی ... بۆ نموونە :– وەك قورئان وتەفسیرەکەی کەچۆن لەدەورووبەری ئایەتەکە دەنووسرێتەوە . سپینۆزا هەندێ لەدانراوەکانی موسای کوری مەیمونی خوێندووە . زانیاری لەسەر رەوەندەکان وەرگرتووە کە ئەویش کتابی سۆڤ و جادووکەری جوولەکەکان بووە ... سپینۆزا زمانی لاتینی بەباشی فێربووە .

هــەروا ســپینۆزا پزیــشکێکی زانــستەکانی سرووشــت بــووە . زمانــەکانی ئەســپانی و پرتووگــالی وعــبری و فەرەنــسی و ئیتــالی زانیــووە . ســپینۆز فەیلەســوف و زانایــەکی نــاوداری جیهانیــەو دانــراوە جۆراوجۆرەکــانی لەبوارەکانی زانستی تاکوو جیهانیش ماوە ... دانراوەکانی رۆڵ و کاریگەری و کاردانەوەی خۆی هەیە ، بە تایبەتی لەلایەن نووسەرو دکتۆرو پرۆفیسۆرو زاناکانی سرووشت وفیزیاو کیمیاو ئاژەڵناس وچەندین لایەنی دیکە .

ئەم مرۆڤە لەماوەی ژیانیدا درێخی نەکردووە چ لە داهێنان وشیٌ کردنەوەو دانراوی بەنرخ و بەبەهای تاکوو لە ١٦٧٧/٢/٢١ کۆچی دوایی لەتەمەنی ٤٥ساڵیدا دەکات لە وولاّتەکەیدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /١ .



١٦٣٢/٨/٢٩ لە دایك بوونی فەیلەسوف ناوداری ئینگلیـزی - ژۆلم لـوك - لـە شـاری رنگتــۆن لەهــەرێمی سمرســت . دەســت پێکردنــی خووێنــدنی لــە قوتابخانــەی ستمنــستر بــووەو ، دوای ئــەوە لەکۆلێــژی کەنیــسەی مەسیح لەئۆکسفۆرد بەهۆی زیرەکی و لێهــــــاتووی هەڵبــــــژێردرا بەقووتابیەکی هەتاهەتایە .

بەڵام لەساڵی ١٦٨٤ ئەو نازناوەی بەفــەرمانی شانــشین لێــوەرگیرا وە . بــەردەوام بــوو لەخووێنــدن لــەبواری پزیشکی وزانست تاوەکوو ناوداربوو بەدکتۆر لوك لە وولاّتەکەدا .

لە ساڵی ١٦٦٧ بووە پزیشکی تایبەتی بنەماڵەی ئەنتۆنی ئاشلی کوبر . کە دوای ئەوە بووە ئەبرلی یەکەم لەساڵی ١٦٢١ - ١٦٨٣ . وەزیری دادو رۆڵی باڵای بینی لەرووداوە رامیاریە مەزانەکانی کە لە ئینگلتەرە بەرپابوو لەنێوان ســاڵەکانی ١٦٦٠ - ١٦٨٠ ولــە ســاڵی ١٦٧٥ بروانامــەی ماجــستێری لەپزیشکی بەدەست هێنا .

ئەویش بەهۆی ڕووداوە ڕامیاریەکانی ئینگلتەرە بەرەو پاریس ڕۆیشت و دوای ئارام بوونەوەی بارودۆخەکە لەساڵی ١٦٨٨ گەراوە ئینگلتەرەو بەردەوام بوو لەکارە هەمە لایەنەکانی تاکوو لە ١٧٠٤/١٠/٢٨ کۆچی دوایی دەکات لەووڵاتەکەیدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٦٢٣

١٦٢٣/٦/١٩ لە دایك بوونی فەیلەسوفی ماتماتیك و فیزیایی فەرەنسی – بلیز بسکال – لە شاری کلبر مۆن فران لە هەرێمی – ئەفران – لەناوەراستی فەرەنسا . باوکی سەرۆکی دادگای باجەکان بوو ... بۆ یەکەم جار باسکال لەلایەن باوکیەوە فێری زانست بوو ... دوای ئەوە لەساڵی ١٦٣١ چووەتە شاری پاریس ئەم فەیلەسوفە لەبواری ئەندازیاری توانای بێ وێنەی هەبووە.

هەردوو زمانی یۆنانی و لاتینی بەباشی زانیوە . لەساڵی ١٦٣٩ نامەیەکی داناو لەساڵی ١٦٤٠ بڵاوکرایەوە لەبارەی ژمێریاری . لەبواری ژمێرایاری و هەژمارو تیئۆری هاوسەنگی شلە چەندین داهێنانی بە ئەنجام گەیاندووە . ئەم فەیلەسوفە لەکارە هەمە لایەنەکانی ئاینی و زانستە هەمەجۆرەکان بەردەوام بووە تاکوو لە ١٦٦٢/٨/١٩ کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /١ .

١٦٢٣/٧/٨ کۆچی دوایی یەکەم دەسەڵاتداری فارسی سەفەوی لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی فارس– کلب عەلی خان ئەفشار– ، کوردە لێدراوەکان ئەوەیان بەهەڵ زانیو بەووتەی میرزا رەشید وەکوو– حشرات الارض – هاتنە جۆش و خرۆش و تەلاقیان بۆ یەکتر خوارد ، کە بە یەك دڵ و بە یەك زمان لە پێناو لە ناووبردنی ئەفشارەکان تێ بکۆشن و هەموو خێڵەکانی سۆماو برادۆست و ڕەشت و تەرگەووەرو مەرگەووەرو بەردەسور ڕاپەرن ، لە ئەنجام هێرشیان کردە سەر ورمێ و بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕیکی دژووار لە نێوان چەکدارەکانی کوردو لایەنی ئەفشارەکانی فارسی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا .

١٦٣٤

١٦٣٤/٧/٢٧ بەرپابوونی شەڕی مەزهەبەکانی شیعەو سوونەنەی نێوان هێزەکانی سووپا:
عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان موورادی چوارەم
هێزەکانی سووپای فارسی بەسەرکردایەتی شا عەباسی فارسی کە مەزهە
شیعەن ، هێزەکانی سووپای عوسمانی بەرەو شاری بەغدا هەنگاوینا .
کە لەو کات شاری بەغدا لە ژێردەستی شاعەباسی فارسی بوو، ئەمەش ب
هۆی کووشتنی والی بەغدا ، کە مەزهەب سوونە بوو بە ئارەزوی خۆ
مامەلەی لەگەڵ مەزهەب سوونە دەکرد ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپا
عوسمانی بۆردوومانی شاری بەغدایان کرد ، کە بووە هۆی ووێرانکردن
رۆخەکاندنی شاری بەغدا .
کە ئەمەش بووە هۆی داگیر کردنەوەی شاری بەغدا لە لایەن هێزەکان
سووپای عوسمانی و بە دەرپەراندنی هێزەکانی سووپای فارس ... کە ل
ئاکامی ئەو شەڕە زیاتر لە ٢٠ بیست هەزار چەکدارو هاوولاتی شیع
کووژران . جگە لە کووژرانی چەکدارانی عوسمانی و هاوولاتیانی مەزهە
سوونەی ئیسلامدا .

١٦٣٥

١٦٣٥/١/٢٩ لە دوای هەوڵێکی زۆر لە لایەن رووناکبیرو پرۆفیسۆرو نووسەر
مێژوونووسی هەمەجۆر لە بووارە جیاجیاکانی مێژووو زمان کەلتوورو داب
نەریتی گەلانی فەرەنسا ، ئەنجامی ئەو هەولانەش بووە هۆی دامەزراند
دەزگای کۆری زانیاری فەرەنسا لە پاریسی پایتەخت فەرەنسا دا .

١٦٣٦

١٦٣٦/٧/٥ لەکۆچی دوایی ئەمیری ئەردەلان – خان ئەحمەد خانی کوری هەڵۆخان .
شایانی باسە کە خان ئەحمەد خان لە ١٦٠٥/٥/١٩ دەسەڵاتی ئیمارەت
ئەردەلانی گرتە دەست لەو کاتەی کە یەکێك بوو لە حکوومرانەکانی س
بەدەووڵەتی فارس ... هەوڵە سەرەکیەکانی ئەوە بوو کە سەرزەنشتی هەرد

– هۆزی – موکری و بلباسی – کردووە . دوای ئەوە ناوچەکانی رواندز و عەمادیەو کۆیسنجەق و هەریری خستە ژێر دەسەلاتی خۆی . لە ماوەی دەسەلاتی خان ئەحمەد خان لەسەر ئەردەلان بە سەردەمی سەربەستی و ئاسوودەیی ناوزەند کرابوو .

هەوڵەکانی خان ئەحمەدخان لە پێناو پاراستنی حووکمەکانی نیمچە سەربەخۆی کورد بوو ، دژی پەلاماردان و هێرشەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، بەتایبەتی بۆسەر هەردوو شارەکانی کەرکوك و مووسڵ و دەووروبەریاندا . لە هەمان کات پەیوەندی باشی لەگەڵ شا عەباسی سەفەوی فارس هەبوو ، کە شاعەباس رێزی باشی ئەم کەسایەتیە کوردیەی دەکرد بەهۆی راستگۆیی و ئازایەتی و چاونەترسی و پەیوەندیە باشەکان و بەئەنجامەکانی لەناوچەو هەرێمەکاندا .

سەرچاوە :- مشاهیر الکرد /١/١٩٥-١٩٦ .

١٦٣٩

١٦٣٩/١/١٤ دارشتنی یەکەم دەستوور لە کیشوەری ئەمەریکای نوێ بە ناوی – الاحکام الاساسیە– و – لهارتفورد ، کنایتکت– کە یەکەم بەڵگەنامەی کۆمەلایەتی بووە ... کە بنەماکانی دەسەلات دەگەرێنێتەوە بۆ هەلوویستی ئارەزوومەندانەی گەل لە هەموو بووارە جیا جیاکاندا .

١٦٣٩/٥/١١ دابەشکردنی کوردو خاکی کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی فارسی ، ئەم کارەش بەر لە راگەیاندنی پەیمانی زەهاو بەپێی نەخشەی دابەشکردن بە شێوەیەکی فەرمی لە نێوان خۆیاندا .

١٦٣٩/٥/٢ جەنگی درێژ خایەن لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مەزهەب سوونەو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی فارسی مەزهەب شیعە بە نەخشەیەکی تایبەتمەندی بەرژەوەند کارانە ، لە سەر خاکی کوردستان .

ئەویش بە مۆرکردنی پەیمانی زەهاو– قەسرشیرین– بەدابەشکردنی کوردستان کۆتاییان پێ هێناو ئەوسنوورەی کە هەردوو دەوڵەت لە سەری پێك هاتن ، کە لە ئاخسقەوە لە قەفقاس بە ناو مەڵبەندەکانی فارس و وان و

شارەزوورو بەغداو بەسرا تا سەر ئاوی کەنداوو ، بەناوچەرگەی خاکی
کوردستان تێپەری ، بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتنە ئەبوو قەلاکانی قووتوور
ماکۆو مەغازیرد کاول بکرێن و بەچۆڵی بهێلرێنەوە .

کە پێکهاتنی هاوبەش نەیتووانی ناکۆکیەکانی نێوان فارس و عوسمانی بە
تەواوی چارەسەر بکات بەڵکوو دابەشکردنی نارەوای نەتەوەیی کورد
ئەرمەن و گوورجی و عەرەب و دابەشکردنی ئاین ، بە پێی مەزهەب
جیاجیاکان بوون ... بگرە لەخێل و هۆزە جیاجیاکانی پێکهاتەی نەتەوەکانی
ناوچە سنووریەکان بە سەر ئەو دوو دەوڵەتەدا.

کە بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکیەکان زیاترو ململانێی سەخت و دژوار
، لە بەر ئەوەی هەلکەوتەی جووگرافی شووێنی ژیانی کوردیش ، کە لە
نێوان هەردوو دەسەلاتی عوسمانی و فارس دابوو ، کە کوردی خستە نێوان
دوو بەرداشی نێوان هێزەکانی عوسمانی و فارسدا .

نووسەرو رووناکبیرو کەسایەتی ناوداری کورد – ئەحمەدی خانی– خۆی
شایەتی رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوو ، کە چەندین ووتەی بەنرخی لە
دانراوەکانی ئەو سەردەمە بووەو چەندین ووتەی بە نرخی لە دانراوەکانی
تۆمار کردووەو بۆتە مایەی توویژینەووەو جێ بەجێکردن و هێنانە کایەوەو
بە ئەنجام گەیاندنی لە داهاتوی کوردو خاکی کوردستان .

١٦٣٩/١٠/٢٧ یەڵدا شابۆی فەڵە لە بەرەبابی ئۆسلان لە فەڵە کلدانیەکانی گووندی
هەرمۆرتەی سەر بە شارۆچکەی کۆیسنجەق بووە ، لە بەر خۆشەوویستی
خووشکی مستەفا حەیدەری ، لە ئایینی عیسایی هەلگەراووەو بووە ئیسلام
. دوای ئەوە لە گوندی هەرمۆتە دەچێتە گوندی ماوەران لە بەر ئەوەی
ماڵەخەزورانی لەو گوندە بوون . هەر لەو گوندەش کۆچی دوایی کردووە و
گۆڕەکەی لەو گوندەیە .

شایانی باسە عەشیرەتی بندیان هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەم مرۆڤە...
دوای ئەوەی کە بوو بە ئیسلام ، ناوی خۆی لە یەڵدا شابۆ گۆڕی بۆ ناوی –
ئاودەل– کە چوار کوڕی هەبوو ، لە بەر ئەوە عەشیرەتی بندیان بەچوار تیرە
دابەش بووە . کە هەر تیرەیەك لە کوڕێك لەکوڕەکانی یەڵدا شابۆن لە
پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٦٤٠

١٦٤٠/٥/٣٠ کۆچی دوایی هونەرمەندی شێووەکارو تابلۆکێش - پیتەر پۆڵ رۆبنز - کە باشترین هونەرمەندی سەدەی هەڤدەهەم بووەو تابلۆ بەناوبانگەکەی - ژنەکەو کورەکەو مۆمەکەی - بوو ، کە بە ١٢ر٤٠٠ر٠٠٠ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە .

١٦٤٢

١٦٤٢/١/٤ لە دوای رەتکردنەوەی پەرلەمانتارانی بەریتانیا ، بە دەنگ نەدان لە سەر خەرجکردنی ئەو برە پارەیەی کە سووپای شانشینی بەریتانیا پێویستی پێ هەبوو . بۆ خەرجی پێداویستیەکانی و کارە هەمە جۆراو جۆرەکانی سووپا ، بە هۆی جەنگ کردن لە گەڵ سکۆتلەندا ... ئەمەش بووە هۆی کە لایەنگرانی شانشین هەڵسان بە رفاندنی پێنج پەرلەمانتاری دژ بە خۆیان .
کە ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان پەرلەمانتاران و لایەنگرانی لەگەڵ لایەنگرانی شانشین - شارلی یەکەم - ، کە هەردوو لا وەك یەك هێزی سووپایان هەبوو ١٣٠٠٠ سیانزە هەزار سەرباز بە رامبەر ١٣٠٠٠ سیانزە هەزار سەرباز ، لەئاکام هێزەکانی سووپای پەرلەمانی بەریتانیا توانیان دەسەڵاتی خۆیان لەسەر لندەن بچەسپێنن.

١٦٤٢/١/١٠ شانشین - شارلی یەکەم - شانشینی بەریتانیا ، شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیای جێ هێشت بەرەو شاری ئۆکسفۆرد رۆیشت و هێزەکانی لایەنگری خۆی لە بەر پرسان و سووپای بەریتانیا لە شارەکەدا کۆبوونەوە ، کە ١٣٠٠٠ سیانزە هەزار سەرباز بوو ، لە دوای دەست بەسەرا گرتنی هێزەکانی سووپای لایەنگرانی پەرلەمانتارانی گشتی بەریتانیا لە سەر شاری لەندەندا .

١٦٤٢/٤/١ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان خانی دووەم ، کە کوڕی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم بوو چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، دوای لابردنی سوڵتان محەمەدی چوارەم دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی گرتە دەست بەسوڵتانی عوسمانی لە سنووری ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٦٤٣

١٦٤٣/٦/١٤ لە سەردەمی شانشینی بەریتانیا شانشین – ئەلیزابیت – ماوەی بەکاری ڕۆژنامەوچاپەمەنیدا ، ئەویش بەرێنمایی چاپەمەنیو ڕەزامەندی لە سەر کرد ، کە لە لایەن ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا دانراو پێشنیار کرابوو لە هەموو بووارەکانی ڕۆژنامەو چاپەمەنی بە هەموو شێووازەکانیەوە لە وولاتەکەدا .

١٦٤٥

١٦٤٥/٦/١٤ هێزەکانی سوو پای سەر بە پەرلەمانی گشتی بەریتانیا توانیان بۆ یەکەم جار ، لە ماوەی کێشەو ململانێیەکە سەرکەووتنی تەوواو بەدەست بێنن بەسەر شانشینی بەریتانیا شانشین – شارلی دووەم– لە شاری نازبی.
بەڵام ئەو کێشەو ململانێیە بەردەوام بوو تاکوو مانگی/٩/ ١٦٥١ بە هەلاتنی شانشین – شارلی دووەم – بۆ دەرەوی وولات ... ئەمەش بووە هۆی کۆتایی هاتن بە شەڕی ناوو خۆ لە بەریتانیا .

١٦٤٦

١٦٤٦/٦/١ فەیلەسوف و زانای ناوداری ئەلمانی و جیهان – گوتفرید فیلهیلم لایبنز – لە شاری ، لیبتسکی ، ئەلمانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . بەهۆی بوونی باوکی بەدادوەرێکی ڕۆشنبیر زۆر بایەخی بە پەروەردە کردنی لایبنز داوە . بۆیە هەر لەسەرەتای ژیانی فێری زمانەکانی یۆنانی و لاتینی دەبێت .
دوای ئەوە دەست دەکات بەخوێندنی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی ... پاشر ئەوەی لەزانکۆی لیبتسک فەلسەفە تەواو دەکات بەرەو زانکۆی شاری پەنیا دەچێت و لەو زانکۆیەش زانستی ماتمایتیك دەخووێنێ تا لەساڵی ١٦٦٧ بروانامەی دکتۆرا لەیاسا بەدەست دێنێ .
دوای ئەوە بۆ ماوەیەك لە کۆشکی – دۆکی هانۆڤەر – کاری دبلۆماسی ئەنجام دەدات و مێژووش دەنووسێتەوە ... بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەخووێندنەوەو نووسین و تووێژینەوە بەسەر دەبرد. هەر لەسەرەتای ژیانی لایبنز نیشانەکانی داڕێژتنی تیئۆری هزری

دەبینرا.

چونکە مرۆڤێك بوو حەزی لەفێربوون و رەخنە لەخۆگرتنی پێوە دیاربووە ، هەر بۆیەش روانین و بۆچوونی فەیلەسوفەکانی پێش خۆی دەربری و پشت ئەستوورانەش رەخنەی لە تیئۆرەکانیان دەگرت . هەر وەك لە پەرتووکی چەند ووتارێك بۆ – عەقلی مرۆڤ – بەدیار دەکەوێت ، کە تیایدا رەخنە لە بابەتە سەرەکیەکانی ناو پەرتووکەکەی وتارێك بۆ عەقلی مرۆڤی – جۆن لۆکی – فەیلەسوفی ئینگلیزی گرتووە .

بەهەمان شێوەش لەپەرتووکی – ووتارێك بۆ میتا فیزیکیا – نارەزایی خۆی بۆ چۆنیەتی روانینی دیکارت لە میتوودی مینا فیزیکیا دەربریووە ... ئەمە لە ئاست و بۆچوونی شپینۆزاش بەرامبەر بەیەك ناوەرۆکی هاتۆتە وەلام و دەلێت :–

ئەگەر ناوەرۆك بەم جۆرە بێت سپینۆزا باسی لێوە دەکات ئەوە بە دلنیاییەوە هەموو شتەکان نێگەتیف و پەککەوتوو دەبوون ، بۆیە ناوەرۆکەکان بەشێوەیەکی وەهایە کە لە ژمارە نایەن ... دیارترین بەشی زانستی لەلای لایبنز بریتی بوون لە مۆنا دۆلۆژیا – زانستی گەردیلە رووحیەکان – کە وای بۆ دەچوو ، کە گەردوون لە گەردیلەی رووحیەکان پێك هاتووە ... ئەم گەردیلە رووحیانەش ناونابوو بە – مۆنادەکان – لە پەرتووکی تیوودیسا دادوەری خوداوەندیش دەیسەلمێنێ ، کە جیهانەکەی ئێمە بەهەموو شەڕو ناخۆشیەکانیەوە باشترین جیهانە .

لە رووی زانستی – لایبنز – زانستی ماتماتیکیشەوە شووێنی دیارەو لەتەك ئیسحاق نیووتنی زانای ئینگلیزی بە دامەزراندنی زانستی – تەواوکاری و جیاکاری – دەدەنرێت . لەهەموو هاوچەرخەکانیشی زیاتر درکی بە گرنگی لۆژێکی ماتکاتیکی کردبوو .

کە ئامێرێك بۆ پێوانەی ژمارەشی داهێنا ، کە چەندان کرداری گەورەی پێ ئەنجامداو بەو هۆیەشەوە توانی رەگ بدۆزێتەوە ، جگە لەمەش چەندان ئامێری دیکەی بۆ هەلکێشانی ئاوو بەگەرخستنی ئاستی ئاوی داهێنا . لە تەك ئەو کارانەش بایەخی بەکێشە کۆمەلایەتی و رامیاری و ئابووری و رۆشنبیریش دەدا .

هەروا بەردەوام بوو لە پێناو خزمەتکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە داهاتوو
پەرەســەندن و پێـشکەووتن و پەرەپێــدان لــە جیهــان ، تــاکوو لــە رۆژ
١٧١٦/١١/١٤ ماڵئــاوایی لــە وولات و جیهــان کــردو بەرهەمــەکانی تــاکو
ئێستاش جێگەی گرنگی پێدانە لەهەموو بوارەکاندا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - داناتی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢

١٦٤٨

١٦٤٨/١٠/٢٤ مۆرکردنی رێکەووتننامەی - ڤێستڤالیا-- لە شاری ڤێستڤالیای رۆژئاوی ئەڵمانیا ، کە هەموو وولاتانی ئەورووپا بەشداریان تێدا کرد بە ئامادە بوونی ١٣٥ نووێنەر لە کەسایەتی لاهوتو فەیلەسوفەکان .

ئـەویش لـە پێنـاو کۆتـایی هێنـان بەکێشەو ململانێـی شـەڕی ٣٠ سـاڵەی رابـردووی نێـوان هـەردوو مەزهـەبی مەسـیحی لێـك جیـاوازی کاسـۆلیك و پرۆتـستانت ، لـە ئـەورووپاو جیهـانی مەسـیحی، کـە بـەریتانیا و فەرەنـسا و ئەسپانیاو نەمساو رووسیاو ئیتالیا رۆڵـی سـەرەکیان هـەبوو لـەو ململانێ و شـەڕو پێکدادانە . ئـەویش بـەوێرانکردن و لەناووبردنی بەهـەزاران مـرۆڤ و خـانوو باڵەخانـەو کێڵگـەی کـشتووکاڵی و کارگـەو پـرۆژەی پیـشەسازی و ژێرخانی ئابووریدا .

ئەم نەخشەیە شۆڕشی پیشەسازی دیارئەکات بەر لەو ڕێکەوتنەدا

شایانی باسە ئەو کۆنگرەیە بووە هۆی دورست بوونی بنەماڵەی دەسەڵاتو

دەوڵەتو نەتەوە لە ئەوروپادا ، بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی – دەوڵـەت ا
دەسـەڵاتی کەنیسەکان لـە ئـەوروپای رۆژئـاواو ئـەوروپای رۆژهـەڵات ، ک
کەنیسە بەرپرسـار بـوو لـە کاروبـاری ئاینی ومەزهـەبو هـەتا لـە دەسـەڵات
دەوڵـەتیش بەرپرسیار بـوو ، لـە بـەڕێوە بردنـی کاروبـاری دەوڵـەت ل
هەموو بوارە جیاجیاکاندا .
جێگـەی باسـکردنە کـە مـۆرکردنی ئـەم ڕێکەوتننامەیـە هـەموو وولاّتـاند
ئەوروپا بەشداریان تێدا کرد ، تەنیا بـەریتانیاو پۆڵەنـدا نـەبێت . کە گرنگ
ئـەو ڕێکەوتننامەیـە ، کـە لـە شـاری ڤێـستڤالی مـۆر کـرا لـە پەیوەندیـ
نێودەوڵەتیەکاندا ئەویش:-

١- ئەم ڕێکەوتننامەو کۆنفرانسی ڕێکەوتننامەکە بوون بە بنـەما بۆ پێـ
هێنـانی کۆنفرانـسی دیکـە وڕێنمـایی کردنـی وولاّتـان لـە پەیوەندیـ
نێودەوڵەتیەکاندا .
٢- ئـەم ڕێکەوتننامەیـە دان بـە سـەر بـەخۆیی کۆنفدراسیۆنی سویـسرا
وولاّتانی هۆڵەندا دانا .
٣- نزیکەی ٣٥٠ یەکەی رامیاری ئەڵمانیا بە هـۆی ئەم ریکەوتننامـە سـ
بەخۆییان بە دەست هێنا .
٤- پێدا گـری لـە سـەر سـەربەخۆیی فەرەنـسا ، ئەسپانیا ، پرتووگـال ،
قەدەخەکردنی بە فەرمی دەستێوەردانی لە کاروباری پاپا نێوخۆیـ
و دەرەوەی وولاّتانی ئەوروپا .
٥- وولاّتـانی ئـەوروپا ، مـافی گرێدانی ڕێکەوتننامـە . و لـە ئەسـتۆ گرتنـ
بەرپرسـیاریەتی نێودەوڵـەتی و ریکخـستنی کاروبـاری نێووخۆیـا
پێدرا . بە بێ دەستێووردانی دەوڵـتی دەرەکی و بەبێ سەرنجدان ب
داواکاریەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆما و پاپا.
٦- بنەمای سەربەخۆیی وولاّتان ، چ سەربەخۆی رامیـاری و چ سـەربەخۆ
ئـاینی و هـەروا یەکـسان بوونیـان لـە گۆرەپـانی نێودەوڵـەتی
پەیوەندیـەکانی دەرەوە بـۆ یەکـەمجار و بـە شـێوەی فـەرمی لـە
ڕێکەوتننامە پەسند کرا .
٧- وولاّتـان لـە هەڵبـژاردنی ئایینیـدا سەربەسـت بـوون و لـە هـەمان کـا
بەلێنیـشیان دا ، کـە گرووپـە ئایینیکـانی کاسـۆلیکی لۆسـەری

پرۆتستانت ئازادیەکی تەواویان هەبێ.

٨- سیستەمی هاوسەنگی هێز ، هەم لە ئیمپراتۆری رۆماو هەم لە ئەوروپادا پێك هات . ئامانجی سیستەمی هاوسەنگی هێز پێشگرتنە لە سەر هەڵدانی دەوڵەتێکی - زاڵتر - لە ناو یەك رامیاریەکانی ئەوروپادا بوو .

٩- ئەو دەوڵەتانەی کە رێکەوتننامەی ڤێستڤالیان مۆر کردبوو ، بە لێنیان بە یەکتر دا ، کە لە بەرامبەر هەر هێرشێکدا بێ گوێدانە ئایین هاوکاری یەکتر بکەن .

١٦٤٩

١٦٤٩/٧/٣ لە دوای شەڕێکی خوێناوی ناووخۆیی لە ئینگلتەرا کە کۆتایی ئەو شەڕە بەکووشتنی شانشین - شارلی یەکەم - هات لە لایەن رێکخراوی بیوورینانیەکان ، ئەویش بەراگەیاندنی حکوومەتی نووێ ، بە گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ گەلانی ئینگلتەرا ، کە خۆیان ژمارەیان ٥٦ ئەندامی پەرلەمانی گشتی بوو، لەدوای پاککردنەوەی جوولانەوەی براید بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی لۆردات و شانشین لە ٢/٦ هەمان ساڵ بە دامەزراندنی دەزگای جێبەجێکردن بەناوی ئەنجوومەنی دەوڵەت ، کە پێك هاتبوو لە ٣٩ ئەندام ، کە هەموویان سەربەخۆ بوون .

واتە بەریتانیە کۆماریەکان لە ٥/١٩ ی هەمان ساڵ ئەنجوومەنی گشتیان دامەزراند بە شێووەیەکی فەرمی بە ناوی کۆماری ئینگلیزی ، یاخوود دەوڵەتی ئازاد ، کە دەسەلاتی باڵای بەگەڵ دابوو لە سەرنووێنەرانی گەڵ ، لە پەرلەمان بە دامەزراندنی نەك کۆمارێکی دیموکراتی لە سەر بنەماکانی دیموکراتی و بەڵکوو دەستیان کرد بە دەرکردنی ئەندامانی پەرلەمان و

ئەنجوومــەنی لــۆرداتی لایــەنگیری شانــشین – شــارلی یەکــەم – لــە کـاتی شەڕەکەو دوای شەڕەکەدا ، چونکە پەرلەمان ببووە دووبەشی دژ بە یەکتر: لە دەسـەڵاتو لـە هێزی سووپاو لـە داراییولـە بـەرێووە بردنـی کاروبار: ولاتەکە لە هەموو بووارە جیا جیکاندا .

١٦٤٩/١١/٢١ لــەدایك بــوونی نووســـەرو فەیلەســوفی بــە ناوبــەرگری ئــازادی– فرنــسوا مــاری ئارۆیــەمی– نــاوودار بــە – ڤۆلتێر – لە گوندتك لە رۆخی شــاری پاریــسی پایــەختی فەڕەنــسا. هــەر لــە منداڵیــەوە لەلایــەن کۆمۆنــستەکان فێــری خووێندن بووەو هەروا لەگەڵ خووێنــدن بنــچینەکانی ئــایین فێر بووە.

ئـەم فیلەسـوفە لـە تەمـەنی ٢٣ ساڵیەوە بەهۆی سووکایەتی کردنی بەکۆشکی شاهانە لە قەڵای – باستیل – بەنـدکراووەو لەبەندیخانـە داسـتانێکی بـەناوی – هتێنریـاد – دانـاوە ، کە باسـی ئەشـکەنجەکانی پرۆسـتەنتیەکان دەکاتو ئیتر بەو شێووەیە لـە ژیان بەردەوام دەبێت.

١٦٥٠

١٦٥٠/١٢/٢٥ زانای ئایینی و تەسەوف و فەیلەسوف و نووسەرو ئەدیب و شاعیری ناوداری کورد – ئەحمەد ئەلیاس رۆستەم – ناسراو بە – ئەحمەدی خانی – لەشاری بایەزید لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە هۆزی – خانیەکان – بووە . کە لە بنچینەدا باو باپیرانی لە شاری یۆنان ژیاون و لە گوندی خانیْ سەریان هەڵداوە ، کە لە ناوچەی جۆڵە مێرگ بوونە ، کە گەورەترین شار بووە لە ناوچەی هەکاری .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەحمەدی خانی لەلایەن زاناو رووناکبیرانی ئەوکاتە خوێندنی تەواوکردووە ، هەر لە تەمەنی بچووکیدا پێنووسەکەی بە دارشتنی شعر دەستی پێکردووە ، کە بەناوبانگترین شعرەکانی – مەم و زین – بووە ، کە چیرۆکێکی خۆشەویستی بووە لە شێووازی چیرۆکی – لەیلا و مەجنون – بووە .

لەساڵی ١٦٦٥ دەستی پێکردووەو لەماوەی تەمەنی کە ٤٤ ساڵ ئەم چیرۆکە شیعریەی تەواوکردووە ... هەروا چەندین شیعری دیکەی هەیە بە زمانەکانی کوردی ، عەرەبی ، فارسی و تورکی ... هەروا – فەرهەنگی کوردی – عەرەبی – نووسیووە بەناوی – نۆ بەهاری بچووکانی – کە بۆ قوتابیانی ئامادەکردبوو ... هەروا – عەقیدەو ئیمان – هەروا چەندین چیرۆکی غەزەلی هەیە .

شایانی باسە کە مەم و زینی ئەحمەدی خانی بۆ چەندین زمان وەرگێردراون ، وەك :– عەرەبی ، تورکی ، ئەرمەنی ، فارسی ، رووسی – و چەندین زمانی

دیکە ، هەروا بۆ زمانی فەرەنسی ... مەم و زین لە ٢٦٦١ هۆنراوە پێکهاتوو
... کە بە یەکەم قووتابخانەی نەتەوەی کورد دادەنرێت . کە یەکەم شاعیر
بووە کە هێمای نەتەوەیی و نیشتیمانی بەرزکردۆتەوە لە مێژووی نەتەوەی
کورد ... ئەم کەسایەتیە ناودارە و شاعیر و نووسەرو رووناکبیرە لە ژیانی
درێخی نەکردووە تا لەساڵی ١٧٠٦ماڵئا وایی لە گەل و نیشتیمانەکەی
دەکات .

سەرچاوە :- اعلام الکرد ٥٤٠ – ٢٤١ – کورتە مێژووی ئەدەبی کوردی سەردەم ٢/٢٦.

١٦٥٣

١٦٥٣/١٠/١٠ بلاو کردنەوەی یەکەم رۆژنامە ، ئەویش لە شاری رۆمای پایتەختی ئێستای ئیتالیا بووە . کە ئەو رۆژە بە رۆژی رۆژنامەگەری ئیتایا دادەنرێت لە وولاتەکەدا .

شایانی باسە کە ئیتالیا وولاتێکو نیشتمانێکی پڕ لە شارستانیەتو شووێنەوارە لە هەموو بووارەکان وگرنگی بەکەلتوورو داب و نەریت و زمان و مێژووی خۆی داووەو بەردەوام بووە تاکوو ئێستاش .

ئیتالیا مەڵبەندی ئاینی مەسیحیە ، کە ئەویش دەووڵەتی فاتیکانەو رێنمایی هەموو مەسیحی جیهان و سەرپەرشتی و سەرکردایەتی ئاینی مەسیحی دەکات ، بە هەردوو مەزهەبی کاسۆلیکو پرۆتستانت و چەندین لاباڵو بیروو بۆچوونی دیکەی ئاینی ، لەهەمان کات چ لە بوواری ئاین و چ لە بوواری دەووڵەت و دەسەلات ، ئیتالیا رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی و گرنگی هەیە لە پەیووەندی نێوودەڵەتی و ناوخۆییدا .

١٦٥٥

١٦٥٥/١٠/٣١ مەلیك ئەحمەد پاشای والی هەرێمی وان لە باکووری کوردستان چەند بیانووی هەمەلایەنەی دۆزیەوە ، لە پێناو پەلاماردانی ئیماراتی بەدلیس و لە ئەنجام بە هێزێکی سووپای زۆرەوە چووە سەر عەبداڵ خانی میری بەدلیس ، کە زۆربەی هێزەکەی لە کورد پێك هاتبوون و دانیشتووانی دەووروبەری ئیماراتی بەدلیس بوون کە بەپارەو سامان کرابوون .

ئەویش لە پێناو بەرەنگار کردنەوەی کورد دژی کورد ، لە ئاکام بە هۆی کۆچ

پێکردنی دانیشتووانی زۆربەی زۆری ئیماراتەکە دەستیان کرد بە تالانکردنی ئەو سامان و ئەو گەنجینەی کە دەمێك بوو تورکەکان چاویان تێبڕیبوو ، لە ئەنجام هەر هەموویان تالانکردو میرنشینەکەیان لەناو برد لە هەرێمەکەدا .

شایانی باسە – ئەولیا چەلەبی– لەگەل لیژنەی تالان نووسەکەدا بووەو دەڵێ :– حەوت باری حووشتر کتێب بوون و بەتایبەتی کتێبخانەی میر زیاتر لە چواردە هەزار دەستنووسی زۆر نایاب و بە هاداری تێدا بوو ، لە گەڵ چەندین کاری دیکەی شووێنەوارو کەلتووری کۆنی کوردی هەمە جۆری تیابووەو هەمووی دزراو لەناو براوە لەلایەن دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر خاکی کوردستان .

١٦٥٦

١٦٥٦/٧/٢١ لەو رۆژەدا – مۆریترا – حاخامی جوولەکە لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری نوێژکەری ئاینی جوولەکە ئەو دەقەی خوێندەوە ، کە – بێ بەرێکردنی سپینۆزای – گرتبووە خۆ . کە ئەمەش قورسترین سزابوو بەسەر ئەو کەسانەی کە گوایە لەئایین دەردەچوون لەناویدا هاتبوو ... ئەو کەسەی کە دژی خوا وەستاوە لەئاسمان وزەوی بەر لەعنەت کەوتووە . بەمەش فەرمانی کۆمەڵ بەسەر کووشتنی سپینۆزدا درا. دواتر لەدرێژەی دەقەکەی داوای لەهەموو کەسێکی سەر بەجالیەی جوولەکەی ئەمستردام کراوە ، کە ئەو سپینۆزا لەو شارەدا لەخانووێکی بچووك لەباشووری ئەمستردام نیشتەجێ بوو... ئەویش بەنزیك نەکەووتن و قسە لەگەڵ نەکردنی . بەناوی ئەوەی کە سپینۆزا دژی خواو نوێژکردن و دوا رۆژە بە پێچەوانەی هەست وبیروو بۆچوونەکانە لە وولاتەکەدا.

١٦٦٧

١٦٦٧/١١/٣٠ نووسەرو چیرۆك نووسی بەناوبانگی جیهان – جۆناتان سویفت – لەشاری دبلن لەخێزانێکی ئاین چاوی بە جیهان هەلهێناوە وپەروەردە کراوە .



جێگەی ئامارژە پێکردنە کە جۆناتان بەر لە دایکبوونی باوکی سویفت کۆچی دوایی کردووە . و دایکی بەهەتیووی بەخێوی کردووە . ئەم مرۆڤە لە تەمەنەکانی پێگەیشتنی بەهرەی نووسینی هەبووە و لەدارشتنی چیرۆك رەمزی پالی پێوەناوە وچیرۆکی سەیرو سەمەرەی نووسیووە ویەکێك لەو چیرۆکانە چیرۆکی – گۆلیڤەر – بووە .

چیرۆکەکانی جۆناتان لەچوار گەشتی پر لە سەرسوورهێنەرو مەترسی ورووداوی سەیرو سەمەرە دەدویٚ وبەخەیالی چووەتە نێوو جیهان بۆ ئەوەی بچکۆلەو بوونەوەی گەوورەو ناو وولاتی زاناو تێگەیشتوو ... چیرۆکەکانی رووناکی خستۆتە سەر رەوشت و هەلسووکەووتی مرۆڤی دەسەلاتداری مشەخۆر و مرۆڤی بیٚ هێزو بیٚ دەسەلات لەشێووازێکی پر لە تەنزو وتوانج ورەخنەی لەژیانی ئەو سەردەمەی خۆی گرتووە.

مەبەستی جۆناتان لەناوەرۆکی چیرۆکەکانی ئەوە بووە ، کە باسی لە رژێمی وولاتانی ئەوروپا و دەستووری ئینگلیزی بووە ، ئەو وولاتە زانایانە باس دەکرد و لەوکەسە دەسەلاتدارانەی وولاتەکەی خۆی دەدا ، کە هیچ راستیان لا نیە تەنیا مەبەستی هەرە گەوورەیان بەدەستهێنانی دەسەلات

وکۆکردنەوەی مال وسامان بووە ... ئەم کەسایەتیە لە نووسینەکانی بەردەوام بووە تاکوو لە تەمەنی ٧٧ سالیدا واتە لە ١٧٤٥/١٠/١٩ کۆچی دوایی دەکات لە ولاتەکەیدا کە بەریتانیایە .

سەرچاوە :– گۆڤاری مجلە ١٤٥٥ لە ٢٠٠٨/١/٥ .

١٦٧٢

١٦٧٢/٩/١٨ لە ناوەندی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزەکانی سووپای پۆلۆنیا و بەردەوام بوون لە کۆتایی هێنان بە کێشەکان ئەویش بە مۆرکردنی پەیمانی – بۆزاکس– کە شەڕشەکە بەرەو کۆتایی هاتن هەنگاوینا .

لە دوای ئەوە پۆلۆنیەکان بە ناوەرۆکی ریکەووتنەکە رازی نەبوون و شەڕەکە بەردەوام بوو تاکوو هەموو خاکی ولاتەکەیان لە ژێر دەستی هێزەکانی سووپای عوسمانی رزگار کردو زیانێکی مادیو گیانی زۆر لە هێزەکانی سووپای عوسمانی و پۆلۆنی کەوت ، لە گۆرەپانەکانی شەرەکەدا ... کە بە دلخۆشکەری گەلانی پۆلۆنیا بوو بە سەرکەووتنی هێزەکانی سووپاو سەرکردەو گەلەکەیان لە ولاتەکەدا .

١٦٧٣

١٦٧٣/١٢/٢٢ سولتانی عوسمانی سولتان ئەحمەدخانی سێیەم لە دایك بووە ، کە کوڕی سولتان محەمەدی چوارەمەو لەکاتی دامەزراندنی سەرو سامانێکی زۆری بەسەرداو دەستەکەی دا دابەشکرد بە تایبەتی هێزی سەربازی ، بۆئەوەی بتوانێ لەکارە سەربازیەکانی سەرکەووتوو بێتلە شەڕەکانیدا.

لە هەمان کات مووفتی ئاینی – فەیزوللا ئەفەندی– لە سێدارە داو دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆری لە سەربازەکانی لە سێدارە دا... شایانی باسە هێزەکانی سووپای عوسمانی ، واتە هێزی سەربازی ناووزەندو ناسرابوو بە – ئینکشاریە– چ لە ناو ئیمپراتۆریەتەکە و چ لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٦٧٧

١٦٧٧/١٢/ بەرپابوونی ئاژاوە لە نێوان هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلام لە

شاری مەککە لە وولاتی حیجازدا ... ئەمەش هۆی ئەوە بوو کە لە شەوی پێنج شەممەی رۆژی ٨/ شەوال/ ١٠٨٨ کۆچی بەردی رەش و دەرگای کەعبەو جێگەی نووێژی هەینی شێووەێندرابوو بەشێووەیەکی ناشیرین – ماناکە دیارە– ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نابێ شیعەکان سەفەری مەزارەگەکانی مەراسمی حەج بکەن ، گەر هاتوو مەزهەب شیعەکان گەیشتنە جێگە پیرۆزەکان لە شاری مەککەدا .

دەبێ ئەو جێگایانەی کە پێیدا دەڕۆن خاوێن بکرێتەوە – واتە بسمیل بکرێت– تا لەم رۆژەوە زیاتر پەیوەندی نێوان هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلام بەرەو دژووارتر هەنگاوی دەنا بە تایبەتی لەلایەنی هەڵگری بیری وەهابیەکان ، کە سعوودیە هەرهەموو وەهابیەو ژمارەیەکی کەمیان نەبێت لە وولاتەکەدا .

١٦٧٩

١٦٧٩/١/٢٤ لە لەدایك بوونی نووێنەری گەورەی فەلسەفەی ئەلمانی – ولف ڤۆلف – لەشاری برسلاد لە لەئەلمانیا . بۆ یەکەم کە دەستی کرد بەخووێندنی لاهووتی ... بەلام دوای ئەوە رووی کردە خووێندنی ماتماتیك و فیزیا تا ئەوکاتەی توانای باشی پەیداکردو هەوڵی چارەسەری کێشەکانی نێوان لۆسەریەکان وکاسۆلیکیەکانی دەدا .

لە ساڵەکانی ١٦٩٩ –١٧٠٢ خووێندنی لە سەر دانراوەکانی دیکارت دەست پێکرد . لەساڵی ١٧٠٣ بروانامەی دکتۆرای لەزانکۆی لیبستك بەدەست هێنا ... ئەم فەیلەسوفە لەکارە هەمە لایەنەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٧٥٤/٤/٤ لە هلەی ئەلمانیا کۆچی دوایی دەکات.

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٦٨٣

١٦٨٣/٩/١٢ هێزەکانی سووپای هاوبەشی نەمساو مەژەرو پۆلۆنیا بەسەرکردایەتی- سوبیسکی- و بە ئامۆژگاری پاپای کاسۆلیك پەلاماری هێزەکانی سووپای عوسمانیدا .

ئەویش بە سەرکردایەتی سەرکردەی عوسمانی- قرەمستەفا ئاغا - لە ئاکامی شەڕی نێوان هەردوو لایەن هێزەکانی سووپای مەسیحی سەرکەووتن بەسەر هێزەکانی سووپای عوسمانی لەهەرێمەکانی - ساکس و باڤیرا - دوای ئەوە هێزەکانی سووپای عوسمانی لەسەر زێی دانووب کۆکرانەوەو بەرەو شاری بوود بەرێکەووتن، لە هەمان کات هێزەکانی سووپای هاوبەش - سوبیسکی- هەر بە دوایاندا بوون ، کە ئەم رۆژە بووە رۆژێکی مێژوویی لە بەزاندنی هێزەکانی سووپای عوسمانی و بەرەو پاشەکشەکردن هەنگاویان دەنا لە ناوچەکەدا .

١٦٨٥

١٦٨٥/٢/٢٣ لە دایك بوونی دامەزرێنەری مۆزیکای ئینگلیزی و مۆزیکا ژەنی جیهان - گیوریخ فریدریك هاندل - لەشاری هانۆڤەری ئەلمانیا ... کە بە پێچەوانەی ناودارانی بواری مۆزیکا بووە ، خێزانەکەیان نەك هەر لەم بوارە ناسراو نەبوون بەڵکوو رێزیشیان لێدەگیرا . هەر بۆیە لەترس باوکی ئامێرە بچووکەکەی لە دەرەوەی ماڵ دەژەنی و کاتێك کە بەهرەی مۆزیکاشی لێبەدیار دەکەوێت یەك لەمیرەکان ، داوا لەباوکی دەکات رێگای پێبدات و تیئۆریەکانی مۆزیکا لەگەڵ خوێندنی ئاسایی بخوێنێ ، کە ئەوسا هاندل حەزی لەهیچ جۆرە خوێندنێك نەدەکرد .

شایانی باسە کە ئەم هونەرمەندە چەند وڵاتی دیکەی لەجیهان کردووە لە پێناو سەرکەووتنی کاروبەهرەکەی کە لە ساڵی ١٧٢٤ ئۆپرایەکی دیکەی بەناوبانگ بەناوی - یۆلیۆس قەیسەر - دەنووسێ ... کە ئەویش وەك زۆر لەنووسەرو هونەرمەندەکانی دیکەی شارەکەی یۆلیۆس قەیسەری شکسپیر دەکات ... هەروا لەساڵی ١٧٢٨ ئەو شانۆیەی کە کارەکانی تێدا پێشکەش دەکرد دوچاری دەبێت .

هەروا لەساڵی ١٧٣٧ جارێکی دیکە دەگەرێتەوە لەندەن ، کە ئەمجارەیان

گۆرانیبێژه ناودارەکانی ئۆپرا لەدەوورەی خۆی کۆ دەکاتـەوه .. لـەدە ساڵەی دوایـی ئـەو هونەرمەنده هـەوڵی گۆڕینی لـەکارەکانی خـۆی دەکرد لـه ئۆپراو سـیمفۆنیاو چـەندین کـاری دیکـه ... کـەزۆر پێـووەی مانـدوو دەبـوو وەك خەیاڵێکی نەپساو تاکوو لـه ١٧٥٩/٤/١٤ کۆچی دوایـی دەکات بـه ماڵئـاوایی لـه جیهانی مۆزیکا لـه وولاتەکەیدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢.

١٦٨٥/٣/٢١ مۆزیکـــژەنی کلاســـیکی ئـەلمانی وجیهـانی - یۆهـان ساسـتیان بـاخ - لەشـاری - ئیزنـاخ - چـاوی بـه جیهـان هـەلهێناوه . هـەر لەشـارەکەی خــۆی دەســتی کــردووه بــه قۆناخـەکانی خوێنـدن و لـه هـەمان کـات وانـەی مـۆزیکی لەلایـەن یۆهـان ئـەمپرۆزس - بەخووێنـدنی کەمانجـه ژەنـی بـــاوکی ، لـــەدوای مردنـــی بـــاوکی لەگـــەل یۆهـــان کریستۆفی بـرا گـەورەی دوا



وانەی ژەنین لەسەر کلاڤان وئۆرگۆن خووێندوه .

لـه ساڵی ١٧٠٣ بۆ ماوەیەکه که وەکوو ژەنیاری کەمانجه لـه ئۆکسترای دۆگ خایمـار کـاری کـردووه ، دوای ئـەوه لـه سـاڵی ١٧٠٧ بـەهۆی لێهـاتوویی لـه ژەنیـاری ئۆرگـۆن گوواسـتراوەتەوه بـۆ کەنیـسەی شـاری مولهـاوزن . دوای گەڕانـەوەی بـۆ خایمـار یەکـەم کـاری ئۆرگـۆنی بـەناوبانگی نووسـیووه ، وەك تۆکات کە ئۆپێرا بووە لە وولاتەکەدا .

لەسـالی ١٧١٦ خایمـاری جـیٚ هێـشتووه وبـووه بـه سـەرۆکی تیپـی مـۆزیکی دیوەخـان لـەلای لیۆبۆلـدی فـەرمانرەوای شـاری - ئافهالـت ، کۆنـت - کـه ئـەوکات خـوودی فـەرمانرەوایی لەسـەر فیـولا دەبـژەن ، کـه یۆهـان خـۆی

سەرۆکایەتی ئەو تیپەی دەکرد ... دوای ئەوەی کە خۆی لە خزمەت کەنیسە رزگار دەکا وبۆ ئەوەی سەرپەرشتیار ودانەری میوزیکی بێت بۆ ئامێرەکان ، زۆربەی کارە بایەخدارەکانی خۆی دەنووسێتەوە لەوانە :- ٦ پەری بواندنیزەگیە لەسالی ١٧٢١.

دوای ئەوە لە سالّی ١٧٢٣ لە شاری لایبزیك لە ئەلمانیا بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ سال جیّ نشین دەبێت...لەسالی ١٧٤٧ سەردانی پاشای گەورە - فریدریکی - کردووە و پارچەیەك مۆزیکی پێشکەش کردووە . کە دانانی ئەو بابەتەش لەلایەن خۆی وئەو پاشایەوە بوو ... یۆهان سباستیان باخ لەهەموو جۆرەکانی شێووە مۆزیکیەوە ناسراوەکانی لە سەردەمی خۆی داناوە ، لەسەر ئاینی پرۆتستانتسی لە ئەلمانیا .

کە ئەمەش لەبنەرەتدا بۆ زۆربەی کارە مۆزیکیەکانی بووە ، بە پاش کەووتوویەکی بەرهەمی هونەری سەدان پارچە مۆزیکی بە شێووە دارشتنی جۆراوجۆر ، هەروا نزیکەی ٥٠ گۆرانی نووسیووە ... یۆهان گرنگی تایبەتی بە بواری مۆزیکی ئۆرگۆن داوە ، کە زۆر پارچە مۆزیکی لەسەر ئەم ئامێرە داناوە لەجۆری مانتازیا وبرلبوودو وفۆگە وسۆناتا .

هەروا گرنگی زۆری بە ئامێرەکانی هاوشێووە داوە بەتایبەتی گلاڤان . ئەم کەسایەتیە ناودارە هونەرمەندە بەردەوام دەبیّ لەکارە هەمە جۆرەکانی مۆزیکا تاکوو لە ١٧٥٠/٧/٢٨ لەشاری لایزبێك مالئاوایی دوایی لەهونەر دۆستان لە وولاّتەکەی دەکات...دوای مردنی لە ئەلمانیا وەك وەفایەك وریّزلێنان لە سالی ١٨٩٤ پاشماوەی تەرمەکەی دەگوازرێتەوە بۆ کەنیسەی سان تۆماس ولەویّ بە یەکجاری بەخاك دەسپێردرێت.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢.

١٦٨٦

١٦٨٦/٩/٢ لە دوای گەمارۆدانی هێزەکانی سووپای عوسمانی لە لایەن هێزەکانی سووپای نەمسا بەسەرکردایەتی - دۆك دی لۆرین - لە دەووروبەری زێی دانووب و شاری بوود ، لەو کاتەدا سولتانی عوسمانی بریاری لە دەسەلاّت لادانی - ئیبراهیم پاشا - سەرەك وەزیرانی عوسمانی - سەدر ئەعزەم -

له دەسەڵاتدا ... بە جێگە گرتنەوەی لەلایە سلێمان پاشا ، بەلام لە ئەنجام هێزەكانی سووپای عوسمانی شكان بە كووشتنی دادووەرەكەیان– عەبدی پاشا .

كە لەو كاتە زیاتر لە ٤٠٠٠ چوار هەزار سەرباز بەزین لە گۆرەپانی شەڕ هەلاتنیانو بەسەركەووتنی هێزەكانی هاوبەش بەسەركرایەتی– دۆك دێ لۆرین – كە ئیتر هێزەكانی سووپای عوسمانی چیدیكە نەیانتووانی رووبەرووی هێزەكانی سووپای مەسیحی ببنەوە لەهەرێمەكەدا .

١٦٨٩

١٦٨٩/١/١٨ لە دایك بوونی رووناكبیرو كەسایەتی بەناوبانگی وولاتی نەمساو جیهانی – سارڵ لوی دی–مونتسكیۆ – لە كۆشكی– دیلابریر– لە نزیك شاری بۆرۆدی لە نەمسا.

١٦٩٠

١٦٩٠/٧/١٢ لە دوای شەڕیكی درێژخایەن لە نێوان هێزە چەكدارەكانی ئێرلەندی بەیارمەتیو پشتیووانی ئیسكۆتلەندیەكان ، هێزەكانی سووپای بەریتانیا هێرشیان كردە سەر هێزەكانی سووپای ئێرلەندا لە ناوچەی – لایۆین – ، لە ئەنجام هێزەكانی سووپای بەریتانیا سەركەووتنیان بەدەست هێنالە ناوچەكەدا .

١٦٩١

١٦٩١/٦/٢٣ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سلێمانی دووەم لە دوای سێ ساڵ لە دەسەلات لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا كۆچ دوایی كرد...شایانی باسە سوڵتان سلێمان لە ماوەی دەسەلاتی لەو سێ ساڵەدا تووانی ناوچە لە دەست دراوەكانی بگەرێنێتەوە ژێر دەسەلاتی عوسمانی ، وەك – سەلمان پاك– مەدائن ونسو وینو سمندەریەو بەلگراد –، دوای مردنی براكەی ئەحمەد خانی دووەم

جێگەی گرتەوە بە وەرگرتنی دەسەڵات لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٦٩٢

/١٢/١٧ لە دوای ٤٫٥ ساڵ لە هێنانە خووارەوەی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان
١٦٩٢ مستەفای چوارەم لە دەسەڵات بەهۆی دەبەنگی و سەرنەکەوتنی لە جەنگە یەك لە دوای یەکەکان لە داگیرکردنی خاکی گەلان لە هەموو لایەك لە ماوەی دەسەڵاتی و لە تەمەنی ٥٣ ساڵی کۆچی دوایی کرد ، کە ماوەی دەسەڵاتی ئەو سوڵتانە لە ٤٠ ساڵ زیاتر بوولە سەر ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٦٩٧

١٦٩٧/٩/٢٠ لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە لایەن مستەفاخانی دووەمی کوڕی سوڵتان مەجیدی چوارەم... دوای سەرکەووتنی لە چەندین لایەنە جۆراو جۆرەکانی شەڕی بە دەست هێنا بەسەر هێزی سووپاکانی نەمساو دەرکەووتنی سووپای رووسیای قەیسەری و هاوپەیمانیان.

ئەویش لە دوای گفتووگۆی بەردەوام ، لە ئەنجام پەیمانی- ریسویك - مۆرکرا ، لەلایەن نەمساو لەلایەکی دیکە ئەڵمانیاو ئەسپانیاو ئنگلتەراو هۆڵەندا لە لایەکی دیکەدا . لە پێناو بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی سووپای عوسمانی و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر هەرێمەکان و دابەشکردنی خاکی گەلان لە نێوان خۆیاندا .

١٦٩٩

١٦٩٩/١/٢٦ مۆرکردنی پەیمانی- کارلۆفتس- لەنێوان دەسەڵاتی عوسمانی لەگەڵ وولاتانی نەمساو رووسیای قەیسەری و بووندەقیەو پۆلۆنیا کە وولاتی مەژەر بە تەواوی و ، لە هەمان کات هەرێمی ترنسلفانیا بۆ نەمسا بە وازهێنان لە شاری ئازاق بۆ رووسیای قەیسەری ، کە بووە هۆی ئەوەی . کە دەسەڵاتیان بە تەواوی بەسەر دەریای رەشدا بشکێ و سنوورێك بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەو هەرێمەکان لەجیهان دابنێن.

١٧٠٣

١٧٠٣/٥/١٧ لە دایك بوونی دامەزرێنەری مەزهەبی وەهابی- محەمەد عەبولوەهاب – لە شارۆچکەی عەینە لە باکووری شاری ریازی سعودیە ، بە دووری ٤٠ کیلۆمەتر، ناوبراو لە کەش و هەوایەکی گوونجاو پێگەیشتووەو لە بنەماڵەیەکی زانای ئیسلامی بووەو باوکی زانایەکی ئاینی ئیسلام بووە ... هەروا باپیری موفتی ئاینی شاری نەجد بووەو پێشەوای فیقە بووە .
هەروا ماڵەکەی ببووە ماڵێکی زانستی و ئاینی و گرنگی بە دانراووەکانی کوری- تەمیمی- دەدا ، چەندین جار سەردانی چەندین شاری وەك :- حیجازو ئەحساو بەسرەی کردووە لە سەردانەکانی چاوی بە زانایانی ئاینی ئیسلام و مەسیحی کەووتوە ، لە دوای چەندین کێشەو ململانێی بیروو بۆچوون و هەلوویست بە بەرەتکردنەوەی دەیا بیروو بۆچوون ، کە برووای پێ نەبووە ، لە دوای گەرانەوەی بۆ شاری عەینە – عوسمان موعەمەر- یارمەتی دا لە پێناو بلاوو کردنەوەی داواکەی و دەستی کرد بە ئەنجامدانی مەزهەبی وەهابی و بلاوو کردنەووە لە بەرگری لێکردنیدا ، هەر بەم هۆکارە ئەو دارەی کە خەلکی بە پیرۆزیان دەزانی و ئەو گوومەتەی کە لە سەر گۆری زەیدی کوری خەتاب بوو هێنایە خووارەوە لەگەڵ چەندین کاری دیکە لە پێناو چەسپاندنی بیری وەهابی ، کە ئەو بیرە بیرێکی توونرەووە لە ناو ئاینی ئیسلام و سەرچاوەی دورستکردنی کێشەو گرفت و دووبەرەکییە .
ئەمەش کە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی پارت و گروپە ئیسلامیەکان ، لە هەمان کات ئەو بیرە وەهابیە نەگوونجاوە لەگەڵ مەزهەبەکانی دیکەی شیعەو سوونەی ئیسلام و دژ بە زۆر لە کارو کردارەجۆراو جۆرەکانی ئاینی ئیسلامە .

١٧٠٣/٨/١٥ لە دوای دورست بوونی باری ناهەمورای ناوخۆو دەرەکی لە ناو دەسەڵاتی عوسمانی بە سەرکردایەتی سوڵتان مستەفای دووەم لە ماوەی ٨ ساڵ لە دەسەڵاتەکەی ... لە ئەنجام بووە هۆی ئەوەی کە لە سەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لابرێ... دوای ئەوە لە ١٢/٣١ ی هەمان ساڵ سوڵتان مستەفای دووەم لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

١٧٠٧

١٧٠٧/٥/١ هەردوو پەرلەمانی ئۆسکۆتلەندی و ئینگلیزی هەڵوەشێندرایەوە و لە جیاتی ئەو دوو پەرلەمانە پەرلەمانی نوێی هاوبەش پێك هێندرا .

شایانی باسە رێکەوتنی یەکبوون و مانای کۆتایی هاتن بەئینگلتەرەو ئۆسکۆتلەندا بوو وەکوو دوو وڵاتی سەربەخۆ لە دایك بوونی بەریتانیای مەزن بوو , کە بریتی بوو لە هاوسەرگیری بەرژەوەندی ... هەرچەندە هەردوو وڵات بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بە شا یان شاژنێك بەشداریان کردبوو لە ساتی یەکبوونی هەردوو تاج لەساڵی ١٦٠٣ ، کە ئەو کاتەی شاری ئوسکوتلەندا - جیمسی شەشەم - لەجێگای شاژن ئەلیزابیتی یەکەم تەختی پادشایەتی وەرگرت ، کە هەردوو وڵاتی وەکوو دوو وڵاتی بەرچاو مانەوە ... کە ئەوکاتەی ئینگلتەرا .

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم لەگەڵ فەرەنسا تووشی جەنگ هاتوو شا لویسی چوارەمیش دەستی کرد بەهاندانی شای کلۆلیك جیمسی هەشتەم لەئینگلتەراو ئۆسکۆتلەندا ، پێوویستی بەوەکرد میراتی پرۆتستانتی شاژن - ئان - بپارێزێت و لەترسی ئەگەری ئەوەی کە لایەنگیرانی شا جیمس ئۆسکۆتلەندا لە دژی ئینگلتەرا دەرگای پشتەوە بشکێنن لە شارەکەدا .

١٧١١

١٧١١/٧/٢ مۆرکردنی پەیمانی- فکزنی- لە نێوان دەسەڵاتی قەیسەری رووسیاو دەسەڵاتی عوسمانی ، کە بووە هۆی جێ هێشتنی چەندین ناوچە وەك :- هەرێمەکانی قەوقاس و دەریای سپی ناوەراست بۆ دەسەڵاتی عوسمانی ، کە زۆربەی لە سەر خاکی باکووری کوردستان بوو لە کێشووەرەکەدا ، ئەویش لە پێناو بەرز کردنەوەی بەرژەووەندی خاك و ئابووری و دەسەڵاتەکانیان

١٧١٢



١٧١٢/٦/٢٨ لـه دایـك بـوونی نووسـەرو رووناكبیری جیهـانی -جـان جاك رۆسـۆ- لـه شاری ژنێـف لـــه خێزانێكـــی بـــه ڕەگـــەزە فەرەنـــسی بـــاوكی رۆســـۆ سەعاتـچی و لـه هـەمان كـات مامۆسـتای – بالیـه – بـووه ، هـەروا دوای ٨ دایكی مـردووه ، هـەروەكوو خـۆی دەڵـێ – بـه لاوازی و نەخۆشـی لـه دایـك بـووم و دایكـم ژیانی خـۆی بـه له دایك بوونم بەخشی ئەو له دایك بوونـم كارەساتی یەكـەمم بوو – هـەرو دوای مردنـی دایكـی ، بـاوكی نـەیتوانیووه رۆسـۆ بـه خێـو بكـات و لـه لا مامۆژنی بە خێوكراوە .

شایانی باسه ئەو كەسایەتیه له شاری سانفرانسیسكۆی بەریتانیا له دای بووەو له تەمەنی ٤٠ سالیدا كۆچی دوایی كردووە.واتـه له ١٧٧٨/٧/٢ ، د دوای بـی ئـەنجام گەیانـدنی داخوازیـەكانی له زانـست و ئـەدەب و هونـەر دەیا كاری دیكه له ماوەی ژیانیدا .

١٧١٣

١٧١٣/٦/١٨ مـۆركردنی پـەیمانی- ئەدەنـه – لـه نێـوان وولاتـانی هۆڵەنـداو بـەریتانیا رووسیاو دەسەلاتی عوسمـانی ، ئـەویش بە هـۆی دەسـت تێووەردان لـەكار بـاری نـاووخۆو دەرەوەو پەیووەندیـە تایبـەتی و گـشتیەكانی نێوانیـان بەتایبەتی پەیووەندی بازرگانی لەسەر بەنـدەرو كەنارەكانی دەریاو زەری زێكاندا ، كه له ئاكام ماوه به دەسەلاتی عوسمانی درا كاره بازرگانی و راو ماسی له سەر كەنارەكانی دەریای رەش ئەنجام بدات .

١٧١٧

١٧١٧/٦/٢٤ ئەم رۆژە بە رۆژێکی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت لەلایەن مێژووی ماسۆنییەکان ، ئەویش بەپەرینەوەی بیری ماسۆنیەت لە سەردەمی کۆن بۆ سەردەمی نوێ ، لە بەر ئەوەی لەم رۆژەدا لە لەندنی پایتەختی بەریتانیا ماسۆنیە دێرینەکان بڕیاریاندا بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێی جیاواز لە ئامانجەکانیان و چۆنیەتی ئەندامان لە سەندیگا کۆنەکان ، کە لەریزی ماسۆنیەکان بوون ، دوای ئەوە ئەو کۆمەڵەیە نەك هەر لە لەندەن پەرەی سەند بەڵکوو بەرەو ئەورووپاو هەموو وڵاتانی دیکەی جیهان هەنگاوینا .

شایانی باسە بیری ماسۆنیەت پەرەسەندن و گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی بەهۆی جیاوازی بڕووای ئایینی لە سەر زەوی و کێشەی نێوان ئایینیەکان و کۆك بوون لەگەڵ هەمووئایینەکان . کە ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی یەکەم رێکخراوی ماسۆنی لە شاری لە ندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە لایەن دەوڵەمەندە یەهودیەکان ، ئەویش لە پێناو خزمەتکردنی ئیستیعماری بەریتانیا و هاوپەیمانانی لە جیهان بەتایبەتی لە ئەورووپای رۆژئاوا.

١٧١٨

١٧١٨/٧/٢١ مۆرکردنی پەیمانی بەناووبانگی- بساروفتس- لە دوای سەرکەووتنیان بەسەر سەرەك وەزیرانی دەووڵەتی عوسمانی - خەلیل پاشا- کە لە پێناو یارمەتی دانی شارەکە هاتبوو بۆ مۆرکردنی پەیمان .

کە نەمساو وولایەتی تمسووارو شاری بەلگرادو بەشێکی مەزن لە وولاتی سرب بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی لە هەمان کات کۆماری بووندەقیەش هەر وەك خۆی بمێنێتەوە لە ناوچەکەدا .

١٧٢١

١٧٢١/١٠/٢ سەرکردەی فارسی سەفەوی- خوداد بەگی ئەفشار- بەخۆی و هێزێکی گەوورە لە دوای چەندین جار هێرش و پەلاماردانی هۆزو تیرەکانی کوردو بەردەوام بوونی لە هێرشەکان ... دوای ئەوە بەرەو لاجان هەنگاوینا لە

بناری شاخی قەندیل لە رۆژهەڵاتی کوردستان .

که مەڵبەندی هۆزی بلباس بوو، لە کاتی گەرانەوەی دا بەدیل و تالانەکەیەوە شەرکەرەکانی بلباس لە ناکاو هەلیان کووتایە سەری و پاسەوانەکانیان کووشت و دیل و تالانەکانیان لێ سەندەوە . لەئاکام هێزەکانی ئەفشار هەڵاتن بە هۆی بەسەرنەکەووتنیان خووداد بەگ ، لە داخا خۆی کووشت و هۆزی بلباس سەرکەووتنیان بەدەست هێنا لەشەرەکەدا بەهەڵاتنی هێزەکانی سووپای فارس لە ناوچەکەدا .

١٧٢٣

١٧٢٣/١٢/١١دەرکەووتنی کەریم خانی زەند لە ناو سووپای نادرخان ، کە کەسایەتیەکی کوردی بەجەرگ و لێهاتوو بوو ، کە لە گەڵ عەلی موورادی سەرکردەی بەختیار رێکەووتن ، بەڵام بە هۆی جیاوازی بیروو بۆچوونیان ، عەلی موورادی لەناووبرد ، دوای ئەوە بووە سەرکردەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عەلی مووراد .

دوای ئەوە سەرکەووتنی بەسەر قەجەریەکانی ئەفگان هێناو بەرەو فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی هەنگاوینا تاکوو گەیشتە دوا پلەی سەرکەووتن و ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدار بوو ، لە ماوەی دەسەڵاتی رێکەووتنی لەگەڵ بەریتانیا مۆر کردو سوودی لەکەشتیە بازرگانیەکان وەردەگرت ، دوای وەوە هەولی بووژانەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتەکەیدا..

ئەو بنەماڵەیە یەك لە دوای یەك بەردەوام بوون لە دەسەلات تاکوو مانگی/ ١٧٤٩/٧ ، ئەویش بەهاتنی محمد ئاغا لە ئەنجامی شەریکی خووێناوی ، کە بووە هۆی بەرەو تووانەوەی بنەماڵەی کەریم خانی زەند . لە نێوان دوو دەسەلاتی دژ بەیەکتردا ، لەهەمان کات دژ بەکوردو خاکی کوردستان ، کە

ئەویش ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو فارسی سەفەوی بوون لە هەرێم و ناوچەکەدا .

١٧٢٤

١٧٢٤/١/٢٨ دروستکردنی باڵەخانەی ئەکادیمیای زانستەکان لە شاری پترسبۆرگی پایتەختی رووسیای قەیسەری ، لە لایەن قەیسەر... کە ئەو باڵەخانەیە بوو بە کۆگایەکی سەرەکی بەڵگەنامە جۆراو جۆرەکانی نەتەوەییو نیشتمانی و ئاینی گەلان لە هەموو بووارەکاندا ، بە تایبەتی گەلی کورد .

کە زۆربەی زۆری بەڵگەنامە بە نرخەکانی لە سەر باری کوردی تیایە لە بووارەکانی نەتەوەییو نیشتمانو زمانو مێژووو دابو نەریتو کەلتووروشارستانیەت و شووێنەواری کوردو خاکی کوردستان .

١٧٢٤/٤/٢٢ لەدایك بوونی مەزنترین فەیلەسوفی سەردەمی نوێ - لامانایل کانت - لە شاری کینگسبرگ لە پرووسیای رۆژهەلات ... کە باوکی پینەدۆزێکی راستگۆبووە لە کارەکەیداو دایکیشی دینداریەکەی زۆرتووند بووە . هەر لەبەر ئەوەش کانت پەیوەندی بە بەرێوەبەری پەیمانگای - فریدیك فرانس شۆلتس - کردووە و بەردەوام بووە لە خووێندن ، لە ساڵی ١٧٣٢ تا ١٧٤٠ . دوای ئەوە چۆتە زانکۆی کینگسبرگ لە مانگی/١٧٤٠/٩. لەدوای دەرچوونی لەزانکۆ بەهۆی باری نا لە باری ئابووری رووی لەکارکردن کردووەو دوای ئەوە چۆتە خووێندنی باڵا لەزانکۆو بروانامەی ماجستەری بەدەست هێناوە لە ١٧٥٥/٦/١٢ .

هەروا بە مامۆستا لەزانکۆ دامەزراوە و وانەکانی فیزیاو ماتماتیك ویاسای سرووشتی و زانستی ئەخلاقی و لاهووتی گووتۆتەوە بۆماوەی ١٠ ساڵ . دوای ئەوە بەشێووەیەکی فەرمی لە ١٧٧٠/٣/٣١ بە مامۆستا دامەزراوە ... لەساڵی ١٧٨٠ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەکادیمی و لە ١٨٨٧/١٢/٧ بووە ئەندام لەئەکادیمیەی شانشین ، بۆ زانستەکان لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیاو بەردەوام بوونی تاکوو لە ١٨٠٤/٢/١٢ کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢.

١٧٢٧

١٧٢٧/٧/٢٠ له دوای هەوڵە بێ وێنەکانی ئەویش بە کۆچی دوایی زانای مەزنی و بەناوبانگی ئینگلیـــزی و جیهـــان و فیزیانـــاس و داهێنـــەری بیرۆکەی تێئووری بیرکاری –ئیـسحاق نیـوتن – ئـەم مرۆقـە لـە ١٦٤٢/١٢/٢٥ لـە هـەرێمی – لینکـۆلن – لـە ئینگلتـەرە چاوی بە جیهان هـەڵهێناوە ، دوای تـەواو کردنی قۆناخەکانی خوێندن لە لایەن دوو مامی پسپۆری سەرپەرشتی کراوە ، کە ئەوان ناوکیان بڕیووەو گوتوویانە ئەم منداڵە دوو رۆژ ناژێ .

کەچی قەدەر وای کرد کە گەوورە بێت و ٨٥ ساڵی پڕ لە پێشکەشکردنی بەخـشیش بـژی و ببێتـە گـەورەترین زانـای فیزیـاو بیرکـاری و خـاوەنی گـەورەترین و بـاڵاترین هـۆش و هەسـت و بیرکـەرەوە بێـت و هۆشـێکی زانشتیانە هەڵگرێ .

١٧٢٧/١٠/١٢ لـە دوای دابەشـکردنی ناوچـەو هەرێمـەکانی ژێردەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیو رووسـیای قەیـسەری ، کـە زۆر لـەو ناوچـەو هەرێمانـە خـاکی کوردستانیانی دەگرتـە خۆ ... لـەو کاتـەش دەسـەڵاتەکانی نەمساو فارسـی سـەفەوی بـەو دابەشـکردنە رازی نـەبوون بەتایبـەتی لـە سـەر ناوچـەکانی – سـەلمان پـاك ، مـەدائن– کـە ئێستا دەکەوێتـە باشـووری رۆژهـەڵاتی شـاری بەغدا ، هـەروا ناوچـەی مـەریوان لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتانی ژێردەسـەڵاتی فارسی ئێران، تەبریزدا .

کە ئەمەش بووە هۆی لێك ترازانی پەیوەنـدی نـاوخۆیی دەسـەڵاتی فارس و

کێشەی نێوان شائەشرەف ... بەر لەوەش میر محەمەدی ئەفگانستانی کوشتبوو لەگەڵ شا تەهماسبی ساسانی، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی مۆرکردنی پەیمانی نوێی نێوان ئەو لایەنانە لە سەر خاکی گەلان بە تایبەتی خاکی کوردستان .

١٧٣٣

١٧٣٣/٢/١١ لە دایك بوونی شۆرشگێرێکی ئەمەریکی و دامەزرێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکەم سەرۆکی ویلایەتەکگرتووەکانی ئەمەریکا – جۆرج واشنتن– لە شاری واشنتۆنی پایەختی ئەمەریکا... شایانی باسە ئەم مرۆڤە توانی سەربەخۆیی ئەمەریکا بەدەست بێنی بەجیابوونەوەی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیای مەزنی ئەو کاتدا هەروا بەردەوام بووە لەپێناو یەکخستن و بەهێزکردنی وولاتەکەی لەهەموو بوارە جیاجیاکان ، بەتایبەتی لەبواری ئابووری‌وبازرگانی سەربازی تائەو کاتەی لەتەمەنی – ٦٧– ساڵیدا ماڵئاوایی لە ئەمەریکاو گەلانی ئەمەریکا کرد لە ١٧٩٩/١/١٤ لە شاری مۆنت فیرنۆن‌و هەر لەوێ لەگەڵ مارتاوی خێزانی نێژراون لە گۆرستانی شارەکەدا .

١٧٣٣/١٠/٢٤ بەرپابوونی شەرو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی‌و هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی ، لە ناوچەی لەیلانی رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێستای ئێراق ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای عوسمانی شکان‌و پاشەکشەیان کردو هێزە چەکدارەکانی کوردیش بەشداریان لەو شەرپدا کرد ، بە یارمەتیدانی هێزەکانی سووپای فارس ، لە هەمان کات بەرگری کردن بوو لە ناوچەکەدا .

١٧٣٤

١٧٣٤/١١/٢٧ یەکەم گەرۆکی فەرەنسی کە سەردانی شاری کەرکوکی کردبێت – ژانی ئۆتێر – بــووە ، کــە گەشــتەکەی خــۆی دەســت پێکــردووە و لــە ســاڵی ٧٨٤ سەفەرنامەکەی خۆی بەناوی – گەشت بۆ تورکیا و ئێران – بە پێوەند لەگەڵ لەشکر کێشەکانی – تەهماسب قوولی خان – لە پاریس لە دوو بەرگدا بە چاپگەیاندراوە و بڵاوکراوەتەوە .

جێگەی باسکردنە کە ئۆتێ لەسەفەرنامەکەی دەنووسێ و دەڵێ :–

بەیانیــەکی زوو بــوو گەیــشتمە شــاری کــەرکوک ، کــە کــەرکوک پایتــەختی حکوومەتی شارەزوورە کە بەشێکی کوردستانە ، ئەم حکوومەتەش بۆ سی دوو هەرێمی لاوەکی دابەش دەبێت و کەوتۆتە نێوان ئازربایجان ، ئێراق فارس ، وویلایەتەکانی بەغدا ، موسل ، ئامێدی و هەکاری ، کوردەکانی گۆران – Kiourans – کە گەورەترین بەشیان لە ژێر دەستدایە و شوێنی سەرەکیان ناوی – پلنگانەیە وشارێکی گەورەیە لە ناوچەی – قزلجە -

هەروا لە بارەی پاشای کەرکوکەوە دەنووسێ:–

پاشای کەرکوك ووریای دووژمنایەتی ئێرانە و بریاری داوە قەڵاکە ئاماد بکات و بە پەلە کاری تێدا بکەن بۆ چاککردنەوەی ئەو پەرژینەی کە لە زۆ شووێنەوە بۆتە کەلاوە .

هەروا گەرۆکێکی دیکەی فەرەنسی – رۆسۆ – دیبلۆمات و گەرۆکی ناودار سەر بە بنەماڵەی – ژان ژاك رۆسۆ – لە ساڵی ١٨٠١ سەردانی کوردستانی کردووە و لە کتێبەکەی خۆیدا – وەسپی پاسالێکی بەغدا – کە لە ساڵی ١٨٠٩ لە پاریس چاپکراوە و دەنووسێ :–

کەرکوك شارێکە خراپ بوونیاتنراوە , بە نزیکەیی شارێکە بێ بەرگری دەتوانین بەرزایەکەی لە رووی دەریاوە بە ٣٦ پلە بخەمڵێنین ، هێڵی درێژیەکەشی بە ٤٣ پلەو چەندین چرکەیەك بخەمڵێنین ، کەرکوك کەتۆتە سە بەرزیەکی ٥٥ فەرسەخ Lieu لە بەغداوە دوورە ، لەلایەن موتەسەلیمێکەو حووکمرانی دەکرێ ، کە فەرمانی بۆ دێ بۆ چاکردنەوەی ئەوەی پێویست بیکات ، بۆ پاراستنی شارەکە لە هەموو دەست درێژیەك لەلایەن کوردەکانەو ، خەڵکەکەی چالاکن ، پیشەسازیکارن ، لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەتوان شەش سەد چەکدار بخەنە بەر دەست پاشا کە لە زۆر هێرشی هەمە چەشند

ئازایی بوون .

هەروا گەڕۆکێکی دیکە بەناوی – ئۆلیڤیێ – olivier – کە بە فەرمانی حکوومەتی فەرەنسا گەشتێك بۆ ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات و دواتر سەفەرنامەکەی خۆی لە پاریس لەساڵی ١٨٠١ – ١٨٠٧ بەناوی – گەشتێك بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، میسر ، ئێران – لە سێ بەرگی گەورەدا بڵاودەکاتەوە و ئۆلیڤەر لەو کتێبانەیدا دەنووسێ و دەڵێ :-

هێشتا دووکاتژمێری دیکە ڕۆیشتین گەیشتینە بەردەم شاری کەرکوك ، مەسیحیەکان ئێمەیان جێهێشت و بۆ دیدەنی چەند خالیدییەك چوون ، تەتەرەکەمان پێشمان کەوت تا نامەیەکی پاشای موسل بداتە مووتەسەلیم و داوای لێبکات شارەزایەکمان بۆ پەیدا بکات تا بەغدا .

هێشتا کە فەرسەخێکمان مابوو گەیشتینە گوندێك بەناوی – تسیین – Tissin – لە ناوچەکەدا . هەروا ئۆلیڤەر دەڵێ :-

ئەم وولاتە زەوی و زارێکی پڕ خێرو بەرەکەتی هەیە ، کەرکوك وەك هەولێر کەووتۆتە سەر گردێکی دەستکرد و لەناوەراستی پێدەشتێکی گەورەدایە و وەك قەڵای هەولێر بۆ پاراستنی بە پەرژینێك دەووردراوە ، کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی لە کورد پێکهاتوون و بە شێکە لە کوردستان .

١٧٣٥

١٧٣٥/٤/١٥ سەردانی یەکەم جاری گەشتیاری فەرەنسی – ئۆتیر– بۆ شاری کەرکوک لە باشووری کوردستان ، کە لەوکاتەی کەرکوک دەسەلاتی ئیماراتی بابان وئەردەلان گەشەی بەخۆ دەدیت ، لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لەبواری ئابووری و بازرگانی و ئاوەدان کردنەوە .
دوای ئەوە لە سالی ١٧٣٩ دووبارە گەراوەتەوە شاری کەرکوک و لە نیووەی یەکەمی سەدەی هەژدەم ، کە شاری کەرکوک قەبارەی گەوورە بوونی لە ما ناوەندیدا بوو ، لەو کاتەش کەرکوک دابەش دوو بەش دەبوو ... کە یەکەمیان :– قەلاکەی و بەشی دووەمیان دانیشتووانی دەووروبەری قەلاک بوو ، کە کەرکوک پایتەختی – لیاسالیت – یاشوبە – واتە شارەزوور بوو لە باشووری کوردستان ، کە حکوومەتی شارەزوور لە ٣٢ کەرت پێکهاتبوو کە باشالیت شارەزوور لەئازربایجان و بابان و وولاتی بەغداو موسل عمادیەو هەکاری پێکهاتبوو لە هەرێم وناوچەکەدا.
دوای ئەوە ئەندازیاری ڕووسی – یوسیب تشیرنیك – کە لە سالی ١٨٧٢ - ١٨٧٣ سەردانی شاری کەرکوکی کردو لێکۆلینەوەیەکی لەسەر نووسی .. کە لەو کاتە ژمارەی کورد لەنێوان ٢٠– ٢٥ هەزار کەس دەبوو ، جگە لەسەربازەکانی دەسەلاتی عوسمانی و٤٠ مال لەمەسیحیەکان ، کە ئەوانیش ئەرمەنی بوون ...هەروا دانەری عوسمانی – شەمسەدین سامی – کە لە رەچەلەك ئەلبانی بوو لەدانراوەکانی ژمارەی دانیشتووانی کەرکوکی بە٣٠٠٠٠ هەزار دیاری کردووەو سێ یەکی کورد بوونە لە شارەکەدا .

١٧٣٥/٥/٢٤ دامەزراندنی دەوولەتی ئەفشار لەلایەن نادرخانی کوری ئیمام قلی.. ئەم دەوولەتە ٢٥سال بەردەوام بوو، کە چوار سەرکردە ئەو دەوولەتەیان بەرێوو بردووە تا مانگی /١٧٩٥/٧. ئەویش یەکەم دەسەلاتداریەتی لە سەر ئەم دەوولەتە بە سەرکردایەتی نادرخان بوو... وەك رێگرێكو پارەو سامان کۆکەرەوەو بەرەلای لە دەسەلات ، کە هەموو شتێکی لە پێناو دەسەلاتەکەی بوو، بە ناوی شای سەفەوی تەهماسبی دووەم .

هەروا دوای خۆی ، برازاکەی عەلی ئیبراهیم بوو ، کە لە مانگی ١٧٤٧/١/ دەسەڵاتی گرتە دەست تاکوو سەرەتای مانگی ١٧٤٨/١/، دوای ئەویش ئیبراهیم دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام ماوەی دەسەڵاتەکەی ئەو زۆر کوورت بوو .. دوای ئەوانیش- شارەخ رەزا قلی نادر- کە لە ١/٢/ ١٧٤٨دەسەڵاتی گرتە بەدەست تاکوو ١٧٩٥/٧/١٨ لە دەسەڵات بەردەوام بوو، دوای ئەو دەسەڵاتە هەڵوەشێنرایەوەو دەووڵەتی زەندیەکان سەری هەڵدا ئەویش لەلایەن سەرکردەی لێهاتوو کەریم خانی زەندی کوردی بوو لە هەرێمی رۆژهەلاتی کوردستان.

١٧٣٦

١٧٣٦/٥/١٢ هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی هێرشیان کردە سەر هۆزی - عەشیرەتی- بلباس لە هەرێمی رۆژ هەلاتی کوردستان ، کە نزیکەی ٢٠٠٠ دوو هەزار سەرباز دەبوون ، لە ئەنجامی شەڕیکی سەخت بە دەیان چەکدار شەهید کران و بەدەیا چەکداریش بەدیل گیران ، ئەوانی دیکەش پەرت و بلاوەیان لێکرد.

کە ئەمەش لەلایەن هێزەکانی محەمەد عیساخانی بەلگەری ئەفشار ئەنجامدرا بوو... کە داوای لە نادر کرد یارمەتی بدات . لە پێناو سەرکووت کردنی هێزە چەکدارەکانی هۆزی بلباس یارمەتی نەدانی هۆزی بلباس لە ناوچەکەدا .

١٧٣٨

١٧٣٨/٧/٢ لە دوای ٢١ ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ماسۆنی -باب کلمنت- شانشینی بەریتانیا راگەیاندنێکی بلاووکردەوە بە قەدەخەکردنی کاری ماسۆنییەکان و بیری ماسۆنیەکان بە ناوی ئەوەی کە دژی هەمووئایینێکی سەرزەوین لە جیهاندا .

١٧٤٠

/١٠/٢٠ ئیمپراتۆری نەمسا شارڵ شەشەم کۆچی دوایی کردو کچەکەی جێگەی

١٧٤٠ گرتەوە کە ناوی – ماریە تریزە – بوو ، کە یەکەم هەنگاوی ئەم خاتونە ئەو
بوو کە فەرەنسای لەگەڵ هەندێ دەوڵەتی دیکە یەکخست ، لە پێنا
بەربەرەکانی کردن و دابەشکردنی سامانەکان ، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی
شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای فەرەنسا و هێزەکانی سووپای نەمسا .
ئەم شەڕە لە مێژوودا بەبەربەرەکانی – کیروز – دا دادەنرێت ، کە لەو کات
بنەماڵەی ماریە لە ئەنجام سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەسەر فەرەنسا و
ناوچەو هەرێمە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتەکەیاندا .

١٧٤٢

١٧٤٢/٣/٨ لە دایک بوونی دامەزرێنەری بنەماڵەی خەجەریەکان ئاغا محەمەد ..
شایانی باسە محەمەد زاواو خەزووری یەکتر بوون لە گەڵ کەریم خانی زەند
لە دوای مردنی کەریم خانی زەند لە ١٧٤٧/١/١٣ئاغا محەمەد بەرەو باکوو
گەڕاوەو خۆی کردە شاهەنشاو ئیماراتی پایتەختی فارسی کردە بارەگای
سەرەکی کارگێری دەسەڵاتی خۆی کە دووبەش بوو، لە هەمان کات کێشەو
ململانێ سەری هەڵدا تا ئەو کاتەی کە بنەماڵەی زەندیەکان کۆتایی هات .
شایانی باسە ئەو بنەماڵەیە لە دانراوە بەنرخەکانی – ویل دیورانت – قصة
الحضارات) باسی لێوە دەکات.

١٧٤٣

١٧٤٣/٩/١٣ هێزەکانی سووپای ڕژێمی فارس بە سەرکرایەتی – نادر شای ئەفشاری – گەیشتە ناو شاری هەولێر لە باشووری کوردستان و دەستی کرد بە کووشتن و وێران کردن لەشارەکەدا ، دوای جێبەجێکردنی مەرامەکەی لە شاری هەولێر بەرەو شاری موسڵ بەرێکەوت .

لە ئەنجام ڕووبەڕووی هێزە

چەکدارەکانی– جەلیلیەکان– بوونەوەو نەیانتووانی شاری مووسڵ و دەووروبەری داگیر بکەن .

شایانی باسە کە ئەو جێگەی شەڕ لە نێوان هێزەکانی نادر شای ئەفشاری فارس و جەلیلیەکان لە رۆژهەلاتی مووسڵ روویدا لە نزیك شاری موسڵە ، کە پێی دەڵێن (ئەلبوسیف).

١٧٤٥

١٧٤٥/٢/٣ لە پێناو چاو شکاندنی دانیشتووانی وویلایەتی مووسڵ ، نادر شا خۆی داوای ئەوەی کرد ، کە دەستی لەسەر ئابلوقەدانی وویلایەتی مووسڵ هەڵگرێ و لە ساینەوە بەرەو سەردانی سۆمای برادۆست و قەلاکانی بانیەو بەردەرەشی کرد لە باشوورو رۆژهەلاتی کوردستان.

١٧٤٦



١٧٤٦/٤/١٢ لەدایك بوونی سێیەم سەرەك کۆماری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا – تۆماس جیفرسۆن – لە شاری کۆلۆنیا لە نزیك –شارلۆتزفیك– ی ئۆستانی وویلایەتی – فیرجینیا– لە خانەوادەیەکی گەوورە ، کە باوکی ناوی پیتەر بووە خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر بووەو دایکی ناوی (خنن) بووە .

ناووبراو لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا دەستی کرد بە نووسین لەبارەی مافەکانی ئەمەریکاو گرنگترین مانفێستی دەرکردو پێشکەشی بە کۆبونەوەی – ولیام میزۆرك – لە ساڵی ١٧٧٤ ، کردو دەنگی دایەوە ... لە ساڵی ١٧٩٦ پارتی دیموکراتی کۆماری لە دژی فیدراڵەکان دامەزراند... تۆماس جیفرسۆن

بۆماوەی هەشت ساڵ حوکمڕانی ئەمەریکای کرد ، لە ساڵی ١٨٠١ تا ٨٠٩
. لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە ساڵی ١٨٢٦ کۆچی دوایی کردوو لە وولاتەکەدا.

١٧٤٧


مرقد الشيخ آدي

١٧٤٧/١/١٣ لـــــە دوای کۆچـــــی دووایی رابەری ئاینی ئێزیدیــەکان عــودەی موســــــافر ، کـــــە گۆرەکــــــەی لـــــە مەزارگـــەی لالـــشی پارێزگـای دهۆکـە لـە باشـووری کوردسـتان ، ئـەو مرۆڤـە ئاینیـە رۆڵ ســــەرەکی لــــە کوردسـتان هـەبووە لە سەدەی شەشەمی کۆچی، لە پێناو رێکخستنی بیروو بڕووای ئایینی لە چوا چـێووەی ئـاینی ئیـسلام ، لـەناو خـەلکی کـورد. کـە بـە پیرۆزتـرین زمـا دادەنرێت لە جیهان .

ئەویش بە ناوی ئەوەی کە زمانی خوا پیرۆزە کە – الجلوه ومصحفی رەش ی پـێ نووسـراوەتەوە ، دوای ئـەویش کـوڕی بـرای ئـەبوو بـەرەکاتی کـوڕ سەفەر جێگەی گرتۆتـەوە... دوای ئـەویش کوڕەکـەی ئـەبوو مـەخامر جێگـە گرتۆتەوە ، کە ناو زەند بوو بە عودەی کوردی تاکوو کۆچی دوایی کردوو لە لالش .

١٧٤٧/٦/١٩ کــووژرانی نادرشــای ئەفــشار لــەکاتی هێرشــکردنە ســـەر دانیــشتوواز کوردیەکانی خۆراسان لە رۆژهەلاتی کوردستانی ژێردەسەلاتی فارسدا .

١٧٥١



١٧٥١/٥/١٩ چوارەم سەرۆکی ئەمەریکا – مادیسۆن – لە بنەماڵەیەکی بەنژاد بەریتانی لە فیرژینیا چاوی بە جیهان هەڵیناوە ... کە شاعیرێکی گاڵتەوگەپ بووە . لە دوای خۆی ١٩ هۆنراوەی جێ هێشتووە ، کە زۆربەی ئەو هۆنراوانەشی ئاراستەکردن بووە بۆ بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکا . بۆ ماوەی دوو خوولی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کردنی ئەمەریکا .

لە ١٨٣٦/٦/٢٨ کۆچی دوایی کردووە . ئەم سەرۆکە ژیانێکی زۆر بەختەوەری بردۆتە سەر لەگەڵ کارە میریەکانیدا لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئەمەریکاو پەیوەندیە ناوخۆی ونێوو دەوڵەتیەکان لە جیهاندا.

سەرچاوە :– ئیسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان داناني – عەلی کەندی – چاپی دووەم/٢٠٠٨ .

١٧٥٤

١٧٥٤/١٢/١٣ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان محەمەدی یەکەم لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا کۆچی دووایی کردووەو ماوەی دەسەڵاتداریەتی ٢٥ ساڵ بووە لە سەر ئیمپراتۆریەتەکەدا ... شایانی باسە سەرەرای نیمچە دادوەری لە دەسەڵاتەکەی ، بەڵام هەروەك دەسەڵاتدارانی دیکەی عوسمانی بەردەوام بوو لە فراوانکردنی سنووری جووگرافی دەسەڵاتی لە ئەورووپاو ئاسیاو چەندین هەرێمی دیکە لە دەوورووبەری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٧٦٠

١٧٦٠/١٠/١١ لەدایك بوونی دامەزرێنەری مەزهەبی سان سیمونیە لە ئابووری ورامیاریدا

... – سان سیمون – لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە بنەماڵەیەکی ناودا
دەوڵەمەنــدەکانی فەرەنــسا ، لەگــەڵ هەڵگیرســانی جــەنگی ســەربەخۆ
ئەمــەریکا لــە ســاڵی ١٧٧٩ ســان ســیمون بــووە ســەربازی جــەنگاوەر دژ
هێزەکانی سووپای بەریتانیا ... کە ئەم شەڕەش کاردانەوەی خۆی نوا
لەئەورووپا و ، سان سیمون داوای لەجێگیری شانشینی ئەسپانیا کرد
پرۆژەی کەرتکردنی کەناڵێك ، کە هەردوو زەریای ئەتلەسی وهێمن بەیـ
ببەستێتەوە .
دوای ئەوە گەڕاوە فەرەنسا و لەسوپاکەشدا پلەی قائمقامی – عقید – ی هەب
، کە تەمەنی لەوکات ٢٣ ساڵ بوو ... وازی لەپیشەی جەنگ هێنا دەسـ
کرد بەخوێندنی ئەندازە ... لەو کاتەش کە شۆڕشی فەرەنسا لەساڵی ٧٨٩
هەڵگیرسا ئەو خۆی لەو شۆڕشە دوورخستەوە سەرەرای ئەوەی کە ئەو هە
و خەباتەی لەپێناو ئازادی و یەکسانی وژیانێکی پڕ لەئارامی وئاسودە
هەبوو ، بۆ گەلانی جیهان .
بەتایبەتی گەلی فەرەنساو بەداواکردنی بەخۆماڵی کردنی سامانەکا
دەرەبەگە دەوڵەمەندو خاوەن کارگەو پرۆژەو زەوی ، هەرچەند خۆیش
لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو .
هەر بەو هۆیەش لەساڵی ١٧٩٣خرایە بەندیخانەو دوایی ئازادکرا . ا
تەمەنی ٣٧ ساڵیدا هەستی بەوەکرد کە چارە سەری کێشەکان لەرێگەی کا
زانستیەکان دەبێت . ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە یەکەم دانراوی لەساڵ
١٨٠٢ بەناوی – رسائل ساکن فی جنیف – ی بڵاوکردەوە لەگەڵ چەند
بابەت و دانراو لەبوارەکانی زانست و یاساو مافەکان و بەردەوام بوونی ل
کارە هەمەلایەنانە تاکوو لە ١٨٢٥/٥/١٩ کۆچی دوایی دەکات لەپاریس
پایتەختی فەرەنسا.

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢

١٧٦٦

١٧٦٦/٤/٢٢ لە دایك بوونی رۆماننووس وسیاسەتمەداری فەرەنسی خاتوو – مارام د

ستال – لە شاری ژنێڤی وولاتی سویسرە ... ئەم نووسەرە بەهرەدارە کچی جان تێگەر ١٧٣٢ – ١٨٠٤ ی وەزیری دارایی بەناوبانگی – لویس شازدەهەمی – شای فەرەنسا بووە . ئەم کچە خوێندنی لەشاری پاریس تەواوکردووەو هەر لەمنداڵیەوە توانای نووسینی هەبووە ، لەساڵی ١٨٧٥ دەستی بەنووسینەکان کردووە .

لە ساڵی ١٨٧٦ رۆمانێکی سەرکەووتووی بەناوی سۆفا بلاوکردرتەوە . لەساڵی ١٧٨٨دا شووی بەپیاوێکی سوویدی کردو لەوساوە نازناوی مادام دی ستالی لەنووسیەکانی بەکارهێناوە ... لەساڵی ١٧٩٠ تراژیدیایەکی بەناوی – جان گرای – داناوە کە رەخنەگران پەسەندیان کرد .

هەر لەو ساڵەشدا چەند نامەیەکی جوان وبەنرخی لەبارەی جان جاك رۆسۆوە نووسی و ، ناوی چەند نامەیەك لە بارەی رۆمانی گرنگی بەناونیشانی – دلڤین و گۆرین – بلاوکردەوەو بووە هۆی دەرکردنی کەسایەتیەکی بەهێز ... هەڵوێستی بوێرانەی هەبوو لەشۆڕشی فەرەنسا لەساڵی ١٧٨٩ تاکوو رووخانی ناپلیۆن لەساڵی ١٨١٥ ... ئەم ئافرەتە لەنووسینەکانی بەردەوام بوو لەگەڵ داگرتن وڕێزگرتنی لەنووسین ونووسەران تاکوو لە ١٨١٧/٧/١٤ کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەدا .

١٧٦٨

١٧٦٨/٩/٤ نووسەرو ئەدیبی فەرەنسی – فرنسوا شاتوبریان – لە شاری – سان مالۆری – لە رۆژئاوای فەرەنسا چاوی بەجیهان هەڵێناوە .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە شاتوبریان لەبنەماڵەیەکی ئۆرستوکرات بووە ، باوکی – رینی ئۆگستی – خەریکی کاری بازرگانی بووەو رووی لەئەمەریکا کردووەو سوودێکی باشی لەم کارەی بەدەست هێنا ، و رێنمایەکانی باوکی کاریگەری لەسەر شاتوبریان هەبووە .

بەلام شاتوبریان لە تەمەنی هەرزەکاری تێکەلاوی چالاکیە رامیاریەکان دەبێت وزۆریش بە جان جاك ورۆسۆ کاریگەر دەبێتِ ، بەتایبەتی لەروانینەکانی بۆ سرووش وکۆمەڵگادا ... کاتێك شۆڕشی مەزنی فەرەنسا

دەســت پــێ دەكـات لەســاڵی ١٧٨٩ ، لــە چـەخماخەدەدات وشـاتوبریان لـا سووپای پادشایەتی فەرەنسا دەبێتە ئەفسەر .

بـەم راپەرینــە سەرتاســەریە دلخــۆش نابێـت وهــەر لەوماوەیەشــدا یەكـە، بەرهـــەمی ئــەدەبی خــۆی بــەناوی – خۆشەویــستی لــە لادێ – وبــەناوی خوواسـتراوی – شـفالیتی – بلاودەكاتـەوە . هـەروا لەسـاڵی ١٧٩١ گەشـتێكی شیعری و زانستی بۆ ئەمەریكا دەست پێ دەكات ، مەبەستەكەشی ئـەوە بوو تـاكوو بتـوانێ لـەلای باكووری رۆژهـەلات رێگایـەك لـە نێـوان هـەردوو زەریـای ئەتلەسی وئارام بدۆزێتەوە .

شیعرەكانیشی دووركەوتنەوە بوو لـە هـات وهاواری شارو رووانینـی بـوو لـە ژیـانی سـاكارانەی هیندیـە سـوورەكان لـە ئەمــەریكا ، وەك پێكهێنــەرێك زۆر جێگـا گـەرا . رێـزی زۆری لێـدەگیرا ، تەنانـەت سـەرۆكی پێـشووی ئەمـەریكا جۆرج واشنتۆن پێشوازی لێدەكات ، كە بۆ ساڵی دوایی دەگەرێتەوە فەرەنسا ولایـەنگیری خــۆی بــۆ پادشــاو بنەماڵـەی فەرەنــسا دەربــری وشۆرشـگێرانە راوەدویان نا ، بەو هۆیەوە بەرەو وولاتی بەلژیكا دەروات لەو كاتـەی شۆرشـی فەرەنـسا لـە بـارێكی زۆر سـەخت دەبێـت لـە نێـوان سـالەكانی ١٧٩٢ – ١٧٩٤ شـاتوبریان بەناچـاری بـەرەو بـەریتانیا رادەكـات و لەوێـدا مـاوەی ٧ سـاڵ بەنەخۆشی وبرسیەتی وهەژاری بەسەر دەبات .

لەگەل ئەوەشدا فەرمانی لە سێدارەدانی لەلایـەن دەسـەلاتدارانی فەرەنـسا بـۆ دەردەچـێ ...لـەو ماوەیەشـدا گـوێ بیـستی نـەك هـەر مـل پەرانـدنی لویـسی شـانزەهەمی پادشــاو خــاتوو مـاری ئــەنتوانێتی هاوســەری دەبــێ ، بــەلكوو لەسێدارەدانی برا گەورەكەشی دەزانێ . بۆ ئەم مەبەستە دەست بە نووسین دەكات .

لەسـالی ١٧٩٨ لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا پـەرتووكی ووتـاری مێـژووی وكـاری ورامیـاری لـەبارەی شۆرشـەكان بلاودەكاتـەوە ...كـە تێیـدا بەهرەی شیعروفەلسەفەو ئەدەبی خۆی دیار دەخات ... لەو كاتـەی ناپلیۆن دەسەلاتی فەرەنسای لەسالی ١٨٠٠ دەگرێتـە دەسـت شاتوبریان دەگەرێتـەوە فەرەنسا بەناوی – دەسەلات – لەو كاتەدا چەندین بەرهەمی ئەدەبی وشـیعری وفەلسەفی دەنووسێت ، لەوانەی یاداشتەكانی خۆی لەساڵی ١٨٠٨ و دوای

ئەوە لە سالی ۱۸۱۱ لە گرنگترین سالی ژیانی شاتوبریان دادەنرێت کە بەرهەمەکانی بەگەشتێك لەپاریسەوە بەرەو قدس ویادگاریەکانی دوای گۆر دەنووسێت وله ئەكادیمیایی فەرەنسی دەبێت بە ئەندام .

ئەم نوسەرو شاعیروفەیلەسوفە لەماوەی ژیان بەردەوام پێنووسەکەی لە نووسین بەردەوام بوو تا لە رۆژی ۱۸٤۷/۷/٤ مالئاوایی لەوولات و جیهان دەكات.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /۲ .

۱۷٦۹

۱۷٦۹/۸/۱٥ لە دایك بوونی -ناپلیۆن پۆناپارت- لە دورگەی کۆرسیکا لە شاری -ئەجاکسیۆ- لە فەرەنسا ، لە دوای تەواو کردنی خووێندنی جەنگی بە پلەی ملازمی دووی سەربازی لە بەشی تۆپچی وەرگرتووە.

١٧٧٠

١٧٧٠/٨/٢٧لــه دایــك بــوونی روونــاکبیر و فەیلەسـوف جیهـانی – هیگـل – لـه شاری ئینستنجرت و هەر لەو شاره خووێنـــدی ســـەرەتای وناوەنـــدی لــەنێوان ســاڵەکانی ١٧٧٧ تــاکوو ١٧٨٧ تـــەواودەکات ... لەســـاڵی ١٧٨٨ چووە پەیمانگای ستوبنجن – ی ئـاینی ، کـە ئـەو پەیمانگایـە پەیمانگایـەکی پروتـستانتی بـوو ئــەویش ، لــه پێنــاو دەرچــوونی قەشــەکانی ئــەنجیلی بــوو . هــەر لەوشارەدا دایکی کۆچی دوایی دەکات ، کە ئەو فەیلەسوفە قوتابییەکی زیرەك ولێهاتووبوو لەهەموو بوارەکان لە زانستەکان .

لـه دوای سـاڵی ١٧٨٥ دۆزنکـرانتس کتـابێکی بەناونیـشانی ژیـانی هیگـل بڵاوکـردەوە ... دانراوەکـانی هیگـل جێگـەی گرنگـی پێـدان بـوون لەلایـەن فەیلەسوفە جیهانیەکان ، بەتایبەتی مارکس ، سەرەرای رەخنە لێگرتنی هەتا لەلایەن لینین و فویرباخ ... دوای ئەوە لە ١٨١٨/١٠/٢٨ بووەتە مامۆستا لە زانکۆی بەرلین لە ئەلمانیا .

بیرووبۆچوونی هیگل لەسـێ مانا خۆی دەگرت ئەویش – بیر ، سرووشت ، رووح – ئەو سێ مانایەش دەگەراوە سەر – بیر–... ئەم فەیلەسوفە لەژیانیدا لـەکارە فەلـسەفەیەکانی بـەردەوام دەبـێ لـە جیهـان تـاکوو لـە ١٨٣١/١١/١٤ کۆچی دوایی دەکات لە وڵاتەکەدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٧٧٠/١٢/١٦لە دایك بوونی خاوەنی مۆزیکاو سەمفۆنیای ناوداری جیهانی – بتهۆڤن – لە شـاری بـۆنی ئـەلمانیا ... کـوری دووەمـی بـەناوبانگترین عـارف ژەنـەکان و گۆرانیبێژی ئەلمانی بووە ... لەهەمان کات مرۆڤێکی توونـد بووە لەهەڵس و کـەووت وحـەزی بـەوەکردووە کەهـەردەم منداڵـەکانی فێری باشـترین مۆزیکا

ژەنی بکات ولەوانەش بتهۆڤن .



کە بتهۆڤن بەهرەو توانای بەرزی هەبووە بۆفێربوونی مۆزیکا بە کەمانچە و گەشەکردنەکانی بە پەلە بووەو جێگەی سەرسوورمانی بینەران و هەڵقالاّ بشوەو ... لەتەمەنی ٧ ساڵیدا بۆ یەکەم جار لەبەردەم جەماوەر دەرکەووت لەیەکێ لەئاهەنگەکانی مۆزیکاو ، دوای ساڵێك دانەری مۆزیکی - کریستیان گوتلوب ئیف - ئەرکی سەرپەرشتی کردنی و مەشق دانی بتهۆڤنی گرتە ئەستۆو زۆر بەخێرایی تواناکانی لەم بوارەدا دەرکەووت .

دوای ئەوە ئەو گۆرینانەی خستە نێوو بەڵگەنامەکانی لایبزك ، وەك کارێك بۆ مۆزیکای لویس ڤان بتهۆڤن ، کە تەمەنی ١٠ ساڵان بوو ، لە ساڵی ١٧٨٧ بتهۆڤن گەشتی شاری ڤییەنای کرد ، کە ئەوکات ناوەندێکی موزیکی بوو . لەو گەشتەیدا چاوی بەکۆنت والدشتاین کەووت کە مامۆستای پیانۆ بوو . لە دوای مردنی دایکی لەهاوینی ساڵی ١٧٨٧ تووشی چەندین گرفت بوو . بەڵام کارەکانی بەشێووەیەکی رێك ئەنجام دەدا لەبواری مۆزیکاو لە ساڵی ١٧٩٢ شاری ڤییەنای کردە بارەگای نوێی خۆی بۆ وەرگرتنی وانە لەهەر یەك لە هالدین و برێتشبنینر و شیك و سالیری .

ئەم مرۆڤە بەتواناو بەهرەدارە تاکوو کۆچی دوایی لە ١٨٢٧/٣/١٦ دەکات و لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ هەزار کەس بەشداری ناشتنی تەرمەکەی بوون و یەکێکی دیکەی وەك بتهۆڤن بوونی لەجیهان ئاسان نیە لەم بوارەدا.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی ٢/ .

١٧٧٢

١٧٧٢/٢/١ دابەشکردنی پۆلۆنیا لە نێوان ڕووسیای قەیسەری و شانشینی نەمساو بڕووسیا بەرەشکردنەوەی ئەو وڵاتە لە سەر نەخشەی رامیاری هەرێمەکەو جیهان ، بەلابردنی شانشین بەپێی پەیمانی نێوان ڕووسیای قەیسەری و

بڕووسیا، ئەویش لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوانیان بەسەرکردایەتی
قەیسەری ڕووسیا.

١٧٧٣

١٧٧٣/٣/٢٥ بە هۆی نا لە باری باری ناوچەکەو هەرێمەکان ، هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری هێرشیان کردە سەر هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، لە ناوچەی ڤارنا لە باکووری ئێستای ڕۆمانیا ، کە کە پێشتر شارێکی بوولگاری بوو لەسەر دەریای رەش، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای ڕووسیا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەسەر هێزەکانی سووپای عوسمانیدا.

کە لەو کات سەرەك وەزیرانی دەسەڵاتی عوسمانی– سەدر ئەعزەم- سەرکردایەتی هێزەکانی لە رۆژئاوای شاری ڤارنا دەکرد، دوای ئەوە سەدر ئەعزەم داوای گفتوو گۆی لە دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری کرد، گفتووگۆکەش لەشاری – میناجەی– بوولگاری ئەنجام درا ، کە دەسەڵاتی عوسمانی دانی بەسەربەخۆیی تەتەرەکانی قرم نا لە گەڵ هەرێمی - بساربیا– کە هەرێمێکی رۆمانی بوو، هەروا ناوچەی– قۆیان– کە هەرێمێکەو دەکەوێتە رۆژئاوای قەفقاس ، لە کێشووەرەکەدا .

١٧٧٤

١٧٧٤/٧/٢١ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی هاوکاریو دۆستایەتی لە نێوان نووێنەری دەسەڵاتی عوسمانیو باڵوێزی ڕووسیای قەیسەری ، کە ئەو ریکەووتنە لە ٢٨ مادە پێك هاتبوو ، لەوانە دان نان بەسەربەخۆیی تەتار لە هەرێمی قرم و بساربیا . کە دەکەووێتە رۆژئاوای شاری کۆنستنزای وولاتی رۆمانیا لەسەر دەریای رەش، ئەویش بە پاراستنی سەربەخۆیی دەووڵەتی عوسمانی لە بوواری ئاینیو ڕێنمایەکانیدا .

١٧٧٥

١٧٧٥/٣/٤ لە دایك بوونی میر محەمەد-پاشای کـۆرە لـە باشـووری کوردستان- لە شارۆچکەی روانـدزی سـەربە پارێزگـای هـەولێر... پاشـای کـۆرە لـە گونـــدی - دیلــزی - لـــە ناوچەی باڵەك لەلای مامۆستا مەلامحەمـــەدی - نینـــۆ - ئامادەی خووێندووە ، هەروا لـــە تەمـــەنی لاوویـــەتی - خەجیجی- کچی بایز بەگی مامی خواستووەو دوای ئەوە

بەرپرسـیاریەتی جوڵـەمێرگ و دۆلی گـەورەوان و دۆلی هـەرووتیان و سەرچیاو سرێشمەو باوویانی گرتۆتە ئەستۆ .

دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست زۆر توندڕەو خۆویستی و گیانی خۆسـەپاندنی بەسـەر هـەموو کارێـك هـەبووەو پـاوانی سـامانەکانی بـەر دەسـتەیی کـردووە ، کـەس نـەیتووانیوە لـەهاوکارانی لـە کەسایەتیەکانی ناوچەکە بەرامبەری بووەستێ لەهەڵسووکەوت و رەفتارەکانیدا .

١٧٧٥/٥/٥ گرێدانی کۆنگرەی دووەم لە شاری فیلادلفیای ئەمەریکا ، ئەویش بە پێك هێنـانی هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکا لـە ژێـر سـەرکردایەتی سـەرۆکی ئەمەریکا جۆرج واشنتۆن ، کە دوایی ئەوە بووە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا.

ئەم نەخشەیە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا دیاری دەکا بە دەرچوونی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای مەزن لەوکاتدا .

١٧٧٥/٧/٤ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا بە جیابوونەوەی لە شانشینی بەریتانیاو – جۆرج واشنتۆن – پۆستی یەکەم سەرۆکایەتی کردنی حکومەتی ئەمریکای گرتە دەست ، لە هەمان کات بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوە ناوە لە ملاو لەولا لە هەرێمە جیاجیاکانی باکوورو باشوور لە پێکهاتەی ئەمەریکا.

١٧٧٥/١١/٢ هونەرمەندو ئەکتەری بەناوبانگی بەریتانیاو جیهان – ریتشرد– لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا دەستی بە نووسینی شانۆگەری کرد ، لە هەمان کات هەوڵی کۆکردنەوەی پارەی دەدا ، تا ئەو کاتەی کە خۆی بووە ئەکتەرێکی شانۆگەری بەناوبانگ ,

کە یەکەم شانۆگەری لە ١/١٧ی هەمان ساڵ پێشکەش بە جەماوەر کردو سەرکەووتنی تیا بەدەست نەهێنا ، بەڵام لە ١١/٢ ی هەمان ساڵ لە شانۆگەری – قەهرەمانە – تووانی باشترین سەرکەووتن بەدەست بینێ ، کە بۆ یەکەم جار بوو لە سەر شانۆی – کۆخنت جاردن – هەڵوواسرێت و بەردەوام بێت لە کاری شانۆگەری رامیاری و کۆمەڵایەتی بەرەو بە جیهانکردنیدا .

١٧٧٦

١٧٧٦/٢/٢ کاربەدەستانی دەسەڵاتی فارسی سەفەوی لە پاڵ بەکارهێنانی زەبرو زەنگ و ئەشکەنجەدان دژی کوردو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان . سەرەڕای ئەوەی کە کورد بوونەو ئەروەبیلەوە هاتوون و بەر لەوەش لە شەنگاڵەوە چوونەتە ئەردەبیل و پەیڕەوەی ڕێبازی شێخەکانیان کردووە ....؟...!.

ئەویش لە پێناو دەستەمۆ کردن و سەرپێ دانەواندنیان کەووتنە بەکار هێنانی هەندێ ڕێگەی دیکە ، وەك پێك هێنان دروستکردنی خزمایەتی و پەیووەندی کۆمەلایەتی لە نێوان فارس و کورد بە هۆی ژن و ژن خواستن لەگەڵ هەندێکیان و دورست کردنی ناکۆکی و دوژمنکاری لەلایەکی دیکە لە نێوانیان و بەگژا کردنی یەکتری لە هەرێمەکەدا .

هەروا هەوڵیاندا لەو ململانێ و کێشە کۆمەلایەتیانە سوود مەند بن. لە هەموو بووارەکان بەتایبەتی لە بوواری نەتەوەیی و نیشتمان و دەسەڵات لە هەرێمەکەدا .

١٧٧٦/٢/ لە دوای دەسەڵاتێکی بەرزو خۆراگری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و لە دوای سەدا شەڕی توونڈو دژوواری خووێناوی ، یەکەم :- لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و دووەم :- لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیسلامی ، بە هۆی دەیا هەڵەی پیلان و پلانی نەخشەی داڕێژراوی شەڕو ئابووری وبازرگانی و سەربازی و ڕامیاری، لە ئاکامدا بەرەو تووانەوەو کەوتن کەووت لە ماوەیەکی کورتدا لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

١٧٧٦/٦ لە ئەنجامی شەڕێکی سێ ڕۆژەی دژووار لەلایەن هێزە چەکدارەکان لە پێکهاتەی سووپای وویلایەتەکانی باشوورو باکوور ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کە لەو داستاندا هێزەکانی سووپای ئەمەریکا هەرەس بێنێ لە بوواری شەڕدا .

١٧٧٦/٧ وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە دوای شەڕو کێشەو ململانێی توونڈو دژوواری بەردەوام لەگەڵ بەریتانیا لەو بارو دۆخەدا ئەمەریکا سەربەخۆیی

خۆی بە شێووەیەکی فەرمی راگەیاند ، بە دەرچوونی لە ژێر دەسەلاّتی بەریتانیا ، کە فەرەنساو ئەسپانیا پشتگیریان لێکرد دژی بەریتانیا .
هەروا ئەم راگەیاندنەش بە ناوی – وویلایەتەکانی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

– بوو . نـاوی پایتەختەکـەی شـاری – واشـنتۆن – ە و ئێـستا ژمـارەی دانیشتووانی ٤,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . و لە ٥٠ وویلایەت پێك هاتووە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی ئەمەریکا ٢٧٥,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاّتەکـە ٩,٣٧٢,٦١٠ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیـشتووانی ٧٦ کـەس لـە یـەك میل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، نزیکەی سێچارەگی دانیشتووانی ئەمەریکا لە بنەرەتا ئەورووپین . بەریتانی و ئیرلەندی ٢٩٪ . ئەلّمانی ٨٪ . ئیتالّی ٥٪ . ئسکەتدە ناڤی ٣٪ . ئەفریکیە ئەمەریکیەکان ١٢٪ . ئەمەریکی و ئەسپانی و پرتووگالی ٨٪ . ئاسیاییەکانی دوورگەی زەریای هادی ٣٪ . ئەباماو جۆرجی و لۆزیانا و هی دیکە ٣٢٪ . لە وولاّتەکەدا .

١٧٧٦/١٢/٣ یەکەم زانکۆی ئەمەریکی لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە شاری بەیروتی پایتەختی ئێستای لوبنان دامەزراو تاکوو ئێستاش ئەو زانکۆیە لەکارەکانی خووێندنی هەمەلایەنەی زانکۆیی بەردەوامە لە بووارەکانی رامیاری و ئابووری و یاسایی و زمان و مێژوو کۆمەلایەتی و پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و ئەلکترۆنی و چەندین بوواری دیکەی خووێندن لە وولاتەکەدا .

١٧٧٧

١٧٧٧/٥/٨ لە شانۆگەری – قوتابخانەی گێرەشێوێنەکان ، مدرسة الفضائح – شریدان تووانی بالاترین سەرکەووتن بەدەست بێنێ و ببێتە یەکەم شانۆگەری لەسەدەی هەژدەهەمدا لە جیهان .

١٧٧٨

١٧٧٨/٥/٣ دوای گەرانەوەی نووسەرو فەیلەسوفی فەرەنسی بە ناسراو بە بەرگری ئازادی – فرەنسوا ماری نارۆیەمی – ناودار بە – ڤۆلتێر – بە تەمەن گەوورەی گەراوە بۆ فەرەنسا ، لەم رۆژەدا کۆچی دوایی کرد... دوای ئەوە کە بەردی بناخەی شۆرشی مەزنی فەرەنسای دانا ئەویش دوای – ١١– . سالْ و کە لە ١٧٨٩/ ٧/١٤ دا هەلگیرسا.

١٧٨١

١٧٨١/٣/١ دۆزینەوەی ئەستێرەی ئۆرانووس... لە دوای هەولْ و تەقەلایەکی بێ وێنە... کە ئەستێرەی حەوتەمە لە کۆمەلەی خۆردا.

١٧٨١/٩/ بەریتانیای مەزن دانیننا بە سەربەخۆیی تەواوی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی فەرمی ، ئەویش لە دوای کێشە و ململانێ وشەرو پێکداکان لە ناوچەو هەرێمە جیا جیاکاندا .لەم وولاتە نوویێەدا .

١٧٨١/١٠/ لە دوای شەرو پێکدانێکی بەردەوام و دژووار لە نێوان هێزەکانی سووپای بەریتانیاو هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە هەرێمی – بۆرکتاون ڤیرجینیا – کە هێزەکانی سووپای بەریتانیا خۆیان دا بە دەست هێزەکانی سووپای ئەمەریکا و بووە هۆی ئەوەی دەست بکەن بە گفتووگۆ لە پێناو مۆرکردنی

پەیمانی پاریس لەنێوان بەریتانیاو ئەمەریکادا.

١٧٨٢

١٧٨٢/١١/٣٠ مـۆرکردنی پـەیمانی پـاریس لـە نێـوان ئەمـەریکاو فەرەنـساو ئەسـپانیا بەریتانیا ، بە بۆنەی سەرکەووتنی شۆرشی ئەمەریکاو سەربەخۆیی لە پێنا هاوکاری و هاوپەیمانیەتی و دۆستایەتی لە نێوانیان ، لە هەموو بووارەکان رامیاری و ئابووری و بازرگانی و سەربازی لە جیهاندا .

١٧٨٣

١٧٨٣/٢/٩ لە دایك بوونی شاعیرو وەرگێری بە ناووبانگی رووسیا ، ئەو شاعیرەی ک پەپوولەی خۆشەویستی لەسەر گوولەکەی نەنیشت ڤاسیلی ئەندرییێۆڤی ژوکۆف لەگووندی میشێکەری هەرێمی ئۆرالێ رووسیای قەیسەری ، لە سالێ ١٨٥٢ و لە تەمەنی ٧١ سالێدا کۆچی دوایی کردووە ، بە مالئاوایی کردن لە گەلانی ژێر دەستەی دەسەلاتی رووسیای قەیسەری کرد لە وولاتەکەدا.

١٧٨٣/٩/٣ لە ئاکامی کێشەو شەری دژووار لە نێوان ئەمەریکاو بەریتانیا ، کە بو هۆی مۆرکردنی پەیماننامەی – پاریس– ی پایتەختی فەرەنسا ، کە ب هۆیە بەریتانیا دانی بەسەربەخۆیی ئەمەریکانا بە رووبەری کەنەدا و ویلایەتی فلۆریدا لە کێشووەرەکەدا .

١٧٨٤



١٧٨٤/١١/١٤بنیاتنـــــانو دورســـتکردنی شاری سلێمانی لـــە لایـــەن مـــیر بـــرایم پاشـــای کـــوڕی ئەحمـــەد پاشـــا ، لـــە هـــــەرێمی باشـــــووری کوردســـتان ، لـە هـەمان کـات پایتـەختی دەسـەڵاتی بابـانی لـە قەڵاچـۆلان گوواسـترایەوە بـۆ شـاری سـلێمانی دورسـتکراوی نـوێ ، دوای ئـەویش عوسمان پاشای کوڕی مەحمود پاشا دەسەڵاتی میری بابانی گرتە دەست لە هەرێمەکەدا .

١٧٨٥

١٧٨٥/٧/٢٠سـوڵتانی عوسمـانی سـوڵتان مـەحمودخانی دووەم ، کـە کـوڕی سـوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەمە ، لە شاری ئەستەمبوڵ لە دایك بووە.

١٧٨٦

١٧٨٦/٢/١٣ لە دوای هـەوڵ و توانایـەکی زۆرو بە هـۆی زۆر بوونی نەخۆشی و گیان لە دەستدانی بە سەدا کەس ، ئەویش بە گەران بە دوای ئەم هۆکارە لە ئاکام بووە هۆی دەرکەوتنی ڤایرۆسی ئەفلەوەنزە بۆ یەکەم جار لە جیهان .

١٧٨٦/١٠/١٨لـه دایـك بـوونی ڕابـەری مۆزیكـای ڕۆمـانتیكی – كـارل ماریـا ڤێردریـك ڤـۆن ڤیبیـەر – لـه شارۆچـكەی – ئیونتی – له نزیك لۆبیكی ئەلمانیا ، باوكی دەرهێنـەری شـانۆو دایكی گـۆرانی بێـژ بـووه ..شایەنی باسه ڤۆن ڤیبیـەر یەكـەم كـەس بـووه ، كه پیانۆ له شووێنی ئامێری ئۆرگن له كۆنـسێرتەكانی بـەكاربێنێ . ئـەم كەسایەتیه له كارەكانی بەردەوام بووه تا له ١٨٢٦/٦/٥ له شاری لەندەن كۆچی دوایێ دەكات ، دوای ئەوه لـه سـاڵی ١٨٤٤ تەرمەكەی دەگوازرێتـەوه ئەڵمانیاو له و وولاّتەدا به خاك دەسپێردرێت .

١٧٨٧

١٧٨٧/٣/٢٨لـه دایك بوونی زانـای بـەناووبانگی فەرەنـسی وگەشـتەوەر– كلۆدیـۆس جیمس ریچ– له نزیك – دیگۆن – ی سەر به یووركەندی له فەرنسا، ناووبراو گەشتێكی بەرفراونی بەناو خـاكی كوردسـتاندا ئـەنجام داوەو هـەوڵی كۆكۆدنـەوەی زانیـاری داوه لەسـەر هـەموو بوواره جیاجیاكانی نەتـەوەیی و نیـشتمانی و زمـان و داب و نـــەریت و كـــەلتوورو شووێنەوارو شارستانیەتی كورد له كوردستان .
هـەروا ئـەم كەسـایەتیه لـه كـارو كردەوەكـانی بـەردەوام دەبێـت تـا لـە ١٨٢١/١٠/٥ كۆچی دوایی دەكات و له باخچەی پاشایەتی – جیهان نۆما - به خاك دەسپێردرێت له فەرەنسا.

١٧٨٧/٥/٢٥ كـۆنگرەی دەسـتووری لـه شـاری فیلادفیـا كۆبوونەوەیـەكی ئەنجامـدا بـە هـەموار كردنـی بەنـدەكانی بەند بـوو بـە یەكیـەتی كۆنفدرالی ، كـه ئەمـەش

پەیماننامەیەك بوو لە نێوان خوودی وویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بە واژۆ كردنی ، كە تیایدا بڕیاریان لە سەر دەستووری نوێدا بە ڕژێمی فیدراڵی لە ئەمەریكا .

١٧٨٨

١٧٨٨/٣/١٠ شاعیرو نووسەری دیارو بەناوبانگی دوا قۆناخی ڕێبازی ڕۆمانسی ئەڵمانیا – جۆزێف فریهیزڤۆن ئایشندۆرۆڤ ... ناسراو بە ئایشندۆرۆڤ لیریكنووس – لە كۆشكی لۆیۆویتزی نین ، نوێی هەرێمی باكووری سیلیزیای بڕووسیای پێشوو ئەڵمانیای ئێستا ، چاوی بەجیهان هەڵهێناوە لە وولاتەكەیدا .

ئەم شاعیرو نووسەرە تواناداره وەك رابەرێك هۆكاری كاردانەوەو كاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بووژانەوەی گۆرانی و چامەی لیریكی نەتەوەكەی . هەر وەك تۆماس مان باسی دەكات و دەڵێ :-

دیمەنە جوان وبەرجەستەكراوەكانی ناو چاخەكانی ئایشندۆرۆڤ كە تا ئێستا كاریگەری زۆریان لەسەر شیعرو ڕۆنەكاندا هەیە ... جێگەی ئاماژە پێكردنە كە ئەم شوێنەی لێی لەدایك بووە كەووتۆتە ناو وولاتی پۆلۆنیا.
دوای ئەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواودەكات لەساڵی ١٨٠٨ بەرەو شاری هایدلبێرگ دەچێت و لەو شارە دەچێتە زانكۆی – هال یاسا – و لەخوێندن بەردەوام دەبێت و ، دوای ئەوە دەچێتە شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا و تاكوو لەساڵی ١٨١٠ لەبواری فەلسەفە دەست دەكا بەخوێندن .
دوای ئەوە لەشاری – ڤیەناش – تاساڵی ١٨١٢ لەخوێندنی فەلسەفەو یاسا بەردەوام دەبێت . دوای ئەوە چەندین هاوڕێ وهاوشانی خۆی دەدۆزێتەوە و ئاشناییان لەگەڵ پەیدادەكات .

دوای ئــەوە بەپلــەی ئەفــسەر بەشــداری لەشــەڕەکانی ئــازادکردنی ناوچــە داگیرکراوەکانی وولاتەکەی دەکا ، کە ناپلیۆن پۆناپەرتی سەرکردەی فەرەنسا دەستی بەسەردا گرتبوون ، بەتایبەتی بەشداری لەشەڕەکانی ساڵی ١٨١٣-١٨١٥ دەکات کە رویاندا .

لە ئەنجام ناپلیۆن بەرەو هەڵاتن هەنگاو دەنێ و بروسیاش مافەکانی خۆی بەدەســت دێنێتــەوە . لــە ســاڵی ١٨١٥ رۆمانێــك بــەناوی – شــاردنەوە – بڵاودەکاتەوە کە بەیەکێك لەکارە دیارو سەرنج راکێشەکان دادەنرێت . هەروا لەســاڵی ١٩١٦ – بەرەوسـریش – بڵاودەکاتــەوە . لــەو ماوەیەشــدا چــەندین کــاری هەمەلایــەنی حکوومــەت بەدەســت دێــنێ تاســاڵی ١٨٤٤ خانەنــشین دەکرێت .

ئەم کەسایەتیە لەکارە هەمە جۆراوجۆرو لایەنەکانی فەلسەفەو یاساو رۆمان بەردەوام تا لە ١٨٥٧/١١/٢٦ ماڵئاوایی لەجیهان دەکات.

سەرچاوە :- www.jmdb.com

١٧٨٨/١٠/٢ حوکمرانەکانی ئازربایجان ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی عەباس میرزای فارسی سەفەوی بوون ، کە لە سەردەمی ئەو رووداوی گرنگ بەرپا دەبوو، ئەویش بەجەنگی نێوان رووسیای قەیسەری و فارسی سەفەوی ناوزەند بوو ، کە چەندین ساڵی خایاندو قۆناخی یەکەمی بە سپاندن و پێك هێنانی گوڵستان بوو لە ١٨١٣/١/٤.

هەروا قۆنـاخی دووەمـی چەسپاندن و پێك هێنـانی تورکمان جای بوو، لە ئەنجام بەرێکەووتنی پارێزگای ئەرزەرۆم لە باکووری کوردستان کۆتـایی هـات ، شایانی باسە رۆژی ئەو رووداوانە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە هەیە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو بووارەکاندا .

١٧٨٩

١٧٨٩/١/٧ یەکــەم هەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتی لــە ئەمــەریکا ئەنجامــدرا ، ئــەویش بەهەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا کە- جۆرج واشنتۆن – بوو.

هەر ئەم مرۆڤەش بوو ، کە تووانی ئەمەریکا دابمەزرێنێت و سەر بەخۆیی بـە رژێمـی فیـدراڵی وویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا راگەیـەنێ لــە کێشوورەکەدا .

١٧٨٩/٤/٣ یەکەم حکوومـەت دەستی بەکارەکانی کرد بـەپێی دەسـتووری ئەمـەریکاوی فیدراڵی دەست پێکردنی یەکەم دانیشتنی کۆنگرێسی ئەمـەریکی لەشاری نیـۆرۆك ، کـە لـەوکات شاری واشـنتۆن دەسـت بـە بینـاکردنی نـەکرابوو لـە ناوچەکەدا .

١٧٨٩/٤/٨ سولتانی عوسمانی سوڵتان عەبدونحەمیدی یەکەم ، لە تەمـەنی ٦٦سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووەو مـاوەی دەسـەڵاتەکەی زیـاتر لـە ١٥ سـاڵ بـووە ، لـە دوای خۆی سوڵتان سەلیمی سێیەم جێگەی گرتـەوە لەسـەر هەڵسووڕاندنی کاروو باری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لە سەر هەمان ڕێنمایەکاندا .

١٧٨٩/٤/٣ یەکـەم ئاهـەنگێرانی سـەرۆکایەتی لـە مێـژووی ئەمـەریکا ئـەنجام بدرێت ، لـە دوای سـوێند خـواردنی جـۆرج واشـنتۆن بـەوەرگرتنی پۆسـتی یەکـەم سەرۆکی ئەمەریکا لە جیهاندا .

١٧٨٩/٦/١ بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی لە بواری ڕامیاری ... کە لەوکاتە ئەنجوومـەنی چینەکانی پێك هاتـەی دەووڵـەتی فەرەنسی بڕیـاری کۆمەڵـەی نیشتیمانیان مۆرکرد ، ئەویش لەدوای شـەووڕۆژێك لـەگفتووگۆو کێشە بەرەزامەندی ٤٩٠ دەنگ بەرامبـەر ٩٠٠ دەنـگ ، کـە بەرهەڵستکاربوون و نووێنـەران ڕەزامەنـدی خۆیـان بەدەسـتگیربوون بەدەسـتوور ڕاگەیانـد . بـەپێی یاسـای دەسـەڵاتی شانـشین لەفەرەنـسا ... ئەمـەش لـەدوای کێشەو ململانێـی نێـوان دەسـەڵات وجەماوەری گەلی فەرەنسا هات ، بە هۆی بەرزبوونەوەی باجی دەرامـەت ونـا لەباری باری ژیان و پاوانکردنی سامانی گەلانی فەرەنسا لە وڵاتەکەدا .



١٧٨٩/٧/١٤ شۆڕشگێڕە فەرەنسیەکان پەلاماری قەڵای – باستێل – یان دا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا و دەستیان بەسەراگرت و دوای ئەوە قەڵاکەیان ڕووخاند ... ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە – لویسی شانزەهەم – بروای ئەوەی بۆ دروست بێت و هێزی سەربازی لەنا شاری پاریس بکشێتەوە دەورووبەری شارەکە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە تاکوو ئێستاش گەلی فەرەنسا ئەم ڕۆژەیا کردۆتە ڕۆژێکی پیرۆزو هەموو ساڵێك یادی ئەم ڕۆژە دەکەنەوە ... هەر ووشەی باستێل بە واتای ، باڵەخانەیەکی بەهێزو سەخت دروستکراو ، دێ . ئەم قەڵایەش لەلایەن پاشا چارلسی پێنجەم لەساڵی ١٣٧٠ ی زایین دروستکراوە ... بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لەو قەڵا سەختانەی کە بۆ کاروبار دەوڵەت سوودیان دەبێت .

دوای ئەوە کرا بەبەندیخانە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەرهەڵستی پاشا دەک ... ڕووخاندنی ئەم قەڵایەش بەهۆی تێدابوونی بەندکراوەکان بوو لەلایا پاشا چارلسی پێنجەم ... ئستاش ئەم قەڵایە وەك جێگەی شووێنەوارێک شارستانیە لە فەرەنساو باس لێکردنی بە شێووەیەکی مێژوویی بۆ گەلا فەرەنساو گەلانی دیکەی جیهان و بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دەسەڵا تووندرەو و چەوسێنەرو داگیرکەران و دەسەڵاتدارانی شۆڤینی لە جیهان .. هەروا ئەم ڕۆژە بە ڕەمزی هەڵووەشاندنەوەی سەرەڕۆیی پاشایەتی – ڕژێمە پێشووی – فەرەنسا دادەنرێ ، کە لە ڕاستیدا سەرەتای دەستپێکی شۆڕش مەزنی ئەو وولاتە بوو .

لەم ڕۆژەدا کرێکارە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەی – فۆبۆرگ سێن ئانتوان

هێرشیان کردە سەر بەندیخانەی باستیل ، لەگەڵ خاکدا تەختیان کرد ، بۆ ڕێزگرتن لە ١٤/تەمووز ، هەموو ساڵێك ڕێورەسمی تایبەتی سان و ڕێژەی هێزە چەکدارەکانی سووپای فەرەنسا بە ئامادە بوونی سەرەك کۆمارو کەسایەتیە گرنگە رامیاری و سەربازیەکانی ئەو وولاتە لە گۆرەپانی شارل دیگۆل تاکوو گۆرەپانی کۆنکۆرد بە ڕێووە دەچێت لە فەرەنسا لە لایەن گەلانی ئەم وولاتەدا [illegible]

سەرچاوە:- گۆڤاری عەرەبی کوریتی – ٥٧٨ . مانگی/١/٢٠٠٧ .

١٧٨٩/٨/٢٦ شۆرشی فەرەنسی کاردانەوەی کاریگەری کردە سەر باری گەلانی فەرەنساو وولاتانی دیکەی ئەوروپا ، کە بووە هۆی ئەوەی کە راگەیاندنی ماف مرۆڤ و هاوولاتی بوون بە نیشتیمانەکەی جێگیربکرێت بەمەبدەئەکانی یەکسانی لە نێوان هاوولاتیان .

لەو کاتەوە کە هاوولاتیان دەستبگرن بەسەرچاوەی یەکەمی دەسەلاتی رامیاری لە هەڵبژاردن و دەنگدان و مافە رەواکانی چ لەبواری نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی و رامیاری و رۆشنبیری و نەبوونی جیاوازی لە رەگەز و بە ئەنجام گەیاندنی دادپەروەری لە وولاتەکەدا.

چونکە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و داگیرکردن و پاوانکردنی سامانی گەل لە چوارچێووەی وولات ودەسەلاتەکەیدا هۆکاری سەرەکین لە دروست بوونی گەندەڵی لەهەموو بوارەکان و لێك ترازاندنی پەیوەندی لە نێوان دەسەلات وگەل ، بە کاردانەوەی لەسەر باری ناوخۆو دەرەوەی وولاتەکەو دروست بوونی کێشەی کۆمەلایەتی ونەتەوەیی و نیشتیمانی مافەرەواکانی لە وولاتەکەدا .

هەروا لە نێوان ١٧٨٩/٨/٢٧ راگەیاندنی ماف مرۆڤ و هاوولاتی لەفەرەنسا .لەدوای هەوڵ و کۆشش و خەباتی بێ وچان لە لایەن کەسایەتی ناوداری فەرەنسا – لافاییت – کە ئەم بەڵگەنامەیە لە ١٧ مادده پێکهاتبوو لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ لەوولاتەکەو لەجیهاندا .

١٧٨٩/٩/٢ لە دوای کۆچی دوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەمی ، سوڵتانی عوسمانی و بە هەڵکەووتەی بارودۆخی گوونجاو لە بار لەپێش ڕووسەکان

که توانیان شاری بەندر حەسینه داگیر بکەن لەگەڵ زۆربەی ناوچەکانی کەلام و بغدان و بساربیا .

لە هەمان کات هێزکانی سوپای نەمسا چوونە ناو شاری بەلگرادو وڵاتی سربیا ، بەڵام دوای ئەوە بەپێی پەیمانی مۆرکراوی نێوانیان ، ناوچە داگیرکراوەکان گەڕێندرانەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان .

١٧٨٩/٩/٢٤ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ، دادگای باڵای فیدرالی لە ئەمەریکا دامەزرێندرا ، بەپێی دەستووری ئەمەریکا ، کەپێك هاتبوو لە سەرۆك و چەند ئەندامێکی دیاریکراو لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا، دوای ئەوە دادگاکە لە ٨ ئەندام پێك هات لە ساڵی ١٩٤٨و تاکوو ئێستا دامەزراندنیان بەندە بەدەسەڵاتی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، ئەویش بەوەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی پیران .

هەروا لە دوای بە سەرا چوونی تەمەن بۆ خانەنشین کە دەبێ ، کە تەمەنی خانەنشین کردنی ئەندامانی دادگای باڵا لە تەمەنی ٧٠ ساڵاندایە لە وڵاتەکەدا .

١٧٩٠

١٧٩٠/٩/١٠ والی بەغدا سلێمان پاشا هەڵسا بەدروستکردنی پەرژینێك لەچواردەووری شارۆچکەی مەندەلی .... یا بەنوێ کردنەوەی ئەو پەرژینە . لە بەر ئەوەی والی بەغدا عومەر پاشا بەدرەو جەسان و خانەقین و چەند جێگەی دیکەی دا بە ئەحمەد پاشای بابان ، لەگەڵ خورماتوو کە ئەمانە هەر هەمووی گوندو شارۆچکەی کوردی بوونە و کەووتوونەتە ناو سنووری جووگرافی هەرێمی باشووری کوردستان .

سەرچاوە :-مێژووی ئێراق - عەباس عەزاوی .ل/٦ - ج - ٤٦ .

١٧٩١

١٧٩١/١/٩ لە دوای کێشەو ململانێی زۆر لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، لە پێناو بەرەو گۆڕینی بارو دۆخە نێوودەوڵەتیەکان ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی ، لە شاری یاس لە نێوان رووسیای قەیسەری و دەسەڵاتی عوسمانیەکان .

١٧٩١/٤/٢٧ زانای ناوداری جیهانیو داهێنەری تەلەفۆن – سمۆئێل مۆری– چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

١٧٩١/٥/٣ راگەیاندنی دەستووری هەمیشەیی وڵاتی پۆلەندا ، هەر ئەو رۆژەش بووە رۆژی جەژنی نیشتمانیو تاکوو ئێستاش بەو بۆنە ئاهەنگ گێرانیان لەم رۆژەدا بەردەوامە لە وڵاتەکەدا .

١٧٩١/٨/٤ سەرکەووتنی وڵاتانی ئەورووپا بەسەر هەڵەکان ، کە بووە هۆی مۆرکردنی پەیمانی بەناوباگ – زشتووی– کە ئەمەش لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆرشی فەرەنساو لاواز بوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، کە پەیمانەکە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی مۆرکرا .

١٧٩١/٨/٢٣ سەرکەووتنی شۆرشی – سان دۆمینکۆ – ی کۆیلەکان لە وڵاتی هایتی دژی دەسەڵاتداران و بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەهەموو تەمەنەکان بەتایبەتی ئافرەت و منداڵ لە جیهان .

کە ئەم هەرێمە بەبنکەو ناوەندی بازرگانی کلردن بە مرۆڤ دادەنرێت لەکێشووەری ئەفریکیا... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دوای ئەو شۆرشەو چەندین کاریدیکەی مرۆڤایەتی ، ئەویش لە پێناو ژیانێکی ئازادی و سەربەستی و مسۆگەری ژیان ، بە تایبەتی لەلایەن مرۆڤی کەم دەرامەت و ژێر دەستەکان . لەلایەن وڵاتانی سەرمایەدارو ئیمپریالیزم و دەسەڵاتە شۆڤینیەکان و خاوەن سامانە گەوورەکان و رژێمە دەرەبەگەکان ، و شاکان کە سەرچاوەی ئێش و ئازاردانی گەلان و مرۆڤایەتی بوونەو بەردەوامن تاکوو ئێستاش لە جیهاندا .

بەڵام بەشێووەو شێووازێکی دیکەی جیا ، بەپێی پەرەسەندن و پێشکەووتن

و گەشەکردنی قۆناخەکان ... هەر بەم هۆیەش کۆمەڵەی گشتی سەر بەنەتەوە یــەکگرتووەکان بریاریــدا بەزیندووکردنــەوەی ئــەم یــادەو ململانــێ دژی کوێلایــەتی و چەوسانەوەی مــرۆڤ لەلایــەن مرۆڤــەوە ... ئــەویش لەئــەنجامی پاڵەپەستۆی زۆری رێکخراوەکانی ماڧ مرۆڤ و مەدەنی و دەسەلاتە دیموکراتە خوازەکان بوو لە جیهان .

بریاردرا کە رۆژی ٢٠٠٤/٨/٢٣ بکرێتە رۆژێکی جیهانی دژی بە کۆیلایەتی و گێرانــی ئــەم ئاهەنگەش لەبارەگای رێکخــراوی – یۆنسکۆی – سەر بەنەتــەوە یەکگرتووەکان ، کـە بارەگاکـەی لـە پاریسی پایتـەختی فەرەنـسایە ، ئـەنجام بدرێت ... کە هەموو جیهان بەتایبەتی وولاتانی دژ بەبازرگانی کردن بە مرۆڤ و چەوسانەوە لەهــەموو کێشوەرەکان ، ئــەویش بە بنبرکردنــی کۆیلایــەتی و چەوسانەوە لە جیهاندا .

هــەروا بــەم بۆنــە گەورەیــەی جیهــان مۆزەخانەیــەکی مێــژوویی کۆیلایــەتی دەکرێتەوە لە وویلایەتی – ئۆهایۆ –ی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەروا وولاتانی سەنگافورا ئەم یادە پیرۆزە دەکات لەدوورگــەی – گــوری – کە رۆژێــك لــەرۆژان مەڵبەنــدی بە کۆیلــەکردن و بازرگــانی کــردن بــەمرۆڤ بــووە لە پێناو فرۆشتنی مــرۆڤ و کــرینی بــەنرخێکی کــەم و کارپێکردنیان بــەئارەزووی کریــار ، بەتایبــەت بەرامبــەر بــەئافرەت و منــداڵ لــە کارگــەو کێڵگــە کــشتووکاڵیەکان و کــار سکــسی و کــاری ناهــەموارتریش ... لــە بــەر ئــەوەی دوورگەی گوری مەڵبەندی کۆکردنەوەی کۆیلەکان بــووە بۆ گوواستنەویان بۆ ئەمەریکاو وولاتانی دیکەی سەرمایەداری لە جیهان .

سەرچاوە :- WWW. BBC,ARABEC.NET .

١٧٩١/١٢/١٥ بەڵگەنامــەی مافــەکان – Billoppighis –ی ئەمــەریکا کــە بەشــێکە لەیاســای ئەمــەریکا ، لــە هــەمان کلــت ئەوگۆڕانکاریــەی کــە لــە دەســتووری ئەمەریکا هاتووە مافە بنەڕەتیــەکانی هــەموو هاوولاتیــان دابین دەکا ، لە گــەڵ مــافی ئــازادیو رۆژنامــەنووسو ئــازادی رادەربــڕین بــۆ گــەلانی ئەمــەریکا بــێ جیاوازی لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا لە وولاتەکەدا .

١٧٩٢

١٧٩٢/١/١٠ بەریتانیاو بڕووسیا هەڵسان بە بژیووانی کردن لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ڕووسیای قەیسەری ، بە کۆتایی پێ هێنانی کێشەی داگیرکردنی نێوانیان ، لە سەر هەرێمی قرمی نێوان ڕووسیاو فارس . کە ناوچەکانی قرمو بەشێك لەوولاتی فویانو بساربیا ، کە ئەو هەرێمەی دەکەوێتە نێوان زێی بوجو دینستر ، کە ئەو زێیە هێلی کۆتایی نێوان هەردوو دەوڵەت بێتو بەو هۆیە پەیمانی یاس لە شاری یاس مۆرکرا .

١٧٩٢/٩/٢١ هێزەکانی سووپا لە سەرەتای دەسەلاتی کۆماری فەرەنسا سەرەکەووتنە یەك لە دوای یەکەکانی بەدەست هێنا ، لە دوای چەند هەفتەیەك – سافۆی وینس– وویلایەتەکانی دینو زەویە نەویایەکانی بەلژیکای نەمسای خستە ژێر دەسەلاتی فەرەنسا... کە – کەجیت– کە لەو کاتە شەڕی ڤالمی بەرپا بوو لە هەمان کات خۆی ئامادە کرد ,

کە بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی سووپای بڕووسیا بە سەرکردایەتی – بۆك برنزویك– ئەمە لەلایەکو ، لەلایەکی دیکە – فاندیمر– یەکەم مانگی ساڵی نوویێی شۆڕشی فەرەنسای پێشنیار کرد بوو، کە لە ٩/٢٢/ دەست پێدەکا تاکوو ١٠/٢١و ڕۆژی ١٣ی بەناوبانگی مێژووی فەرەنسا ناوبرا بەسەرکەووتنی ناپلیۆن بەسەرگروپەکەی کە بووە سەرکەووتنی بە سەر کۆنفشسیۆن ، کە ئەنجوومەنی شۆڕش بوو .

دوای خۆی ئەنجوومەنی یاسا دانانی لێکەووتەوەو دەسەلاتی فەرەنسای تاکوو ١٧٩٥/١٠/٢٦ ، بە دەستەوە بوو ، کە ئەویش کۆماری بە یەکجارەکی فەرەنسای ڕاگەیاندو دادگای شانشین – لویسی شازدەهەمی بە لەسێدارەدان کرد – لە وولاتەکەدا .

١٧٩٢/٩/٢٢ ڕاگەیاندنی کۆماری فەرەنــسای یەکــەم لەلایــەن کــۆنگرەی نیــشتیمانی ، کــە ٧٥٠ ئەنـــــدام بەشداری تێداکرد لە ٩/٢١... لەهـــەمان ڕۆژ کــــۆنگرەی نیــــشتیمانی مەرســــوومێکی



ڕاگەیانــد لــە دوای ســاڵێك لەلێکۆڵینــەوە بەرێکخــستن و هــەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژنامەی مەسیحی – زاینی – لەفەرەنسا بە جێگرتنەوەی لــە ڕۆژنامــەی شۆڕشــگێری کــە دەســت پێــدەکات بــە ســاڵی یەکــەمی لــە ١٧٩٢/٩/٢٢ تاکوو ١٩٧٣/٩/٢١ .

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە فەرنسا بە چەندین قۆناخی شۆڕش تێپەڕیووە ، ئــەم وولاتــە پایتــەختی شــاری پاریــسە و ژمــارەی دانیــشتووانەکەی ٢,٨٧٥,٠٠٠ بــە پێــی ئامــاری ســاڵی ٢٠٠٣ . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەکــە ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیــۆن کەســە . هــەروا ڕووبــەری خــاکی وولاتەکــە ٥٥١,٥٠٠ کیلۆمــەتر چــوار گۆشــەیە . هــەروا چــڕی دانیــشتووانەکەی ٢٨٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی , سەڵتی و لاتینی ٩١٪ . لە گەڵ دانیشتتووی نەتەوەی دیکە لە وولاتەکەدا .

١٧٩٢/١١/٦ بــەرپابوونی شــەڕی – جیمــاپ– لــە نێــوان هێزەکــانی ســووپای فەرەنــساو هێزەکــانی سووپای نەمسا ، سەرکردەی هێزەکانی سووپای نەمسا – دۆق ساکس تیشین– بوو، سەرکردەی هێزەکانی سووپای فەرەنسا ژەنەراڵ – دۆموریە– بوو .

شــایانی باســە کــە ناوچــەی جیمــاپ دەکەوێتــە نــاو وولاتــی بەلــژیکا، کــە هێزەکــانی ســووپای فەرەنــسا بــە دوای ســووپای نەمــسا دەگــەڕا ، بــە هــۆی

کێشەو ململانێی دووژمنکاریان و داگیرکردنی خاکی یەکتری لەهەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی هەر یەك لەو دوو وولاتەدا .

ئەم نەخشەیە کارە هەمە لایەنەکانی شۆڕشی فەرەنسی دیاری دەکا

<u>تێبینی</u> :– داوای لێبوردن دەکەم کە نەخـــشەکانم وەرنەگێردۆتە سەر زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی ماوەو زەحمەتی لە کارەکەدا .

١٧٩٢/١١/٢٠ بڕیـاری ئەنجوومـەنی جێبـەجێکردنی فەرنـسا ، بە بـەڵێن دان بەسـەرکردەی سووپای فەرنسا لە بەلژیکا ، ئەویش بە دابینکردنی ئازادیەکانی دەریاوانی گوواستنەوە بەدرێـژی زێـی – مـۆزو ئەلیـسکۆ – بـەڵام ئەمـەش بـە پێـی ڕەزامەندی وولاتانی پەیووەندیدارو رێکەووتن بوو لە سەرکاری دەریاوانیدا لە ناوچەو هەرێمە جیا جیاکان لە جیهاندا .

١٧٩٣

١٧٩٣/١/٢١ لـە دوای سـەرکەووتنی شۆڕشـی فەرەنـساو بـە دامەزرانـدنی دامو دەزگـا

حکـــوومیو ســـەربازیو دادگـــاییو ئـــابووریو بازرگـــانی و کۆمەلایـــەتی ، ئەویش بە دەرچوونی بریاری لە سێدارەدانی شانشینی فەرنسا شانشین – لویسی شانزەهەمو ماری ئەنتوانێت– کە لە سێدارە دران .

لە دوای راگەیاندنی رژێمی کۆماری لە فەرنسا ، دوای ئەو کارانە فەرەنسا کەووتە قۆناخێکی نوێی هەرێمیو جیهان بە کاردانەوەی لەسەر جیهان لە هەموو بوواره جیا جیاکان ، بە تایبەتی لە سەر باری رووسیای قەیسەری ئەوکاتدا .

١٧٩٤

١٧٩٤/١١/١٩مۆرکردنی پەیمانی – جی-jay– لە نێوان ئەمەریکاو بەریتانیا، لە پێناو چارەسەر کردنی کێشە جیاوازیەکانی نێوانیان، کە هەلوواسراو بوون بەو هۆیە سێ لیژنەی جیاواز پێك هێنرا لە ساڵەکانی-١٧٩٨- ١٨٤٠ – کە ئەو لیژنانە توانیان بە دەیا کێشەو گرفت لە نێوان ئەو دوو وولاتە چارەسەر بکات لە دوای جەنگی سەربەخۆیی ئەمەریکا.

١٧٩٥

١٧٩٥/١٠/١٠لە دوای دابەشکردنی پۆلەندا لە نێوان هەردوو رژێمی نەمساو بڕووسیاو فەرەنسا ، بەڵام دابەشی سێیەمی پۆلەندا بەپێی پەیمانی – کۆشیۆسیکۆ- ی نیشتمانی گێرەشێوێنی بوو تاکوو رەشکردنەوەی پۆلەندا لە سەر نەخشەی ئەورووپا دا .

١٧٩٥/١٠/٢٨کۆمەڵەی رێکخستنی یاسای جیهانی سێیەم بریاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی دوورەپەرێزی فەرەنسا لەگەڵ جیهان ، هەروا بە دامەزراندنی پێنج لە هاوکاری ئەنجومەنی نوێنەرانیو ٥٠٠ نوێنەر کە دەسەڵاتی ئەو یاسا دانانەیان پێدرا لەو کارگێریە بە پاڵەوانیەتی سەربازی – کۆرسیکی– کە کەسایەتی ناپلیۆن دەرکەوت لە سەر گۆرەپانی رامیاری لە جیهان .

١٧٩٥/١٢/٤ لە دایك بوونی ئەدیبو نووسەرو مێژوو نووسی بەریتانی–کارالایك– لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، کە ناووبراو لە خێزانێکی هەژارو رۆشنبیر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە وولاتەکەدا .

١٧٩٦

١٧٩٦/١٢/١٧ کۆچی دوایی ئەدیب و رووناکبیرو شاعری ناوداری جیهانی – ماری ئەنوین-.

١٧٩٧

١٧٩٧/١/١٤ بەرپابوونی شەڕیکی توندو دژوار لە نێوان هێزەکانی سووپای فەرەنساو هێزەکانی سووپای نەمسا ، لە هێرشێکی سووپای فەرەنسا بۆ سەر هێزەکانی سووپای نەمسا بەسەرکردایەتی ژەنەراڵی فەرەنسی- ناپلیۆن پۆناپارت – دژی هێزەکانی سووپای نەمسا بەسەرکردایەتی ژەنەرال – فینکزی – لە دەشتاییەکانی شاری – ریڤۆلی – لە باکووری رۆژئاوای شاری – ڤیرۆنای ئیتالێ- هەر چەندە هێزەکانی سووپای نەمسا ژمارەیان زیاتر بوون ، بەڵام هێزەکانی سووپای فەرەنسا سەرکەووتنیان بەدەستهێنا.

١٧٩٧/٤/١٦ لە دایك بوونی – میسیۆ – لە شاری مرسیلیای فەرنسا، ناوبراو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ بووەو خوێندنی ئاینی لە مرسیلیاو ماکس تەواو کردووەو بەڵگەنامەی پارێزەری بە دەست هێناوە ، رۆڵێ گرنگی هەبووە لە رۆژنامەوگۆڤارەکانی فەرنسا ، هەروا شارەزایی باشی هەبووە لە سەر شۆرشی فەرەنسا.

١٧٩٧/٦/١٧ کووشتنی ئاغا محەمەد شا ، لە هێرشەکەی سەر رووباری ئاراس لە ناو خێمەکەی خۆی لەلایەن سادق خانی سەرەك خێلی شکاك ، لە رۆژهەلاتی کوردستان .

١٧٩٧/٧/٢٥ گەرۆکی بەناوبانگی بەریتانیا – جاکسۆن – سەردانی شاری مووسڵ و دەووروبەری کرد ، کە دانیشتووانە چرەکەی شاری مووسڵ لە چەندین نەتەوەو ئایین پێك هاتوون ، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی لە کورد بوون و لە هەمان کات لسترنگ لە کتێبەکەیدا بەناوی – بلدان الخلاف الشرقیه – لاپەرە/١٦ دەڵێ :- کە دانیشتووانی رەسەنی شاری مووسڵ لە کورد پێکهاتوون لە ناوچەکەدا .



١٧٩٨

١٧٩٨/٢/١٧ لە دایك بوونی فەیلەسوف و زانای دەروونی ئەلمانی – فریادریك فدووارد–ناسراو بە فەیلەسوف بینكە لە شاری بەرلینی ئەلمانیا ... یەكەم خوویندنی لـە قوتابخانـەی ئیمپراتـۆر فریدریـشی دووەم دەسـتی پێكـرد . دوای ئـەوە بەشـداری لـە راپەرینـەكانی دژ بـەناپلیۆن كـرد لەسـاڵی ١٨١٥ . دوای گەرانـەوەی لـەگۆرەپانی جـەنگ بـەهۆی بـەزینی نـاپلیۆن بەسـەركردایەتی سەركردەی ئەلمانیا بلوشەر چووە زانكۆی هلە و دوای ئەوە چووە زانكۆی بەرلین و خوویندنی لاهووتی و فەلسەفەی تەواوكرد.

دوای ئـەوە بروانامـەی دكتـۆرای لەسـاڵی ١٨٢٠ بەدەسـت هێنـا ... لـەو كاتەشـدا فەیلەسـوفی نـاوداری جیهـانی هیگـل دژی ئـەو بروانامەیـەی بینكـە وەستا...دوای ئەوە فۆن ئەنشتاین لەهـەرێمی ساكسن بەمامۆستا دایمەزراند لـەزانكۆی جتنجسن بۆمـاوەی سـێ سـاڵ لـە ١٨٢٤ تـا ١٨٢٧ ، دوای ئـەوە گەراوە شـاری بـەرلین و بـووە مامۆسـتای زانكۆ لەزانكۆكە تا سـاڵی ١٨٢٧ . دوای مردنـی هیگـل لەسـاڵی ١٨٣١ بـووە مامۆسـتای یـاردەدەرو لـەو پلەیـە مایەوە تاكوو لە ١٨٥٤/٣/١ لە شاری بەرلین كۆچی دوایی دەكات وولاتەكەدا.

ئەم فەیلەسوفە هەژدە دانراوی بەرهەم هێناوە و، یەکەم بەرهەمی لەساڵی ١٨٢٠ بەچاپگەیاندووە بەناوی – نظریە المعرفە بحسب الوعی – و دوا بەرهەمیش لەساڵی ١٨٥٣ بووە بەناوی – مخگوگات علم النفس العملی – لە سێ بەرگداو دانراوەکانی دیکەشی لەناوەندا بە ئەنجام گەیاندووەو بۆتە سەرچاوە سەرەکیەکان لەبوارەکانی هەمەلایەنەی پەیمانگاو زانکۆکان لە لە وولاتەکەیدا و لە جیهاندا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٧٩٨/٧/١ هێزەکانی سووپای فەرنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت ، کە پێکهاتبوو لە ٣٦,٠٠٠ هەزار سەربازو ٣٠ کەشتی جەنگی و ٤٠٠ ئوتومبێلی هەمە جۆری سەربازی ، پەلاماری شاری ئەسکەندەریەی وولاتی میسری داو داگیری کرد ، دوای ئەوە وردە وردە شارەکانی دیکەی میسری داگیر کرد .

لە رۆژی ٧/٢ی هەمان ساڵ شاری قاهرەی پایتەختی میسری داگیر کردو– کلیبر– ی کردە دادووەری گشتی لە سەر وولاتی میسر، لە هەمان کات کۆبوونەوەی لەگەڵ زانایانی ئاینی زانکۆی ئەزهەر ئەنجامدا بەراگرتنی شەڕلە وولاتەکەدا .

بەڵام دوای ئەوە ناپلیۆن وولاتی میسری بە تەوواوی داگیر کرد بە سەرکەووتنی بە سەر بنکە سەربازیەکانی بەریتانیا لە ئاسیاو ئەفریکیاو بەردەوام بوونی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووپای فەرەنسا بەسەرکردایەتی ناپلیۆنو هێزەکانی سووپای بەریتانیا بە یارمەتی دانی هێزەکانی سووپای میسر تاکوو رۆژانی ٧/٢١و ٧/٢٧ی هەمان ساڵ ، کە هێزەکانی سووپای فەرەنسا بە تەواوی کۆنترۆلی وولاتی میسریان کردو بەیەکجاری کەووتە ژێر دەستی خۆیان .

١٧٩٨/٨/١ بەرپابوونی شەڕی دەریایی لە نێوان هێزەکانی سووپای دەریایی فەرەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆنو هێزەکانی سووپای بەریتانیا بەسەرکردایەتی ژەنەرالی بەریتانیا– نیلسۆن – کە هێزەکانی سووپای فەرەنسا بەرەو بەنداوی – ئەبوقیر– بەرێکەووتن ، کە لەو کاتەی کەشتیە جەنگیەکانی بەریتانیا لەوکارە جەنگیەی فەرنسا سەریان سورمابوو لە ناوچەکەدا .

هـەر ئـەو هۆکـارە وایکـرد کـە ژەنـەراڵ نیلـسۆن راسـتەوخۆ دەنگـی دا بـ
هێرشـکردنە سـەر هێزەکـانی دەریـایی فەڕەنـسا لـە چۆنیەتی دابەشـکردنو
ئامانجە سەربازیەکان ، هێزەکانی سووپای دەریایی بەریتانیا ، لە ئاکامد
سەرکەووتنی گەوورەیان بەدەست هێنا بە سەر هێزەکانی سووپای فەرەنس
، ئەو شەڕەش ناوزەند بوو بە شەڕی – ئەبوقیر- لە وڵاتی میسرو ناوچەو
هەرێمەکان.

١٧٩٨/٩/٢ هێزەکانی سووپای دەریایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، یەکەم شەڕی دژ با
فەرەنسای راگەیاند ... ئەویش بە کۆکردنەوەی هێزەکانی سووپا لە شاری
دیمەشقی شامو دوورگەی رۆدیس و رەوانە کردنی بەرەووولاتی میسر.
دوای ئـەوە هێزەکـانی دەریـایی ڕووسـیا لـە دەریـای رەش بـەرەو بوگـازیو
ئەستانە ، بەرێکەوتن ، دوای ئەوە هەنگاویانا بەرەو دەریای سپی ناوەراست
لـە گـەڵ هێـزی دەریـایی عوسمـانی بەیـەك گەیـشتن ، ئەویش بـەپێی پـەیمانی
بـەرگری نێوانیـان بـۆ جـاری سـێیەم کـە ئـەویش بەیارمـەتی یـەکتری کـە بۆ
یەکەمجار بوو لە کاری جەنگی هاوبەشبوون لە ناوچەکەدا .

١٧٩٨/١٠/١٢ مۆرکردنی رێکەووتنامەی نێوان کۆمپانیای نەوتی هندی رۆژهەلات لە گەڵ
ئیمـامی هـەرێمی مەسـقەت لـە کەنـداو ، لـە پێنـاو دوورخـستنەوەی
فەرەنسیەکان لە خاکی خۆیانو هەرێمەکە، کە ئێستا پێی دەڵێن وولاتانی
کەنداو لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا .

١٧٩٨/١٠/٢١ هێزەکانی سووپای فەرنسا بەردەوام بوون لە داگیر کرنی وولاتی میسرو،
ئـەویش ناچـار بـوونی شـێخ و زانـا ئاینیـەکانی زانکـۆی ئەزهـەرو چـەندین
لایـەنی دیکـە ، کـە سـەردانی سـەرکردەی فەرەنـسی ناپلیۆنیـان کـرد لـە
شارەکەدا.

لە پێناو کشانەوەی هێزەکانی سووپای فەرەنسا لەجێگا پیرۆزەکانو دەست
هـەڵگرتن لـە ئـازاردانی ئیـسلام... بـەلام فەرەنـسیەکان بـەردەوام بـوون لـە
ئـازاردانی ئیـسلامەکان بـە هـۆی کـرداره رابردوویـەکانیان بەرامبـەر بـە
مەسیحیەکان لـە ژێـر دەسـەلاتی فتووحـاتی ئیـسلامو عوسمـانی ، ئـەویش
گرتنەبـەری رامیاریـەت لـە دوو لایـەن , یەکـەم بـە ئیـسلام کـردن ، دووەم
بەعەرەبکردنی گەلانی میسرو چەندین کاری دیکەدا .

١٧٩٨/١٠/٢١ بەرپابوونی یەكـەم شۆڕش لـە میـسر ، دژی هێزەكـانی سـووپای فەرەنـساو دەسەڵاتداران لە دوای سێ مانگ بەهاتنەناو شاری قاهرە كە یەكەم هانـدەری شۆرشـەكە شـێخی ئەزهـەر بـوو ، كـە لـە نـاو بـازاڕ داوای لـە پێكهاتـە ئیـسلامیەكان لـە میـسر كـرد ، شـۆڕش بكـەن دژی كافرەكـان و بـووە هـۆی ئەنجامدانی كۆبوونەوەی جەماوەری چەكداری و داخستنی بازاڕەكان .

لەوكاتەش دادوەری سەربازی فەڕەنسا ژەنەراڵ دیپۆ بە سواری ئەسپەكەی لە ناوبازاڕ دەسووڕایەوە ، بۆ هێور كردنەوەی باری شارەكە ، بەڵام لەئاكام بووە هۆی بەر پا بوونی شەڕ لە نێوان هێزەكانی سووپای فەڕەنساو چەكدارە ئیـسلامیەكانی میسر، لـە ئـەنجام ژەنـەراڵ دیپـۆ كـووژرا ، كـە بـەم هۆكـارە هێزەكـانی سـووپای و شـەڕ لەقاهیرەو دەووروبـەری و ناوەچـەكانی دیكـەی میسر دەستی پێكرد دژی هێزەكانی داگیركەری فەڕەنسا.

١٧٩٩

١٧٩٩/١/٥ مۆركردنی پەیمانی هاوكاری‌و دۆستایەتی لە نێوان حكوومـەتی بەریتانیاو ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا ، لـە پێنـاو چـارە سـەر كردنـی كێـشە هەڵوواسراوەكان لە نێوانیاندا .

١٧٩٩/٥/٢٦ لـە دایك بـوونی روونـاكبیرو ئـەدیب‌و شـاعیری نـاوداری جیهـان‌و ڕووسـیا– ئەلكسەندەر پۆشكین – لە شاری پترسبۆرگی پایتەختی ئەوسـای ڕووسیای قەیسەریدا .

جێگـەی ئامـاژە پێكردنـە كـە – ئەلسكەندەر پۆشكین – تـەنیا ٣٦ ساڵ ژیاوە ، بەڵام لە گەڵ ئەوشدا چـەندین شـاكاری مـەزنی لـە دوای خۆی بە جێهێشت ، لە سـەرەتا لـە ژێـــر كاریگـــەری ئـــەدەبی فەرەنسیدابوو ... بەڵام دوای ئەوە بەهرەكانی زیـتر تێكـەڵبوون بـە كۆمـەڵگای ڕووسیا .

دوای ئەوە رووی بەرەو ئەدەبی ئینگلیزی وەرگێراو كەووتە ژێر كاریگـەری –

بایرۆن – و – شکسپیر – دوای ئەوەی کە سەردانی شاری قرم و قەفقاسی کرد ...نووسینەکانی بەکاریگەری ژینگەی ئیسلامی ئەوێ مووتربە کرد لەدەقەکانیدا – بەخسیری قەفقاسی و قەفقاس و شەوانی میسریدا – رەنگیان دایەوە ... باوکی پۆشین شاعیرێکی دیاری ئەو سەردەم بوولە وولاتەکەیدا .

هەر ئەو هۆکارە بووە بەهرەیەکی سەرکەووتنی ئەم شاعیرە . دایکی پۆشکین کە ناوی – نادیشید ئوسیڤانا بووەو کچی – ئیبراهیم جانیبال – بووە ، کە گەوورە ئەفسەرێکی نێزیك بوو لە دەریای – پەتروسی یەکەم – ی قەیسەرو لە رەچە لەکێکی حەبەشیەوە هاتبوو ... بۆیە پۆشکین هەندێ سیمای ئەفریکیایی پێوەو دیار بوو ... پۆشکین لە سلی ١٨٣١ – ناتالیا نیکۆلا لایڤنا – ی خواست کە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو . لەو ئافرەتە پۆشکین چوار منداڵی هەبوو ... بەلاّم دوای ئەوە بە هۆکاری ناوونا تۆرە بلاّوبوونەوەکە ناتالیا عەشقی کوڕە پایەدارێکی فەرنسیە ...کەناوی ئەو کرە – دانتس – بوو ،.

هەربەو هۆکارە پۆشکین بۆ کرینەوەی ئابروو داوای لێکردوو لە ئەنجامی شمشێر بازیدا پۆشکین زامدار دە بیّ و دوای ئەوە گیان لە دەست دەدات ، سەرەرای ئەوەش پۆشکین بە هۆی هەلوویستی بووێرانەیدا لە لایەن قەیسەری رووسیا و دارو دەستەکەی ئازارو ئەشکەنجە دەدرا لە وولاتەکەدا .

١٧٩٩/٦/٥ هۆزی بلباس سوودیان لە ئالۆزی هەلومەرجی باری ئازربایجان وەرگرت ، بە دەرهێنای ناوچەکانی خۆیان لە ژێر دەسەلاّتی کار بە دەستانی فارسی سەفەوەی لە رۆژهەلاّتی کوردستان تانزیك قەلاّی ورمێ پێشرەویان کرد ، هەر چەند هێزەکانی سووپای فارسی چەندین جار چوونە سەریان ، بەلاّم نەیان توانی کاریان لێ بکەن.

١٧٩٩/٩/١٧ بە هۆی کاردانەوەی هەلوویستو رەفتارەکانی فەرەنسا لە سەر عەلی کلبیر ، لە هەمان کات عەلی کلیبر . هەلسا بە دەست پێشخەریکردن بە ئاراستە کردنی نامەیەك ، بۆ سەرەك وەزیرانی عوسمانی بە رەتکردنەوەی کێشەی

نێوان میسرو عوسمانی ، کە فەرەنسا ئەوەی بە دور دەخستەوە لەم بوارەدا .

١٧٩٩/١٢/١٥ بە هـۆی کێشەی نێوان هێزەکانی سووپای فەرەنساو هێزەکانی سووپای بـەریتانیا ، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە فـەرمان دەر بکـەن بـۆ لـۆرد کیـت سەرکردەی گشتی بەریتانیا ، لە دەریای سپی ناوەراست بە رەتکردنەوەی هـەر رێکـەوتنێك ، لـەپێناو چۆڵ کردنـی گۆرەپـانی وولاتـی میسر بـە خـۆ بەدەسـتەوە دانـی هێزەکـانی سـووپای فەرەنـسا بـە نـاوی دیلـی جـەنگ لـە ناوچەکەدا .

١٨٠٠

١٨٠٠/١/٢٤ هێزەکانی سووپای بەریتانیاو هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لـە ڕێگـەی سـالجمەی میـسری گـەمارۆی هێزەکـانی سـووپای فەرەنسیاندا بەسـەرکردایەتی – بلبـار– ، دوای ئـەوە داوای لـە هـەردوو سـەرکردەی عوسمـانی و بریتانیـا کـرد . بـۆ خۆبەدەسـتەوەدان ، ئـەویش بـە چۆڵکردنی ناوچەی زێی نیل بە مەرجەکانی پێشووی ڕێکـەوتن ، کە ئەنجامەکـەی بـووە هۆی جێ بەجێکردنی داواکانی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا.

١٨٠٠/١/١٧ سەرکردەی فەرنسا ناپلیۆن فەرمانیدا بە ڕاگرتنی شەست ڕۆژنامەی هەمە جۆر لە فەرەنسا ، لە کۆی ژمارەی ٧٣ ڕۆژنامـە ئـەویش بـە هـۆی دژایـەتی کردنی دەسەڵاتی ناپلیۆن لـە سـەر فەرەنسا ، تـەنیا ئـەو ڕۆژنامانـە نـەبێت کە بـەرگریان لـە دەسـەڵاتی نـاپلیۆن و دام و دەزگاکـانی لـە فەرەنسا دەکـرد لـە هەموو بوارە جیاجیاکان .

١٨٠٠/٤/٢٤ دامەزرانـدنی یەکـەم پەرتووکخانـەی کـۆنگرەیس لـە شـاری واشـنتۆنی پایتەختی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

١٨٠٠/٦/١٤ هێزەکـانی سـووپای فەرنـسا بـە هـۆی بـەهێزی توونـدو تیـژی هێزەکـانی سووپای عوسمانی و ناچارکردنی هێزەکانی سووپای فەرەنسا بە کشانەوەی لە ناوچەو هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی لە میسر ، لە هـەمان کاتـدا هێزەکانی سووپای بەریتانیا یارمـەتی هێزەکانی سووپای عوسمانیدا دژی هێزەکـانی سووپای فەرەنسا .

بەڵام لە ئەنجام سەرکردەی هێزەکانی سووپای فەرەنسا – کلیبر– کوژراو لە ناو باخی سەرای ئەلفی لە شاری بالازیکیە بە خاك سپێردرا .

١٨٠٠/٧/٢٤ تیرۆرکردنــی ســەرکردەی هێزەکـانی ســووپای فەرەنــسا -کلیبـر- لەلایـە
قوتابییەکی زانکۆی ئەزهەر ، کە ناوی سلێمان بوو بە پشتیووانی بەرپرسانی
عوسمانی لە قاهیرەی پایەختی میسردا .

١٨٠١

١٨٠١/٥/١٤ مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی نێوان بەریتانیاو ئیمپراتۆریەتی فارسی لە پێنا
بـەرەنگار بوونـەوەی هـەر هێرشـێکی هێزەکـانی سـووپای ئـەفگانی بۆسـە
هیندو کە هیچ ڕێکەووتنێکیان لەگەڵ ئەفگان مۆرنەکرد بوو تاکوو بەتەواوی
لـەخاکی هینـد کـشانەوە ، کـە بـەریتانیا یارمـەتی بە چـەککردنی هێزەکـانی
سووپای فارسـی دەکـرد لـەپێناو بـەرەنگار بوونـەوەی هێرشـەکانی سووپای
فەرەنساو ئەفگانستان .
بەڵام بەریتانیا ئەم ڕێکەووتنامەی بەتەواوی مۆر نەکردبوو بە هۆی هـەڵاتنی
لـە یارمـەتی نـەدانی تـەواوی هێزەکـانی سـووپای فارسـی دژی ڕووسـیای
قەیسەری ، ئەویش بە ترسانی لە پەیووەندی زۆری نێوان ڕووسیاو فەرەنس
. لە هێزی بە هێزی فارسی ئیسلامی دژی ڕووسیای قەیسەری مەسیحی و ب
هۆی دووژمنکاری ئیسلام لەلایەن مەسیحیەکان .

١٨٠٢



١٨٠٢/٢/٢٧ نووســـەرو ئـــەدیب و ڕووونـــاکبیری
ناوداری جیهانی- ڤیکتۆر هۆگۆ- لە
شـاری - بیزاسـۆنی- لـە فەرەنـسا
چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .
هـەر لـە سـەرەتای دەسـت کـردن بـە
نووسـین و بـەر هـەمی خـۆی بـە
شـــێوازو ڕێـــچکەی ڕۆمـــانتیکی
فەرەنـسی گرتەبـەر بـە شـێوەیەکی
چـــڕو پـــڕ و بـــە شــــێوازێکی
دەووڵەمەنـدی ئـەدەبی دەدوا ، هـەروا پاڵـە پەسـتۆی رامیـاریش زیـاتر وا

لێكرد كە دەوڵەمەنتر بێت و هەنگاوی دیارترر لە مەیدانەدا بهاوێژێت .

هـەروا خۆشەویـستی كۆمـەڵگاش بـەم هـەنگاوە بـۆ خـۆی بـچڕی و نـاوی ریالیست نووسەری راست و دروستی لێنرا .

ئەو گرنگی بە لایەنی مرۆڤایەتی دەدا لە كۆمـەڵگای مۆدێرنـدا و زۆر بایەخی بەو لایەنە دەدا و لە بابەتەكانی باسی لایەنی راستی دیاریدەكان دەكرد .

١٨٠٢/٤/٢٢ بەرپابوونی شەڕی نێوان مەزهەب شیعەو وەهابیەكان لە شارەدێی كەربەلا، لە باشووری ئێستای ئێراق ، لـە دوای هێرشـی وەهابیـەكان بۆ سـەر كەربـەلاو لە ئاكامی ئەوشەڕە زیاتر لـە -٥٠٠٠- هـەزار شیعە كوژران لـەگـەڵ ١٠,٠٠٠ هەزار بریندار ، لە دوای ئەوشەڕەدا وەهابیەكان سەركەووتنیان بەدەست و گەرانەوە بەرەو بیابانی دوورگەی عەرەبی بۆ شاری مەككەی سعوودیەدا.

١٨٠٢/٥/١٩ سەركردەو ئیمپراتۆری فەڕەنسا ناپیلۆن كاتی دەسەلاتی خۆی ووسامێكی بەناوی – لجیون دونور– دروستكردبوو ، كە لەو كاتە سەرۆكی قوونسولی فەڕەنـسا بـووەو پـێش ئـەوەی ببێتـە ئیمپراتـۆر، دوای ئـەوە وردە وردە ئـەو ووسـامە گۆڕانكـاری تیـاكراو تـاكوو ئێـستاش هـەرماوەو دەبەخـشرێ بـەو كەسایەتی و پیاوە لێهاتوو سەركەووتووەكان لە فەڕەنسادا .

١٨٠٢/٥/٢٢ لەدایك بوونی زاناو روناكبیری ئەلمانی و جیهان – هینرش گۆستاف هۆتۆ – لـە شـاری بـەرلینی ئـەلمانیا . لـە دوای تـەواوكردنی خوێنـدنی یاسـاو فەلسەفە مۆڵەتی وانە گووتنەوەی بە دەست هێنا لە زانكۆ لە ساڵی ١٨٢٧ لەزانكۆی بەرلین .

دوای دووسـاڵ دامـەزرا بـە یاریـدەدەری مامۆسـتا لەگووتنـەوەی وانـەكان لەمێژووی هونەری لە هەمان زانكۆداو بەردەوام بوو لەو بوارەداو لە هـەمان كـات كەلایـەنگیری هیگـل بـوو ... لـە مـاوەی ژیانیـدا چـەندین بەرهـەمی بڵاوكردەوە كە ئەویش :-

١- دراسة تمهيدية من الحياة الفني ، لە ساڵی ١٨٣٥ .

٢- تأريخ التصوير من المانيا و هولنده ، لە ساڵی ١٨٤٢ – ١٨٤٣.

٣- مدرسة التصوير المتأثرة بهوبرت فان إيك .لەگەڵ چەندین دانراوی دیكە

تا له ١٨٧٣/١٢/٢١ لەشاری بەرلین كۆچی دوایی دەكات .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی ٢/

١٨٠٣

١٨٠٣/٤/٢٣ لـه یەكـەم هێرشـی هێزكانی سووپای ڕووسیای قەیـسەری بۆسـەر هێزەكانی سووپای ئێران له هەرێمی قەوقاز ، كه ئەوكاته عەباس میرزا تەمەنی ١٦سالاْ بوو . لەلایەن شا ی فارس كرایه سەركردەی هێزەكانی سووپای ئێران ، له هەموو خووڵی شەڕەكان له نێوان ئیمپراتۆریەتی فارسی له ئێران‌و ڕووسیای قەیسەریدا ، عـەباس مـیرزا سـەركردایەتی هێزەكـانی سـووپای فارسـی لـه ئەستۆدا بوو له وولاّتەكەدا .

١٨٠٣/٤/٣٠ ئـەمیر سعوود چـووه نـاو شـاری مەككـه بـەخۆی‌و ١٠٠ حووشـتر، بـۆ ڕۆژی دوایـی داوای لـه دانیـشتووانەكه كـرد ، ئـەویش بـه ئەنجامـدانی كۆبوونـەوه نوێـژ كردن ، كه هـەموو پیاوانی ئایینی ئامادەی بوون لەگـەڵ جەماوەرێكی زۆر له شارەكەدا .

ئـەویش ووتـارێكی ئـایینی خووێنـدەوه بەدوورو درێـژی بـه بیری وەهـابی دوای تـەواوكردنی ووتارەكـەی هـەموو ئامـاده بـووانی كۆرەكـه پـشتگیریان لێكـرد دوای ئـەوه ئـەمیر سعوودیش فەرمانیـدا بەتێكدانی هـەموو قوبەكانی گۆرەكان ،.

بۆ ئەوەی كەس نەتووانی مرۆڤ بپەرستێ تـەنیا خـوا نـەبێت ، واتـه لە٢/٥ی هەمان ساڵ وەهابیەكان دەست پێشخەریان كـرد لەگـەڵ زۆر لـه دانیشتووانی شــاری مەككــه ، بەتێكــدانی قووبــەی نوێــژكردن‌و قووبــەی ســەرگۆڕی پێغەمبەرو ئەبووبكرو ئیمامی عەلی و قووبەی خاتوو خەدیجه له شارەكەدا .

تاكوو گەیشتنه ئەوەی كه هیچ قوبەیەك نـەما ، لـه هـەمان كـات ئـەمیر سعوود دەنگـی دا بەسـووتاندنی نەرگەیلـەو ئـامێری خواپەرسـتی لەگـەڵ قەدەغـه كردنـی جگـەره كێـشان‌و تـەنباك – تـەنباك جـۆره توتنێكـه– ئەمـەش بـه بـەردەوابوونی شـەڕی نێـوان وەهابیـەكان‌و شـەریف حـسین لـه ناوچـه هەرێمـەكانی بیابـانی دوورگـەی عـەرەبی و بـەردەوام بوونیـان لـه سـه ناكۆكیەكان .

✍ ١٨٠٤

١٨٠٤/١/١ جوولانەوەی ڕزگاری سەربەخۆیی هەرێمی هایتی لە هەوڵو خەباتێکی زۆر دژوواردا دەخوولایەوە ، دژی سەرکردەی داگیرکەری فەرەنسا – ناپیلۆن – ، کە لە ئەنجام توانی ئەم جوولانەوەیە سەرکەووتن بە دەست بێنێ بە سەرۆکایەتی – جاك دیسالین – بەرامبەر بە داگیرکەری فەرەنسا ، کە ناوی وولاتەکەی گەڕاندەوە سەر ناوی دەسەلاتی پێشووی کە ئەویش هایتی بوو لە کێشووەرەکەدا .



١٨٠٤/٥/١٨ سەرکردەی فەرەنسی ناپیلۆن پۆناپارت کرا بە ئیمپراتۆر لە سەر فەرەنسا ، بە ناوی ناپلیۆنی یەکەمو لە ١٢/٢ هەمان ساڵ لە ئاهەنگێکیدا پاپا بیووس دەستی لەسەر شانی ناپلیۆن داناو داوای لێکرد ، کە دەسەلاتی فراوانکات . دوای دەست لە پشتدانی پاپا و کاردانەوەی کاریگەریەکەشی بووە هۆکارو لە ئەنجام ڕووبەڕووی هەموو هێزەکانی ئەوروپا بووەوە هەلاتنیان بەرامبەر هێزکانی سووپای ناپلیۆن بەخۆوە دەدیت .

شایانی باسە مەسیحیەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن مەزهەب پرۆستانت بوون ، کە کێشەی هەمیشەییان لەگەڵ مەزهەب کاسۆلیك بەردەوامە تاکوو ئێستاش ، بەلام وەك ڕابردوو ڕۆڵی نەماوە لە نێوانیاندا لە جیهان .

١٨٠٤/٧/٢٤ سەرکردەی هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری – مینسیانۆڤ – لە گورجستان بە نامە داوای کۆمەكو هاوکاری لە هێزی کورد کرد بە

سەرکردایەتی حوسێن ئاغای سەرۆکی کۆچبەرەکانی کورد لە شاری یەریڤان ، بەڵام حوسێن ئاغا داواکەی مینسیانوڤی بەیارمەتی نەدانی رووسەکان رەتکردەوە لە ناوچەکەدا .

١٨٠٤/٧/٢٨ لـــە دایـــك بـــوونی فەیلەســـوف بـەناوبانگی جیهـان و فەیلەسـوف رەخنەگرلــــە مەســــیحیەت و چـــەپەکانی هیگـــل – لـــۆدویگ فویربـاخ – لـە شـاری لندسـهوت لەهـــەرێمی باڤاریـا لەباشـووری ئـەلمانیا ... بـاوکی بـۆل یوهـان زانایـــەکی نـــاودارو مامۆســـتای

یاسا بووە ... خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی فویرباخ لەشاری لندسهوت بووە لە وولاتەکەدا .

دوای ئەوە بریاریدا کە خوێندنی تایبەتمەندی لە لاهووتی پرۆتستەنتی بێ و چەندین ساڵ لەو لایەنە بەردەوام بوو تاکوو تەمەنی گەیشتە ١٦ ساڵان . لە ساڵی ١٨٢٣ چووە زانکۆی هیدلبرگ و بەشداری کردنی لەکۆرە ئاینی و فەلسەفەییەکان ... دوای ئـەوە چـووە زانکـۆی بـەرلین لـە سـاڵی ١٨٢٤ کەلەوکاتـەهیگل وانـەی دەگووتـەوە . جێگـەی ئامـاژەیـە کـە فویربـاخ زانـاو فەیلەسـوفێکی ئـەلمانی و جیهـانی بـووە ، لـە هـەموو بوارەکـانی فەلسـەفەو زانست و بـەردەوام بـوونی لـە کـارە هەمـە جۆرەکـانی تـاکوو لـە ١٨٧٢/٩/١٥ کۆچی دوایی دەکات لەئەلمانیا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٠٤/٩/٣ شازادە –تسی تسیانۆف– ی بەرپرسی ڕووسیای قەیسەری پەیووەندی بە حوسێن ئاغا کرد ، کە ئەو کات ژمارەی خێزانە کوردەکان ٨٠٠٠ هەشت هەزار خێزان دەبوون.

کە داوای یارمـەتی لێدەکرد، کـە یارمـەتی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای قەیسەری بدات دژی هێزەکانی سووپای فارس لە سەر خاکی کوردستان .

بـەلام کوردەکـانی سـەر بەبنەماڵـەی خـانی بـوون لـە یـەریڤان دانیـان بـە

دەسـەڵاتی ڕووسـیای قەیـسەری نـە دەهێنـاو زۆرجـار پـەلاماری هێزکـانی ڕووسیان دەدا لە ناوچەکەدا .

١٨٠٤/٩/٢٤ بە هۆی باری ناهەمومواری نێوان دەسەڵاتەکانی ڕووسیای قەیسەری‌و فارسی لـە ئێـران ، شـازادە – تـسی تـسیانۆڤ – نامەیـەکی ئاڕاسـتەی حوسـێن ئاغا کردو داوای لێکرد کە ببنە هاوولاّتی ڕووسیای قەیسەری لە کێشووەرەکەدا. لـە بەرامبـەر بـەوەی کـە حوسـێن ئاغـا دەسـەڵاتی تـەواوی هـەبێت لـە سـەر ناوچەی یەریڤان‌و پارێزگاری لێبکات ، لە بەر ئەو داوایە نیازی ئەوە بوو کوردەکانی خانی ناوچەی یەریڤان بە هەموو شارو شارۆچکەکان بەشێکی کوردسـتانەو زیـاتر لـە١٧٠٠٠هـەزار کیلۆمـەتر چـوار گۆشـەی خـاکی کوردستانی پێ لکێندراوە . بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لکێنراوە بە کۆماری ئەرمینیای ئەوکاتی سۆڤیەت‌و تاکوو ئێستاش وەك خۆی ماوە کە خاکی کوردستانە لە کێشووەرەکەدا .



١٨٠٤/١٠/ کۆچـی دوایـی داهێنـەری ئۆتۆمبیلی ئامێر هەڵمی – نیکۆلای جۆزێف کاگنۆت – لـە پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا . جێگـەی ئامـاژە پێکردنە کە ئۆتۆمبیل ئەو ئامرازە سەرسووڕهێنەرەیە کە داهێنـان و دۆزینـەوەی بـەهۆی پێـشکەوتن و گەشەسـەندنی ڕەوتـی ژیـانی مرۆڤایـەتی بـوو لـەو وولاّتانـەی کـە هـەنگاوی پیـشەسازی بەرچـاویان هـەبوو لـە جیهـان ... ئـەم ئامێرەش بووە هۆی سووك کردنی باری سەرشانی ئادەمیزادەکانی جیهان و تام و چێژێکی دیکەی نایابی بەڕوو جوانەکانی ژیاندا .

لەبەر ئەوەی داهێنانەکانی سەرەتایی لـە ئـەنجامی ماندوو بوون و هـەوڵ و کۆشش و شەونخوونی مرۆڤ بووە ... چ بە تاکە کەسـی ، یاخوود بە کۆمەڵـە کەسـێك لـە بیرووبۆچـوونی جیـاواز و گەیـشتن بـە ئـەنجامی گەیانـدنی ئـەو

داهێنانه و له ئه‌نجام سه‌رکه‌وتنی به‌ده‌ست هێنا ، له پێناو خزمه‌تکردنی مرۆڤایه‌تی له جیهاندا .

جا بۆ ئه‌وه‌ی به درێژی نه‌چینه ناو باسه‌که‌مان و نووسینی به کورتی که جێگه‌ی لێروونکردن بێت ، که ده‌توانین ئه‌و ده‌ست پێشخه‌ریانه بخه‌ینه ڕوو که له‌و بواره‌دا پێشه‌نگ بوون ... سه‌ره‌تای بیرۆکه‌ی ئۆتۆمبیل به ده‌ستێکی ئه‌و پلانه تیئۆریانه ده‌ست پێده‌کات که له‌لایه‌ن هه‌ردوو زانا – لیۆناردۆ دافنشی – و – ئیسحاق نیوتن – وه ، نه‌خشه‌یان بۆ دارێژرابوو ، به‌م جۆره ده‌تونین سه‌ره‌تای داهێنانی ئۆتۆمبیل بۆ چه‌ند جۆرێك و قۆناخێك بگه‌رێته‌وه ئه‌ویش :–

یه‌که‌م :– یه‌که‌م ئۆتۆمبیلی خۆ بزوێنه‌ر ئامێر – بزوێنه‌ر – ی هه‌ڵمی سه‌ربازی له شێوه‌ی تراکتۆر له‌لایه‌ن ئه‌ندازیاری سه‌ربازی – نیکۆلا جۆزێف کاگنۆت – له ساڵی ١٧٦٩ له فه‌ره‌نسا داهێنرا ، که تیایدا بزوێنه‌ری هه‌ڵمی بۆ لێخورینی گالیسکه‌ی – ئۆتۆمبیله‌که‌ی – به‌کاری دێنا ، که ڕاسته‌وخۆ له ژێر چاودێری خۆیدا و به یاریده‌ی – برێزن – ی میکانیکی له – پاریس ئه‌رسێنال – دا دیزاینه‌که‌یان ئاماده‌کرد .

له سه‌ره‌تادا سوپای فه‌ره‌نسا ئه‌م ئامێره شێوه ئۆتۆمبیله‌ی بۆ گوواستنه‌وه‌ی تۆپه گه‌وره‌کان به‌کاردێنا ... ئه‌م ئۆتۆمبیله‌ش سێ ڕه‌وره‌وه‌ی – تایه – ی هه‌بوو ... که مه‌نجه‌ڵێکی گه‌وره له به‌شی پێشه‌وه‌ی ئۆتۆمبیله‌که جێگیرکرابوو ... ئه‌م ئامێره‌ش له یه‌ك کاتژمێردا ده‌یتوانی ٧,٨٠٠ حه‌وت کیلۆمه‌تر و هه‌شت سه‌د مه‌تر بڕوات ... که ده‌یتوانی چوار ته‌ن له دوای خۆی رابکێشێ ، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که کێشی خۆی ٢,٥ دوو ته‌ن و نیوو ده‌بووله دوای دروستکردنیدا .

ئه‌م ئۆتۆمبیله نه‌یده‌توانی به شوێنه به‌رزو نزمه‌کاندا بڕوات ته‌نیا له ڕێگه‌ی ڕاست و ته‌ختایی نه‌بێت ... هه‌روا له ماوه‌ی ١٠ تا ١٥ خووله‌ك ده‌بووایه بووه‌ستێ بۆ ئه‌وه‌ی دووباره پاڵه‌په‌ستۆی هه‌ڵمی بۆ دروست بکرێته‌وه ... دوای ئه‌وه – کاگنۆت – توانی له ساڵی ١٧٧١ دووه‌مین ئۆتۆمبیلی ئامێر هه‌ڵمی دروست بکات ، که بریتی بوو له سێ چه‌رخه‌یه‌کی خۆ بزوێن و توانای

فەرەنسی تیا خەرجکرا .

بەڵام ئەم ئۆتۆمبێلە نەیدەتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات و لە ئەنجام خۆی لە پەرژینێکی بەردینی داو یەك لە سەر نشینەکانی بەو هۆیە گیانی لە دەستدا . بەم جۆرە یەکەم کارەساتی ئۆتۆمبیل لە لاپەرەی تۆمارەکانی مێژوو تۆمارکرد ... کـە ئەمــەش بـووە هـۆی دڵگرانــی داهێنـەر – کـاگنۆت – و لـە دوای ئـەم کارەسـاتە بوودژەی خـەرجی ئۆتۆمبیلەکەی بـۆ خـەرج نـەکرا . دوای ئـەوە – لویـسی پانزەهــەم – پاشـای فەرەنـسا لەسـاڵی ١٧٧٢ ، ٦٠٠ لیڤرسـی وەك مووچەی ساڵانە بۆ کاگنۆت تەرخان کرد .

بـەڵام لەگـەڵ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی فەرەنـسا لەسـاڵی ١٧٨٩ دا مووچـەکەی کاگنۆتیـان بـڕی و ئـەو خێزانـە بـۆ شـاری بروکسل دوور خرایـەوە ... دوای چـەندین هــەوڵ و کۆشــشی دیکـە و سـەرەتای پەیـدابوونی گالیـسکەی خـۆ بزوێندا شەمەندەفەری هێڵی ئاسن و ئۆتـۆمبیلی ئـامێر هـەڵمی پەرەیان پێدرا ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکانی داهێنانی ئۆتۆمبیل وەك ئەوە نەبوو کە لە شەمەندەفەر ئاسانتربوو .

بـە هــەر حـاڵ کـاگنۆت یەکـەم کەسـە کـە بیرۆکـەو بـە ئـەنجام گەیانـدنی دروستکردنی ئۆتۆمبیلی لە مێژوودا تۆمارکردبێ ... دوای کـاگنۆت پـەرە بەم بووارە درا لە فەرەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەلمانیا .

دووەم :– ئامێری هەڵمی تاکە ئامێر نەبووە کە بەکارهاتبێت لـە دروسـتکردنی ئۆتۆمبێـل ... بـەڵکوو زۆر ئوتـومبێلی ئـامێر کارەبـایش داهێنـراوە ... دوای ئــەوە – رۆبێــرن ئەندرســۆن – لــە ســاڵەکانی ١٨٣٢ – ١٨٣٩ تــووانی لــە سـکۆتلەندە یەکـەم ئوتـومبێلی ئـامێر کارەبـایی دروسـت بکـات . دوای ئـەوە ئۆتـۆمبێلی بچووك لەلایـەن پرۆفیـسۆر – سـترادینگ – ی هۆڵەنـدی لـە سـاڵی ١٨٣٥ ، هەروا لە لایەن – کریستۆڤەر بێکەر –ی یاریدەدەری دروستکرا

بـەم جـۆرە سـاڵ بـە سـاڵ و دەیـە بـە دەیـە لـە نێـوان سـەرەتا و کۆتاییـەکانی سەدەدا ئوتومبێل بە هەموو جۆرەکانی پەرەی سەندوو گەشەی کرد لـە بـواری ڕامیاری و ئابووری و بازرگانی و دوایی فرۆکەو کەشتی و دوایـی جـۆرەکانی دیکەی سەربازی و مەدەنی ، تا ئەمرۆی کە لەبەر چاومانە لە جیهاندا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٠٥

١٨٠٥/٤/٢ لە دایك بوونی نووسەرو ڕووناكبیری ناوداری دانیماركی و جیهانی – هانز ئەندرسۆن– لە شاری ئۆدنسەی دانیمارك ، كە ئەو كەسایەتیە لە خێزانێكی هەژاری ڕۆشنبیر بەم پایە بەرزە گەیشتووە . لە بواری نووسین و پەیووندیە كۆمەڵایەتیەكان .

١٨٠٥/٦/١٣ لەدایك بوونی موئەرخی فەلسەفەی نویٚ – یۆهانس ئەدوارد – ئەردمن لە ناوچەی ویردمار لەكەرتی لتۆنیا لە هەرێمی بەلتیق . خووێندنی لەشارەكانی دۆریان و بەرلین تەواوكردووە و لەسەر فەلسەفەی هیگل و دوای ئەوە بووە لایەنگیری هیگل و گرنگیدان بەبیروو بۆچوونەكانیدا ...هەروا خووێندنی لاهووتی تەواوكردووە و بۆتە كاهن لەگوندەكەی خۆی لەساڵی ١٨٢٦ . دوای ئەوە لەساڵی ١٨٣٢ گەراوەتەوە شاری بەرلین و كتابێكی بەناونیشانی – محاولة لعرض علمي لتأريخ الفلسفة الحديثة– ی لە سیٚ بەرگ بلاّوكردەوە .
دوای ئەوە بروانامەی دكتۆرای لەساڵی ١٨٣٤ بەدەست هێناو بووەتە مامۆستای یاریدەدەر لەزانكۆی هلە لە ساڵی ١٨٣٦ لەئەلمانیا ... دوای ئەوە لەساڵی ١٨٣٩ بووە مامۆستا... لە كۆتاییەكانی ژیانیدا گرنگی بەفەلسەفەی دەروونی دا تاكوو لە ١٨٩٢/٦/١٢ كۆچی دوایی دەكات ، بە ماڵئاوایی كردنی لە گەلانی وولاّتە هەمەلایەنەكانیدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دكتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /١ .

١٨٠٥/٦/١٨ دامەزرێنەری وولاّتی میسر محەمەد عەلی پاشای بەنژاد كوردو لە بنەماڵەی خدێووی بە زیرەكی و لێهاتوویی خۆی توانی ببێتە والی وولاّتی میسر ، ئەو بنەماڵەیە تاكوو شۆڕشی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ لە سەر میسر دەسەلاّتدار بوونەو ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەخزمەتی عەرەب و خواستەكانیاندا .

١٨٠٥/٨/١٠ بە هۆی هەڵوێستی بوێرانەی دانیشتووانی كورد لە بەشە خاكە كوردستانی لكێنراو بەئەرمینیا لە پارێزگای یەریڤان ، بەرگری لە بوونی نەتەوەیی ژەنەڕاڵ – ماگۆر نیسفینانی– سەركردەی هێزەكانی سووپای ڕووسیای قەیسەری لە هەرێمەكە بە هێزێكی ٥٠٠ سەربازی و پێنج تۆپ و سەدوهەشت قازاقە هێرشیان كردە سەر دانیشتووانە كوردەكانی قەڵای –

گیچیلك- ، لە ئەنجام مەڕومالاًتیان تالاًنکردن‌و ماڵەکانیان سووتاندن ، کە لە ئەنجام بووە هۆی دەستگیرکردن‌و دەربەدەربوونی بەسەدا خێزان لە هەرێمی پارێزگای یەریڤان‌و دەوروبەریدا .

١٨٠٥/٩/٢٨ بەرپرسی ڕووسیای قەیسەری - کنیاز تسی تسیانۆڤ - سەرقاڵی پێووەلکاندن ، یا یەکخستنی خانەکانی قەرەباخ‌و شاکین بوو بە ڕووسیاو ، هەروا خەریکی چالاکی دەبێ دژی دەست درێژی هێزەکانی بابافان لە قەرەباخ .

ئەویش بۆ پاراستنی سنوورەکان لەلایەن شاری یەرڤان وبامباکاخ لەومشت‌و مرەو ململانێیە ، ژەنەراڵ مایور نیسزینایف داوای لێکرابوو کە پەیووەندی لەگەڵ کوردەکانی یەرڤان بەهێز بکات ، بەلاًم لەرامیاریەتی دەسەلاًتی ڕووسیای قەیسەرییە کە بەدەیا نیازی نهێنی هەبووە بەرامبەر بە کورد لەوهەرێمەدا .

١٨٠٥/١٠/١٣لە دایك بوونی نووسەرو شاعیرو مێژوونووسی بە ناوبانگی کورد خاتوو - ماهشەرف ئەردەلانی- ناسراو بە مەستوورەی کوردستان ، شایانی باسە ئەو ئافرەتە ناودارە بەڕێزە لە بواری نووسین ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە نووسینەوەی مێژووی ڕووداوە سەرکەوت‌و ژێرکەووتووەکانی دەسەلاًتی میرەکانی ئەردەلان‌و باری ناوچەی کوردو کوردستان‌و پەیووەندیە جیاجیاکانی کورد ، بەتایبەتی لەباشوورو لە ڕۆژهەلاًتی کوردستان.

١٨٠٦

١٨٠٦/٢/٨ سەرکردەی ڕووسیای قەیسەری ، کنیا زتسی تسیانوڤ ، لە دەروازەی قەڵای شاری باکۆ پەیمان دەشکێنی و لە شەڕ دەکووژرێ لەلایەن کوردەکان ، کە لەوکاتە کێشە و میملانێ لە نێوان فارس و تورک بەردەوام بووە لەلایەك و کێشەی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕووسیای قەیسەری لەلایەکی دیکە لەسەر خاکی کوردستاندا بەردەوام بوو لە هەرێمەکەدا .

١٨٠٦/٢/١٥ شارۆچکەی تەلەعفەرو حەزەر سەر بە شاری سنجار بووینە ، کە لەوکات بەسترابوونەوە بە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، ئەویش لە دوای ساڵی ١٨٧٠ لکێندران بە پارێزگای مووسڵ ، کە لەوکات لە٩٥٪ دانیشتووانەکەی کورد بوینە لە هەرێمەکەدا .

مەولەوی

١٨٠٦/٥/٢١ نووسەرو شاعیری ناوداری کورد مامۆستا – سەعید عەبدولکەریم مەلا سەعید – ناسراو بە – مەولەوی – لە گوندی – سەرشانە – لە ناوچەی تاوەگۆزی – لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... کە لە خێزانێکی ئاینی پەروەردە بووە ... هەر لە منداڵیەوە باوکی ڕووی لە گووندی – بێژاوە – ی نزیک شارۆچکەی هەڵەبجە کردووەو لەوێ نیشتەجێ بوونە .

لەلایەن باوکی فێری قورئان خووێندن و خووێندەواری دەبێ ... هەر لەتەمەنی منداڵیەوە وردە کتێبەکانی سەرەتایی فارسی سەرف و نەحوی خووێندووە ... لەپێناو خووێندن چەندین گوندی کردووە وەك فەقێ لەلایەن مامۆستاکانی ئاینی خووێندنی تەواوکردووە... دوای ئەوە لەمزگەووتی

شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەزیر دامەزراوەو دوای ئەوە چۆتە شاری — بانە — و دوای ئەوە گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان چۆتە شاری سلێمانی و لە مزگەووتی گەوورە لە سلێمانی دامەزراوەو مامۆستا مەعروف نۆدێیی لەو مزگەووتە مامۆستا بووە.

دوای ماوەیەك دەچێتە شارۆچکەی هەڵەبجەو لەمزگەووتی جامعیە دادەمەزرێ ... دوای ئەو هەموو گەڕانە خووێندن تەواودەکات و دەست بەوانە گووتنەوە دەکات ... ئەم کەسایەتیە کوردە شاعیرو ئەدیبە و نووسەرە لەژیانی خۆی لەو کارانە بەردەوام دەبێت ، کە ئاواتەکانی تیا بهێنایەدی تاکوو لە ١٨٨٢/١١/١٢ کۆچی دوایی دەکات ، بەهۆی کەووتنە خوارەوەی لەسەر وولاخەکەی لەڕێگادا.

بەرهەمەکانی مامۆستا مەولەوی وەك کەلتوورێك جێگەی خۆی گرتووەو جێگەی دڵخۆشکەری نووسەرو دانەرو رووناکبیرانی کورد و فارس و عەرەبە بەبەردەوامی لەم هەرێمانەدا بەتایبەتی لە کوردستان .

١٨٠٦/١٠/٩ ڕووسیای قەیسەری شەڕی دژ بە ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا ڕاگەیاندو هێزەکانی سووپای هەردوو وولات دەستیانکرد بەپەلامارو دگیرکردنی خاکی یەکتری بەهێزی سوپای ئەوکات .

١٨٠٦/١٠/٢ لە دایك بوونی فەیلەسوف ناوداری ئەلمانی وجیهان — یۆهان کسبار ئەشمیت — لە شاری بابرۆیت لەهەرێمی بافاریا لە ئەلمانیا لەخێزانێکی هەژار ... ناسراو بەنازناوی — ئیتبنگەر — ماوەی خووێندنی ئەو فەیلەسوفە لە ١٨٢٦ تاکوو ١٨٢٨ بووە ... ئەویش بەخووێندنی فەلسەفە لە زانکۆی بەرلین لەدوای تەواوکردنی قۆناخەکانی بەر لەقۆناخی زانکۆ . ئەو بەخووێندنی فەلسەفەی هیگل و کارلێکردنی بەبیروو هەستی ئەم فەیلەسوفە لە وولاتەکەیدا .

دوای ئەوە لەزانکۆکانی ئەرلنجن و کینجزبرگ و دوای ئەوە لەساڵی ١٨٣٢ گەڕاوە شاری بەرلین و بڕوانامەی وانە گووتنەوەی بەدەست هێنا لە بڕووسیا ... بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەتی بووە مامۆستای قوتابخانەی کچان

لەشـاری بـەرلین و لەهـەمان کـات لەرۆژنامـەکان کـاری دەکـرد ، بەتایبـەتی لەبواری فەلسەفەدا .

دوای ئـەوە چـووە نـاو کۆمەڵـەی ئـشترنری هێگلیـە ئازادەکـان ، لەگـەڵ کەسـایەتی و روونـاکبیرو فەیلەسـوف ، لەوانـە چـاوپێکەوتنی بـە مـارکس وئینـگلش ... ئـەم فەلیەسـوفە چـەندین دانـراوی بەرهـەم هێنـاو بـەردەوام بـو لـەکارەکانی تـاکوو لـە ١٨٥٦/٦/٢٦ لەشـاری بـەرلین کـۆچـی دوایـی دەکـات لـە وولاتەکەیدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی ٣/ .

١٨٠٦/١١/٦ بە هـۆی شـارەزایی و لێهـاتوویی محەمـەد عـەلی پاشـای والی میـسر لـە هـەموو لایەنێك ، لـە پێنـاو بـەرەو فراوانکردنـی دەسـەڵاتەکەی هـەنگاوینا بـە تایبـەتی بـەرەو شـامو هەرێمـەکانی وویلایـەتی دیاربـەکر لـە باکووری کوردسـتان بـە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی ...ئەنجامی ئەو هە وڵ و کۆششەی ئەو بنەماڵەیە و بووە هـۆی ئـەوەی کـە بریـاری دوورخـستنەوەیان لـە دەسـەڵات بدرێت .

بـەڵام بـە هـۆی پاڵـە پەسـتۆی پیـاوان و کەسـایەتی ئـایینی میـسر توانیـان محەمـەد عـەلی پاشـا بگەڕێننـەوە بۆسـەر کارەکـەی بـەوالی میـسر لـە سـەر وولاتەکەدا .

١٨٠٧

١٨٠٧/٣/٢ کۆنگرێـسی ئەمـەریکا بازرگـانی کردنـی بەکۆیلـەی مرۆڤـی ئەفـەریکیای هەڵووەشـاندەوە – عبیـد– کـە لـەو کـات زیـاتر لـە ٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن لەکۆیلـەکان لـە ناوچـەکانی باشـووری ئەمـەریکا مابوونـەوە . ئـەویش بـە کـار پێکردنیان بە کاری هەمە جۆرو دوور لە وویژدانی مۆڤایەتی لە وولاتەکەدا .



١٨٠٧/٣/١ لە دوای سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ڕووسیای قەیسەریو بەریتانیا لە لایەك و دەسەڵاتی فارس لە لایەکی دیکەدا ... ڕێکەووتنی هەڵکەووتەی فەڕنسا وردە وردە لە دەسەڵاتی فارس لە ئێران نزیك بووەوە لە نێوانیاندا .

کە بووە هۆی ڕێکەووتنیان لە سەر چەندین لایەنی پەیووەندی نێووانیان...بەڵام دوای دوومانگ ڕێکەووتن لە نێوان ڕووسیاو فەرەنسا مۆرکرا ، بە ناوی پەیمانی – تلیست – ، کە فەڕنسا ماوەی بەڕووسیادا ، کە ڕامیایەتی بەرفراوان لە دەسەڵاتەکەی بەکار بهێنێو بەرەو بە هێز ی هەنگاوبنێ ، لە سەر بەرژەوەندی هەردوو دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسیو عوسمانی ...، ئەویش لەسەر خاکی کوردستان.

١٨٠٧/٣/١ دەستەیەکی نیزامی لە زاناکانی سووپای فەڕەنسا بە سەرۆکایەتی – کاردان – لە و کاتەی کە سەردانی ئێرانی کرد ، کە هێشتا شەڕ لە نێوان ئێرانو ڕووسیا کۆتایی پێنە هاتبوو، ئەودەستەیە خزمەتی گەوورەی هێزەکانی سووپای فارسی لە ئێران کرد ، ئەویش بە دامەزراندنی سێ مەڵبەندی

مەشق پێکردن لە شارەکانی وەك تاران و تەوریزو ئەسفەهان .
کە زیاتر لە ١٤ مانگ خەریکی مەشق پێکردنی چەند هەزار سەربازی فارس بوون لە ئێران . کە ئەوانەی ووشەی سەربازیان داهێناو ئۆنیفۆرمیان کردە باوو، هەر ئەودەستەیەش هەوڵیدا سووپای فارسی لە ئێران لە سەر شێووازی سووپاکانی ئەوروپا مەشق پێبکات ، بۆ ئەوەی ڕێکی بخات و تاکتیکە جەنگیە کۆنەکانی فارس بگۆڕێ بەنوێترین تاکتیك لە وولاتەکەدا .

١٨٠٧/٣/١٧لە ماوەی هاوپەیمانیەتی چوارەمی ئەوروپا دژی فەرەنسا ، کە بووە هۆی مۆرکردنی هاوپەیمانی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وسەرکردەی فەرەنسا ناپیلۆن ، کە ئەو ڕێکەووتنە بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوان بەریتانیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .
لە هەمان کات ئیستوولی جەنگی بەریتانیا چووە ناو دەریای مەرمەرە ، لە پێناو چوونەناو شاری قووستەنتینیە – پارێزگای ئەستەمبوڵی ئێستا – بەڵام هەوڵەکانی بەریتانیا هەرەسی هێناو داگیرکەرە بەریتانیەکان بڕیاریاند هێرش بکەنە سەر میسر بە ٥٠٠٠ هەزار سەرباز ، کە ئەم روو وەرگێران بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی بەریتانیاو هێزەکانی سووپای محەمەد عەلی پاشا ، کەجووتیارو بەدووەکان پشتگیری لێدەکرد لە دژی هێزەکانیسووپای بەریتانیا.
ئەم شەڕەش بۆ ماوەی پێنج مانگ بەردەوام بوو لەناوچەکانی شاری ڕشدو ئەسکەندەریە – تامانگی/٩ ی هەمان ساڵ ، کە هێزەکانی بەریتانیا کشانەوە بەهۆی بەرگری کردن لەلایەن هێزەکانی سووپای محەمەد عەلی پاشا لە وولاتی میسر. لە ناوچەو شارەکاندا .
١٨٠٧/٦/٢٨سوڵتانی عوسمانی – سوڵتان سەلیمی سێیەم – لە دەسەڵات دوورخرایەوە لە دوای ١٩ ساڵ لە دەسەڵات تاکوو کۆچی دوایی کرد لە سەر دەسەڵاتدا .
١٨٠٧/٧/٧ بە هۆی سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای ناپلیۆن بەسەر هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی مۆرکردنی پەیمانی ناسیت)– لە نێوانیاندا .
شایانی باسە کە ، نلسیت ، گووندێکە لە ڕۆژهەلای بڕووسیا لە سەر زێ

ینچن ... ئەم زێیە جیاکەرەوەی سنووریە لە نێوان ڕووسیاو بڕووسیا ، کە ناپلیۆنی یەکەم لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەری ئەسکەندەری یەکەم لەو کات کۆبوونەوەو ڕێکەوتن لە سەر دابەشکردنی ئەوڕوپا لەنێوانیاندا .

١٨٠٧/١٠/١٦ ئەو ڕاپۆرتەی کە سەرکردەی شالاوەکە – فریزەر– لەگەڵ نوێنەری محەمەد عەلی پاشا ، کە ژەنەڕاڵ مۆڕبوو ناردبووی ، لەلایەنە گرنگەکانی ئەو ڕاپۆرتە گفتووگۆی نێوانیانی لە سەر کرا .

ئەویش بەهێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە ناوچەو هەرێمەکانی وولاتی میسر ، لەگەڵ پاشای میسرو ژەنەڕاڵ میجەر – شویروك– و کاپتن – فلیوز– لە پێناو هێوکردنەوەو سەرکەووتنی کارەکان .

١٨٠٨

١٨٠٨/١/١ قەدەخەکردنی بازرگانی پێکردن و هێنانی کۆیلە – عبید– لە ئەفریکیا بۆ ئەمەریکا لە پێناو کارپێکردنیان لە کارگەو پڕوژەو کێلگە کشتووکاڵیەکان ، بە بەدەست هێنانی سەرمایەی زۆرو بێ ئەوی خەرجیەکان بەرەو بەرزی برۆن، لە ئەنجامی کار پێکردنیان لەو وولاتەدا .

١٨٠٨/٢/٢٨ دەستەی سووپای فەڕنسا لە کاتی سەردانەکەی بۆ ئێران ، بە سەرکردایەتی کاردان ، ئەویش لە دوای دامەزراندی مەڵبەندی مەشق پێکردن لە شارەکانی تاران و تەوریزو ئەسفەهان ، لە هەمانکاتدا دوو کارگەی داڕشتنی تۆپخانەیان لەتاران و تەوریز دامەزراند ، دوای ئەوە ئەو دەستە زانا سەربازیە کەووتنە داڕشتنی کارگەی دروستکردنی تۆپی گران ، کەپێشتر ئێران ئەو جۆرە کارگانەی نەبوو لە وولاتەکەدا .

١٨٠٨/٢/٢٨ بە هۆی بە هێزبوونی پەیووەندی لە نێوان هەردوو دەسەلاتی فارس و فەرەنسا ، هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری پەلاماری شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیای ژێر دەسەلاتی فارسی ئەوکاتیدا ، کە هەرێمێکی کوردستانە.

لە هەمان کات بۆ دەسەلاتی فارس دەرکەووت کە نیازەکانی فەڕنسا بەرامبەر بە دەسەلاتی فارس لەناوچەکە چۆن بەڕێوەدەچێت...لەلایەکی دیکەوە

بەریتانیا شاندێکی بەرەو ئێران ڕەوانەکرد بۆ گفتووگۆ کردن لە ئاکام گفتووگۆکە سەرکەووتنی بەدەست هێنا لەگەڵ شای فارس بەمۆرکردنی ڕێکەوتن دژی فەڕنسا،.
ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکە بەریتانیا شاندێکیشی بەرەو ئەفگانستان ڕەوانەکرد ، لە پێناو گفتووگۆکردن لەگەڵ - شوجاع شاو- لە پێناو مۆرکردنی ڕێکەووتنامە دژی هێرشەکانی فەڕنساو فارس ، بەڵێنی بەشوجاع شای ئەفگانستاندا ، کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات بە تایبەتی لە بوواری سەربازیدا .
کە بووە هۆکاری ئەوەی ، کە هێزەکانی سووپای فارس دووجار بەرامبەر بە هێزەکانی سووپای ڕووسیا ی قەیسەری شکست بە دەست بێنن بە هۆی نەبوونی هەڵوویستی ڕاستو ڕانە گرتنی هاوسەنگ و هاوکێشەکان و یاریکردن لەیاری کەرەکان لەگۆڕپانی یاریگای ڕامیاری لە هەرێمەکاندا .

١٨٠٨/٦/٢٨سوڵتان سەلیمی سێیەمی سوڵتانی عوسمانی لە تەمەنی٤٨ ساڵیدا کۆچی دووایکردووە ، دوای ئەو سوڵتان موستەفای چوارەم دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی گرتە دەست ، کە کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم بووە .
شایانی باسە کە پیلانی لابردنی سوڵتان سەلیمی سێیەم لە سەر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی ، کە مرۆڤێکی توندڕەو و شۆڤێنی بەرچاو جەنگ بووەو هەردەم حەزی بە ئاژاوەو داگیرکردنی خاکی گەلانو وێرانکردن دەکرد . بە تایبەتی خاکی کوردستانو کورد لەهەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەویی و نیشتیمانیدا لە سەر خاکی کوردستان .

١٨٠٨/٧/٢٨سوڵتان مەحمودی دووەم دەسەڵاتی ئیمراپتۆریەتی عوسمانی گرتە دەست و لە هەمان کات مستەفا پاشا بریقەداری کرد بە وەزیری مەزنی خۆی ... کە مستەفا پاشا بە هەموو توانایەك هەوڵیدا بە چاکسازی کردن لە ریزەکانی سووپاو کارگێری ، لە پێناو زاڵ بوون بەسەر بەرهەڵستکاران ، کە لە سەرەتا پیاوانی ئایینی و ئینکشاریەکان بێ دەنگ بوون .
بەڵام دوای ئەوە بووە هۆی دروست بوونی کێشە تاکوو گەیشتە شەڕی

چەکداری لە نێوان هێزەکانی ئینکشاریەو چەکدارانی حکومەت ، لەئەنجام وەزیری مەزن مستەفا سووتێندراو ئاژاوەو پێکدادان لە هەموو شاری ئەستەمبوڵ و دەوروبەری بڵاو بووەوەو بووە هۆی سووتاندن و تەقاندنەوەی گۆگاکانی چەك و تەقەمەنی و دام و دەزگاکانی ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٨٠٨/١٢/٢٢ دوای ماوەیەکی کەم - کلۆدیووس جێمس ریچ - لە ژن هێنانی . گەرایەوە نووسینگەکەی کە شاری بەغداو بەسرەشی گرتۆتەوەو لە ئەنجام لە شاری بەغدا سەقامگیربووە ، کە بارەگای والی دەوڵەتی عوسمانی لێبووە چونکە بەو هۆیەوە کە شووێنەکەی لە ناوەراستدا بووە ... توانیوویەتی کاروباری رامیاری خۆی لەگەڵ دام و دەزگاکانی والی بەغدا بەرێوەبەرێ و ئەو دەنگوباسانەش ببیستێ کە لەوسەردەمەدا لە ئەوروپاوە دەهاتن و پر بوون لەو هەوڵانەی کە چاوەروانکرابوو ، کە - ناپلیۆن - ئینگلتەرەو هیند داگیربکات ... بەهۆی هەست بەرزی و دوور بینی ئەم مرۆڤە لەکاروباری رامیاری و ئاگاداربوونی لە رەوشت و خووی خەلکی و بەخشندەیی خۆیشییەوە زۆر خێرا توانیوویەتی رێزی خۆی لەلایەن میری ولای دانیشتووانەکان پەیدا بکات و ببێتە جێگەی بروا پێکردن لەوکاتدا لە وویلایەتەکان .

<u>سەرچاوە:</u>- گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان - چاپخانە - ئاراس - هەولێر - باشووری کوردستان

١٨٠٩

١٨٠٩/١/١٩ لەدایك بوونی داهێنەری بەناوبانگی ئەمەرکی - ئێدگارتالان پوو- لەشاری بۆستنی ئەمەریکا لەدایك وباوکێکی ئەکتەر ... ئەم داهێنەرە لەماوەی ژیانی بەدەیا کاری هەمەجۆری ئەنجام داوە تاکوو لە ١٨٩٤/١٠/٧ کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەیدا .

٣ / ٢ / ١٨٠٩لەدایك بوونی مۆزیكازانی ناوداری ئەلمانی – مەندلسۆن – لەشاری هامبۆرگ ، لەوكاتـەی كـە ئـەلمانیا لەلایـەن فەرەنـسا لەسـاڵی ١٨١١ داگیركـرا ... بنەماڵەكەی بەرەو شاری بەرلینی پایتەخت رۆیشتن و لێی نیشتەجێ بوون ، كە مەندلسۆن هەر لەو شارەدا خوێندنی هونەری مۆزیكای دەست پێكرد لەسەر ئامێری پیانۆ .

لـە هـەمان كاتـدا ئـەدەب وهونـەری وێنەكێشانی تەلارسازیش فێربـوو كـە ئەمانـەش كاریـان كـردە سـەر بـەهرەی هونـەری و بـەلاوێكی زانـاو هۆشـیاری خاوەن هەستێكی فراوان ، یەكەم گەشتی مەندلسۆن بۆ ئینگلتـەرە لـە بـەهاری سـاڵی ١٨٢٩ بـووەو سـەركردایەتی سـیمفۆنی كۆمەڵـەیكی هونـەری شـاری لەندەن و بۆ هاوین رووی كردە ئۆسكۆتلەندە .

لە ساڵی ١٨٣٠ گەراوەتەوە ئەلمانیاو دوای ئەوە سەردانی نەمساو ئیتالیاو سوویدی كـردووەو چالاكیە مۆزیكیـەكانی لـەو وولاتانـە پێشكەش كـردووە ، كە لە هەموو ئەوروپا ناسرا ، لە ساڵی ١٨٣٢ دا گەراوەتـەوە شاری لەنـدەن و بـووە سـەرۆكی تیپێكـی تایبـەتی مۆزیكـا ... دوای ئـەوە یەكـەمین كتـێبی هونـەری بـەناوی – گـۆرانی بـێ ووشـە –ی بـەزمانی ئـەلمانی بلاوكردۆتـەوە ، ئەم هونەرمەندە ناوداره بەردەوام بووە لەبەرهـەمی هونـەری و نووسینەكانی هونـەری تـاكوو لەسـالی ١٨٤٧ كۆچـی دوایـی دەكـات و ماڵئـاوایی لـەبواری هونەری و هونەر دۆستان دەكات لە جیهان .



١٨٠٩/٢/١٢ لە دایك بـوونی پرۆفیسـۆرو زانـای نـــاوداری جیهـــانی... چـــالز داروێـــن... شـــایانی باســـە كـــە مامۆستا مەزن و بەهرەدار داروین خـاوەنی كتێبـی – الاصـل الانـواع– ە ، كـــە بۆتـــە سەرچـــاوەی بیروبۆچـوونو مشتوومری نێـوان زانایـــان لـــە جیهـــان و لـــە بووارەكـانی فەلـسەفەو ئـابووری‌و سرووشـتو ئاژەڵناسـی و مـرۆڤ و

راکێشەر – جازبیە – و چەندین لایەنی دیکەی زانستە هەمەجۆرەکان لە جیهاندا .

١٨٠٩/٧/٨ سـولتان مـەحمودی دووەمـی سـولتانی عوسمـانی ڕێکـەووتنی لەگـەڵ ڕژێمەکانی بەریتانیاو ڕووسیا مۆرکرد ، هەرچەندە بە دامەزراندنی تەواو نەبوو... بەڵام بە هۆی کێشەو ململانێی کاروباری ناووخۆی دەسەڵاتەکەیدا و هەوڵی بەرەو باشکردنیدا بە پتەووکردنی دەسەڵاتە هەمەلایەنەکان بە تایبەتی لەلایەنی سەربازی و ئابووریدا ، لە پێناو پەلاماردانی خاکی گەلان و داگیرکردنی بە تایبەت خاکی کوردستان .

١٨١٠

١٨١٠/٢/٦ لە دوای هاتنی دەستەی نووێنەرایەتی فەرەنسا بە سەرۆکایەتی کاردان ، بۆ ئێران لەپێناو جێبەجێکردن و پێك هێنانی ڕێکەووتنەکانی فەرەنسی _ ئێرانی – فێکن شناین– کردنەوەی هێزە چەکدارەکانی فارس لە ئێران .

کە عەسکەرخانی ئەوسا یەکێ بوو لە پیاوە ناسراوەکانی ئەو کاتی ئێران ، جگە لەوەی کە بەشداری دروستکردنی فەوجەکانی پیادەی نیزامی ئازربایجان کرد بوو ، دوای ئەوە لەلایەن – فتحعلی شاهی– قاجارەوە کرایەوە بە دووەمین باڵوێزی قاجار ، و لەلایەن ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسا ، عەسکەرخان لەگەڵ خۆیدا بایی ٥٠٠٠ پێنج سەد هەزار تومەن دیاری بۆ پاریس بردوو ... بە پێشکەش کردنی بە بڕپرسان .

پاش ئەوەی چوارساڵ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا مایەوە بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێك بگات ... بە١٠٠٠ تومەن قەرزاری گەڕایەوە ئێران ، ئەو قەرزەی کە لەسەری کۆببووەوە دەیوویست بەتاڵانکردن لەخەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕی بکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش گەڕانەوەی عەباس میرزا ، عەسکەرخانی کرد بە کردیە دادوەری پارێزگای ورمێی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٨١٠/٧/٢٠ وولاتـــی کۆلۆمبیـــا ســـەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیاند بە دەرچوونی لـــە ژێـــر داگیرکـــەری ئیمپراتۆریـــــــەتی ئیـــسپانیا .بـــەناوی کۆمـاری کۆلۆمبیا ، و پایتەختەکـــــەی – بۆگاتـــا – ژمـــارەی دانیـــــــشتووانی پایتـــەخت ٦٣٥,٠٠٠٠ملیـــۆن کەســـە . ژمـــارەی دانیـــشتووانی وولاتەکـــە ٤٠,٦٦٥,٠٠٠ ملیـۆن کەســە ، هــەروا ڕووبــەری وولاتەکــە ١,١٣٨,٩١٠ کیلـۆ مەتر چوارگۆشەیە . هەروا نژادەکان – مـستبزۆ/ ٥٠٪ ،سـپی پێـست ٢١٪ ، مۆڵتۆ ١٥٪ ، ڕەش پێست٤٪ . هـەروا چڕی دانیشتووانی ٩١ کەس لـە یەك میل چوار گۆشەدا .



١٨١٠/٩/١٦ گـــەلانی مەکـــسیك لـــە پێنـاو تۆڵە سەندنەوەدا ، ڕووبـــــــەڕووی داگیرکـــەری ئیـــسپانیا بوونـــەوە . لـــە پێنـــاو بـــــەرگری کـــــردن و ڕزگاربوونیـــان کـــە لـــە ئاکامـــدا ئاواتـــەکانیان هاتـەدی بە ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی مەکسیك ... دوای ئـەوە ئـەو ڕۆژەیـان بـەڕۆژی سـەرکەووتن و سەربەخۆیی مەکسیك دادەنێن و تاکوو ئێستاش یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە , بەسەرکردایەتی – کۆستێلا– کە ڕۆڵـی سـەرەکی هـەبوو لـە ڕزگـار کردنـی گەلانی مەکسیك لە چێر داگیر کەری ئیسپانیا لە کێشووەرەکەدا .

هـەروا ئـەم راگەیاندنـەش بە نـای – وویلایەتـەكانی مەكسیكی یـەكگرتوو – بـوو . پایتـەختی ، شـاری مكسیكۆ سـیتی – یـە و ژمـارەی دانیـشتووانی ١٨,٦٨٥,٠٠٠ ملیـۆن كەسـە ... هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەكـە ١٠١,٨٥٠,٠٠٠ ملیـۆن كەسـە ...هـەروا رووبـەری وولاتەكـە ١,٩٥٨,٣٠٠ كیلۆمەتر چوارگۆشەیە ... هەروا چڕی دانیشتووانی ١٣٥ كەسە لە یـەك میـل چوارگۆشـەدا ... هەروا نژادەكانی ، مستیزۆ ٦٠٪ كە تێكەڵاون لـە دایـك و باوكی ئەورووپی و هندی ئەمەریكی ، هندی ئەمەریكی ٣٠٪ . قەوقازیـەكان ١٠٪ . لە وولاتەكەدا .

١٨١١

١٨١١/٥/١٤ لـە دوای خـەبات و قوربانیـدانێكی زۆر هـەرێمی پـاراگوای توانیـان سـەربەخۆیی وولاتەكـەیان بـە دەست بێـنن لـە دوای تۆڵـە وەرگرتنـەوە ئـەویش بـەجیا بوونـەوەیان لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی ئیسپانیادا .

ئەم راگەیاندنەش بە ناوی كۆماری پاراگوای ، بوو لە كێشووەرەكەدا . ناوی پایتەختەكەی – ئاسۆنسیۆن – و ژمارەی دانیـشتووانی ١,١٤٥,٠٠٠ملیۆن كەسـە . هـەروا ژمارەی دانیـشتووانی وولاتەكە ٥,٦٨٩,٠٠٠ ملیۆن كەسـە . هـەروا رووبـەری وولاتەكـە ٤٠٦,٧٥٢ كیلۆمـەتر چـوار گۆشـەیە . چـڕی دانیـشتووانی ٣٦ كـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەكانی مستیزۆ ٧٥٪ . سپی پێستەكان و هندی و ئەمەریكیشی تیایە .

١٨١١/٧/٥ گـەلانی وولاّتـی فـەنزوێلا لــــە دوای هــــەول و خـەباتێکی زۆر تووانیـان ســــــــــەربەخۆیی خۆیوولاّتەکـــــــەیان ڕابگەیـــــەنن . بــــە دەر چـــــوونیان لــــە ژێــــر دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی ئیـسپانیادا . بــە نـاوی کۆمــــاری فنـــزویلا لـــە کێشووەرەکەدا .

ئەم وولاّتە پایتەختەکەی – کاراکاس – ە و ژمارەی دانیشتووانی ٣٨٩,٥٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکە ٢٤,٧٦٥,٠٠٠ . هـەروا رووبـەری وولاّتەکــە ٩١٢,٠٥٠ کیلـۆ مـەتر چوارگۆشـــەیە . هـــەروا چـڕی دانیشتووانی ٧٠ کەس لە یەك میل چوارگۆشـەدا . نژادەکانی مستیزۆ ٦٨٪ . ئـسپانی و پرتووگـالی و ئیتـالّی ٢٠٪ . پێـست سـپیەکان ١٠٪ . هندیـە ئەمەریکیەکان٢٪ . لە وولاّتەکەدا .

١٨١١/٧/٥ گەلانی وولاّتی نیوزلەندە لـە دوای هـەل و مانـدوو بـــوونێکی زۆر تـــووانی ســـــەربەخۆیی خۆیـــــان ڕابگەیــــەنن . بـــــە دەر چونیان لە ژێر دەسـەلاّتی ئیمپراتۆریـەتی ئیـسپانیا . بـــە نـــاوی شانـــشینی نیوزیلەندەلــــــــــــە کێشووەرەکەدا .

ئـەم وولاّتـە پایتەختەکـەی نـاوی –ولینگتـۆن – کـە ژمـارەی دانیـشتووانی

٤٢٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە ٣,٩٩٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکە ٢٧٠,٥٣٤ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ٣٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ئەوروپی ٨٠٪ . ماوری ١٧٪ . لە وولاتەکەدا .

١٨١١/٨/٢٥ هەرێمی ئۆروگوای توانی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ بە جیابوونەوەی لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا. بە ناوی کۆماری ئۆروگوای لە کێشووەرەکەدا .

ناوی پایتەختی وولاتەکە – مۆنتڤیدیۆ – ژمارەی دانیشتووانی ١,٧٩٥,٠٠٠ . هەروا ژمارەی دانیشتووانی ٤,٣٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکە ١٧٦,٢٢٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە . چڕی دانیشتووانی ٦٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی،سپی پێست – لە بنەڕەتا ئیبری و ئیتالیە – ٨٨٪ . مستیزۆ – کەتێکەلاون لە ئەوروپی و دانیشتووانی دوورگەی هیندی ڕۆژئاوا – ٨٪ . ڕەش پێت ٤٪ . لە وولاتەکەدا

١٨١١/١٠/٢ لە دایك بوونی – فرانز لیست – لە شاری ریدینگی وولاتی هەنگاریا ، هەر لە منداڵیەوە بەهرەو ئارەزووی میوزیکی لێ بەدیار دەکەوێت و لەتەمەنی نۆ ساڵیدا بۆیەکەم جار لەبەردەم جەماوەر ئاهەنگێکی میوزیکی دەگێڕێت ، دواتر بەردەوام دەبێت لە کارەکەی و کەسایەتی بەرچاو پەیدا دەکات .

لەدوای کۆچی دوایی باوکی ناچاردەبێت ڕوو لەکارکردن بکات لە پێناو بژێووی ژیان ، لەهەمان کات لە کاری هونەریش بەردەوام دەبێت ، لەساڵی ١٨٣٢ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەرشانۆ بەمەبەستی پێشکەش کردنی کۆنسێرتی میوزیك لە شارەکانی وەك میونخ و پاریس و لەندەن دێت و

دەچێ .

لە پاش دانان و ژەنین بەرهەمێکی زۆری مۆزیك لەشاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دەچێتە نێوو ڕێچکەی کەهنووت و وانەی لاهوت دەخوێنێت تا لە دوا کۆنسێرتی ، کە تایبەت دەبێ بە شاژنە ڤیکتۆریا ، ئەم مۆزیك ژەنە ناودارە لە ڕۆژی ١٨٨٦/٧/٣١ کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکە و جیهان .

١٨١٢

١٨١٢/١/١٦ بەدرخان پاشا لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا فەرمانرەوایی ئیماراتی جەزیرەی گرتە دەست و هەر لە سەرتاوە هەوڵی ئەوەیدا کە تورکەکان لەو هەرێمەدا بنبڕ بکات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا دابمەزرێنێ لە هەموو کوردستان وتوورکەکان لە سەر خاکی کوردستان دووربخاتەوە . هەر بە هۆکارە دەستی کرد بە یەککخستنەوەی میرە مەزنەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستەش کاربەدەستە کوردەکانی لە ... شارەکانی وان و هەکاری و خێزان و مۆش لە هەرێمەکەدا .

هەروا هەندێك لەشێخە بەناوبانگەکان هاوکاریان لە گەڵدا کرد . میر بەدرخان کارخانەی چەك و تەقەمەنی ئەو سەردەمەی لە شاری جەزیر دامەزراند و خەریك بوو لەهەموو بوارێك خۆی بۆ ئەو پرۆژەیە ئامادە بکات ، لەو کاتەشدا مەسیحیەکانی بۆتان لێی هەڵگەرانەوەو باجی ساڵانەی ئەوکاتیان نەدا ... لە بەر ئەو هۆیەو چەندین هۆکاری دیکە میر بەدرخان هێزێکی چەکداری لە ١٠٠٠٠ هەزار کەس ڕەوانەی سەریان کرد ، بۆ ئەوەی بیانخاتەوە ژێر ئیماراتەکە .

لەو کاتە میربەدرخان ترسی زۆری لە تورکەکانی عوسمانی پەیداکرد . لە بەر ئەو هۆکارە کە عوسمانیەکان نووێنەریان ڕەوانەی لای بەدرخان کرد بۆ ئەوەی هەوڵی یەکخستنەوەی کورد نەداو یەکێتی نەتەوایەتیان وەبەر نەخاو بارودۆخی ناوچەو هەرێمەکە بەرەو گۆران هەنگاوی دەنا .

لەلایەکی دیکە وولاتانی ئەوروپا پشتگیریان لە ئەرمەنەکان دەکردو لەهەمان کات هۆشداری دا دەووڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی پشتگیری ئەرمەنەکان بکات دژی کورد لەباکووری کوردستان .

لـە و کاتەشـدا سـولتانی عوسمـانی ئـەو هەڵـەی بـە دەرفـەتێکی بـاش زانـی و خـۆی ئامـادەکرد ، لـە پێنـاو لـەناوبردنی میرنـشینی جـەزیره ... ئـەویش بـە ئاگادارکردنەوەی حافز پاشای موشیری ئەنادۆل ، کە بەهـەر شێووەیەك بیّ میربـەرخانی بێنێتـە شـاری ئەسـتانە ، بـەلاّم حـافیز پاشـا لەهەوڵـەکانی سەرنەکەووت ... دوای ئەوە دەسەلاّتی عوسمـانی هێزێکـی زۆری نـاردە سـەر بـەدرخان ، بـەلاّم ئـەو هێرشـە هەرەسـی هێنـا بـەهۆی بـەرگری هێزەکـانی میرنشینی جەزیرو لە ئەنجام بۆ دواوە گەرایەوە .

دوای ئـــەوە مـــیر بـــەدرخان دراوی بـــەناوی خـــۆی لێـــدا ... ئـــەویش بەئاگادرکردنەوەی . شارەکانی وان و سابلاخ و رواندزو موسل ... دوای ئەوە قـەلاّکانی سنجارو وێرانـشارو سێووەرکێشی خـستە ژێـر دەسـەلاّتی خـۆی لەگـەڵ دەووروووبـەری قـەلاّی دیاربـەکر – ئامـەد – . هـەروا شـارەکانی شنۆو وورمێشی خستە ژێر دەسەلاّتی خۆی .

لــەو کاتــەدا دەســەلاّتدارانی ئیمپراتۆریــەتی عوسمــانی هێزێکــی زۆریــان بەسـەرکردایەتی ... عوسمـان پاشـا ... نـاردە سـەر هێزەکانی میر بـەدرخان و هەردوو هێز لە نزیك شاری ورمیّ گەیشتنە یەك و شەڕ لەنێوانیان بەرپابوو ... لەئەنجام میر عزەدینی شێر ، کە سەرکردەی هێزەکانی بەدرخان و خزمـی خۆشی بوو بە هەموو چەك و تەقەمەنی و چەکدارەکان لە بۆتان خۆیان خستە ژێـر ئـالاّی دەسـەلاّتی عوسمـانی و لـە مـیر بـەدرخان هەڵگەرانـەوە و یارمـەتی تۆرانیەکانیان دا دژی هێزەکانی میر بەدرخان لە سەر خاکی کوردستاندا .

لەئــەنجام جــەزیر داگیرکــراو دوای ئــەوە میربــەدرخان هێزێکــی بــەرگری ئامادەکرد ، بـەلاّم هێزەکـە توانـای سـەرکەووتنی نـەمابوو ، بـەهۆی خیانـەتی عزەدین شێر ...؟.

ئالێرەدا خیانـەتی کـورد یـەك لەوانـە عزەدین شـێر ، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە دەسەلاّتی میر بەدرخان لە باربیات لە پێناو بەرژەوەندی دووژمن کە هێزەکانی عوسمانی دووبارە توانیان جەزیر داگیربکەنەوەو میر بـەدرخان بـەرەو قـەلاّی – ئـاروخ – رۆیـشت و لـەویّ خـۆی جێگیرکـرد ... کـە تـورك و عـزەدین شـێر دەووریـان گـرت و مـاوەی هەشـت مـانگ شـەڕی لەگـەڵ هێزەکانی عوسمـانی و عزەدین کرد و شەڕەکە بەردەوام بوو ، لە ئاکامدا دوو کـوڕی مـیر بـەدرخان بــەدیل گــیران ... کــە دەســەلاّتی عوسمــانی بــەهۆی ســەرکەووتنی بەســەر

میرنشینی بەدرخان و بەدرخان .

بـەم بۆنەیـەوە میدالیایـەکی لـە ۱۹٤٦/۱۲/۲۰ بـەناوی – میـدالیای جـەنگ کوردسـتان – دارژت ئەمەیە کـورد ... گـەر عزەدین شێر خیانـەتی لـەخۆیی میربـەدرخان نەکردایـە ، هێزەکـانی عوسمـانی توانـای سـەرکەوتنیان نـەبو بەسەر میربەدرخان .

ئەمـەش بەرژەوەنـدی تایبـەت و دەسـەڵات و پـارەو پلەوپایـە ، بۆیـە کـورد ب ئامانجـەکانی خـۆی نەگەیـشتووە بەدرێـژایی مێـژوو ... بـۆ نموونـە خـۆژی کــورد کــوژی لــە نێـوان هــەردوو پــارتی دەســەڵاتدار لەهــەرێمی باشــوور کوردستان لە دوای راپەرینی /۱۹۹۱ لەکوردستان ....؟...!...! .

سەرچاوە – شەرەفخان – لاپەرە /۳۱۵-۳۱٦ .

۱۸۱۲/۸/۸ لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی مەزهەبی وەهابی لە دوورگەی بیابانی عەرەبی ولاٚتــی ســعوودیەی ئێــستا ، محەمــەد عــەلی پاشــا هێزێکــی گــەورەی بەسەرکردایەتی نووسن پاشا ڕەوانەی وولاتی عەرەبی سعودی کرد،.

لـە ئـەنجام محەمـەد عـەلی پاشـا خـۆی چـووە شـاری حیجازو شـەریف عـەلی غالـب شـەریفی دەسـت گیرکـرد ، لـە دوای ئـەو کـارە ڕەوانـەی میسری کرد تاکوو کۆچی دوایی کردنیان لەمیسردا.

۱۸۱۲/۸/۲۷ لـەدایك بـوونی خێزانـی شـاعیری گـەورەو بـەناو بـانگی وولاٚتـی ڕووسـیا - تاتالیا گەنچارۆڤە – لە شاری کارین تەمبۆڤسکی چاوی بە جیهـان هـەڵهێناو .. شایانی باسە ئـەم ئافرەتـە بێ وێنـەبووە لـە جوانی و شـۆخ و شـەنگی، هـە بەهۆی خواستنی ئەم ئافرەتە پۆشکین لـە شـەرە شـێرێك زامدار دەبـێ و دوای دوو رۆژ لە زامداریەکەی گیانی لە دەست دەدات، لەسەر وەسیەتی پۆ شکین ، دوای سێ ساڵ لە مردنی پۆشکین مێرد دەکاتەوە.

۱۸۱۲/۱۰/۱۲مۆرکردنی پەیمانی – گڵستان– لە نێوان ئیمپراتۆریـەتی فارس و ڕووسیای قەیسەری ، کە جێگری شا عەباس سەرۆکی هێزەکانی سووپای فارس بوو لـەو کـات وازی لـە هـەموو داواکاریـەکانی خـۆی هێنـاو بەوویلایەتـەکانی - قـەفقاس و جۆرجیـا و داغـستان و شـێروان و قـەرەباخ و تـالش – دانـی بـ

دەســەڵاتی عوسمــانی ، کــە زۆربــەی زۆری خــاکی ڕۆژهــەڵات و بــاکووی کوردستان بوون...شایانی باسە کە شاری – شێروان – پارێزگای یەریڤانەو چـەندین ناوچـەی دیکـەی کوردسـتان ، کـە نـاوی جیاجیایـان هەیـە لـە کوردستان .

١٨١٣

١٨١٣/٥/١ لـە دایك بـوونی گـەڕیدەی بـە ناوبـانگ و جووگرافیناسـی بـەریتانی – ریڤید لیفتگستۆن – کە ئەو مرۆڤە کانیاوەکانی زێی نیلی دۆزیـەوە لـە کێشـوەری ئەفەریکیا .

١٨١٣/٥/٥ لـە دایـك بـوونی – سـۆرین کیرگـەگۆر– لـە شـاری گۆبنهـاگنی پایتـەختی دانیمـارك ، کـە تـەواوی ژیـانی گـەنجیـەتی ئـەو نووسـەرە پڕبـووە لـە عیشق و ڕێـژین و ئـێش و ئـازار بـە هـۆی هـەژاری و نالـەباری بـاری ژیـان و باوکیـشی هـەردەم خـەریکی شـوانکارەیی و کاسـبی بـووە لـە پێنـاو بـژێوی ژیـان لـە وڵاتەکەدا .

١٨١٣/٨/٢٢ کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاوداری کـورد – ئـەورەحمان پاشـای بابـان– لـە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٨١٤

١٨١٤/١/١٤ مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی لەندەن ، لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، لە لایەن وڵاتانی ئەوروپا ، ئەویش بەڕاگەیاندنی خاوەنداریەتی ئەو زەویە نەویانەی کە هۆڵەندای دەگرتەوە کە بە دەووڵەتێکی سەربەخۆ دانرا ، بە مۆرکردنی ئەو ڕێکەووتنـە لەلایـەن بـەریتانیا و نەمسـا و فەرەنـسا و ڕووسـیا و بڕووسـیا، لـە هەمان کات ئەوەش ڕاگەیەندرا کەبەلژیکا وڵاتێکی سەربەخۆیە.

١٨١٤/١/٢٢ لە دایك بـوونی فەیلەسوف بەناوبانگی یۆنان و جیهان – ئیدوارد تسلر – لە پــەیمانگا خووێنــدنی لاهــووتی فێربــووەو دوای ئــەوە خووێنــدنی بــاڵای لەزانکۆی توبنگن و زانکۆی بەرلین تەواوکردووە ، دوای ئەوە لـە سـاڵی ١٨٤٠ بۆتـە مامۆسـتا لـەزانکۆی تـوبنگن ، هـەروا لـەزانکۆی برن لەسویسرا لەساڵی ١٨٤٧ . لــەماربۆرگ لەســاڵی ١٨٤٦ و هیــدلبرگ لەســاڵی ١٨٦٢ و بــەرلین

لەساڵی ١٨٧٢ . دوای ئەوە لەزانکۆی ئشتوتگرت لە ساڵی ١٨٩٥دا .
ئـەم فەیلەسـوفە هیگلـی بـووە ... لەسـاڵی ١٨٤٢ گۆڤـارێکی بەناونیـشانی
حولیات لاهوتیـە – ی دەکـرد . بـەڵام ئـەو کتابـەی کـە ناوبـانگی پـێ دەرکر
کتابی – تأریخ الفلسفة الیونانیة – بوو ، کە چاپی یەکەمی لەساڵی ١٨٤٤ ت
١٨٥٢بلاوکرایەوە ، هەروا چاپی دووەمیش لە – ٥– بەرگدا بلاوکردەوە , ئە
فەیلەسـوفە لـە کـارە هەمەلایەنـەکانی بـەردەوام بـوو تـاکوو لـە ١٩٠٨/٣/١٢ لـ
شاری ئشتوتگرت کۆچی دوایی دەکات لە سەڵاتەکەدا .

١ سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانائی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی ١/

١٨١٤/٥/٣٠ مۆرکردنی پەیمانی پاریس ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە نێووان هەر
سـێ وولاتـی فەرەنـساو نەمـساو بـەریتانیا ، لـە دوای چـەندین کێـشەو
ململانـێو تەنگووچـەڵەمە . لەچـەندین لایـەن بـە تایبـەتی لەلایـەنو
پەیووەندیەکان.

١٨١٤/١٠/٥ لە سێدارەدانی عەبدوللا ئاغای ئەمین سندقی ، لەلایەن دەسەڵاتی پاشای
کۆرە لە شاری رواندز لە باشووری کوردستان . ئەویش بە هۆی پەیووەندی
سەردانی بوو بۆلای تەمەرخانی مامی پاشای کۆرە لە هەرێمەکەدا .
شـایانی باسـە پاشـای کـۆرە لـە دەسـەڵات زۆر توونـدڕەو خۆپەرسـت بـووەو
مـاوەی بـە هـیچ کەسـایەتیو کەسـێك نـەداووەو پـاوانی هـەموو لایـەنێکو
کـردووەو نەیوویـستیە کـەس لـە خـۆیو بنەماڵەکـەی خـۆی بـەرزتربێت لـ
هەرێمەکەدا .....؟...!...

١٨١٤/١٠/٩ بەشـێووەیەکی راسـتەوخۆ رووداوەکـانی سێگۆشـەی پـەرمۆدا دەسـت
پێکردووە ، کە کەشتی – واسب – بە ١٤٠ دەریاوانەوە نقوم بوون لە گێژاو
ئاوی بەرمۆدادا .
جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە سێگۆشەی پەرمۆدا وەك چیرۆك و ئەفسان
ئەگریکیەکانـە . تـەنیا جیاوازیەکـەیان ئەوەیـە کـە ئـەو سێگۆشـەیە راسـتە
هـەموو لایـەن دان بـەو راستیە دادەنێن ... کە سەدان چیرۆك و رووداوی پـ
لەکارەساتی لەو بارەیەوە دەگێرنەوە ، کە سێگۆشـەکە خـۆی لـە ٣٠٠ دوورگ

پێك هاتووە . کە ١٠٠ دوورگە لەو دوورگانە ، تا ئێستا مرۆڤی نەگەیشتووەتێ . چونکە دەریاوان و راوچییەکان لە بەر هەر هۆیەك و ترسێك بۆ نزیکەی ٥٠٠ ساڵ دەبێ لێی نزیك نەکەوتوونەتەوە ، کە بە دوورگەی – شەیتان – ناوزەندیان کردووە .

هەروا رووبەری سێگۆشەی پەرمۆدا –٧٧٠– هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە ولە رۆژئاوای ئۆقیانوسی ئەتلەسیەوە لە بەرامبەر کەنارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکات و کۆتایەکەی



باکووری دوورگەی – پەرمۆدا – یە کە کۆلۆنیالیەکی بەریتانیاو– پایتەختی – هاملتۆنە – بەڵام کۆتاییەکەی لە باشووری رۆژهەڵات دەکەوێتە – بۆرتۆریکۆ – و کۆتاییەکەی دیکەی لەباشووری رۆژئاوای دەکەوێتە – مەیامی – لە وویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکا.

دوای ئەوە بۆ کووبا و هایتی و بۆرتۆریکۆ و دووبارە بۆ بەرمۆدا . بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٥ بەناوی سێگۆشەی بەرمۆدا ناوزەندکرا ... ئەم سێگۆشەیە بە دەیا جار رووداوی نقوم بوونی تیدا هاتۆتەدی لە ئاکامی تێپەربوونی کەشتیەکانی باڵ هەڵگرو سەربازی و ماسی گرەکان .

سەرچاوە :– گۆڤاری – الاسبوع – ژمارە /٣.

١٨١٤/١٢/١٤هێزه چەكدارەكانی پاشای كوێرەی ڕواندز ، بە٢٠٠٠ دوو هـەزار چەكدا
چووه سەر تەمەرخانی مامی لە ناوچەی هاودیان لە باشووری كوردستان
ئەویش بە ناچاركردنی تەمەرخانو ئەویش بە خۆ خزاندنە ناو قەڵای
شێتنەوه لە دەڤەرەكەدا .

١٨١٥

١٨١٥/١/١٠ هێزه چەكدارەكانی پاشای كوێرەی ڕواندز ، لە هەرێمی باشووری كوردستا
. پەلاماری قەڵای شێتنەی داو داگیریكرد ... كە لە ئەنجام تەمەرخانی مامی
محەمەد ئاغای كوڕی ، كە دەكاتە ئامۆزای پاشای كوێره . بەدیلی گرتنو لە
دوای گرتنیان ، میری سۆران محمد ئاغای كرده سەرۆكی ناوچەی شێتنە.

١٨١٥/٢/١٢ لە سێدارەدانی میری ناوچەی ڕوستێ یەحیا بەگ لەلایەن پاشای كوێره ، ب
هـۆی بەربـەرەكانی كردنـی پاشـای كـوێره ، ئـەویش بـە هـۆی هەڵوویـست
خۆپەرستو تاكڕەوەكانی پاشای كوێره لە دەسەڵاتەكەیدا .

١٨١٥/٢/٢٠ تەمـەرخانو محەمـەدی كوڕی لەلایەن پاشای كوێره لـە سێدارەدران كـەمام
ئامۆزای خـۆی بوون ، لەگـەڵ گەلێك لـە ئەنجامدانی كرداری نارێكی دیكە
لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی دەسەڵاتو توانای خۆی لەسەر ناوچەكە دا.

١٨١٥/٤/٢٥ لەدایك بوونی – میرزا محەمەد حەسەن – شیرازی لە شاری شیرازی فارس
لـە ئێرانـی ئێـستا ... خووێنـدنی سـەرەتایی هـەر لەوشـاره تـەواوكرد ، دوا
ئـەوه لـە تەمـەنی ١٨ سـاڵی چـووەتە شـاری ئەسـفەهان بـۆ تـەواوكردن
خووێندن ، دوای ئەوه لە ساڵی ١٨٤٣ بەرەو شاری نەجەف ، لە باشوور
ئێستای ئێراق ، كۆچی كرد بۆ خووێنـدنی ئیجتهادو تاوەركردنی پلەی ب
نشاندن.
دوای ئـەوه بووه مەرجەعیـەتی ئاییـنی ئیسلامی مەزهـەی شیعە ، ئەوی
بـەهۆی پەیووەنـدی لەگـەڵ شـێخ مورتـەزای ئەسـاری بـەهێز بـوو. هـەر
سـەرەتای گەیـشتنی بۆ نەجەفـەوه یـەكێك بـوو لەقوتابیـەكان. كۆچـی دوای
شیرازی لە١٨٩٥/٢/٢٠ بووه لە شارەكەدا .

١٨١٥/٩/٧ لە ئەنجامی شەڕ لە نێوان هێزەکانی پاشای کۆرەو دانیشتووانی قەڵای کاکلاوە ، لە دەڤەری قەزای ڕواندز لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە ئاکام ئەحمەد بەدیر سەرۆکی چەکدارانی پاشای کۆرە کوژرا .
ئەویش لە دوای داگیرکردنی قەڵاکە ، کە هەشت ڕۆژی خایاند تاکوو قەڵاکەی داگیرکردو دوای داگیر کردنی سووتاند ئەم کردەوەش بووە هۆی دەربەدەربوونی دانیشتووانەکە لە قەڵاکەدا .

١٨١٥/٩/٢٦ پێك هێنانی یەکیەتی بە هێزەکانی سووپا لە نێوان وولاتانی ئەوروپا – ئۆنۆفراتی– رووسیاو برووسیاو نەمسا.
شایانی باسە کە ڕامیاریەتەکەیان بەربەرەکانی مەبدەئەکانی ئازادیو تاوانەکانی شۆرش بوو، دوای ئەوە وولاتانی ئەورووپای مەسیحی ، کە داوای چوونە ناو ئەو یەکیەتیەیان کرد ، کە ئەو یەکیەتیە ناوزەند کرا بە– هاوپەیمانی پیرۆز– لە جیهاندا .



١٨١٥/١٢/٣ میری سۆران محەمەد پاشا – پاشای کۆرەی – میری ڕواندز لە هەرێمی باشووری کوردستان – بریاریدا بەدامەزراندنی کارگەی دروستکردنی چەك ، لە پێناو بەرگری کردن لەدەسەلاتەکەی بەدروستکردنی – شیرو خەنجەر و – تفەنگ و – دەمانجەو – تۆپ و – گوللە تۆپ و تەقەمەنیەکانی دیکە .
جا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم بڕیارە پاشای کۆرە – وەستای بەناوبانگی کورد وەستا – رەجەب – لە شاری ئورمێی رۆژهەلاتی کوردستان – وەستا رەجەب – ی هێنا بۆ روانـدز . دوای ئەوە رەوانەی شاری – باکۆی –

پایتــەختی ئازربایجــانی کــرد ... ئــەوەیش لــەپێناو فێربــوونی چــۆنیەتو
دروستکردنی چەك و تەقەمەنی ئەو سەردەمە .
دوای ئـەوە گەرایـەوە روانـدزو بـە پـشتیووانی پاشـای کـۆرە تـوانی کارگـەی
دروستکردنی چەك و تەقەمەنی لەگەرەکی – کالۆکان – لە شارۆچکەی رواند
دابمـەزرێنێ . لەگـەڵ ئەوەشـدا تـوانی – سەرچـاوەی ئاسـن و مـز و ئاسـتو
زەویــش لەناوچــەی – خواکــورك – بدۆزێتــەوەو ئــەو پێداویــستیانەی
ئامادەکردو کردیە ئامرازەکانی دروستکردنی چەك و تەقەمـەنی لەکارگەکەد
... و توانی لولەی تۆپ و تفەنگ و دەمانچە ئامادەبکات . لە دوای ئەو حەوا
و تەقەلایـە تـوانی لـە ١٨١٧/١١/١١ ئـەم کارگەیـە بخاتـە کـارو هـەموو جـۆر
چـەکێکی گـەورەو بـچووکی لـە تـۆپ و دەمانجـەو تفـەنگ دروسـت بکـات
بەرهەمی ئـەم کارگەیـەش ٢٢٢ تۆپی قەبارە /عـەیار/٢ دروست بکات ، لەگەا
/٣ کینتار دکنگارو ، لەگەڵ /٤ کینتار – کینگار . ئامادەکردن بۆ بەکارهێنان
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە تاکوو ئێستا لەشاری رواندز ئەم تۆپە ماوە و وەا
هێمایـەکی چـەکی کـورد لەناوچـەکەدا . لەهـەمان کـات دوو لـەم تۆپانـە لەبە
دەرگای وەزارەتی بەرگری ئێراقن لە بەغداد دانراوە .

سەرچاوە:– – میری سۆران – لاپەرە /٥٠

١٨١٦

١٨١٦/٨/٩ وولاتــی ئــەرژەنتین ســەربەخۆیی خــۆی راگەیانـد ، دوای ئـەو بریـارە لـە هـەردوو جــەنگی یەکــەمو دووەمــی جیهــانی بێلایــەنی خــۆی راگەیانــد ، بەدوورکەووتنــەوەی گەلو نبشتمانەکەی لەومەرگەساتانە ی جەنگەکان لە جیهاندا .
هـەروا راگەیانـدنی ئـەم کۆمـارە بـە نـاوی – کۆمـاری ئـەرژەنتین – بـوو لـ

کێشووەرەکەدا ، کە پایتەختەکەی – بیوونس ئایرس – ە و ژمارەی دانیشتووانی ١١,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ٢٦,٩٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ٢,٧٦٦,٨٩٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ٣٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی سپی پێست ٨٥٪ ، کە زۆربەیان ئەسپانی و ئیتاڵین – هەروا هندی رەنگاو رەنگ و مستیزۆی تیایە ، کە تێکەڵاون لە گەڵ باوکی ئسپان و ئەویدیکە ی ئەمەریکی .

١٨١٦/١٠/٤ لە دایك بوونی هونەرمەندو گۆرانی بێژی چینی کرێکاران و جووتیاران و هەژاران فەرەنسا و جیهان – ئۆژین بۆتیە- لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کە یەکەم دانراوەی خۆی کردە گۆرانی بە ناوی – بژی ئازادی- ئەم کەسایەتیە ناوودارە ، کە لەخێزانێکی هەژاری ناووداری فەرەنسا بووە تاکوو مالئاوایی کردن لە گەڵ و وولاتەکەیدا .

١٨١٧

١٨١٧/٥/١ یاسای دەسەلاتی دونیایی پاپا هەڵووەشێنرایەوە لە سەر ئەو دەوولەتە ، لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ، کە پاپا بووە یەکەم کردنەوەی سەربەخۆیی پاپا لە سەر کۆشکی فاتیکان ، تیران ، لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا و ڤیلای کاستك ماندۆلفۆلە سەر جیهانی مەسیحیدا .

شایانی باسە کە ئەو یاسایە قەرەبووی پاپای بە٦٢٠,٠٠٠هەزار دۆلار کردەوە . بەلام دەسەلاتی ڤاتیکان ئەوقەرەبوو کردنەوەی ڕتکردەوە ... لە هەمان کاتدا دانیان بەو یاسایە نەنا ، تاکوو سالی ١٩٢٩دا . کە لەجێگەی دیکە نووسراوە لەم مێژوونامەیەدا .

١٨١٧/٩/٢ والی کوردستان – ئەمانۆلاخان – بەخۆیی و سێ هەزار سوواری کورد بەشداری لە مۆرکردنی پەیمانی گولستان کرد ، کە کاردانەوەی کاریگەری نوواند لە سەرباری ئەوکاتی کورد لە کوردستان .

١٨١٨



٥ / ٥ / ١٨١٨ لــــە دایـــك بـــوونی روونــاکبیرو فەیلەســوف بــەناوبانگی جیهـــان و ئابووری ناس و رامیاری و رامیاریناســی ئـەلمانی – کـــارل مـــارکس – لەشاری، تریـر – لەسـەر زێــی مـوزل ، کـە لەســەر ســنووری ئــەلمانیای رۆژئاوایـــە لەگـــەڵ شارۆچـــــــــــکەی لکسمبۆرگ... باوکی پارێزەرێکی لە ئاین جوولەکە بووە . مارکس کۆلێژی یاسای لەشارەکانی بۆن و بەرلین تـەواوکردەوە . لـە هـەمان کات گرنگـی بەخووێنـدنی فەلسەفەی هیگـل داوە ، لـە گـەڵ دانراوەکـانی فویرباخ ... لە ساڵی ١٨٤٢ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی – ئەلراین – کە هێرشی دەکردە سەر حکوومەتی ئەلمانیا .

کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رۆژنامەکە لە دەرچوون بووەستێت لەلایەن حکوومەتی ئەلمانیا ، لە ساڵی ١٨٤٣ ژنی هێناو چووە پاریسی پایتەختی فەرەنسا . لـە یەکـەم نووسـینەکانی بەناونیشانی – الحوليات الالمانية الفرنسية – لە ساڵی ١٨٤٣ . دوای ئەوە سەرپەرشتی رۆژنامەی – الى الامام – ی دەکرد لەساڵی ١٨٤٤ لە شاری پاریس .

بـەڵام دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٨٤٥ لـە پـاریس دەرکـراو لەشـاری برۆکسل نیـشتەجێ بـوو ... هـەر لەوکاتـە پەیوەنـدی کـرد بـە فریـدریك ئیـنگلش و دۆسـتایەتیەکەیان گەیـشتە هاورێیـەتی و هاوخـەبات لـە هـەموو بوارەکـانی بیرووبۆچـوونەکان ، لـەو کاتــەوە دەسـتیان کـرد بـەکارە هاوبەشـەکانیان بەژیاندنەوەی کۆمەڵەی کۆمۆنست .

کە لەساڵی ١٨٤٧ لەسەری کۆبوونەوە . یەکەم رەشنووس - بەیان کۆمۆنیست - ی نووسیەوەو مارکس دووبارە پێیدا چووەوەو لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوکرایەوە ، لە نامیلکەیەکی قەبارە بچووک ، بەڵام لەناوەرۆك لەگەوورەو مەزنیدا بێ بەهایە تاکوو ئێستاش ... هەر لە بەر ئەو بەیانە لەبرۆکسلیش دەرکرا و گەراوە ئەلمانیا . بە هۆی باری نالەباری رامیاری ئەلمانیا لەساڵی ١٨٤٩ چووە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لەگەرەکێکی هەژار نیشتەجێ بوو ... بەهۆی هەژاری هەر بەهەژاری ژیانی بردۆتەسەر و گەر یارمەتیەکانی ئینگلش نەبوایە خۆی و خێزانەکەی لەبرسان دەمردن .

بەهۆی هەژاری توانای سەردانی پزیشکیان نەبوو ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە کچەکەی - فریسکا - مرد ، نەیتوانی خەرجی لەگۆرنانی پەیدا بکات . سەرەرای ئەوەش زۆربەی کاتەکانی لەمۆزەخانەی بەریتانیا دەبردە سەر بۆ کارو سوودی زۆری لە کتابە مێژوویی و ئابووری و رامیاری وەردەگرت . مارکس یەکێ بووە لەدامەزرێنەری - الدولیە - کە ئەویش کۆکردنەوەی کرێکاران بوو لەهەموو جیهان .

لەساڵی ١٨٣٧ لە باکۆنین جیابووەوە ، ئەویش بە هۆی هەڵوێستە بەرەلایەکانی باکۆنین ، ئەم مرۆڤە لەکارە فەلسەفەیی و ئابووری و رامیاری بەردەوام دەبێت لەگەڵ هاورێ دڵسۆزەکەی ئینگلش تاکوو لە ١٨٨٣/٣/١٤ کۆچی دوایی دەکات لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لەگۆرستانی هایگیت دەنێژرێت.

دانراوەکانی مارکس ئەویش ... بۆس الفلسفە - فلسفە البۆس - من نقد الاقتصاد السیاسی - رأس المال ، لە دووبەشدا ، کە ئینگلش دوای مردنی مارکس بەچاپیگەیاندو بەسەردا بابەتی بڵاوکراوەی جگە لەدانراوە هاوبەشەکانی نێوان ئینگلش و مارکس ، کە ئەویش چەندین دانراون و وەرگەراونەتە سەر زمانەکانی جیهان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ناتوانرێ مارکس و ئینگلش لێك جیابکرێتەوە لە هەموو بوارە جیاجیاکان . لە بیروبۆچوون و هەڵوێست و چ لەبوارەکانی نووسین و لە دانراوە هەمە جۆرەکانیان لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، کە ئینگلیش لە ١٨٢٠/١١/٢٨ لەدایك بووەو لە ١٨٩٥/٨/٥ کۆچی دوایی کردووە لە بەریتانیا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢ .

١٨١٨/٩/٩ لـە دوای هـەوڵێکی زۆر ، کۆتـایی بـەخۆ بـە دەسـتەوەدانی ئـەمیر عەبـدوڵا سعوودی حیجاز هات ... ئیبراهیم درعیە چووە ناو کارەکان... هەر لەو کات ئەمیر عەبدوڵا سعوودی بە دەست بەسەریەتی توونـد ڕەوانەی میسر کرد ، دوای ئەوە لە قاهیرەی پایتەختی میسڕ خرا بەندیخانە ، دوای ئەوە ئەمیر عەبدوڵا ڕەوانەی شاری ئەستەمبۆڵ کراو لەوێش خرایە بەندیخانە . دوای ماوەیەك فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا.

١٨١٨/٩/١٨ خەبات گێڕەکانی وڵاتی شیلی توانیان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن بە دەرچوونیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا، بەسەرکردایەتی - هیژینز- لە وڵاتەکەدا .

هەروا ڕاگەیاندنی سەر بەخۆیی شیلی بە ناوی -کۆماری شیلی - بووە و پایتەختەکـەی -سـانتیاگۆ- یـە . ئێـستاکە کـە ژمـارەی دانیـشتووانی ٤,٨٠٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیـــــــشتووانی وڵاتەکـــــــــە ١٥,٥٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەســـــە . هـــەروا ڕووبـــەری وڵاتەکـــە ٧٥٦,٦٢٢ کیلۆمـــەتر چوارگۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیـشتووانی ٥٣ کـەس لـە یـەك میـل چوارگۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، سـپی پێـست ،تێکەڵاوی سپییەکان وهندیەکان وئەمەریکیەکان ٩٥٪ . نژادەکانی دیکە ٣٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٨١٨/١٠/١٧ فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری لە قەفقاز ژەنەڕال - یـەرمولۆڤ - هەوڵیدا زانیاری لـە سـەر ئـەم ڕاپەرینـەی کـورد بزانـێ و

ئاگاداربێت ، بۆیە بریاریدا کە گرنگی بەفەرمانبەرێکی کورد بدات بە ناوی عەلی خان و دوای ئەوە دەینێرێتە تارانی پایتەختی وولاتی فارس ، تا بە ووردی لەسەر ئەم راپەرینە زانیاری بۆ کۆبکاتەوە .

بەپێی ئەو زانیارانەی کە عەلی خان لەمبارەیەوە کۆی دەکاتەوە دەردەکەوێت ، کە هێزەکانی شازادە عەباس میرزا رادەسپێرێ و دژی کوردەکانی بلباس لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ شەڕ دەنێرن و زۆر بەتووندی شەڕدەکەن لە ناوچەکەدا .

١٨١٨/١١/١٩ ڕاگەیاندنی بانگەوازی – ئێکس لاشایل– کە ئەرکی سەرۆکی وولاتانی جیهانە ... لە پاراستنی پەیووەندیەکانیان بە ڕفتارو کارو کردەوەو بەردەوام بوونی پاراستنی هاوکێشەکان بە شێووەیەکی ڕێك و پێك لە جیهاندا .

١٨١٨/١١/٣ دوای فراوانکردنی دەسەلاتی سۆران لە لایەن پاشای کۆرە و بە ئەنجام گەیاندنی خواست و ئاواتەکانی خۆیی و ئیمارەتەکەی بە وێنەی حکوومەتێکی نوێی تەواوکردو دەستووری بۆ دەسەلاتەکەی داناو بانگی سەربەخۆیی دەسەلاتی سۆرانی کرد ، ئەویش بە دەرچوونی تەواوی لە ژێر پالەپەستۆی دەوولەتی عوسمانی و ناوی خۆی نا – میر مەنسوور – میری سۆران لە هەرێمی باشووری کوردستان .

سەرچاوە :– میری سۆران – لاپەرە /٥٥ .

١٨١٩

١٨١٩/٩/١٣ گـەوورە هونەرمەنـدی ئافرەت

خـاتوو – كـلارا شـۆمان – لـە بنەماڵەیەكی هونەری چاوی بە جیهان هـەڵهێناوە ... فریـدیش فیكـی بـاوكی زانایـەكی ئاییـنی بووە ... میوزیكژەن و ژەنیاری پیـانۆ بـووە ... بـەڵام دایكـی – ماریان ترومیلتز – گۆرانی بێژ بووە . دوای ئـەوەی كـە دایك و باوكی لە یەكتری جیا دەبنـەوە . بـــاوكی پـــەروەردەكردنی شۆمان دەگرێتە ئەستۆ . جیگەی ئامارژە پێكردنە كە كلارا شۆمان دوای چوار ساڵ لەتەمەنی فێری قسەكردن بووەو لەتەمـەنی پێـنج سالاَن دەسـتی كـردووە بەگەشتێكی دوورو درێژ لەگەل پیانۆدا .

كە بۆتە هۆی هۆكارێكی راستەقینە بۆ دەربرینی هەست و نـاخی خـۆی . لـە ئاكامدا ئەم خاتوونە سەركەووتن بەدەست دێنیٚ لەم بوارەدا ... لەتەمـەنی ١٠ سـاڵیدا یەكـەم ئاهـەنگی پێشكەش كـردووە لەگـەڵ كـچێكی دیكـەی هـاورێی قوتابی ، كە ئەم ئاهەنگەیان بەیەكەوە بەژەنینی پیـانوو پێشكەش كـرد . ئـەم هۆكـارەش وای لـەو كـچە تەمـەن بـچووكە كـرد ، كـە چـەند شـار بگـەریٚ لـە دەرەوەو ناوەوەی وولاَتەكەیدا .

دوای ئـەوە شـۆمان لەتەمـەنی ١٨ سـاڵیدا لەلایـەن فـەرمانرەوایی نەمـسا نازناوی – میوزیكژەنی بلیمـەتی دیوەخـان – ی پیٚ بەخشراوە ... لە ماوەی ١٠ سـاڵی یەكـەم كاری دانـانی هونـەری بەنـاوی – چوار پۆلەندیكـە – بووە . دوای ئـەوە چـەندین كـاری دیكـەی ئـەنجام داوە لەوانـەكاری – خـانمـە مایـە بووچەرۆمانسیەكان – و لە ئاهەنگی شەوانی میۆزیك .

كلارا شۆمان هەر لەمنداڵیەوە ئاشنایی لەگەڵ رۆبەرت شۆمان دروست دەكات

کە ئەوکاتەی لەسەر دەستی باوکی پیانۆی خووێندووەو رۆبەرت تەمەنی ٢٠ ساڵ بووەو کلاراش تەمەنی ١١ ساڵ بووە ... کە رۆبەرت شۆمان پەیوەندی لەگەڵیدا بەستووە . لەو کاتەش کلارا تەمەنی دەگاتە ١٦ ساڵ و چیرۆکی خۆشەویستی درێژخایەن لە نێوانیان دەست پێدەکات و باوکی بەم پیوەندیە رازی نەبووەو بە هەموو توانایەکی هەوڵی لێك دوورکەوتنەوەیان دەدات . بەلام خۆشەویستی ئەم دوو دڵدارە وایکرد کە بگەنە ئەو ئاکامەی لە ١٨٤٠/٩/١٢ گرێبەستی هاوسەریەتی مۆربکەن و دوایی لەگەل باوکی ئاشت دەبنەوە .

ئەم دوو خۆشەویست و هاوسەرە شان بەشانی یەکتری کارە هونەریەکانیان بەسەرکەووتووانە ئەنجام دەدەن ...تا ئەوکاتەی لە ١٨٩٦/٣/٢٦ تووشی نەخۆشی ئیفلیجی دەبێت و دوای چەند مانگێك ماڵئاوایی لەهونەرو دۆستان دەکات و لە دوای خۆی تەرمەکەی لەتەك رۆبەرت شۆمانی هاوسەری لەشاری بۆن بەخاك دەسپێردرێت لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە:– www.&w.world.de\dw

١٨١٩/١١/١ کردنەوەی دەرگای مۆزەخانەی – براذۆ – لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا ، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی فەرمانڕەوای حەوتەم ، وەك مۆزەخانەکەی ماریا ئیزابیلی خێزانی... کە رۆلی لەم کارەدا هەبووە .
کە لەمۆزەخانە هەرە دێرینەکانی جیهانە، کە٣٠٠٠ سێ هەزار تابلۆو٤٠٠ چوارسەد پەیکەرو درێو و گەوهەر لە خۆدەگرێ ، لە ڕۆژانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا بابلۆ بیکاسۆی هونەرمەند گەوورە ئەمینداری ئەو مۆزەخانەیە بووە لە وڵاتەکەدا .

١٨٢٠

١٨٢٠/١/٨ مۆرکردنی ڕێکەووتنامە لە نێوان بەریتانیاو هۆزە عەرەبەکانی سەرکەنداو لە رۆژهەلاتی ، لە پێناو قەدەخەکردنی بازرگانی کردن بە کۆیلە – عبید – لە نێوان عەرەبەکان خۆیان‌و بە تایبەتی گەلانی هەرێمە جیاجیاکانی ئەفریکیادا .

١٨٢٠/٤/ دەستپێکردنی گەشتەکەی گەریدە – کلۆدیۆس جیمس ریچ – ی بەریتانی بەرەو رۆژهەلات باکووری کوردستان ، کە سەردانی شارەکانی سنەو

سلێمانی و هەولێرو چەندین شارۆچکەو ناحیەو گووندی کوردستانی کرد ، ئەویش لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی باری هەمە لایەنەی کورد لە کوردستان .

١٨٢٠/٤/٢٧ لە دایك بوونی فەیلەسوف و زانای ئینگلیزی ودانەری تیئۆری پەرەسەندن لەزانستەکانی مرۆڤایەتی و زانستەکانی ئەحیا - ئەسپنسەر ، هریرت - لە شاری دربی لەبنەماڵەیەکی جێگیر . لەماوەی چەند سەدەیەك لەناوچەی دربی ژیان بەسەر دەبەن .

شایانی باسە هەر چوار بنەماڵەی باپیرەکانی کەلایەنگیری لاهووتی ئەنجیلی جۆن وسلی بوون لەنێوان ساڵەکانی ١٧٠٣ - ١٧٩١ سەرکردەی جوولانەوەی ئـاینی چاکـسازی دیـاربوون بـەناوی - ئەلمیـسۆدیە -. لەسـاڵی ١٨٣٧ بروانامەی ئەندازیاری شارستانی بەدەست هێنا .

کارەکانی لەدامەزراندنی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر بوو رۆژلەدوای رۆژ پلەی بەرز دەبووەوە بەهۆی زیرەکی و لێهاتویی تاکوو ساڵی ١٨٤١ کەلەکارەکەی دەسـتی هـەڵگرت ... لەسـاڵی ١٨٤٣ یەکـەم بەرهـەمی بـەناوی - المجـال الـصحیح للحکومـە - ی بڵاوکـردەوە ... لـەنێوان سـاڵەکانی ١٨٤٦-١٨٤٧ داهێنـەری ئامێرەکـان بـوو... لـە سـاڵی ١٨٤٨ بـە جێگـری سەرنووسـەری رۆژنامەی - الایکونۆمست - دەمەزرا ... ئەم مرۆڤە بەردەوام بوو لەکارەکانی و لە چەندین بواری دیکە تاکوو لە ١٩٠٣/١٢/٨ لە سان برایتۆن و لە تەمەنی ٨٣ ساڵێدا کۆچی دوایی دەکات لە وڵاتەکەیدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣ .

١٨٢٠/٤/٢٩ سەرۆکی میوانخانەی میری بابان - محەمەد ئاغا - لە جیاتی محەمەد پاشا ، بە ناوی میر پێشوازی لە ئەمیری دانیشتووی بەریتانیا - کلۆدیۆس جیمس ریچ - کـرد ، لـە شـاری خوورمـاتوو لەباشـووری کوردسـتان . کـە بـەرەو بارەگای سەرەکی میری بابان لە سلێمانی بەرێکەوت لە هەرێمەکەدا .

١٨٢٠/٥/١٠ گەریدەی بـەریتانی مستەر - کلۆدیـۆس جیمس ریچی - لەگـەڵ مـەحمود پاشای بابان کۆبۆوە لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان . کە گفتووگۆکەیان لەسەر باری نا هەمواری شارو ناوچەو هەرێمەکەدا بوو ، لە چـەندین لایـەنی ژیـانو پەیووەنـدیو بـاری کـورد لـە گـەڵ دەسـەڵاتدارانی داگیرکەری ئەوکاتی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارس لە ناوچەکەدا

١٨٢٠/١١/٤ سەرۆك هۆزو تیرەکانی سوودان بە باشیان زانی ، کە کات لە بارە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی سووپای میسر ، بەلاّم ئیسماعیل پاشا توانی دەست پێشخەری بکات ، لە دوو ویلایەتی ڕاستو چەپ بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی سووپای سودان ، کە لە ئەنجام توانی سەرکەوێت بەسەر سووپای پیادەی مەغاریبەکان لە هەرێم و ناوچەکاندا .

١٨٢١

١٨٢١/١/١٥ هێزەکانی سووپای بەریتانیا پەلاماری وولاّتی یەمەنی عەرەبیداوداگیری کرد ، دوای داگیرکردنی هەڵسا بەدابەشکردنیو ناچارکردنی ئیمامی یەمەن بە مۆرکردنی پەیمانی نێوان یەمەنو بەریتانیا ، بە پێدانی دانیشتووانە بەریتانیەکان لە یەمەن بەچەندین دەستکەووت لە سەر بەنداوی باشووری عەرەبی لە هەرێمی یەمەن بە تایبەتی لە شاری سەنعای پایتەختی ئێستای یەمەندا .

١٨٢١/٤/٨ هێزەکانی سووپای میسر بەسەرکردایەتی والی میسر محەمەد عەلی پاشاو بەرپا بوونی شەڕ لەسوودانو لە شاری بارە بە سەرکردایەتی محەمەد بەگ دەفتەردار ، هەروا هێزەکانی سووپای سوودان بە سەرکردایەتی محەمەد فەزل .

کە لە ئەنجام هێزەکانی سووپای میسر سەرکەووتنیان بە دەست هێنا لە شاری بارە ، کە ئەو شەڕە ناوزەد بوو بە شەڕی بارە لە سوودان ، دەسەلاّتدارانی هۆزو تیرە عەرەبەکانی دوورگەی بیابانی عەرەبیو دەسەلاّتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لە سوودان کە دەکەوێتە کێشووەری ئەفەریکیا .

١٨٢١/٥/٥ ئیمپراتۆری فەرەنسا – ناپیلۆن پۆناپارت – لە یەکێك لە دوورگەکانی ئەفریکیای ژێر دەستی بەریتانیا لە پەنابەری کۆچی دوایی کرد ، دوای ماوەیەکی زۆرو لە ساڵی ١٨٤٠ تەرمەکەی گەڕاندرایەوە بۆ پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

CLAUDIUS JAMES RICH

١٨٢١/٥/١١ نووێنــەری بــەریتانیا لــە شــاری بەغــدا – مــستەر ریــج – بــە یەختەکی تایبەت لە شاری بەغدا گەیــشتە شــاری بەسـرا ، کەئـەم گەشـتـەش مـاوەی هەشـت رۆژی خایاند ، دوای ئەوە بەکەشتیەکی بەریتانیا بەرەو شاری بووشەهری وولاتــی فــارس بەرێکــەووت و دواییی بەرەو شاری شیرازو لەوێ سـەردانی شـوویێنەواری – تخت جمشید – ی کرد ، زۆر بەو شووێنەوارو ناوچەیە دلگیربوو ، لە هەمان کات تووشـی نەخۆشـی بـوو . کە لەناوچەکە ئەو نەخۆشیە بلاّ بووەوو هـەر بەو هۆیە گیانی لە دەستدا .

دوای ئەو حکوومـەتی بەریتانیا کابتن – تیلـر – ی لەجێگـەی ریج دانا بە بەرپرسـیاری قوونـسلیەی بـەریتانیل لـە شـاری بەغـدا ، کـە پێـشتر تیلـر جێگری قوونسلیە بوو لە شاری بەسراو پەیووەندیەکی لە هاوکاری لەگەڵ داود پاشا گرتە بەر دوور لە هەڵوویستی مستەر ریج لە وویلایەتی بەغدا .

١٨٢١/٧/٢٨ لــە دوای هــەوڵێکی زۆر گــەلانی وولاّتــی پــیرۆ تووانیان سەربەخۆیی بە دەســت هێنــا لــە دوای رزگــار بــوونی لــە ژێــر دەسـەلاّتی ئیـسپانیا بـە یارمـــەتی هێزەکـــانی سووپای ئەمەریکا .
هــەروا راگەیانـدنی پـیرۆ بەناوی – کۆماری پیرۆ –

بوو لە کێشووەرەکەدا . کە ناوی پایتەختەکەی – لیما – یە و ژمارەی دانیشتووانی ٤٩٦,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی ووڵاتەکە ٢٥,٧٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری ووڵاتەکەی ١,٢٨٥,٢٢٠ کیلۆ مەتر چوارگۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ٥١٦ کەس لە یەك میل چوارگۆشەدا . هەروا نژادەکانی , هندی ئەمەریکی باشوور ٤٥٪ . مستیزۆ ٣٧٪ . ئەوروپی ١٥٪ . نژادەکانی دیکە ٣٪ . لە ووڵاتەکەدا .

١٨٢١/٩/١٥ لە دوای هەوڵ و خەباتێکی بێ ووچانی گەلان لەم ڕۆژەدا ، ئەم ووڵات و هەرێمانە سەربەخۆییان بەدەست هێنا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپرا تۆریەتی ئەسپانیا ، هەر یەك بە پێی بارو دۆخی ناو ووڵاتەکەیدا . ئەویش بەم شێووەی خارەوە :-

١ – نیکاراگوا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بە دەرچوونی لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیا بۆماوەیەکی کوورت ، دوایی لەگەڵ مەکسیك یەکیان گرت و دوایی لە گەڵ ئەمەریکای ناوەندی ، تا سەربەخۆیی تەواوی لە ساڵی ١٨٣٨ ، بە دەست هێنا وەك ووڵاتێکی سەربەخۆ ، بە ناوی – کۆماری نیکاراگوا – کە پایتەختەکەی ناوی – ماناگوا – یە و ژمارەی دانیشتووانی ١,٢٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە .



هەروا ژمارەی دانیشتووانی ووڵاتەکە ٤,٩٤٧,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری ووڵاتەکە ١٣٠,٠٠٠ هەزار کیلۆ مەتر ژوار گۆشەیە . هەروا ژڕی دانیشتووانی ٩٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی , مستیزۆ ٧٠٪ . سپی پێستەکان ١٥٪ . ڕەش پێستەکان ٩٪ . هندی ٥٪ . لە ووڵاتەکەدا .



٢- راگەیاندنی سەر بە خۆیی وولاتی سلڤادۆر بە ناوی - کۆماری سلڤادۆر - کە پایتەختەکەی - سان سلڤادۆر - ە و ژمارەی دانیشتووانی ١,٨١٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ٦,١٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ٢١,٠٤٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ٧٥٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مستیزۆ ٩٤٪ . هندی ٥٪ . سپی پێست ١٪ . لە وولاتەکەدا .

٣- راگەیاندنی سەر بە خۆیی وولاتی کۆستاریکا ، بە ناوی کۆماری - کۆستاریکا - کە پایتەختەکەی ناوی - سان جۆز- یە و ژمارەی دانیشتوانی ، ٩٨٧,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە ، ٤,٥٦٨,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکە ، ٥١,١٠٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ٢٣٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، پێست سپیەکان ٩٥٪ . پێست رەشەکان ٣٪ . لە وولاتەکەدا .



٤- وولاتـــی هنـــدۆراس سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد بـە جیابوونـەوەی لـە دەسـەلاتی ئیمپراتۆریـەتی ئیـسپانیا . بـە ناوی کۆماری – هندۆراس – کە پایتەختەکەی ناوی – تێگوس گلب– ە و ژمارەی دانیشتووانی ، ١,٠٣٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـە ، ٦,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەکە ، ١١٢,٤٩٢ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی وولاتەکە ، ١٤٩ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مستیزۆ ٩٠٪ . هندی ئەمەریکی ٧٪ . لە وولاتەکەدا .

٥- وولاتـی گواتیمـالا سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد بـە نـاوی- کۆمـاری گواتیمالا – کە پایتەختەکەی ناوی – گواتیمالا – یەو ژمارەی دانیشتووانی ، ٢,٣٢٥,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـە ، ١٢,٥٦٨,٠٠٠ملیـۆن کەسـە . هـەروا ڕووبـەری وولاتەکـە ، ١٠٨,٨٩٠ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانی ، ٢٩٩ کـەس لـە یـەك میـل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مستیزۆ ٥٦٪ . هندی ئەمەریکی ٤٤٪ . لە وولاتەکەدا .

١٨٢١/٩/١ شانشینی ئیتالیا چەندین پڕۆژەی خستە ژێر چاودێری پاپای فاتیکان پێش داگیرکردنی ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا ، یەك لەوانە پڕۆژەی کافوور کە پاپا و حکوومەتی فەرەنسا ، ئەویش ماوەدان بە دەسەلاتی تەواوی پاپا لە بواری ئایینی و برینەوەی موچە لە هەموو وولاتانی کاسۆلیك لە جیهان.
بـەلام ئـەویش بەمـەرجێك دەسـتکاری کـاتی بکێـشیتەوە . بـەلام پاپـا ئـەو پێـشنیارەی ڕەتکـردەوە لەگـەڵ چـەندین پـڕۆژەی دیکـە بـە هـۆی کێـشەی مەزهـەبی لـە نێـوان هـەردوو مەزهـەبی پڕۆسـتانت و کاسـۆلیکی مەسـیحی لەجیهان .

١٨٢١/١٠ کۆچی دوایی گەریدەی ناو داری بەریتانی-کلۆدیۆس جیمس ڕیچ- بە هۆی

نەخۆشی ڕشانەوە لە شاری شیران و هەر لەو شارە لە گۆڕستانی – جیهان نوما– بە خاك سپێردرا .

١٨٢١/١٠/٣٠ لە دایك بوونی – فیودور ڕۆستۆ یفسك – ی گەورە ئەدیب و ڕووناکبیری ڕووسی لە نەخۆشخانەی مارێنسکی ، کە تایبەت بوو بە کرێکارە هەژارەکان لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ئێستای ڕووسیا.

١٨٢٢



١٨٢٢/٥/٢٦ وولاتـــی ئیکـــوادۆر ســـەربەخۆیی خـۆی بـە تەواوی بە دەست هێنا لە دوای دەرچـــوونی لـــە چـــوونە نـــاو یەکیـــەتی کۆنفیـــدڕاڵی ، کـــە ڤنـــزوێلاو کۆلۆمبیـــای دەگرتـــــەخۆ ، کـــە نـاونرابوو بـە کۆلۆمبیـای مەزن. بەڵام ئەو یەکیەتیە کۆنفیدڕالیە لە ماوەیەکی کەم بە هـۆی کێشە هەم لایەنەکان ڕوخێندرا .

ئـەم وولاتـە نـاوی پایتەختەکـەی – کیتـۆ – یـەو ژمـارەی دانیـشتووانی ١,٥٣٤,٠٠٠ملیـۆن کەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەکـە ١١,٥٧٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەکەی ، ٢٨٣,٥٦٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٠٥ کەسە لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، مـستیزۆ ٥٥٪ . کـە دەگەڕێتـەوە سـە رەســەنی ئەســپانی و ئەمــەریکی و هنــدی . هنــدی ٢٥٪ . ئەســپان ١٠٪ ئەفەریکی ١٠٪ . لە وولاتەکەدا .

١٨٢٢/٦/١٧ بـەهۆی نـا لـەباری باری هێزەکـانی سووپای ئیمپراتۆڕیـەتی عوسمـانی بە سـەرکردایەتی خورشـید پاشـا ، دەریاوانـە یۆنانیـەکان توانیـان هێزەکـان دەریـاوانی عوسمـانی بـە نـاوی – دوغاغـە– تێـك بـشکێنن لـە بەنـدەر

سامۆس و سەقز لە رۆژهەلات و باکووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن هەردوو دەسەلاتی فارس و عوسمانیدا ، کە بووە هۆی کووژرانی زیاتر لە ٣٠٠٠ سێ هەزار سەربازی عوسمانی و دەست بەسەراگرتنی پێداویستییەکانی جەنگی ئیمپریاتۆریەتی عوسمانی لە هەرێمەکەدا .

١٨٢٢/٩/٧ وولاتی بەڕازیل سەربەخۆیی خۆی ڕگەیاند ، ئەویش لە دوای لێکترازانی بارووددۆخی ناوچەکەو گەڕانەوەی شانشینی پرتوگالێ بۆ وولاتەکەی خۆی و بەڕازیل بەجێ بهێلێ ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەم ڕاگەیاندنە لە وولاتەکەدا .

ئەم وولاتە ناوی پایتەختەکەی – بەرازیلیا – یە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٧٧٨,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١٧٢,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ، ٨,٥١١,٩٥٧ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دامیشتووانی ، ٥٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، سپی پێست – پرتووگالی و ئەلمانی و ئیتالی و ئەسپانی و پۆلندیە – کە ٥٥٪ پێك دێنن ، ئەفەریکیەکان و ئەورویپیەکان تێکەلاون ٣٨٪ ، ئەفەریکیەکان ٦٪ . لە وولاتەکەدا .

١٨٢٣

١٨٢٣/١٢/ ڕێبازی ڕامیاری – جیمزمۆنرۆ – بە ڕێبازی سەرەك کۆماری ئەمەریکا دەگووترێ ، کە بۆ یەکەم جار لە پەیامێکیدا بۆ کۆنگرەی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا ... ڕامیاریەتی مۆنرۆ لە چوار بەش پێك دەهات کە ئامانجی دوو بەشی یەکەم ، پەیوەندی بە کەم کردنەوەی چالاکیەکانی هێزە ئەورووپیەکان و ، دوو بەشی دووەمیش پەیوەندی بە چالاکیەکانی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبوو ، دوو بەشی یەکەمی ڕامیاریەتی ناوبراو بریتی بوو لە :–

١- نــابێ لەمــەولا كێـشووەری ئەمــەریكا ببێتــه پاشــكۆی هــیچ وولاتێكــی ئەوروپا.

٢- وویلایەته یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەر جۆرە هەوڵێكی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی رامیاریەتەكانی ئەوروپا لەهەر بەشێكی لە نێووگۆی ئەمەریكادا بە دژی ئاشتی و ئاسایشی خۆی دەزانێ .

هــەروا دوو بەشــەكەی دیكــه كــه تــا رادەیــەكی زۆر هــەتاكوو تێووەگــەلانی ئەمــەریكا لــە شــەڕی یەكــەمی جیهــانی ، جــێ بەجــێ نــەكران . كــە بــریتی بوون لە:-

١- خــۆ تێوەرنــەدانی وویلایەتــە یــەكگرتووەكانی ئەمــەریكا لــە كۆلۆنیــەكانی ئەوروپا ، جگە لە خوودی كێشووەری ئەمەریكا نەبێ .

٢- خۆ تێوەرنەدانی ئەمەریكا لەشەڕی نێوان هێزە ئەوروپییەكان لەسەر كێشە نێوو خۆییەكان .

رامیاریــەتی مــۆنرۆ لەســەرەتای ســەدەی بیستەمدا وای لێهات كــە ئەمــەریكا خــۆی بــە ژەندرمــەی ئەمــەریكای باكوور و باشوور دەزانــی و ، ئــەم كارە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ئاڵۆزیەك لە پەیوەندیەكانی نێوان ئەو وولاتــەو وولاتانی ئەمەریكای لاتینی . بە بڕوای كاربەدەستانی ئەمەریكا ، رامیاریەتی مۆنرۆ هــەروا بــە یــەكێك لــە پرەنــسیپە ســەرەكیەكانی رامیاریــەتی ئەمــەریكا دەژمێردرێت ، واتە رامیاریــەتی جیهانگــەری لــە هــەموو وبوارە جیاجیاكاند لەسەر جیهان .

١٨٢٤

١٨٢٤/٣/٦ دامەزرێنــەری وولاتــی میــسرو والی محەمــەد عــەلی پاشــا لەلایــەن سوڵتانی عوســمانی كــرا بــەوالی میــسر ، كــە لــەو كاتــە دوورگــەی كریــدو هــەرێمی مۆر هــــەردووكیان سەرچــــاوەی شــــۆڕش و راپــــەرین بــــوون، دژی دەســــەڵاتی عوسمانیەكان .

١٨٢٤/٣/١٢ هێــزە چــەكدارەكانی پاشــای كــوڕەی ڕوانــدز ، لــە هێرشــێكیدا پــەلاماری شارۆچكەی - ئاڵتون كۆپری- پردێ - ی داو خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەویش لەپێناو بەهێزكردنی دەسەڵاتی تایبەتی خۆی ، نەك شارۆچكەكە

لــەپێناو بەرژەوەنـدی کوردلـە باشـووری کوردسـتان ، لـە بـەر ئـەوەی شارۆچـکەکە دانیـشتووانەکەی ٩٩٪ی کوردبـوون و پێوویـست بـوو هاوپەیمانی و هاوکاری بکردایەلە هەموو بوارەکاندا ...؟.

١٨٢٤/٤/١٩ کۆچی دووایی شاعیرو ڕووناکبیری ناوداری بەریتانی- بیرۆن- لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

١٨٢٤/٧/١٦ هۆکارەکـانی بـاری ناوچـەو هەرێمـەکان وای کـرد ، کـە کەشتی جەنگی میسری لـە بەنـدەری ئەسـکەندەریە بـەرەو یۆنـان بکەوێتـەڕێ بەسـەرکرایەتی ئیـبراهیم پاشای کوڕی محەمەد علی پاشا ، کە کەشتیەکانی ١٥ هـەزار سـەربازی هـەڵگرتبوو بـەهاوکاری هێزەکـانی سـوپای عوسمـانی ، شۆڕشـی شۆڕشـگێرانی یۆنـانی دامرکانـدەوەو لـەمانگی /١٨٢٧/٦ هـەردوو هێزی ئیراهیم پاشـاو هێزی سـووپای عوسمـانی گەیشتنە شـاری ئەسـینای پایتـەختی ئێستای یۆنـان، ئـەویش لـە دوای گـەمارۆدانی دوورو درێـژی شارەکە ، بە گرتنی قەلا بە ناوبانگەکەی – ئەکرپۆل- لەووڵاتەکەدا .

١٨٢٤/٨/٢٦ هاوسـەرو خۆشەویستی خـاتوو – مەستوورەی ئەردەلان – خەسرەو خـان – ناکام – کۆچیی دوایی کـردووە ... بە کۆچی دوایـی خەسرەو خـانی ئەمیری ئیمارەتی ئەردەلان ، هۆکاری دڵتەزانـدنی مەستوورەی ئەردەلان بووە ، دوای ئەو کاروباری ئیمارەتەکەی گرتۆتە دەست لە هەموو بوارە جیاجیاکان .
ئەم خاتوونـە شاعیرە لـەدوای مردنـی لـە بیـست هـەزار رستەی شیعرەکانی تەنیا سێ هـەزار رستـەی مـابووەوە ... ئەویش کە بەزمانی فارسی و زمانی

کـوردی و بـه هـەردوو زاراوەکـەی سـۆرانی و گۆرانیەکـەی ... دوای مردنـی هاوسـەرەکەی مەسـتووره سـیانزه سـاڵ بـه بێـوەژنی مایـەوەو دوای ئـەوه رووی لەشاری سلێمانی له باشووری کوردستان کردو لەساڵی ١٨٤٧ کۆچی دوایـی کـردو گۆرەکـەی لەگۆرسـتانی – گـردی سـەیوانه – لەشـاری سلێمانی لەهەرێمی باشووری کوردستان .

١٨٢٥

١٨٢٥/٨/٦ لــــــه دوای هەوڵــــــه بەردەوامـــــەکان ووڵاتــــی پۆلیڤیا سەربەخۆیی خۆی ڕگەیانــد بــه – کۆمــاری پۆلیڤیا – به دەرچوونی له ژێر دەسەڵاتی ئەسپانیا به سـەرکردایەتی تێکۆشـەری ڤـــەنزوێلی – ســـیمۆن پۆلیڤـــار– کـــه نـــاوی ووڵاتەکەی بەناوی ئەو تێکۆشەره کرا لەگەڵ – ئەنتۆنیۆ جۆزییٚ –، له دوایی بووه یەکەم سەرەك کۆماری پۆلیڤیا.

شـایانی باسـه کـه پۆلیڤیـا خـاوەنی شارسـتانیەتی – الانکـا – بـووه کـه بەگەوره تـرین و مـەزنترین شارسـتانیەت لـه جیهانـدا دادەنرێـت و دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی ئەسـپانیا ، لـه سـاڵی ١٥٣٠ پۆلیڤیـای داگیرکـرد تـاکوو بـه دەست هێنانی سەربەخۆیی ووڵاتەکەله کێشووەرەکەدا .

کـه پایتـەختی ئـەم ووڵاتـه نـاوی – لابـاز – ه و ژمـارەی دانیـشتووانی ، ١,٢٧٥,٠٠٠ ملیـۆن کەسـه . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی ووڵاتەکـه ، ٨,٣٤٠,٠٠٠ملیۆن کەسه . هەروا رووبەری ووڵاتەکه ، ١,٠٩٨,٥٨٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیه . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٠ کەس له میل چوار گۆشەدا . هـەروا نژادەکانی ، کووشوا ٣٥٪ . مـستیزۆ ٢٨٪ . هنـدی ئایمارا ٢٥٪ . ئەورووپی ١٥٪. له ووڵاتەکەدا .

١٨٢٥/١٢/١ لە بارودۆخێکی ناهەمواری نێوو دەووڵەتی و هەرێمەکە قەیسەری ڕووسیا ئەسکەندەری یەکەم کۆچی دوایکردو نیقۆلای یەکەم جێگەی گرتەوە بە قەیسەری ڕووسیا ، کە لەو کاتە شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی بەردەوام بوولە ناوچەو هەرێمەکاندا .
کە زۆربەی شەڕەکان لە سەر تەواوی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان بوو ، جگە لە کێشەی بەردەوامی ئاینی لە نێوان مەسیحی و ئیسلام لە جیهاندا .

١٨٢٦

١٨٢٦/١/٢٢ لە دایك بوونی موئەریخ و پرۆفیسۆری ئەلمانی - فریدرك ئیبرفگ - لە لێشلنگن لەنزیك شاری زولنگن لەناوەراستی ڕۆژ ئاوای ئەلمانیا . لەدوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن لەساڵی ١٨٤٥ چۆتە زانکۆی جتنگن ... دوای ئەوە چۆتە زانکۆی بەرلین و خوێندنی لەو زانکۆیە تەواو دەکات ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٥٠ پەیوەندی بە زانکۆی هلە دەکات وبروانامەی دکتۆرا بەدەست دێنێ .
دوای ئەوە بەمامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی بۆنی ئەلمانی دامەزراوە لەساڵی ١٨٥٢ ... لەگەڵ وانە گووتنەوەی بەردەوام دەبێت لە نووسین ... کاردانەوەی بیری هیگل و ئەرستۆ بۆتە سەرچاوەی نووسینەکانی ، کە توانی نووسینەکانی لەسێ بەرگ بلاوبکاتەوە لەساڵەکانی ١٨٦٢ - ١٨٦٤ - ١٨٦٦ کە نووسینەکانی تاکوو ئەمرۆش کاریگەری خۆیان هەیە ، ئەم فەیلەسوفەش لەکارەکانی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٨٧١/٦/٩ کۆچی دوایی کردوە .
سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢ .

١٨٢٦/٤/١٤ ڕابەری ئاینی و تەریقەی نەقشەبەندی مەولانا خالید نەقشەبەندی لە شاری - دیمەشق - ی شامی ئەوکات کۆچی دوایی کردووە.

١٨٢٧

١٨٢٧/٧/٦ مۆرکردنی ڕێکەووتنامە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیاو ڕووسیا ، کە دەسەڵاتی عوسمانی دەستگیر بێت بەپێدانی سەربەخۆیی بە ئیدارەی یۆنان ، بە مەرجێ باج بدات کە ئەویش لە سەر برە

باجەکە ڕێکـەووتن مۆربکـەن ، لـە هـەمان کـات بـەرەو دامەزرانـدنی مـافی ئۆتۆنۆمی لە ژێر سایەی سوڵتانی عوسمانی بێت هەرێمەکەدا .
ئـەو پەیمانـە لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا مـۆرکرا ، کـە بەسەربەخۆیی راستەوخۆی یۆنان دادەنرێت ، لە دوای ئەوە –کاننج– لە ٨/٨ هەمان ساڵدا کۆچی دوایکرد لە وولاتەکەدا .

١٨٢٧/٧/٢٤ مامۆستایانی زانکۆو شووێنەوارناسی – شۆلتز – لە پێناو گەیشتنی بۆ کوردستان بە ناوی ئەوەی تووێژینەوە لە سەر شووێنەواری – خەلدین – بکات لە هەرێمەکەدا .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا شۆلتز مامۆستا بوو لە زانکۆی گیسیز ... ئەوە بوو گەیشتە شاری وان لە باکووری کوردستان ... لەدوای گەراز گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە توانی ٤٢ پارچە لە شووێنەوارە قورەکانی مەلیك – ئۆرارتۆ – بدۆزێتەوە ، دوای ئەوە ڕەوانەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد... دوای ئەوە بەدووساڵ لە گەران و تالانکردن و دزینی شووێنەوارەکانی کوردستان ، کە لەلایەن کرێکارەکانی کورد کووژرا لەناوچەی – گولێمێرك – لە هەرێمەکەدا .
ئەو پارچە شووێنەوارانە لەساڵی ١٨٤٠ دوای یەك ساڵ لەمردنی گەیشتە پاریس لە فەرەنسا ... ئەوەش لە ئاکامی راپۆرتەکانی مارکۆبۆلۆ هات ، کە لە ساڵی ١٢٥٤ ، لەگەڵ مام و باوکی لەچین بەرەو ئیتالیا دەگەرایەوەو ناوزەندی دانیشتووانی رۆژهەلاتی بە شێووەیەکی شێواو لەقەڵەمدا ... بەلام دوای ئەوەی کە – کلاودیۆس گیمس ریچ – کە پیاوی بازرگانی فەرەنسی بەریتانیا بوو گەیشتە شاری بەغدا ، دوای ئەوەش سوورانەوەیەکی بە باشووری کوردستاندا کردو میوانداری ئەمیری بابانی لە شاری سلێمانی کرد بە پێچەوانەی راپۆرت و وتەکانی مارکۆبۆلۆ بوون ، لە گەڵ چەندین راپۆرتی دیکە لەسەر باری کوردو کۆمەڵگای کوردستان لەوکاتدا.

١٨٢٧/١٠/٢٠ بەرپابوونی شەڕی – ناڤارین – لە هەرێمی یۆنان لە نێوان کەشتیە جەنگیە دەریایەکانی میسر ، کە ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای والی

میسر سەرکردایەتی دەکرد ، هەروا ئەمیر تاهر پاشاش سەرکردایەتی هێزەکانی کەشتیەوانی عوسمانی دەکرد لە گەڵ کەشتیەکانی بەریتانیا ، کە ئەمیراڵ – رینی – سەرکردایەتی دەکردو کەشتیە جەنگیەکانی رووسیای قەیسەریش لەلایەکی دیکەوە لەناوچەو هەرێمەکان بەردەوام بوون لەکارە هەلایەنەکانی جەنگی لە هەرێمەکەدا.

١٨٢٧/١٢/١٥ ئاماژە بە هەندێ بەڵگە دەکەین ، کە دەسەڵاتدارانی رووسیای قەیسەری کاروبارو بەرێووەبەرایەتی کوردەکانی هەرێمی پشت قەفقازان هەر لە دەستی خوودی کورداندا هێشتۆتەوە ، گرنگ ئەوەیە ، کە بڕیارو فەرمانەکانی دەسەڵاتدارانی رووسیا .

واتە لە سان پترۆسبۆرگ دەرکراون لە گەلالەی مەدەنی بەرێووەبردنی خانەنشینەکانی یەریڤان و ناو نەخجەوان ، هەروا ناوچەی ئۆردو ئابادا .

کە لە پترۆسبۆرگەوە بۆ شازادە – پاسکە ڤیچ – دادوەری قەفاز نێردراوەو دەڵێ :– کاروباری کۆچەرەکان با هەر لەدەست سەرۆك هۆزو خێلەکانیاندا بێ... واتە کورد لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

١٨٢٨

١٨٢٨/٤/٢ رژێمی رووسیای قەیسەری لە راگەیاندنی بڕیارێکی کارگێریدا لەپێناو نانەوەی دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان ئەرمەن و کورد بە هاندانی ئەرمەنەکان بە چاودێری کردنی کوردەکان لەپارێزگای یەریڤانی کوردستان ، ئەویش هەڵسان بەکاری سیخووڕی بۆ رژێمی رووسیای قەیسەری دژ بە کورد لە هەموو بوارەکاندا .

١٨٢٨/٤/١٠ مۆرکردنی رێکەوتنامەی بەناو – ئاشتی تورکمان جای– لە نێوان رووسیای قەیسەری و رژێمی فارسی سەفەوی لە ئێران ، کە ئەرمەنستانی ژێر دەسەڵاتی فارسی پارچەیەك بێت لە رژێمی قەیسەری رووسیا .

کەبەو هۆکارەش زۆرناوچە لەخاکی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی رووسیای قەیسەری ، کە دەکەووتنە سەر سنووری قریاخ و نەخجەوان ، بەتایبەتیش پارێزگای یەریڤان و دەووروبەری ، کە ئێستا شاری یەریڤان پایتەختی کۆماری ئەرمینیایە لە ناوچەکەدا .

١٨٢٨/١٠/١ دامەزرانـدنی زانكـۆی لەنـدەن لـە لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، كـە ئـەو زانكۆیە نەك هەركاریگـەری زانستی و فێربوونی بۆ گـەلانی بـەریتانیا هـەبووە لـە هـەموو بوارەكـانی خوێنـدن . بـەڵكوو سـوودی بۆ كۆمـەڵگاكانی دیكـەی وولاٌتانی جیهان .

١٨٢٩

١٨٢٩/٩/٣ باشووری كوردستان ، كە لـە پاشا لیكـەكانی دیاربەكرو مووسڵ پێك دێت ، كە دەسەلاٌتدارانی عوسمانی هیچ دەسەلاٌتێكیان لەسەر ئەو ناوچەو هەرێمەدا نـەبوو ، لـەو كاتیـشدا بەگـە كوردەكـانی ناوچـەكە كـەم یـا زۆر لەیـەكتر سـەربەخۆبوون ، هەنـدێك جـار سـەربە دەسـالاٌتداریەتی سـلێمانیە لـە- پاشالیكی مووسڵ - بوون ... هەر لـە كۆنـەوە لەلایـەن فارسـەوە پشتیووانی لێ دەكرا ، كە بەم چەشنە تـوانی دەسـەلاٌتی خـۆی بەسـەر زۆربـەی باشووری كوردسـتان بلاٌوبكاتـەوەو خوودسـەرانە نـاوی پاشـایەتی كوردسـتانی بـەخۆوەنابوو پەیووەنـدی دۆسـتانەی لەگـەڵ فـارس داهـەبوو ، ئیماراتـە گـەورەكانی باشـووری كوردسـتان ، كـە لەڕوانـدزو باگـدان و بادینـان پێـك هاتبوو .

جگە لەوناوچانەی كوردستان ، كە ناوبراوان هۆزی كوردی دیكـەش تیای دا دەژیان . لە چوارچێووەی پاشـالیكەكانی فارس و ئاخالنسیخ وەك كۆمەڵـەی بـچووك لـە ٢٠ تـا ٣٠ بنەماڵـە دەبـوون ، ئەمانـە بەسـترابوونەوە بـە پاشالیكەكانی ئەم ناوچانەی سەربە دەسـەلاٌتی عوسمـانی بوون ، هـەروا لـە خانەنـشینی پارێزگـای یـەریڤان كـوردێكی زۆری لێ دەژیـان ، كـە ئـەوكات ژمارەیان دەگەیشتە ٨٠٠٠ بنەماڵە . واتە خبێزان ، و لـەژێر كاریگـەریەتی و دەسەلاٌتی سەرداری یەریڤان بوون لە ناوچەكەدا .

سەرچاوە:- لە زنجیرە بەڵگەنامەكانی سۆڤیەت لە كۆمۆسیۆنی شاوخیگرافی بەرگی /٧ - ل٧٨٥-، ژ/١٧٨ .

١٨٢٩/٩/١٩ هێـزە چـەكدارەكانی كـورد بـە هاوكـاری و پـشتگیری هێزەكـانی سـووپای ڕووسـیای قەیـسەری ، هێرشـیان كـردە سـەر ناوچـەی پارێزگـای قـارس لـا باكووری كوردستان و لە ژێـر دەسـەلاٌتی هێزەكـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی

ڕزگاریان کرد.

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا چەکدارانی کورد وەك جاش یارمەتی تورکەکانیانداو بووە هۆی داگیرکردنی شاری ئەرزەڕۆم لە باکووری کوردستان .

١٨٢٩/١٢/١٤ لە سەردەمی – نێس– دا – زانا دگۆر– سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بووە لە پاش ئاڵوگۆڕ کردنی نامە لەگەڵ یەکترا ، دوای ئەوە بریار دەدەن ئاڵاو کۆپی زانیاری بکەن لەگەڵ یەکتردا ، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری نامەیەك مۆر دەکەن و هاوکات لەگەڵ دگۆڕو نێس دا ، کە زانای بەریتانی ویلیام هێنری تالیووت خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە پێناو دەستکەوتنی وێنە ی دیکە نوێ لە داهاتوودا .

١٨٣٠

١٨٣٠/١/١٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهان کار بە پوولی نامە ئاڵوگۆڕکردن ئەنجامدرا لە بوواری پۆستەدا لە جیهاندا .

١٨٣٠/٢/٤ گەلانی بەلژیکا لە پێناو تۆڵە وەرگرتنەوە سەربەخۆیی وولاتەکەیان ڕاگەیاندو سەرکردەی وولات – لیۆپولد– بووە یەکەم شانشینی بەلژیکا بەناوی – شانشینی بەلژیکا – لە کێشووەرەکەدا ، و لە پەیمانی لەندەن داننرا بە سەربەخۆیی شانشینی بەلژیکا.



کە ناوی پایتەختەکەی – برۆکسل – ە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکی ، ١٠,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەکەی ، ٣٠,٥١٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٩٩ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . لە وولاتەکەدا .

١٨٣٠/٥/٧ مـۆركردنی یەكـەم پـەیمان لـە نێـوان ئەمـەریكاو ئیمپراتۆرپـەتی عوسمـانی ، ئـەویش بـە ئامـادەكردنی بـاری بازرگـانی و دبلۆماسـی ، كـە ئەمـەریكا رۆڵـی سـەرەكی هـەبوو لـە دروسـتكردنی كێـشە لـە ناوچـە عەرەبیـەكانی سـەربە ئیمپراتۆرپیەتی عوسمانی ، لە هەرێمە جیا جیاكان لە كێشوەری ئاسیادا .

١٨٣٠/٧/١٥ هێزەكـانی سـووپای فەرەنـسا لـە هێرشـێكی بەرفراوانیـدا تـووانی جـەزائیرو پایتەختی جەزائیر داگیر بكات ، كە ئەو داگیركردنە ماوەی ١٣٢ ساڵی خایاند ، تـاكوو رزگـاربوونی بـە ڕگەیانـدنی سـەربەخۆیی جـەزائیر بـە كشاندنەوەی دامودەزگاو هێزەكانی سووپای فەرەنسا لـە جەزائیر ، لـە دوای زیاتر لـە ١,٥ ملیۆن قووربانی و وێرانكاری ژێرخانی ئابووریو چەندین لایەنی دیكـە لـەو وولاّتەدا.

١٨٣٠/٧/٣١ لـە دوای هـەولێكی سـەركردەكانی تـووانرا – لـوویس فلیـپ – هەڵبـژێردرا بەشانشینی فەرەنسا ، لـە دوای لابردنـی شارڵی دەیـەم ، كـە جێگـەی براكـەی گرتبـووەوە بـە لوویـسی دوانزەهـەم لـە سـەر ئیمپراتۆرپـەتی فەرەنـسای ئەوكاتدا .

١٨٣٠/١١/٢٨لـە دایـك بـوونی خـاوەنی پـــەیامی – بـــەیانی كۆمۆنیـست– و ئـابووری رامیـــاری – فردریـــك ئینگلش– لە ئینگلترا بە هاوكـاری كـارل مـاركس كـە بۆتـە بنـەماكانی كـارو هەڵوویـــستو بـــیروو بۆچـوونی ژیـانی بـەملیار ڕۆشـــنبیرو ڕوونـــاكبیرو زاناكان لە جیهاندا .

١٨٣١

١٨٣١/٦/١٢ دامەزرێنـەری وولاَتـی میسرِ- محەمـەد عـەلی - پاشـا بـە نـەژاد کـوردو لـە بنەماڵـەی - خـدێوی- ە سـووپایەکی لـە پیـادەی دەشـتایی و دەریـایی ئامادەکرد ، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی ، کە بەرەو هەرێمەکانی وولاَتی شام هەنگاوویاننا ، کە یەکەم جار لە ڕێگەی دەریاو لە هـەمان کات هێزەکانی سووپای پیادە لە دەشتایەکان ، پێشیان کەووتن‌و شاری غـەزەیان داگیرکـرد ، دوای ئـەوە شـارەکانی یافـاو قـوودس‌و نـابلس . کـە لـەو کاتـەدا هەردوو هێزی دەریایی‌و دەشتایی بەیەککەیشتن .

هـەروا شاری عەککەشـیان گـەمارۆداو ، دوای ئـەوە کـەووتـە بەردەستیان... دوای ئـەوە هێزەکـانی سـووپای محەمـەد عـەلی پاشـا بـە سـەرکردایەتی ئیبراهیمـی کـوڕی سـەرکەووتنەکانی مـسۆگەرکردو بـەرەو شـاری حەلـەب بەڕێکەوتن .

محمد علي في ديوانه بالقلعة يستقبل وفد بعض الدول الأجنبية
ويرى عن يمينه ولداه طوسون وإبراهيم

لـە ئـەنجام هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی بـە سـەرکردایەتی حوسێن پاشا پاشەکشەیان کردو ناوچەکەیان جێهێشت بەرەو هەرێمی ئەنادۆڵ گەڕانەوە ، کـە لەوکاتـەش هێزەکـانی ئیبراهیم پاشـای کوڕی محەمـەد عـەلی پاشا بـەرەو شـارەکانی بـاکووری کوردسـتان هـەنگاویاننا ، بـە تایبـەتی بـەرەو شـاری ئەستەمبۆڵ .

کە بووە هۆی دورستکردنی ترس نانەوە لەسەر دەسەلاتەکانی وولاتانی ئەوروپا ، لەوکاتەی کە هێزەکانی سووپای ئیبراهیم پاشا گەیشتە چیاکانی تۆرۆس و شاری ئەدەنە- دیاربەکر- کە بووە هۆی ئەوەی کە چوونە ناو شاری ئەستەمبۆڵ ئاسان بکرێت ، کە لەو کاتە ٥٠ کیلۆ مەتر مابوو بگەنە ناو شاری ئەستەمبۆلی پایتەختی ئەوکاتی عوسمانی .

بە تایبەتی ڕووسیای قەیسەری ترسی زۆری گەیشتبووێ . کە داوای لە سوڵتانی عوسمانی کرد بەیارمەتی دانی دەسەلاتەکەی بۆ لێدانی هێزەکانی سووپای ئیبراهیم پاشا ، کە لەو کات و بە پەلە زیاتر لە ١٠٠٠ دە هەزار سەربازی یارمەتی بۆ دەسەلاتی عوسمانی ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ کرد بۆ بەرگری کردن لە دەسەلاتی عوسمانی ، هەروا فەرەنساو بەریتانیا ترسان لەوەی ، کە دەست تێووەردانی ڕووسیا کاریگەری هەبێ لە سەر بەرژەوەندیەکانیان ، داوایان لە سوڵتانی عوسمانی کرد ڕێکەووتن لەگەڵ محەمەد عەلی پاشا ئەنجام بدات ، لە بەر ئەوەی ئەوان باشیان دەزانی کە محەمەد عەلی پاشا لە ڕچەڵەک و بنەماڵە دەگەڕێتەوە کام هەرێم لە کوردستان و کام نژاد ، لە هەمان کات پەیووەندی لە نێوان محەمەد عەلی پاشا لەگەڵ میرەکانی ئیمارەتی کوردی بە تایبەتی ئیمارەتی ڕەواندزو سۆران ئەویش بەنامە گۆڕینەوە .

بەلاّم بە داخەوە تاکوو ئێستا ئەو نامانە ئاسەواریان نیە ، بەلاّم بەدڵنیاییەوە پەیووەندیەکی بە هێز هەبووە لە نێوان محەمەد عەلی پاشاو سەرکردە کوردەکان لە کوردستان .

١٨٣١/١٠/٢٤ مـۆرکردنی پـەیمانی – بووخارسـت – لـە بووخارسـتی پایتـەختی ئێـستای ڕۆمانیا ، لە نێوان هێزەکانی شەڕکەری ڕووسیای قەیسەری و ئیمپڕاتۆڕیەتی عوسمانیدا ... شایانی باسە لەوکاتەی کە هێزەکـانی سووپای محەمەد عەلی پاشا ، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی ، بەرەو شـاری ئەسـتەمبوڵ و سەرکەووتنەکانی بووە هۆی ئەوەی کە ڕووسیای قەیسەری بە هەموو توانا یارمەتی هێزەکانی سووپای عوسمانییدا دژی هێزەکانی ئیبراهیم پاشا .
کە ڕامیاریەتیەکی نهێنی لە پەیووەندیەکانیان هەبووە بەرامبەر بە دەسەڵاتی محەمــەد عــەلی پاشــاو پەیووەنــدی لــە گــەڵ ئیمارەتــە کوردەکــان لــە کوردستان...؟...!.

١٨٣١/١١/١١ یەکەم ڕۆژنامەی تورکیا بەناوی – تقویم الوقائع – بڵاوکرایەوە کە تێیدا یاساکانی دەووڵـەتی عوسمـانی بڵاوودەکـردەوە . دوای ئـەوە ڕۆژنامـەی – ترجمان الاحوال– لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاووکرایەوە ، دوای ئەویش ڕۆژنامـەی – تـصویر الافکار– لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاووکرایـەوە بە پـشتگیری کردن لـە ڕامیاریەتی دەسەڵاتەکەیاندا .

١٨٣٢

١٨٣٢/٣/١٥ هێزە چەکدارەکانی پاشای کوێرە ، هێرشیان کردە سەر کوردە ئێزیدیەکان ، لە ناوچەی دهۆك لە باشووری کوردستان ، دوای ئەوە بەرەو شارۆچکەی – ئـەلقووش– ی نزیـك شــاری مووســڵ ، کەووتنــەڕێ کــە ئــەلقووش و دەووروو‌بـەری کـوردە ئێزدی و مەسیحی و ئیسلامەکان بوون ، لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

١٨٣٢/٣/٢٢ کۆچـی دوایـی فەیلەسـوفی بـەناوبانگی ئـەلمانی و جیهـانی – چـان ولفگنـنگ جینتە – . ئەم فەیلەسوفە لەساڵی ١٧٤٦ لە فرانکفۆرتی میرلیمن لە ئەلمانیا لـەدایك بـووە ... دەرچووی کۆلێـژی یاسا بـووە . لەسـاڵی ١٧٧١ بروانامـەی دکتۆرای بەدەست هێناوە ... لـە ساڵی ١٧٧٢ ڕۆمـانی – چۆتز یرلینگنی – بڵاوکـردەوە لەسـەر شـێووازی شکسپیر . هـەروا – ئ‌ڵام فرتـر – ی لـە سـاڵی ١٧٧٤ بڵاوکردەوە ... چیرۆکی کۆنت دیکمـۆنتی لەساڵس ١٧٧٥ بڵاوکردەوە ... ولیم مستر لە ساڵی ١٧٧٧ . بەشی یەکـەم لـەڕۆمانی – مۆست – لەسـاڵی ١٧٩٨ بڵاوکردەوە ... سەردانی ناپلیۆنی کـردووەو وسـامی –صلیب جۆقـەی

شەرتی – لە ساڵی ١٨٠٨ پێ بەخشراوە .
دوای ئەوە بۆتە وەزیر لە حکوومەتی دۆق ساکس ویمر لە ساڵی ١٨١٥...
دوای ئەوە بەردەوام بووە لەنووسینەکانی تاکوو کۆچی دوایی کردووە .

١٨٣٢/٥/١١ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزە چەکدارەکانی میری سۆران و هێزەکانی سووپای فارسی سەفەوی ، دوای ئەوە هێزەکانی میری سۆران هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی لاهیجان و مەهابادو دەووروبەری لە رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی فارس لە ئێراندا .

١٨٣٢/٥/٢١ لە دوای کردنەوەی شاری بەغدا ، لە لایەن عەلی رەزا پاشا ، کە لەمانگی موحرەرەمی ساڵی دوایی بوو، یەکێك لەبنەماڵەکانی مەزهەب شیعە ، دانیشتنی ماتە مینی ، واتە تەعزیەیان ، لە ماڵەکەی خۆی دانا ، بەم بۆنەش والێ بەغدا بەشداری لەو تەعزیەیە کرد ، کە بووە هۆی هاندانی کەسانی دیکەو بەم جۆرە کاری تەعزیە بووە باو بەردەوام بوو تاکوو ئێستاش ، ئەو رێو ڕەسمە بەردەوامە وەك کارێکی راگەیاندن و بەهێزی بنەماڵەکە بەپێی توانایان.

١٨٣٢/٥/٣١ مۆرکردنی رێکەتنامەی – کۆتاهیە– لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشای والی میسر ، لە سەر داوای وولاتانی ئەوروپا ، بە تایبەتی هەردوو وولاتی فەرەنساو بەریتانیا ئەویش بەهۆی:–
یەکەم:– سەرهەڵدانی ترسی دوا رۆژی دەسەلاتەکەیان بەرامبەر بە رووسیای قیسەری و محەمەد عەلی پاشا...؟.
دووەم:– دروست بوونی ترسیان بەرامبەر بەگەڕانەوەی دەسەلاتەکانی پێشووی وەك ، بێزنتیەکان ، و زانینیان بەوەی کە محەمەد عەلی پاشا نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی فراوانە لە کێشوەری ئاسیا ، بەم هۆکارەش لە سەر چەندین خاڵ رێکەوتن ئەویش:–
١– گەڕانەوەی هێزەکانی سووپای محەمەد عەلی پاشا بۆ دوواوەی چیای تۆرۆس .
٢– بوونی محەمەد عەلی پاشا بە والی لە سەر وولاتی میسر و ناوچەکانی ژێر

دەسەلأتیدا ، هەتا هەتایە .

٣- دانانی والی لە شارەکانی عەکاو تراپلس و دیمەشق و حەلەب و دوورگەی کریت ، لەلایەن محەمەد عەلی پاشا.

٤- دانانی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا ، بە والی ئەدەنە -دیاربەکر- کە ئەوکات هەرێمێکی نزیك ئەنازۆڵ بوو لە باکووری کوردستان.

شایانی باسە لە چەندین سەرچاوە وای نیشاندەدەن ، کە محەمەد عەلی پاشا پەیوەندی نهێنی هەبووە لە گەڵ میری ڕواندز لە باشووری کوردستان . لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەهێز بە تایبەتی لە کوردستان و چەندین ناوچەی دیکەی وەك شام و ناوچەکانی دیکەی ئەستەمبۆڵ و قەوقازدا .

بەڵام هەر وەك ئێستا سوڵتانی عوسمانی بە ناچاری ئەو ڕێکەوتنامەی مۆرکرد ، ئەویش بەپاڵە پەستۆی وڵاتانی ئەوروپا بەپێی قۆناخەکان و خۆئامادەکردن لە پێناو شەڕکردن .

لە هەمان کات محەمەد عەلی پاشاش نیازی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە بوو . بە جیابوونەوەی تەواو لە ژێر هەرەشەکانی دەسەلأتی عوسمانی و وولأتانی ئەورووپادا ، بەلأم هەوڵەکان دڵخۆشکەر نەبوون بە هۆی گەمارۆدانی محەمەد عەلی لەلایەن فەرەنساو بەریتانیاو ڕووسیای قەیسەری لەو کاتدا لە کێشووەرەکەدا .

١٨٣٢/١٢/١١ئەندازیاری بەناوبانگی فەرەنسی - گۆستاف ئیڤل- لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە دایك بووە ، ئەو مرۆڤە زاناو بلیمەتە ناودارە جیهانیەو ئەو ئەندازیارە توانی پەیکەری ئازادی و تاوەری ئیڤل دروست بکات بە هەستی زانیاری خۆی کە ئەمڕۆ بۆتە هێمایەك لە هێمایەکانی جیهان.

١٨٣٣

١٨٣٣/٣/٢١ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – لورد مرستۆن – نامەیەکی لەسەر محەمەد عەلی پاشا نووسیووەو دەڵێ:– ئامانجی محەمەد عەلی پاشا دامەزراندنی دەوڵەتێکی راستەقینەی مەزنی گەوورەو فراوان بووە لە سە ناوچەکەو خاکی کوردستاندا . لە هەمان کات دژی تورك بووەو هەوڵی بنبرکردنی دەسەڵاتی عوسمانی داوە لەو ناوچە و هەرێمانەی کە لە ئامانجیدا بووە .

شایانی باسە وەزیری بەریتانی دژی دەسەڵات و هەڵوویستەکانی محەمەد علی پاشا بووەوجێگەی مەترسی حکوومەتی بەریتانیا بووە ... هەر لە بەر ئەوەش – ریشارد ووی – لە بالوێزخانەی بەریتانیا لە شاری ئەسقەهۆل رەوانەی بەیروتی پایەختی لوبنان کراوە لە ساڵی ١٨٣٥ ، لە پێناو دروستکردنی ئاژاوە لە نێوان دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشاو دورزیەکان لە ناوچەکدا ، هەر بەوەش دەردەکەوێت کە محەمەد عەلی پاشا کورد بووە . نەك بە پێچەوانەی ، کە عەلی وەردی لەنووسینەکانی دەیاری کردووە لە سەر ئە بنەماڵەیەدا ...؟.

١٨٣٣/٥/٤ بە هۆی دەست تێووەردانی ووڵاتانی ئەوروپا لەکاروبارو پەیووەندی لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا ، لە ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی میسرو شام و چەندین جێگەی دیکە . کە بووە هۆی ناچارکردنی دەسەڵاتی عوسمانی بەمۆرکردنی رێکەووتنامەی ئاشتی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشا ، کە دەسەڵاتی عوسمانی دانینا بەمافی محەمەد عەلی پاشا لەسەر میسرو نیمچە بیابانی عەرەبی و سودان لە کێشوورەکەدا .

دوای کردنی بەوالی لەسەر فەڵەستین و شام و قیلیقیای سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی دامەزراند . کە بووە هۆی ئەوەی کە محەمەد عەلی پاشا دا بەسەربەخۆیی دەسەڵاتی بالای سوڵتان دابنێ لە ناوچەو هەرێەکان ، کە ئەوکارانەشی بەهۆی توانای محەمەد عەلی پاشاو فراوانکردنی دەسەڵاتی بوو ، هەتا لەسەر وویلایەتی دیاربەکر لە باکووری کوردستان بە دروست بوونی مەترسی ووڵاتانی ئەوروپا . لە دوا ڕۆژی دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا

چەندین بیروبۆچوون و هەڵوێستی نەتەوەیی ونیشتمانی دیکە لە هەریم و ناوچە جیاجیاکاندا .

١٨٣٣/٥/١٥ لە یاداشتەکانی دکتۆر – رۆس و فریزەر – ی گەرۆکدا هاتووە :– لەگەڵ دەستەیەك لە پیاوانی محەمەد پاشا بە سەرۆکایەتی میسر بایەزید بەگ مامی ، کە بۆ ئەم کارە ناردرابوونە شاری بەغدا بەغدایان بەجێهێشت و بەرەو میرنشینی سۆران بەرێکەوتن و دەڵێ:–

ئەو ناوچانانەی لە ژێر دەستی والی عوسمانی بوون هەموویان وێران و چۆڵ بوون ، چونکە خەڵکەکە لە کاتی جەنگ ، بە هۆی ئەو باجە زۆرەی کە لە سەریان دانرابوو ڕایان کردوو ئەوەی دەمانەوەش لە ژیانێکی یەکجار سەخت دەژیان و هەر کاربەدەستێکی بەو ناوچە تێپەر بوایە داوای بەخشیشیان لە دانیشتووانەکە دەکرد ، بە پێچەوانەی ژێر دەسەڵاتەکانی محەمەد علی پاشاو میری سۆران لە هەرێمەکەدا .

١٨٣٣/٥/١٩ گەرۆکی ناوداری جیهانی و نووسەری مێژوویی – فریزەر – دەڵێ :– دکتۆر رۆسی کە گەیشتە هەولێر لە باشووری کوردستان و پێشوازی گەورەی لێکرا لەلایەن دانیشتووانەکەو لەم رۆژەدا هەولێر بەجێ دێڵێ و بەرەو رواندزی پایتەختی میری سۆران بەرێگا شاخاویەکانی هەڵدەکشێ تاکوو گەیشتە قەلای میر مستەفا بەگی باوکی محەمەد پاشا ، کە پێی دەگوترا – دم دم – وُ بەسەر دۆڵی رواندزیدا دەروانی و کەوتۆتە لەتکەی شاخێکی بەرز لە ناوچەکەدا.

١٨٣٣/٥/١٩ دکتۆری ناوداری بەریتانی – ڕۆس – سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانی کردو چاوی کەوت بە میرنشینی سۆران ، ئەویش بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی مستەفا بەگی باوکی پاشای کوێرە بوو لە هەرێمەکەدا ، لە پاش ئەوکارە ڕۆس ڕاپۆرتێکی تێروو تەسەلی لە سەر باری ناوچەی میرنشینی سۆران دەنووسێت و لە چەندین لایەنی دیکەی باری کورد لە باشووری کوردستان.

١٨٣٣/٥/٢١ سەرەك وەزیرانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی کرا بە والی پارێزگای سیواس ، و لە هەمان کات وویلایەتی دیاربەکریش خرایە ژێر دەسەڵاتەکەی

لە باكووری كوردستان ، كە ئەمەش لە پێناو كۆكردنەوەی هێزو دەسەلاتی تەواوی بوو بە سەر باكووری كوردستان و بە یەكلاكردنەوەی كێشەی شۆڕشی میر محەمەدی ڕەواندزی لە عەرێمەكەدا .

لە بەر ئەوەی ببووە یەكێ لە گەورترین كۆسپ لە پێش دەسەلاتی عوسمانی لەسەر خاكی كوردستان ، كە لەو كاتە میری سۆران لەوپەڕی بەهێزیو توانا و یەككگرتووی بوو، هەرچەندە كێشەی ناوخۆش مەترسیدار بوو لەسەر دەسەلاتەكەیاندا .

١٨٣٣/٦/٧ بە هۆی هەلوویستەكان و توانای هێزەكانی سووپای میسر بە سەركردایەتی محەمەد عەلی پاشا ، پەیمانی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قەیسەری ڕووسی لە – خۆنكار ئەسكەسی– مۆركرا. وەك پەیمانی بەرگری هاوبەشی سەربازی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەت . لە پێناو، یەكەم:– گەمارۆ دانی هەر جموجۆڵیەكی زیادەڕۆیی لە لایەن هێزەكانی سووپای محەمەد عەلی پاشاو دووەم :– جوولانەوەی كورد لە هەر لایەنێكی كورد لە باكوورو لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باشووری كوردستاندا .



الإمارات الكردية، ومنها بابان وسوران، في سنة ١٨٣٥

١٨٣٣/٧/٣ دوای چەند ڕۆژێك لە مانەوەی دكتۆر – ڕۆس – لە شاری هەولێر لە باشووری كوردستان ، محەمەد پاشا بە دوایدا دەنێرێ ئەویش

بەرەو ئاکریٚ دەکەویٚتە ریٚ و بەکەلەك لە زیٚی بادینان دەپەریٚتەوە تاکوو دەگاتە دەشتی ئاکریٚ ... لە ناو ئۆردووگای محەمەد پاشا و لە ناوچەند ریٚز لە پاسەوانی تایبەتیدا دەگاتە بارەگای محەمەد پاشای کۆرە ... کە لەوکات محەمەد پاشا تەمەنی لە ٤٥ سالٚیدا بووەو دوای گفتووگۆکردنی لەنیٚوانیان ... لە هەمان کات دکتۆر وا مەزەندە دەکات ، کە ژمارەی چەکدارانی محەمەد پاشا نزیکەی ٥٠ هەزار چەکدار بوو لە ناوچەکەدا .

١٨٣٣/٧/٨ لە دوای تەواو بوونی گفتووگۆ لە نیٚوان دکتۆر رۆس و پاشای کۆرە ... دکتۆر رۆسی لە ریٚگەی شاری مووسلٚ بەرەو شاری بەغدا کەوتە ریٚ ... لەناوچەو ناو شاری موسل دانیشتووانەکە داوای یارمەتی لە دکتۆر دەکەن بەهۆی برسیەتی و هەژاری ، کە ئەو کاتە لەژیٚر دەسەلاٚتی والی بەغدا بوون . ئەمەش لەو کاتەی لەناوچەی ژیٚر دەسەلاٚتی پاشای کۆرە دەردەچیٚ لە هەریٚمەکەدا .

١٨٣٣/١٠/٢ لە دایك بوونی – ئەلفرید نۆبلٚ ، داهیٚنەر- لە شاری ستۆکهۆلمی پایتەختی سووید ، لە شاری پترۆسبۆرگی رووسیا گەورە بووە ... ئمانۆیلی باوکی لەویٚ وەکوو داهیٚنەریٚك کاری کردووەو خاوەنی کارگە بووە . هەروا ئەلفرید نۆبلٚ لەپاش خوویٚندیٚکی زۆر لەکارگەکەی باوکیدا وەکوو داهیٚنەریٚك کار دەکات . لە ماوەی خوویٚندنی گەشتی بۆ فەرەنساو ئەمەریکا کردووە، دوای ئەوە دەگەریٚتەوە ، ئەویش بەهۆی نالەباری باری کارگەکەی باوکی و هەولٚی چاکردن و پەرەوپیٚش بردنی دەدا.

دوای ئەوەی کە برا گەورەکەی کارگەکە بەریٚوە دەبرد، ئەویش حەز لە

داهێنـان دەکـات و لـەدوای هـەوڵ مانـدبوونێکی زۆر لـەماوەی دوو ساڵ لـە
تاقیکردنـەوە تـوانی مـاددەی دینامیـت بدۆزێتـەوە ، کـە بـۆ تەقینـەوەی
ئەشکەووت و ڕێگا چاککردن بەکار دەهێنرا .
دوای ئەوە لەساڵی ١٨٦٧ کارگەیەکی دینامیت لە سووید دروست دەکا..
دینامیت دژی مرۆڤایەتی لـەکارە جەنگیـەکان بـەکارهێنرا ، کە ئەمـەش دژی
ئاواتەکانی نۆبل بوو .
شـایانی باسـە کـە نۆبـل لـە ١٨٩٥/١١/٢٧ ، واتـە سـاڵێك بـەر لـەمردنی
بڕیاریەکی گرنگ و مێژوویی دەدا ، کە ئەویش هەموو سامانەکانی تەرخان
بکرێت بۆ خەڵات لەبوارەکانی ئەدەب فیزیاو کیمیاو ئاشتی و پاش مشت و
مڕێکـی زۆر لەسـاڵی ١٩٠١ دەسـت کـرا ، بەداشـکردنی خەڵاتـەکان لـە
١٨٩٦/١٢/١٠ ، کە دەکاتە ڕۆژی مردنـی ئەو داهێنـەرە بەناوبانگە جیهانیە
- ئەلفرید نۆبل - .... گەرچی نۆبڵ بەتەنیا ژیاو کەسی لە پاش بەجێ نەما
تەنیا ئەو کارە پیرۆزەو بە بەهایە نبێت لە جیهاندا .

١٨٣٣/١١/١٩ ڕابـەری دیـاری زانسـتی مرۆڤایـەتی بـەناوبانگ - میلهام کریستیان لـۆدویگ
دیلتی - لـە گونـدی - بـەی برنگـی - لەدەوورووبـەری شـاری - فیزیـادن - لە
ئـەلمانیا چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە - بنەماڵـەی ئـەو زانایـە لەکۆنـەوە
پەیوەنـدی بـە دۆخـەکانی ئاسـار باش بووە . دیلـتی سـەرەتا لـە قوتابخانـە
نـاوخۆیی دەخـوێنێ . دوای ئـەوە لەبـەر بـاری نـەریتی بنەماڵەکـەی دەچێتە
زانکـۆی - هایـدلبرگ - و زانسـتی لاهـووتی تیـادا تـەواودەکات و تـا سـاڵی
١٨٥٦ تـاقی کردنـەوەی لاهـووتی بـە ئـەنجام دەگەیـەنێ . دوای ئـەوە بـە
دڵخۆشـکەری بنەماڵەکـەی یەکـەم ئامۆژگـاری خـۆی لەکلێـسا پێـشکەش
دەکات... بەڵام ئەو نیازەی ناگەیەنێتە چارەنووس ... هەر بۆیە وانە وتنەوە
بـەلاوە گرنگتر دەبێ و دوای دووساڵ کاری مامۆستایەتی باری تەندروستی
ئاڵۆز دەبێت .
دوای ئـەوە دەچـێتە زانکـۆی بـەرلین لەسـەر دەسـتی - فردریش ترینـدلن
زانسـتی مێـژوو فێردەبێـت لـە ئـەنجامی خوێنـدن . لەسـاڵی ١٨٥٠ بـەرە
تێئۆریەکەی خۆی سەبارەت بەزانستی مرۆڤایەتی دادەڕێژێت و بـەردەوامیش
بـە بـەرەو پێـشبردنی دەدا تـا سـاڵی ١٨٦٤ کە تووێژینەوەیـەکی ئـەکادیمیا

لەسەر زانستی ئاکار لای فریدریش ئامادە دەکات .

دوای ئەوە وەك مامۆستا دەچێتە ناو زانکۆو وانە دەڵێتەوە . لە ساڵی ١٨٦٦ لەزانکۆی بازل بانگ هێشت دەکرێت و تا ساڵی ١٨٨٢ لەو زانکۆیە کارەکانی ئەنجام دەدات . دوای گەرانەوەی بۆ ئەلمانیا وەك پرۆفیسۆر تا ساڵی ١٩٠٥ لەزانکۆی – کیل پرسیلا و بەرلین بەسەردەبات تا لەرۆژی ١٩١١/١٠/٣ لەشاری سیر ماڵئاوایی دەکات .

ئەم زانایە لەماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی کەم بەرهەمە هزریەکانی مێژوویی بەچاپگەیاندووە... بەلاَم دوای ماڵئاوایی کۆی بەرهەمەکانی خۆی لە ١٤ بەرگی نایاب دەدا ، لە دوای کۆکردنەوەیان . واتە ئەم مرۆڤە لە ماوەی ژیانی شتێکی وای چاند کە وچاخ کوڵ نەبێت و مێژوو رێزی لێبگرێ و نەوەکانی دوای خۆشی پێ سوودمەند بکات لە وولاتەکەو جیهاندا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٨٣٤

١٨٣٤/١/١ گەرۆکی سکوتلاندی– بیلی فریزرجیمس– لە رێگەی شاری ورمێ و رەزائیەو سەردەشت گەیشتە شاری سلێمانی لە رۆژهەلاَت و باشووری کوردستان – فریزەر – زۆر لە سەر شارەکانی ورمێ و سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی نووسیووە ، بە تایبەتی لەبارەی باری کۆمەلاَیەتی و ژێرخانی ئابووری و پەیووەندی و کۆمەلاَیەتی لە سەر شاری سلێمانی و دەوروبەری نووسیووە لەباشوورو رۆژهەلاَتی کوردستان.

١٨٣٤/٣/١ نیگار کێشی بەناوبانگی جیهانی– گیرۆم – لە شاری ڤیسۆلی هاوسنووری وولاَتی سویسرا چاوی بە جیهان هەڵیهێناوەو هەر لەمنداڵیەوە بە هۆی سەرنجی قووڵی و بیر تیژی دەستی رەنگینی بەهرەی وێنە کێشان دەبێتە مایەی سەرسامی دەورووبەر، هەروا لە دوا ساڵی خوێندنی خەلاَتی یەکەم لە وانەی نیگارکێشی وەردەگرێت لە وولاَتەکەدا .

١٨٣٤/٥/١ هاوسەری مەستوورەی ئەردەلان – خەسرەوخان – کە کاتی خۆی بەردەوام بووە بە بەرابواردن لە گەڵ ئافرەتانی جوان و خواردنەوەی زۆر، ئەنجامی

ئەمەش تووشی نەخۆشی دەبێت ، کە مەستوورەخان خۆی لە نووسینەکانی باسی کردووە کە دەڵێ:-

هاوسـەرەکەم تووشـی نەخۆشـی جـەرگ هـاتبوو ، کـە ئـەویش بـووە هـۆی مردنی هاوسەری مەستورەی کوردستان .

ئەویش بە بێوەژنی مایەوە , کە سێ کوڕو سێ کچی هـەبووەو لەپێناو لێك نـەترازانی شـیرازەی خێزانـی مەسـتورەخان لەگـەڵ منداڵـەکانی ماوەتـەوەو ژیـانی بەسـەربردوە تـاکوو مردنـی لەسـاری سلێمانی لـە هـەرێمی باشـووری کوردستاندا .



١٨٣٤/١١/١٢ بـــەهۆی هێنـــانی هـــــۆزو تـــــیرە عەرەبەکان لە لایەن دەســــەڵاتدارانی ئیمپراتۆریـــــەتی عوسمــــانی بـــۆ ئێراقی ئێستاو بە عــــــەرەبکردنی وولاتـی نێـوان دوو زێ - خاکی میزۆبۆتامیا - کە ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی دژووار لــە نێــوان هــۆزی شــەمەرو عنــزە لــەنزیك باشــووری شــاری بەغــدا ، کــە ئەنجامەکەی بووە هـۆی سـەرکەووتنی هـۆزی عنزە بە پاڵپشتی هێزەکانی سووپای عوسمانی، کە بـووە هـۆی گـەمارۆدانی دەووروبـەری شـاری بەغدا و دروست بوونی باری ئاڵۆزو نالەباری .

هەروا جگە لە بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هۆزەکان وەك هـۆزی عەقیل لەگەڵ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی لـە١٢/٤ ی هـەمان سـاڵ ، ئـەم هۆکـارە ، کـە دەسەڵاتی عوسمانی رەخساندی بەهاتنی عەرەب بەلێشاو بۆ دەوورووبەری شـاری بەغداو ناوچەکانی دیکـەدا . بە تایبـەتی بـۆ باکووری شـاری بەغدا بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردستان .

١٨٣٤/١٢/٢١ رێگـەدان بـە کەشـتی هەمـە جـۆری هەڵمیـەکانی جـەنگی بـەیتانیا بـە سـووڕانەوەیان لـەزێی فـوڕات ، بـە پێـی فـەرمانی سوڵتانی ئیمپڕاتۆڕیـەتی

عوسمان لە هەرێم و ناوچەکەدا .

شایانی باسە کە هەردوو زێی دیجلەو فورت لەچیای ئەپاراتی خاکی باکووری کوردستان هەڵدەقوڵێ و دەسووڕێتەوە بە ناو خاکی کوردستان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان و دوایی بەرەو باشووری کوردستان ، بە بەرەو خوارووی ئێستای خاکی دامەزراندووی ئێراق ، تا لە کەنداوی بە ناو عەرەبی دەکاتەوە .

بەڵام لەراستیداو بەپێی مێژوو کەنداوی عەرەب نیەو گەر ئەو کەنداوە کەنداوی هەر دەسەڵاتێك بێت کەنداوی فارس و کوردیە لە ناوچەکەدا .

تێبینی :- نەخشەی هەدوو زێی دیجلەو فورات لە جێگەیدیکە هەیە دەتوانی سەیری بکەیت .

١٨٣٥

١٨٣٥/٧/٣ سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی - سوڵتان عبدولحەمید- فەرمانیدا بە عەلی عەشقەر ، کە بچێتە شاری بەغدا ، لە پێناو سەرپەرشتی کردنی هێزەکانی سەربازی بە چوونە سەر محەمەد پاشای ڕواندز بە لە ناوبردنی شۆڕشەکەی بەهۆی دژایەتی کردنی دەسەڵاتی عوسمانی و گەمارۆدانی شۆڕشەکانی کورد بە تایبەتی لەباشووری کوردستان.

١٨٣٦



١٨٣٦/٤/١٨ بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیمارەتی سۆران ، ئەویش لە ئەنجامی چەندین هەڵەو سەرە ڕۆیی لەدەسەڵات و خۆ زاڵکردن و گوێ نەدانە ئاوات و ئامانجەکانی دانیشتووانی ئیمارەتی سۆران و بە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی میری سۆران - پاشای کوێرە - نەك

بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان و بەتایبەتی لە دوای مردنی محەمەد پاشای کۆرە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

لەم رۆژەداو رەخسانی باری گوونجاو بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە هێزەکانی سووپای عوسمانی بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی توانیان ناوچەی ئیمارەتی سۆران بە تەواوی بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان ، کە پارێزگای هەولێر و چەندین شارۆچکەو گوندی سەر بەدهۆك و ئامێدی و جەزیرە بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان لەباشووری کوردستان.

١٨٣٧

١٨٣٧/١/٢٩ کۆچی دوایی رووناکبیرو شاعیری گەورەی بەناو بانگی ڕووسیاو جیهان – پۆشکین – بە هۆی برینە تەشەنەدارەکەی ، کە لە ئەنجامی شەرەشیرێکی دژووار لە ١/٢٧ی هەمان ساڵ زامدار دەبیّ و پاش دوو رۆژ ، لە کاتژمێر دوو و چل و پێنج دەقیقەی پاش نیوەڕۆ دواهەناسەی پۆشکین دەبیّ و ماڵئاوای لەگەلانی ڕووسیا و جیهان دەکاتلە وولاتەکەیدا ، کە ئەم رووداوە بووە هۆی دڵتەزاندنی هەمووگەلانی ڕووسیا بە تایبەتی و بە گشتی جیهان .

١٨٣٧/٤/٧ دەسەلاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە سەرکردایەتی– حافز پاشا– چەندین هاوولاتی ئێزیدی لە باشووری کوردستان شەهیدکرد ، دوای ئەوە بووە هۆی تالانکردنی ماڵ و ئەنفالکردنی منداڵ و ژنەکانیان لە باشووری کوردستان ، دوای ئەوە بەهەزاران هاوولاتی گوواستەوە بۆناوچەی – نەسیبین– دا .

ئەو بەلگەش پارێزراوە لەبەڵگەنامەکانی دەسەلاتی عوسمانیدا
لەشاری ئەستەمبوڵ لە ژێر ژمارە /HH/٥٢٤٨٧.

١٨٣٧/٨/٨ هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێرشی کردە سەر ناوچەی بۆتان لە رۆژهەلاتی کوردستان ، لە ئەنجامدا هێزە چەکدارە کوردەکان توانیان بەرگری لە خۆیان و بوونیان و ناوچەکەیان بکەن و نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی تورکی عوسمانی بکووژن و بریندار بکەن و هێرشەکەیان تێك بشکێنن و پاشەکشە بەهێزەکانی سووپای عوسمانی بکەن لە هەرێمەکەدا .

١٨٣٨

١٨٣٨/٥/١٣ لە دوای بەرگریەکی زۆرو خۆڕاگریەکی بەردەوام بەرامبەر بە هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەر خاکی کوردستان . کە لە ئەنجام بووە هۆی سووتاندنی قەڵای سەید بەگ لەلایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی لە هەرێمەکەدا .

١٨٣٨/٦/١٤ بەریتانیەکان بەتایبەتی حکوومەتی شانشینی بەریتانیا و لەو ناوەندەش – شافتسیری –بلمرستۆن– و سێ خاڵی گرنگیان ڕاگەیاندا ، لە پێناو بەهێز کردنی جێپێگەی خۆیان لە ڕۆژ هەڵاتی ناویندا...ئەویش:–

١– دەرکردنی دامەزرێنەری وولاتی میسر لە نژاد کورد محەمەد عەلی پاشا لە هەرێمی شام ، ئەویش لەپێناو کردنەوەی چوار گۆشەی نێوان وولاتی میسرو شام .

٢– گەمارۆدانی محەمەد عەلی پاشا لەناووەوەی سنووری وولاتی میسر لە دوواوەی بیابانی سیناوگۆڕینی بیابانی سینا بۆ – جۆرێك لەدەرخۆنەی فلینە– . بەپێووەدانی تەنگەبەری شوشەی میسریدا کە بەندە بە – کەندی نیل– کە ئەمەش لە ووتاری – ڕۆتشیلد– هاتبوو... کە ئاراستەی – بلمرستۆن– کراوە لە٢١ /١٨٣٩/٥ دا .

٣– کردنەوەی دەرگاکانی هەرێمی فەلەستین بە کۆچپێکردنی یهودییەکان – جوولەکەکان – بۆ هەرێمی فەلەستین و هاندانیان بەدروست کردنی تۆرێك لەژێر دەستەیی نیشتەجێکردن . کە ئەمەش لە ئامانجی – بلمرستۆن– دا بوو ، بەپشتگیری لێکردن لەلایەن – لۆرد ولینجتۆن– سەرکردەی سووپای بەریتانیا لەقاهیرەو ناپلیۆن لە – واترلو– ... کە زۆر لەراپۆرتەکان و لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا ، ئەوە دوویات دەکاتەوە ، کە – ولینجتۆن– خاوەنی تیئۆری ڕووبەڕووبوونەوەی محەمەد عەلی پاشا بووە بە سێ قۆناغ ئەویش:– یەکەم :– دەرکردنی لە شام . دووەم:– گەمارۆدانی لەمیسر. سێیەم :– دروستکردنی پەرژینی دوورە پەرێزی لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا .

١٨٣٨/١١/٢٧ لە دایك بوونی – یونس بێجان – عازری لە شاری خووسراوای وولاتی ئیران ، ئەم مرۆڤە خاوەنی بە دەیان کتێبی بەنرخ و چابخانە بووە لە پێناو پەرە

پێدان و ڕۆشنبیرکردنی گەلانی ئێران .

١٨٣٩

١٨٣٩/١/١٧ زانای ناوداری فەرەنسا – دگۆر– لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ ئەکادیمیەکان ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، باسی لەداهێنانەکانی بواری وێنەگرتن دەکات ، لەپێناو پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی لە هەموو بواری وێنەی هەمەجۆر لە جیهاندا .

١٨٣٩/١/٢٥ زانای بە ناوبانگی بەریتانی– ویلیام هندر تالیوت – پیشانگایەکی فۆتۆگرافی خۆی لە کتێبخانەی شانشین لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کردەوەو بووە جێگەی سەرسوورمانی بینەران لە وڵاتەکەدا .

١٨٣٩/٢/٢ زاناو ڕووناکبیر ناوداری جیهانی لە سویسرا – فریدریك هێیەر– توانی لە سەر پەڕ وێنەی دەست کەوێ بە هۆی کامێرای ئەیسکۆپ کە خۆی بیرۆکەی کارەکەی ئەنجامدا .

١٨٣٩/٣/١٧ سەرکردەی دەسەڵاتی عوسمانی حافز پاشا سەرکردایەتی سووپایەکی بە هێزی کرد ، لە ناوچەکانی ئەرمینیاو سیواس لە باکووری کوردستان ، بەرەو ناوچەکانی شام هەنگاویناو لەگەڵ ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای مسر چاویان بەیەك کەوت لە شاری – نزیب– ی ڕۆژ ئاوای زێی فورات ، کە ٢٥ کیلۆمەتر لە سنووری سووریای ئێستا دوورە ، کە ئەویش بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی حافز پاشا لە دوای شەڕێکی دژوارو لە ئاکام هێزەکانی سووپای عوسمانی شکستیان هێناو پاشەکشەیان کرد لە ناوچەکەدا ، ئەویش بەجێهێشتنی چەك و تەقەمەنی لە گۆڕەپانی شەڕدا . هەروا هێزەکانی سووپای ئیبراهیم پاشا توانیان ١٦٦ تۆپ و ٢٠هەزار چەك دەست بەسەردابگرن ، کە لەو کات لەناو سووپای عوسمانی سەرکردیەکی ئەڵمانی بەناوی – فۆن مولتکە– سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد بەیارمەتی دانی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەناوچەکەدا .

١٨٣٩/٣/١٧ لە ئەنجامی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای ئەفگانستانی ئیسلامی و هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، لە ئاکامدا هێزەکانی سووپای ئەفگانستان سەرکەووتنیان بە دەست هێنا ، کە شەڕەکە لە بنەڕەتدا لە نێوان ئاینەکانی

ئیسلامو مەسیحیەکاندا بوو لە وولاتەکە ، کە ئەم شەڕەش چوار ساڵی خایاند بەیارمەتی دانی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەو هەرێمەدا.

١٨٣٩/٣/٢٠ زانای بەناوبانگی فەرەنسی - ئیپۆلین بریاد- لە دوای هەوڵە بەردەوامەکانی توانی وێنەی نێگەتیڤی دەستکەوێ ، کە خزمەتێکی زۆری بەپەرە پێدانی وێنەگرتندا بدات لەفەرنساو دوایی هەنگاوینا بەرەو وولاتانی جیهان .

١٨٣٩/٤/٢١ هێزەکانی سووپای عوسمانی لە زێی دیجلە و فورات لە باکووری کوردستان پەڕینەووەو خاکی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووپاو دەسەڵاتی محەمەد علی پاشای والی میسریان داگیرکرد ، . کە ئەنجامی بووە شەڕیکی دژوواری خووێناوی ، کە ناسرابوو بە شەڕی دووەم لە نێوان دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای میسڕ بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا سەرکەووتنیان بە دەست هێنا لە هەرێمەکەدا .

١٨٣٩/٦/٢٤ هەڵگرسانی شەڕی نەسیبین لە نێوان هێزەکانی سووپای عوسمانی و هێزەکانی سووپای میسڕ ، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای عوسمانی تێکشکێنران‌و بووە هۆی کشانەوەی پاپۆرە جەنگیەکانی عوسمانی بۆکەنارەکانی میسڕ، لە و کاتەشدا محەمەد عەلی پاشا ماوەی بەهێزەکانی نەدا لە چیای تۆرۆس بپەڕنەووە .

هەر لەو کات دەسەڵاتی عوسمانی داوای مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی ئاشتی لەگەڵ محەمەد عەلی پاشا کرد ، بەمەرجێ دان بە دەسەڵاتی بنەماڵەی محەمەد

عەلی پاشا بنێ لەسەر میسرو فەڵەستین و سووریای ئێستا .
ئــەویش بــە ناچــار بــوونی ســوڵتان عەبدولحەمیــدو وەزیرەکــان بــەجێ بــەجێکردنی داوا کــە ... ئــەویش بەهۆی هــەڵاتنی سووپایەکەیان ولە هــەمان کــات بــەهۆی مردنــی ســوڵتان و هــاتنی مــەحمودی دووەم لــە ناکــاوی و ناچاربوونیان بەمۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە لە نێوان هەردوو لایاندا .

١٨٣٩/٧/١ کۆچــی دوایــی ســوڵتان عوسمــان مــەحمودی دووەم ، بــە هــۆی چــەندین نەخۆشی، دوای خۆی کوڕەکەی عەبدولمەجید جێگەی گرتەوە بەسوڵتانی عوسمانی ، کە حەزی لە گۆڕانکاری سەردەمی دەکردو داوای لە ڕەشید پاشا کرد بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ ، کە ئەوکات بالوێزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، لــە شــاری لەنــدەنی پایتــەختی بەریتانیا و کردیــە ســەرەك وەزیرانــی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیکان .

١٨٣٩/٧/٢ لە دوای سوڵتانی عوسمانی سوڵتان مەحمودخانی دووەم ، کە لە تەمەنی ٥٤ ســاڵیدا کۆچــی دوایــی کــردوو مــاوەی ٣١ ســاڵ دەســەڵاتداربووە ، لــە دوای خۆی کوڕەکەی عەبدولمەجید خان جێگەی گرتەوە.
شایانی باسە کە دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی دەسەڵاتی ئیمراتۆریەتی عوسمــانی لــە ســەرەتای دامەزرانــدنیان تــاکوو کۆتــایی هاتنیــان لەجــەنگی یەکەمی جیهان ، لە ناو چەند بنەماڵەیەکی براو برازاو کوڕو باوك خوولایتەوە ، وەك بنە ماڵە لە دەسەڵاتەکانیاندا .

١٨٣٩/١٠/١٩ لەدایك بوونی ڕووناکبیرو پێشەنگی نوێ خوازی – پۆل سیزار– لە گووندی – ئیکس ئاوبرۆفانس– لە فەرەنسا.

١٨٣٩/١١/٣ دەرچــوونی – یاســای خــەتی شــەریفی... گوڵخانــە– لەلایــەن دەســەڵاتی ئیمپراتۆریــەتی عوســمــانی ، لــە پێنــاو چارەســەرکردنی کێــشەی زەوی کــشتووکاڵی و چاکــسازی کــردن . کــە بەشــێکی زۆر لــە زەوی خــاکی کوردستانی لــە خــۆدەگرت ، ئــەویش لــەپێناو بــەتورك کــردن و داگیر کردنــی خاکی کوردستان .

١٨٣٩/١١/٢١ یەکەم شاند لە ژێر دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا لە میسر ، کە پێك هــاتبوون لەحــەوت کەسایەتی ئایینی لە پێنــاو چوونیان بــۆ شــاری ئەســتەمبوڵ بــە مەبەســتی یارمــەتی دان لــە بــواری فێرکــردن ، ئــەویش لــە پێنــاو کردنــەوەی

خانووی هەتیوان و پۆلەکانی خوێندن ... واتە کردنەوەی قوتابخانە لە سەر خەرجی دەسەڵاتی میسر ، کە لەو کات ژمارەی قوتابیان دەگەیشتە ٢٥٠ قوتابی لەشارەکەدا .

١٨٤٠

١٨٤٠/٣/٥ لە دوای هەرەس هێنان و سەرنەکەوتنی چاوپێکەوتن لەگفتووگۆی نێوان لایەنەکانی عوسمانی لە گەڵ فەرەنساو بەریتانیاو لەلایەکی دیکە لە گەڵ دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گرێدانی کۆنگرەی بە سەرکەووتن ، لە کشانەوەی فەرەنساو هەوڵی ڕیکەووتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشا ، لە هەمان کات هاندانی دان بەرەتکردنەوەی داواکانی بەریتانیا.

کە ڕێکەووتنەکە لە سەر چوار خاڵ مۆرکرا بوو، ئەویش:- لە بەرژەووەندی دەسەڵاتی عوسمانی و بەریتانیاو فەرەنسا بوو، نەك لە بەرژەووەندی محەمەد عەلی پاشا ، کە ئەویش بەپێی بەرژەووەندی هەریەکەیان بەرامبەر گەمارۆدانی هەوڵەکانی محەمەد عەلی پاشاو نیازەکانی لە کیشووەری ئاسیادا .

١٨٤٠/٥/٧ لە دایك بوونی زاناو ڕووناکبیرو هونەرمەندی ڕووسی و جیهانی پیتەرئیلیش – مایکۆفسکی– لە شاری ڤودکنسکی سەر بەشاری پترۆسبۆرگی پایتەختی ئەو سای ڕووسیای قەیسەری ، کە خاوەنی سیمفۆنیای مێژوویەو بۆتە کەلتوورێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلانی ڕووسیا و جیهان .

١٨٤٠/٦/٨ لە دوای تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر شەڕی – تزیب– لەنێوان پێك هاتە ئایینی ونەتەوەیەکان لە لوبنان ، ژمارەیەکی زۆر لە شێخەکانی

دروزومەسـیحی و مەزهـەب شـیعەو سـوننە لـە گونـدی – ئـەنتلیاس– کـە دەکەوێتـە سـەر کـەناری دەریـای باکووری شـاری بـەیروت ، بە ئەنجامـدانی کۆبوونەوە لە گۆڕستانی – قەدیس – کە تـەنیا گـۆرێکی پیرۆزو هـەموو پێك هاتەکانی لوبنان سەردانیان دەکەن.. لەوکۆبونـەوە هـەموویان پەیمانیانـدا ، لـەپێناو هاوکـاری و هەماهەنگی ویـەکگرتن لـەپێناو راپـەڕینی گـشتی دژی دەسەلاتی میسر بە پەیمانی بەردەوامی تێکۆشانیان ، تا بەدەست هێنـانی سەر بەخویی لوبنان یان مردن لە وولاتەکەدا .

هـەروا لـە کۆتـایی کۆبوونەوەکـە – فرنـسیس ئـەلخازن– یـان بـە سـەرۆکی خۆیـان هەڵبـژارد... شـایانی باسـە کـە ئـەو شـەڕەش لەبـەیانی رۆژی ١٨٩٣/٦/٢٤ بـەرپابوو لـە نێـوان پێك هاتـە نەتـەوەیی و ئاینیـەکان لـە گـەل هێزەکـانی سـووپای میـسر ، بـەفیتی بـەریتانیاو فەرەنـسا لـەپێناو سـود وەرگرتن و خۆ زاڵکردن بە سەر وولاتەکەدا لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

١٨٤٠/٦/١٥ مــۆرکردنی پــەیمانی لەنــدەن لــە نێــوان بــەریتانیاو نەمــساو بڕووسیاوئیمپراتۆریەتی عوسمـانی ، بە دانـنان بە دەسـەڵاتی محەمـەد عـەلی پاشـا ، لەسـەر میـسڕ وەك شانـشین . هـەروا لەسـەر فەلەسـتین و شـام هـەتا هەتایە ، بە مەرجێ محەمەد عەلی پاشا دان بە دەسەڵاتی بالاّی عوسمانی بنێ لەسەر ناوچەکەدا .

شـایانی باسـە کـە چـەندین جـار پـەیمان و رێکەووتنامـەی لـەو جـۆرە لـە نێوانیانـدا مۆرکرابـوون ، بـەلاّم بـە هـۆی دەسـت تێـووەردان هەڵدەوەشـایەوە بەپێی بەرژەووەنـدی هەمەلایەنـەی وولاّتـانی ئـەوروپا ، لـە بـوونی تـرسی دوا ڕۆژیـان لـە لێهاتوویی بنەماڵەی محەمـەد عـەلی پاشـا ، ناسـراو بـە– بنەماڵـەی خدێوی– کە لە نژادا کوردبوون.

١٨٤٠/٧/١٥ مـۆرکردنی محەمـەد عـەلی پاشـا ، لـە سـەر پـەیمانی لەنـدەن بـە هـۆی بـاری بارووودۆخەکەو کەم کردنـەوەی هێزەکـانی سـووپا بـوو. لـە شـام و فەلەسـتین ، ئـەویش بەکشاندنەوەی هێزەکانی سووپا بۆمیـسڕ، کـە لـەو کاتـەدا ئیبراهیم پاشـای کـوڕی سـەرکردایەتی و دەسـەلاّتی ناوچـەکەی هەڵدەسـوڕاند لـە هەرێمەکەدا .

١٨٤٠/٩/١٧ مۆرکردنی ڕێکەووتنامە لە نێوان بەریتانیاو برووسیاو ڕووسیا لەلایەك لە گەڵ ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ، لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی– لیفانت – و لە هەمان کات ماوەدان بە محەمەد عەلی پاشا لەلایەن سوڵتانی عوسمانی ، لەبەڕێووەبردنی کاروباری دەسەلاّتی میسر ، و ناوزەند بوونی تا مردن بە پاشای عەکای هەرێمی شام ، کە شام ئەوکات بریتی بوو لە سووریاو فەلەستین و ئوردنی ئێستا لە ناوچەکەدا .

١٨٤٠/٩/٢١ لە دایك بوونی سوڵتان موڕادخانی پێنجەمی کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی سوڵتانی عوسمانی لە شاری ئەستەمبوڵ .

١٨٤٠/١١/١ لەدایك بوونی پەیکەرتاش ونیگار کێشی ناوداری فەڕەنسا – ئۆگێست جان ڕۆدانی– لە شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسا.

١٨٤٠/١٢/ نامەی دووەمی – بلمرستۆن– بۆ باڵیۆزی بەریتانیا لەئەستەمبوڵی تورکیا کە دەنوسێ:– ئەویش بە رازی کردنی سوڵتانی عوسمانی و لایەنگیرانی و سوڵتان بەخۆی ، کە محەمەد عەلی پاشا دووبارە هەوڵدەدات ، گەر ماوەی هەبێ بگەڕێتەوە هەرێمی شام ، بە دامەزراندنی خەلاّفەتی نوێ رادەگەیەنێ ، ئەویش بەلاسایی کردنەوەی خەلاّفەتی ئەمەویەکان.
هەروا داوا لە عەرەب دەکات بەدامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی گەورە لەپێناو کۆکردنەوەیان بە هاوسەنگی لە ڕۆژهەلاّتی خواروی دەریای سپی . کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەسەلاّتی عوسمانی و ڕەش کردنەوەی ئاسەواری تورك وەك ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتدا .
ئەمەش لەسەر سوڵتان ئەرکە ، کە گەمارۆی محەمەد عەلی پاسا بدات و دووری بخاتەوە لە هەرێمەکە . لە بەرئەوەی محەمەد عەلی پاسا ئاواتی بەرەو دەریای سوورو هەرێمی عەدەن بوو بۆ بەهێزکردنی دەسەلاّتەکە بە هاوکاری لایەنگرەکانی لە ناوچەو هەرێمەکانا ... هەروەها لەناو نامەکە دەڵێ:–
ئینگلیز ئامادەیە دەستی یارمەتی بۆ سوڵتانی عوسمانی و لایەنگرانی درێژ بکات ، بەتایبەتی بە جێ بەجێکردنی پرۆژەی دروست کردنی ژێر دەستەی جێنشین کردنی یهودیەکان لە فەلەستین و یارمەتیدانیان ، کە ئەم کارەش

دەبێتە هۆکاری دوور خستنەوەی محەمەد عەلی پاشا لە هەڕەشە کردن لە دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەو هەرێمەکاندا .

١٨٤١

١٨٤١/٢/٢٣ هەڵووەشاندەوەی پەیمانی بەرگری سەربازی -خوونکار ئیسکلەسی- لە نێوان ڕووسیای قەیسەری‌و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، لە ئەویش ڕێگەی داکۆکی کردنی بەردەوامی دبلۆماسیەتی بەریتانیاو فەڕەنسا.
کە بەند بووە بە تێپەڕ بوونی کەشتیەکانی ڕووسیای قەیسەری لە تەنگە بەرەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ، لەوکاتەش بەبێ چاودێری بوون ، کە فەڕەنساو بەریتانیا توانیان ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئەنجام بدەن هەتا لەگەڵ ڕووسیاش بەمانەوەی داخستنی ، تەنگە بەرەکان - مزیق- بەرامبەر بەهەموو وڵاتان بەبێ جیاوازی بەمۆرکردنی پەیمانی ناوزەندکراو بەناوی پەیمانی -تەنگە بەرەکان- لە ناوچەو هەرێمەکان لە جیهاندا .

١٨٤١/٢/٢٥ لە دایک بوونی وێنە کێشی فەڕەنسی بەناوبانگ - ئۆگست ڕینوار- لە شاری لیموکی باشووری فەڕەنسا.

١٨٤١/٦/١ لە فەرمانێکی سوڵتانی عوسمانی ، کە ماوەی ١٠دە ڕۆژی بە پاشای میسر محەمەد عەلی پاشا دا ، بۆ ڕەزامەندیکردن لە سەر فەرمانی سوڵتان . لەبارەی مەرجەکانی دەسەڵات پێدراوی محەمەد عەلی پاشا لەسەر میسر بەخۆیی بنەماڵەکەی بەبێ سنووری دیاریکراوی مێژوویی لە لایەن سوڵتانی عوسملنیەکان .

١٨٤٢



١٨٤٢/٣/١٨ نووسـەر و شاعیری فەرەنسی – ستیڤان تۆمافلۆران مالارمێ – لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنـسا چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە . لـە تەمـەنی پێـنج سـاڵیدا دایکـی کۆچـی دوایـی دەکات .

بەڵام بەر لەوەی تووشی نا لە بـاری ژیـان بێـت ، بـاوکی بـەرگری لێـدەکات و بەشـێوەیەکی رێـک وپێـک لەقوتابخانەو ماڵەوە چاودێری باشی دەکات و هەوڵی فێرکردنی دەدا . جێگەی ئاماژە پێکردنە کە تاکوو ئێستا لە فەرنسا چەندین رێچکەی شیعری سەریان هەڵداوە ..

بەڵام رێچکەی ستیڤان زۆر کاریگەرە ، کە رووخسارێکی بەرچاوی شاعیرانی فەرەنساو ئەورووپادا ، هەر دیارەو وونبوونی بۆ نیە. لە بەر پەیوەندی باشی لەگەڵ بنەماڵەی دبوای بەناوبانگ هەبوو ... کە ئەم بنەماڵەیە دوای هاتنە سەر دەسەلاتی – لویس پۆناپارت – و دروستبوونی کۆماری دووەمـی فەرەنـسا لە ساڵی ١٨٤٨ .

لـە فەرنـسا پلـەو پایـەیان بەرزدەبێتـەوە بەمـەش کارەکـانی بـاوکی مـالارمێ مەیسەر دەبێت لەهەموو بوارەکاندا ، بەڵام دوای ئەوەی کە تەمەنی مـالارمێ دەگاتە ٩ ساڵان باوکیشی کۆچی دوایی دەکات و لەلایەن باپیری ژیان بەسـەر دەبات لەگەڵ هەموو نالەباریەك ... گەرچی هـەر لـە تەمـەنی منالّیـەوە بلیمـەتی لێبـەدەر دەکـەوێت و لـە سـاڵی ١٨٥٤ دارێـژتنێکی جـوان دەونووسـێت . لـە ساڵی ١٨٥٨ وەك لاسایی کردنەوە – فریشتەی پاسەوان – ی شیللەر بابەتێك بەناوی ئەوەی کە سێ لەق لەقەکە گوویتان – دەنووسێت .

دوای ئەوە دەست دەکا بە نووسینی شیعر کە دوای مردنی باوکی خۆی
بەناوی – لە نێوان چوار دیواردا – بۆی بڵاودەکرێتەوە ... دوای ئەوە لەساڵی
١٨٦٠ پەیوەندی بەدیسمۆلین دەکات ، کە پیاوێکی توانادار بوو وبایەخی
پێدەدات لەنزیك قرساش نیشتەجێ دەکات ... لەساڵی ١٨٧١
تووێژینەوەیەکی کاریگەر بۆ یادی بودلێر دەنووسێت ، لەساڵی ١٨٧٣ شر
دیوانی – ئیگیتۆر – بڵاودەکاتەوە .
ئەم نووسەرەو شاعیرە لەماوەی ژیانیدا بەردەوام دەبێت لە نووسین سەرەرای
نا لە باری باری ژیان و کردنی ئەم لاو ئەو لا تاکوو لە ١٨٩٨/٩/٨ کۆچی
دوایی بە ماڵئاوایی لە وڵات و شیعردۆستان دەکات لەووڵاتەکەیدا .
سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بە دەوی
– بەرگی /٢ .

١٨٤٢/٨/٢٨ هێزە دەریایەکانی سووپای بەریتانیا ، لە هێرشێکی بەرفراوان توانیان
شاری – کانتۆنی – چینی داگیر بکەن ،، واتە چینی مللی ئێستا ،، لە
هەمان کاتدا سووپای پیادەی توانی شاری – شەنگهای – داگیر بکات ، کە
بەندەری شەنگەهای بەندەرێکی گرنگ بوو لە بەندەرەکانی چیندا .
بەلام بەریتانیا گەمارۆی لەسەر کانتۆن هەڵنەگرت و هێزەکانی لە شەنگهای
نەکشاندەوە ، تا دوای مۆرکردنی رێکەووتنامە، کە ناسراوبوو
بەرێکەووتنامەی – نانکین – کە ماوەی چینی دەدا بە هێنانی مادەی بێ
هۆشکەر لە بەندەرەکانی کانتۆن و ئامۆی و فوزهۆو شەنگهای و لینگپ
لەهەرێمەکەدا .

١٨٤٢/٩/٢٢ لە دایك بوونی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە رۆڵی
گرنگی هەبوو لە ئازاردان و ئەشکەنجەدان و دەربەدەرکردنی گەلانی ژێر
دەسەلاتەکەی بەتایبەتی گەلی کورد لەسەر خاکی کوردستان لە هەمو
بوارەکاندا .
ئەویش لە پێناو بەتورك کردن ، بەراگوێزانی کورد لەسەر خاکی کوردستا
بەگشتی و باکووری کوردستان بە تایبەتی ، لەلایەك بە ناوی ئایینی ئیسلام
لەلایەکی دیکە بەناوی نەتەوەیی و لەلایەنی سێیەم بەهۆی درندەیی
دەسەلاتەکەیان .

١٨٤٢/١١/١٧ لەدوای دەست بەسەراگرتنی ئیمارەتی سۆران و خۆ بە دەستەوەدانی ئەمیر محەمەد پاشای رواندز ، کە لەوکاتە ناوچەی عەمادیە لە ژێر دەستیدا بووە , لەو کاتەش هەردوو والی بەغدا عەلی رەزاو والی موسل محەمەد ئینجە داوای سنجەقی عەمادیەیان دەکرد ، بە پێی بەڵگەنامەی عوسمانی بەژمارە /٢٢٣٠٥ HH/ لە ساڵی ١٨٣٧ ، وفەرمانی سوڵتان مەحمودی پێچراوکراو بوو ، ئەویش بەدەستگیرکردنی محەمەد پاشا لە دەریای رەش لە نزیك بەندەری سامسۆن ونگرۆیون .

هەروا لە برگەی یەکەمی داواکاری والی بەغدا بەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی محەمەد پاشای رواندزی بوون بەرامبەر رەوانەکردنی یەك ملیۆن قرس بۆ ئەستەمبوڵ ئەویش بەپێی بەڵگەنامەی (M78.1N\A SIRE\DVN.A) کە ئەو بەڵگەنامەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە سنجەقەکانی عەمادیە لە باشووری کوردستان و ماردین لە باکووری کوردستان ناحیەکانی جەزیرەی عمرو بۆتانی بەوویلایەتی موسل لکێنرا.

١٨٤٢/١٢/٩ لە دایك بوونی ئەمیری رووسیاو یەکێك لەسەرکردەکانی فەوزەوی – کروبۆتکین – لە شاری مۆسکۆی رووسای یەکگرتوو ... کاری لەگەڵ دەسەلاتدارانی رووسیای قەیسەری کردووە ... خوێندنی بەزانست دەست پێکردووە ... دوای بوونی بەئەفسەر لەهەرێمی سیبریا دامەزرا . رێکخراوە نیمچە کۆمۆنیستەکان کاردانەوەی لەسەر بیرووبۆچوونی کرد .. دوای ماوەیەك وازی لەخزمەتی سەربازی هێناو دەستی بەخوێندنی ماتماتیك کرد ، لە زانکۆی پترسیورگ و هەروا خوێندنی جووگرافیاشی دەست پێکرد . ئەم زانایە هەڵسا بەراستکردنەوەی نەخشەکانی باکووری ئاسیا لە تووێژینەوەیکی جیۆلۆجی لەفنلەندا و سوید .

لە ساڵی ١٨٧٢ پەیوەندی بەجوولانەوەی کرێکاران لەسویسرا کرد . دوای گەرانەوەی بۆ رووسیا چووە رێزی جوولانەوەی – عدمیین – کەلەو کاتە – ن.ن–تشایکۆفسکی – و کە – سرجیۆس – سەرکردایەتیان دەکرد ... کە لە نێوان دوولابالی لیبرالیەکان و سۆشیالیستەکان کاریان دەکرد ، لەساڵی

١٨٧٤ دەستگیرکرا و دوایی لەبەندیخانە هەڵات و لەساڵی ١٨٧٦ روویکرد
لەندەنی پایتەختی بەریتانیا .
ئـەم زانایـە دژی بیرووبۆچـوونەکانی بـاکۆنین وەسـتا لـەبارەی کـشتووکاڵ
ودابەشی سامان . کە ئەو هەڵگری بیری – لکل إنسان بحسب حاجاته – بوو
ئەویش بەهۆی بوونی بەرهەمی زیاد و بە هۆی پەرەسەندن و پێشکەوتنی
زانـستی و تەکنـەلۆژیا ... دوای ئـەوە لەشـاری ژنێـف گۆڤـاریکی بـەناوی -
یاخیبووەکـان – دەرکـرد لەسـاڵی ١٨٧٩ ، و بـەڵام دوایـی لەسـاڵی ١٨٨١
لەژنێف دەرکرا .
دوای ئـەوە لەسـاڵی ١٨٨٦ بەشـێوەیەکی یـەکجاری لـە شـاری لەنـدەن
پایتـەختی بـەریتانیا جێنـشین بـوو . گۆڤـاریکی دیکـەی بەناوی – ئازادی -
بڵاوکـردەوە... دوای ئەوە لەساڵی ١٨٩٥ چووە ئەمـەریکاو پەیوەنـدی لەگەڵ
فەوزەویە ئەمەریکیەکان کرد . لـە سـاڵی ١٩١٧ گـەراوە رووسـیا و بـەژداری لـ
هیچ حکوومەتێك نەکرد لە دوای رووخاندنی رژێمی قەیسەری لە ١٩١٧/٣/١٥
. ئـەم مرۆڤـە لـەکارەکانی بـەردەوام بـووە تـاکوو لـە ١٩٢١/٢/٢٨ لەناوچـەی
دیمترۆف لەنزیك شاری مۆسکۆ کۆچی دوایی دەکات .
دوای مردنـــی مۆزەخانەیـــەك بـــەناوی – کربـــۆپکن – دەکرێتـــەوە ، بـــەڵا
دەســەڵاتی سـتالین لـە سـاڵی ١٩٣٨ ئـەو مۆزەخانەیـە دادەخـات لـە شـاری
مۆسکۆی سۆڤیەتی جاران لە وڵاتەکەدا .

١٨٤٢/١٢/١٣ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی لـە رۆژی دووەمـی جـەژنی قوربـان توانیـان
گەمارۆی شاری کەربەلای مەڵبەندی مەزهەب شیعەی ئیسلام لە باشووری
ئێستای شاری بەغدا ، بدەن و لە دوای شەڕێکی توند توانیان شارەکە داگیر
بکـەن ، دوای ئـەوە بـووە هـۆی تـاڵان کـردن و سـووتاندن و وێرانکـردن لـە
شارەکەدا .

١٨٤٣

١٨٤٣/٥/١٥ گرێـدانی کـۆنگرەی ئـەرزەرۆم لـە بـاکووری کوردسـتان لـە پێنـاو چارەسەرکردنی گرفتەکان ، کـە نووێنـەری چوار دەووڵـەت بەشداریان تێدا کرد ئەوانیش :-

١- میرزا تەقی خان نووێنەری ئێران . ٢- نووێنـەری دەسەڵاتی عوسمانی ئەنور ئەفەندی . ٣- نووێنەری حکوومەتی بەریتانیا کۆلۆنێل فارانت . ٤- نووێنەری ڕووسیای قەیسەری کۆلۆنیل دانیزدا ... کە کۆنگرە بۆ ماوەی چوار کاتـژمێر. بـەردەوام بـوو، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی ، کـە کێشەکان زیاتر بـەرەو ئـالۆزی تەشـەنەدارتر هـەنگاو بنـێ لـە نێوان بەشـداربووانی کۆنگرەکـە . بـە تایبـەتی لـە بوارەکـانی رامیـاری و ئابووری و سەربازی و بازرگانی لە جیهاندا .

١٨٤٣/١١/١٩ لـە دایـك بـوونی دامەزرێنـەری - النزعـة النقدیـة التجریبیـة - ئـەڤناریس ، لـە شاری براگی پایتـەختی تشیکۆسلۆڤاکیای پێشوو ... لە دوای تـەواوکردنی قۆناخەکانی خووێنـدن چووە زانکۆی لیبتسك ، دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٨٧٦ بەمامۆستا دامـەزراو لەسـاڵی ١٨٧٧ بەشێووەیەکی فـەرمی بـووە مامۆسـتای زانکۆ لە زانکۆی زیورخ .

گـرنگترین دانراوەکـانی - نقـد التجربـة المحـضة - لـەدوو بەرگـدا لـەنێوان سـاڵەکانی ١٨٨٨-١٨٩٠ ... لـەم دانراوەیـدا دژی بیروبۆچـوونەکانی دامەزرێنەری یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو - لینین - وەستا . ئەم فەیلەسوفە لە ١٨٩٦/٨/١٨ کۆچی دوایی کردوە .

١٨٤٤

١٨٤٤/١/٢٢ پێکهێنـانی مەزهـەبی بەهائیـەکان ، لە ژێـر چاوودێری ڕووسیای قەیسەریو جوولەکەکانی لە جیهانو بەریتانیا ، لە پێنـاو بۆ گـەنکردنی بڕووای ئاینی ئیسلامو لێکترازانـدنی ئـەو یەکیەتیـەی کـە لـە ئەنجامـدانی ڕێوورەسمـەکانی ئایینی ئەنجامیاندەدا ، بە دوورخستنەوەیان لە بڕووا بنەڕەتیەکان بە بیروو

بۆ چوونی هەڵوویستی ، بە بەهائیەکان کە لەلایەن بەهامەهدیە پێکهاتبوو ، کە داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد لە جیهانی ئیسلام دا .

١٨٤٤/٢/٢٧ وولاتــی دۆمــەنیکان لــە دوای چــەندین جــار لــە داگیرکـــــردن لەلایــــەن هێزەکـــانی ســــووپای ئیـسپانیاو هایتیـەکان ، کە دواجار وولاتەکەیان ڕزگـــــــــــارکرد، بەدامەزرانـدنی کۆمـاری دۆمــــــــــەنیکان

بەســەرکردایەتی – بدرۆســانتانا– کــە بــووە یەکــەم ســەرۆکی وڵاتەکــە لــە کێشووەرەکەدا .

هــەروا ئێـستا نـاوی پایتەختەکــەی –ڕۆزۆ– یــە و ژمـارەی دانیــشتووانەکەی ١٧,٦٥٠ هــەزار کەســە . هــەروا ژمـارەی دانیــشتووانی وولاتەکــەی ٦٥,٨٦٥ هــەزار کەسە . هــەروا رووبــەری وولاتەکــەی ،٨٥١ کیلـۆ مــەتر چـوار گۆشــەیە . هــەروا چــڕی دانیشتوانی ، ٢٢٧ کــەس لــە یــەك میــل چـوار گۆشــەدا . هــەروا نــژادەکانی ، زۆربــەی دانیــشتوانەکەی لــە ئەفەریکیەکانــەو لــە هــەمان کـات هاوولاتی کاریبیشی تیایە . لە وولاتەکەدا .

١٨٤٤/٧/٢٧ کۆچــی دوایــی زانـای گەردیلــە – الــذرة – ی بــەریتانی–جـۆن هـالتۆن– لــە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

١٨٤٦

١٨٤٦/١/٥ لــە دایــك بــوونی فەیلەسـوفی ئــەلمانی – رودلــف ئـویکن – لــە ئـۆرش – لــە – فریزلنــدی ڕۆژهــەڵات – خوێنــدنی لــەزانکۆی گیتــنگن تــەواوکردووە لەســەر دەستی تیشملر . بروانامەی دکتۆرای یەکەمی لە فیلۆلوجیاو مێژووی کۆن بەدەسـت هێنـاوە ... وانــەی لەقوتابخانـە ناوەندیـەکان گووتۆتــەوەو لــە سـاڵی ١٨٦٧ تا ١٨٧١ لە هۆسۆم و شاری بەرلین و فرانکفۆرت ... لەساڵی ١٨٧٦

بووەتە مامۆستای فەلسەفە لەشاری بازلی سویسرا .
دوای ئەوە گوواستراوەتەوە بۆ زانکۆی بیتا لە ساڵی ١٨٧٤ ... دوای خانەنشین کردنی لە ساڵی ١٩٢٠ دەستی بەوانە وتنەوە کردیە ... لەساڵی ١٩٠٨ پاداشتی نۆبڵی لەئاداب بەدەست هێناوە ، ئەم فەیلەسوفە چەندین دانراوی بەپێزی بەرهەم هێناوە وەك : -
مێژووی زاراوەی فەلسەفە و ناوەرۆکی راستەقینەی ئاین و کێشە سەرەکیەکانی فەلسەفەی ئاینی، لە گەڵ چەندین بەرهەمی دیکەو بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٢٩/٩/١٦ کۆچی دوایی کردووە لەبیتای ئەلمانیا.
سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣ .

١٨٤٦/٦/١٢ لە پێناو بە دەست هێنانی زانیاری . دوو میسیۆنێری ئەمەریکی بەناوی - رایس ، و، پرێس- سەردانی میر بەدرخانیان کرد کە نزیکەی ٢٣ ڕۆژ لە باکووری کوردستان مانەوە ، لە ناوچەی- دێرگوڵ- لە بارەی باری کوردو خاکی کوردستان و کێشە ڕووبەڕووبوونەوەکانیان ، لە نێوان ڕامیاریەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و گەلی کوردستان ، بە لە کارلێکردنی ڕامیاریەتی وولاتانی فەرەنساو بەریتایناو ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی فارسی لە کوردستان.



١٨٤٦/١٠/٦ لە دایك بوونی یەکەمین داهێنەری پیشەسازی کارەبا لە شاری - سێنتول بریج - ی شاری نیورۆکی ئەمەریکی - جۆرج وویستینگهاوس - بیزنیسمان ، کە ئەندازیارێکی ئەمەریکیەو بە داهێنەری ئێربرێکەری هێڵی شەمەندەفەر و ڕۆتۆری ئامێری هەڵمی و پیشەسازی کارەبا و دامەزرێنەری سیستەمی ووزەی

کارەبا دادەنرێت .
جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە جۆرج لە تەمەنی منداڵیدا لە کارگەکەی باوکیدا خەریکی دروستکردنی ئامێرەکانی کشتووکاڵ بوو و لە هەمان کات کاری دەکرد ... ئەمەش بووە هۆی ڕاکێشانی تەواوی سەرنجی جۆرج بەلای ماکینەو ئامێرەکاندا ، هەروا لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا لە تەمەنی شانزە ساڵی جۆرج پەیوەندی بەهێزی دەریاوانی سەربازی کرد ، لەکاتی جەنگەکەدا لە هەردوو بەشی سوپا و دەریاوانیدا کاری دەکرد ، دوای ٣ ساڵ لە خزمەتی سوپا ، کاتێك جەنگ کۆتایی هات لە ساڵی ١٨٦٥ دا، و لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا یەکەمین داهێنانی خۆی ، کە ڕۆتۆری ئامێری هەڵمی بوو ، لەساڵی ١٨٦٧ دا لەگەڵ مارگریناێرسکین والتەر – خێزانی پێکهێنا .
دوای ئەوە لە داهێنانە هەرە گرنگەکانی کە لە ساڵی ١٨٦٩ دا هێنایە ئاراوە ؛ دانانی ئیربرێکەر بوو بۆ شەمەندەفەر و فارگۆنەکان ... ئەمەش وایکرد کە بتوانرێت شەمەندەفەرەکان بە خێرایی بووەستێنرێن و بە ڕادەیەکی بەرچاویش سەلامەتی دەستەبەربکەن ، لە ساڵی ١٨٨١ سیگنالی ئۆتۆماتیکی کارەبایی Automatic electric block signa
وا پەرەپێدا کە توانی سەلامەتیەکی بەرچاو لە بواری سیستەمی هێڵی شەمەندەفەردا جێگیربکات ، هەروا ئەم ئامێرەش بە جۆرێکی گەورە چووستی هێڵی گوواستنەوەی زیاد کردوو ڕووداوی تێکشکانی شەمەندەفەری کەمکردەوە .
هەروا جۆرج ڕێگەیەکی گرنگتری بۆ ئاسانکاری گوواستنەوەی گازی سرووشتی بۆماڵەکان و هەروا بەکارهێنانی بۆ مەبەستی گەرمکردنەوە و ڕووناکردنەوە دۆزیەوە ... هەروا جۆرج توانی سامانی داهێنانەکانی لە بواری بازرگانی و وەبەرهێناندا بەکاربردوو لەماوەی چەند ساڵێك توانی سامانێکی باش پێکەوەنێت و لە ساڵی ١٨٨٦ دا کۆمپانیایەکی ویستینگهاوسی کارەبایی بۆ پەرەپێدانی ووزەو ئامێری کارەبایی دامەزراند .
دوای ئەوە ویستینگهاوس مافی داهێنانەکانی ماتۆری AC و داینەمۆی لەنیکولاتێسلا کڕی و لەویشدا تێسلای وەك شارەزایەك بۆ پەرەپێدانی ئەو ئامێرانەی کە لە سیستەمی تۆڕی ووزەی کارەبادا بەکاردێن لە کۆمپانیاکەید

بەکرێ گرت .

هەر لەوکاتەدا گەورەترین کێبرکێی ویستینگهاوس ، تۆماس ئەدیسۆن و کۆمپانیاکەی Generalelectric بوو ، کە سەر قاڵی کارەبایی Dc بوو ، جۆرج تووانی لە ساڵی ١٨٩٣ دا سیستەمی کارەبایی ڕووناکی بۆ پێشانگای شیکاگۆ دامەزرێنێت و لەهەمان ساڵدا بەڵێندەرایەتیەك بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لە تاڤگەکانی نیگارا بەدەست بهێنێت .

هەروا لەساڵی ١٨٩٥ مووەلیدەکانی نیگارا تووانی ووزەی کارەبا بۆ دووری ٢٠ میل بۆ ناوچەی باڤالۆ بنێرێت ، تا لە ساڵی ١٩٠٧ یش ویستینگهاوس وەك کاپتنی پیشەسازی ئەمەریکی بوو .

بەڵام دوای ئەو هەموو کارانە تووشی شکستی دارایی هات و لە ئەنجام ناچار بوو واز لە کۆمپانیاکەی بێنێ و لەساڵی ١٩١١ بەدواوە نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنی ، تاکوو لە ساڵی ١٩١٤/٣/١٢ لە شاری نیورۆك ماڵئاوایی لە وولاتەکەی دەکا لە ئەمەریکادا .

١٨٤٦/١٠/٢٧ دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، داوای لە نووێنەری باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ کرد ، کە حکوومەتی عوسمانی نیازی تەواوی هەیە ، کە دەسەلاتی ئەمیر بەدرخانی کوردی لە باکووری کوردستان لەناو ببات بەهێزی سووپا.

بەڵام سرووشتیەتی خاكو هەلکەووتەی کوردستان ، لە باری کەش و هەواو کەسی و بوونی ٦٠,٠٠٠ شەست هەزار چەکداری کورد لە ژێر سەرکردایەتی ئەمیر بەدرخان وایکرد ، کە دەسەلاتی عوسمانی ناچار بکات . لە دوواخستنی هێرشەکەی بۆسەر کوردستان.

لە هەمان کات سەرەك وەزیرانی دەسەلاتی عوسمانی ئاگاداری نووێنەری بەریتانیای کرد ، کە نازم ئەفەندی ئەحمەدی ناردووە بۆلای ئەمیر بەدرخان بەراگرتنی شەڕەکە لە ناوچە جیاجیاکانی باکووری کوردستان.

١٨٤٧

١٨٤٧/٢/٢٨ لە دەستووری ڕووسیای قەیسەریدا هاتووە ، کە کاووربااری بەڕێووەبەرایەتی تەواوی هۆزو خێلە کوردەکانی ئازربایجان – جگە لە کوردە

ئێزیـدەکان– خراوەتـە ئەسـتۆی سـەرۆکی هـۆزی – رازێکـی ،رادیکـی– کـە جەعفەر ئاغا لە نازناوی عێل بەگ بووە.

شایانی باسـە گـەر بگەڕێینـەوە بۆ سـەر ژمێری سـاڵی ١٨٩٧ دانیـشتووی کوردو نەتـەوەکانی دیکە بەم شێووەیە بووە... ژمارەی کـورد – ٩٩,٩٠٠ – هـەزار کـەس بـووە ... ژمـارەی ئازەربایجانـەکان – ٧٣ر٤٠٠– هـەزار کـەس بووە... چەرکەسـەکان – ٨٣ر٦٠٠– هـەزار کـەس بووە... ئینگلۆشیـەکان – ٤٧ر٤٠٠ – هـەزار کـەس بـووە، کۆمیـەکان– ٨٣ر٦٠٠– هـەزار کـەس بـووە ، قەرەچـایڤیەکان – ٣٧ر٣٠٠ – هـەزار کـەس بـووە ، کـە هـەموویان خـاوەنی قەوارەو دەسەڵاتی خۆیان بوونە ، بەڵام کورد .!...!...؟.

ئـەویش کـە هۆکـاری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرکردە هـۆزو تیرەو میرو دەسـەڵاتدارەکانو سـەرۆکی پـارتو بنەماڵـە کـانی کـورد . بـە پاراسـتنی دەسـەڵاتو پـارەو پـاوانکردنی سـامانی گـەل ، بـە ئاسـانکاری کـردن بـۆ دووژمنانی گەلو نیشتمان .

١٨٤٧/٥/١٩ مـۆرکردنی ڕێکەووتنامـەی ئـەرزەڕۆم لـە نێـوان دەسـەڵاتی ئیمپڕاتۆڕیـەتی عوسمانیو دەووڵەتی سەفەوی فارس ، کە لە ئەنجامدا بووە هـۆی ئـەوەی کە چـەندین ناوچـەی کوردسـتان لـە باکووی کوردسـتان بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی بەرژەووەندی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانیو فارسی داگیرکەری باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

١٨٤٧/٥/٣١ مـۆرکردنی پـەیمان لـە نێـوان بەرپرسـانی داگیرکـەر لـە ئـەرزەڕۆم بـە گەڕاندنـەوەی عەبـدال بـەگ باجـەلان ، لـە دوای سـەرنەکەووتنی لـە شـەڕو ململانێی لەگەڵ محەمەد عەلی میرزا لە هەرێمەکەدا .

١٨٤٧/٦/٢ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی هێرشـی کـردە سـەر مـیر بـەدرخان بـە سەرکردایەتی عوسمان پاشای دووەم ، لە ئەنجام سـەرکەووتنیان بە دەست نەهێنا بە هۆی خۆڕاگریو بەرگری کردن لە بوونی کوردو خـاکی کوردستان لە باکووری کوردستان .

١٨٤٧/٧/١٨ لـە دوای شـەڕیکی خووێنـاوی لـە نێـوان هێزەکـانی سـووپای فەڕەنـساو شۆڕشگێڕانی جەزائیر ، بە سـەرکردایەتی عەبدولقادر جەزائیری لە دوای ١٧ سـاڵ شـەڕ . لـە نێـوان هـەردوو وولات ، جـەزائیر لەلایـەن ئیمپراتۆریـەتی

فەڕەنسا داگیرکرا ، لە ئەنجامی خۆ بە دەستەوەدانی عەبدولقادر جەزائیری ، ئەم وولاتە بەداگیرکردن مایەوە تاکوو بدەست هێنانی سەربەخۆیی جەزائیر لە کێشووەرەکەدا .



۱۸٤۷/۷/۲٦گـەلانی وولاتـی لیبیریا پێـــــشوازی لـــــە سـەربەخۆیی خـۆی کـرد ، ئـــەویش بـــەکۆماری لیبیریـــــای ئـــازاد ، بەدامەزرانـــــــدنی حکوومـــەت لەســـەر شێوازی ئەمەریکی، کە – جۆزیـف رۆبرتـسە – بە یەکەم سەرەك کۆماری ئەو وولاتە تازیەدا هەڵبژێردرا ، کە کەسایەتیەکی ئەمەریکی بوو لە وولاتەکەدا .

هــەروا پایتەختەکـەی نـاوی – مۆنرۆڤیـا – یـە و ، ژمـارەی دانـشتوانی ۱,۰۳٦,۰۰۰ ملیـۆن کەســە . هــەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکــەی ، ۳,۷۰۰,۰۰۰ ملیـۆن کەســە . هــەروا رووبـەری وولاتەکـەی ،۱۱۱,۳۷۰ کیلـۆ مەتر چوار گۆشەیە . هە روا چڕی دانیشتووانەکەی ، ۸۵ کـەس لـە یەك میل چـوار گۆشـەدا . هــەروا نـژادەکانی ، هۆزەکـانی نـاوخۆیی ۹۳٪ . هنـدی ، ئەمەریکی ، لیبیری ٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٨٤٧/١٢/٩ ئافرەتـــــە مێـــــژوونووس و ڕووناکبیری نەتەوەیی کورد خاتوو مەستوورەی کوردستان ، ماوەی ١٤ ساڵ بەبێوەژنی مایەوەو ژیانی بەسەربرد ، لەو ماوە مێژووی ئەردەڵانی بە دەستەکانی خۆی نووسیتەوە بە ناوی – مێژووی ئەردەلان –، لە گەڵ ئەوەشدا ناکۆکی و دژایەتی وململانێی ناووخۆیی ئەمیرەکانی ئەردەلاندا لە بیروو ژیان و سامان تێیدا نەمابوو ، هەتا کێشەکە کەوتبوو نێوان خێزان و بنەماڵەکانی ئەردەلان ، دوای ماوەیەك ڕویان لە باشووری کوردستان کرد ، دوای ٤٤ ساڵ لەتەمەنی پڕ لەئێش و ئازارو خۆڕاگری مەستوورەی ئەردەلان بە ماڵئاوایی کرد لە گەل و نیشتیمانەکەی ، کە جێگەی شانازی گەلی کوردستانە .

جێگەی باسکردنە کە ئەم خاتوونە ناودارە لە ١٢/٤/ ١٨٠٤ ، لە شاری – سەنندژ – لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، کە ئەو کات ئەو شارە پایتەختی ئیمارەتی ئەردەلان بووە ، هەروا لە کاتی دەسەڵاتداریەتی ئەمیر – ئامانەللا خان – باوکی خەسرەو خان بووە ، لە هەرێمەکەدا .

١٨٤٨

١٨٤٨/١/٢٤ دۆزینەوەی زێڕ لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، لە دوای هەوڵ و توانا لە توێژینەوەیەکی زانستیانەی بەردەوا لە ناوچەکەدا .

١٨٤٩

١٨٤٩/١/١ ڕووناکبیرو فەیلەسوفی ناوداری جیهانی و خاوەن تیئۆری سۆسیالیستی



زانستی ، کارڵ مارکس- بابەتێکی لە سەر بەرپابوونی شۆڕشی چینی کرێکاران بڵاووکردەوە ، بە تایبەت لە سەر داهاتووی فەرەنساو جەنگی جیهانیدا .

ئەویش بە هەڵسەنگاندن و تووێژینەوەیەکی زانستیانە بەپێی کێشەو ململانێیەکانی ئەوکات لە لێکترزانی پەیووەندیەکانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی . بە هۆی چەوسانەوەی چینی کرێکاران و کاسبکاران لەلایەن سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری لە وولاتانی ئەورووپادا .

لە ئەنجام پێشبینیەکانی ئەم زانایە هاتەجێ ، بە بەرپابوونی شۆڕشی فەرنسی و کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی رووسی و جەنگی یەکەمی جیهان.

١٨٤٩/١/١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی- زهریرا دبهرا – لە شاری ورمێیّ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە ئەو ڕۆژە کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری ئاشووری لە نێوان وولاتانی دووزێیّ و بە تایبەتی لە کوردستان .



١٨٤٩/٤/٢٣ دوای دەســــــتگیرکردنی دۆستۆیفــــسکی و لـــــە دوای لێکۆڵینــەوە لەگەڵیـداو لەگـەڵ ٢٠ رووناکبیری دیکـــە لەکۆمەڵـــەی بتراشفـسکی لــە ١٢/٢٢ی هــەمان ساڵ ، لەلایـەن رژێمـی قەیسەری رووسیا دەستگیرکران .

دوای ئەوە چاویان دەبەسترێتەوەو رووت دەکرێنــەوە تـەنیا شۆرتیان لەبـەر دەمێنـی و لــە گۆڕپانێکـدا لەناو کۆمەڵە سەربازێك فرێیان دەدەنە سەر زەویەکی بەستەڵەکی ، کە پلەی ساردی لەخواروی ٢٠ پلەی ژێر سفر دەبێ لە شارەکەدا .

١٨٤٩/٨/٢ کۆچی دوایی دامەزرێنەری وولاتی میسرو بە نژاد کورد محەمەد عەلی پاشا ، کە لە بنەماڵەی خدێووی بووەو لە کاتە زووەکان لە وویلایەتی دیاربەکر لە باکووری کوردستان رووی لـە هـەرێمی میسر کـرد بـوو... لـە بنەماڵـەی خدێوویەو تەرمەکەی لە مزگەووتی دروستکراو لەلایەن خۆیەوە بەناوی- القلعە - نێژراوە لەمیسردا .

١٨٤٩/١٠/١٧ کۆچـی دوایـی مۆزیکـاری نـاوداری فەرەنـسی - تۆبـان - لـە پاریـسی پایتەختی فەرەنسا .

١٨٤٩/١٠/٢٥ فەیلەسـوفی جیهـانی کـارڵ مـارکس داوای کۆنگرەیـەکی گـشتی لـە هـەموو رێکخـراوە دیموکراتیـە جیهانیـەکان کـرد لـەو ڕۆژەدا ، بـەلام بـەرپابوونی شۆرشی فەرەنسا ، بەر لە گرێدانی ئەوکۆنگرەیە بەرپابوو . کە بووە هۆی سەرچـاوەکانی تیئـوریو بیری مارکسی لـە شۆرشـی چینی کرێکـاران لـە جیهاندا .

تێبینی:- تیئۆریەکانی مارکسیەت بۆتە سەرچاوەی هـــــەموو پەرەسەندنێکی بیروو بۆ چوونەکانی زانــــاکان و نووسەرو رووناکبیران لـــە هەموو بوارە جیا جیاکاندا بـــــە تایبەتی لە بوارەکانی چینایەتی و ئابووری و

کۆمەڵایەتیدا .

١٨٥٠



١٨٥٠/٨/٥ لـە دایـك بـوونی نووسـەرو ئەدەبی بەناوبانگی فەرەنسی و جیهان – گی دی مۆپاسان – ناسـراو بـە مۆپاسـان لـە خێزانێکـی ئارسـتۆکراتی کۆشـکی – میرۆڤیـل – ی لـە هـەرێمی نۆرمەنـدی فەرەنسا ... هەروا لە ژینگەیەکی ئارام و هـێمنی خێزانـی گەشـەی نـەکرد ... لەبـەر ئـەوە بـەردەوام دایـك و بـاوکی لەبەریـەك دابـوون ... ئـەم بارودۆخەش کاردانەوەی خراپی لەسەر دەروونی مۆپاسان هـەبوو ، کە دواتـر لـە زۆر چـیرۆکدا هەڵوێـستی دووژمنداریـەتی خـۆی دژی خـەڵکی و هاوسۆزیشی بۆ هـەژاران و کۆمـەڵگا دەربـڕی ... هـەروا بـە وردی چاودێری ژیانی جووتیارانی دەکردو نزیکی دابوونەریتەکانیان دەبووەوە ، هەروا بەرەو دەریـا دەچـوو لـە ماسـی گـران ڕادەمـا ... هـەر بۆیـە دواتـر گـوتی:– لەسـەر کەناری ساردو خۆڵەمێشی دەریای باکوور پێگەیشتم.

هـەروا مۆپاسـان زیاتر لەسەر دەستی دایکی پەروەردە بوو ، کە دایکی زۆر شەیدای ئەدەب بووە ، کە دایکی دەیوویست مۆپاسـان وەك ئەلفریدی بـرای بێت بە ئەدیبێکی بەرز ، کە ئەویش زۆر حەزی لـە ئەدەب و فەلسەفە دەکرد ... بـەڵام مـەرگ مـەودای گەیشتنی بە هیواکانی نـەدا ... هـەروا مۆپاسـان لـە تەمـەنی ١٣ سـاڵیدا چـووە پەیمانگایـەکی ئـاییني و دواتـر دەچـێتە قوتابخانەیـەك لـە – ڕوان – و بەکـەلۆریای لـیٚ بەدەسـت دیـنیٚ ... دوای ئـەوە چوو بۆ خوێندنی یاسا ، بەڵام بەر لە تـەواوکردنی خوێـندنی یاسـا دەچـێتە ڕیزی سووپای فەرەنسا .

لەوكاتـەش شـەڕ لـە نێوان فەرەنسا و ئـەلمانیا هەڵگیرسـابوو هـەر لـەو كاتـ
مۆپاسـان كەوتـە سـەر خوێندنەوەو چامەی غەزەلیانـەی دەنووسـی و دوای
وەستانی شـەڕ ، دەچێتە شاری پاریسی پایتـەخت ... لـە شـاری پاریس لـ
وەزارەتی دارایی و داگیرگـەكان كاری دەست دەكـەوێ ، دوای ئـەوە دەچێتا
وەزارەتی فێركردنی گشتی و هونەرەجوانەكان دادەمەزێت .
ئـەم ئـەدیب و نووسـەرە لـە مـاوەی ژیانیـدا زیـاتر لـە ٢٥٠ كورتـە چیرۆك و ٦
شەش ڕۆمانی نووسیووە لەگەڵ دیوانێكی شیعریدا ، و لەماوەی ژیانیدا لـە
هەڵس و كەوتەكانی جێگەی سەرسوورمانی دانیشتووان و هاورێ و دۆستان
و جەماوەرەكـە بـووەو بـەردەوام بـووە لـەكارو هەڵوێستەكانی تـا لـە رۆژی
١٨٩٣/٧/٦ماڵئاوایی لە گەل و وولاتەكەی دەكا لە فەرەنسا .
١٨٥٠/٩/١٣ كۆچی دوایی زانای فیزایی فەرەنسی – جۆزیف لـوی چای لوساك– رابـەری
لێكۆڵینەوەی كارەكانی غازی بۆ كەلوپەلەكان .
١٨٥٠/١١/٦ میرنشینی بابان هەڵوەشێنرایەوە ، كە دوا میری بابان عەبدولا پاشا بووە .
لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیماراتی بابان ، كراوەتە قایمقامی شاری سلێمانی و
ئیتر پەردە بە سەر ئەو میرنشینانە دادراوەتەوە لـە سـەر خاكی كوردستان تـ
مانگی/ ١٩٢٢/٨ ، كە شێخ مـەحمودی حەفید بانگـەوازی بـەرەو دامەزراندنو
پاشایەتی كرد لە باشووری كوردستان .
دوای ئــەوە ســەربەخۆی كوردســتانی ڕاگەیانــد... شــایانی باســە دوای
ڕووداوەكـان لـە نـاوەڕۆكی مێژوونامەكـە بەمێـژوو هـەمووی باسكراوە بەپێو
ڕۆژومانگ و ساڵ ، لە هەموو بوارەكاندا .

١٨٥١

١٨٥١/٥/١٦ لە دایك بوونی ڕووناكبیرو توێژێنەرو موئـەرخی فەلسەفەی ئـەلمانی – ینـ
ئەردمن – لە ئـەلمانیا ... خووێندنی لـە شـاری بـەرلین دەست پێكرد لەلایـە
هلمهولتس و بۆنتس و تسلر ، كە لە ئاكام توانی بروانامەی دكتۆرا بەدەسـ
بێنێ لەشاری بەرلین لە ساڵی ١٨٧٦ .
دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٧٨ لەزانكۆی كیل دەستی كرد بەوانە گووتنـەوەو
دوای ئەویش لەزانكۆی براسرلافیا لەساڵی ١٨٨٤ وهلە لەساڵی ١٨٩٠ و بۆ
لەساڵی ١٨٩٨ و بـەرلین لەسـاڵی ١٩٠٩ . ینـۆ ئـەردمن بەشداری لە مێژوو
فەلسەفە بەچەند دانراوێك كردووە ... لە بواری فەلسەفەی زانست بەدانانـ

کتابێـک بەناونیـشانی –بـدیهیات الهندسـە– و چـەندین دانـراو بابـەت لـەم بـوارەو بوارەکـانی دیکـەی فەلـسەفەو بـەردەوام بـوونی لـەکارەکانی تـاکوو لـە ١٩٢١/١/٧ لە شاری بەرلینی ئەلمانیا کۆچی دوایـی دەکات بە ماڵئـاوایی لـە گەلانی وولاتەکەیدا .

١٨٥١/١٠/٢٧دامەزرانـدنی ئاژانـسی – رۆیتـەر – لـە شاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، ئەم ئاژانسە لە سەرەتا تەنیا هەواڵە تایبەتیـەکانی بە ، دارایـی ، کـۆدەکردەوە و پێشکەشی بیستەرانی دەکرد .

جیگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ئـەم ئاژانـسە یـەکێك بـووە لـە ئاژانـسە بـە ناوبانگـەکانی کۆکردنـەوەی زانیـاری و هـەواڵ لـە سـەر ئاسـتی جیهـان ، کـە تاکوو ئێستا نزیکەی ٧٥ نووسینگەی لە وولاتە جیا جیاکانی جیهاندا هەیـە . کە هەواڵـە جیاجیاکان دەگەیەنێتـە جیهـان ، جگـە لـە زانیـاری راگـەیانـدن ، زانیاریەکانی دارایی دەگەیەنێتە ئاژانسەکانی دالینایيکردن و دامەزرانـدراوە داراییەکان و نانکەکان .

بەڵام دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٨٥٨ فراوانکرا و کەووتە کۆکردنـەوەو گەیانـدنی تەواوی هەواڵەکان . هەروا ئەو ئاژانسە بە درێژایی تـەمـەنی لـە خزمـەتکردنی پێدانی زانیـاری لـە قۆنـاخ و گۆرانکاریـە رامیـاری و سـەربازی و ئـابووری و بازرگـانی و رێکەووتننامـەو شـەرو ئاشـتیدا هەواڵـەکانی بـۆ دام و دەزگـا راگەیاندن و میدیا و دەسەلاتەکان بلاوکردۆتەوە .

دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٨٦١ تـا ١٨٦٥ دامەزرێنـەری ئـەم ئاژانـسە رۆژنامـە نووسێکی ئەڵمانی بوو کە ناوی – پۆڵ بۆلیۆس رۆیتەر – بوو ، کە بە بارۆن فۆن رۆیتەر – ناسراو بوو . کە لە ساڵی ١٨١٦ لە شاری – کاسلی لـە وولاتـی ئەڵمانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە بەر ئەوە ئەو ئاژانسە بە نـاوی ئـەو کرا و ناوزەند بووە . لە بەر ئەوەی کە لە ساڵی ١٨٥١ لـە شاری لەنـدەن ئـەو ئاژانـسەی دامەزرانـد بـە خـۆی سەرپەرشـتی تـەواوی کارەکـانی دەکـرد تـا ماڵئاوایی کۆتایی کرد لە وولاتەکەدا .

١٨٥٢

/ ٤ /١٨٥٢بەرپرسـی رووسـی لـە ناوچـەکانی بـاکووری کوردسـتانی ژێـر دەسـەلاتی

ڕووســیای قەیــسەری – کینــاز بــەبیونۆفی– ٤٥٠ خێزانــی کــوردی ، کــه دانیشتووانی ٢٠ گوند بوون ، لەلای چەپی بۆلای ڕاستی ڕۆخەکانی ناوچەی ڕووبــاری ئــاراس گووســتەوە ، بــه نــاوی ئــەوەی کــه لــه ژێــر دەســەلاتی ئیمپڕاتۆڕیەتی عوسمانی دوریان بخاتەوە .

بــەلام ئەنجامــدانی ئــەم کــارە بەپێــچەوانەو بــه ڕێکــەووتنی نێــوان هــەردوو دەســـەلاتی عوسمــانیو ڕووســـی بـــوو، لــه پێنــاو پــەرتو بلاوەپێکردنـی خێزانەکانی کوردو شێوواندنی باری دیمۆگرافیای نیشتمانی کورد له سەر خاکی کوردستان .

وێنەیەکی ...سال لەمەوبەری شاری بۆکان


قەلای سەردار عەزیزخان

١٨٥٢/١٠/١٥ یەکــەم ســەرژمێری کە لە شای بۆکان لە ڕۆژهــــــــەلاتی کوردستان کرابێت ، کــــه ژمــــارەی دانیـــــــشتووانی ئــەوکات ١٠٠ کــەس دەگەڕێتــەوە ، بــەلام لـــه ســـەردەمی – ناســـرەدین شـــای قاچار – کە سەردار عــەزیزخانی مــوکری خــاوەنی بۆکــان بــوو خـــۆی لـــه ١٠٠ بنەمالّــه دەدا ، کــه لەو شارۆچکە نیشتەجیّ بوون ... جێگەی باسکردنە کە شاری بۆکـان لـه ٣ خوولـەك و ٤٦ پلـەی درێـژی خۆرهـەلات و ٣٢ خوولـەك و ٣٦°پلـەی پانـای باکووره .

بەپێی دوایین دابەشکردنەکانی ئێران بەریتانی ڕووبەری بۆکان ٢٤١,٣٠٦ کیلۆمــەتر چــوار گۆشــەیه ... بۆکــان لەباشــووری خۆرهــەلاتی پارێزگـا

ئازربایجانی خۆرئاوا هەڵکەوتووە ... شاری بۆکان ١٣٤٠ مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە ... شاری بۆکان لەباکوورەوە لەگەل میاندواو ... لەخۆرهەڵاتەوە لەگەل ساین قەلا ... لەباشوورەوە لەگەڵ سەقزو لەخۆرئاوا لەگەل شاری مەهاباد هاوسنوورە لە هەرێمەکەدا .

شاری بۆکان لەسەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن فەرمانگەی باری شارستانی پارێزگای ئازربایجانی خۆرئاواوە بڵاوبۆتەوە کە دانیشتووانی بۆکان ژمارەی گەیشتۆتە ٢٣٠,٠٠٠ هەزار کەس و لە ناو شارە کوردیەکان دوای شارەکانی کرماشان و ورمێ و سنەیە . گەورەترین شارە لە خۆرهەڵاتی کوردستان . بۆکان لەدوو قەزا پێکهاتووە ... قەزای – سمینە – کە روبەری ١٠٩٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و لەسێ ناحیە پێك هاتووە ... قەزای ناوەندی شاری بۆکان کە لە چوار ناحیە پێکهاتووە ...دانیشتووانی بۆکان بەزمانی کوردی زاراوەی موکری ئاخاوتن دەکەن ... دانیشتووانی شاری بۆکان ١٠٠٪ کوردن و بەئاین موسمانن و لەهەردوو مەزهەبی شیعەو سوونەی ئیسلام پێکهاتوون .

دانیشتووانی کۆنی بۆکان و نەتەوەکانی دیکە لەناوچەکەدا ئەو شوێنەوارانەی لەگەران و پشکنین شوێنەوارەکان دۆزیوویانەوە لە هەڵکەناندنی بەرد دەگەرێتەوە بۆ ٨٠٠ ساڵ بەر لەزایین و بەدەیا قەلاو خانووی کۆنی تیا بەدی دەکرێت ، کە خاوەنداریەتی بۆ پەنجە ماندوبوونەکانی کورد دەگەرێتەوە . بۆکان لەساڵی ١٩٣٦ یەکەم قائمقامی بۆ دامەزراوە ، کە ناوی عەزیزخانی حەیدەری بووە ... یەکەم قوتابخانە لەساڵی ١٩٢٨ کراوەتەوە ... ئەمە کورتەیەك لەسەر باسی بۆکانی رۆژهەلاتی کوردستان.

سەرچاوە:- گۆڤاری – خاك – ژمارە/١٣٠.

١٨٥٣

١٨٥٣/٧/١ کۆماندۆزی ئەمەریکی – پەیری– بە توندی ئاگاداری سەرکردەکانی ژاپۆنی کردو داوای لێیانکرد ،کە بە پەلە دەرگا لە بەردەم هاتووچۆی کەشتیەکانی دەریاوانی بکەنەوە جا بەخۆشی بێت یان بەزەبری هێزبێت لە

هەرێمەکەدا بەرەو جیهان .

١٨٥٣/٨/٢١ لەدایك بوونی زاناو کیمیاناس و فەیلەسوف ئەلمانی – ئۆستڤلد – ماوەی خوێندنی ناوەندی لە رێگا – ئەلتڤیا – بردۆتە سەر . لە ساڵی ١٨٧٢ چووەتە زانکۆی دوریات – ئەلان ، تاراتوو – کە خوێندنی کیمای لەلای کارل ئەشمدن و یوهان لمیرگ تەواوکردووە . هەروا فیزیای لەلای بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە ... دوای تەواوکردنی خوێندن بۆتە مامۆستای یاریدەدەر لەزانکۆی دووریات .

دوای ئەوە بۆتە مامۆستای – تخصص ڤ نڨریە التفاعل ڤ الکیمیا – . لە ساڵی ١٨٧٨ بروانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە لەکیمیا . لەساڵی ١٨٨٠ دامەزراوە بەمامۆستای کیمیا لە پەیمانگای ئەندازیاری – پۆلیتکتیك – لە ریگا لە ئەلمانیا . لە ساڵەکانی ١٨٨٥ – ١٨٨٧ دانراوەیەکی دانا بەناوی- متن من الکیمیا العامە – لە ساڵی ١٨٩٨ پەیمانگای کیمیای فیزیائی لەزانکۆی لیبستك کردەوە ... لە ساڵی ١٩٠٦ خانەنشین کرا ، لە پێناو تووێژینەوەو لە ساڵی ١٩٠٩ پاداشتی نۆبلی پێ بەخشرا .

ئەم فەیلەسوفە لەکارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٩٣٢/٤/٤ کۆچی دوایی دەکات ... شایانی باسە ئۆستڤلد دامەزرێنەری وزە بووە ... کە یەکێك بووە لەجۆری مەزهەبی یەکایەتی monisrnus کە ئەو تیئۆرییەش لەسەر بنەمای خەسلەتی وزە بووە ، کە جۆرەکانی وزە جیاوازن لەچەندین بواردا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی– بەرگی /٢ .

١٨٥٤

١٨٥٤/٢/٢٨ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی لە ئەمەریکا ، لە پاڵ پارتی کۆماری کە ئەو دووپارتە تاکوو ئێستا بەپێی دەنگی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران و سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەسەڵات دەگرنە دەست ، کە هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا لەماوەی دووخوولی سەرۆکایەتی زیاتر ناتوانێ خۆی هەڵبژێرێ ، جا بە هەر جۆرێك بێت . لە نێوان ئەو دووپارتەو بە دەرنەچوونیان لە دەستوورو یاسای هەڵبژاردنەکان لە ئەمەریکادا .

١٨٥٤/٣/٣١ لە دوای ناچارکردنی ژاپۆن ، کە هەڵسێ بەمۆر کردنی کۆمەڵێك رێکەووتنامە ، لەوانە رێکەووتنامەی – کاناجان– ی دۆستایەتی بوو لەگەڵ وولاتانی

پەیووەندار لە جیهان .

١٨٥٤/٧/١٢ هونەرمەندی شێووەکاری ناوداری ئیتاڵیا- ئەمادۆمۆ دلیانی- لە شاری ئۆسکانای ئیتالیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە وڵاتەکەدا .

١٨٥٤/٧/١٤ وازهێنانی سوڵتانی مەسقەت لە دوورگەکانی کەنداو، بە ناوی مۆریاو کۆریا بۆ چوونە ژێر دەسەلاتی تاجی بەریتانیا .

١٨٥٤/٨/١٦ هێزەکانی سووپای فەرەنساو بەریتانیا هێرشیان کردە سەر سووپای قەیسەری رووسیا ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای فەرەنساو بەریتانیا توانیان لە دورگەی – ئالند- لە دەریای بەلتیق بە وێرانکردنی شاری بۆرمارسووندی رووسیا سەرکەووتن بەدەست بێنن لە ناوچەکەدا .

١٨٥٤/٩/١٨ سەرکردەی کورد یەزدانشێر سوودی لە رۆیشتنی هێزەکانی سووپای تورك وەرگرت و ئاڵای راپەرینی بەرزکردەوە ، لە هەمان کات سەرۆك هۆزەکانی هەکاری و مۆکاتسەکان و بۆتان بەچەك دێنە ریزی ئەو راپەرینە لە باکووری کوردستان .

لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی سووپای عوسمانی لە کوردستان ژمارەیان کەم دەبێت و راپەرینەکەش بەردەوام دەبێت ، کە بەرەو هەرێمەکانی بەتلیس و موسل هەنگاو دەنێ و هێزەکانی سووپای تورك لەو ناوچانە دەردەکەن و کەلوپەلە جەنگیەکانیان لێ داگیردەکەن ، لەهەمان کات کوردە ئێزیدیەکانیش بەشداری لەو راپەرینە دەکەن لەپێناو سەرکەوتن لە باشووری کوردستان .

١٨٥٤/٩/٢٠ بە هۆی لاوازی هێزەکانی سووپای قەیسەری رووسیاو ووردبینی لەرێکخستنی هێزەکانی سووپای بەریتانیاو فەرەنسا توانیان هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سووپای قەیسەری رووسیا لە شەری ئەلماو بەبەرێکردنی کەشتیە جەنگیەکانی رووسیا لە بەندەری سیپاسنۆپۆل لە ناوچەکەدا .

١٨٥٤/١٠/١ لەدایك بوونی رووناکبیری رامیاری و سوشیالستی ناوداری تشیکی – کارل کاوتسکی – . باوکی وێنە گرێکی تشیکی و دایکی ئەلمانی بووە . فێربوون و هەڵگری بیری سوشیالستی لەرێگەی چیرۆکی چیرۆکەکانی فەرەنسی بەناوبانگ – جۆرج ساند – بووە لە گەڵ دانراوەکانی لوی بلان و دانراوەکانی لاسالی سوشیالستی .

لە سالی ١٨٧٤ دەستی بەخوێندنی فەلسەفەو مێژوو کردووە لەزانکۆی ڤیینا . دوای ئەوە دەستی کردووە بەخوێندنی ئابووری و زانستەکانی سرووشت و دلخۆشکەر بووە بە تیئۆری داروین لە پەرەسەندنی مێژووی کۆمەلگای مرۆڤایەتی . لە سالی ١٨٧٥ چووەتە ریزی پارتی دیموکراتی سوشیالستی لەشاری ڤیینا . دوای ئەوە بەشداری لەدەرکردنی گۆڤاریکی هەفتانەی – دیموکراتی سۆشیالستی – کرد .

لە سالەکانی ١٨٨٥ تا سالی ١٨٩٠ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا یاریدەدەری فریدریش ئینگلش بووە ... دوای ئەوە چووە شاری بەرلینی ئەلمانیا . لە سالی ١٨٩١ بەشێکی لەتیئۆری – پرۆگرامتەرفۆرت– نووسی . دوای ئەوە لەسالی ١٩١٧ چووە ریزی دیموکراتی ئیشتراکی بیٚ لایەنەکان . ئەم فەیلەسوفەی زانایە لەکارە هەمەلایەنەکانی رامیاری و ئابووری و زانستی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٣٨/١٠/١٧ لە ئەمستردام مالئاوایی لە گەلانی و ولاتەکەی و جیهان دەکات .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٣ .

١٨٥٤/١١/٢ بەرەی قەفقاز لە گەلٚ قاسم خان و چەند سەرەك هۆزی دیکەی کورد لە سەرووی رۆژهەلات و باکووری کورستان ، لە گوندی – کیزل– کۆبوونەوە ، لە پێناو یارمەتی دانی ئەو کوردانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی رووسیای قەیسەری لەجەنگدا ، دژی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کوردستان .

١٨٥٤/١١/٣٠ لە دوای مردنی دامەزرێنەری ولاتی میسر محەمەد عەلی پاشاو لە هەمان کات کووژرانی عەباس پاشا ، سەعید پاشای دۆستی فەرەنساو لایەنگیری محەمەد عەلی پاشا ، ماوەی بەدبلۆماسی فەرەنسی گەورەو بازرگانی گەورە – فردیناالد لبیس – دا بە بە کار هێنانی لایەکی کەنالی سوێس .

سەرەرای نارەزایی حکوومەتی بەریتانیا .

. لە پێناو دروستکردنی کەنالی سوێس لە میسردا . کە ئەم کەنالە کاریگەری و کاردانەوەی باشی هەیە لە سەر باری ئابووری و بازرگانی ولاتی میسر و ولاتانی دیکەی جیهان .

١٨٥٥

١٨٥٥/٧/١لـە دایـك بـوونی کەسـایەتی نـاوداری کـوردی و عـەرەبی و جیهـان ، مامۆسـتا عەبدولرەحمان شێخ ئەحمـەدی بـەهائی محەمـەد مەسـعوودی ، ناسـراو بـە عەبـدولرەحمان کـەواکبی ، لـە شـاری حەلـەبی ئێستای سووریا .

کە لە بنەماڵەیەکی رووناکبیری نـاوداربووە ، خووێندنـەکانی بەخووێندنی ئاینی ئیسلام , دوای ئەوە قوتابخانەی تەواوکردووە ، کە دوا پلەی خووێندنی لەکۆلێژی یاسابووە بە دەرچوونی بە پارێزەر لە شارەکەدا.

٩ / ١٨٥٥لەدایك بوونی فەیلەسوف و تایبەتمەند لە زانستی رەگـەزەکانی شمیرلن لە پۆرتـسمارت لـە – ئینگلتـەرە . شایانی باسـە ئـەم فەیلەسوفە لـە بنـەرەت ئسکتلەندی بووەو دوایی بۆتە ئەلمانی ... باوکی سەردکردەیەکی ئەلمانی بووە لە هێزەکانی سووپای دەریایی ئینگلیزی و دوای ئەوە بۆتە ئەمیرال ... لـەدایك و باوکێـك بـووە ، کـە بنەماڵەکـەیان دەگەرێتـەوە بـۆ یـەکێك لـە دەووڵەمەندەکانی ئیسکتلەندە .

لە دوای مردنی دایکی شمیرلن داپیری بەخێووی دەکات لە شاری فرسای لە فەرەنسا . لەگەرەکێك لەگەرەکەکانی پاریس لەساڵی ١٨٦٦ چووە قوتابخانە ئینگلیزیەکان ... بەهۆی نەخۆشی گەشتی کردووە بۆ سویسراو دوای ئەوە لە ساڵەکانی ١٨٧٠ – ١٨٧٣ دەستی بەخووێندن کردووە لـەلای لاهووتی ئـەلمانی – ئۆتـۆ کۆنتـسە – و دوایـی گەراوەتـەوە ئینگلتـەرە . دوای ئـەوە گەراوەتەوە فەرەنساو زانستەکانی کشتووکاڵی و جیۆلۆجیان خووێندووە ... دوای ئەوە لەساڵی ١٨٧٦ چووەتە ئەسپانیا .

لەساڵی ١٨٧٩ زانستی پزیشکی لەژنێف خوویندووە ... دوای ئەوە بەرەو بۆسنە رۆیشتووەو لەهەرێمی بەلکان زانستی رەگەزەکانی خوویندووە .لە ساڵی ١٩١٦ ناسنامەی ئەلمانی وەرگرتووە... یەکەم دانانەکانی بەناونیشانی – اسس القرن التاسع عشر – لە دوو بەرگدا بڵاوی کردۆتەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٩ – ١٩٠٤ ، کە بۆ دەجار ئەم دانراوەی بەچاپگەیاندووە . دووەم بەرهەمی – النظریه الّریه من العالم – لە ساڵی ١٩٠٥ ت/٣ – منشن – ١٩١٦ بڵاوکردۆتەوە ... لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیکەی و بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٢٧/١/٩ لە ئەلمانیا کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٥٥/١١/٢١ شانشینی سووید بڕیاری دا بەچوونە ناوجەنگ لە هەرێمەکان لە تەك هاوپەیمانان ، کە بووە هۆی دروست بوونی ترس لەلایەن قەیسەری ڕووسیا – ئەسکەندەری دووەم – و هێرشی کردە سەر هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان لە بەندەرەکانی سان بترۆسبۆرگ و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لەهەمان کات سەرکەوتنی هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری لە هەرێمی قەوقازو سەرکەووتنی لە باکووری کوردستان بەتایبەتی لە شاری قارس ، بە سەر هێزەکانی سووپای عوسمانی. ئەمەش لە دوای گەمارۆدانێکی دوورو درێژ . لەلایەن هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان و هێزەکانی سووپای عوسمانی بەتایبەتی لەسەر خاکی کوردستان.

١٨٥٦

١٨٥٦/٢/١٨ ڕاگەیاندنی بە ناو بڵاووکراوە بەناوی – هێلی هەمایۆن– لە پێناو چاکسازی خێرخوازییە مەمبدەئەکانی یەکسانی ، لە نێوان هەموو دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و دوور لەجیاوازی بیروو بۆچوونی ئاینی و نەتەوەیی ، کە ئەمەش ڕووەو بڵاوکراوە بوو بە هەوڵی ڕەشید پاشای سەرەك وەزیرانی عوسمانی .

١٨٥٦/٣/٣٠ مۆرکردنی پەیمانی پاریس لە نێوان دەسەڵاتی فەرەنساو بەریتانیا لەپێناو هاوکاری و دۆستایەتی لەبوارەکانی پەیووەندی و بەرگری و ڕامیاری و

ئابووری و بازرگانی لە جیهاندا .

١٨٥٦/٦/١٢ گەرۆکی بەناوبانگی فەرەنسی – ئا.کلیمان – A.clemene – لە رێگەی دۆستایەتی لەگەڵ پاشایەکی بابانەوە گەشتێکی بۆ باشووری کوردستان دەست پێکردووەو گەشتنامەکەی خۆی بە زمانی فەرەنسی بەناوی – گەرانێك بەناو کوردستانی خوارووی عوسمانی :-

لە کەرکوکەوە تا رواندز – نووسیووە هەر ئەم ساڵە لە وولاتی سویسرە لە گۆڤاری – Msgg – بلاوکردۆتەوە .

جێگەی باسکردنە کە لە درێژەی باسەکەیدا – ئا.کلیمان – دەنووسێ و دەڵێ :- ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك :- سەرووی شار ، ناوجەرگەی شار و کەناری شارەکە ، بێجگە لە سەربازەکانی ئوردوخانە ، کە نزیکەی ٢٥٠٠٠ هەزار کەسێك دەبن کە سێ چارەگی کوردن .

ئەمەش لە هەموو سەرنج راکێشتر ئەو ستاتستکەیە کە – ئا.کلیمان – لەبارەی دانیشتووانی شارەکە بە دەستی دەدات ، کە دەکرێ وەك بەڵگە نامەیەکی مێژوویی سەلمێنراو بێلایەن بیخەینە بەرچاو لەسەر باری شارەکەدا .

هەروا گەرۆکێکی دیکەی فەرەنسی بەناوی – کیونێ ڤیتال – ئامارناس و جووگرافیناس ، خاوەن چوار بەرگی گەورەی کتێبێك بەناوی – تورکیای ئاسیەوی – کە لە ساڵەکانی ١٨٩٠ – ١٨٩٤ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بلاویکردۆتەوە ... کە ئاماری هەموو وویلایەت و قەزاکانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی ... ڤیتال دەنووسێ :-

کەرکوك قەزای سنجاقی شارەزوورە ، بریتیە لە پێنج ناحیەو ٣١٠ گووند ، کەرکوك هەر لە کۆرکۆرای کۆنەو ناوەندی ئیدارەی سنجاق و مەڵبەندی قەزای شارەزوورە ، مەسیحیەکانی کەرکوك ئارشیڤێکی خالدیان هەیە کە پێنج قەشە هاوکاری تێدا دەکەن ... کەرکوك شووێنی حاکمی سەربازی سنجاقی شارەزوورە .

Cuinet vital , La turquie dtsie , Ed , Le Roux , paris 1891

سەرنجێك :-

دانیشتووانەکانی شاری کەرکوك سێ چارەگی کورد بوونە ، بەلام هەڵگری بڕوا

ئاینەكان لە موسڵمان و مەسیحی و كوردیان تیا نەبووە ... ئەم مەحالە كە نژادیان چی بووە ، عەرەب بە ژمارەی پەنجەی دەستان و توركمانەكانیش پیاوەكانی دەسەلاتی عەوسمانی بوون ، واتە تەواوی دانیشتووانی رەسەنی كەركوك كورد بوونە لە هەموو بوارەكاندا .

ئەم نەخشەیە لە ساڵی ١٨٥٦ دروستكراوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی كە كوردستانی بە تەواوی تیا دیار كراوە .

١٨٥٦/٦/٢٤ مۆركردنی رێكەووتنامەی نێوودەوڵەتی بە هۆی شەڕ لە نێوان هێزەكانی سووپای ئیتاڵیاو نەمسا ، كە لە ئەنجام ٤٠ چل هەزاركەس كوژرا ن لە- سۆڵفرینۆ - لە بەر ئەوەی لەنیووەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ، ١٧٠ شەڕ ڕوویداوەو لە ٩٠٪ . خەڵكی بێتاوان گیانی لەدەست داوە لەم شەڕانەدا لە بەر ئەوەی بەدرێژایی ٥٠٠٠ هەزار ساڵ ، كە ١٤هەزار شەڕ لەجیهان بەرپابووە ، كە زیاتر لە ٠٠٠ ر٠٠٠ ر٠٠٠ ر٥ ملیار مرۆڤ كووژراون لەپێناو بەرژەووەندی تایبەتو دەسەلات لە لایەن دەسەلاتدارە جیا جیاكان لە جیهاندا .

١٨٥٦/٧/٢٨ کۆچی دوایی مۆزیکاری ناوداری جیهانی و ئەڵمانی رۆبەرت ئەکلسەندەر شومان ، لە تەمەنی ٤٦ساڵیداو کۆمەڵێك لە بەرهەمە بە هادارەکانی لەدوای خۆی جیٚ هێشت وەك کەلتورێك بۆ وولاٚتەکەیی و جیهان .

١٨٥٦/٩/١ لە دایك بوونی سەرەك وەزیرانی میسر سەعد زەغلول لە گوندی – ئیبانە– ی رۆژئاوای میسر بووە ، دەرچووی زانکۆی ئەزهەر بووە لە ساڵی ١٨٧٣و لەرۆژنامەی– وەقائعی میسری– سەر نووسەر بووە ، لەگەڵ شێخ محەمەد عەبدە بە شداری لە شۆرشی عەرابیەکانی کردووە ، دوای ئەوە کاری پارێزگاری دەکرد ، دوایی بووە بە وەزیری معاریف و دادو چەندین کاری دیکەو سەرکردایەتی میسری کردووە ، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا .
دوای ئەوە بووە بە سەرەك وەزیرانی میسرو هەروا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نووێنەرانی کردیە ، کە رۆڵی سەرەکی هەبووە لە گۆرەپانی رامیاری میسرو کەسایەتیەکی ناوودار بووە تاکوو کۆچی دوایی کردووە لە وولاٚتەکەیدا .



١٨٥٦/١٢/٢ بڕیاری جێبەجێکردن لە دیاری کردنی سنوور لە نێوان وولآتان بە پێی پەیمانی – بایۆن – لە نێوان فەرەنساو ئیسپانیاو بە تایبەتی سنووری نێوان دەسەلآتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی فارسی سەفەوی لە سەرخاکی کوردستان ، کە لە ئەنجام بووە هۆی دیاری کردنی سنووری نێوان ئێران و ئێراق و تورکیاو سووریاو بەپێچەوانە لە سەر خاکی کوردستان.

١٨٥٧

١٨٥٧/٦/٢ بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهان ، ئامێری تەلەفۆن لە لایەن زانای ناوداری جیهانی – ئەلسکەندەر بیل– داهێنرا ، کە ئەم ئامێرە ساڵ بەساڵ بەرەو پەرپێدان و پەرەسەندن و گەشەپێدانی بەردەوام بووە تاکوو گەیشتە ئامێری ئەلیکترۆنی لە دوا پەرەسەندنیدا .

ئەویش بە مۆبایل لە ڕێگەی مانگی دەستکردی دروستکراوی پیشەسازیدا ، کە ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی و بنەڕەتی هەیە و دەبێ لە ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە کارێکی ڕامیاری و ئابووری وبازرگانی و سەربازی و نەتەوەیی

ونیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتوورو دابوو نەریت و زمان و مێژوو.

که بۆته ئامێرێکی شارستانی به هەموو مانای پەرەسەندن و پێشکەوتن لەجیهاندا ، لەپەیوەندیە هەمەلایەنەکان وەك لەسەرەوە باسکراوه لە جیهاندا .

١٨٥٧/١٢/٣ لەدایك بوونی ڕۆماننووس و نووسەرو ڕووناکبیر ناوداری جیهانی - جۆزێف تیۆدۆر کورزینیۆ - ناسراو به جۆزێف کونراد ، .له شاری بیردیشیفی له وڵاتی ئۆکرانیا له دایك و باوکێکی پۆڵۆنی ... ئەپۆلۆ کورزیتیۆمی باوکی وەرگێڕێکی کارامەو بەتوانا بووه ... که شاکارەکانی ڤیکتۆرهۆگۆو ولیەم شکسپیری بۆسەر زمانی خۆی وەرگێراوه ... بەو هۆیەوه جۆزێفیش حەزی دەچێته سەر فێربوونی زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی ، لەلایەکی دیکەوه ئەپۆلۆی باوکی یەکێك بووه لەو رابەرانەی که له پێناو سەربەخۆیی پۆڵۆنیا لەژێر باڵی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەری ئەوسا تێدەکۆشا.

لەبەر ئەو هۆیه دەستگیر دەکرێت تا له ساڵی ١٨٦٨ به نەخۆشی سل کۆچی دوایی دەکات... دوای ئەوه جۆزێفی تەمەن ١١ ساڵ بۆلای مامی دەچێته سویسرا و شەش ساڵ لەلای ئەودا دەژیت... لەو کاتەش فێری هەردوو زمانی ئەلمانی و فەرەنسی دەبێت ... دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی چەندین نووسەرو ڕۆماننووس که بەشێوەیەکی ڕۆنسیانه خەونی به دەریاو ژیانی دەریاوانان دەبینێ .

که تەمەنی ١٧ ساڵان دەبێ واته لەساڵی ١٨٧٤ بەرەو مارسیلیای فەرەنسی ڕەودەکات بەو بڕوایەی کەجارێکی دیکه نەگەڕێتەوه پۆڵۆنیای دوور لەئازادی و شادیدا ، لەو کاتانەدا چەندین کاری هەمەلایەنه دەکا له پێناو بژێووی ژیان و تاکوو لەساڵی ١٨٧٨ لەکۆمپانیای - ماڤیس - ی کەشتیەوانی بەریتانی کاری دەست دەکەوی و بەرەو ئەو وڵاته هەنگاو دەنێ و له بەریتانیا ڕەگەزنامه بەدەست دێنێ و چەندین گەشتی بازرگانیش بۆ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریکیا دەکات ... دوای ئەوه بەهۆی نەخۆشی و مەلاریا لەساڵی ١٨٩٤ دەگەڕێتەوه بەریتانیا .

لەدوای ئەو هەموو هەوڵانە یەکەم رۆمانی بەناوی – گێلایەتی مابەر – لە ساڵی ١٨٩٥ بڵاودەکاتەوە ... دوای ئەوە چەندین بەرهەمی دیکە لە ساڵەکانی ١٩٨٩ ، ١٩٠٠ ، ١٩٠٣ ، ١٩٠٤ ، ١٩٠٧ بڵاودەکاتەوە وەك - زنجی ئاسیا – ئەلوردەجیم – تیفۆن – نوسترمۆ – نۆکەری نهێنی – لە ساڵی ١٩١٢ رۆمانی – بەخت – بڵاودەکاتەوەو قازانجی باشی لێدەکات .

ئیتر ئەم نووسەرە لەنووسینی رۆمانەکانی بەردەوام دەبێت تاکوو لە ١٩٢٤/٨/٣ بەهۆی نەخۆشی دڵ لەگوندی پێشوبیسپۆری هەرێمی گشتی رۆژهەڵاتی ئینگلتەرا کۆچی دوایی دەکات .

١٨٥٨

١٨٥٨/٣/١٨ داهێنەری ماکینەی دیزل – رۆدۆلف کریستیان کارل – ناسراو بە – رۆدۆلف دیزل ... لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسیا لەدایك بووە ... کە دایك و باوکی کۆچبەری باڤاری بوونە ... ئەم کەسایەتیە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بەهرەکەی شەیداو شارەزووی بوراەکانی زانستی بووە بەتایبەتی زانستی میکانیکی ... ئەم هۆکارەش وای لە دیزل کرد بوو کە هانی دا لە تەمەنی چواردە ساڵی بریاربدات و ئاواتی لەم بوارەدا بە دەست هێنانی بروانامەی ئەندازیاری بێت .

ئەمەش وایکرد لەلایەن یەکێك لەدامەزراوە فەرەنسیەکانەوە وەك رێزلێنان لەبەرامبەر سەرکەووتنی لە خووێندندا خەڵات بکرێت ... دایك و باوکی دیزل زۆر هەژار بوونە و بەو هۆکارە لە منداڵیەوە ئەرکی یارمەتی دانی ئەوانی کەوتە ئەستۆ ... ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش خۆشەویستی باوکی بۆ دیزل بە هرەمەندی دیزل باوکی رەوانەی ئەلمانیای کردو لەلایەن خزمێکی باوکی مایەوە لەشاری – ئۆرگسبۆرگ – و چووە قوتابخانەی پیشەسازی و تا تەواوکردنی خووێندنی لەم قوتابخانەیەدا .

بۆ تەواوکردنی خووێندنی باڵاتر چووە قوتابخانەی زانستی لەشاری میونخ و دەستی کرد بەبەدی هێنانی خەونەکانی ، کە ئەویش تووێژینەوە بوو لە بواری میکانیك و دوای دەرچوونی لەزانکۆ گەرایەوە فەرەنسا ... لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، بوو بە بەرێوەبەری یەکێك لە لقەکانی

کۆمپانیای – لیند – ئامێرێکی بەستەنی – تجمید – و لەپاریس چەند داهێنانێکی تۆمارکرد ... کە گرنگترین ئامێری بەستەنی بوو کە لەوکات بەزۆری لە پیشەسازی بەکاردەهێنرا ...

ڕۆدۆلف دیزل لەساڵی ۱۸۹۰ دا بیرۆکەی داهێنانی ئەو ئامێرەی کە لەخوولیای مێشکیەوە بوو هەموو داهێنانێك دەرهاویشتەی دوو تووخمی سەرەکیە . کە ئەویش بیرۆکەی جێ بەجێکردنە ... بەم جۆرە لە ساڵی ۱۸۹۳ لە کارگەی – man – واتە – مان – ی ئامێری دروستکردندا لەشاری ئۆکسبۆرگ لە ئەلمانیا . دیزل بەیارمەتی بەڕێوەبەری کارگەکە دەستی کرد بەتوویژینەوەو تاقیکردنەوە ، ئەویش لە پێناو دروستکردنی ئەو ئامێرە . ئەم کارەش ماندوو بوون و هەوڵ و کۆششێکی بێ ووچانی دەویست و تا ساڵی ۱۸۷۹ دا دیزل توانی ئامێرەکەی کە – بیست هۆرس پاوەر – واتە – هێزی بیست ئەسپ – بوو بەو شێووەیەی خۆی دەیویست کاری پێبکات . بەمەش دیزل شۆڕشێکی گەوورەی لە جیهانی میکانیکدا بەرپاکرد ... دوای ئەوە دیزل پەرەی بەو ئامێرەدا کە بەناوی دیزل بوو .

لە ساڵی ۱۹۰۳ ئەم ئامێرە بۆ کەشتیەك بەکاریهێندلرا کە لە دەریای قەزویندا کاری دەکرد و لەساڵی ۱۹۰۵ کۆمپانیای – مان ، بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لە شاری – کیفی – پایتەختی ئۆکرانیا بەکاری هێنا ... هەروا بۆ یەکەمجار لەشەمەندەفەر لە ساڵی ۱۹۱۲ بەکارهێندرا .

ئەم مرۆڤە لەکارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ۱۹۱۳/۹/۲۹ دیزل لە گەشتێکی لە دەریای بەلژیکا کە بەرەو بەریتانیا بەرێکەووت بە مەبەستی دارشتنی بناخەی کارگەیەکی تازەی ئامێری دیزل ... بەڵام بەم ئامانجە نەگەیشت و بۆ رۆژی ۱۹۱۳/۹/۳۰ ئەم کەسایەتیە وون دەبێ و واش پێ دەچێ کە خۆی فرێدابێتە ناو دەریاو گیانی لەدەست دابێ ... کە ئەمەش بووە زیانێکی گەوورە لە بواری زانستی میکانیك لەجیهاندا .

سەرچاوە :– گۆڤاری مێرگ – ل/۳۰ . وەرگێرانی ئەندازیار محەمەد سالح فەرەج .

۱۸۵۸/۱۲/۲ لە دیك بوونی هونەرمەندی مۆزیکاژەنی ناوداری ئیتاڵی – یوتشین – لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا.

١٨٥٩

١٨٥٩/٥/٢ لەدایك بوونی ئەدیبی ڕۆماننووسی بەریتانی - جیرۆم كلایكا - لە ستادفور شابەری بەریتانیا ... لەتەمەنی چوار ساڵی بێ دایك و باوك ماوەتەوە . چەندین كاری جیاوازی كردووە لەوانە ڕۆژنامەوانی و وانەگووتنەوە ...چەندین چیرۆكی لە ڕۆژنامە بڵاوكردۆتەوە ... یەكەم ڕۆمانی لەساڵی ١٨٨٥ بەناوی - لەسەر نەخشەی دەروەیدا - بڵاوكردەوە. لەمانگی/١٨٨٨/٦ جۆرجینا ئیلزابیتی مارەكرد و لەسەر نووسینە گاڵتە جاریەكان بەردەوام بوو ... لە ساڵی ١٨٨٩ لە ڕۆمانی - سێ پیاو لەبەلەمێكدا - خۆی نواند ... بیرۆكەی چیرۆكەكانی لە مانگی هەنگوینی و خۆی و گەشتێكی لەگەڵ هەردوو برادەرەكەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا وەرگرت . لەساڵی ١٨٩٣ چاپكراوێكی دامەزراند كە دووهەفتە جارێك دەردەچوو . دوای بە ئەنجام گەیاندنی لە گەڵ بە دەیا بەرهەم .

لە ساڵی ١٩٠٢ ژیاننامەی خۆی لە پەرتوكێكدا بڵاوكردەوە بەناونیشانی - پۆل كیلڤەر - ئەم نووسەرە لەسەر كارە هەمەلایەنەكانی بەردەوام بووە تاكوو لە ١٩٢٩/٦/١٤ لەنەخۆشخانەی حكوومی كۆچی دوایی دەكا .

شایانی باسە كە ئەم نووسەرە بە ڕۆمانی - سێ پیاو لەبەلەمێكدا - ناوبانگی دەركرد ، كە بەیەكێ لە شاكارەكانی ئەدەبی گاڵتەجاری جیهانی دەژمێردرێت و تاكوو ئێستاش بەهای بوونی خۆی لەلای خوێنەران بەرز ڕاگرتووە لەجیهاندا .

١٨٥٩/٧/٣١ لەوكاتەی كە دەسەڵاتی عوسمانی لە هەرێمی لوبنانی ئێستا بەرەولاوازی هەنگاوینا ، لە هەمان كات ئەوروپیەكان دەست تێووەردانیان لە باری مەزهەبە مەسیحیەكان دەكرد ، وەك ئۆرسوزكسی . كە سەر بە ڕووسیای قەیسەری بوون و كاسۆلیكەكانیش كە سەربە فەرەنسا بوون و پرۆستانتەكانیش سەربە بەریتانیا بوون لە وولاتەكەدا.

لەوكاتەش لایەنە ئیسلامیەكانیش لەو ململانێیە دوور نەبوون بەتایبەتیش لە دوا ڕۆژی ڕووداوەكانی لوبنان ، لەوكاتەش دەست تێووەردانی لایەنی

دوورزەکان لە گۆڕەپانی ململانێیەکان سەری هەڵداو بەریتانیاش یارمەتی دەدان دژی کاسۆلیکەکانی سەر بەفەڕەنساو لایەنگیری و پیشبڕکێ کردنی لە نێوان فەڕەنساو بەریتانیا ئاشکرابوو لە وولاتەکەدا .

١٨٥٩/١٠/٧ شاعیرو رەخنەگرو چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی – ئەدگار ئەلان بۆ – کۆچی دوایی کردووە ، ئەویش بە هۆی تووش بوونی بەنەخۆشی مێشك ، ئەویش بەخووێن لەبەر چوون – نزیف الدم – دوای خۆشی پەرە کاخەزێکی جێهێشتبوو یەك دێری لەسەر نووسیبوو ئەویش :– خودایە روحمم پێبکەی بێ هۆیەکی دیار ئازارێکی زۆرم کێشاوە .
ئەم شاعیرە لەنێوان ساڵەکانی ١٨٠٩ – ١٨٤٩ بناخەی چیرۆکی ترس و تۆقاندنی داناوە ... لەساڵی ١٨٤١ کاتێ رۆمانی– تاوانبارانی شەقامی جۆرج – ی نووسی رەشبین و هەستیری بوو ... هەروا لەلایەن سکسی خوورت نەبووە .
<u>تێبینی :–</u> بەدرێژایی قۆناخەکانی مێژوو زاناو رووناکبیران و زاناکان لەباری هەژاری و مەینەتدا ژیاون تاکوو کۆچی دوایی دەکەن ، کە تەنیا نووسینەکانیان دەبێتە سەرمایەی زیندوو لەجیهاندا .

<u>سەرچاوە :–</u> علی رقاب العیاد – ئەنیس مەنسوور میسر /٢٠٠٤ .

١٨٥٩/١٠/٢٠ فەیلەسوف پەروەردگاری پێشکەوتووی جیهان – جۆن ئارشیبالد سبریفۆرد ، ناسراو بە – جۆن دیوینی – لە شاری بیرلینفتۆن فێرمۆنتی ، لە وویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... قۆناخەکانی خووێندنی تاکوو قۆناخی زانکۆش هەر لەم شارەدا لەساڵی ١٨٧٩ تەواودەکات ، بە تایبەتی لەبەشی تیئۆری گەشەکردن . دوای ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی خووێندنی باڵا تەواودەکات .
لە هەمان کات بیرۆکەی درێژەدان بەخووێندنی فەلسەفە لەهەستی دەخوولێتەوە ، ئەویش بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێك لەم بوارەداو هەست بەسەرکەووتن دەکات . دوای ئەوە درێژە بەخووێندن دەدا لە زانکۆی – هۆبکنز– بە خووێندن ، کە لە ژێر دەستی هزرمەندانی بەتوانا و

سەرنجراكێش دەبێت وەك ، جۆرج سیلفستەر مۆریس و ، گی ستانلی هال ئاسۆی زانستی رووناكتر دەبێت .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٨٤ بروانامەی دكتۆرا بەدەست دێنێ و ، دوای ئەوە بۆماوەی ١٠ ساڵ لە زانكۆی مەشیگان وانەی فەلسەفەو پەروەردە دەڵێتەوە هەر لەو ماوەیەشد چەندین كتێب بەرهەم دێنێ لەوانە ، دەروونزانی لە ساڵی ١٨٨٨ . وتارە نوێیەكان لەساڵی ١٨٨٨ . كە ناوەڕۆكی ئەم كتێبانە تایبەت بوون بە تێگەیشتنی مرۆڤ لە ژیانیدا .

سەركەووتنی لەم دوو كتێبەدا بووە هۆی زیاتر گرنگیدان بەرەو ئایدیالیستی هیگل هەنگاوبنێ . دوای ئەوە بەهاوكاری زانای بەناوبانگ جیمس هایدن تـالمیس لـە هـەمان زانكـۆ یـەكتریان ناسـی و لەسـاڵی ١٩١٨ كتێبێكـی هاوبەشیان بەناوی – ئاكار – بڵاودەكەنەوە .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە ئەم زاناو فەیلەسوفە جۆدوین كاریگەری دیارو بەرچاویان دەبێ بەسەر بیركردنەوەی هاوچەرخ و پەروەردەو فێركرندا ، كە زیاتر لە ١٥ بەرهەمی نووسینی هەبووە... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٠ لە زانكۆ خانەنشین دەكرێت ، دوای ئەوەش ٦ بەرهەمی دیكە لەنووسینەكان بەرهەم دێنێ لە نێوان ساڵەكانی ١٩٣١ –١٩٥١ تاكوو لە ١٩٥٢/٦/٢٠ كۆچی دوایی دەكات .

سەرچاوەكان :– www.auabpsychology.com
www.azzaman.com

١٨٥٩/١١/٢٤بڵاوكردنەوەی دانراوە بەناوبانگەكەی زانای سروشتی بەریتانیا – سارلز داروایـن– – فی اصل الانواع – كە تیئۆریەكەی روون دەكاتەوە ، لە بارەی پەرەسەندنەكاندا ، كە تاكوو ئێستا ئەم دانراوەش جێگەی مشتوومرە لە نێوان زانا بە ناوبانگەكانی جیهان ، كە بەتەواوی نەتوانراوە بەرامبەرەكەی راستی ئەو ناونیشانە ببەزێنی لە جیهان لە هەموو بوارە جیا جیاكان .

١٨٦٠

١٨٦٠/٣/٢٤ بڕیـاری جێبـەجێكردنی سـنووری دەریـایی لـە نێـوان فەڕەنـساو ئیتاڵیـا

دیاریکرا ، بە پێی پەیمانی – تۆرینۆ– ، هەروا دیاریکردنی سنووری سەر زەوی‌و شاخ‌و زەویەکان لە نێوان وولاتانی سەرکەنارەکانی دەریاو زەریاکانیش دیایکرا ، لە پێناو ئازاد بوونی پەیووەندیەکان لە جیهاندا.

١٨٦٠/٦/٢٠ ئیبراهیم شێخانی لەدایك بووی شاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا بووە . جێگەی باسکردنە کە ئەم مرۆڤە کوردە دڵسۆزە بۆ عەرەب و ئایینی ئیسلام لەماوەی ژیانی خۆی لە پێناو ئەو دوو ئامانجە تێکۆشاوە . ئیبراهیم شێخانی بەشداری لەشۆڕشی سووریا کردووە تا کۆتایی لە ساڵی ١٩٣٨ ، چووە ریزی شۆڕشگێرانی فەلەستین دژی ئیسرائیل کە لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بووە .

ئەم مرۆڤە کوردە لەدونیا هیچی نەویستووە تەنیا جیهاد لە پێناو خواو نەتەوەی عەرەب ، تاکوو لە جەنگی رۆژهەلاتی وولاتی ئوردن لە ١٩٣٩/٢/٢١ دەکووژرێ و دانیشتووانی شارۆچکەی – عەجلون – هەر لەوێ بەخاکی دەسپێرن .

تێبینی :– ئەم مرۆڤە کوردە هەرچەند ناوی ئیبراهیم شێخانی لە خۆناوەو هەوڵکانی لەدژی کوردو خاکی داگیرکراوی بووە ، نەك خۆبەختکردن لە پێناو کوردو کوردستان .....؟.

١٨٦٠/٧/١٥ لەدایك بوونی یاسا ناس و دبلۆماتکارو رامیارو رۆژهەلاتناس وشووێنەوارناس و پلاندانەری ئەلمانی – ماکس فۆن ئۆپنهالم – لە شاری کۆلن لەئەلمانیا ، لەخێزانێکی بانکدارکە خێزانەکەی خاوەنداریەتی بانکیان هەبووە ، کە لە سەدەی هەژدەم ئەو بانکەی دایمەزراندبوو لەلایەن باپیرە گەورەی کە لەو کات بانکەکانی وەبەرهێنان لە ئەلمانیا ، کە تاکوو ئێستاش لە بووندا هەیە لە وولاتەکەدا .

هەروا ماکس فۆن خوێندنی یاسای لەزانکۆی ستراسبوگ لە ساڵی ١٨٧٩ تەواوکردیە کە ئەو کاتە بەشێك بوو لە ئەلمانیا ... هەروا لە ساڵەکانی ١٨٨١ –١٨٨٣ لەزانکۆی بەرلینی پایتەختی ئەلمانیای خوێندووەو لە مانگی /١٨٨٣/٢ لە تاقیکردنەوەی نێوو دەوولەتی سەرکەووتنی بەدەست هێنا . لەمانگی /١٨٨٣/٣ بروانامەی دکتۆرای لەیاسا بەدەست هێناوە لە زانکۆی – کوتنجن – دوای ئەوە زمانی عەرەبی زۆر بەباشی فێربووە بەهۆی خوێندنی

لەلای مامۆستای پسپۆری زمانەوانی لە تەمەنی لاویەتیدا .
بۆ یەکەم جار هەڵسا بەگەشتێك بۆ رۆژهەڵاتی تورکیاو میسر لەساڵەکانی ١٨٨٣ – ١٨٨٤ و لەساڵی ١٨٨٦ گەشتی بەرەو وڵاتی مەغریب ئەنجامدا .
بەر لەوەش بەسەردانێکی زانستیانەی گەورە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٢ – ١٨٨٣ سەردانی هەرێمی شامی کردووە و هەر لەو سەردانەیدا بەرەو بەسرە کۆچی کردووە ، کە بە ناو خاکی باکوورو باشووری کوردستان تێپەڕیووە و دوایی بەرەو هیندستان و دوایی بەرەو ژێر دەستەکانی ئەراشیای نوێ لە رۆژهەلاتی ئەفەریکیا . لە گەرانەوەیدا کتێبێکی بەناوی – لەدەریای سپی بۆ کەنداوی فارسی – داناو بڵاویکردەوە کە لە دووبەش پێکهاتبووئەویش:–
یەکەمیان:– لەساڵی ١٨٩٩ بەچاپی گەیاندو بەشی دووەمی لە ساڵی ١٩٠٠ بەچاپی گەیاندووە ، لەساڵی ١٨٩٥ گەشتێکی بۆ شاری ئەستەمبوڵ کرد و لەو گەشتەیدا چاوی بەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کەوت . لە ساڵەکانی ١٨٩١ – ١٩٠٦ کوونسل بووە لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر . لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠٠ پاداشتی هەمەجۆری بۆ وڵاتەکەی نووسیووە لەهەموو بوارەکانی کارمەندایەتیدا .
لەو ماوەیەشدا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ تورك و عەرەب ئەنجامدا . لە ساڵی ١٨٩٩ شووێنەواری لە رۆژهەڵاتی سووریا لە گردی حلف دۆزیووەتەوە کە دەکاتە رۆژئاوای کوردستانی ئێستای بەسووریا لکێنراوە ... لە ساڵی ١٩٠٢ بووە بەرپرسی دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان شاری بەغداو شاری بەرلین ، بە نوێنەری ئەلمانیا بەشداری لەکۆنگرەی رۆژهەڵاتناسی چوارەم کردووە لەجەزائیر .
لە ساڵی ١٩٠٨ بەشداری لەکۆنگرەی رۆژهەڵاتناسی کردووە لە شاری کۆبینهاگنی پایتەختی دانیمارك . لە ساڵی ١٩٠٩ دەستی لەکارەکانی کێشاوە ، لەماوەی ژیانیدا ماکس فۆن زیاتر لە ٢٧ بەرهەمی هەمەلایەنەی دانراوەکانی هەبوو ، لە هەموو بوارەکانی رامیاری و یاسایی و شووێنەوارو رۆژهەڵاتناسی و چەندین بابەتی دیکەدا .
لە گەڵ ئەوەشدا بەژداری تەواوی کردووە لە لێژنەکانی دیاریکردنی سنووری نێوان سووریاو ئێراق و ئێران و تورکیا لە دوای دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەو وڵاتانە بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ . ئەم

مرۆڤـە بـەردەوام بـوو لـەکارە هەمـەجۆرەکانی تـاکوو کۆچـی دوایـی لـە ١٩٤٦/١١/١٥ لەشاری لانشتن لە ئەڵمانیا کرد هەر لەو شارەش نێژرا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣

١٨٦١

١٨٦١/٢/١٩ سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی بورژوازی لە ڕووسیای قەیسەری ، بە لە ناو بردنی وردە وردەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە ڕووسیا ... لە هەمان کاتدا بـە سـەرهەڵدان و دروسـت بـوونی پـارت و ڕێکخـراوو گرووپـی ڕامیـاری و نەتەوایـەتی و نیـشتمانی و چـینایەتی لـەم وڵاتـەدا ، دژی چەوسـانەوەو بازرگـانی کـردن بە مـرۆڤ لەلایـەن مرۆڤـەوە لـە وڵاتەکـەو هـەنگاوونانی بـەرەو وڵاتانی جیهان .

١٨٦١/٤/١٢ بەرپابوونی شـەڕی نـاوخۆیی ئەمـەریکا لـە نێوان ویلایەتـەکانی باشوورو ویلایەتـەکانی بـاکوور ، کـە ئـەم شـەڕە ناوخۆییـە بـۆ مـاوەی چوارسـاڵ بەردەوام بوو لە وڵاتەکەدا .

ئـەویش ویلایەتـەکانی باشـوور ، کـە لـە ١٥پـانزە ویلایـەت پێکهـاتبوون و داوای سەربەخۆیی ناوخۆیان دەکرد، لە سەر ئەوبنەمایەی کە مافی خۆی بـوو ، کـە دان بەیاسـای قەدەغـەکردنی دیلایـەتی - عبیـد- نـەکات . کـە ویلایەتەکانی باکوور بەردەوام بوون لە هـەڵگرتنی ڕژێمی دیلایەتی لە ژێر دەسـەڵاتی سـەرۆکی ئەمـەریکا - ئیبراهـام لینکـۆڵن- ، لـەو کاتـەی کـە ویلایەتەکانی باشوور ناوزەندبوون بە ویلایەتەکانی هاوپەیمان ، یاخوود جیاکەرەوەیی . کە حکوومەتێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی جیفرسۆن دافیزو داوای کرد بە مافی جیابوونەوە لەو یەکیەتیەی کە لە نێوان باکوورو باری ئەمەریکادا هەبوو لە وڵاتەکەدا .

١٨٦١/٦/٦ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولمەجید خانی دووەم لە تەمەنی/ ٤٠ چل ساڵیدا کۆچی کردو ماوەی دەسەڵاتدارێتی لە سەر ئیمپراتۆڕیەتی عوسمانی ٢٢ ساڵ و نیوو بوو ، کە ئەو نیشانی مەجیدی لەسەر دراوی عوسمانی داناو لـەدوای خـۆی براکـەی بـووە سـوڵتانی عوسمـانی لـە سـنووری ئیمپراتۆریەتەکەدا .

٩ / ٧ /١٨٦١ گەر بگەڕێینەوە بەر لە مێژووی زایینی و داگیرکەرانی مەگۆل و عوسمانی و ئیسلامی ... زەویـەکانی کـە کەوتوونەتـە نێـوان شـاری کـووتی ڕۆژهـەڵاتی

بەغداو قەزای بەدرەی باکووری شاری کووت ، دانیشتووانی کەم بووە بەهۆی کەمی ئاو لە ناوچەکەدا .

بەڵام دانیشتووانی کورد تاکوو دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٢٠ و بەر لەسەردەمی رژێمی بەعسی لە ئێراق دانیشتووانی کورد لەو شارە بە ٧٠٪ مەزەندە دەکرا بە پێی ئامارەکانی کە کوردی لوڕ دانیشتووانی رەسەنی ئەم شارەو دەووروبەری بوونە . کە ئەمەش نووسەری بەناوبانگ یەعقوبی لە جووگرافیای عەرەبی پێشوو بە – العجم – و لە سەدەی نۆی زاینی لە – کتابی وولاتان – ل/٧٩ کە دەڵێ :-

واست – واتە شاری کووت – دووشارە لە سەر هەردوو بەری زێی دیجلەی رۆژهەڵاتی کۆن و شاری رۆژئاوا ، کە پردێك لەنێوانیان هەیەو دانیشتووانی ئەم دووشارە چۆڵ بوونە لەعەرەب و عەجەم – واتە عەرەب و فارسی تیا نەبووە تەنیا کورد نەبێت .

هەروا عەبدورەزاق حوسنی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە لە نووسینەکانیدا . لە ئێراقی کۆن و نویێ لە ل/١٩٥ . مەبەستیش لەعەجەم لەدوای بەکوردی ئێرانی هاتووە . هەروا لەشارۆچکەی عەزیزیە و سووێسرەو چەندین جێگەی دیکە . کە سووێسرە – لە سورایەتی هاتووە و ناوێکی کوردیە لە بەر ئەوە سوێسرە ووشەیەکی عەرەبی نیە . هەروا عەباسی عەزاویش لە کتێبی عەشیرەتەکانی ئێراق کوردی لاپەرە /١٨٧ دووپاتی ئەو راستیانە دەکاتەوە . لە بەر ئەوەی دانیشتووانی شاری عەلی غەربی ٩٥٪ و عەلی شەرقی ٧٠٪ کوردن و لەزمان و نژاد و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیان ، کە دەکەونە رۆژئاوای زێی دیجلە .

هەروا شاری عمارە ٣٠٪ دانیشتووانەکەی کوردبوونە , عەباس عەزاوی لەمێژووی ئێراق ج/٨ ل/١٣ دەڵێ :-

لە ساڵی ١٢٧٨ شاری کووت دروستکراو دانیشتووانەکەی لە عەشیرەتی – دووزاوە – بووە ، لە للوڕە فەیلییەکان و چەندین عەشیرەتی دیکە و حکوومەتێکیان لە شارەکە دامەزراندووە ... هەروا شارۆچکەی شێخ سەعد کە سەر بەقەزای عەلی غەربیە ولە سەر سنووری قەزای بەدریە ، کە رێژەی دانیشتووانی ناحیەی شێخ سەعد ٧٥٪ کوردبوونە .

هەروا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەم گەرەکانەی شاری عمارە بەم شێووە

بووە ، گەرەکی حوسین ٣٠٪ و گەرەکی مەحمودیە ٦٠٪ و گەرەکی فاو ٧٠٪ و سەرای ٢٠٪ و ماجدیە ٤٠٪ و جەدیدە ١٠٪ ، و ، هەروا ریژەی کورد لە ناحیەی کەملا ٢٠٪ و ، هەروا ناحیەکانی میسان و مەجەر هەن ، کە سەر بەقەزای قەلای سالحن .

هەروا لە پاریزگای دیوانیە دانیشتووانی کورد زۆرن کە لە عەشیرەتەکانی شیخ بزینی و هەماوەند و دزەیی پیك هاتوون .. هەروەك عەباس عەزاوی لەکتابی عەشیرەتەکانی کوردی لە ئیراق لە لاپەرە /١٧٨ – ١٨٨ دووپاتی ئەو راستیانە دەکاتەوە کە عەشیرەتەکانی .

١– ال عمران – العرجان – البوودریعی – البووموونس – البوتالوو – کە دەلین ئەمانە لەعەشیرەتەکانی شیخ بزینین .

٢– البوعنگرد – البووصفر – البووهنردل – ال بشیر – البووهجوول – البووموس – ئەمانەش لەعەشیرەتی هەماوەندن.

٣– البووعبید – البووعوودە – البووحاجی هادی – البوو عباردە – البوو عەبدوالسید – البوو حاجی حسین – البوو مهیدی – ئەمانەش لەعەشیرەتی دزەیین .

ئەم عەشیرەتانە هەمووی تەعریب کراون لەلایەن رژیمە یەك لەدوای یەکەکانی ئیراق ، بەرلەوانیش لە ریگەی فتووحاتی ئیسلامی و مەگۆلی و عوسمانیدا . واتە لە هەموو پاریزگاکانی ناوەندو باشووری ئیستای ئیراقی بە زۆر دروستکراو ، کورد دانیشتووانی بووە لە گەل فارسی و ئارامی و نەتەوەکانی دیکە ، بەر لە هاتنی و دوای هاتنی مەگۆل و ئیسلام و عوسمانی و تاکوو ئیستاش کورد پەرت و بلاون لە ئیراق .

بە هۆی بە عەرەب کردن و داگیرکردنی نژاد و زمان و داب و نەریتی کورد بەرەو نەمانی هەنگاوی پینراوە لەهەموو بوارەکان ، لە لایەکی دیکە دەسەلاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەهەریمی باشووری کوردستان بەردەوام هەولی لەناوبردنی کوردیان داوە ئەویش بەدەربەدەرکردنی عەشیرەتی هەماوەند ، لە سالی ١٨٨٦ لەپاریزگای کەرکوك بەرەو شاری تەرابلسی وولاتی لیبیای ئیستا .

١٨٦١/١٢/١٢بەپیی ریکەووتنامەی هاوپەیمانی لە نیوان بەریتانیاو ئیسپانیا، هیزەکانی سووپای ئیسپانیا هیرشیان کردە سەر شاری – ڤیراکروز– ی مەکسیکی ،

دوای ئەویش هێزەکانی سووپای فەرەنساو بەریتانیا هێرشیان کردە سەر وولاتی مەکسیك ، دوای چەند مانگێك ، واتە لە مانگی/١٨٦٢/٤ بەریتانیاو ئیسپانیا لە پەیمانەکەی نێوانیان دەرچوون بە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوانیاندا .

١٨٦٢

١٨٦٢/١/٢٤ لەدایك بوونی نووسەرو رۆماننووس و نەخشەسازی بە ناوبانگی ئەدەب خاتوو – ئیدیس وارتۆن – لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەندی شاری نیۆرکی ئەمەریکا ... ئەم شاعرە هەر لەسەرەتاوە پێنووسەکەی بەهێمنی و ووردی دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە . لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چەندین کۆمەڵە هەڵبەست و چیرۆکی لە ژمارەیەك بڵاوکردۆتەوە لەرۆژنامەکانی شاری نیورۆك.

لە ساڵی ١٨٨٥ شوو بەئێدوارد وارتۆنی دەوڵەمەند دەکات ، کە پانزە ساڵ لەخۆی گەورەتر دەبێ ، کە ئەمەش بووە هۆکاری رووخاندنی نووسینەکانی و دەست کردن بە گەشتیاری ... لە ساڵی ١٨٧٩ یەکەم پەرتووکی بە سەرکەووتوویی بەیارمەتی –بیر – ی هاوڕێ وئەندازیارێکی پیشەسازی بەناوی ... دکتۆری ماڵەکان ... بڵاودەکاتەوە ، لەساڵی ١٩١٠ چیرۆکی – پیاووخێوەکانی – بڵاودەکاتەوەو لەگەڵ ئێدوارد وارتۆنی هاوسەریشی دەچێتەوە فەرەنسا .

لەوێ پەیوەندیان تێك دەچێ و لە یەك جیادەبنەوە . لە ساڵی ١٩١١ کورتە چیرۆکە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی – نیسان مرۆم – بڵاودەکاتەوە... ئەم نووسەرە لەکارەکانی بەردەوام دەبێت تاکوو لە ١٩٣٧/٨/١١ کۆچی دوایی دەکات و لەتەك والتەر بێری ئاشقی دەنێژرێت لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – داناني – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /١ .

١٨٦٢/٣/٩ شەڕی کەشتی زرێپۆش بە ناوی Lrenclads لە نزیك وویلایەتی ڤرژینیا ، کە یەکەم بە بەکارهێنانی کەشتی جەنگی بوو لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا لە نێوان هێزەکانی سووپای کونفردرالیو سووپای یەکگرتووەکان بەکاربێت لە وولاتەکەدا .

١٨٦٢/٥/٤ یەکەمین دەنگووباسی بەرکەووتووانی مینرێژکراو بلاوبووەوە . شایانی باسە مێژوونووسێکی سەربازی ئەلمانی مێژووی دروستکردنی مین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەم و بە مینی فریووی ناوزەند کردووە . لە کاتێکدا ئەندازیارێکی ڕووسیای قەیسەری لە سالی ١٨٥٥ توانی دیزاینی مینی دژە کەسی ساچمدار بکات .

هەرلەو کاتەدا شووێنەوارناسی چینی لە باکووری ئەم وولاتە لە سالی ٢٠٠١ - ٢٠ مینی دۆزیەوە ، کە مێژوویان دەگەرایەوە بەر لە ٦٠٠ سالْ ... ئەم هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ شەڕە ناوخۆییەکان وشەڕەکان لە نێوان وولاتانی دراوسێی یەکتری و ناوچەیی و هەرێمی و ، هەروا شەڕەکانی ئیمپراتۆریەکان و ، جەنگەکان لەجیهاندا .

بە تایبەتی لە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا ... کە بووە هۆی چاندنی مینی کەسە کووژی و تانك و ئۆتۆمبیلە سەربازیەکان و مەدەنیەکان چ دژی رژێمە داپلۆسێنەرەکان و چ دژی جوولانەوەی رزگاریخوازی میللەتان لە وولاتە جیاجیاکانی جیهان .

کە ئەمەش بووەتە هۆی چاندنی بە هەزاران ملیۆن مین و گیان پیْ لە دەستدانی بەهەزار کەسی بێ تاوان لە جیهان .

کـه کوردســتانیش یـەکێك بـووه لـەو نیـشتیمان و ناوچـە داگیرکراوانـەو
گـەمارۆدانی جوولانـەوە نیـشتیمانیەکەو یـەك لەوانـە ، چاندنی مـینی دژ بـ
هێزە چەکدارەکانی ئەو جوولانەوە رزگاریەو گیان پێ لـە دەسـتدانی بەهـەزار
هـاوولاتی کـوردو شـەهیدبوونی لەلایـەن رژێمـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی ئـەو
وولاتانەی کە کورد و نیشتیمانی کوردیان بە سەردابەش کـراوە داگیر کراو
و وولاتەکانیان لێ پێکهێنراوە وەك .
ئێـران و ، تورکیـاو ، ئێـراق و ، سـووریاو ، رووسـیای یـەکگرتوو ، تـاکوو
ئێستاش ئەم کارە نەبراوەتەوەو ئاسەواری هەر ماوە لەسـەرخاکی کوردستان
لە کێشووەرەکەدا .

١٨٦٢/٨/٢٩ لـە سـەرەتای نەخشەکێشان و چاپکردنی دراوی دۆلاری ئەمـەریکی کـە رۆڵی
بنەرتی و سەرەکی هەبووە وهەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا ، بـە تایبـەتی
لە بواری ئابووری لە بە هێز کردنـی ژێـر خـانی ئابووری ئەمـەریکاو وولاتـانی
دیکەی جیهاندا .
کە ئێستا هەموو وولاتانی جیهان بێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ دراوی دۆلاری
ئەمـەریکی دەکـەن ، کـە هێمـای دراوی جیهـانی بـەخۆوە گرتـووە لەمامەڵـە
پێکردنی بەتایبەتی لە بواری بازرگانی لەجیهاندا .

١٨٦٣

١٨٦٣/١/١ شـازدەمین سـەرۆك کۆمـاری وولاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لـە بڕیـارێکی
مێژوویی و چارەنووس سازیدا بە ئازادی رەش پێستەکان ... کە ئەم بڕیارە
بـووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی هـەموو جوازیـەك لـە نێـوان رەش پێـستەکان و
سپی پێستەکان و رەگەزە جۆراو جۆرەکانی دیکە لـەژێر یاسایەکی یەکسان
لەو وولاتەدا.

١٨٦٣/١١/٢٦ دامەزرانــدنی ئــەو کەرنەڤالــە وەرزشـیە گـەوورە جیهانیـەی کـە هـەموو چوار ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێـت ... یەکیـەتی تـۆپی پێـی ئینگلیزی .

شایانی باسە یەکەم یاری فەرمیش لــە ١٨٧٢/١١/٣٠ لــە نێــوان هەڵبــــژاردەی ئینگلتــــەراو ئیـسکۆتلەندە ئەنجامــدرا ، کــە یاریەکە بێ گۆڵ کردن کۆتایی هات لە یاریگای وەرزشی وولاتەکەدا .

١٨٦٤

١٨٦٤/٨/٢٢ مـۆرکردنی رێکەووتنامـەی نێوودەوڵـەتی لـە شـاری ژنێـف تایبـەت بـە بـاری تەندروسـتی سـەربازە برینـدارەکانی جـەنگی نێـوان وولاتـانی شـەڕکەر لـە ناوچەو هەرێمەکانی جیهان ، بە تایبەتی لە شەڕە گەورەکاندا .

١٨٦٤/٨/٢٢ مـۆرکردنی رێکەووتنامـەی شـاری ژنێـف ، کـە بەنـدە بـە باشـکردنی بـاری زامـدارو نەخۆشـیەکان و تووشـبووەکانی گۆڕەپـانی جـەنگ ، کـە لـە دوای مێژووی ئەو ڕێکەوتنەش چەندین هەموارکردن لە سەر ئەورێکەووتنامەیە کراوە ، لە پێناو بەرەوپێش بردنی باری دەروونی و تەشەنەداری نەخۆشیە هەمـە جۆرەکـان ، کـە دواگـۆڕینیش لـەو رێکەووتنامەیـە کە لـە ١٩٤٩/٨/١٢ بووە لە جیهان .

١٨٦٤/٩/٢ دامەزرانـدنی یەکـەم رێکخـراوی ئومەمیـەت ، واتـە نیوونەتـەوەیی، لـە نێـوان بیروبۆچـوونەکانی سۆشیالیـستی و تێکـدەرو بـەرەڵایی و لیبڕالیـەکان لـە نووێنـەری ١٣ وولاتــی ئـەوروپاو ئەمــەریکاو ئـەڵمانیای یـەکگرتوو بــە سـەرکردایەتی - ئۆگـست بیبـڵ - فیلـهیلم لیبکنیشت- کـە کـارڵ مـارکس پڕۆگرامـی ئـەورێکخراوە ئومەمیە یەکەمەی داڕشـتبوو ، بەپێی بارودۆخی

ئەوکاتو ئەو سەردەم ، کە لە دوای ساڵی ١٨٧٠ ، فریدریك ئینگلش خۆی بووە سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە لە جیهاندا .

١٨٦٥

١٨٦٥/١/٢٨ لە دوای دامەزراندنی تۆڕی تەلەگراف ، واتە ئامێری پەیوەندی ، لە ویلایەتی بەغدا ، کە یەکەم ئاخاوتن بەتەلەگراف کرا ، لە نێوان شاری بەغداو بەسرە بوو، دوای ئەوە لەگەڵ شاری خانەقینی باشووری کوردستانو دوایی بەرەو ئێران ، ئەویش بە هۆی بوونی کۆمپانیای دامزراندن بە هێلی ئاسنی شەمەندەفەرو کۆمپانیای نەوت لە ڕۆژهەڵاتو کێشووەری ئاسیادا .



١٨٦٥/٤/١٤ تیرۆرکردنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا – لینکۆڵن – ئەویش بە هۆی شەڕی بەردەوامی ناوخۆیی لە نێوان دانیشتووانە جیا جیاکانی ویلایەتەکانی باشوورو باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

کە ئەم کارە ش بە هۆی شەڕی ناوخۆی ئەنجامدراو بوو لە ئەمەریکا ، کە ماوەی چوار ساڵی خایاند .

١٨٦٥/٥/٢٧ کەسایەتی ڕووناکبیرو نووسەرو ئەدیبی کورد – ئیبراهیم عاسم ئیبراهید حەیدەری لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەلهێناوە.



جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم کەسایەتیە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی خاوەن زانست و ئەدەب بوونەو شاعیرو نووسەر بووە ... شێخی ئیسلام بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و وەزیری ئەوقاف بووە لەحکوومەتی شایەتی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق ... ئەم کەسایەتیە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی حەیدەریەکان لە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

لە دوای تەواوکردنی خوێندن لەو کات بروانامەی وانە گووتنەوەی بەدەست هێناوەو بۆتە قازی لە شارۆچکەی زاخۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ . دوای ئەوە چۆتە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا ... دەستی کردووە بە خوێندنی ماف و بروانامەی پارێزەری لەماف بەدەست هێناوە ... ئەم کەسایەتیە لە چەندین پلەو پایە کاری کردووە بەهۆی لێهاتوویی و توانای زانستی و ئەدەبی لەوانە:-

هەروا سەرۆکی دادگای بازرگانی لە شاری جدە ... داواکاری گشتیی لەمووسڵ – سەرۆکی لێژنەی خێرخوازی بالا لە ساڵی ١٨٩٨... ئەندامی ئەنجوومەنی مەعاریف لەشاری ئەستەمبوڵ ... بوونی بەقازی لەشاری دیاربەکر لەباکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٠٦ .

دوای ئەوە بووەتە شێخی ئیسلام لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ . هەروا چەندین پلەوپایەی دیکەی پێ سپێردراوە . لە دوای گەرانەوەی بۆ ئێراق ، هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر لە لیوای هەولێر لە ساڵی ١٩٢٤... دوای ئەوە بۆتە وەزیری ئەوقاف لە رژێمی شانشینی لە ساڵی ١٩٢٤ – ١٩٢٥ ، لە ساڵی ١٩٢٥ بەئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان دامەزراوە تاکوو لە شاری بەغدا لە ١٩٣١/١٢/١ کۆچی دوایی دەکات ... ئەم کەسایەتیە

چەندین دانراوی لەدوای خۆی جێ هێشتووە لەوانە :- تأریخ التصوف لدی الفرق الاسلامیه .

سەرچاوە :- اعلام الکرد ١٦٣/١٦٤ . معجم المؤلفین ٣٧/١. الاعلام الشرقیه ٤٩/١

١٨٦٥/٥/٢٧لــە دوای تیرۆرکردنــی ســەرۆکی ئەمــەریکا- لینکــۆڵن- ، - ئەندرۆ جۆنسۆن - بە سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرا .

کە لە بنچەدا دانیشتووی باشوورو لە پارتی دیموکراتی بوو ، لە هەمان کات لێبووردنی گشتی ڕایگەیاند ، کــە هــەموو ئەفــسەرە کۆنــەکانی گرتـــەوە کـــە لـــە ســـووپای جیابوونەوەی باشوور خزمەتیان کردبوو دژی باکوورییەکان لە وڵاتەکەدا .

١٨٦٥/٥/٢٧دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوانی عوسمانی لە شاری ئەستەمبۆڵ ، کە ئەو ڕێکخراوەیە بە نهێنیو خواستی بە ڕۆژئاوا کردنی دەسەڵاتی عوسمانی بوو، کە لەو کاتە ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە شەش ئەندام بوو تاکوو ساڵی ١٨٦٧ ، بەڵام دوای ئەوە ژمارەی ئەندامانی گەیشتە ٢٤٥ ئەندامو ، لە دوای ئەوە بە هۆی پاڵەپەستۆی وەزیری عالی پاشا لە سەریان ، مەڵبەندی ڕێکخراوی لاوان لە ئەستەمبۆڵ گووستراوە بۆ شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسا .

بــەڵام لــە دوای مردنــی عــالی پاشــا لێبــوودردنی گــشتیان بــۆ دەرچــوو بەگەڕانــەوەیان بــۆ ئەســتەمبۆل ، دوای ئــەو چــوونە نــاو کۆمەڵــەی ئیتحــادو تەرەقی لە پێناو گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان.

١٨٦٥/١٢/٣٠ لە دایك بوونی وێنەکێشی فەڕەنسی - هنری ماتیسی- کە بە مەزنترین هونەرمەندی وێنە کێش لە جیهان دادەنرێن لە پال بیکاسۆو ڤان گۆف لە جیهاندا .

١٨٦٦

١٨٦٦/١٢/٣زانکۆی ئەمەریکا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان دەرگاکانی کرایەوە بۆ

خووێنـدکاران بـە خووێنـدنی هەمەلایەنەی جیاجیـا لـە هـەموو بوارەکـان لـە زانکۆگاکەدا.

١٨٦٧

١٨٦٧/٢/١٥ رووناکبیرو زانای ناوداری رووسی و جیهانی – دۆستویفسکی – بە دوای کە سێدا دەگەڕا ، کە ڕۆمانەکانی بۆ بەچاپگەیاندن بگەیەنێ، ئەوە بوو لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەیەکگەیشتن ، کە ناوی – ئانا ستیستکین – بوو ، لەدوای ماوەیەکدا بەرلە وەرگرتنی رۆمانە دەستنووسەکەی ، هەردووکیان بەیەکـەوە کاریـان دەکـرد ، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی پەیووەنـدیان بەهێزبێت و لە ئەنجام بوونە هاوسەری یەکتری... ئەم کارە خێری تیابوو لە ماوەی دۆستایەتیە کەیان .

١٨٦٧/٣/٣٠ وویلایەتـە یـەککرتووەکانی ئەمـەریکا هـەرێمی ئەلاسـکای لـە رووسـیای قەیسری بـە پارەیـەکی خـەیاڵی کـڕی و خـستیە سـەر وولاتەکـەی بـە نـاوی وویلایەتی ئەلاسکا لە ئەمەریکادا .

١٨٦٧/٥/٥ نووسەرو شاعیری کورد – ئیبراهیم رەمزی – لە شاری فیومی وولاتی میسر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

جێگـەی باسـکردنە کـە بـاوکی رەوانـەی وولاتـی میـسری کـردووە لـەکاتی دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا ... دوای ئەوە هەڵسا بەدەرکردنی گۆڤارێك بە ناوی – فیووم – ی هەفتانەو لە هـەمان کات مێژووی – فیوونی – لـەکتابێك دانـا ... دوای ئـەوە بـەرەو پاریـسی پایتـەختی فەرەنسا بەرێکـەووت ، دوای ساڵێك زیاتر گەرایەوە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر .

لـەدوای گەرانـەوەی گۆڤـارێکی دەرکـرد بەنـاوی – ئـافرەت لـە ئیـسلام – داو هەروا رۆژنامەی – ئەلتەمەدن – ی دەرکرد ... هەروا دەزگایەکی بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی پیتـەکانی عـەرەبی لـە سـاڵی ١٨٩٩ دامەزراند . ئـەم نووسـەرە کوردە لەکارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ١٩٢٤/٨/٢ کۆچی دوایی دەکات ، چەندین دانـراوی لـە دوای خـۆی جـێ دێلـێ وەك:– اصـول الاخـلاق . مبـادئ التعاون ، هەروا شعرەکانی . زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی و تـورکی بەباشی زانیووە ، جگە لە زمانی کوردی لەوکاتدا .

سەرچاوە:- رۆژنامەی دەستووری میسری ١٤/٥/٣٥٧ - مێژووی فیوون ١١٢/١١٧.

١٨٦٧/٥/٢٧لە دایك بوونی نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوداری جیهان - ئارنۆلد بێنێت لەشاری هانلی . كە كەوتۆتە ناوچەی - ستارفۆرد - لە ئینگلتەرە ... لەدوا؛ تەواوكردنی پلەكانی خوێندنی دەستی كرد بە نووسنی ووتارو چیرۆ بڵاوكردنەوە ... لە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری لەندەن بووە سەرنووسەری گۆڤار؛ ئافرەتان .

لە ساڵی ١٨٩٦ بوو بە بەرێوەبەری تەواوی گۆڤارەكە ... لە ساڵی ٨٩٨ رۆمانی - كابرایەكی باكووری - بڵاوكردەوە ... لە ساڵی ١٩٠٠ وازی ل بەرێوەبەرایەتی گۆڤاری ئافرەتان هێناو دەستی بەنووسینی بە نرخی كرد ئەم مرۆڤە بەردەوام بووە لە بەرهەم و نووسین ، وەك ئوتێلە مەزنەكەی ناپلۆ و راستی لەبارەی نووسەرەوە و چیرۆكی ژنە سەر سپیەكان و جەستە؛ ئەدەبی و شمشێری تۆزاوی و چەندین بەرهەمی دیكە تاكوو لە ٩٣١/٣/٢٧ كۆچی دوایی دەكات لە وولاتەكەیدا .

١٨٦٧/٦/١٩لە دوای ماوەیەكی كەمدا بە لابردنی سەرۆكی مەكسیك - خواریس- ل دەسەڵات ، بەڵام لە دوای گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی سەرۆكم مەكسیك - ماكسیمیلیان- ی لە دەسەڵات لاداو لە ئەنجام لە سێدارەیدا ، ك بارودۆخی مەكسیكی بەرەو زیندووكردنەوەی رژێمی كۆماری مەكسیكی بر بەرێووە لەووڵاتەكە.

١٨٦٧/٦/٢١شاندێكی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەردانی فەرەنساو بەریتانیا بەلژیكاو نەمساو مەژەری كرد ، لە ماوەی شانزە ڕۆژدا ئەویش لە ئاكام دەرچوونی والی خدێوی ئیسماعیل پاشابوو لە هەوڵەكانی بۆ كردنی میسر ب پارچەیەك لە ئەوروپای بەرەو سەرمایەدری لە ووڵاتەكەدا .

١٨٦٧/٦/٢٢سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولعەزیز لەگەڵ شاندێك گەیشتە پاریس پایتەختی فەرەنسا ، لە سەر داوای ئیمپراتۆر ناپیلۆنی سێیەم ، ئەویش ل پێناو بەشداری كردنی لە پێشانگای جیهانی، كە هەموو شانشین ئەمیرەكانی ووڵاتانی جیهان ئامادەی ئەو پیشانگایە بوون ، یەك لەواد ئیسماعیل پاشای والی میسر ، كە لە نژاد ئەو بنەماڵەیە كوردن خەڵك

باکووری کوردستانن .

١٨٦٧/٧/١ بەپێی پەیمانی پاریس دانی تەواو نرا بەیەکگرتنەوەی هەردوو کەنداوی لێك جیاکەرەوە ، ئەویش کە کەنداوی باڵاو کەنداوی خوارووبوون . بە پێدانی مافی سەربەخۆییان ، کە دوای ئەوە نۆفاسکۆشیاو ، نیوبرۆنزدیك ، چوونە ناو دۆمینیۆن لە دوورگەی برنیس ئەردوار لە ساڵی ١٨٧٣دا .

١٨٦٨

١٨٦٨/٥/١٤ کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ لە ژاپۆن ئەنجامدراو گرنگترینیان ڕاگەیاندنی ئەو پێنج بنەمایە چاکسازیە بوو لە بارەی بەرژەوەندی باڵای ژاپۆن بە نەهێشتنی هیچ جیاوازیەكو بەیەکسانی بوونی مافی هاوڵاتیانو... بە پاراستنی مافی هەموو تویژەکانی گەل ژاپۆنو ... بەرژەوەندی باڵای نەتەوە پێویستیەکانو ... پاراستنی دابو نەریتو بایەخدان بە زانستی سەردەمی تەکنۆلۆژیا لە هەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیدا.

١٨٦٨/٩/٢٦ بۆ یەکەم جار لە مێژووی شاری بەغدای ئەوکات ، کە ناوزەند بوو بە وویلایەتی بەغدا ، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دامەزرا ، لەپێناو ڕێکخستنی نەخشەی بنەڕەتی شاری بەغداو ڕێك بوونی لە بوارەکانی ئاوەدنکردنەوەو پەرەپێدانو گەشەپێدان .

دوای ئەوە بوو بە پارێزگا ، لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لەلایەن بەریتانیا ، بووە پایتەختی دەوڵەتی ئێراق لەگەڵ دامەزراندنی لەسەر خاکی گەلانی ووڵاتی نێوان دووزێ – میزوبۆتامیا – بە تایبەتی لە سەر خاکی کوردستان .

لە بەر ئەوەی ئەوکات ناوی دەوڵەتی ئێراق نەبوو ، کە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو تاکوو دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٢٠ لە ناوچەکەدا .

١٨٦٩

١٨٦٩/٣/٨ کۆچی دوایی هونەرمەندو مۆزیکاری بە ناوبانگی جیهانی – بێرلیۆز – لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ... شایانی باسە ئەم هونەرمەندە مەزنە لە

١٨٠٣/١/١١ لە شاری سانت شاندی فەرەنسا چاوی بە جیهان هەڵێناوە ... لە سەر داوای باوکی درێژە بەخوێندن دەدات تا دەگاتە قۆناخی دووی کۆلێژی پزیشکی و دوایی واز لەخوێندن دێنێ و ڕوو لەکاری هونەری و مۆزیکا دەکات .

دوای ئەوە بەناو وڵاتانی ئەوروپادا دەخولێتەوە و لە ساڵی ١٨٢٩ سمفۆنیای نامۆ یان – چەندین وێستگەیەك لەژیانی هونەرمەند –دا دەرژێت و پێشکەشی بەخاتوو – هاییت سیمسون – ی دەکات ، کە زۆر شەیدای دەبێ و دوایی دەبێتە هاوسەری ... لە ساڵی ١٨٣١ خەڵاتی ڕۆمای تایبەت بە ئاواز دانانی پێدەدرێت ، کە هاوسەرەکەی پشتگیری لێدەکات و هونەرەکانی شکسپیر دەبێتە ڕێگەی بەهرەکانی لە ژیانیدا .

لە ساڵی ١٨٥٣ دەست بەدارشتنی ئۆپرای – تەروادیەکان – دەکات و ماوەی ١٠ ساڵی تەواو سەرقاڵی ئەو هونەرە دەبێت ، لە مانگی/١٨٦٢/٨ داواکاری مەزنی خۆی پێشکەش دەکات کە ئۆپرای – پیاتریس ویندکیت – ی ناوەو لە شانۆگەری – گوێم لەگرەکردو کەچی نابینم – ی شکسپیر وەرگێراوەو لەگەل دەیا کاری دیکەی هونەری مۆزیکاو بەردەوام دەبێت تاکوو کۆچی دوایی دەکات لە وڵاتەکەیدا .

١٨٦٩/٤/١٣ سەرکردەی نیشتیمانی شام – ئیبراهیم سلێمان ئاغا هانوو – ناسراو بە – ئەبوو تارق – لە ناوچەی – کفر مارم – لە ڕۆژئاوای شاری حەلەب چاوی بە جیهان هەڵهێناوەلە شارەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم کەسایەتیە کوردیە لە پیناوە گەورەکانی شۆڕشی سەربەخۆیی سووریا بووە ... لە قوتابخانەی شانشینی شاهانی شاری ئەستانەی خوێندووەو بروانامەی ماف لە زانکۆ بەدەست هێناوە . چەندین پلەو پایەی لەسەردەمی ڕژێمی عوسمانی گرتۆتە دەست ... بووەتە قائمقامی یەکێ لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٠٨ گەراوەتەوە شام و هەڵبژێردراوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی لەشاری حەلەب .

دوای هەڵووەشاندنەوەی ئەو ئەنجوومەنە گەراوەتەوە کفرمارم و دەستی بەکاری کشتووکاڵی خۆی کردووە ، لەو کاتەی کە سووپای عەرەب گەیشتۆتە شاری حەلەب لە ساڵی ١٩١٨ گەراوەتەوە شاری حەلەب و هەڵبژێردرا بە

ئەندامی – کۆنگرەی شام – لە شاری دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا لەساڵی ١٩١٩ .

هەروا ئەندامی کۆمەڵەی عەرەبی بووە بەشێوەی نهێنی . لەو کاتەش هێزەکانی سووپای فەرەنسا شاری ئەنتاکیەکان داگیرکرد ، ئەویش هەڵسا بەدامەزراندنی سووپایەکی نهێنی بۆ دروستکردنی ئاژاوەو سەر لێ شێواندنی سووپای فەرەنسا کە بارەگای لەشاری حەلەب بوو .

دوای ئەوە سووپای فەرەنسا شارەکانی دیمەشق و حەلەب و دەوورووبەرەکانی داگیرکرد . ئەویش بەوهێزەی کە دایمەزراندبوو ڕووبەرووی هێزەکانی سووپای فەرەنسا بووەوەو سەرکەووتنی بەدەست هێنا بەنازناوی – متەوەکل بلای – پێ بەخشراو گەلانی ئێستای سووریای لەدەووری کۆبوونەوە و ٢٧ شەڕی ئەنجامدا و لەهیچ شەڕێك لەو شەڕانەش نەی دۆڕاند کە ماوەی یەك ساڵی خایاند ، لەو کاتەش گوێی لەراگەیاندنەکەی شەریف عەبدوڵلا حوسین لە عومان بوو ... کە دەیگووت ئێمە هاتووین بۆ رزگارکردنی وولاتی ئێستای سووریا .

ئیبراهیم سلێمان ئاغاهانئۆش داوای ڕێکەووتنی لەگەڵدا کرد ، دوای چەندین کاری دیکەو سەرکەووتنی فەرەنسیەکان ... لە ساڵی ١٩٢٨ بووە ئەندامی کۆمەڵەی دامەزرێنەرو دانانی دەستووری سووریا ... ئیبراهیم سلێمان ئاغا هیانوو ، بووە سەرۆکی لیژنەی دەستووری لەکۆمەڵەی دامەزرێنەرو ئەو دەستوورەش لە ساڵی ١٩٣٠ بلاوکرایەوە ... دوای ئەوە چەندین جار لە کاری تیرۆرستی رزگاری دەبێ و لە ئەنجام تیرۆرستێك بە ناوی – نیازی کۆسا – لە ساڵی ١٩٣٢ زامداری دەکا و دوای سێ ساڵ واتە لە ١٩٣٥/٤/٥ بەو هۆیە کۆچی دوایی دەکات .

شایانی باسە رابەرو دامەزرێنەری دەووڵەتی سۆڤیەت – لینین – لە ساڵی ١٩١٩ چوار نامەی بۆ ئیبراهیم سلێمان ئاغا هانوو نووسیووە ، لە پێناو هاوکاری کردن و بەردەوام بوونی لەگەڵ جووڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی لەناوچەو هەرێمەکەدا دژی داگیرکەران بەیارمەتی یەکیەتی سۆڤیەت .

نووسەر :– بەداخەوە ئەم کەسایەتیە کوردە لەماوەی ژیانی باسی لە رزگاری گەلی کوردستان نەکردووەو ، هەروا لەدارشتنی دەستووری

سووریاش باسی لە ماڤ نەتەوەی کوردی لە سووریا نەکردووە ، لە دوای دامەزراندنی دەوولەتی سووریاو لکاندنی رۆژئاوای کوردستان بە سووریا و هەتا لە بوارە بچووکەکانی ، کە بەندن بەزمانی دایك و داب و نەریت و کەلتوور ... کە ئەم مرۆڤە لەبنەماڵەیەکی دیاری کورد بوونە لەناوچەی شاری ماردین و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

سەرچاوەکان :- الاعلام الشرقیه ١٢٤/١ - موسوعه اعلام سووریه ٣٩٢/٤ - اعلام الکرد ١٠٠/١٠٢.

١٨٦٩/٩/٢٠ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەم یاسای ڕاگەیاند بە ناوی - معارف عمومیه - ، -نزامنادسی- کە قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی خوێندنی دەگرتەوە لە ژێر دەسەڵاتەکەدا .

١٨٦٩/١٠/٢ لە دایك بوونی سەرکردەو ڕابەری شۆڕشی هیندستان - مۆهانداس کارامامد گاندی - لە شاری بۆر منداری هیندستان... شایانی باسە کە ئەو بنەماڵەیە ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکیان هەبووە لە دامەزراندنی دەوولەتی هیندستان ، کە دووەم وولاتە لە ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەری زەوی ، کە ناسراوە بەکیشوەری هیندی ، بەسەدا نەتەوەو ئایینی جیاجیای لێدەژێ ، بینەماڵەی گاندی دامەزرێنەری پارتی کۆنگرەی هیندی بوونەو بەدیا ساڵ دەسەلاتداریتی ئەو وولاتەیانکردووە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٨٦٩/١١/١٧ بە بۆنەی تەواو کردنی کەناڵی سوێس ، لە وولاتی میسردا ئاهەنگێکی دڵخۆشکەری گەوورە بەڕێووەچوو بەسەرپەرشتی ئیسماعیل پاشا ، کە لەو کات بری ١٠٠ سەد ملیۆن فرنگ خەرجی ئەو ئاهەنگە بوو ، ئەویش بە پێشکەشکردنی لەلایەن بانکە ڕۆژئاوایەکانی سەرمایەداری لە شێووەی قەرزوو بە قازانجی

بەرزی بێ وێنە ، بەڵام ئەو کەناڵە کاریگەری بێ وێنەی هەبووەو هەیە لە بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری میسرو بوارەکانی دیکە لە هەرێمو ناوچە جیاجیاکان لە جیهان.

١٨٦٩/١١/٢٢لە دایك بوونی پێشەنگی نووسەرانی فەرەنسی - ئەندرێ گید - لە بنەماڵەیەکی بۆرژوای پرۆتستانتی لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا . لە تەمەنی ١١ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و کاردانەوەی لەسەر دەروون و کارەکانی ئەندرێ دەبێ ، سەرەرای ئەوەی کە سامانێکی زۆر لە دوای باوکی بۆ بەجێ دەمێنێ .

لە ساڵی ١٨٨٣ لەگەڵ ئەلبێردلاورانی شێووەکار گەشتێك بەرەو ئەورووپا دەکەن و بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی ١٨٨٥ دەچێتەوە ئەم ناوچانە . لە ساڵی ١٨٩١ کتابێك بەناوی - دەفتەرەکانی ئەندرێ ڤالێز - بڵاودەکاتەوەو لەگەڵ چەندین کتێب و پەرتووکی دیکە لە ساڵەکانی ١٩٠٢ -١٩٠٩ -١٩١٨ . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٥ گەشتێك بەووڵاتانی ئەفریکیادا دەکات .

ئەم فەیلەسوف و رووناکبیرە لەکارەکانی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٥١/٢/١٩ کۆچی دوایی دەکات ... کە نووسینەکانی لە بواری جوولانەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و چەوسانەوەو داگیرکردن بووە . لە هەمان کات سەرکەووتووانە کارەکانی بە ئەنجام گەیاندووە لەووڵاتەکەی و لەووڵاتانی دیکەی جیهاندا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /١ .

١٨٦٩/١٢/١لە بڕیارێکی گەریدەو زاناو پرۆفیسۆر - مستردرایك- ئەویش بە ڕێکخستنی سووڕانەوەی بێتەرجومان - وەرگێڕ- دوور لە کارە کەرو دوور لە بیرنەکردنەوەی لە دووژمنەکانی لە دانیشتووانی هۆزە مەرلەوەڕێنە عەرەبەکان کە بەناویاندا تێدەپەڕی ، لەهەمان ڕۆژ کاروانەکەی بە گەشتێك دەست پێکرد بە دۆڵەکانی- گرندڵ - و دوایی بە دۆڵی - عەربیش- و دوای بۆ سەرچاوەی - قادلی یان قەدیس- دا.

کە ئەمەش لە کتابی ئینجیل ناوی هاتووە ، دوایی ئەوە بەرەو ناوچەی - نەقەب- و دوای بەرەو ناوچەی- جنین- و دۆڵی - جەنائن - ، بۆئەوەی

بگەنــە شــاری قــوودس . ئەمــەش بــە ووردبینیــەتی ڕێکــی لــە مزگــەووتی سەخرەتوولالا لەشاری قوودس لە هەرێمی شامدا .

١٨٦٩/١٢/٣١ لە دایك بوونی ڕابەری فۆفیزم و مامۆستای ڕەنگ – هنری ئیمل بێنوامـاتس– لــە شــاری کانۆکـامبرێزی بـاکووری فەرەنـسا . شـایەنی باســە کــە مـاتیس هەڵگری بڕوانامەی یاسا بووە ، لە سـاڵی ١٨٩٠ تووشـی نەخۆشیەك دەبێ و لەئاکامی نەشتەرگەری زیاتر لە ساڵێك لەناو جێگا دەکەوێ .
دوای ئەو بار نا لە بارەی لەساڵی ١٩٠١ کارە هونەریە بەراییەکانی خۆی لە ساڵۆنی پاریس دەخاتە ڕوو ، هەروا ئەم مرۆڤە لەکارە هونەریەکان بەردەوام دەبێت و تا لە ڕۆژی ١٩٥٤/١٢/٣ ، ماڵئاوایی لە هونەرو هونەر دۆستان دەکا لە جیهاندا .

١٨٧٠

١٨٧٠/٢/٧ لـە دایـك بوونی زانـای دەروونناسـی و پزیشکی و دانـەری زانـستی دەروونـی تــاك – ئــەلفراد ئــەدلر – لەگەرەکــەکانی ڤێینــا لــە بنەماڵەیــەکی هــەنگاری جوولەکـە ... خووێنـدنی پزیـشکی لـەزانکۆی ڤێینـا تـەواوکردووەو مۆڵـەتی پزیشکی لە ساڵی ١٨٩٦ بەدەست هێناوە ...کاری پزیشکی کردووە . دوای ئـەوە بۆتـە مەسـحی ، ئـەویش بە وازهێنـانی لـەئاینی جوولەکە . دوای ئـەوە ڕووی لەزانستی دەروونی کردووە لەگەڵ فرویدو هاورێکانی ... دوای ئەوە لە فرویدو هاورێکانی جیابۆتەوە .
لە دانراوەکەی – دراسە عن دونیە الّعجاو – بۆ یەکەم جار دەرکەووتووە : کە لە ساڵی ١٩٠٧ بڵاوی کردۆتـەوەو لـە ڤێینـا و بـەرلین ئـەویش بـە دژایـەتی کردنـی بیـری فرویـد . لـە سـاڵی ١٩١٠ مەڵبەنـدی تاقیگـەی دامەزرانـدووە لـە ڤێینـا بـۆ نەخۆشـیەکانی دەروونـی ... لـە سـاڵی ١٩١٢ کتـابی – فی الخلـق المصابی – بڵاوکردۆتـەوە ... لـە سـاڵی ١٩١٤ گۆڤـارێکی نیـوو دەووڵـەتی لـە سـەر زانـستی دەروونـی دەرکـردووە تـاکوو لـە سـاڵی ١٩٣٥ لەگـەڵ چـەندین بابـەت لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان و چـەندین دانراوی هـەبووە ... ئـەم زانایـە لـە کارەکـانی بـەردەوام بـووە تـاکوو لـە ١٩٣٧/٥/٢٨ کۆچـی دوایـی کـردووە لـە شاری ئەبردین لە ئسکتلەندا – لە بەریتانیا .

سەرچاوە :- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /١ .

١٨٧٠/٤/٢٢ لە دایك بوونی رووناكبیرو فەیلەسوف و رامیاریناس و دامەزرێنەری یەكیەتی سۆفیەت لە رۆوسیا - فلادیمیر ئیلیتش - لینین ، لە سمیرسك لەسەر زێی فۆلگا - كە ناوی البوون بوو ... باوكی سەرپەرشتیاری قوتابخانە بالاكان بووە . لە بنەماڵەیەكی دیاری شۆڕشگێر بوونە . برا گەورەكەی لینین - نارودنایی ڤولیا - لەلایەن رژێمی قەیسەری ڕووسیا لە سێدارەدراو كاردانەوەی نواند لەسەر دەروونی فلادمیر ... لینین .هەروا لینین لە ساڵی ١٨٨٧ چووە كۆلێژی یاسا لە زانكۆی قازان ... بەلام بەهۆی خۆپێشاندانی قوتابیان لەكۆلێژی یاسا دەركرا لەمانگی /١٨٨٧/١٢ و بۆ گوندێكی دوور لەشارەكە دوورخرایەوە .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٨٨ گەراوە قازان و ماوەیان پێنەدا بگەرێتەوە كۆلێژەكە . بەهۆی خۆپێشاندان و نارەزایی قوتابیان دژی دەسەلاتی قەیسەر. لینین لەشۆڕشگێرێكی میللی بووە شۆڕشگێرێكی ماركسی . لە دوای ئەو رووداوانە خێزانەكەی گوواستیانەوە شاری سمارا لە ساڵی ١٨٨٩... دوای ئەوە لینین چووە كۆلێژی یاسا لەزانكۆی پترۆسبۆرگی پایتەختی ئەوسای رژێمی قەیسەری لە ڕووسیا ... ئەویش بەدانەوەی تاقیكردنەوەكان لەدەرەوەی كۆلێژەكەدا .

لە ساڵی ١٨٩٥ رابەری تێكۆشانی بۆ رزگاری چینی كرێكارانی دامەزراند . دوای ئەوە هەموو سەركردەكانی ئەو رابەرە لە گەڵ لینین بەندكران . دوای ئازادبوونیان لە بەندیخانە لینین لە ساڵی ١٨٩٥ بەرەو ئەورووپا هەنگاوینا .

لە پێناو فراوانکردنی تێکۆشانەکەی و پەیوەندی کرد بەئەندامانی - کۆمەڵی رزگاری کار- لە پێناو گفتوگۆکردن ، بەتایبەت دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەو بووە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی لینین لەگەڵیان لەماوەی دەسەڵاتی یەکەمی لە تێکۆشانی ئاشکرای .

لەو کاتەش فریدریك ئینگلش بەهۆی نەخۆشی لەناو جێگاکەی کەوتبوو لەوکاتەش لینین سەردانی ئەوروپای کرد ... ناوزەند بوونی ڤلادمیر ئیلیتش بەلینین لەساڵی ١٩٠١ بوو ، بەر لەوەش ناوی - لیزین - تالین - بوو ، کە لەوکاتەی دوورخرابووەوە بۆ ناوچەی سیبیریا ... دوای ئەوە لینین یەکەم نامەی بەناونیشانی - نارەزایی مارکیسە دورخراوەکانی دژ بەبروای ئابوریەکان - بڵاوکردەوە لە رۆژنامەی شەرارە ، کەلایەنگرانی لینین دایان مەزراندبوو . لە دوای ئەوە بووە زمانحاڵی پارتی شۆڕشگێری سۆشیالستی لە ساڵی ١٩٠٠ لە وولاتەکەدا .

دوای گەرانەوەی لە سیبیریا لینین هەڵسا بەسوورانەوە لە ڕووسیا لە پێناو پەیداکردنی لایەنگیری لە ڕووسیاو ، دوای ئەوە دیسان چووە دەرەوەی ڕووسیاو بەشداری لەگەڵ بلاخنۆف کردو بووە لایەنگری لینین لە دەرکردنی رۆژنامەی شەرارەو دامەزراندنی - پارتی کرێکاری سۆشیالستی دیموکراتی ڕووسی - . کۆنگرەی یەکەم ئەو پارتە لە ساڵی ١٨٩٨ گرێدراو کۆنگرەی دووەمیشی لە ساڵی ١٩٠٣ گرێدرا .

بەڵام دوای ئەوە ئەو پارتە کەرت بوو بۆ دووبەش کە ، یەکەمیان بەلاشیفە بوو بەسەرکردایەتی لینین و ، دووەمیان مەنشەفیك بوو بەسەرکردایەتی بلاخنۆف . لە ئاکامدا لاباڵی بەلاشفە بەرەو بەرزبوونەوەو بەهێزبوون هەنگاوینا بەتایبەتی لە دوای رووداوەکانی ساڵی ١٩١٧ . لە دوای هەوڵێکی زۆر لە پێناو یەکگرتنەوەی ئەو دوولابالە .

بەڵام بێ ئاکام بوو کە لینین لە ساڵی ١٩١٢ لەکۆنگرەی براگ بە رەسمی رایگەیاند ، کە لاباڵی بەلشەفیك رێکخستنێکی ناوەندی شۆڕشگێرە لە پارتی سۆشیالستی دیموکراتی رووسیدا ... لەو رۆژەی گۆڤاری شەرارە دامەزرا تاکوو کۆچی دوایی لینین ، کە خۆی سەرکردایەتی سۆشیالستی چەپڕەوی ڕووسی لەرۆژی دامەزراندنی پارتەکەی بەشەفیك تاکوو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان .

لینین لە نزیك سنووری نێوان نەمسا و ڕووسیا بوو کە نەیدەتووانی بگەڕێتەوە ، کە لە ساڵی ١٩٠٧ لەڕووسیا دوورخرابووەوە تاکوو مانگی ١٩١٧/٣/ ، کە لایەنگرانی لینین توانیان مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بدەن بە ناوی – پراڤدا – کە تاکوو هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆفیەتی لە دەرچوون بەردەوام بوو.

/١٠/١٨٧٠ حکوومەتی شانشینی ئیتاڵیا مەرسوومێکی شانشینی ڕاگەیاند ، کە شاری ڕۆمای خستە ژێر دەسەڵاتی ئیتاڵیای نوێ و لە٢٠/١٠ ، ی هەمان ساڵ ڕاپرسیەك بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا . کە شاری ڕۆمای کردە پایتەختی ئیتاڵیا لە دوای خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، کە ئەمەش بووە هۆی ڕشکردنەوەی دەسەڵاتی پاپا ، کە لەو کاتە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی پاپا ببووەوە لە ڕۆما ، کە ڕووبەری شاری ڕۆمای ئەوکات ١٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو لەگەڵ زیاتر لە ٠٠٠ر٢٠٠ر٣ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی شارەکەیدا .



١/١٠/١٨٧٠ ئەمیری شاعیران – ئەحمەد شەوقی – لە چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە گەڕەکی – حەنەفی – لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ، کە باوکی کوردەو لە تیرەی – شەرکەسیە– و لە بنەماڵەی خدێوویە ، دایکی یۆنانیە ، لە بنەڕەتا بەر لە کۆچرەوی بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا بۆ ناوچەی میسر ، لە پارێزگای دیاربکر – ئامەد– بوونە لە باکووری کوردستان ، کە ئەوکات دیاربەکر ویلایەتێك بووە لە ویلایەتەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەك ، ویلایەتی ئەنازۆل و ولایەتی مووسڵ لە باشووری کوردستان .

سەرچاوە :– گۆڤاری عەرەبی ژمارە ٥٦٧ لە مانگی/ ٢/ ٢٠٠٦

١١/٢٣/ شای ئێران شانەسرەدین سەردانی
١٨٧٠ شـــاری بەغـــدای كـــردو لەلایـــەن
مەدحەت پاشای والی بەغدا پێشوازی
لێكرا ، كە لەرێگەی شاری خانەقین
بەرەو بەغدا بەرێكەووت ، كە لـەوكات
– ١٥– هەزار پاسەوان لەگەڵیدا بوون
، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە باری
ئابووری مەدحەت پاشا گران بكات
لـەخواردنو ئالیـك ، بـۆ ئـەو هـەموو
پاسـەوانو ئاژاڵـنـە . كـە مـاوەی سـێ
مانگ لە بەغداو شارەكانی كەربەلاو نەجەف مایەوەو خەرجیەكانی گەیشتە –
٣٠٠٠٠– سی هەزار لیرەی توركی ئەو كات ، لە ماوەی مانەوەی لە شارانەدا
.

١٨٧١



١٨٧١/١/١٨ گرێدانی كـۆنگرەی
– فرســـای – لـــە
نێـــوان وولاَتـــانی
هاوپـــــــەیمان
لەلایـەكو وولاَتـانی
شـەڕكەر لەلایـەكی
دیكـە ، لـە هـەمان
كات بە ڕاگەیاندنی
بـوونی دەسـەلاَتی
ئیمپراتۆریـــــەتی
بڕووسیا لە سەر رایخ لە ئەلمانیا .
لە هەمان كات شانشین– ویلیام – ی یەكەم بووە ئیمپراتۆڕ لەسـەر ئـەڵمانیاو
لـە هـۆڵی مرایـا لـە فرسـای ، كـە ئـەو كـارەش بـووە هـۆی هەڵووەشـاندنەوەی

یەکیەتی باکووری ئەڵمانیا، کە ئەویەکیەتیە لە ساڵی ١٨٦٧ دامەزرا بوو لەدوای هێنانە خوارەوەی ویلیامی دووەم لە سەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەدا.

١٨٧١/٣/١٥ شۆڕشی برژوازی لە ڕووسیا بەرپابوو بە رووخاندنی رژێمی قەیسەری و دامەزراندنی حکوومەتی کاتی ، لینین ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەکانی سویسرا زانی و گەراوە ڕووسیا بەشەمەندەفەرێك بەناوخاکی ئەلمانیا و فنلندەو سووید ، ئەویش بە یارمەتی برادەرەکانی لە سویسرا ، کە ١٩١٧/٤/١٦ گەیشتەوە شاری پترسیۆرگ و توانی لە ١٩١٧/١١/٧ دەسەلات بگرێتە دەست بەکەتاندنی حکوومەتی کاتی .

بەلاٌم دوای ئەوە لەمانگی /١٩٢٢/٥ تووشی نەخۆشی جەڵتە بوو ... دوای چاکبوونەوەی گەڕاوە سەرکارەکانی لە سەرکردایەتی کردنی دەووڵەت ، بەلاٌم دوای ئەوە لە ئاکامی خوێندنەوەی وتار لە بەرامبەر جەماوەر لە ١٩٢٢/١٢/١٥ بەگووللەیەکی ژەهراوی زامدارکراو دووبارە تووشی نەخۆشی هات تاکوو لە ١٩٢٤/١/٢١ کۆچی دوایی کرد .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لینین مرۆڤێکی لێهاتوو و زانایەکی توانا داربووە ، لە هەموو بوارەکانی رامیاری و چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئابووری و سەربازی و بازرگانی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و مافی مرۆڤ و دادپەروەری لە کارو بوارەکانی دیکەی پەیوەست بەژیان و مافی مرۆڤدا ... ئەم رابەرە لەماوەی ژیانی لە بەرهەم و دانراوەکانی بێ وێنە بوو کە بەناوی موختارات بلاٌوکراوەتەوە لە ٤٩ بەرگدا ، جگە لە چەندین کتابی دیکەی بە تایبەت – المادیە والنقدیە التجریبیە – . لە بوارەکانی فەلسەفەو ئابوورو زانستەکانی دیکەی هەمەجۆرەکان .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٧١/٣/١ بەرپابوونی ڕاپەڕینە مەزنەکەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا بە ناوی – کۆمۆنەی پاریس– و کە لە ئەنجام سەرکەوتنی بە دەست هێناو بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی کۆمۆنە ، لە ٨٥ ئەندام ، کە ٦٤ ئەندام لەکۆی ٨٥ ئەندامەکە لەلا باڵی هێڵی سوشیالیستی بوون و ٢١ ئەندامیش

بەرهەڵستکاری ئەو بیرەبوون ، کە لابالی سوسیالیستی لە دوو لایەنی
بلانکین و برۆدۆنیەکان پێکهاتبوون ، لە هەمان کات ١٠ دە لیژنەی کۆمۆنا
پێکهێنرا بۆ بەدەست هێنانی زانیاریو دانی بە ئەنجوومەنی بالای
کۆمۆنەکەدا .
لە بەر ئەوەی کۆمۆنە دوو ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی
جێبەجێکردنی هەبوو کە یەکیان کۆدەکردەوە.... شایانی باسە کە دەسەڵاتی
ئەو کۆمۆنە ٧٢ ڕۆژ بەر دەوام بوودەسەڵاتدا ، ئەویش دەسەڵاتی کرێکارو
ڕۆشنبیرانی دیموکراتیخوازی فەرەنسا بوو.... لە هەمان کات کۆمۆنەی
پاریس بووە تاقیگەو تاقیکەرەوەیەکی زانستی مێژوویی بە سەرهەڵدانی
شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی ، نەك هەرلە فەرەنسا بەڵکوو بگرە لە هەموو
جیهان .
کە ئەویش بووە سەرچاوەی پێنووسەکانی نووسەرو ڕۆژنامە نووسو
پرۆفیسۆرو فەیلەسوفەکان لە جیهاندا . لە نێوان دوو بیروو بۆچوونی دژ
بەیەکتری لە نێوان چەوساوەو چەوسێنەر لە هەموو جیهاندا .

١٨٧١/٥/١٨ لە دوای ٧٢ ڕۆژ کۆتایی هاتن بە کۆمۆنەی پاریس لە بوارەکانی سەربازیو
ڕامیاری ئەویش بە شەهید کردنی ١٤٧ سەرکردەو لایەنگیرانی کۆمۆنەو لە
دوای ئەو کارەساتە تەرمی شەهیدەکانی کۆمۆنە لە گۆڕستانی – الاب
لاتیز– بە خاك شپێردران لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٨٧١/٥/٢١ کەسایەتی ناوداری جیهانی – ئەدۆڵف تیار– یەکێك بوو لە دژایەتی کردنی
کۆمۆنەی پاریس لە شاری فرسای ، ئەویش بە خەرجکردنی سامانەکانی
خۆیو دوای ماوەیەکی کەم حکوومەتی هەلا نۆلە لە شاری فرسای
بەهاوکاری سووپای برووسیا هێرشیان کردە سەر پاریسی پایتەختی
فەرەنسا .
ئەم کارەش بە شێوەیەکی دڕندانە ئەنجام درا کە زیاتر لە مانگێکی
خایاندو دوایی چوونە ناوشاری پاریس ، ئەویش بەشەڕێکی خووێناوی
کۆتایی هاتو بووە هۆی ئەوەی کە دەست بەسەر پاریس دابگیرێت،
دەسەڵاتدارانی کۆمۆنە دەستگیر بکەن، ئەوانی دیکەش بەرەو هەندەران
هەڵاتن لە ناو وولاتەکەدا .

١٨٧١/٥/٢٨ کۆمۆنەی پاریس لە دوای ٧٢ رۆژ لە دەسەلات لە ناوبرا لەلایەن دەسەلاتی سەرمایەداریو خاوەن سامانو پرۆژەو کارگەکان بە پشتیوانی وولاتانی دراوسێی ئەوروپا لە هەموو بوارەکاندا .

١٨٧١/٩/١٠ نووسەرو رووناکبیرو رۆماننووسی فەرەنسی – مارسێل پرۆست – لە شاری پاریسس پایتەختی فەرەنسا چاوی بە جیهان هەڵێناوە . جێگەی ئاماژە پێکردنە کە باوکی پزیشکێکی کاسۆلیکی بوو ،هەروا دایکی جوولەکە بوو . پرۆست لەرێگاو کارکەی هەوڵەکانی دایکی تێکەڵی ئەندامانی چینی ناوەندی جوولەکە دەبێت .

بەلام بەشێوەیەکی کاسۆلیکی لیبرالی پێدەگات . هەر لە تەمەنی منداڵیەوە هەستی بەهرەیی و ژیری لێدەردەکەوێ ... سەرەرای ئەوەی باری تەندروستی نالەبار دەبێ . بەلام توانای خۆراگری دەبێ و چالاکانە رووبەرووی ژیان دەبێتەوەو سەردانی هاورێکانی لەکۆرو کۆبوونەوە ئەدەبیەکان دەکات و زۆربەی کاتەکانی لەیانە ئەدەبیەکان بەسەردەبرد . هەر لە سەرتای منداڵیەوە توانی گۆڤارێك بەناوی – مێز – دەربکات . دوای ئەوە دەچێتە قوتابخانەی – لیسیە – و خوێندن تەواودەکات ... دوای ئەوەش دەچێتە زانکۆی شاری سۆربن و لەوێ دەست بە ووتاربێژی دەکات بەبابەتی بەپێزو گوونجاو لەو سەردەمەدا .

دوای ئەوە – لیسانس – لەماف و فەلسەفە لە ساڵی ١٨٩٣ تەواودەکات و لەهەمان ساڵیش لیسانس لە ئەدەبیات وەردەگیرێت و هەرلە وساڵەشدا دەست دەکات بەنووسینەوەی ژیاننامەی خۆی ... بەلام دوای ئەوەی کە

دایك و باوكی لە ساڵەكانی ١٩٠٣ – ١٩٠٥ كۆچی دوایی دەكەن و پرۆست تووشی گۆشەگیری دەبێت و لەدونیای دەرەوە دادەبرێت و روو لەنووسینی رۆمان دەكا ... رۆمانی مارسێل پرۆست كە لە ١٥ بەش پێك دێت و لە ساڵانی ١٩١٣ – ١٩٢٧ بڵاویاویان دەكاتەوە ، ئەم زانا ناوداره فەرەنسیەو جیهانیە لەماوەی ژیانی لە نووسینە هەمەلایەنەكانی بەردەوام دەبێت تاكوو لە ساڵی ١٩٢٢ ماڵئاوایی لەهەڤاڵانی دەكات لەفەرەنساو جیهاندا .

١٨٧٢

١٨٧٢/٨/١٠ لە دوای لێك ترزانی باری پەیووەندی لە بواری پەیووەندی و كۆمەڵایەتی لە فەڕەنساو بە تایبەتی لە ناو دەسەڵاتی فەڕەنساوبە بەردەوام بوونی شۆڕش و راپەڕین و بە هەڵاتنی بنەماڵەی شانشین بەرەو وولاتی نەمساو كەووتنی دەسەڵاتی شانشین .

لەو كاتەش كە ئەنجوومەنی – ئووم– بە ناوبانگ بوو بە كۆنفڕانسیۆن لە ٢١ /٩ ، بڕیاری هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی دا ، بەڕاگەیاندنی ڕژێمی كۆماری لە فەڕەنسا ، دوای ئەوە دەستكرا بە داگایكردنی شانشین و بنەماڵەكە لە فەرەنسا .

كە لە ئەنجام بنەماڵەی شانشین بە تەواوی و زۆر لەلایەنگرانی لەسێدارە دران و كۆتایی بە ڕژێمی شانشین هات لە فەڕەنسادا .

١٨٧٢/٩/٢ گرێدانی یەكەم كۆنگرەی نێوودەوڵەتی لەشاری لاهای پایتەختی هۆڵەندا ، لە نێوان هەردوو لابالی ماركسیەت و باكۆنین كە لە ئاكامدا باكۆنین و لایەنگرانی دەركران لە دوای كێشەی توندی بیرووبۆچوون و هەڵوویست ، لە نێوان ماركسیەكان و باكۆنین ولایەنگرانی هەردولابالْ ، لە ئاكامدا لابالی ماركسیەكان سەركەووتنیان بەدەست هێنا لەجیهاندا .

ئەویش لەسەر رێكخستنی سۆشیالستی نێوو دەووڵەتی بوو لە جیهاندا ، هەروا دوای ئەوە بە ساڵێك دووبارە كەرت بوون لە نێوان لاباڵەكانی جووڵانەوەی سۆشیالستی لە فەرنسا روویدا لە ساڵی ١٨٨١ . ئەویش لەكۆنگرەی – رانس – لە نێوان – الامكانین – ماركسیەكان – لەو

کۆنگرەشدا مارکسیەکان سەرکەووتنیان بەدەست هێنا لەوکاتدا لەجیهان و بەرەو گەشەکردن هەنگاوینا لە هەموو بوارەکاندا .

١٨٧٢/٩/١٤ لە سەر کێشەی ئەلیاما لە نێوان ئەمەریکاو بەریتانیا ، کەجیا کراوەو درا دادگای نێوودەوولەتی ، کە لە شاری ژنێف بەسترا، ئەمەریکیەکان ناڕەزاییان بەرامبەر بە بەریتانیا دەربڕی‌و لە ئەنجام بەریتانیا لە سەر ئەم کێشەیە تاونبارکراو پشتگیری لە ئەمەریکا کرا لە سەر کێشەکەدا .

لە هەمان کات دادگای نێوودەوولەتی بڕیاریدا بە گەڕاندنەوەی بڕی ٠٠٠ر٢٠٠ر١٥ملیۆن دۆلار بۆ ئەمەریکا بەرامبەر بەو زیانەی کەلێی کەوتبوو ، لە ئەنجامی سەرپێچی بەریتانیا لە دروستکردنی کەشتی هەمەجۆری جەنگی و بازرگانی‌و گەیان لە هەرێمەکەدا .

١٨٧٢/٩/٢ هەردوو زاناو داهێنانی بوارەکانی فەلەسەفەی زانست‌و ئابووروو سرووشت و کۆمەڵ – مارکس– و –ئینگلش– زۆر بەتووندی گرنگیان بەتایبەتمەندیەتی نەتەوەیی دەدا ، لە بوارەکانی پەرەسەندن لە پێناو بەرەو سوشیالیستی و کە لە چەندین لێدوانیان ، دووپاتی چەندین بواری ڕێگایەکەیان دەکرد ، لەپێناو گەیشتن بە ڕژێمی سوشیالیستی .

بەڵام هەرلادانێك لە بنەمای یاساکانی – نفي ، نفي ، وحدة وصراح الاضدار ، الكمية الى النوعية ، الشكل والمحتوى ، الصدفة والضرورة – بە پێی پەرەسەندن‌و پەرینەوەی قۆناخەیەك لە دوای یەکەکانی کۆمەڵ ، لە هەموو بوارەکانی تووشبوونی بە نەهامەتی‌و هەرەس هێنان دێت لە جیهان .

١٨٧٤

١٨٧٤/٣/٢ لە دایك بوونی فەیلەسوق ناوداری ئاینی ڕووسیا – نیکۆلای بردیائف – لە شاری کیفی پایتەختی ئۆکرانیا ، لە بنەماڵەیەکی ناسراو . پەرەسەندنی بیرووبۆچوونی بەهۆی بیری سۆشیالستی بووە ... هەوڵی داوە کە بیری مارکسیەت و کنت لەگەڵ یەکدا بگوونجێنێ .

بەڵام دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٠١ بە هۆی کاردانەوەی بیری نیتشەوازی لە بیری مارکس هێناوە ... لە ساڵەکانی ١٩٠١ تاکوو ١٩٠٨ لەپترسپۆرگی

پایتەختی ڕووسیای قەیسەری ژیاوەو دوای ئەوە چۆتە شاری مۆسکۆ ...
لــەریزی جوولانــەوەی نوێکردنــەوەی ڕووســی بــە شــداری کــردووە کــە
جوولانەوەیەکی ئاینی بووە لە وڵاتەکەدا .
دوای ئەوە لە ساڵی ۱۹۱۷ هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجوومەنی کۆماری لەڕووسیا
. لە ساڵی ۱۹۱۹ و لە ساڵی ۱۹۲۰ بۆتە مامۆستا لە زانکۆی مۆسکۆ ... دوای
ئـەوە چـەندین وانـەی بابـەتی خووێندۆتـەوە لـەزانکۆی بـەرلینی پایتـەختی
ئەلمانیا لە ساڵی ۱۹۲۳ بەناوی – معنی التاریخ – و –روح دۆستۆیڤسکی
– ئەم فەیلەسوفە لەکارە هەمەلایەنـەکانی بەردەوام بووە تاکوو لـە مـانگی
۱۹٤٦/٤/ کۆچـی دوایـی دەکـات لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی ڕووسیای
ئێستا لە وڵاتەکەدا .

۱۸۷٤/۳/۲٤ لـە دایـك بـوونی هونەرمەنـدی جادووکـەری بە ناوبـانگی هـەنگاریا – هاری
هودینی- لە وڵاتی هەنگاریا .. کە یەکەم هونەرمەنـدە لـە مێژووی جیهانی
بتووانـێ شانۆ جادووکەریـەکان بەشێووەیەکی ڕێك و سەرکەووتوانە ئەنجام
بدات لە وڵاتەکەیدا .

۱۸۷٥

۱۸۷٥/۲/۷ لە دایك بوونی – محەمەد تەلعەت – لە شاری ئەدرنە ، کە باوکی فەرمانبەر
بـووە لـە دەزگاکـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، خووێنـدنی پـارێزەری لە
شاری سلانیك تەواوکردووەو چووەتە ناوکۆمپانیای تەلەفۆن... دوای ئەوە
چـووەتە نـاو کۆمەڵـەی گـەنجانی تورکیـاو سـەرکردایەتی یەکـەم شـانەی
ئیتحادوتەرەقی کردووە لەسلانیك لەگەڵ حەوت لەهاوڕێکانیدا .
بەڵام بە هۆی زیرەکی و جمووجۆڵی دەستگیرکراوەو دوایی ئازاد کراوە.
دوای ئەوە دامەزراوە بە سەرۆکی ئەمینداری پۆستەو گەیاندن لە سلانیك
دوای ئەوە لە ساڵی ۱۹۰۸ دامەزراوە بە نووێنەر لە شاری ئەدنە – دیاربەکر
– لە باکووری کوردستان ... دوای ئەوە بووە بە وەزیـری نـاوخۆ... دوایی
بـووە بـە وەزیـری گەیانـدنو لـە هـەمان کـات بـووە بـە سـکرتێری گشتی
ئیتحادوتەرەقی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا .
هـەروا لـە جـەنگی جیهـانی یەکـەم لایـەنگیری ئـەڵمانیای کـردووە بـە هـۆی

کارتێکردنی لەلایەن ئەنوەرپاشا... محەمەد تەلعەت سەرکردایەتی قەسابخانە بە دناوەکەی کۆمەڵکوژی ئەرمەن و کوردی لە ساڵی ١٩١٥، لە باکوری کوردستان کردیە لەگەڵ پەرت و بلاو پێکردن و دەربەدەرکردنی ئەرمەن و کورد ، بەرەو شام و لوبنان و وولاتانی دیکەی دراوسێکان ، لە١٧/١٠/١٩١٨ دەستی لەکارەکانی کێشاوەتەوە بە هۆی لە ناوبردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهان.

دوای ئەو کارانەی دوور لە هەستی مرۆڤایەتی بەرەو وولاتی ئەڵمانیا هەلات و لە ٤ /٩/١٩٢٠ بە دەستی دووژمنەکانی لە ئەرمەن و کورد بوون کووژراوە لەگەڵ چەندین هاوکاری دیکەی لەکارەکانیدا دژی کوردو ئەرمەن لە باکووری کوردستان .

١٨٧٥/٢/٢٢ کۆچی دوایی زانای ناوداری جیۆلۆژی بەریتانی - یارون سیر چارلس لیل- لە هەمان کات زانای ئەدەبی و چین گەلی تووێکی زەوی و چۆنیەتی دروستکردنی بووە ، چەندین وولات و بیابان و شاخ و دەشت و دۆڵ گەڕاوە ، لە پێناو دەرخستنی پێکهاتەی زەوی و مرۆڤ و ئاژەڵ و داروو درەخت ، لە هەمان کات دۆزینەوەی دۆستایەتی و دژایەتی لەنێوانیاندا .

١٨٧٥/٨/٤ کۆچی دوایی نووسەری ناوداری جیهانی و دانیمارکی - هانز ئەندرسۆن- کە بەدەیا دانراوەی لە ڕۆمان و پەرتووکی گەشتیاری و شانۆنامەو گەشتی ژیان و شیعری بلاوکراوەتەوەو ناوبانگی ئەو کەسایەتیە لێهاتووە ئەوروپیە بەجیهان بلاوبۆتەوە.

١٨٧٥/١٠/٣ لە دایك بوونی شاعیری گەورەی ئەرمەنی -ئافتاك ئاسكیان - لەگوندی- گەزابارایە - کە دەکەوێتە دامێنی چیا سەرکەشەکانی ئەرمینیاو لە نزیك شاری - ئەسکەندربوڵ .

شایانی باسە ئەم شاعیرە لە ئەرمینیا خاوەنی ناوبانگێکی فراوان بووە ، فالێری برایوسفی شاعیری ڕووسی بە شێووەیەك باسی دەکات ، کە ئافتاك مامۆستایەکی مەزنە لە نێوو شاعیرانی ئەورووپاو شاعیرێکە لەپلەی یەکەم و لەوانەیە ئەمرۆ بەهرەمەندێکی وەکوو ئافتاك نەبێت . کاتێك کە ئافتاك لە ساڵی ١٨٩٧ کۆچی دوایی دەکات لەتەمەنی ٨٢ ساڵیدا .

شاعیر - لویس ئاراگۆن - کارەکانی ئەو شاعیرە ئەرمەنیەی لەنێوان کارە دەگمەنەکانی ئەو کەڵە پیاوانە وەسف دەکرد ، کە کاریگەری بە سەر شیعری

سەدەی بیستەم دا هەبوو لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٣ – ١٨٩٥ ... ئافتاك لە ئەلمانیا ژیاوە و خوێندنی لەزانکۆی لایبزك و چەندان وانەی لە فەلسەفەو مێژوو و ئەدەبدا وەرگتووەو زۆر بایەخی بەئەدەبی کلاسیکی داوە . لەساڵی ١٨٩٦ ئافتاك گەراوەتەوە ئەرمینیا .

بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی قەیسەری رووسیا دەستگیرکراوە بەهۆی پەیووەندی کردنی بە بزووتنەوەی ئازادی نیشتیمانی و ١٠ ساڵ لە بەندیخانەی یەریڤان ژیانی بەسەربردووە ، دوای ئەوە گوواستراوەتەوە ئۆدیسیاو لە ساڵ ١٨٩٨ لە وولاتەکە دوورخراوەتەوە . هەروا چەندین وولاتی کردووە وەك ، سویسرا ، کە لە ساڵی ١٩٠٦ گەراوەتەوە وولاتەکەی و دووبارە دەستگیردەکرێت و لە زیندانی تەبلیس بەند دەکرێت و هەر بەردەوام دەبێت لەنووسینی شیعر تاکوو کۆچی دوایی دەکات .

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٧٥/١٢/١٢ لە دوای رازی بوونی شانشینی ئیتاڵیاو نەمسا، لە سەر پەیمانی بەرلین و بە جێبەجێکردنی فەرمان بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نێوودەووڵەتی ، لە پێناو چاودێری و جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکان.

١٨٧٦

١٨٧٦/١/١٢ لە دایك بوونی – جاك لەندەن – لە شاری سانفرانسیسکۆو دوای لە تەمەنی چل ساڵیدا کۆچی دوای کردووە.

١٨٧٦/١/٢٨ لە دایك بوونی – زیاکۆك ئەلەب – لە شاری دیاربەکر لە باکووری کورستان ، کە لە نەژاد کوردە... لە کاری پەروەردە کاریکردووەو لە ئایین جوولەکە بووە ، دوای ئەوە لە١٨٩٧/٦/٢ چووەتە شاری ئەستەمبوڵ و لە شارە چووەتە کۆلێژی پزیشکی ئاژەڵ ، دوای ئەوە پەیووەندیکردووە بە کۆمەڵەی ئیتحادوتەرەقی نهێنی ، دوای ئەوە لە پەروەردە دوورخراوەتەوەو دەستگیرکراوە ، دوای ئەوە لە دیاربەکر دەست بەسەردەبێ... لە دوای ئازادکردنی دوو رۆژنامەی لەدیاربەکر بەچاپ گەیاند.

دوای ئەوە بووە بەمامۆستا لە زانکۆی ئەستەمبوڵ... لە ١٩١٧/١٠/٧ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هەڵات و دوای سەرکەووتنی کەمال ئەتاتورك ، گەراوە تورکیاو بووە نووێنەری دیاربەکر تاکوو کۆچی دوایی کردووە لەم وولاتەدا .

١٨٧٦/١/٢٨دەرچوونێنەری یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە سووریا بەناوی – المقتبس – و دامەزرێنـەری یەکـەم کۆڕی زانیاری عـەرەبی لـە شاری دیمەشقی پایتـەختی سـووریای ئێـستا – محەمـەد عەبـدولرەزاق محەمـەد کـوردی – لـە شاری دیمەشق چوی بە جیهان هەڵهێناوە ... ئەم کەسایەتیە کوردە ناسراوە کە موئەریخێکی مێژووی شارستانیەتی عەرەب بووە ... لەهەمان کات ئەدیبێکی ناسـراو بـووە ... بنەماڵەکـەی لـە ئەیوبییـەکان وخێزانەکـەی لـە پارێزگـای سلێمانی لە باشووری کوردستان ڕوویان لە شام کردووە لە سەرتای سەدەی نۆزدەم بەهۆکاری بازرگانی ... کە دایکی شەرکەس بووە لە ناوچەی قەفقاز ... ئەم کەسایەتیە لەکارەکانی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٥٣/٤/٢ ماڵئاوایی دەکـات لـە تەمـەنی ٧٧سـاڵیدا و گۆڕەکـەی لەگۆڕسـتانی گـچکەیە لـە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریای ئێستا .

سەرچاوە :– موسوعە اعلام سووریا – ٣٩٥/٤

١٨٧٦/٢/١٩کۆتایی هاتنی شەڕی کارلیە ، کە لە ساڵی ١٨٣٣ هەڵگیرسابوو ئەویش بە سـەرکردایەتی ژەنـەراڵ – پریمـۆدی ڕیفیـوا – بـە گرتنـی شـارە لـە بەرژەوەندی شانشین – ئەلفۆنسی دوازدەهەم – لە ئەسپانیا.

١٨٧٦/٣/١٠ گوواستنەوەی دەنگی مرۆڤ ، بۆ یەکەم جار بە تـەزووی تەلـەفۆن ، کە ووشە یەکەمـەکان لەلایـەن داهێنەرەکـەی ئەلکساندەربیل وسید واتسون ، بووە کە ووتـەیان گۆڕیـەوە بـە – وەرە ئێـرە تـۆم دەوێ – لـەکاتی کۆچـی دوایـی ئەلکـساندەر بیـل ١٣ ملیـۆن تەلـەفۆن بـۆ ئاخـاوتن لەجیهانـدا هـەبووە لەکارکردندا .

١٨٧٦/٥/١١ بە هۆی خۆ پیشاندان و تاوانبارکردنی شێخی ئیسلام ، بە لایەنگیری کردنی ڕووسەکان ، کە بووە هۆی لابردنی مەحمود نەدیم پاشا و حوسێن فەهمی حوسێن ، لە کارەکانیان لەلایەن سوڵتانی عوسمانی بە دامەزراندنی محمەد ڕوشدی پاشا لەجێگەی لابراوەکان .



١٨٧٦/٨/١٥ نامـــــــەی باڵوێزخانـــــەی ئیمپراتۆریـــــەتی عوسمانی لە تارانی پایتــەختی وولاّتــی فـارس لـەژێر ژمـارە /٥٦٧/١٠ دۆسـیەی /٢/١٢ بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوود هـــاتوو- ئـــەو هەواڵانـەی کـە لـە ســــــنووری ئازربایجانــــــەوە گەیشتوون ئاگادارم ، کە مایەی پەژارە بوون بە پەلەش تەلەگرافم بۆ بارەگـای گـەورەو وویلایەتی ئەزەرۆم کرد , کە ئەگەر ئەو هەواڵانە راست بن چارەسەری بکەن .

بـەڵام ئـەوەش لەبەرچاوی بـەرێزتان شاراوە نـەبێت , کە ماوەیەکە هێـرش و دەستدرێژی عەشائیری ئەملا بۆسەر خاك و دانیشتووانی وولاّتی عوسمانی , یـەك بـە دوای یەکدا هەیـەو دەبینـریّ و هەمیشە بەهاتنی ئـەو گازاندانـەی لـە ئـەرزەرۆم و وان بـاڵوێزی - سـتیە -وە دێـن , بـەرەسمی بەنووسـین عـەرزم کردوون و جەنابیشتان هەمیشە فەرمووتانە چارەسەر دەکرێن و بەم حاڵەتەوە لەو بڕیارانەی فەرمووتانە لەهیچ شووێن ئاگادار نەکراومەتـەوە لـە ئاکامێکدا هەبوو بێت .

وەك دەڵێن وردە وردە عەشایەری ئـەو وولاّتـە دەسـت بکەنـەوەو دەسـت بکـەن بەهێرش بۆ ئەملا , جاکەوا کەس چاوی بەسەریانەوە نیە , ئـەو شـتانەش کـە دراونەتـە پـاڵ جـەنابی شـێخ عوبێد وڵـلاّ ئەفەنـدی ، بەنـدەتان نـاتوانیّ بـاوەر بکـات , چـونکە شـێخی نـاوبراو بـەو هـەموو زیـان و زولمـەی لـەلای حـاکمی پێشوو , خوالێخۆش بوو - شوجاع الدولـە - وە لێـی کرابوو , هێشتا لەبەر

نفووس باکی خۆی منەتباری دەوڵەتی ئێران لە بەر ئەو چەند گوندە ، هەمیشە بەجۆرێك جووڵاوەتەوە کە نەبێتە مایەی رەنجاندنی هەردوو دەوڵەت ئەم راستیەش لەلایەن کاربەدەستان روونەو ئاشکرایە .

پێدەچێ ئەم تاوانبارکردنە لەلایەن دەستەو تاقمی خوالێخۆشبوو – شوجاع الدولە – وەبێت ، کە دیسان لەناوچەی ورمێ کاروباریان کەووتۆتە دەست و رقی شەخسیان لێیەتی .

خوداش هەڵناگرێ پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام لای لایەنێکەوە زیانی پێ بگەیەنرێ هەڵبەتە ئینسافی ئاشکرای جەنابیشتان ئەوە دەسەلمێنێ کە ناکرێ پێش سەلماندنی تاوان رازی بن سزای بۆ دیاری بکرێت ... وەك فەرمووشتانە مەسەلەی لێکۆڵینەوەشی بەندە عەرزی بارەگای گەورەم کردووە لەوە زیاتریش ماندوتان ناکەم .

بەڵگەنامەی ژمارە۱۰/٥٦٧ – کارتۆن /۱٥ دۆسیە /٤/۱۲ .

کورد لەبەڵگەنامەی قاجاریدا ... شۆرشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری /۱۸۸۰ لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی کاروباری ئێراندا .

۱۸۷٦/۸/۲۰ وەڵامی باڵوێزخانەی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی – نامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ، ئامارە/۱۹ بەپێی بەڵگەنامەی ٥٦٨/۱۱/ بەمێژووی ۱۲٥٥/٦/۲٦ ی هەتاوی کە لە نامەکەدا هاتبوو :-

ناوەرۆکی نامەی ۲۱ رەجەبی ۱۲۹۳ی ئەو بەرێزە ، کە سەبارەت

بەو دەستدرێژی و كووشتووبرو تالآنیەی لەلایەن عەشایەری عوسمانیەوە و بەهاندانی شێخ عوبێدوڵلاٌ بووەو چوونەتە سەر شنۆو گوندەكانی دیكە ئاگادربووین لە وەشدا كە بەپەلە نووسیبووت هەوڵەكەشت بەبارەگای بەرزگەیاندبوو ، زۆر خۆشحاڵت كردبووین منیش چاوەڕوانی ئاكامی تەلەگرافەكەتانم كە گەیشتەوە زۆر شادمانمان دەكات .

بەلاّم لەو بەشەیدا كە فەرمووبووت ماوەیەكە هێرش و تالاّنی عەشایەری ئێران بۆسەر خاك و دانیشتووانی عوسمانی پەیتا پەیتا هەیەو چونكە كەسیش چارەسەری بۆنەدۆزیووەتەوەو بۆتە مایەی هاندانی عەشایەری عوسمانی ... دەبێ بەوپەری ڕێزەوە بەیادتان بهێنمەوە كە هەر بەتەنیا لەە دوو سێ ساڵەدا سەرچل و كەللە شەقەكانی ئێلی – هەرنووش – نزیكەی ٥٠ – ٦٠ هەزار تومەن سامان و پارەی خەڵكی ئێرانیان بەتاڵان بردووەو كووشتووبرو سووتاندنی ماڵی خەڵكیان زۆركردووە ، كە بریاربوو لە كۆمنیسیۆنەكەی شێخ عوبێدوڵلاّدا بەدوایدا بچن ، كەچی لەلایەن بالوێزخانەی بەرێزەوە هیچ هەنگاوێكی بۆ هەڵنەگیرا لەبەر ئەوە عەشایەری ئەو لایە كاتێ ئەوتاوانەیان لێ روو ئەدات كەس نیە پێیان بڵێ :– لەل . ئەوسا توندو تیژتر دەبن و دیارە ئەم هێرشەی ئەم دوایەشیان بەدنەدانی شێخ عوبێدوڵلاّ كردووەو ئەو هانیداون .

لەملاشەوە عەشایەری ماڵ براوو تالاّنكراو هەرچی وویستیان تۆڵەی خۆیان بسێننەوە سنووردارانی ئێران ڕێگەیان پێنەداون ، ئەمەش بەڵگەیەكی دیكە بوو ، بۆ زیاتر لاسایی و ڕووداربوونی عەشایەری – ئەوبەر – ئەمجارەش كە نزیكەی ٧٠٠٠ هەزار سووارو پیادە سنووریان بەزاندووەو ئەو خەڵكە زۆرە دیارە بێ مۆڵەت و بێ ڕەزامەندی سنووردارانی عوسمانی نەیتوانیووە بپەڕێنەوە ... كە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەو نیشانەی پر كێشی عەشایەری بووەو بۆ ئەمر بوو بۆیە ئەگەر لەلایەن كاربەدەستانی عوسمانیەوە كارئاوا بڕواو ئاوا گوێیان لێ بخەوێنن ئەوانە زیاتر چاو قایم دەبن و ئەوە ئیدی پێویست دەكات ئێمەش بیەڵێن عەشایەری – ئەملا – خۆیان تۆڵە بكەنەوە .

بەلاّم لەبارەی شێخ عوبێدوڵلاّ كە دەفەرموون خوا هەڵناگرێ كەسێك بێ

سـەلماندنی تـاوان سزاو جەزرەبەیـەك بدریٚ . ئـەوا سـەلماندنی هـەنگاوەکانی شێخ و دنەدانی عەشایەر . لەلایەن ئەوەوەو ئەم ئاگر هەڵیسانە ... وەك رۆژی روون بۆ ئێمە دیارەو بەهیچ جۆرێك جێی شك و گومان نیە چونکە نزیکەی ٧٠٠٠ هـەزار کەسـی ناردۆتـە سـەر شـاری شـنۆو ئـەو تـالان و برۆیـەکراوەو گەراونەتـەوە ، کەچـی هێشتاش کوردەکـانی لـەخۆ دوورنەخستۆتەوەو هـەر رۆژەش هەڵدەکوتێتـە سـەر ناوچـەیەك و بـە ئاشـکرا ئـەم ئابوودەیـەی لەگـەڵ خۆی خستۆتەوەو رایگرتـوون . هێـرش بـردن ٧٠٠٠ هـەزار کـەس لەسووار و پیادە شتێك نیە بشاردرێتەوە . یان کەس نەیزانیٚ و باوەر پیٚ نـەکات . لەبـەر ئەوە دەووڵەتی ئێران هەرگیز ناتوانیٚ کەسێك کە زیان بۆ کاروباری دەووڵـەت هەبیٚ لەخاکی خۆی داڵدەی بدات . لەوە زیاتریش ماندووتان ناکەم .

<u>سەرچاوە:</u>– کورد لە بەڵگەنامەی قاجاریدا .
شۆرشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری/١٨٨٠
لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی کاروباری ئێراندا.

١٨٧٦/٨/٣٠ سـولّتان عەبدولحەمیـد بـووە سـولّتانی عوسمـانی لـە ئاهـەنگێکی گـەوورەدا ، دوای ئـەوە دەسـەلاتی حکومەتەکەیـدا بـە دەسـت مەدحـەت پاشـا بـە سـەرەك وەزیـران و لـە٢٣ /١٢ ی هـەمان سـاڵ دەسـتووری ئیمراتۆریـەتی عوسمـانی راگەیاند ... شایانی باسە لە زۆر لایەنی نووسین دەڵێن کە بنەماڵـەی سـوڵتان عبدالحمید کورد بوونە ، بەلاّم جێگەی دڵنیایی نیە لەراستیدا.



١٨٧٦/٩/١٦ وەڵامی باڵوێزخانەی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی – نامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە – ژمارە/٢٦ . بەپێی بەڵگەنامەی ١/٥٦٩/١٢/ تیایدا دەڵێ :– نامەکەی ئێوەی خاوەن شکۆ لەرێکەوتی ٢٤/شەعبانی/١٢٩٣ دا فەرمووتان کاربەدەستانی ئێران کێشەی – شاری شنۆ – یان کردۆتە بیانوو و سەربازیان بۆ سنوور ناردووەو سنوور پارێزانی عوسمانیەکانی ناچارکردووە تا وەك ئەواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن ، هەروا لەو پەڕی خێرخوازیدا بەڵێنیان داوە کە لە داهاتوودا هاتووچۆی عەشایەری عوسمانی لەژێر چاودێریدا دەبێ و کۆنترۆڵ دەکرێن وتاکیان کردبوو ... کە سەربازەکانی هەردوولا لە سنوور بگەڕێنەوە شووێنی خۆیان ودیلەکانی هەردوو لاش بەرەڵڵابکرێن ... نامەکەتان ڕێزی لێگیراو لە وەڵامدا دەڵێین :– یەکەم : هەروەك بە دەمیی وتراوەو بۆ نووسراویش زەحمەتم داون دەوڵەتی گەورەی ئێران بەهیچ جۆرێك لە ناردنی ئەم لەشکرە کەمە بۆ سنوور مەبەستی خراپی نەبووە ، بەڵکوو تەنیا بۆ پاراستنی سنوور بووە لەدەست درێژی و تاڵانی عەشایەری عوسمانی . ئێستاش کە ئێوەی خاوەن شکۆ بەرووی نیاز پاکیەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی مەزنی ئێران پێکهاتوون و بەڵێنتان داوە کە چیدی عەشایەری عوسمانی دەست درێژی نەکەن و بڕیارتان داوە لەو دەستدرێژیەو

تالآنه بكۆڵنەوە .

كه لەناوچەی شنۆ كردوويانه ئەم لايەنگرەتان لەگەڵ دەربڕينی پێخۆش بوونی خۆم ، لەم خێرخوازيەتان و ڕازيبوونتان بەپێی تكاو پاڕانەوەی باڵوێزەكان ... كه كردوويانه بروسكەيەكەم بۆ كارگێرانی ئازربايجان كرد . ئامێزی هەردوولا وێكرا بگەڕێنەوە ناوەوەی وولاتی خۆيان و ميوانە ئێرانيەكان و سوارە نيزاميەكانی عوسمانيش بەيەكجار بگەڕێنەوەو ئالوگۆربكرێن .

ئەم لايەنگرەتان هيوادارە بەپێی ئەو نيازپاكيەی كه سەبارەت بەجەنابتان هەمە ، ئێوەش بەزوويی بروسكە بۆ شووێنی پێوويست بكەن كه سنووردارانی عوسمانی . بەم شێوەيە لەگەڵ سنووردارانی ئێران پێك بێنن و ئوردووی هەردوولا بگەڕێنەوەو كێشەی هەردوو وولات دوايی بێت .

تا ئەو جۆرەی وتووێژی لەسەركراوە لێكۆلينەوە لەبارەيەوە بكرێ ، لەو باوەڕەشدام كه ئەم لايەنگرەتان لەچۆنێتی هاوكاريتان ئاگاداردەكەنەوە ئيتر سەرتان نايەشێنم.

سەرچاوە:– كورد له بەلگەنامەی قاچاريدا , شۆرشی شێخ عوبێدوللای نەهری / ١٨٨٠ , له ئەرشيفی وەزارەتی دەرەوەی كاروباری ئێراندا.



١٨٧٦/١٠/٢٤سولْتان عەبدولحەميدی دووەمی سولْتانی ئيمپراتۆريەتی عوسمانی بڕياری دامەزراندنی ئەنجوومەنی گشتی دا ، كه ئەنجوومەنێك گەلانی ژێر دەسەلاتی سولْتان هەلْيان دەبژاردن ، كه يەكەميان ناوی پەرلەمان و دووەميان ئەنجوومەنی نووێنەران بوو . كه سولْتان عەبدولحەميد دايانی دەمەزراندن.

١٨٧٦/١٢/٢ڕاگەياندنی دەستووری ئيمپراتۆريەتی عوسمانی لەلايەن سولْتان عەبدولحەميدی دووەم ، كه مەدحەت پاشا له دوای تەواو بوونی

دەستوورەکە بەپێی خواستو ویستی خۆیانو داروودەستەکەی بوو. کـ
بەیاسای بنەڕەتیو دەسەڵاتی فراوان دادەنرا ، لە پێناو جیبەجێکردنی
بڕیارە تاکرەوەکانی سوڵتان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

۱۸۷٦/۱۲/۲۳مەدحەت پاشا بۆ جاری دووەم کرا بە سەرۆك وەزیرانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، لە پێناو ئامادەکردنی دەستوور لە سەر شێووازی دەستووری فەرەنسا ، بە مەرجێ برگەی/ ۱۱۳ لە دەستووری فەرەسا بخرێتە ناو دەستوورەکە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵاتی عوسمانی بەهێز بکات لە هەموو بوارەکاندا .
کە ئەمەش بەر لەمانگێك ئەو دەستوورە ئامادەکرابوو تاکوو لە ۲/۲۲ ی
هەمان ساڵ ڕاگەیەندرا ، بەدوور لە خواستو مافە رەواکانی گەلانی ژێـ
دەستیان . مەدحەت پاشاش چەندین جار لە پۆستەکەی دووردەخرایەوەو
دەیانگەڕاندەوە ، تا بە ئامانجی سەرەکی خۆیان گەیشتن لە هەموو
بوارەکاندا .

۱۸۷٦/۱۲/۲۳گرێدانی کۆنگرەی جیهانی لە نێوان وولاتانی شەرکەرو هاوپەیمانان لە سە
دەریاو زەریاکان ، لە ژێر چاودێری سەفووەت پاشای بەرپرسی کاروباری
دەرەوەی دەسەڵاتی عوسمانی ، کە بووە سەرۆکی کۆنگرەکە لە شاری
ئەستانە ، کە ئەدهەم پاشا باڵوێزی عوسمانی لەشاری بەرلینو نووێنەرانی
فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو مەژەرو نەمساو رووسیاو بەریتانیا بەشداریان
تێداکردلەو کۆنگرەیەدا .
بەو بۆنە چەندین گوولـە تۆپ هاوێشتران ، ئەویش بەڕاگەیاندنی یاسای

بنەڕتی . کە یەکسانی لە نێوان وولاّتانی جیهان دابین دەکرد لەوکاتدا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیاندا .

١٨٧٦/١٢/٢٨کونسلی ڕووسیای قەیسەری – کرێبلی– لە تارانی پایتەختی وولاتی فارس نووسیویەتی و دەڵێ :–

شێخ عوبێدولاّی نەهری نیازی وایە کە ڕاپەڕینێك لە دژی دەسەلاّتی عوسمانی ئەنجام بدات و دەووڵەتێکی کوردی لە کوردستان پێکبهێنێ و شاری موسڵ بکاتە پایتەختی ئەو دەوڵەتە – لە کێشوەرکەدا .

١٨٧٧

١٨٧٧/١/١٦ لەدایك بوونی ڕووناکبیرو زانای ڕووسی – سیمۆن فرانگ – لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیای ئێستا ... خوێندنی ئابووری و یاسای لە مۆسکۆ تەواوکردووە . دوای ئەوە بەرەو شاری بەرلینی ئەلمانیا هەنگاوی ناوەو لەوێ گرنگی بەبواری فەلسەفە داوە .

دوای ئەوە گەڕاوەتەوە شاری پترسپۆرگی پایتەختی ڕووسیای قەیسەری لە ساڵی ١٩٠٧ وانەکانی فەلسەفەی لەزانکۆی – ساراتۆف – بەوانەگووتنەوە و بەردەوام بووە تاکوو ساڵی ١٩١٧ . دوای ئەوە بە هۆی بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی لە ساڵی ١٩٢٢ دوور دەخرێتەوە بەرەو بەرلینی ئەلمانیا دەڕوات و هەرلەوێ دەست دەکات بەوانە گووتنەوە تاکوو ساڵی ١٩٣٧ .

دوای ئەوە بەرەو شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەڕوات ، دوای جەنگی دووەمی جیهان دەچێتە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیاو لەوێ دەمێنێتەوە تاکوو لە ١٩٥٠/١٢/١٠ کۆچی دوایی دەکات ... ئەم فەیلەسوفە حەوت دانراوی گرنگ و بەبەهای بەرهەم هێناوە لەماوەی ژیانیدا وەك :–

١- الفلسفة والحياة – پترسبۆرگ – لە ساڵی ١٩١٠
٢- موضوع المعرفة – پترسپۆرگ – لە ساڵی ١٩١٥
٣- المعرفة والوجود – پاریس – لە ساڵی ١٩٣٧
٤- مناهج العلوم الاجتماعية – بەرلین – لە ساڵی ١٩٢١
٥- المعرفة والحياة – پاریس – لە ساڵی ١٩٢٣
٦- النظرية الروسية – بەرلین – لە ساڵی ١٩٢٦

٧- اللة معنا – لـەندەن – لـــــە ساڵی ١٩٢٦
لە گەڵ چەندین بابەتی بڵاوكراوەیدا .
سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دكتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٧٧/١/١٨ ئەو یاسا بنەڕەتیانەی كە لە كۆنگرەی٢٣ /١٨٧٦/١٢ بڕیاری بۆ درابوو ، خـرا بـەردەم سـەرۆكی ئایینـە جۆراوجۆرەكـان و لەلایـەن هـەموو نوێنـەرانی ئایینەكان ڕەتكرایەوە ، كە مەسیحی و ئیسلام و جوولەكەو هەموو ئەو ئاینانە بەشـداریان تێداكرد ، كـە لەلایـەن دەسـەڵاتی عوسمـانی بڕیاری بۆ درابوو ، لەپێناو پشتگیری كردن لە دەسەڵاتەكەیاندا .



١٨٧٧/٢/٥ لــە دایــك بــوونی ڕۆژ هــەڵاتناس و مێـژوونووس و كوردناسـی ڕووسـی – فلادیمیر مینۆرسكی– لە شارۆچكەی – گورژیڤـا – كـە ئـەو شارۆچـكەیە دەكەوێتـە بـاكووری ڕۆژئـاوای شـاری مۆسـكۆ لــە ســەركەناری ڕووبــاری ڤۆڵگای ناوبراودا .
هــەروا قۆناخــەكانی خوێنــدنی لــە شـاری مۆسـكۆی پایتـەختی ئێـستای ڕوســیا تــەواوكردووە ، زانیــاری هەمەلایەنـەی باشـی دەربـارەی كـوردو كوردستانەوە لە هەموو بوارەكان بە پێی زانیاری هەمە لایەن ئەو سەردەمەدا هــەبووە لەســەركوردو كوردســتان هــەبووە ، لــە هــەموو بوارەكــان بــەپێی زانیارییەكانی لەو كاتدا .

١٨٧٧/٢/٦ بە بڕیارێكی سوڵتانی عوسمانی – مەدحەت پاشا – ی لە دەسەڵات لادا ، لە پۆستی سەرەك وەزیرانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بە ناوی – سەدر ئەعزەم – دوای ئـەوە كـرا بـە والی شـام بە هـۆی هەڵوێـستی چاكسازی و دژایـەتی كردنی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی.

١٨٧٧/٣/١٩ یەكـەم پەرلـەمانی ئیمپڕاتۆرییـەتی عوسمـانی لـە كـاتی دەسـەڵاتی سـوڵتان عەبدولحەجیـدی دووەم كرایـەوەو ووتـاری سـوڵتان خوێندرایـەوە ، كـە لـە

سەرای بشکتاش ئەنجامدرا.

١٨٧٧/٣/٢٩لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عوسمانی ، کە ١٧ ئەندام ئیسلام بوون و ٤٤ ئەندام مەسیحی بوون و ٤ ئەندام جوولەکەبوون ، کە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لەو رۆژە گرێدرا ، کە ئەنجوومەنی - ئەعیان و پیران- لە ٢٦ ئەندام پێکهاتبوو بە دامەزراندنی ٢١ ئەندامی ئیسلامی و ئەنجوومەنی نووێنەران لە ١٢٠ ئەندام پێکهاتبوو ، لە هەمان کات کورد نووێنەری لەو پەرلەمانە هەبوو بەڵام ژمارەی ئەندامەکان نەزانراوە لەپەرلەمانەکەدا .

١٨٧٧/٣/٣١ئاراستەکردنی یاداشتێکی پرۆتۆکۆڵی لەلایەن شەش دەووڵەتی ئەورووپی بۆ سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ - کێوە رەش- کە ئەوکات لە شۆرشدا بووە ...کە بە ئاشتی پێك بێ و دەست لەو مەڵبەندە هەڵگرێ بە بیانووی ئەوەی کە زمانیان سلاڤی و دینیان مەسیحیە.

لە هەمان بڕۆتۆکۆڵ رووسەکان هەرەشەی راگەیاندنی جەنگیان لەگەڵ رژێمی عوسمانی کردبوو ، گەر خواستەکانی قبوول نەکرێ و لە کۆبوونەوەیەکی - ئەنجوومەنی نووێنەران- دا ، بەتایبەتی بۆ لێدوان لەو هەرەشەیەی کە ئەکرا .

لەکاتێکدا هەندێك لە کاربەدەستانی دەسەڵاتی عوسمانی بەتاڵی خەزینەی دەووڵەت و نەبوونی دراویان رادەگەیاندو ئەکردە بیانووی قبووڵکردنی مەرجە گرانەکانی دەووڵەتی ئەورووپا.

لە هەمان کاتدا نووێنەرێکی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان کە کورد بووو لەو کات ووتی :-

ئیووە ئەڵێن کاروباری دارایی لە تەنگانەیەکی سەختدا بێ بە ئێمە چۆن دەکرێ و دەتوانین برِوا بەو ووتەیە بکەین کە لە کاتێکدا ئیووە لەم کەش و فشەدان و جل وبەرگی رەنگاورەنگ و ماڵی رازاوەی پڕ لە کەلوپەلی جوان و گالیسکەی ئەسپی قەشەنگتان هەیە- وەرن بۆ لای ئێمە بۆ کوردستان و بەچاوی خۆتان کوویرەوەری و ئێش و ئازارو ناخۆشی ژیانی گەلی کوردستانی ئێمە بەچاوی خۆتان ببینین لە هەرێمەکەدا لە کوردستان .

١٨٧٧/٤/٢٤هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان هێزەکانی سووپای رووسیای قەیسەری و

هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دەوورووبەری هەرێمەکانی قەفقازو بەلکان لە ئەنجامی کێشەو ململانێیەکی توونددو دژووار لە نێوانیاندا.

١٨٧٧/٥/١٦ لە ژمارە دووی ڕۆژنامەی – شەهبا – دا زانای ناوداری جیهانی لە نژاد کورد – عەبدولرەحمان کەواکبی – بە نەرمی گلەیی لە دواجەنگی بەناوبانگی نێوان ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد ، لە ڕەفتارێکی نابەجێی کار بە دەستانی عوسمانی لە پارێزگای عەنتاب لە باکووری کوردستان کردووە ، کە ئەوساکە لەڕووی کارگێڕی سەر بە شاری حەلەبی – شام ، و ئێستای سووریا بووە ، کە شەش لە ئەرمەنەکانی عەنتاب دەچنە بارەگای لەشکری عوسمانی بۆ ئەوەی خۆیان بەچەکدارکردن بکەن دژی ڕووسەکانی هاو ئایین ناوونووس بکەن لە شارەکەدا .

کەچی ئەوان داوایان لێکردن ببنە ئیسلام و ئەوانیش ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە ... دوای ئەوە والی حەلەب تووڕە دەبێ و ڕۆژنامەکە دادەخات ، کە لەلایەن کەسایەتی ناودار کەواکبی سەرپەرشتی و بەچاپ دەگەیەندرا لە شارەکەدا .

١٨٧٧/١١/٦ داگیرکردنی شارەکانی – قارس و ئەرزەڕۆم و بایەزید – و ناوچەکانی دیکە لە باکووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری ، کە بووە هۆی کارلێکردن لە دەروونی گەلی کوردو سەرکردەکانی وەك ، شێخ عوبێدولای نەهری بەپێی ئامۆژگاری هێزەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان .

١٨٧٧/١٢/١٢ سوڵتانی عوسمانی لە دانیشتنی کردنەوەی پەرلەمانی ئیمپراتۆریەتەکەیدا ، بەڵێنیدا لە بەرێزگرتن لە مافەکانی نەتەوەیی و یەکسانی بەرفراوان .

بـەلاّم سـولتانی لەوولتـەکانی پاشـگەز بـووەوە . ئـەوە سـیفاتی هـەموو سەرکردەو داگیرکەرێکی خاکی گەلانە ، بە تایبەتی داگیر کەرانی خاکیگەلی کوردستان ، کە لەوکات داگیرکراوی ژێـر دەسـەلاّتی فارس و عوسمانی بـوو . سەرەڕای چەندین کاری دیکەی نامرۆڤانە ئەنجامدراوە لەلایەن ئەو ڕژێمانە بەهەمانگی لەنێونیاندا .

١٨٧٨

١٨٧٨/١/٥ بـەرپابوونی شـەڕ لـە نێـوان هێـزە چـەکدارە ئیـسلامیەکانی ئەفگانـستان و هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا ، لـە ئاکـام هێزەکـانی سـووپای ئەفگانـستان سەرکەووتنیان بە سەر هێزەکانی سووپای بەریتانیادا هێنا .
کـە لـە ئـەنجام بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ورەی هەمەلایـەنی هێزەکـانی چـەکدارەکانی ئەفگانـستان بـەرز بێتـەوەو توانـای باشـیان هـەبێت لەشـەڕو هونـەرەکانی شـەڕ کـردن ، چ لـە شـەری نێوودەوڵـەتی و ، چ لـە شـەڕی ناوخۆیی نێوان پێکهاتەکانی ئەفگانستاندا .

١٨٧٨/١/٥ لە دوای سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای ڕووسیا بەسەر هێزەکانی سووپای عوسمـانی ، لـە شـاری سۆفیای پایتـەختی بوولگاریـا و ئەردنـە ، کـە بـەرەو شـاری ئەسـتەمبۆڵ هـەنگاوینا ومـاوەی ٥٠ کیلۆمـەتر مـابوو بگەنـە شـاری ئەستەمبۆڵ .
کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مەسیحیەکان پـەلاماری ئیسلامیەکان بدەن ، کە بووە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی تووندو تیژو دژووار بە هـەلاّتنی ئیسلامەکان بەرەو ڕووی شاری ئەستەمبۆڵ ، لە هەمان کات چەندین کۆمەڵە دروسـت بـوون ، لـە پێنـاو یارمـەتی دانیـان و بـووە هۆکـاری سـەرەکی بـە داواکاری سوڵتانی عوسمانی لە ڕووسیا .
ئەویش بەرەوانە کردنـی شـاندێکی سەربازی عوسمـانی بۆلای سـەرکردەی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیا ، کـە شـاندەکە پێـك هـاتبوون لـەنامیق پاشـا و سرور پاشا ، لە گەڵ گەیشتنی شاندەکە کە چاویان کـەووت بـە سـەرکردەی ڕووس ، ئەویش لەپێناو ڕاگرتنی شەڕو ڕاگرتنـی گـەمارۆ لەسـەر کـەنارەکانی ڕووسیا لە لایەن دەسەلاّتی عوسمانی لەسەر دەریای ڕەشدا .

لەوکاتەشدا چەندین ڕووداو ڕاپەرین بەرپابوون چ لە ناوەوەو چ لە دەرەو
بە هاندان لەڕێگەی پیاوانی بەریتانیا دژی پەیمانی- سان ئیستیڤانۆس-
کە شارێکی بچوك بوو لە نزیك شاری ئەستەمبوڵ لە سەر دەریای مەرمەڕە
بە ناوی – سان ئیستیڤانۆس- کە لە دوای ئەو شارە گفتوگۆ لە نێوانیا
دەستی پێکردو لە ئەنجام ڕێکەوتننامەکە مۆرکرا ، کە ٩ نۆ خاڵی لەخ
گرتبوو.
شایانی باسە لەخاڵی شەشەمی ئەو ڕێکەووتنامەدا هاتبوو کە دەڵێ :
دەسەلاتی عوسمانی بەڵێن دەدات بەپاراستنی ئەرمەن و کوردو سەرکەسی
مافەکانیان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەییدا لەباکووری کوردستان.

١٨٧٨/١/١٣ مۆرکردنی ڕێکەوتنامە لە نێوان ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆرییەت
عوسمانی ، لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ، لە دوای کۆتایی هاتن
شەڕی نێوانیان بە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی گەلی کورد لە باکوور
کوردستان دژی داگیر کەری ڕژێمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەسەر خاک
کوردستان .
١٨٧٨/٢/١٣ سولتانی عوسمانی سولتان عبدالحمید فەرمانیدا بە هەڵوەشاندنەوە
ئەنجوومەن و ڕەتکردنەوەی دەستوورو بۆ ڕۆژی دوایی فەرمانی
بەدەرکردنی نووێنەرە پایە بەرزەکان لە ئەستەمبوڵ ... بە گەڕانەوەیان ب
وویلایەتەکانیان لەو کاتەوە دەسەلاتی سوڵتان لەسەر دەوڵەتی عوسمان
بووە دەسەلاتێکی تاکڕەوی داپلۆسێنەر لە سەر ناوچەو هەرێمەکاندا .

١٨٧٨/٣/٣ بە هۆی باری شلەژاوی هێزەکانی سووپای عوسمانی و هەلاتنی لە ئەوروپ
ئاسیا ، کە ئەمەش بووە هۆی ناچاربوونی دەسەلاتی عوسمانی بە مۆرکردن
سێیارەی پەیمانی – سان ستیڤانۆس- لەگەڵ ڕووسیای قەیسەر
بەناچاری ، کە سەفوەت پاشا بەنووێنەری دەسەلاتی عوسمان
ڕێکەووتنەکەی مۆرکرد . لە کاتی مۆرکردنی ڕێکەووتنامەکە دەگریا.

١٨٧٨/٥/٣ مۆرکردنی پەیمانی چوار جارەی- سان ستیڤانۆس- لە نێوان ڕووسیا

قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی بەشداری تێدا بکات ، لە پێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانیان کە بەسوودمەندیەتی ئەرمەن گەڕایەوەو بە زیانی کورد هەڵگەڕایەوە ، لەوکاتەی کە کورد لەبارێکی یەکریزی بەهێزدا دابوون لەباکووری کوردستان .

١٨٧٨/٥/٢٥ دەسەڵاتی ئیمپراۆریەتی عوسمانی لە دوورگەی قووبرسی داگیرکراوی دادەست هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، لە بەرامبەردا بەریتانیا بەڵێنیدا بەدەستپۆیی دەسەڵاتی عوسمانی لەسەر دورگەکەدا ، بە فەرمی بناسێنێو لە بەرامبەر داگیرکردنی بڕی ٩٢,٨٠٠ پاوەند ساڵانە بداتە دەسەڵاتی عوسمانی لە سەر ناوچەکەدا .

١٨٧٨/٦/٤ بەپێی برگەی/ ٦ لە ڕێکەووتنامەی نێوان بەریتانیاو دەسەڵاتی عوسمانی ، بە مەرجێ بەریتانیا قووبرس چۆڵ بکات لە دوای گەراندنەوەی ناوچەکانی قارس و ئەردەهان و ئەرتووشی کورد لە باکووری کوردستان ، لەلایەن ڕووسیا بۆ تورکیا ، کە لە شەڕی نێوانیاندا ڕووسیا داگیری کردبوو لە هەرێمەکەدا .

١٨٧٨/٧/١٣ مۆرکردنی پەیمانی بەرلین بە دابەشکردنی بوولگارستان بە سێ بەش و بە پشتگیری کردنی پەیمانی ستیڤانۆس ، کە لەبەرژەووەندی ڕووس و ئەرمەن بوو ، بەڵام کێشەی کورد پشت گوێ خراوبوو لە باکووری کوردستان .

١٨٧٨/١٠/١ لەدایك بوونی فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی وفەیلەسوفی مێژوویی نەمساوی و – ئەشیان ئوتمار – لە شاری ڤیێنا ... خووێندنی لە شارەکانی ڤیێنا و زیورخ و تۆبنجف تەواوکردووە . لە دوای تەواوکردنی خووێندن بۆتە مامۆستا لە زانکۆ لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩ تا ١٩٤٩ مامۆستا بووە لە زانکۆی ڤیێنا .

لە ساڵی ١٩٢٢ یەکەم کتابی بەناوی –نقریە مقولات – بڵاوکردۆتەوە . هەروا دژی بیری مارکسی بووە لە بارەی تیئۆری کۆمەڵگای بێ چینایەتی . دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٧٥ – ١٨٧٨ دانراوەیەکی بڵاوکردۆتەوە لە چوار بەرگ بەناوی – بناو وحیاه الهیئە الاجتماعیە – . ئەم فەیلەسوف و ڕووناکبیرو زانایە لەکارە پیرۆزەکانی خۆی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٥٠/٧/٨ کۆچی دوایی دەکات لە وڵاتەکەیدا.

سەرچاوە:– مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٧٨/١٠/١٨له ماوەی گرێدانی كۆنگرەی بەرلین هەوڵەكانی دبلۆماسی بەریتانیا تەنیا له سەر قوویرس نەبوو ، بەڵكوو زیاتر لە سەر نامەی نهێنیەكەی وەزیری بەریتانیا – سولزبری– بوو ، كە بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە شاری قوستەنتنیە – لابارد – رەوانەی كردبوو ، كە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسا – ئەدینگتون– له بارەی باری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و داهاتووی ڕاگەیاند .
لەپێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە سەر ڕۆژئاوای ئاسیاو بە تایبەتی وویلایەتەكانی ، مووسڵ و ، بەغداو ، بەسرا ، بە دابەشكردنی ناوچەكە ، لە نێوان فەرەنساو بەریتانیا ، بە تایبەتی خاكی كوردستان كە چاوەڕوانی چاوگەی نەوتی لێدەكرا ، بە تایبەتی له باشووری كوردستان . كە شارەكانی كەركوك و دەووروبەری وخانەقین و ناوچەی كەندیناوەوی سەر بە قەزای مەخمور ، لە پارێزگای هەولێر و چەندین جێگەی دیكە لە هەرێمەكەدا .

١٨٧٩

١٨٧٩/٣/١٤ لە دایك بوونی فیزیاناس و تیئۆرە فەلسەفەیەكانی ئەلمانی – ئەنشتاین ئەلبرت – لە شاری ئۆلم لە باشووری ئەلمانیا ... لەدایك و باوكێكی ئایین جوولەكە . دوای ساڵێك لەدایك بوونی خێزانەكەی لەشاری منشن نیشتەجێ بوون . هرمن ئەلبرت باوكی و مامەكەی یعقوب كارگەی كارەباو كارەكانی ئەندازیاریان دامەزرند .
هەروا خووێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئەلبرت لە شاری منشن بووەو لەخووێندنەكانی سەركەووتوو نەبوو ، ئەویش بەو هۆیە دایكی هانیدا كە لە خووێندنی مۆزیكا بەردەوام بێت لەسەر ئامێری كەمانجە . دوای ئەوە باوكی رووی كردە ئیتالیا لە نزیك شاری میلانۆ ، ئەویش باری ئابووری و كەم دەرامەتی لە سەر باری ژیانیدا .
بەڵام ئەنشتاین ڕووی كردە سویسرە لە ساڵی ١٨٩٦ و چووە كۆلێژی ئەندازیاری فیدرالی بەناوبانگ – ETH – و ماوەی چوار ساڵ لەخووێندنی فیزیاو ماتماتیك بەردەوام بوو ، بە بەدەست هێنانی بروانامەی دبلۆم و لە بەهاری ساڵی ١٩٠٠ بووە مامۆستای ماتماتیك بۆماوەی دوو مانگ ... یەكەم بلاوكراوەی لەگۆڤاری – حولیات فیزیا – بوو لە ساڵی ١٩٠٥و بروانامەی

دکتۆرانی لەزانکۆی زیورخ بەدەست هێنا . ئەم مرۆڤە لە ماوەی ژیانیدا ١١ بەرهەمی بە چاپکەیاندووە لە بارەی فیزیاو ماتماتیك و چەندین بواری دیکەو کەسایەتیەکی ناوداری جیهانیە لە بواری زانستەکان تاکوو لە ١٩٥٥/٤/١٨ کۆچی دوایی لە ئەلمانیا دەکات .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٣ .

١٨٧٩/٨/٦ قائیمقامی قەزای گەووەڕێ لە باکووری کوردستان هێرشی کردە سەر عەشیرەتی - گراکلی - ئەویش لەسەر نەدانی باج لە ئەنجام بووە هۆی شەهید بوونی ١٦ هاوولاتی کوردو دەستگیرکردنی ٤٠ هاوولاتی دیکەی کورد لە ناوچەکەدا ... شایانی باسە ئەم رووداوە بووە هۆکاری سەرەکی و بنەمای سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ عوبێدوللای نەهری لە باکووری کوردستان .

١٨٧٩/٨/٧ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵسا بەکەمکردنەوەی هێزەکانی سووپا لە میسر بۆ ١٨٠٠٠ هەژدە هەزار سەربازی چەکدار ، بەپێی ئەو رێکەووتنامەی کە لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیا مۆری کردبوو لە وولاتەکەدا .



١٨٧٩/٨/١٧ ئەندازیاری بەناوبانگی جیهانی - فردینالند دیلیبسبس - کۆمپانیای کەناڵی پەنەمای دامەزراند و هەر ئەو زانایە خۆشی خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی کەناڵی سوێس بوو لە وولاتی میسر .
شایانی باسە کە وولاتی پەنەما دەکەوێتە نێوان هەردوو کیشووەری ئەمەریکای باشوور و ناوەراستەوە و تاکە دەووڵەتە لە جیهان کە زەریای هێمن و زەریای ئەتلەسی تیادا تەنها پەنجا میل لە یەکەوە دوورن . ئەمە جگە لەوەی کەباشترین ئاوی خواردنەوەی هەیە لەجیهاندا .

یەکێك لە بەناوبانگترین ئەو وولاتەی کە پێی بناسرێت کەنالی پەنەمایە . کە ڕێرەوێکی ئاوییەو هەردوو زەریای هێمن و ئەتلەسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ... دروســتکردنی ئـەو کەنالـە ئاوییـە کـارێکی ئەنـدازیاری بـێ وێنەیـەو درێژیەکەی ۸۰ کیلۆمەترەو سالانە ۱۲۰ کەشتی هاتووچۆی پێدادەکات ... سەرەتا فەرەنسیەکان پارەیاندا بە ئەمەریکیەکان بۆ دروستکردنی کەنالەکە .

بەلام لـەپێش دەستکردن بە پرۆژەکە و لە سالی ۱۹۰۲ ئەمەریکیـەکان ماف کەنالەکەیان لە فەرەنسا کڕیووە و خۆیـان لـە سالی ۱۹۰٤ – ۱۹۱٤ پـرۆژەی دروستکردنی کەنالی پەنەمایان جێ بەجێکرد . کەنالەکە وولاتی پەنەما دەکا بەدووبەش بـە خۆرهـەلات و خۆرئـاوا ... لـەپێش دەسـت پێکردنـی جـەنگی جیهانی یەکەمدا بەرەسمی کەنالی پەنەما کرایەوەو لە ۱۹۱٤/٦/۷ دا یەکەم کەشتی بەکەنالەکەدا تێپەربوو .

پاش ئەوەی کە ئەمەریکیەکان ۸۵ سال کەنالەکەیان بەڕێوەبردو هەژموونیان بەســەریدا هـەبوو ... لـە کۆتـایی وولاتـی پەنـەما تـوانی سـەروەری خـۆی بەسەر کەنالی پەنەماندا بگێرێتـەوەو بیخاتـەوە ژێـر دەسـەلاتی خۆیـەوە ، کە هۆکارێکی بنەڕەت و کاریگەرە لەبووژاندنەوە ژێرخانی ئابووری و بازرگانی بۆ وولاتەکە لە کێشوورەکەو جیهاندا لە هەموو بوارەکانی ئابووری و گەشت و گوزاردا .

۱۸۷۹/۱۲/۱۵ لە پێناو دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد ، دووبارە میربەدرخان و نەوەکەیو لایــەنگیرانی خۆیــان گەیانــدەوە جــەزیرو ســەربەخۆیی میرنــشینەکەی لــە مێژینـەی خۆیـان ڕاگەیانـدەوە ... لەوکاتـەش دەوولـەتی تـۆرانی عوسمـانی چەند جارێك بەهێزی سووپاکەیان هێرشی بردنە سەرو هەموو جارێکیش لەو هێرشانە دەشکان .

جۆلـەمێرك و زاخـۆ و ئامێـدی ومـاردین و مـدیان و نەسـیبین کەوتـەوە ژێـر دەســەلاتی میرنــشینەکەیان و بــرا گــەوورە – عوسمــان پاشــا – تــاجی فەرمانرەوایی لەسەرناو لە سەر مینبەر ووتاری بەناو دەخووێنرایەوە . تێك شکانی جارلە دوای جاری هێزەکانی عوسمانی تۆرانی و خۆ قایم کردن و پەرەپێـدانی دەسـەلاتی – مـیر عوسمـان پاشـا – لـە کوردسـتان ، وایـان لـە سولتان عەبدولحەمید کرد کە بەرامبەر بە کوردو کوردستان ڕامیاریەتیەکەی نەرمتربکات ، بەتایبەتی لەگەل بەدرخانیان هەلس و کەوتی چاکەدانەوە بکات

... هەر بەدرخانیەکی سەر بەو بنەماڵە گیرا بوون ئازادی کردن و پیاوی تایبەتی ناردە لای – ئەمیر عوسمان پاشا – و داوای کرد کە بە ئاشتیانە رێککەون و چیدیکە خوێنی موسلمانان نەرژێ .
بەڵام خزمانی بەدرخانیەکان کە لە شاری ئەستەمبوڵ نیشتەجێ بوون داوایان لەمیر عوسمان کرد کە گفتووگۆ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەست پێبکات .
میر عوسمانیش دەستی کرد بەگفتووگۆ ودەسەڵاتی عوسمانی ماڤ کوردی بەرەوا دەزانی لە رامیاریەتە فرتوفێڵەکانی و تاگەیشتنە مەرامی خۆیان و هەڵیان بۆ رەخسا ، بە هۆی راستگۆیی و دڵ نەرمی میر عوسمان و لایەنگرانی . لەئاکامدا میر عوسمان و حوسێنی برای لەناکاو دەستگیرکران و رەوانەی ئەستانەکران و پاش ماوەیەك ئازادکران بەمەرجێك لەشاری ئەستەمبوڵ نەچنەدەرەوەو هەر لەو شارەبن .

١٨٨٠

/٣/١٨٨٠ سەر کردەی کورد شێخ عوبیدوڵلای نەهری ، یەکەم کۆمەڵەی رامیاری کوردی بە ناوی یەکیەتی کوردان لە باکووری کوردستان پێکهێنا ، بە کارگێریەتی بەحری بەگ بەدرخان .
کە ئامانجەکانی بریتی بوو لە چوار برگەو سێ خاڵ لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیکان .

٧/٣/١٨٨٠ لە دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆرو چەندین داهێنان لە ئاکامدا هێزی وزەی کارەبا ، لە لایەن زانای ئیتالی – ئەدیسۆن ڤۆلت – دۆزرایەوە ، کە بووە هۆی کارێکی هەمە جۆری بەرەوپێش بردنی باری مرۆڤایەتی لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا ، گەر وزەی کارەبا لەم سەردەمەدا نەبووایە پەرەسەندەن و پێشکەووتن دەکەووتە دووریانی هەرەس هێنان .

/٤/١٨٨٠ دامەزراندنی پەرتووکخانەی کۆنگریسی ئەمەریکی ، کە یەکەم پەرتووکخانەیە لە گەورەیی لەجیهان ، کە زیاتر لە ١٧ ملیۆن کتابی هەمە جۆری تیایەو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین نەخشەو دەست نووس و فیلمی سینەماو وێنەو کاسێتی ڤیدۆ لە خۆ دەگرێ لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .



١٨٨٠/٧/١٥ نووێنەرانی هێزەکانی سووپا لە ئـــەوروپا هەســـتیان بـــە جوولانـەوەی هـەڵس و کـەووتی ئیـــسلامی کـــرد ، کـــە شـێخ عوبێـدولا سـەرکردایەتی دەکـرد لـــە رۆژهـــەلا!ت و بـــاکووری کوردســـتان ، هـــەر بـەم بۆنـە قوونـسلی بـەریتانیا لـە شـاری ورمێ – ولیم ئابوت– دەڵێ:– مـن لـەو بڕوایـەم کـە هێزەکـانی پارێزگـارانی تـورك لەپـشتەوەی جوولانەوەی شێخ عوبێدوڵلان، چونکە لە ماوەیەکی دیاریکراو کاردانەوە دەبێت، لە بەر ئەوەی شێخ توندڕەویەکی بەرچاوی ئایینی هەیەو لەد ڕۆژدا بە زیانی وولاتانی ڕۆژئاواو نەسرانیەکان هەل دەگەڕێتەوە ، لەبە ئەوەی شێخ عوبێدولاو کوڕەکەی عەبدولقادر چاو نەترسن و جوولانەوەکەیا جوولانـەوەی ئیـسلامیەو داوای جیهـاد دەکـەن و لـە چـەندین نامـەیان باس لەسەرکەووتنی ئیسلام دەکەن و نیاز لە ناوەڕۆکی نامەکان دەردەکەون.

شایانی باسە کە ئەم هەڵوێستانە لە دەروونی وولاتانی ئەوروپا ببوو کارلێکردن لە داهاتوی کورد ، ئەویش بە هۆی کێشەی نێوان ئیسلام مەسیحی لە ناوچەکەدا .

کە کوردیش هەر بەو ئاگرە سووتاوە تاکوو ئیستا ، بە هۆی تێکەلاو کردن باری نەتەوەیی و نیشتمانی لەگەڵ بوونی ئاین ، لەبە ئەوەی ئامانجی ئای بالادەست تر بووە لە ئامانجی نەتەوەو نیشتیماندا ، بە تایبەتی ل کوردستان .

١٨٨٠/٨/٢ ڕابەرو پێشەوای کورد شێخ عوبێدولای نەهری چەندین جار ئاگادار نووێنەری بەریتانیای کرد ، بەوەی کە ئێمە بیری دژایەتی کردنی دژ دۆستانی کوردستان هەڵناگرین ، هەرچەندە من لە ژێر سێبەری سوڵتان عوسمانی ژیان دەبەمە سەر ، بەلام من دەمەوێ جێگەی متمانەی بەریتانیا

، لە بەر ئەوەی پەیووەندیم لەگەڵ ئیسلامەکانی هیند هەیەو بەرەو پێشەوە دەچن لە ژێر سایەی بەریتانیادا .

هەروا ئامادەم هەموو داواکاریەکانی بەریتانیا جێبەجێ بکەم ، گەر کەش و هەوای لەبارم بۆ بگوونجێنی و توانای دەرکردنی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانم لەکوردستان هەیە ، منیش ڕێگرنیم لە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئەرمەنی . بە مەرجێ بۆکوردیش هەمان مافی حکوومەتایەتی پێبدرێ لە هەرێمەکەدا .

گەر دەووڵەتی کوردی لە کوردستان دامەزرا ، ئەوا من بە هەموو توانا یارمەتیان دەدەم لە هەموو بوارەکان ، بەتایبەتی بەدامەزراندنی پەرستگەو کەنیسەکانیان بە هەموو ئازادیەک... بەڵام شێخ عوبێدوڵا باش دەیزانی کە بەریتانیەکان سوودمەند بوون لە شەڕی نێوان تیرەو هۆزە کوردیەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنووری نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و فارسدا . کە لەسەر خاکی کوردستان بوو، ئەویش بەدروست بوونی ئاژاوەو نالەباری پەیووەندی لە نێوان بەریتاناو ڕووسیای قەیسەری لەسەر خاکی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

١٨٨٠/٨/٢٦ شـــاعیری بـــەهرەداری فەرەنسی – گیوم ئەبۆلێنێر – لە دایکێکی پۆلۆنی و بـــاوکێکی ئیتالی لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لەشارەکانی مۆناکۆ و نیس دەستی بە خووێندن کردووە . لە ساڵی ١٩١٦ ڕەگەزنامەی فەرەنسی وەرگرتووە ... هەروا لەڕیزەکانی سووپای فەرەنسا لەجەنگی یەکەمی جیهاندا خزمەتی کردووەو لەشەڕدا زامداربووە . لە ساڵی

١٩١٨ لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ... لەم تەمەنە کورتەدا خاوەنی ئەزموونێکی تایبەتی بووە لە شیعرداو شیعرێکی زۆری داناوەو تاکوو ئێستاش لاوانی فەرەنسا لایان باشترین و بەرزترین شاعیری نوێکارە لە وولاتەکەو لە جیهان ، لە یەك لە شیعرەکانی بەناوی – پردی میرایۆ – بووە کە بەناوبانگترین شیعریەتی لەشیعرەکان .

سەرچاوە :– مجلة الثقافة الاجنبية العدد/١/سنه /١٩٨١.

١٨٨٠/٩/٣٠ بەردەوام بوونی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلاّ نەهری بە مەبەستی پێکهێنانی حکوومەتی کوردی لە کوردستان ، بە ڕزگارکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان . ئەویش بە بوونی هێزێکی بەرفراوان ، کە خان باباخان کرا بە فەرمانەدەی هێزەکانی چەکدار لە ناوچەی سابلاّغ لە رۆژهەلاّتی کوردستان .

١٨٨٠/١٠/٥ لەراپۆرتی کاپتن– کلایتن – دەردەکەوێت ، کە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی شێخ عوبێدولاّی نەهری‌و دەسەلاّتی عوسمانی لە ناوچەی هەکاری ، کە نەیدەتوانی ڕێگابگرێت لە کورد لە باکووری کوردستان ، لە هاوبەشی کردن لە جوولاّنەوەی شێخ عوبێدولاّ لە بەر دوو هۆکارئەویش :– یەکەم :– بوونی دەسەلاّتی تەواو لەسەر هەکاری‌و ، دووەم :– لە داموو دەزگا سەربازی‌و کارگێڕی دەسەلاّتی عوسمانی لەخۆپیشاندان و دەر برینی نالرەزایی بەردەوام بوون بەهۆی وەرنەگتنی موچەکانیان.

١٨٨٠/١٠/٥ لە دایك بوونی سەرکردەی سەهیۆنیزم – ژابووتنسکی– لە شاری ئۆدیسا ، تاکوو مردنی لەمانگی/ ١٩٤٠/٧ ، کە بە درێژایی ژیانی لە پێناو مافی جوولەکە خەباتی کردووە وەك دەڵێ:– من کاردەکەم لە پێناو دامەزراندنی ئیسرائیل ، هەتا گەر ناچاربم هاوکاری لەگەڵ شەیتان بکەم– کە بەدەیان جار زیندانی‌و ئەشکەنجە دراوە بە هۆی توووند ڕەوەی لە بیروبۆچوونەکانیدا . ئەویش لە پێناو دەووڵەتی یەهوودی – جوولەکە – لە فەڵەستین ، ئاواتەکانی لە دوای هەشت ساڵ لەمردنی ڕابەری یەهوودی ، لە ساڵی ١٩٤٨ هاتەدی بەدامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی لە فەلەستین لە کێشووەرەکەدا .

١٨٨٠/١٠/١١ شای ڕژێمی فارسی سەفەوی ، داوای لە بەریتانیا کرد ، کە زۆر لە دەسەلاّتی عوسمانی بکات ، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی جوولانەوەی کوردو ڕاپەڕینەکانی

ببێتـەوە لـە سـەر خـاکی کوردسـتان ، لـەپێناو گـەمارۆو لـەناو بردنـی ڕاپەڕینـەکانی کـورد ، کـە ئەمـەش لەڕێگـەی باڵوێزی بـەریتاینا – تۆنسون– بوو ، لە تارانی پایتەختی وولأتی فارس ئەنجامدرا .

١٨٨٠/١٠/١ دەسـەڵاتی ڕووسیای قەیسەری بەوە سازان ، کە دژی کوردو ڕاپەڕینـەکانی گـەلی کوردسـتان ، یارمـەتی دەسـەڵاتی فارسـی لـە ئێـران بـدەن و ئەوەشـیان سـەلماند بـەو کـارە ، کـە باڵوێزی ڕووسـیا لـە ئەسـتەمبوڵ هـانی دەسـەڵاتی عوسمانی دەدا لە دژی کورد بەشداری شەڕبێت لە باکووری کوردستان.

١٨٨٠/١٠/٢ دەسـەڵاتی ناوەنـدی شـای فـارس ، ئاگـاداری وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیاو باڵوێزی بەریتانیا تۆمسۆن لە تارانی پایتەختی فارس کرد ، کە کورد یەکیان گرتووە ، لە پێناو وەدی هێنانی مافی سەربەخۆیی لە باکووری کوردسـتان ، کـە ئەمـەش مەترسـی دەخاتـە سـەر دەسـەڵاتی شـاو مەترسـی دوا ڕۆژی لـە ناوچەکەدا .

١٨٨٠/١١/ پێشەوای کورد شێخ عوبێدوڵای نەهری نامەیەکی ئاڕاستەی دکتۆر کۆچرا کـرد لـە بـارەی بـاری کوردەکـانی هـەرێمی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی ژێـر دەسەڵاتی فارسی سەفەویدا لە تاران .

١٨٨٠/١١/ حکوومـەتی ڕووسـیای قەیـسەری و بـەریتانیا دەمـارگیری مەسـیحیگەری توونـدیان دەنووانـد لەمـەڕ چارەنووسـی ئەرمەنـەکانی بـاکووری کوردسـتانی ژێر دسەڵاتی عوسمانی ، کە بۆماوەیەکی کاتی دەژیان و هەموو کاتێکیش کە ئەم دوو دەووڵەتە کوردیان بە مرۆڤ نە دەزانی لەنیشتمانی داگیراویدا .

١٨٨٠/١١/٦ ڕابەرو پێشەوای کـورد شێخ عوبێدولای نـەهری و کۆمـەڵێك لـەهێزەکانی بـۆ ناوچـە شـاخاویەکانی کـەناری زێـی هـەکاری کەووتنـەڕێ ، بـە هـۆی سەرنەکەووتنیان لە شەڕەکان و ڕاپەڕینەکان لە باکووری کوردستان .

لە ئاکام بووە هۆی توانەوەی ڕاپەڕینـەکانی شێخ ، وەك بـەفر چـۆن لـە سـەر بـەرد دەتاوێتـەوە ، هـەروەك ڕاپەڕینەکـەی ئـاداری ١٩٩١ لـە باشـووری کوردستانی لکێندراو بەئێراق .

شایانی باسە کە بەریتانیاو ڕووسیاو فەڕەنسا ئەوەندە یارمـەتی کوردیان داوە تـا خواسـت و ویـستەکانیان هاتۆتـە دی لـە ناوچـەکەدا ، دوای ئـەوە

هاوکاریـان لەگـەڵ دووژمنــەکنی خۆیـانکردووە دژی کـوردو لـەناو بردنـی راپەڕینـەکانیان . دوای ئـەوە بـەریتانیاو ئەمـەریکاش ئێـستا پێویـستیان بـەکوردو ناوچـە جوگرافیەکـە هەیـەو دوا ڕۆژی کـورد خێـری تیـا بێـت لـە ناوچەکەدا ..؟!!.

١٨٨٠/١١/١٩ قەیـسەری ڕووسـیا – ئەلکسەندەری دووەم – پـشتگیری تـەواوی خـۆی دژی راپەڕینەکانی کورد نیشاندا بە ڕابەرایەتی شێخ عوبێدوڵای نەهری ، بە هـۆی ڕێك و پێکی سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان. کە لە نیووەشەو هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری گەیشتنە ناوچەی نەخجەوان و هێزێکی دیکە بە ٥٠٠ سەربازی گەیشتنە– جۆلفا– بۆ یامەتی دانـی سـووپای فارسـی دژی ڕاپەڕینەکـەو گوشـار خرایـە سـەر دەسـەڵاتی عوسمـانی ، لـە پێنـاو هاوکاریکردنیـان دژی کـورد لەسـەر خاکی داگیرکراوی کوردستان .

١٨٨٠/١١/٢٢ هێزەکـانی سـووپای فـارس بـە هـەموو تونـا کەووتنــە گیـانی کـوردو نیشتمانەکەی لـە ناوچەی ورمـێ و دەوورووبەری لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، ئــەویش بــە ســووتاندن و وێرانکردنــی ســەدان گونــد و دەربــەدەرکردنی دانیشتووانەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

١٨٨٠/١١/٢٨ لە بەڵگەنامـەکانی کە بۆ باڵوێزی فارس ڕەوانە کراوەن ، کە زیاتر لە٢٠٠٠ دوو هـەزار گونـدیان سـووتاندووەو وێرانکـردووە ، کـە زیـاتر لـە ٧٠ هـەزار خێزانـی کـورد ئـاوارە کـراون لـە شـارەکانی سـابڵاخ و ورمـێ و هـەکاری لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .
کە بەرەو ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانی کۆچیانکرد ، کە ئـەم کـردارە نامرۆڤانـە چـوارمانگی خایانـدووە ، بـەپێی بەڵگەنامـەکان . کـە ئێـستا لـە وەزارەتـی نـاوخۆی تـاران و باڵوێزخانـەکانی دەسـەڵاتی عوسمـانی و فـارس و ڕووسـیا هــەلگیراون وهەریەکــەیان بەرامبــەر ئــەویتریان پــارێزراون لــە ئەرشــیفی باڵوێزخانەکانیان لەسەر باری هەمەلایەنەی گەلی کوردستان.

١٨٨٠/١٢/١٠ لـە یادگـاری ئـەم ڕۆژەدا تـا کـە هـەمزا ئاغـای سـەرەك خێلـی مـەنگووری ناسراوی کورد بە خێلی حەسەن عەلی خانی پارێزگای سنە ، دەست گیر کرا لە گەڵ چەند کەسایەتیەکی دیکەی کوردودوای دەستگیر کردنبان لە کارێکی

نامرۆڤانە ، بەسەر براوی بۆ تاران رەوانەکران ، کە لە رۆژی جەژن بوو چونکە هەمزە لەپاڵ راپەرینەکەی شێخ عوبێدوڵڵا دا بوو لە هەرێمەکانی باشوورو باکووری کوردستان .

١٨٨٠/١٢/١٠ لەراپۆرتێکی – شۆلشینفسکی – دا ، کە دەنووسێ:– لە ئەنجامی راپەرینی کورد نزیکەی چەند هەزار کوردێك دەکوژرێن و زیاتر لە ٢٠٠ دوو سەد گوندیش تالانکران و سووتێندران لەلایەن هێزەکانی سووپای عوسمانی لە باکووری کوردستان.

١٨٨٠/١٢/١٥ رابەرو پێشەوای کورد شێخ عوبێدوڵلای نەهری بەهێزێکی گەورەی ئیلاتەوە لە مەرگەوەر بەرەو شاری ورمێ بەرێکەوت ... بۆ حەسانەوە و چەند کاتژمێرێك لە گوندی باراندوز لایدا ، لە وێوە راستەوخۆ بەرەو گوندی سیری نزیکی شاری ورمێ لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرێکەووت ، کە هێزەکانی کورد نزیکەی ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار چەکدار دەبوون .
لەوکاتەش هێزێکی وانەبوو لە ورمێ بیان پارێزێت ، بەلأم بە هۆی هەندێ هەڵس و کەووت شێخ ، لەپێناو یارمەتی دانیانی کارەکان بەپێچەوانە هەڵگەڕاوەو بووە هۆی بلأوە پێکردنی هێزەکانی شێخ لە ناوچەکەدا .

١٨٨٠/١٢/٣ لە کۆمەکی دبلۆماسی سەربازیدا ، هێزەکانی سووپای فارس و رووسیاو عوسمانی ، لە پێناو ئابلۆقەدانی هێزەکانی شێخ عوبێدوڵای نەهری درا ، ئەویش بەمەبەستی گرتنی شێخ عوبێدوللا و دوورخستنەوەی لەسەرکردایەتی ولە گۆڕەپانی جەنگدا ، دژی داگیرکەرانی هەرسێ وولاتی هاوپەیمان و داگیرکەری خاکی کوردستان.

١٨٨١

١٨٨١/١/٢٨ زانای ناوداروکەسایەتی رووسی و جیهان – دۆستۆیڤسکی – دوای تەمەنێکی پڕ لەخەبات و بەرهەم هێنەرو دانراوی بەپێزو دانسقە ماڵئاوایی لە سەرجەم نووسەرو ئەدیب و ڕۆماننووس و مێژوونووس و شاعێرانی رووسیا بەتایبەتی و جیهان بەگشتی کرد لە وولاتەکەدا .

١٨٨١/٤/١ زاناو فەیلەسوف و کەسایەتی ئاینی شێخ – عەبدە – ووتارێکی لە

وەقائعی میسری بڵاوکردەوە بە ناوی – کلام فی خطا العقلا – و ئەمەش بـ
ڕوونکردنـەوەی هۆکارەکـانی پێشکەوتنی ئەوروپیـەکان دەهـات ، لـەدوای
ئێش و ئازارو تەنگەژەیەکی پڕلە مەرگەسات ، کە سەرەتای پێشکەوتنی
ئەوروپیەکان لە ڕاستیدا لە دەروونی دانیشتووانەکان بووە .
ئەویش بە شەڕی سەلیبی لەدەشت و لـەدەریاو بە تێکەڵ بوونیـان لەگەڵ
گـەلانی ڕۆژهـەلات و نـەوە لـە دوای نـەوە و پێدانی ئازادی و دیموکراتی
گرنگـی دان بـە پیشەسازی و بازرگانی و چەندین کاری دیکە دا ، کە بوو
هۆی پێشکەوتنیان لە هەموو بوارە جیا جیاکان بەهۆی زیرەکیان و سوو
وەرگـرتن لـە نـەزانی گـەلانی ڕۆژهـەلات بەتایبـەتی عـەرەب تـاکوو ئێستا لـ
کێشووەرەکەدا .

١٨٨١/٥/١٢ هێزەکانی سووپای فەڕەنسا لە هێرشێکیدا گەمارۆی کۆشکی – بای– دا لـ
شـاری تـوونس ، لـە بـاڕدۆی شـاری تـوونس‌و ناچـارکردنی – بـای– بـ
مـۆرکردنی پـەیمانی بـاڕدۆ ، کـە – بـای– ڕەزامەنـدی لـە سـەر بکـا
بەمۆرکردن‌و بەداگیرکردنی توونس ، لە پێناو ڕێکخستنی هاتووچۆدا .
بەڵام دبلۆماسیەتی بەریتانیا ماوەی بەفەڕەنسادا .
کـە ووشـەی پـارێزراو بخاتـە سـەر ئـەو داگیرکردنـە لـە پەیمانەکـە
فەڕەنـسیەکانیش قەرەبوویـەکی چـەکیان مۆرنـەکرد بـۆ داهـاتووی
پەیووەندیەکانی نێوان فەڕەنساو بەریتانیا .

١٨٨١/٦/٤ ڕابەرو پێشەوای کورد – شێخ عوبێدولای نەهری – لە شاری ئەستەمبوڵ
زیندانی کرا لەلایەن دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی.

١٨٨١/٧/٢٣ بەپێی مۆرکردنی پەیمانی کاری دەریاوانی لە نێوان هەردوو وولاتی شیلی
و ئـەرژەنتین ، تەنگەبـەری ماجـەلان کـە درێـژی ٦٠٠ کیلۆمـەترو پـانی ٢٥
کیلۆمـەترەو هـەردوو دەریـای ئەتلەسـی بـە یـەك دەبەسـتێتەوە لـ
کێشووەرەکەدا.
بەڵام گەرووی – تەنگە بەر – ی چیای تارق کە درێژی ١٤ کیلۆمەترو پانی ١
کیلۆمـەترە دەگاتـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت‌و بـە دەریـای ئەتلەسـ
دەبەسـتێتەوە ، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕژێمـەکانی نێـوو دەووڵـەتی . بـەپێ

پەیمانەکانی ١٩٠٤ و ١٩١٢ی کە لە دوای ئەو پەیمانە مۆرکراون .



١٨٨١/١٠/٢١ رابەرو پێشەوای کورد شێخ عوبێدولای نەهری لە دوای دەستگیرکردنی لە رۆژهەلاتی کوردستان بەخۆیو خێزانەکەیو ١٠٠ لە لایەنگرانی بڕیاری ڕەوانەکردنی بۆ بەندیخانەی شاری موسڵ لە باشووری کوردستان دەرکرا ، کە ئەو کاتە ویلایەتی موسڵ ، لە ٩٠ ٪ ، دانیشتووانەکەی کوردبوون لە شارەکەدا .

١٨٨١/١٠/٢٥ لەدایك بوونی وێنەکێش و نووسەرو رووناکبیری جیهان و ئەسپانی – بابلۆ رویزوای بیکاسۆ – لە بنەماڵەیەکی دون خۆزە رۆیزبلاسکۆ و دونابیکاسۆ لویز لە ئیسپانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .شایانی باسە کە باوکی بیکاسۆ مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووە لەشاری مالاگای ئەسپانی ... هەروا لە

ژیـانێکی هەژاریـدا بـوون ... بیکاسـۆ لـە سـاڵی ١٨٩٢ دەسـتی بەخوێنـدن کـردووە و لــە تەمــەنی ١١ ســاڵان وێنــەی دایکــی کێـشاو بـووە هـۆی سەرسـوورمانی کارناسـانی هونـەری ... دوای ئـەوە بـاوکی کـاری هونـەری جێهێـشت بـۆ بیکاسـۆی کـوری ، کـە بـاوکی وێنـە کێـشی ئـەو کـات و ئـەو سەردەم بوو لە وولاتەکەیدا .

هەروا بیکاسۆ لە ساڵی ١٨٩٦ یەکەم وێنەی کە بەرەنگی زەیتی کێشابوو کە لــە پێـشانگای بەرشـلۆنە پێـشاندرا ... لــە سـاڵی ١٨٧٩ خــەڵاتی زێـرینی هونەرمەندە تازە پێگەیشتووی وەرگرت ... بیکاسۆ لە ساڵی ١٨٧٩ تووشی نەخۆشی بوو هەر بۆیە ناچاربوو لەخوێندن بەرەو ماڵ بگەرێتـەوە . بیکاسـۆ لــە ســاڵی ١٩٠٠ لەگــەڵ هــاوڕێ دڵــسۆزەکەی کازاگیمــاس بــەرەو پـاریس بەرێکەووتن . ئەم مرۆڤە مێژووی ژیانی پڕبووە لەهونـەرو رۆشـنبیرو کـەلتوور ، نــەك هــەر بـۆ وولاتەکــەی بــەڵکوو بـۆ هــەموو جیهـان و تـا لــە ســاڵی ١٨٧٣ ماڵئــاوایی لەوولاتەکــەو جیهــان و جیهــانی هونــەرکرد و بەرهەمــەکانی وەك کەلتوور و شووێنەوارێکی جیهان ماوەتـەوەو جێگـەی سەرسـوورمانی هـەموو جیهانە لە بواری هونەردا.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - داناني - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی/١ .

١٨٨١/١١/٢٤ گـەورە بـاڵوێزی ئیمپراتۆریــەتی عوسمــانی - فــەخری بــەگ- لــە ئێرانـی پایتــەختی دەوڵــەتی فــارس ، داوای لــە ڕژێمــی شــای فــارس کــرد ، ئــەو زیانانەی کە لـە شـێخ عوبێدوڵای نـەهری کـەووتووە لـە ساڵەکانی ڕابوردوو ، پێویستە قەرەبووکردن بۆی بگەڕێندرێتـەوە ، چونکە لەوانەیە شێخ بەهێزی لایەنگرانی لە رۆژهـەڵاتو باکووری کوردستان پـەلامارەکانی ئەنجامبدات لە داهاتوودا .

١٨٨٢

١٨٨٢/١/٢٥ لــەدایك بــوونی نووســەرو ڕوونــاکبیری نـاوداری جیهـان خــاتوو - ئــەدیلاین فرگمینیـا سـتیفنە - ناسـراو بــە - فرگمینیـا وۆلـف - لــە شـاری لەنـدەنی پایتــەختی بــەریتانیا . کــە بۆتــە هێمــای بزووتنــەوەی ئافرەتــان ئــەویش قەڵـەمێکی پێـشرەو و شۆڕشـگێر دادەنرێـت لـە نووسـینەکانی و ڕێکخـستنی شـەپۆلی هۆشـیاری بـەدڵێکی پاکـەوە داوای یەکـسانی ئافرەتی لـە گـەڵ پیـاو

کردووە .

بە هۆی بەردەوامی لەکارەکانی ، کە یەکەم رۆمانی لە ساڵی ١٩١٥ بەناوی – الاقلاع – و لە ساڵی ١٩٢٢ رۆمانێکی دیکەی بەناوی – غرفە یعقوب – بڵاودەکاتەوە ... لە ساڵی ١٩٢٥ رۆمانێکی دیکە بەناوی – السیدە دالویە – بڵاودەکاتەوە ... ئەم ئافرەتە شۆرشگێرو خۆراگرە لە پێناو کارە گۆرانکاییەکانی و لە ئاکامی وێرانکردنی ماڵەکەی لەلایەن ناپاڵمەکانی سووپای ئەلمانیا لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی و دروست بوونی نا ئومێدی هەستا بەخۆبەستنەوەی لەبەردێکی گەورە ، بە جل و بەرگیەوە و لە ١٩٤١/٣/٢٨ خۆی هەڵ دەداتە ناو زێی ئۆس و گیان لەدەست دەدات لە تەمەنی ٥٩ساڵیدا ... ئەمەیە ژیانی شۆرشگێران و رووناکبیران لەسەر زەویدا ، کە هەموو هەوڵی پێنووسەکانیان لە پێناو خزمەتکردنی مرۆڤایەتیە لە جیهاندا .

١٨٨٢/٣/١٠ زانا و فەیلەسوف ناوداری پزیشکی جیهانی دکتۆر – رۆبرت کۆخ– ڤایرۆسی نەخۆشی سیلی دۆزیەوە ، ئەویش لە پێناو بەرگریکردن و ماوە نەدان بەبڵاوبوونەوەی ئەونەخۆشیە لەجیهان بەتایبەتی لە ناو چینی هەژار ، کە ببووە هۆی گیان لە دەست دانی بەهەزاران هاووڵاتی لە جیهاندا .

١٨٨٢/٤/١٤ لەدایک بوونی دامەزرێنەری کارگێرو دەزگای ڤیێنا و یەکێك لەدامەزرێنەری فەلسەفەی – التحلیلیە المعاصرە – مۆرانتس ئەشلك – لە شاری بەرلینی ئەلمانیا ... شایانی باسە باوکی پیاوێکی پیشەسازی بووە . باپیری ئەرنست مۆرتس ئەرندت مرۆڤێکی نیشتیمان پەروەری ئەلمانی بووە دژی داگیرکەری ناپلیۆن و یەکێك بووە لەسەرکردەکانی رزگاری ئەلمانیا . لە دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن لە ساڵی ١٩٠٠ چووە زانکۆی بەرلین بۆ خوێندنی فیزیا بەخوێندنی دانراوەکانی ماکس و پلانك کە ئەم دوو فەیلەسوفە ناودارە فیزیایی بوونە .

لە ساڵی ١٩٠٤ بروانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە ... لە ساڵەکانی ١٩١١ – ١٩١٧ مامۆستای یاریدەدەر بووە لە زانکۆی رۆستوك لە ئەلمانیا ... لەو ماوەش چەندین دانراوی خستە بەردەست خوێنەران ، ئەویش – النظریە العامە للمعرفە –. لە ساڵی ١٩٢١ بووە مامۆستا لە زانکۆی کیبیل و لە ساڵی

١٩٢٢ بووه مامۆستا لەزانکۆی ڤیێنا . ئەم فەیلەسوفە لەکارەکانی نووسین و مامۆستایەتی بەردەوام بووە تاکوو لە ١٩٣٦/٦/٢٢ بە گووللە گیان لە دەست دەدات ، لەو کاتەی کە بەرەو زانکۆ دەڕۆیشت لەلایەن یەکێك لەقوتابییەکانی لە شارەکەدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /٢ .

١٨٨٢/٤/١٩ کۆچی دوایی فەیلەسوف و زانای ناوداری جیهان- چارلس داروین – کە خاوەنی بەناوبانگترین کتێبە بەناوی – أصل الانواع – لە سەردەمی خۆی . بەڵام زانای بە ناوبانگی جیهانی- لامارك – هەر لە پێشەوەی داروین بووە لە هەمان بوارەکان لەجیهاندا .

١٨٨٢/٥/٢٢ شاعێرو نووسەری ناوداری فەرەنسی – فیکتۆر هیگۆ – لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، ماڵئاوایی یەکجاری لەگەلانی فەرەنساو جیهان کردووە لە وولاتەکەدا .

١٨٨٢/٦/٢٥ لە دایك بوونی خاتوو – ئادلین فێرژینیا لیسلی – لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە بنەماڵەیەکی ئەروستوکراتی و لە سەر ڕێڕەوە توند ڕەوەکەی کۆمەڵگا فیکتۆریا پێدەگات ، دوای مردنی دایکی لەساڵی ١٨٥٩ دووچاری زنجیرە نەخۆشیەکی دەروونی و هۆش دەبێت و ژیانێکی نامرادانە بەسەر دەبات .

شایەنی باسە کە ئەم خاتوونە یەکەم ڕۆمانی بەناوی – کۆتایی گەشتەکە – بلاودەکاتەوەو دەبێتە یەکێك لە ڕۆمان نووسە دیارەکان ... هەروا بەردەوام دەبێت لە نووسینەکانی تا لە ڕۆژی ١٩٤١/٣/٤ماڵئاوایی لە گەلانی وولاتەکەی دەکات ، کە وولاتانی ئەوروپا لەناو گەرمەی شەڕی جیهانی دابوون، فیرژینیا گیرفانەکانی پرلە بەرد دەکات و خۆشی بەدەریا دا دەدا ، دوای ئەوەی نامەیەکی زۆر گرنگ بۆ مێردەکەی جێ دەهێڵی . کە تیایدا پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەم کارە بەهۆی تووش بوونی بە نەخۆشیە دەرونیەکان .

١٨٨٢/٧/١١ لە دوای کۆچی دوایی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر ، محەمەد تۆفیق ئیسماعیل ، لە ساڵی ١٨٧٩ دەسەلاتی میسری گرتە دەست . کە لە نەوەی محەمەد عەلی پاشا بوو ، بە ناوی بنەماڵەی خدێووی . کە لەڕەچەڵەکدا کوردن و لە کاتی ئەو شۆڕشی عرابی هەڵگیرساو بەریتانیا ئەو شۆڕشەی کردە هۆکاری پەلاماردانی میسر بە بۆردومانکردنی شاری

ئەسکەندەریە ، کە ماوەی ٧٤ ساڵ لەداگیرکردنی میسر بەردەوام بوو، لە سەر وولاّتی میسر لە کێشووەرەکەدا .

١٨٨٢/٧/١ لە دوای هێرشی هێزەکانی سووپای بەریتانیا بە بۆردومانکردنی شاری ئەسکەندەریەی میسر بەشێووەیەکی دڕندانە ، بووە هۆی ڕەشکردنەوەی شارەکە و بووە هۆی ناڕەزایی بیری گشتی پێشکەوتوو لەجیهان و هەتا لەناو پەرلەمانی بەریتانیادا .

١٨٨٢/٨/٢ شارەکانی سوێس و بۆرسەعیدو ئیسماعیلیەی میسری لە لایەن هێزەکانی سووپای بەریتانیا داگیرکران لە وولاّتەکەدا .



١٨٨٢/٨/ ڕابەرو پێشەوای کورد شێخ عوبێدولاّی نەهری لەهەولێکدا توانی بەفێڵ لە بەندیخانەی ئەستەمبۆل ڕابکات و بەرەو بەندەری - بۆنی- سەر کەناری ڕۆژهەلاّتی دەریای ڕەش بڕوات و لەوێ بەرەو کوردستان... بەلاّم دووبارە دەستگیرکراوە لەلایەن ژەندرمەکانی دەسەلاّتی عوسمانی ، بە یارمەتی چەند کوردێکی خۆفرۆش و دژ بەگەل و نیشتمانەکەیان .

١٨٨٢/٩/ هێزەکانی سووپای بەریتانیا بە تەواوی وولاّتی میسریان داگیرکرد بەهۆی هەلاّتنی هێزەکانی سووپای مسیر بەسەرکردیەتی ئەحمەد عەرابی پاشا لە شاری - تل الکبیر -، کە بووە هۆی ئەوەی کە سووپای بەریتانیا بچێتە ناو

شـاری قـاهیرەی پایتـەختی میـسر لـەدوای داگیرکردنـی شـارەکانی دیکـە بەسەرکردایەتی- ونسلی- لە ٩/١٥ی هەمان ساڵدا .



١٨٨٢/١٠/٦ زاناو بیرمەندو نووسەری بـەناوبانگی عـەرەبی و جیهانی – جبران خەلیل جـبران – لـە شـاری بـەیروتی پایتـەختی لوبنـان چاوی بە جیهان هـەڵهێناوە . جێگـەی ئاماژە پێکردنە کە کارە گـەورەکانی جـبران پاداشـتێك بـووە بـۆ گەلانی سەر رووی زەوی ... رۆشـنبیری جـبران هەمە لایـەن بـووە لـە بـەیروت ، بگرە تـاکوو پـاریس و لـە شـارەکانی لەنـدەن و بەرلین و واشنتۆن و ساوپا ولۆو مەکسیکۆ .

هـەروا کاریگـەری لەهەسـت و هۆشـی فەیلەسـوف و شـاعیر و رۆمـاننووس و چیرۆك نووس و رووناکبیر هەبوو لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا . نوێترین وەرگێردراوەکانی جبران خلیل جبران لەلایەن نووسـەری ئیتـالی – فرانتشیکۆ مدیتشی بووە بە ناونیشانی – بیسـت وێنـە – کە چەندین تـابلۆی بڵاوکـراوە جبران بوو بۆیە یەکەمجار لـە سـاڵی ١٩١٩ لەشـاری نیـورۆکی ئەمـەریکا لەگـەڵ وەرگێران پێشەکیەکەی رەخنەگری ئەمەریکی – ئالیس رفائیل – لە سـەر ئـەو تابلۆیانـە ، هـەروا لەچینی میللـی کارەکـانی جـبران وەرگێـردراون لـە سـاڵی ١٩٣١دا .

ئەو دانراوانەی جبران لـە ئۆلۆمپیاتی پـەکین لەساڵی ٢٠٠٨ لەچینی میللی هەڵدەواسـرێن لـە پـاڵ پرۆگرامـی رۆشـنبیری تایبـەت کـە – یەکیـەتی لێکۆڵینـەوەی جـبران لـە جیهـان – ئامـادەی کـردووە ... لەگـەڵ ئـەو کـارە

گرنگانـەی جـبران و بـەدەیا پێشانگاو ئاهـەنگ بەبۆنـەی یادکردنـەوەی ئـەو رووناکبیرە مەزنە لە وولاتە جیاجیاکانی جیهان ئامادەیی بۆکراوەو دەکرێت بـەهۆی بـوونی ئـەدەبێکی ئـەکادیمیای رەسـەن لـە نووسـینەکانی لەلایـەن نووسەرو رووناکبیرە جیهانیەکاندا.

١٨٨٢/١١/١٣ پێشەوای کـورد – شێخ عوبێدللاّو – کوڕەکـەی شێخ عەبدولقادر لە پاش شـەڕێکی شـەش کاتـژمێری لـە باکووری کوردستان بـەدیل گیران و رەوانـەی بەندیخانـەی شـاری مووسڵ کران ، دوای ئـەوە رەوانـەی ماکۆکران ، کە ئـەو شـەڕەش لـە گونـدی شـەیتان بـوو کـە -٧٠- فەرسـەخ – دوورە لـە شارۆچکەی رواندز لە هەرێمی باشووری کوردستان .

/١٢/٢٣ ١٨٨٢ لە دوای دەستگیرکردنەوەی رابەرو پێشەوای کورد شێخ عوبێدولاّی نەهری شۆڕشـگێڕ ، لـە بەندیخانـەی شـاری وویلایـەتی مووسـڵ ڕەوانـەی شـاری مەدینەی منەوەری سعوودی کرا .

تێبینی :- زۆر جێگەی پێکراوە لە کتی دەستگیر کردنەکیدا

١٨٨٣

١٨٨٣/٢/١٣ کۆچی دوایی دیارترین دارێژەری تیئوری مۆزیکاو ئۆپرانووسی ئەڵمانی – ڤاگنـەر– ... ئـەم کەسـایەتیە تەرمەکـەی لـە باخـچەی ڤێلاکـەی خۆی لەشاری بابرۆیـت دەنێـژرێت.... شـایانی باسـە ڤاگنـەر لـە ١٨١٣/٥/٢٢ ، لـە شـاری لایبزکی ئەڵمانیا لە دایك بووە ... پاش تێپەربونی ٦ مانگ لـە دوای لـە دایك بـوونی بـاوکی کۆچی دوایـی دەکـات ، کـە نـاوی – کـارل فێرێـشی – بـووەو دایکی گۆرانی بێژی شانۆ بووە، دوای ئـەوە مێرد بە هونەرمەند شووبە لودفیك کابری ئەکتەر دەکاتەوە . لە دوای ماوەیەك ماڵئاوایی لەجیهان دەکا لە وولاّتەکەیدا .

١٨٨٣/٦/٨ لـە دوای ڕازی بـوونی بـەریتانیا لەسـەر ئـەوەی ، کـە فەڕەنـسا پـارێزراوی تـوونس بگرێتـە دەسـت . ئـەویش بـە مـۆرکردنی رێکەووتنامـەی نێـوان فەڕەنساو تـوونس لـە– مەرسی–، کە بـووە هـۆی بێبەشـکردنی تـوونس لـە بڕیـاردان لـە سـەربەخۆی لـە نـاوخۆی تـوونس بەهەڵـسووڕاندنی کاروبـاری

نـاووخۆی وولاّتەکەیـدا . ئابـەم جـۆرە وولاّتـانی ڕۆژئـاوا دژایـەتی یـەکتریان دەکـرد لەسـەر فڕانـدن و داگیرکردنـی خێروبێـرو سـامانە هەمـە لایەنـەکانی وولاّتانی جیهان بە تایبەتی خاکی کوردستان .

١٨٨٣/٧/٢٩ لە دایك بوونی – بروز بێنۆمۆسۆلین – ناسراو بە مۆسۆلین لـە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالّیا ، مۆسۆلین کە باوکی ئاسنگەر بووەو دایکی مامۆستا ، لـە دوایی ئەم مرۆڤە لە مرۆڤێك و کەسایەتیەکی دیموکراتیخوازو سوشیالیستی ڕووی بەرەو فاشیەت وەرگێڕاو ئەنجامی دواساتەکانی ژیانی کووشتن بوولـە وولاّتەکەیدا .

١٨٨٣/١٠/٣ بـە هـۆی گـۆڕینی بـاری نـاووخۆی دەسـەلاّتی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی و لاوازبـوونی ، لـە ئەنجامـدا بـە تەشـەنەدار کردنـی کێشەکانی گـەلانی ژێـر دەسەلاّتەکەو چارەسەرنەکردنی، بە تایبەتی کێشەی گەلی کوردستان .

هەروا بەرامبەر ڕشەگەزی مێینە ئەویش بە هۆی لـە بارچوونی بـاری ئافرەت بـە مـاوەدانی ئـازادی و لاسـایی کردنـەوەی داب ونـەریتی وولاّتـانی ڕۆژئـاوای ئەوکات .

ئـەوکاتیش بـە یاننامەیـەك لـە وولاّتـانی ڕۆژئـاوا ڕایگەیانـد بـەڕازی نـەبوونی دەسەلاّتی عوسمانی لەو بوارە لـە پەیووەنـدی کۆمەلاّیـەتی و ڕێگـەگرتن لێـی و بەرەو گەڕاندنەوەی پەیووەندی کۆمەلاّیەتی بۆ باری جاران.

١٨٨٣/١٠/١٢ مالّئـاوایی کردنـی پێـشەوای گـەل و نیـشتمان ، لـە گـەل و نیـشتمان شـێخ عوبێدولاّی نەهری لە هەندەرانی دوورخراوەی لە سەر خاکی نیشتمانەکەیدا ، کە کوردستانە . لە شاری مەدینەی منەوەرەی وولاّتی سعوودیە لە بیابانی دوورگەی عەرەبیدا .

١٨٨٤

١٨٨٤/٣/٢٧ یەکەم گفتووگۆ بە تەلـەفۆن بۆ یەکەم جار لـە نێوان هەردووشـاری پۆسـتن و نیورۆکی ئەمەریکا ئەنجامدرا .

١٨٨٤/٥/٢٤ لـە دایك بـوونی نووسـەری بـەناوبانگی ئەمـەریکی – کلارك لیونـارد هـال– لـە شاری نیۆیۆرکی ئەمەریکا .

١٨٨٤/٦/٤ لە دوای دروستکردنی پەیکەری ئازادی لە فەرەنسا ، حکوومەتی فەرەنسا ئەو پەیکەرەی پێشکەش بەحکوومەتی وویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا کردو دوای ئەو بریارەش بە کەشتی رەوانەی ئەمەریکا کرا . کە لەدەروازەی بەندەری شاری نیوورۆك چەسپاندراوە ، کە لە هەردوو وولاتی ئەمەریکا فەرەنسا ئەو پەیکەرە بە هێمای خۆراگری و بە هێزی و سەرکەووتن و ئازادی دادەنرێت لە جیهاندا .

١٨٨٥

١٨٨٥/١/٢٢ لەو بەڵگەنامەی کە لە تەکیەی شێخ باقی لە شاری کەرکوك لە باشووری کوردستان دۆزرایەوە ، ناوی شارەزوور بە ناوی – منەسەرقیەی قلفنە– بووە ، کە دەکاتە پارێزگای شارەزوور، بەڵام دوای ٣٠٠ ساڵ ئەو ناوە گواستراوە بۆسەر وولایەتی مووسڵ ، لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە هەرێمەکەدا .

١٨٨٥/٤/٢٩ کردنەوەی دەرگاکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ یەکەم جار بۆ خوێندکارە کچەکان لە ئەمەریکادا .

١٨٨٥/٦/٢٥ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – مووسڵ – لە شاری مووسڵی ئێستا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە رۆژهەلاتی موسل کورد لە نەتەوە یەکەمەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە بوونە بەر لە ٤٢٠ ساڵ پێش زایین و کەسی دیکە

... واته نەتەوەی دیکه له عەرەب و تورکمان لەو ناوچەیه نەبوونه ، واته زێی رۆژهەڵاتی مووسڵ سنووری دانیشتووانی کورد بوونه وەك ئێستاش که کورد زۆربەی دانیشتووانی رۆژهەڵات و باکووری رۆژئاوای موسل پێك دێنن لە ناوچەکەدا .

دوای ئەوه ئارامی و جوولەکه ومەسیحی ڕوویان لەوناوچەیه کردووه ، واته لەرۆژئاوای ئێستای شاری مووسڵ و ژیانیان بەیەکەوه دەبرده سەر . دوای ئەوه بازرگانە عەرەبەکان ومەڕ لەوەڕێنە عەرەبەکان ووردەووردە بەرەو باشوور و رۆژئاوای موسل هاتوون .

جا لێرەدا مەبەستمان چاپەمەنی و رۆژنامەگەریە لەو شارەدا کە بڵاوکردنەوەی جوولانەوەی مەسیحیەکان بۆ ساڵی ١٨٥٨ دەگەڕێتەوە کە یەکەم چاپخانه له ساڵی ١٨٧٥ گەیشته شاری موسل بەناوی چاپخانەی – ویلایه – له موسل دامەزراوه ، بەرلەوەش له ساڵی ١٨٦٩ هیچ رۆژنامەیەك نەبوو تەنیا رۆژنامەی زەورا نەبێت . ئەو رۆژنامەیەش به یەکەم رۆژنامه له شاری مووسڵ دادەنرێت ، که رۆژنامەیەکی رەسمی وویلایەتی مووسڵ بوو کە هەفتەی جارێك دەردەچووله شارەکەدا . ئەم رۆژنامەیه لەدەرچوون بەردەوام بوو بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی تا سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان له شارەکەدا .

دوای ئەوه له ساڵی ١٩٠٢ – الابا و الدومینیکان – ژمارەیەکی گۆڤاری دەستەی گولی دەرکرد بەهەرسێ زمانی عەرەبی و فەرەنسی و کلدانی ، که ئەم گۆڤارەش تاکوو مانگی /١٩٠٩/١٢ بەردەوام بوو ... رۆژنامەگەری له مووسڵ رۆڵێکی کارایان لەڕاگەیاندنی دەستووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گێرا لەمانگی / ١٩٠٨/٧دا .

لەو کاتەی که له هەموو ئێراق ٢٥ رۆژنامەی مۆڵەت پێدراو هەبوو ... دوای ئەوه سێ رۆژنامەی دیکه لەشاری موسل مۆڵەتی دەرچوونیان پێدرا :– رۆژنامەی نەینەوا له ١٩٠٩/٧/١٥ و ، دوای ئەوه رۆژنامەی ئەلنەجاح له ١٩٠٩/١١/١٢ و ، هەروا رۆژنامەی چنەباز له ١٩١١/٦/٢٧... بەڵام دوای ئەوه لەمانگی /١٩١٢/٧ هەرسێ رۆژنامەکه له بەر چاوان ونبوون بەهۆی هۆکارەکانی رامیاری ودارایی ئەو کات .

دوای ئەوە بەرپرسانی عوسمانی هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان لەساڵی ١٩١٤ دەستیان بەسەر چاپخانەی نەینەوا داگرت و جۆرێك لە رۆژنامەگەری سەری هەڵدا وەك:- عوسمانلی زانستی ئەفنامەی لری - یان - برقیات اخباریە عوسمانیە - کە بریتی بوون لە پەری چاپکراو لەدەنگ وباسی ناوخۆو دەرەوە ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی ... بەڵام لە دوای ئەوەی کە بەریتانیا لەساڵی ١٩١٨ موسڵی داگیرکرد رۆژنامەو چاپەمەنیەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە .

لە رۆژە نزیکەکانی کودەتا بەناوبانگەکەی عەبدولوەهاب شەواف ، بە ناوی جووڵانەوەی شەواف لەشاری مووسڵ لە ١٩٥٩/٥/٧ رۆژنامەی راستی - الحقیقە - یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە بە ئیمتیازی مامۆستا - جەرجیس فەتحوڵڵاو سەرنووسەرەکەی ئەنوەر مائی - بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو لە شارەکەدا .

بەڵام لە دوای دەرچوونی ٢٤ ژمارە لە ١٩٦٠/٨/٦ لەلایەن وەزارەتی ئێرشادی ئێراقی مۆڵەتەکەی راگیرا ... کە یەکەم رۆژنامەبوو بەزمانی کورد بڵاوبکرێتەوە . ئیتر دوای رووخاندنی رژێمی بەعسی لە ئێراق دووبارە دەستکراوە بەدەرچواندنی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و سەنتەری رۆشنبیری بەتایبەتی لەدوای ٢٠٠٣/٩/٢٥ دا لە شارەکەدا .

٥ /١٨٨٥/١١ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیرو فەیلەسوف و مێژوناسی ناوداری ئەمەریکاو جیهان - ویڵ دیورانت - لە ویلایەتی ماساشۆستی لە ئەمەریکا ... شایانی باسە ئەم کەسایەتیە ناوداره دانەری کتێبی - قصة الحضارة - تە کە لە ٤٢ بەرگ پێك هاتووە لەگەڵ شۆرشی فەرەنسی و سەردەمی ناپلیۆن و بەدەیا کتێبی بە هاوکاری خێزانە هاو خەباتەکەی ئەریل دیورانت بەرهەم هێناوە .

ئەم نووسەرە ناودارە جیهانیە و ئەمەریکیە بە هاوکاری یەکتری کردن لەگەڵ هاوسەرەکەی بەردەوام بوونە لەخەبات بە پێنووسەکەیان تاکوو کۆچی دوایی خێزانەکەی ئاریل لە ١٩٨١/١٠/٢٥ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا ، هەروا کۆچی دوایی ویل دیورانت لە ١٩٨١/١١/٧ لە تەمەنی ٩٦ ساڵدا بەماڵئاوایی

کردنیان لەجیهاندا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /١ .

١٨٨٦

١٨٨٦/٣/٣ مـۆرکردنی رێکەووتنامــەی ئاشــتبوونەوەی نێــوان بوولگاریــاو ســڕبیا بـا
گەڕانـەوەیان بـۆ کـاتو سـاتەکانی پێشوویان بەپەرەپێدانو گەشـەپێکردنو
پەیووەندی هەمەلایەنەکانی نێوانیان لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا .



١٨٨٦/٥/١ ڕۆژی جــــەژنی
کرێکـارانی جیهـان
بڕیـاری بۆدرا ، لـە
ئەنجامی راپـەڕینی
کرێکاران لـە شاری
- شــــیکاگۆ - ی
وویلایەتــــــــــە
یــــەکگرتووەکانی
ئەمــــەریکا ، کــــە
هــەموو ســالێك لــەو ڕۆژەدا یــادی ئــەو ڕۆژە دەکرێتــەوە بــە ڕۆژی جـەژنی
کرێکارانی جیهاندا .

لـە پێنـاو وەدی هێنـانی داخوازیـەکانی ژیـانو بـەردەوامبوون لەخـەبات دژی
ڕژێمــەکانی ســەرمایەداری ئـابووری‌و ڕامیاریــەتی چەوســانەوە ، لــە لایـە
وولاتانی چەوسێنەر لە جیهاندا .

١٨٨٦/٧/٤ دوای گەیــشتنی پەیکــەری ئـازادی بـۆ ئەمــەریکا ئــەویش بــە دامەزرانـدنی
پەیکەری ئازادی لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا لە دوای گەیشتنی پەیکەرەکـ
لە فەڕەنساوە بۆ ئەمەریکا. لە دەروازەی بەندەری شاری نیۆرۆك لە ئەمەریکا

١٨٨٦/١١/٣٠کۆمەڵــەی هاوپــەیمانان لــە جیهانــدا ، ئـەو ڕۆژەیــان کــردە ڕۆژی دژ بــە لـ
سـێدارەدانی مـرۆڤ لـە جیهـانو هـەوڵ و کۆشـش بەردەوامـە ، لـە پێنـاو ئـە

ئامانجەدا .



شایانی باسە ئەو دکتاتۆرو دەسەلاتدارە خوێن مژوو دڕندانە ناگرێتەوە ، کە دژی مافەکانی گەلانی ژێر دەسەلاتەکانیان بە تایبەتی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە جیهاندا ... بەلام...؟...!.

١٨٨٧

١٨٨٧/٥/٣ بە پێی بەلگەنامەی ژمارە/ ٢٩ ، ئەویش بەدادگایی کردنی هەندێ کەسایەتی کورد لە عەشیرەتی بەرزنجەو تالەبان ، بە سزادانیان لەلایەن دەسەلاتی عوسمانی لە باشووری کوردستان لەشاری کەرکوك ، بە هۆی بەرگری کردنیان لە کوردو مافەکانیان . دژ بە دامو دەزگاکانی ڕژێمی عوسمانی ، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کە کورد بوون و دورکەووتنەوەیان و نەدانی باج بە نەچوونە ڕیزی هێزەکانی سووپای عوسمانی لە ناوچەکەدا .

١٨٨٧/٩/١٦ لە دایك بوونی نیگارکێش و پەیکەر تاش و شاعیرە دیارەکانی سەدەی بیستی رابردوو – ژانی ئاریی – ناسراو بە – هانز ئارب – لە هەرێمی ستراسبۆرگی فەرنسا ... دوای ئەوە ڕوو لە شاری پاریسی پایتەخت دەکات و لە سالی ١٩٠٦ لە ئەکادیمیای ڤایمار بنەماکانی هونەر وەردەگرێت و هەر لەو ماوەیەشدا ئەزموونی بەهرەی شیعری دەخاتە ڕوو... دوای ئەوە لەسالی ١٩٠٨ درێژە بەخوێندنەکانی دەدات لە ئەکادیمای جۆلیان .
دوای ئەوە ڕوو لە وولاتی سویسرا دەکات و لە سالی ١٩١٢ بەکاندێنێکی شێوەکار دەکات و لەشاری میونیخ هەلی بۆ دەرەخسێ و بە چەندین تابلۆ بەشداری لە پێشانگایەکی گەورەی کۆمەلەی شۆڕەسووارانی شین دەکات .
لە سالی ١٩١٤ لەگەل کۆمەلە هونەرمەندێکی گەورەی شاری پاریس

كۆدەبێتەوە ، بەر لەوەش چەندین تابلۆ لەگۆڤارە هونەریەكەی بڵاودەكاتەوە.
دووبارە بەهۆی جەنگ روو لە سویسرا دەكاتەوە و دەچێتە شاری زیورخ
پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هونەرمەندان بەهێزدەكات و لەكارەكانی هونەری
بەردەوام دەبێت تاكوو لە ساڵی ۱۹۵۳ داوای لێدەكرێت بەدارشتنی
دیواربەندێكی گەورە لەبرۆنز بۆ شاری كاركاسی پایتەختی فنزویللا ، كە
ناوینا - شووان و هەور - تا لە ۱۹٦٦/٦/۷ لە شاری بارلی لەسویسرا
كۆچی دوایی دەكات ... هانز ئاربی جگە لەنیگارو پەیكەر تاش
لەهۆنینەوەی شیعریش شووێن پەنجەكانی دەستی دیاربووە ... هەروا دەیان
دیوانی بەزمانەكانی فەرەنسی و ئەلمانی و ئینگلیزی بڵاودەكاتەوە
هێمایەكی بەرز بۆخۆی بەجیهان بڵاودەكاتەوە .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دكتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /۲

۱۸۸۷/۹/۱۹ لە دوای كۆچی دوایی ڕابەرو پێشەوای ئەوكاتی كوردو خاكی كوردستان
شێخ عوبێدوڵای نەهری - ، بە دروست بوونی بارێكی نا ئارام لە كوردستا
بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەتایبەتی بە بەرپابوونی ڕاپەرین
عەشیرەتی دەشتی كورد ، بە هۆی ڕەفتارەكانی دادوەری پارێزگای ورمێ
دەووروبەری ، ئەمیر جیهان سۆز میرزا. كە ئەو ڕاپەرینە بەسەركردایەتی
دووكوڕەكەی - شێخ حەسەن - كە لە زیندان كۆچی دوای كردبوو ، ناویا
- حەسۆو بەدر - بوو، ئەو ڕاپەرینە بەردەوام بوو تاكوو شاری حەلەب
سووریای ئێستای گرتەوەو بووە هۆی ئەوەی كە حكوومەتی تارا
داواكاریەكانی كورد لەبەرچاوبگرێت لە ناوچەكەدا.
دوای ئەو هەڵوویست ئەمیر جیهان سۆز لە شاری ورمێ لادراو ، یەكێك
كوردە ناودارەكانی شاری ورمێ كرا بە دادوەری شاری ورمێ
دەووروبەری ، هەروا گۆڕانكاری لە بەرپرسانی شاری سەردەشت و چەندی
شاری دیكە كرا ، بەدانانی كەسایەتی كورد لە شارەكانی ڕۆژهەڵات
كوردستان.

۱۸۸۷/۱۱/۸ كۆچی دوایی گۆرانی بێژو هونەرمەندو شاعێری چینی كرێكارو جووتیار
ڕۆشنبیرانی ناوداری فەڕەنسی - ئۆژین بۆتیە- لە پاریسی پایتەختی
فەڕەنسا ، گۆڕەكەی لە گۆڕستانی بیرلاشئیزە ، ئەو گۆرانی بێژو شاعێ
كرێكاریە بە شداری لە ڕاپەرینەكەی كۆمۆنەی پاریس كردووە لە فەڕەنسا

دوای ئەوە بەو هۆیە دورخراوەتەوە لە فەرەنسا .
دوای نۆ ساڵ گەڕاوەتەوە شاری پاریس و هەر بە هەژاری و ڕاست گۆیی و خاوەن هەڵوێست و ڕەفتاری لێهاتوانەو خۆشەویستی سەری ناوەتەوە دژ بە ڕژێمی سەرمایەداری و چەوسانەوەی مرۆڤ لە لای مرۆڤ لە جیهاندا .

١٨٨٨

١٨٨٨/٩/٧ نەوەکانی بەدرخانی ، ئەمیرعالی بەدرخان بەگ و مەدحەت بەگ ... کە کورانی بەدرخان بوون دەچوونە شاری ئەستانەو سەردانەکەیان بەهەڵ زانی و لایاندا – ئەرابزۆن ... و نامەیەکیان بۆ سەردارانی کوردستان نووسی و بڕیاردرا کە هێزێکی گەورەو زۆری کورد ... بێتە ... جوبزلك ...کە لە نزیك ... تەرابزۆن ...و لەوێ چاویان بەو دوو میرانە بکەوێ . دوای ئەوە چاویان بەمیر ئەمین عالی بەگ و میر مەدحەت بەگ کەوت ... بەڵام حکوومەت کە بەوەیان زانی ... و دەسەڵاتدارانی عوسمانی تۆرانی هێزێکی زۆریان ڕەوانەکردو ڕێگەوبانیان لێگرتن بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە کوردستان ... لەباشووری شاری – بایبورد – لە دۆلاوە لە باکووری کوردستان کە هێزێکی توورك دەووری دانوو شەڕ لە نێوانیان بەرپابوو لە ئاکامدا هێزی چەکدارە کوردەکان شکان و بەناچاری خۆیان دابەدەست هێزەکانی سووپای توورك لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە :– پوختەی مێژوی کوردوکوردستان – ئەمین زەکی بەگ –وەرگێرانی محەمەد عەلی عەونی – لاپەرە /٣٣٦ – ٣٣٨ .

١٨٨٨/١٠/٢٩ مــــــــۆرکردنی پــــــــەیمانی نێوودەوڵــەتی لــە شــــــاری – قووســتەنتینیە– ی ئەســـــــتەمبۆڵی ئێــستای تورکیــا ، کە پەیمانی بنکەی دەریــاوانی بــوو لــە نێـــوان وولاّتـــانی پەیووەنـدار لـە سـەر کەناڵی سوێس لـە وولاّتـی میسر. لـە نێـوان فەرەنسا و ئـەڵمانیا و نەمساو ئیسپانیا و ئیتاڵیا و ڕووسیای قەیسەری و هۆڵەندا ، لـە گەڵ ئەو وولاّتانەی کە نووێنەری دەسەلاّتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە نووێنەری میسر ، ئەو ڕێکەوتننا مەیەی مۆرکرد .

کە لەو کاتە میسر سەربە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو...بەلاّم لـە دوای مـۆرکردنی پــەیمانی لـۆزان لــە ١٩٢٣/٧/٢٤ لەســەر ڕۆشــنایی پــەیمانی دارێــژراوی سـایکس – بیکـۆی ١٩١٦/٥/١٦ ، وولاّتـی میسر سـەر بـەخۆیی بەدەســت هێنـا بەدەرچـوونی لـە ژێـر هـەردوو دەسـەلاّتەکان و هێزەکـانی سووپای عوسمانی و سووپای بەریتانیا لە وولاّتەکەدا .

ئەویش لـە دوای هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریەتەکەو بەپێی ڕێکەوتننامەی تورکیـا ، کـە مـافی ئـەوەی پێدرا وەك وولاّتـانی دیکـەی جیهـان ، بـەلاّم کـورد وخاکی کوردستان بەتیری ژەهراوی وولاّتانی هاوپەیمان کرا بەچوار لـەت و نیوو...؟ بەلاّم کورد ...؟...!.

١٨٨٩

١٨٨٩/٢/٥ شانـشینی ئیتاڵیـا بـە مـەر سوومێکی شانـشینی دانینـا بـە سـەر بـەخۆیی وولاّتی ئەریتیریا لـە سـەر بەشێك لـە خـاکی خـۆی و نـاوی نابـە نـاوی ڕۆمـانی دەریـای سـوور ، کـە میر – ئیرپیریـۆم – دەسـەلاّتی ناوچـەکەی گرتـە دەسـت تاکوو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان .

١٨٨٩/٣/١ خاوەن بابەتی- اليزيديه أوعبده ابليس - لە لاپەڕەكانی ٢٩٣-٢٩٨ لە بەرگی/١٣ ی بەشی شەشەم لەگۆڤاری- المقتطف- دا دەڵێ: -
ئێزيديەكان گروپێكن لە كوردی خەوارجیو هۆزێكن لە هۆزە بەناوبانگەكانی كورد لە كوردستان ، لە دوای ئەوە ئاينی خۆيان لەناو ئايينی زەردەشتيەكان وەك مەزهەبی سەريان هەڵداوە و بەردەوام بووە لە سەر خاكی كوردستان لە كێووەری ئاسيادا .



١٨٨٩/٣/٣١ كۆتايی هاتنی كارەكانی دەست پێكردنی دروستكردنی تاوەری بە ناوبانگی فەڕەنسا ئيڤلْ ، لە پاريسی پايتەختی فەڕەنسا ، كە بە بەرزی ٣٠٠ مەترو هەڕەمەكەشی لە١٥٠٠٠هەزار پارچەی هەمە جۆر لەلايەن ئەندازيار- ئەلسكەندەر كۆستاف - دروستكراوەو سالآنە زياتر لە٤ چوارمليۆن هاووڵاتی لە فەڕەنساو لەجيهان ڕووی تێدەكەن.
جێكەی ئامارە پێكردنە كە تاوەری ئيڤل لە ٢٦/ ١/ ١٨٨٧ ، دەست بە ئيش و كارەكانی ئەم پرۆژەيە كرا . و لە ماوەی ٢٦ مانگ بەردەوام بوو لە كاركردن ... كە نزيكەی ٥٠ پەنجا ئەندازيارو ٣٠٠ سێسەد كرێكار كاريان لە بە ئەنجامگەياندنی ئەو تاوەرە دەكرد . هەروا ماوەی كاركردن لە تاوەرەكەدا ٢١ بيست و يەك مانگی خاياند لە شارەكەدا .
دوای ئەوە تاوەری ئيڤل لە ١٨٨٩/٥/٦ بە شێووەيەكی فەرمی كرايەوە ، بۆ گەشتياران لە فەرەنساو وولآتانی جيهان . هەروا تاوەری ئيڤل يا ئيڤل - بە فەرمانی - - tour effei - كە بريتيە لە بوورژێكی ئاسنين ... كە لە شامپ دی مارس - واتە لە - گۆرەپانی مارس - دايە لە نزيك ڕووباری - سين - لە شاری پاريسدا ، لە فەرەنسا .

کە هەڵگری ناوی – گۆستاف ئیڤل – ە کە ئەم ئەندازیارە نەخشەسازی ئەو تاوەرەی کێشاوە ، کە لە هەر شوێن و مەزارێکی دیکەی ئەوروپا بە ناوبانگترە .

هەروا خەرجیەکانی تەواوی ئەم تاوەرە گەیشتە ٧,٨٠٠,٠٠٠ ملیۆن فرەنگی زێرینی فەرەنسی ... ئەم گووژمەیەش لە داهاتی فرۆشتنی پلیتەکانی کە لەو پیشانگایەیدا بە دەست هات . هەروا لە ساڵی ١٩٦٤ ، ئەو تاوەرە چووە ناو لیستی شووێنەوارە دیرۆکیەکانی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا .

هەروا ئەم تاوەرە لە ١٨٠٣٨ پارچە ئاسنی جۆراو جۆر و ٢,٥٠٠,٠٠٠ملیۆن بزمارو مێخ چێکراوە ، کە کێشی تێکرایی دەگاتە ١٠١٠٠ تەن ...کە لە سەر چوار ئەستوون راگیراوە و بنکەکانی لە خۆیاندا پێك هێناوە ... کە دووریەکانیان ١٢٥×١٢٥م ... کە کۆی گشتی رووبەرەکەی دەکاتە ١٥٦٢٥ مەتر چوار گۆشە . هەروا بڵندی تاوەرەکە ٣١٢ مەترە ، کە دەکاتە ١٠٢٤ پێ . لە دوای ئلاٌ خستنە سەری لە شارەکەدا .

هەروا لە دوای ساڵەکانی ١٩٠٦ تا ١٩٢٠ هەوڵدرا بۆ پەخشی تەلەفزیۆن و رادیۆ بە کار بێت ، کە ئەمەش لە ساڵی ١٩٢١ بە کار هێنرا . هەروا ئەم تاوەرە خاوەنداریەتی هی شارەوانی شاری پاریسە ... لە فەرەنسادا .

١٨٨٩/٤/١٦ هونەرمەندو ئەکتەری ناوداری جیهانی – چارکس سینەر چاپلی– ناسراو بە – شارلی شاپڵن – ، لە خێزانێکی هەژار تێکۆشەر لە شاری لە ندەنی پایتەختی بەریتانیا لەدایك بووە ، چارلی چاپلنی باوکی بە هۆی هەژاریو نا لەباری ژیانی، لە ساڵی ١٨٩٤ کۆچی دوایی کردووە... شایانی باسە چارلی چاپڵن نموونەیەکی تاقانەیە لەڕاست گۆییو خزمەتکردنی هەژاران دژ بە چەوسانەوە لەلایەن سەرمایەدارو ئیمپریالیزم لەجیهاندا .

١٨٨٩/٥/٢١ بۆ یەکەم جار بنەماکانی کۆمەڵەی– ئیحادوتەرەقی– پێك هێنرا لەلایەن تالب ئەلبان ، کە نازناوی – ئیبراهیم تمۆ – بوو ، لە باکووری کوردستان ، دوای ماوەیەك بە هەوڵ و کۆشش ئەو کۆمەڵەیە پەرەی سەندو بووە– کۆمەڵەی

یەککگرتن و پێشکەوتن- دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سنووری دەسەڵاتەکەیدا .



١٨٨٩/٦/٢١ فەیلەسوف و زاناو رووناکبیرو نووسەرو چیرۆک‌نووس و رۆمانئووسی ناوداری جیهان – ئەرنست گلارنست ئەدمۆنز – ناسراو بە – هەمەنگوای – لە ئەواك بارگی وویلایەتی ئەلینۆی ئەمەریکاو بە دووری ١٠ میل لە شاری شیکاگۆ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

ئەم کەسایەتیە هەر لەهزرەکاریدا ژیان لەو شارەدا بەسەر دەباو لەقۆناخێکی زۆری تەمەنیدا لە رێگەی باپیریەوە شەیدای رۆمان و چیرۆك و هەقایەتی سەردەمەکەدا دەبێت ... ئارەزووی دەست پێکردنی نووسینەکانی لەقۆناخی خوێندنی ئامادەیی دەبێ ... کە هەمەنگوای شەشەمین منداڵی دکتۆر گلارنیس دەبێ ... هەر لەکاتی خوێندنی لە قوتابخانەی – فۆرست – لەوێ هەوڵەکانی نووسین لەگۆڤاری قوتابخانەکەو ئەو کتێبە ساڵانەییەدا بڵاودەکاتەوە ... کە بەناوی تابۆلا دەردەکرا .

لە دوای تەواوکردنی خوێندنی هەمەنگوای لە ساڵی ١٩١٧ دەچێتە شاری کنساس و لەوێ وەکوو پەیامنێرێکی تازە پێگەیشتوو لە رۆژنامەی – ئەلکنساس سیتی ستار – کاردەکات و لەو کاتەش ئەمەریکا دەکەوێتە ناو جەنگی یەکەمی جیهان .

لە یەکێك لەشارەکانی ئیتالیا بەهۆی پێکەووتنی پروشکی بۆمبێك هەمەنگوای زامدار دەبێ و لە ساڵی ١٩١٨ دەکەوێتە نەخۆشخانە بۆ ماوەی ٦ مانگ ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٨ هەمەنگوای دووچاری قەیرانێکی سەخت دەبێ لە بەر ئەوەی باوکی دوای ناچاربوونی بەنەخۆشیەکی سەخت خۆی

دەکووژێ ... ئەویش سەرزەنشتی دایکی دەکات و لێپرسراویەتی مردنی باوکی دەخاتە ئەستۆی دایکی .
دوای چەند گرفت و ناخۆشی و ژیانی سەخت هەمەنگوای لەسەر پشتی کەشتی – بیلاد – دا کە بەو هۆیەوە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی لەدەریاکاندا دەگەڕا ، فێری یەکێك لەزۆرانبازیە نایاساییەکان دەبێت ئەویش بەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی نهێنی ...کە مەبەستی بوو بچێتە ناو تۆڕی ڕێکخراوە فاشیە چالاکەکانی ئەوکاتە .
کە بارەگاکانیان لەشاری هاڤانای پایتەختی کووبا بوو ... هەروا هەمەنگوای بەکەشتیەکەی لەدەریا نزیکەکاندا بە دوای ئەلمانەکاندا دەگەڕ ... ئەم کەسایەتیە نەمرە هەموو بەیانیەك کە لەخەو هەڵدەستا زیاتر لە ۰۰/ ووشەی دەنووسی و لە دوای تەواوبوونی خەریکی پشیلەکانی دەبوو کە ب شێووەیەکی سەیر لەماڵەکەیدا ژمارەیان زۆر دەبوو .
هەروا لە ساڵی ۱۹۲۰ هەمەنگوای روو لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەکات بۆئەوەی ببێتە پەیامنێری ڕۆژنامەی – تۆرنیتۆستار – لە دوای ئەو خاتوو – هادلی ریتشارد سۆن – دەبێتە هاوسەری و لەو ماوەیەشدا ناوبانگ دەردەکات ، بەهۆی نووسنی چەند ووتارێك کە بەڕۆژنامەکانی دەفرۆشتەو ... کاروانی هەمەنگوای وەکوو نووسەرو ڕۆژنامەنووسێك لەشاری پاریس دەست پێدەکات .
لەو شارە چاوی بە کەسایەتیە بە ناوبانگەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیر فەلسەفەی ئەو سەردەمە دەکەووێت و پەیوەندیان لەگەڵ دروست دەکات . ل ساڵی ۱۹۲٥ هەمەنگوای کۆمەڵە چیرۆکێك بەناوی – لەکانی ئێمەدا – ل ئەمەریکا بڵاودەکاتەوە ... دوای ئەوە لە ساڵی ۱۹۲٦ ڕۆمانی – خۆریش بڵاودەکاتەوە ، بەو ڕۆژنامە ناوی وەکوو یەکێك لە ڕۆماننووسە بەتواناکا دەردەکەوێ .
هەروا هەمنگوای بۆ نیشتەجێ بوون لە ساڵی ۱۹٤۰ روو لەکووبا دەکا ئەمەش لە دوای ماوەیەکی کەم لە تەواوکردنی ڕۆمانێك بەناوی – ڕەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن ... ئەم مرۆڤە بەتوانایە کە زۆربەی کاتەکانی نووسینی ب پێوەراوەدەستاو دەستی بەنووسین دەکرد لە ٤٥۰ تا ۱۲٥۰ ووشە

دەنووسی ... هەمەنگوای لە ماوەی ژیانیدا چوار ژنی هێناوە . دوای چەندین گرفت و کێشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی خێزانی لە ساڵی ١٩٥٨ کووبا جێ دێڵێ و لە شاری – لیتشۆم – لە ویلایەتی – ئەیداهۆ – لە باکووری ئەمەریکا جێ نشین دەبێ .

دوای ئەوە تووشی نەخۆشی دەبێ و لەلایەکی دیکە شەڕەکانی وڵاتانی ئەفریکیاو پەیوەندی نێوان کووباو ئەمەریکاو ڕووسیا و چەندین کێشەی دیکە ... لەنەخۆشخانە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی بۆ دەدرێ . بەڵام گرفتی دەروونی و باری ژیان و نەگەیشتن بەئاواتەکانی لە ١٩٦١/٦/٢ لەماڵەکەی خۆیدا ، لە لیتشۆم بە تفەنگی ڕاوکردن تەقە لەخۆی دەکات و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ و ماڵئاوایی بەدەستی خۆی لە جیهان و هاورێ و یاوەرەکانی لەجیهان دەکا لە شارەکەدا .

١٨٨٩/٦/٢٣ لە دایك بوونی ڕووناکبیرو شاعێری ناوداری ڕووس خاتوو – ئانا ئاخما تۆڤا – لە شاری پترۆسبورگی پایتەختی ڕووسیای قەیسەری ئەوکات ...شایانی باسە ناوی تەواوی خۆی – ئانا ئەندرڤینا بۆرنکۆ – یە.

١٨٨٩/٧/٥ لەدایك بوونی – جان مۆریس بۆژین – ناسراو بەجان کۆکتۆ لەخێزانێکی دەوڵەمەندو سەرمایەداری شارۆچکەی میزۆن لەنزیك پاریسی پایەختی فەڕەنسا... باوکی پارێزەرو نیگارکێش بووە.

شایانی باسە جان کۆکتۆ لەمانگی/١٠/١٩٦٣ کۆچی دوایی دەکات و دوای خۆی شەش فلیمی سینەمایی بەهرەدار بەجێ دێڵێ لەدوای دەرهێنانی بەسەرکەوتووانە لە وڵاتەکەدا .

١٨٨٩/١١/١٤ لە دایك بوونی ڕابەرو پێشەواو خەباتگێری ناوداری هیندستان – جەواهر لال نەهرۆ – بووە ، کە یەکەم سەرەك وەزیرانی هیندستان بووە لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتەکە.

مێژووی هیندستان لە ناوەڕۆکی ئەم مێژونامەیەدا بەروونی تۆمارکراوە .

١٨٩٠

١٨٩٠/١/٢٥ لە ئاهەنگێکی بەرچاو بە ئامادە بوونی والی وویلایەنی بەغدا – سری پاشا – وعەبــدولرەحمان گــەیلانیو رەفعــەت ئەفنــدی چادرچــیو چــەندین کەسایەتی دیکەو جەماوەرێکی زۆر بەنداوی یەکەمی دێرینی هندیە کرایەوە ، لەگەڵ ئامادەبوونی نووێنەری شارەکانی حلەو کەربەلادا .

شــایانی باســە کــە ئــەو بەنــداوە ، لــە لایــەن ئەنــدازیاری فەرەنــسی مسیۆشۆندیرفر نەخشەی بۆ دیزایندکرابوو ، کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانی داواکرا بوو لە ساڵی ١٨٩٩، ئەویش لە سەر شێوەی دوو باڵ کە درێژەیەکەی ١٧ مەتر بوو .

ئەمــەش بینینــەوە یاد ، کە ئــەو کەرپووچــەی بــە نــاوی ئافرەتی یەکــەمی هیندیە دروستکراوەو، دوای لە دیوارەکانی شووێنەواری بابل دەرهێنراوە بە بــەکار هێنــانی دینامیــت لــە پێنــاو رووخانــدنی لــە دیوارەکــانی کۆشــکی بخونەســر..؟ . لــە نــاو شــووێنەوارەکاندا لــە شــاری حیلــەی – بابــل – لــە باشووری شاری بەغدا ، بە خەرجکردنی لە بەنداوەکە لە ناوچەکەدا .

١٨٩٠/٢/١٠ لــە دایــك بــوونی نووســەرو رابــەری شــیعرو شــاعیرانی رووسیای قەیسەری – بۆریس باسترانك – لە شاری مۆسكۆی پایتــەختی ئێــستای رووســای یــەككرتوو ، بــاوكی نیگــار كێــشێكی دیــارو مامۆســتای پــەیمانگای هونــەرە جوانــەكان بــووە ، هــەروا دایكــی – رۆزە كوممــانی – پیــانۆ ژەنێكــی لێهاتووی بەناو بانگ بوو.

شایانی باسە باسترانك ، كە سایەتیەكی لێهاتوو بەهرەدار بووە... لە ساڵی

١٩٥٨ دەست نیشان کراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل ، بەڵام بە هۆی هەنێ بیرووبۆچوون ئەو خەڵاتەی رەتکردۆتەوە ، ئەم کەسایەتیە لە رابەرایەتی شیعر بەردەوام بووە تاکوو ماڵئاوایی لە گەلانی رووسیا دەکات لە ٣٠/ ١٩٦٠/٥ و ئەویش بەرهەمەکانی بۆتە کەلتوورێکی نەتەوەیی و نیشتمانەکەیی و جیهان .

١٨٩٠/٣/٩ بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە/٣٧ ی کارگێڕی دەسەڵاتی شاری کەرکوکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ، ئەویش بە بڕیاری دابین کردنی ئازوقەی بۆ عەشیرەتی هەمەوەند دابین کرد ، بۆ ئەوکەسانەی کە گەڕانەوە ڕیزی حکوومەت و ژێر دەسەڵاتی عوسمانی – وەك گەڕانەوەیان بۆ ڕێزی نیشتمانیدا .

کە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان لە ئێراق بە تایبەتی ڕژێمی بەعس ئەو جۆرە بڕیارانەی بلاَوەکردەوەو جێبەجێی دەکرد ، لەپێناو لاواز کردن و تواندنەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، نەك هەر لە ئێراق بەڵکوو بگرە لە ئێران و تورکیا و سووریاش .

ئەم جۆرە ڕامیاریەتە تاکوو ئێستاش لە پەیرەوکردن بەردەوامە لەو وولاَتانەدا . لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە هەردوو بوار نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

١٨٩٠/٥/١٩ لە دایك بوونی شۆڕش گێڕ رابەری گەلانی ڤێتنام – هۆشی منە – کە سەرکەووتنی بە دەست هێنا بەرامبەر بەهێزەکانی سووپای ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە شەڕە دژووارەکانی گەلانی ڤێتنام .

تێبینی:– لە بارەی باری ئەم وولاَتە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە هەیە .

١٨٩٠/٦/٩ دامەزراندنی بە دەیان هاوولاَتی لە عەشیرەتی هەمەوەند لە ڕیزی هێزەکانی سووپای عوسمانی ، هەروا بە بڕینەوەی مووچەی – ١٠٠٠– قرش بۆ شەش کەسایەتی عەشیرەتەکە بۆ ئەوەی دوورکەونەوە لە یاخی بووەکان بەپێی بیرو بۆچوونی ئەوان...؟...!.

١٨٩٠/٦/٢٨ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عبدولحەمید ، دوو بڕیاری ڕاگەیاند بۆ دەزگاکانی ئیستخبارات و وەزارەتی ناوخۆو دەرەوە ، ئەویش بەچاودێری کردنی جمووجوڵی یەهودیەکان– جوولەکەکان – بەدەر نەکرتنی یەهوودەکان لە مەمالیکی شاهانیەو ڕێگەگرتن لە یەهوودەکان بە دەست

تێووەرنەدان لە کاروباری دەسەڵاتی عوسمانی ، کە دژی ئایینی ئیسلامن لەهەموو بوارەکاندا .

١٨٩٠/٧/٧ سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، لە بڕیارێکیدا داوای لە دانیشتووانەکانی هەرێمی فەلەستین کرد ، کە بەهیچ جۆرێك زەوی بە یەهودیەکان – جوولەکەکان – نەفرۆشن لە ناو خاکی فەڵەستیندا .

١٨٩٠/٧/٢٩ وێنەکێشی بە ناوبانگی هوڵەندیو جیهان- ڤان کۆخ- ماڵئاوایی لە گەلانی هۆڵەنداو جیهان کرد ، بە دەستی خۆی گیانی خۆی لە دەست دا .ئەویش بە هۆی باری خراپی دەروونی و چەندین هۆکاری دیکە کە بە تەواوی هۆکاری گیان پێ لە دەستدانی خۆی لە وولاتەکەیدا .

١٨٩٠/٨/١٧ دەرچوواندنی ژمارەی یەکی ساڵنامە لەوویلایەتی مووسڵ و لە شاری مووسل ، دوای ئەوەش دەرکردنی ژمارە دووی ساڵنامەکە لە ساڵی ١٨٩٢ و هەروا دەرکردنی ژمارە سێی ساڵنامەکە لەساڵی ١٨٩٤ و ، دەکردنی ژمارە چواری لە ساڵی ١٩٠٧ و ، دەرکردنی ژمارە پێنجی لە ساڵی ١٩١٢ ...ساڵنامە کتێبێکە کە هەموو زانیاریەکی تیا کۆدەکرێتەوە لەبوارەکانی جووگرافی و ژمارەی دانیشتووان و دام و دەزگاو دەسەلاتە جۆراوجۆرەکان و رووداوەکانی بەشێووەیەکی رێك بە پێی رۆژ و مانگ و ساڵ لە زنجیرەیەکی دیاریکراو بوونی بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی لەهەموو کات و ساتەکانی رابردوو و کارپێکردنی لە ئێستا و دیاریکردنی پلان بۆ داهاتوو لەهەموو بوارەکاندا ، لە شێووەی ئینسکلۆپیدیادا .

١٨٩٠/٩/٢١ لە سەر داوای ٤٠ کەسایەتی لە کەسایەتیەکانی ناوداری کورد ، هەوڵی لە پێناو کردنەوەی قوتابخانەیەکیاندا ، لە سەر خەرجی خۆیان ، لە ئاکام

قوتابخانەکە کرایەوە ، بەلاَم ماوەی بەخوێندنی تیایدا نەدرا و بۆ ماوەی یەك ساڵ خوێندنی تیا دواخرا لەلایەن دەسەلاَتی عوسمانی لە باکووری کوردستان.

١٨٩٠/٩/٢١ ڕووناکبیرو فەیلەسوفی جیهان- فردریك ئینگلش- نامەیەکی بۆ جۆزیف بلۆخ نووسی و تیایدا دەڵێت:-

ئێمە مێژووی خۆمان بەخۆمان دروست دەکەین... بەلاَم لە ژێر بارووردۆخی زۆر دیاری کراو لەمانەش کە یەکلا کەرەوە سەرەکیەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان هەروا ڕامیاری و...هەروا...؟ .



١٨٩٠/١١/١٢ ئیمارەتی لاکسمبۆرگ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، دوای ئەوە لە هەر دووجەنگی یەکەم و دووەمی جیهان لەلایەن ڕژێمی فاشی ئەڵمانیا دگیرکراو لە لایەن هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان ڕزگارکرا .

هەروا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەناوی – ئیمارەتی لۆکسمبۆرگی مەزن – بووە و ناوی پایتەختەکەی – لۆکسمبۆرگ – ە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١٣٥,٠٠٠ هەزارکەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاَتەکە ی ، ٥٢٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ، ٢,٥٩٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتوانەکەی ، ٥٢٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، لۆکسمبۆرگیەکان ٧١٪ . پرتووگالی و ئتاڵی ٥٪ . فەرەنسی ٣٪ . ئەڵمانی ٢٪ . لە وولاَتەکەدا .

١٨٩١

١٨٩١/١/١٥ لەدایك بوونی شاعیرو نووسەرو رووناكبیری ڕووسیا - ئوسیپ ئیملیفتش ماندیلـشتام - لـه شـاری وارشـۆ چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە ... ئیمـل ڤینیامینۆڤیتشی باوكی جوولەكەیەكی ئیسپانی رەسەن بوو ، كە زۆر بەرێكی پەروەردەی منداڵەكانی دەكرد .

لە ساڵی ١٨٩٧ ماڵەكەیان بۆ شاری بافلۆسكی نزیك پترسبۆرگی پایتەختی ڕووسـیای قەیـسەری گوواسـتەوە لـەو كاتـدا ... لـە سـاڵی ١٩٠٠ لـە قوتابخانەیـەكی تایبـەت دەخـوێنێ و لەوێـدا مامۆسـتا - گیـۆس - ی مامۆسـتای زمـانی ڕووسـی كاریگـەری زۆری لەهەسـتی شـعری دەكـاو بەخوێندنـەوە ئاشـنای شـعرەكانی هەریـەك لـەگۆتێ و شـیللەو شكـسپیر دەبێت.

لەو كاتەش شاعر دەیەوێ بچێتە پاڵ جووڵانەوە جەماوەریەكەی وڵات ، كە ئەوسا بارودۆخی ئابووری و ڕامیاری لەو پەری شپرزەیی دەبێ . لە ساڵی ١٩١٠ وانـەی فەلسەفەو زانست و زمان لـە زانكۆی (هایـدلبیرگ)ی ئـەلمانی دەخـوێنێ ... لـە سـاڵی ١٩١٣ یەكـەم دیـوانی شـیعربە نـاوی - بـەرد - بەچاپدەگەیەنێ لەو وڵاتەدا .

لـە سـاڵی ١٩٢٢ دیـوانی دووەمـی بەچـاپدەگەیەنێ . لـە سـاڵی ١٩٢٤ دەستگیردەكرێت و دووردەخرێتـەوە بـۆ گونـدی - شـیردین - ی و سـزای بەسـەردا دەچەسـپێندرێت ... ئـەم شـاعیرە ڕامیاریـە لـەكارەكانی بـەردەوام دەبێت تاكوو لە ١٩٢٨/١٢/٢٧ كۆچی دوایی دەكات لە وڵاتەكەدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - دانانی - دكتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /١ .

١٨٩١/١/٢٣ رووناكبیرو نووسـەری نـاوداری جیهـانی - ئەنتۆنیۆ گـرامش - لـەخێزانێكی بـوورژوازی بـچووكی شـاری تـالیس لەدوورگـەی سـەردینیا چـاوی بـەجیهان هەڵهێناوە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم نووسەرو ڕۆشنبیر ناوزەندبووە بە ڕۆشنگەری ناوزیندان . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩١٠ دەست بەخووێندن دەکات و لە دوایی پلەکانی خووێندن لە زانکۆی تۆرینۆ خووێندنی ماف و ئاداب دەخووێنێ ... لە دوای تەواوکردنی خووێندن لە ساڵی ١٩١٣ دەچێتە ڕیزی پارتی سۆشیالست . لە بەر زیرەکی و بوێریش روو لە نووسنی ووتار دەکات بۆ چەندین ڕۆژنامەو وتاری هزری دەنووسێت ، کە نووسینەکانیشنی بەرگریکردن بووە لە مافی کرێکارو سنوور دانان بۆ چەوسێنەرەکان . بەهۆی هەستی رامیاری لە ساڵی ١٩١٧ بەشداری لەمانگرتنی کرێکاران لە شاری تۆرن دەکات ... هەوڵەکانی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیست بوو لەئیتالیا .

ئەوە بوو لە ١٩٢١/١/٢ ناوی پارتی سۆشیالستی دەگۆری بۆ ناوی پارتی کۆمۆنیست و خۆشی دەبێتە سکرتێری ئەو پارتە نوێیە .

دوای ئەوە تاکوو ساڵی ١٩٤٢ نووێنەری لاباڵی ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەپەرلەمانی ووڵاتەکە ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٦ دەبێتە نووێنەری شاری تۆرن و ڕۆژنامەی – یەکێتی –دادەمەزرێنێ ، کە زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیست بوو... لە مانگی /١٩٢٦/١١ فاشیەکان بەتۆمەتی پیلانگێری دژ بەئاسایشی نەتەوەیی دەیدەنە دادگا .

دوای ئەوە داواکاری گشتی کە فاشیەکی توندرەو بوو بە دادوەر دەڵێت :– پێویستە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەم مێشکە لەکاربخەن . ئیتر بەم جۆرە دەخرێتەزیندان و ماوەی ١١ ساڵ بەزیندانی بەسەر دەبات . بە هۆی ئەم زیندانی کردنەش باری تەندروستی تێك دەچێت و لە ساڵی ١٩٣٥ بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی ڕۆما دەگووازرێتەوە و لە ساڵی ١٩٣٧ ئازادی دەکەن

. بە هۆی نا لە باری باری تەندروستی کە لە زیندان فاشیەکان تووشی هاتبوون لە ئەنجامی ئەشکەنجەدانی ، دوای چەند رۆژێك لەدەرچوونی لە نەخۆشخانە لـە ١٩٣٧/٤/٢٧ ماڵئـاوایی لەگـەل ونیـشتیمان و پـارت و شۆڕشگێرانی وولاتەکەی دەکات لە ئیتاڵیا .

ئەم کەسایەتیە لە ماوەی ژیانی زیاتر لە ١٥ پەرتووکی بە ناوەکانی – دەفتەری یەکەمی بەندیخانە – و – دەفتەری دووەمی بەندیخانە – و دەفتەری – دەنووسێت . کە ئەم دەفتەرانەش بە گرنگترین و بە ناوبانگترین نووسراوی سیاسی گرامش دادەنرێت لەسەدەی بیستەم و کاردانەوەو کاریگەری خۆی هەر ماوە لە سەدەی بیست و یەکەمیش کە لەناویاندا بیرکردنەوەی قووڵی خۆی سەبارەت بەکۆمەڵگاو تیئۆری مارکسی و تیئۆری رەخنەیی و تیئۆری پەروەردەیی تێداچرکردۆتەوە .

ئەم مرۆڤە رۆشنبیرو سیایەتمەدارە ئیتالیە لە ماوەی ژیانی بەلێنەکانی کە بەگەل و نیشتیمانەکەی دابوو گەیاندیەجێگەو بووە جێگەی راستگۆیی و متمانەی گەلەکەی لەوولاتەکەیدا .

١٨٩١/٢/٢٣ بەهۆی کێشە لە سەر رێکەوتننامەی – تنباك – لە نێوان شا نەسرەدین و کۆمپانیای بەریتانیا ، ئەویش بەپێدانی مۆڵەت بەو کۆمپانیایە بە فرۆشتنی تووتن لەهەموو ئێران ، کە ئەمەش بووە هۆی نارەزایی دەربرین لە لایەن گەلانی ئێران بەگشتی و گەیشتە پلەی شۆڕشی گەورەی میللەت دژی ئەو رێکەوتننامەیە ، کە زۆر لەبازرگانەکان چوونە لای شا .

بەلام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو ، لە ئاکام بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان پیاوانی ئایینی بەپشتیووانی جەماوەرو هێزەکانی حکوومەتی شای فارس لەشارەکانی ئێراندا .

١٨٩١/٣/٢٠ مۆرکردنی پەیمانی نهێنی لە نێوان بەریتانیاو هەرێمی مەسقەت لە کەنداو ، کە ئەو پەیمانە بووە هۆی ئەوەی . کە مەسقەت بەپێی یاسا ببێتە پارێزراوی بەریتانیا و دادوەری مەسقەت بۆ یەکەمجار بەخۆشیەوە بووە سوڵتانی مەسقەتو عومانو بەردەوام بوو تاکوو ١٩٥٨ ، ئەم رێکووتننامەیە بە هۆی بەرپا بوونی شۆڕشی /١٤ ی تەمووز گۆڕا بەرێکەووتنێکی نووێی دیکە لە بەرژەووەندی مەسقەتو بەریتانیادا .

١٨٩١/٩/٤ سەرکردەو کەسایەتی سەهیۆنیزم – یودنهابمر– ڕاگەیاندنێکی ڕاگەیاندو بڵاوی کردەوە ، بۆ دۆستەکانی سەهیۆنی لە ژێر ناونیشانی – ئەی سەهیۆنیەکانی جیهان یەکگرن– لە پێناو یەك هەڵوێستو خەباتو ڕێکخستنی ڕیزەکانو دەرچوون لەکارو خەباتی نهێنی بۆ کارکردنی ئاشکرا، ئەویش لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەهیۆنیزم .

١٨٩٢

١٨٩٢/١/١٥ دامەزراندنی یەکەم یاری باسکە ، لە تەك یاریەکانی دیکەی جیهان ، لەلایەن مامۆستای وەرزشی – جیمس بسمیت داهێز – کە ناوینابە یاری تۆپی سەبەتە لە جیهاندا .

١٨٩٢/٣/١١ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ناکاوی لە نێوان شێخی بەحرێنو بەریتانیا ، بە هۆی باری ناوچەوهەرێمەکە ، بە تایبەتی کێشەی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو فارسی سەفەوی لەناوچەکە و بە تایبەتی لەسەر خاکی کوردستانو وڵاتی نێوان دوو زێ واتە– میزۆبۆتامیا... لەلایەکی دیکە سەر هەڵدانی کێشەی لابەلای نێوان هەردوو لایان لەگەڵ ڕووسیای قەیسەریدا جگە لە فەرەنساش.

١٨٩٢/٦/٢ لە دایك بوونی ڕۆمان نووس و دەرهێنەری فلیمی سینەمایی و زانای زمان – فیکۆلۆژیا– جۆن ڕۆیل ڕۆنالد تۆلیکنی . شایانی باسە لە جەنگی یەکەمی جیهان بە شداری چەندین شەڕ دەکات و زۆر لە هاوڕێکانی دەکووژرێن . لە تەمەنی شازدە ساڵیدا خاتوو – ئیدیس– دەبێتە هاوسەری ، شەیدای زۆر ئەفسانەو داستانە کۆنەکانی میللەتانی ئایسلەندی و ئەسکەندەنافی و گەرمانی بووە ... لە ساڵی ١٩٣٧ چیرۆکی The Hobbit بە چاپ گەیاندووە ، بەرهەمەکانی ئەم نووسەرو زانا بەناوبانگە جێگەی سەر سوڕمان و هەست ڕاکێشەری جەماوەری وڵاتەکەی و جیهان بووە ، تاکوو ماڵئاوایی کردنی لە ١٩٧٣/٩/٢ لە وڵاتەکەیدا.

تێبینی :– مێژوو و ناوی نووسەرو شاعیر و وێنە کێش و هونەر مەند و نووسراوە تەوە ، بەڵام لە دانەنانی وێەی کەسیی یا بە دەست نەکەوتووە یا خوود وێنەکە زۆر کۆن بووە لە بەر ئەوە دانەنراوە ، بەڵام بە پێی توانا هەوڵمان داوە بە شێوەیەکی باش کارو بەرهەمەکانی نهووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان لە ناو ئەم کتێبە تۆمار بکەین .
لە هەمان کات داوای لێبووردن دەکەین گەر نەمان توانیبێ ژیان و وێنەی کەسایەتەکان دابنێن .



١٨٩٣

١٨٩٣/١/١ کووشتاره مێژووییەکەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجامدرا کە بە کووشتنی گشتی ناوزەند بوو ... تاوانەکانی ئەو کۆمەڵ کووژیە لە گەڵ شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بوو ، کە زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس لە کەسایەتی رامیاری و زانا و سەرکردەکانی سووپاو کەسایەتی ئایینی و رۆشنبیر کووژران ... ئەم کۆمەڵ کووژیەش لەهەموو جیهان هەوڵەکانی زرینگایەوەو نارەزایەکی یەکجار بەهێز و توند ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئەو وولاتەکرا .

١٨٩٣/٢/٢ بە ئامۆژگاری و فەرمانی سوڵتانی عوسمانی- سوڵتان عەبدولحەمید- لە رێگەی سەرەك وەزیرانەکەی – جەواد پاشا – بە فەرمانی ژمارە / ٢٢٧٠ داوایکرد ، کە ناوی سنجەقی شارەزوور لە باشووری کوردستان بگۆردرێ بۆ سنجەقی کەرکوك ، ئەویش بە هۆی لێك چوونی لەشاری- دێرە زووری- سووریای ئێستادا.

ئەمەش کە کردەوەیەکی شۆڤینیانە بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، بە تایبەتی لەسەر خاکی کوردستان بە هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ فارس و عەرەبدا .

١٨٩٣/٣/١٠ دامەزراندنی دوو ژێر دەستەی فەرەنسی ، ئەویش هەردوو هەرێمی گینیا و ساحل حاج بوون لە کێشووەرەکەدا .

١٨٩٣/٣/١٥ بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە/٤٦ی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، کە رەزامەندی لەسەر گۆڕینی سەنجەقی شارەزوور لە باشووری کوردستان بۆ وویلایەتی کەرکوك کرد ، کە لەو رۆژەدا لە هیچ نووسراوێکی هاتووەکان و دەرچووەکان لە نێوان دام و دەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ، ناوی شارەزوور نەدەهات...ئەمەش بەپێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی بە ژمارە/٣/١٢/٢٨٨٦ی هەمان ساڵ لە وویلایەتەکەدا .

١٨٩٣/٤/١٥ بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هێزە چەکدارە کوردە ئێزیدیەکان و هێزەکان سووپای عوسمانی ، لە ناوچەی شنگاڵ لە باشووری کوردستان و بەردەوام بوونی ئەم شەڕە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ناوچەکەدا ، کە زیانەکانی سووپای عوسمانی بە سەرکردایەتی عومەر نەزمی پاشا زۆر بوو ، لەگەڵ ئەوشەدا

زیانـەكانی ئێزدیـەكان كـەمتر بـوو، بـەهۆی پاڵپـشتی بـەهێزەیان ، ئـەویش شاخەكانی سنجار لە باشووری كوردستان.

١٨٩٣/٤/٢٥ گەڕانـەوەی نووێنـەری دەسـەڵاتی عوسمـانی عومـەر نـەزمی لـە وویلایـەتی مووسڵ ، ئەویش بە سـەر شۆڕی بۆ ئەستەمبۆڵ ، لـە دوای بڕیـاری لیژنـەی لێكۆڵینەوەی ئازاردانی كوردە ئێزیدیەكان لە وویلایـەتی مووسڵ لـە هـەرێمی باشووری كوردستان .

١٨٩٣/٧/٥ نووێنـەری دەسـەڵاتی عوسمـانی فـەریق عومـەر نـەزمی پاشا گـەیشتە شـاری موسڵ ، لـە پێنـاو گـەمارۆدانی كوردە ئێزیدیەكان لـە باشـووری كوردسـتانی ژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی و لـەناوبردنیان ، كـە دەسـەڵاتی تـەواوی پێدرابوو لەلایەن سوڵتانی عوسمانی . كە بە پیاوێكی دڕنـدە ناوزەنـد ببـوو، سـەرەڕای ئەوەی كە لیژنەی لێكۆڵینەوە تاونباری دەزگا سـەربازیەكانی عوسمـانی كـرد بوو لە وویلایەتی موسڵ بەرامبەر بەكوردە ئێزیدیەكان .

١٨٩٣/٨/٢٣ هێزەكـانی سـووپای شـانشینی بـەریتانیا لـە هێرشـێكیدا – هـۆنگ كـۆنگی – چینیان داگیر كرد لەكاتی شەڕ لە نێوانیاندا.

بەڵام لە دوای ئەو ماوە دوورو درێـژەدا لـە ١٩٩٧/١/١ دوورگەكـە گـەڕاوە بـۆ باوەشـی چـینی مللـی و بـەردەوام بوونیـان لەسـەر هـەمان ڕژێمـی تایبـەتی خۆیاندا .



١٨٩٣/٩/١٢ مێژوونووســـــــس و ڕۆژنامـــەنووس و ئـــەدەیب مامۆسـتا – حوسـێن حـوزنی موكریانی – لەگـەرەكی حـاجی حەسـەن لەشـاری سـابلاخ لەمـــەهاباد لەڕۆژهـــەڵاتی كوردسـتان چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە ... ئـەم كەسـایەتیە نـــاودارەی كـــورد هـــەر لەمنداڵیـەوە خـاوەن هزرێكـی دەووڵەمەنـــدی لـــێ بـــەدی

دەکرێت لە شارەکەدا .

خووێندنی لەلای باوك و خاڵەکانی خۆی تەواوکردووە ، دوای ئەوە چەند ساڵێك لەڕووسیا و ئەستەمبوڵ خووێندویەتی ... هەر لە سەرەتای ژیانی چۆتە نێوو سەودای کورد پەروەری و بڵاوکردنەوەی هزری هەستی نەتەوایەتی ... بۆیە هەردەم لە هەوڵی خۆ پێگەیاندن بووە کە شارەزایی لەزۆربەی بوارەکانی ئەدەبی هەبووبێت و بتوانێ کاری تیادا بکات ... ئەو هەوڵانەو بوار بۆ رەخسانی تووانی بچێتە ناو بوارەکانی مێژوو و ئەدەب و رۆژنامەگەری وچیرۆك و مۆرهەڵکەنی و هونەری گۆرین ، بەتایبەتی ئەو گۆرینانەی کە لەگۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا بڵاودەکردەوە ، لە خووێندنەوەی مێژوو و چاپ و چاپەمەنی رۆژنامەنووسی کوردی رۆڵێکی ئێجگار باڵای هەبوو لە دامەزراندنی چاپخانەی کوردی و بڵاوکردنەوەی جۆرەها گۆڤارو رۆژنامە .

کە زۆربەی ئەو کاتە بەنهێنی دەردەچوو لە بەر بارودۆخی کوردو گەمارۆدانی لەلایەن داگیرکەرو دووژمنان ... ئەم کەسایەتیە خزمەتێکی پر بەخش و بەسوودی هۆشیاری گەلی کوردو بڵاوکراوەی هەستی نەتەوایەتی پێگەیەنیٚ ... بڵاوکراوەکانیشی لە شاری حەلەب و رەواندزو هەولێرو موسل و بەغدا بەردەوام بووە .

شایانی باسە کە ئەم کەسایەتیە توانیەیەتی لە ساڵی ۱۹۳۵ یانزە/۱۱ ژمارە لەگۆڤاری رووناکی لە شاری هەولێر دەربکات ... هەروا لە ساڵەکانی ۱۹۳۲ – ۱۹۲٦ دا ۳۲ ژمارە لەچاپکراوی لە سووریاو میسرو لوبنان و ئەستەمبوڵ و ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە و ٤٤ بەرگ لەمێژووی کورد بەزمانی کوردی لێی دروست بکات .

بەڵام توانی ۲۱ بەرگی لیٚ چاپبکات و بە دەیا نووسین و بابەت و بڵاوکراوەی لە ئەدەب و مێژووی کورد بڵاوبکاتەوە ، کە بۆتە کەلتوورێکی بیٚ وێنەی گەلی کوردستان .

مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی ۱۹۱۲ بریاریدا لەشاری حەلەب نیشتەجیٚ بیٚ و ئەو بابەتە مێژوویانەی دەربارەی مێژووی کورد کە کۆی کردبۆوە بەزمانی کوردی بەچاپبگەیەنیٚ .... ئەوە بوو پارەی نارده ئەلمانیا بۆ کرینی چاپخانە ... بەڵام بەهۆی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهان لە

سـاڵی ١٩١٤ چـاپخانەكەی دواكـەوتوو ئـیتر بەهـەر ئـەرك و رەنـج و دەردە سەریەكی زۆرەوە لە ١٩١٥/١/١٠ لەرێگای شاری بەیرووتی پایتەختی لوبنان گەیشتە حەلەب و توانی چەندین كتێبی مێژوویی و عەقیدەی ئیمان و مەولوودنامەو گۆڤارێكی چاپكردوە .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٥ خۆی و خێزانەكەی دەچنە شاری بەغدا و دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٦ دەچێتە شارۆچكەی رەواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری كوردستان ... ئەم كەسایەتیە لە كارە پیرۆزەكانی بەردەوام دەبێت تا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەكەی دەكات و بەرهەمەكانی وەك كەلتوورێك جێگەی خۆیان لە دەروونی نووسەرو رووناكبیرانی گەلی كوردستان كردۆتەوە لە هەموو بوارەكاندا .

١٨٩٣/٩/٢٢ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزەكانی سووپای عوسمانی و چەكدارانی كوردو ئەرمەن ، كە بە دژووارترین شەڕ دەژمێردرێت لە باكووری كوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا ، كە چەندین لایەن لە هێزەكانی سووپای عوسمانی لایەنگیری كوردی دەكرد ، لەهەمان كات هێزەكانی سووپای ڕووسیای قەیسەری لایەنگیری چەكدارانی ئەرمەنی دەكرد لە هەرێمەكەدا .

واتە شەڕی سێ لایەنە بوو لەیەك كاتدا ، لە نێوان تورك و كوردو ئەرمەن. ئەمەش بەخواستەكانی دەسەڵاتی عوسمانی هەڵگەڕاوە بۆ لێدانی كوردو ئەرمەن بەیەكەوە ، وەك دەڵێن- لێدانی دوو چۆلەكە بەیەك بەرد- لە هەرێمەكەدا .

١٨٩٣/١١/٦ كۆچی دوایی هونەرمەندی سمفۆنیای ڕووسی و جیهان - چایكۆ فسكی- لە رووسیای قەسەری ، كەسمفۆنیا كانی بۆتە مێژووی نەتەوەیی و كەلتووری وڵات و گەلەكەو جیهان .

١٨٩٤

١٨٩٤/٢/١٨ سەرهەڵدانی بیری یەكسانی لە ڕۆژهەڵاتی بیابانی دوورگەی عەرەبی و عوسمانی بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی بەلشەفیەكان لە ڕووسیای قەیسەریدا

.

شایانی باسە كە زانای بەرەچەلەك یۆنانی - لحالم مهور - لە پێناو ڕاكێشانی كرێكاران بۆلای خۆی ، لە قاهیرەی پایتەختی میسرو بەبێ

یارمـەتی دانـی بـۆ لای – سۆشیالیـستە تێکـدەرەکان– لـە ڕاگەیاندنێکیـدا گوتی :–
ئەمڕۆ ڕۆژی یادکردنەوەی ڕاپەڕینی کۆمۆنەی پاریسە لە پاریسی پایتەختی فەرنـسا ، لـە بەرئـەوە پێوویـستە هـەوڵی یـەك ڕیـزی بـدەین بـەو بۆنـە بـە بەرزکردنـەوەی دەنگمـان بـە مـردن بـۆ داگیرکـەرو چەوسـێنەرو بـژی سۆشیالیستی و بژی فەوزەویە لە جیهاندا .
١٨٩٤/٧/٥ لـە بەرەو کۆتاییـەکانی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، هـەموو پلـەو پایـەکان ببوونـە میراتـی بنەماڵـەی عوسمـانی لـە بوارەکـانی خووێنـدن,ۆ پلەوپایەو سامان,و دەسەڵات، کە هـەموو بەسترابووەوە بـە دابەشـکردنی لـە نێوان خۆیان,و پاوانکردنی سامانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا .
هـەتا ئـەو کاتـەی کـە ئەوانـەی تورکیش بـوون ، کـە نووسـەرو پرۆفیـسۆری مێـژووی تـورك – ئەحمـەد جـەودەت – بەشـێووەیەکی ڕاشـکاوانە بـاس لـەو بۆگەنایەتییەی دەسەڵاتی عوسمانی دەکات لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .
شـایانی باسـە دەسـەڵاتی بنەماڵـە کـە بـەرەو کۆتـایی هـاتن هـەنگاو دەنـێ و پاوانی دەسەڵات,و سامانی گـەل دەکـات ، بۆخۆی,و دارودەسـتەکەی تـەنیا لـە پێنـاو مانـەوەو درێـژە دان بـە دەسـەڵات . بـەڵام کـە سـەر بۆگـەن بـوو لاشـەش بۆگەن دەبێت,و کۆتایی دێت . جا بە هەرشێوەیەك بێت ، لـە هـەر ناوچـەیەك و وولاتێك بێت لە جیهاندا .
١٨٩٤/٧/٢٧ تێرمیدۆر ، لە ووشەی یۆنانی ، بە واتای گەرما وەرگیراوە .
لەڕۆژ ژمێری شۆڕشگێری فەرەنسادا بە یازدەمین مانگی ساڵ دەگووترا ، کـە بـە پێـی ڕۆژ ژمێـری گریگـۆری هاوکـات بـووە لەگـەڵ نـۆزدەی تـەمووز هـەتا هەڤدەی مانگی ئاب .
ئەم زاراوەیە لە مێژووی شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا بە کودەتای نوێی تیرمیدۆ دەگووترێ ، کە کۆتایی بە سەردەمی زەنـگ و سـەرکووتی ژاکۆبیتـەکان هێنـاو ، بە دوای ئەودا ، قۆناخی کۆنە پەرستی بە ئاشکرای بۆرژوازی لە بەرامبـەر چـەمکە شۆڕشـگێریەکانی ڕۆبیـسپەر و چـینی کرێکـاری پـاریس دەسـتی پێکرد.
سەرکردەی ڕووسیا ترۆتسکی شۆڕشگێری بەناوبانگ ئەم زاراوەی بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی ١٩٠٣ دا بـەکارهێنا ... هـەروا لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کـە

سەپاندنی کۆنترۆڵێکی ناوەندی توونـد بەسـەر پارتی دیموکراتی ڕووسیا لەلایـەن لینینـەوە ڕێگا بۆ تێرمیدۆرە هەڵپەرستە سۆسیالیستەکان دەکا ، یـەکێك لـە بابەتـە سەرەکیەکانی هەوڵدان بوو بۆ بەدەست هێنانی پۆست و دەسەڵات لە دەزگای بەڕێوەبەری سۆڤیەتدا .

دوای مردنی لینین – ئەو مەترسیە بوو کە ترۆتسکی و لایەنگرەکانی بە – تێرمیدۆر – یکی نوێ ناویان دەبرد ... واتە خیانەتی دەوڵەتی نوێ و بیروکراتی پارت بە شۆڕشی ڕووسیا و چینی کرێکارانی ڕووسیا .

١٨٩٤/٨/١٥ دەست پێکردنی قەسابخانەی ئەرمەن و کورد لە قەزای – ساسۆنی – سەر بە سنجقی مۆش – پارێزگای مۆش – سەر بە وویلایەتی بەدلیس لە هەرێمی باکووری کوردستان ، کە لە ١١٠ سەدودە گوند پێکهاتبوو و زیاتر لە ٢١ هەزار خێزانی تیایدا دەژی ، کە لە ٤٠٪ ئەرمەن بوون ، ئەودیکەش کورد بوون لە باکووری کوردستان ، ئەمەش بەهۆی نەدانی باج بەدەسەڵاتی عوسمانی ، ئەم کارەش بەردەوام بوو تاکوو ٩/١٥ ی هەمان ساڵ لە ناوچەکەدا .

١٨٩٤/٩/٢٥ ئاژانسی تەلەگرافی سوویسری لەم ڕۆژەدا دامەزراوەو مەڵبەندی سەرەکی لەشاری – برن – ی پایتەختی سوویسرا بوو ، کە کۆمپانیایەکی هاوبەشەو وێستگەو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بەشیان تیایەو سوودی لێوەر دەگیرێ ، وەك سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە هەموو بوارەکان لە جیهاندا.

/١٠/١٥ ئەفسەرێکی بە نەژاد جوولەکەی فەرەنسی – ئالفرید دریفۆوس – بە ناپاکی
١٨٩٤ کردن لە ناو سووپای فەرەنسا تاوانبار کرا ، دادگا بە دوورخستنەوەی لە سووپاو لە فەرەنسا بڕیاریدا بۆ دوورگەی شەیتان لە ناوچەی گۆیانای فەرەنسا.

شایانی باسە پاشی پێنج ساڵ لە بەڵگەنامەکان دەرکەووتن ، کە ئەو ئەفسەرە تاوانبارنییەو دادگا سەرەڕۆیی کردووە لە دادگایکردنەکە ی لە وولاتەکەدا .

١٨٩٥

١٨٩٥/١/٢٨ یەکەم فیلمی سینەمایی هەڵوواسرا لە چایخانەیەك لە شاری پاریسی پایەختی فەرەنسا ، کە زیاتر لە ٣٠ سی کەس تەماشای ئەو فیلمەیان دەکرد . بەڵام سەیر ئەوە بوو زۆر بەیان هەڵاتن بەهۆی دیتنی شەمەندەفەرێك لە سەرشاشەکەدا ، کە رووبەرووی دانیشتووانی سەیرکەرانی فلیمە دەبیووەوە لە ناو هۆڵەکەدا .

١٨٩٥/٣/١١ کۆچی دوایی زاناو رۆژهەڵاتناس و گەڕۆکی ناوداری جیهان- ئەدوارد تۆلدە- ئەم زانایە لە کەرتی لاتڤیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە ساڵی ١٨٤٩ ، کە ناوبراو گەڕۆکێکی رامیاری بووەو سەردانی ناوچەکانی بیابانی عەرەبی و ئێرانی ئێستاو ئوردن وڕووسیاو رۆژئاوای ئێرانی کردووە ، لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری لە هەموو بوارەکاندا .

١٨٩٥/٣/٢٢ یەکەم فلیمی سینەمایی جووڵێنەر کاریکاتێر لە مێژوودا پەخشکرا بۆ بینەران لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٨٩٥/٤/٢٤ نامەی ئاڕاستەکراوی پەتریرکی کلدانی – مارکیورکیس ئۆدیشۆی پێنجەم – بە بۆنەی سریانیەکان کرد ، کە داوایان لێدەکات هەوڵەکان یەکخەن ، لە پێناو یەکگرتنی کەنیسە کلدانیەکان و یەکێتی مێژووی ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەشی کلدانی و نەسرانی ، کە کۆیان دەکاتەوە بە ناوی سریانی رۆژهەڵات لە جیهاندا .

١٨٩٥/٨/٥ فەیلەسوفی بەناوبانگی جیهانی- فردیك ئینگلش- لە ئینگلترا کۆچی دوایی کردووە . شایانی باسە ئەوفەیلەسوفە هاوڕێ و هاوخوبات و هاوبیروو هاوکاری کارل مارکس بووە ، دانراوی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی کۆمۆنستی و ئابووری رامیاری و کۆمۆنستی زانستی و چەندین دانراو بڵاوکراوەی هەمەلایەنی لە بوارەکانی چینی چەوساوە بوونە.

١٨٩٥/٨/٢١ لــــە دایــــك بــــوونی پرۆفیـــسۆری نــاوداری كـورد ، مامۆسـتا كامـەران عـەلی بـەدرخان لـە شـاری ئەستەمبۆڵی توركیا . كــــە لــــە بنەماڵیــــەكی نەتــــەوەیی و شۆرشــگێڕو روونــاكبیر لـە بـا كـووری كوردسـتان بوونـەو تـا دوا هەناسەیان بۆگەل‌و نیشتمان ، كە كوردو كوردستانە درێخیان نەكردووە لـە كوردستان .

١٨٩٥/٩/١٨ لەدایك بوونی گەورەترین تەمەن و رووپێوی بەناوبانگ و بیناسازی یابان و جیهان – تۆمۆگی تانابی – لـە شارۆچكەی میاكۆنوگۆ لەباشوری رۆژئـاوای یابان .

شایانی باسە كە تانابی خۆی و هاوسەرەكەی كاری رووپێویان دەكردوو ئەو مرۆڤە بەشێووەیەكی رێك و بەردەوام شیری دەخواردو جگەرەی نەدەكێشا لـە هــەموو كاتــەكانی كــاركردنی یادەوەریــەكانی خــۆی دەنووســی و بــەردەوام رۆژنامەو گۆڤارەكـانی دەخوێندەوە ... نـاوی ئەم مرۆڤە بـەوە نازەنـد بـوو – تانابی – كەمەزنترین بیناساز لە جیهان بەنووسینەوەی فەرهەنگی گینیس لـە ١/١ ، لـە دوای مردنـی ئیمیلیـانۆ میركادۆدیل تـۆرۆ لـە بۆرتۆریكـۆ لـە تەمـەنی ١١٥ ساڵیدا .

ئـەو كەسـانەی كـە لـە تەمـەن زیـاتر لـە سـەد سـاڵ لـەیابان مەزەنـدە دەكرێـت بـەزیاتر بـە ٣٠ هــەزار كــەس و واش مەزەنـدە دەكرێـت كــە لــە ســاڵی ٢٠٥٠ تەمـەنی درێـژ لـە یابـان لـە یـەك ملیـۆن زیاتربێـت بـەهۆی كـاری بـەردەوام و جمووجۆڵی پیاوو ئافرەتە یابانیەكان .

سەرچاوە:– BBc.arabic.com

١٨٩٥/١١/١ بە پێی نووسراوی حکوومەتی فەرەنسا لە سەرکردارەکانی جەندرمەی دەسەلاتی عوسمانی، کە بەردەوامبوونە لە شەهیدکردنی ئەرمەن و کورد لە باکووری کوردستان .

بە تایبەتی شەهیدکردنی مەسیحیەکان بە ناوی ئەوەی کە ئەرمەنین لەوویلایەتی دیار بەکر، کە لە یەك ڕۆژدا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار مەسیحی لە کوردو ئاشووری و ئەرمەن شەهیدکراو زیاتر لە ١٢٠ گوندی وێرانکردو بەسەدا دووکان و ماڵ و کێڵگەیان تالان کردوسووتاندو وێرانکرد لە ناوچەکەدا

. کە جەندرمەکانی عوسمانی دەستیان لە کوردو ئەرمەن نە دەپاراست بەشەهید کردنیان لەسەر نیشتمان و ماڵەکانیان کە کوردستانەدا .

تێبینی:- ئەرمەن و ئاشووریەکانیش ، کە زۆربەی هەرە زۆریان کورد بوونە لە کوردستان .

١٨٩٥/١١/٢٧ کەسایەتی ناوداری جیهان و زانای بەناوبانگ و خاوەنی یاداشتنامەی نۆبل - ئەلفرید نۆبل - لە وەسیەتنامەکەیدا گووتوویەتی : - خەلاتەکە بەو کەسە ببەخشرێت کە زیاتر شایانیەتی ... جا مەرج نیە گەر

سکەندەنافی بێت ، یاخوود هی شوێنەکانی دیکەی جیهان بێت ... ئەویش کە ووشەی زیاتر شایانی زۆرراقەی بۆکراوە . لە بەر ئەوەی لەو رووخسارەدا واتاو مەبەستی جۆراوجۆر دەگەیەنێت .

جێگەی باسکردنە کە خەلاتی نۆبل بۆ ئەو شاعیرو نووسەرەو زاناو فەیلەسوف و سەرکردانەیە کە بەرگری لە ماف و داخوازیەکانی گەلان بکەن لە

هــەموو بوارەکــانی ڕامیــاری و نەتــەوەیی و نیــشتیمانی و ئــابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری و مێـژوو و زمـان و داب و نـەریت و کـەلتوور و هـی دیکە ، نەك بە پێچەوانە .
ئەویش بە سەقامگیری دادپەروەری لەژیان و ئەرك و ماف لە سەر گۆی زەوی لە جیهانێکی خالی لەشەڕو ئاژاوەو ململانێ و کێشەو گرفتـەکان . جیهانێك کە مەرو و گورگ بەیەکەوە ئاو بخۆنـەوە ... نـەك وەك ئێستای کـە بـە هـەزارا ملیـۆن کـەس ڕۆژانـە لەبرسـان و بـێ جێگـەو شـووێن گیـان لـە دەسـت دەدەن لەڕێگـەی تووندو تیـژی دەسـەڵاتە هەمـە جۆرەکـان ، کـە هـەموو هەوڵـەکانیان لـەپێناو پاراسـتنی ... کورسـی و سـامان و پارەیـەو جـەماوەریش ڕوو لـە ئاسمـان دەکات و دوعـا دەکـات بـۆ ئـەوەی بارودۆخەکـە بـەرەو ئـارامی ببـات ...؟...!. کـە ئـەمـەش کـارێکی نامرۆڤانـەو دوورە لـە هەسـت و هەڵوویـست و خواستەکانی – ئەلفرید نۆبل لەسەر گۆی زەویدا .

١٨٩٥/١٢/١٤ شــاعری شـیعری بـەرگری گـەورەی فەرەنـسی – پـۆل ئیلـوار – چـاوی بـەجیهان هـەڵێناوە ... لەسـەرەتای دەسـت پێکردنـی نووسـینی شـیعر پەیوەنـدی بـە شـاعیرو هونەرمەنـدە سـریالیەکانەوە کـردووەو لەگەڵیانـدا بـاوەڕی بەکۆمینیزم هێناوە .
جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم شاعیرە کۆمۆنیزمە لە تەمـەنی ٥٧ سـاڵیدا لـە سـاڵی ١٩٥٢ ماڵئـاوایی لـە شـیعر دۆسـتان و گـەل و نیشتیمانەکەی کردووە . بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە . ١– مردن لە بەرنـەهاتنی مـردن لـە سـاڵی ١٩٣٤ . ٢– شـیعرو ڕاسـتی لـە سـاڵی ١٩٤٢ . ٣– وادەیـەك لەگەڵ ئەمانەکاندا لە ساڵی ١٩٤٥ . هـەروا لـەماوەی شـەڕی دووەمـی جیهانـدا یەکێك بووە لەشاعیرە گەورەکانی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانی ئەلمانیا لە

وولاتەکەیدا .

١٨٩٥/١٢/٢٨ ئەنجامدانی قەسابخانە دژی ئەرمەنەکان لەلایەن هێزەکانی سووپاو جەندرمەکانی عوسمانی بەسەرپەرشتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، لە ماوەی ٢٨-١٢/٢٩ ، کە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئەرمەن بەگوشتن و زیندە بەچاڵ کردن لەناو بران ، لە ئەنازۆل و تەرابیزۆن و ئەرزەرۆم و مەرعەش وقیسریە و ئورفا لە باکووری کوردستان ، لەهەمان کات کوردیش بەر ئەولێشاوە کەووت . بەلام بەرێژەی ئەرمەن نەبووە لە هەرێمەکەدا .

١٨٩٥/١٢/٢٩ لەو کاتەی کە - سێرلیاند جیمسون- هەڵسابە سەرکردایەتی کردنی هێرشێکی بەرفروان بۆسەر جۆهانسمبۆرگ لە وولاتی بوێر، بەلام حکوومەتی بەریتانیا ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەوکارەو داوای گەڕانەوەی کرد ، بۆ بەریتانیا و دەستیانکرد بەدادگایی کردن و زیندانی کردنی بۆماوەی ١٥مانگ.

بەلام دوای ئازاد کردنی گەڕاوە باشووری ئەفریکیا ، کە لە دوای - سیسیل رۆدس- بووە سەرۆکی پارتی پێشکەووتن لەژێر دەستی کای لە وولاتەکەدا.

١٨٩٦

١٨٩٦/٢/١٩ لەدایک بوونی رابەری بزووتنەوەی سووریالی - ئەندریا بریتۆن - لە بنەماڵەیەکی کراوەی شاری - تانشیربەری - لە هەرێمی ئاورنی لە فەرەنسا لەدایک و باوکێکی بێ بروا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لە ژێر کاریگەری بۆڵ ڤالیری شاعر لە ساڵی ١٩١٤ ، یەکەم هۆنراوەی لە گۆڤاری - کۆلێژ - بلاودەکاتەوە .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩١٣ پەیوەندی بەکۆلێژی پزیشکی دەکات . بەلام لەکاری شیعری دانابڕێ و لە ساڵی ١٩١٤ ، کە جان جۆریسی لە سەرکردەی سۆشیالستی فەرەنسی تیرۆردەکرێت ... یەکجار تورە دەبێ و بە هۆیەوە سێ چامە لە گۆڤاری - لافالانگ - بلاودەکاتەوە کە لە ناویدا ئاماژە بەنا لە باری و قێزەوەی رەگەز پەرستی دەکات ... ئیتر ئەم مرۆڤە لەکارە جۆراوجۆرەکانی و نووسین و کاری رامیاری بەردەوام دەبێ تا لە ١٩٦٦/٩/٢٨ بەنەخۆشی

کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەیدا.

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە – دانانی – دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی – بەرگی /١ .

١٨٩٦/٢/٢١ لــە پەیووەندیــەکانی ســەرکردەو ڕابــەرێ ســەهیۆنیزم- هرتــزل- لــە گــەلّ بەرپرسانی ئەلّمانیاو نەمساو رووسیاو ئیتالّیاو بەریتانیا، کە مەبەستی پەیووەندی کردن بوو لەگەلّ سولّتانی عوسمانی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم ، بەو هۆیە کە- لاندو- ئامۆژگاری دۆستی یەهوودی – جوولەکە – هێرتزلی کرد ، کە بەیارمەتی دۆستەکەی- نیولنسکی- سەرنووسەری – برید الشرف- کە هێرتزل دەلّێ:- ئێمە فەلەستینمان دەستکەووت و هەولّی یارمەتی زۆری تورکیا دەدەین لەپێناو ئامانجەکانماندا .

١٨٩٦/٤/٢٥ گەشتی دامەزرێنەری جوولانەوەی سەهیۆنیزم هێرتزل لە میونخ کەوتە ڕێ بەرەو شاری ڤیێنا ، لە ڕێگا چاوی کەووت بە – هشلر بسیوودور- و لە دوای چاوپێکەووتنەکەدا ، نەخشەی فەلەستینی ئاشکرا کرد بەپێی نەخشەی جووگرافیای فراوانکردنی بیری سەهیۆ نیزم لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا

تێبینی:- ســەهیۆنیزم ڕێکخراوەیەکی جوولەکەی شۆڤینی توون رەوە لە جیهان ، ئەویش لە پێناو فراوانکردنی سنووری جووگرافیای جوولەکەیە، بە پێی – ئەرزی میعاد- لە کێشووەرەکەدا.

١٨٩٦/٦/٤ بــۆ یەکــەم جــار لــە مێــژووی وەرزشــی هەمــەجۆر پێــشبڕکێی یارییــەکانی جیهــانی- ئۆلّــەمپیات- ئەنجامــدرا ، لــە ئەســینای پایتــەختی یۆنــان ، بــە بەردەوام بوونی تاکوو ٧/١٥ ی هەمان سالّ ، کە١٤ وولات بەشداری تێداکرد ، بە ٢٤١ یاریزانو بە ٢٤ یاری هەمەجۆر لە نێوان وولاتانی جیهاندا.

١٨٩٦/٦/٧ بەرپابوونی شـەڕی – فرکـە – لـە نێوان هێزە چەکدارەکانی سوودان کە ، لە٣٠٠٠ سێ هەزار چەکدار زیاتربوون لە گەلّ هێزەکانی سووپای میسر ، کە لە ١٠٠٠٠ دەهەزار چەکدار زیاتر دەبوون ، لەو شەڕەشدا زیاتر لە٨٠٠ چەکدارو هاوولاتی سوودانی کوژرانو بە دیل گرتنی زیاتر لە٦٠٠چەکدارلە ناوچەکەدا.

دوای ئەوە سووپای میسر بەرەو- دنقلە- گەڕایەوەو لە ئەنجام بووە هۆی

پەیووەندی کردن . لە نێوان ئەفسەرە بەریتانییەکان و کەسایەتیەکانی ناوچەی کوردڤان و سەرۆکی کیابیش ، لە وولاتی سوودان لە ناوچەکەدا .
شایانی باسە ناوچەی کوردڤان لە سوودان دانیشتووانەکەی بە ناوی خۆیەتی و کە کوردن ، ئەمەش لە ئەنجامی شەڕە دژووارەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و بێزەنتیەکان و رووسیاو فارس بووە لە دوای ساڵەکانی ١٥٠٠ بەرەو ئەوناوچانە کۆچیان کردووەو نیشتەجێبوونە لە ناوچەکەدا .

هەروا لە ئەنجامی شەڕەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر بووەو کە تاکوو ئێستا لە دەنگ و باسەکانی میدیای عەرەبی و بیانی بەناوی کوردڤان باسی دەکرێ بە هەرێمی دارفوردا.

تێبینی:- دەتوانی بگرێیتەوە سەر نەخشەی دارفوور لە وولاتی سوودان . کە هەرێمی کوردڤان بە باشی دیاری کراوە .

١٨٩٦/٦/١٥ دامەزرێنەری جوولانەوەی سەهیۆنیزمی جیهانی - جولەکە- یەهودی- هرتزل نووسیوویەتی و دەڵێ:- بەنیازی کڕینی هەرێمی فەلەستینە لە سوڵتانی عوسمانی- ، ئەویش بەئامادەکردنی - ٢٠- ملیۆن جوونەی ئیستەرلینی و دانی بە دەسەڵاتی عوسمانی، لەپێناو چاکسازی کردنی باری دارایی لێک ترازاو لەناو دەسەڵاتی عوسمانی، لەگەڵ دووملیۆن لەجیاتی فەلەستین.

هەروا بڕەکەی کە دەکاتە ١٨ هەژدە ملیۆنە ، دەتوانرێ بەرزگار کردنی پارێزراوەکانی ئەورووپی لەدەسەڵاتی عوسمانی و کڕین و نەدانی قست بەشێووەی قەرز ، ئەمەو جگە لە چەند کاری دیکەی هرتزل ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە سەردانی شاری ئەستەموڵ کردو چاوی بە - جاوید بەگ- ی کوڕی سەرەك وەزیرانی عوسمانی خەلیل رەفعەت پاشا کەووت و رێکەووت .
ئەویش بەرێکخستنی مەرامەکان و دانی بەرتیل بە جاوید بەگ ، ئەویش ئامادەی خۆی بۆ پرۆژەی هرتزل دەربڕی... لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەڵستی جێگە پیرۆزەکان بوو لەشاری قوودس لە فەلەستیندا .

١٨٩٦/٦/١٥ بلاۆکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی– زەورا– لە شاری بەغدا ، کە ئەم ڕۆژە کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری لە ئێراقدا ، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق ، لە لایەن بەریتانیاو وولاتانی هاوپەیمانیدا .

١٨٩٦/٧/٢٦ والی وویلایەتی بەغدای نوێ ، عەتەللا پاشا کەواکبی ، گەیشتە بەغدا کە کەسایەتیەکی ناسراوی بەئارام‌و ڕووناکبیر بوو ، کە لەنەوەی کواکبیەو لەنژاد کوردن ، هەر لە گەل گەیشتنی بۆ شاری بەغدا شاعیری بەناوبانگی کورد ، شێخ ڕەزای تالەبانی شیعرێکی بەسەردا گرتووە بە هۆی تەمەنی گەورەیی والی کەواکبی .

١٨٩٦/١٠/١١ کۆچی دوایی گەوورە ڕووناکبیرو مۆزیکار ژەنی کلێسەی ناوداری جیهانی– جۆزێف ئەنتوان بروکنێر– ... شایانی باسە ئەو کەسایەتیە ناوداره لە بوواری هونەری مۆزیکا ، لە ١٨٢٤/٩/٤ لە شارۆچکەی نانسفێلرینی لەباکووری وولاتی نەمسا لەدایك بووە ، ڕۆلی گرنگی هەبووە لەبەرپێدانی مۆزیکاژەنی ، سەرەڕای بێ باوکی و بەپێی توانا هەوڵیداوە لەم کارەدا .
ئەویش بە برینی ڕێگا سەختەکانی ژیان تا گەیشتۆتە ئەو پایە بەرزە لەهونەری مۆزیکاو چوونە ریزی هونەری مۆزیکا ژەنەکانی دیکە لە جیهاندا.

١٨٩٦/١١/٥ یەکەم فلیمی سینەمایی هەڵوواسێنراو لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە بۆرسەی نۆسن بۆ بینەران پەخشکراو دوای ئەوە لە شاری ئەسکەندەیە... پەخشکرا بۆ جەماوەرەکە.

١٨٩٦/١١/١١ لە دوای چەندین قەسابخانەی بە ئەنجام گەیەندراون بەرامبەر بە ئەرمەنەکان کە لە ساڵی ١٨٩٤–١٨٩٥ ، زیاتر لە ١٥٠ هەزار هاووڵاتی ئەرمەنی بەکووشتن وسەبرین لەناوبراوەن ، لەلایەن هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .
لەم ڕۆژدا مەرسوومێکی بلاوکردەوە بە ناوی چاکسازی لەناوچەکانی کە دانیشتووانەکانی ئەرمەنین ، بەڵام تەنیا بەڵێن بوون نەك کردار لە ڕۆژ هەڵاتی هەرێمی ئەنازۆل لە باکووری کوردستان.

١٨٩٦/١١/١٧ کردنەوەی کەناڵی سوێس لە میسر ، کە لەو کاتە وولاتی میسر لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوو بە سەرکردایەتی محەمەد عەلی پاشا ، ئەوەم پرۆژە مەزنە لەلایەن ئەندازیاری فەرەنسی – فیردیناندی لسیس– دروستکرا .

کە درێژی کەناڵەکە ١٦٠ کیلۆمەترە و ، کە دەریایی سپی ناوەڕاست دەبەستێتەوە بەدەریای سوور ، کە هەمووی دەکەوێتە هەرێمی وڵاتی میسر . کە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لەبووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و بازرگانی هەیە بۆ ئەم وڵاتەدا.

١٨٩٦/١٢/١١ کۆچی دوایی دۆزەرەوەی – بارود – – نۆبل – کە ئێستا ئەوکارە بۆتە خەڵاتی جیهان و ساڵانە چەندین کەسایەتی لە بوارە جیاجیاکان خەڵاتەکە ی نۆبل وەردەگرێ لە جیهاندا .

١٨٩٧

١٨٩٧/١/٢ لە دایک بوونی نووسەرو زانای کورد – عەرەب شامویفیچ شامیلوف – لە گوندی سووسوز ، لە ناوچەی قارس لەباکووری کوردستان... باوکی لەرچەلەك دەگەڕێتەوە سەر شێخە کوردەکانی ئێزیدی . شایانی باسە کە بە هۆی هەژاری ئەم خێزانە باوکی ناچار دەبێت ببێتە شوان لەلایەن دەوڵەمەندەکانی ئەرمەن و بۆتان و تورك ... شامیلۆف بەهۆی هەژاری روو لەگۆرەپانی کارکردن دەکات ، لەپێناو یارمەتی دانی باوکی کە شوان بووە لە گوندەکەدا .

دوای ئەوە چوونە گوندی ئەسکنەدەرۆن و لەوێ دەستی کرد بەکارکردن و خوێندن لە هەمان کات ، دوای ئەوەی بووە کرێکار لە یەکێك لەکارگەکان لەناوچەکەدا ... بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان و کاردانەوەی

لەباری کوردلە باکووری کوردستان ، هەر بەم هۆکارە شامیلۆف بوو
وەرگێر لە یەکێك لە یەکەکانی سەربازی لە بەرەی شەڕدا بەمووچەی مانگانە
کە – ٢٥رۆبل– بوو . بەڵام دوای دووساڵ لەو کارە دەرکرا.
دوای ئەوە گەڕاوە گوندی ساری قامیش ودەستی بەکرێکاری کردەوە ،
یەکەم جار پەیوەندی کرد بەرێکخراویەکی شۆڕشگێری نهێنی لەناوچەکە
... کە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩١٧ دەستگیر بکرێت . دڵخۆش
شامیلۆف بەرووخانی رژێمی قەیسەری رووسیا ئەوە بوو رووی لەشار
ستافرۆبۆل کردو چووە ریزی سووپای سوورو بەردەوام بوو تاکوو کۆتایی
جەنگ.
شامیلۆف بەهۆی توانای رووناکبیری و بەهرەداری و زیرەکی و پلە بەپلە
لەدوای رۆژ تاکوو کۆتایی ژیانی ناودارییەتی کەسایەتی و زانینی بەر
گەشە کردن و پێشکەوتن هەنگاو دەنا بە تایبەتی لە هەردوو بوار
نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

١٨٩٧/٣/٩ کۆچی دوایی کەسایەتی ئاینی مەزهەب شیعە وڕووناکبیری جیهانی – جەمالەدین ئەفگانی – لە شاری ئەستەمبوڵ ...شایانی باسە کە زۆر لە نووسەران ودکتۆرو پرۆفیسۆرەکان نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە ، جەمالەدین ئەفغانی لە چ نژادێکەو لەرەسەندا خەڵکی کام وولاتی ئەفگانستانیە ، یاخوود ئێرانیە ، یاخوود کوردە ، یا فارسە یاخوود بەشتۆنیە لە کێشووەری ئاسیادا .
ئەم کەسیایەتیە بەتوانایە بە هۆی باری نا لەباری زۆر دەربەدەری دەبوو
بە وولاتانی جیهان ، وەك بەریتانیا و فەرەنسا ورووسیا و هندو میس
تورکیا و جگە لە ئێران و وولاتانی دیکەی عەرەب ، گەڕاوەو توانای باش

هەبوو لەبوارەکانی رامیاری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و رۆڵی کاریگەری هەبوو لەسەر دەسەڵاتە جیاجیاکان ، بەتایبەتی دەسەڵاتی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشاو بەریتانیا، لەهەردوو لایەنی پاش وخراپەکانیدا

دوای چەندین ساڵ ، لە ١٠/١٢/ ١٩٤٢ ، تەرمەکەی لەئەستەمبۆڵ گوستراوە شاری بەغدا لە رۆژی ١٢/١٥ ، ی هەمان ساڵ تەرمەکەی گەیشتە مەرقەدی شێخ عبدالقادر گەیلانی لە شارەکەدا . کە چەندین کەسایەتی ناوداری ئێراقی ئامادەی سەر تەرمەکەی بوون ، لەوانە شاعیری گەورەی نیشتمانی محەمەد مەهدی جەواهیری بەم بۆنە پارچەیەك لە شیعری شیعرەکانی لەسەر گۆرکەی خوێندەوە.

دوای ئەوە تەرمەکەی گوسترایەوە وولاتی ئەفگانستان و گۆرەکەی لەگۆرستانێکی بەناوبانگی شاری کابوول پایتەختی ئەفگانستان بە خاك سپێردرا لە شارەکەدا .

١٨٩٧/٤/٢ لە دایك بوونی رووناکبیرو کەسایەتی ناوداری گەل و نیشتمان مامۆستا – جەلادەت بەدرخان – کە تێکۆشەریکی کوردو کوردستان وخاوەن رۆژنامەی رۆناهی و هاوار بووە.

١٨٩٧/٦/٢ هەر وەك لە – قاموس الاعلام – ی عوسمانی دیاریکراوە ، کە بەگرنگترین سەرچاوە ، یاخوود فەرهەنگ دادەنرێت ، کە مێژوو و جووگرافی عوسمانی دیار دەکات و باس لەجێگەو شوێنی شاری کەرکوك دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە :–

کەرکوك دەکەوێتە ژێر سنووری ویلایەتی مووسڵی کوردستان و بەدووری ١٦٠ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی شاری مووسڵە ... لەناوەراست دەشتایی و گردۆلکەو دۆڵی بەرزو نزم ... و لە تەك کەندی – ئەدهەم – کە مەڵبەندی سنجەقی شارەزوور بووە ... لەو کات ژمارەی دانیشتووانی ٣٠٠٠٠ هەزار کەس بووە ... لەگەڵ قەڵاکەی ... هەروا ٣٦ مزگەووتی تیا بووە ... لە گەڵ / ٧ قوتابخانە ... لەگەڵ /١٥ تەکیەو ١٢ خان و ١٢٨٢ دووکان و حانووت و ٨ گەرماو لە شارەکەدا .

جێگەی روونکردنەوەیە ، کە پارێزگای کەرکوك دەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆس و زێی بچووك و رووباری دیجلە و زنجیرە چیای حەمرین و زێی

سیروان – دیالـه – ئـەو ناوچـەیە بـووە کـە لـە سـەردەمی ساسانیەکان پێـ
گـووتراوە – گـەرمـەکان – یـاخـود وولات یـا نیـشتیمانی – گـەرم – هـەروا ا
سەرچاوە سریانیەکانیش لەژێر ناوی – بیت گرمای – بووە ... سووك بۆتە
بۆ – باگرمی – باجرمی – یاخوود – حرمقان – کەمانای – گـەرمـە – یـاخو
وولاتی گەرم .

شووێن وجێگـەو هەڵکەوتـەی پارێزگـای کـەرکوك جێگـەی سـەرنج راکێش
هـەموو ئیمپراتۆریـەکان بـووە ، لـە دوای داگیرکردنـی کـە رێگەیـەکی گوونجـ
بووە بۆ گەیاندن و بازرگانی ، کە پێیدا هاتوو چۆکراوەو رێگایـەکی ئاسانک
بووە بۆ گەیاندن ... لەهەمان کات گرنگیان پێداوە لە بوارەکانی سەربازی
ئـاوەدان کردنـەوە ، بەدروسـتکردنی گونـدو شارۆچـکە لەرێگـەی کفـری
خورماتوو و داقووك و چەمچەماڵ و دوایی بەرەو باکووری لە پردێ و جێ
لەناو شاری کەرکوکیش .

هەروا باسکردنی شاری کەرکوك لەلایەن رۆژهەلاتناسان – کرامرز – لە بەش
پێنجـەم – لەکتابەکەیـدا و هـەروا رۆژهـەلاتناس – تۆمـابوا – ش چـەند
تێبینی لـە سـەر شاری کـەرکوك و جێگـەو شووێن و هەڵکەوتـەی ئـەم شا
نووسیووەو دەڵێ : –

کەرکوك لە باشووری رۆژئاوای زێی بچووکەو لـە باشووری رۆژئـاوای چیا
حەمرینـەو لـە رۆژهـەلاتی زێـی سیروانە – دیالـە – هـەروا چیای زاگـرۆ
دەکەوێتـە سـەر سـنووری بـاکوری رۆژهـەلات ... لەیاداشـتەکانی – گـاد
S.H.Gadd – و – سدنی سمیت – s.smith – داهـاتووەو گەیشتوونە
ئـەو بروایـەی کـە شـاری کـەرکوك لەهـەمان شـووێنی – ئـەرفا – ی کۆنـ
ساسانیەکانیش ناویان هێناوە بەگەرمەکان .

لـە بـەر ئـەوە لـە سـەردەمی هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی بـابلی و ئاشـووریەک
هێرشی سەربازی زۆری بۆ کراوەتـە سەر دانیشتووانی شـاخەکان ... کە لـ
کات گۆتیەکان نیشتەجێی ئەو ناوچەیە بوونەو مەڵبەندی کۆمەڵ بوونیان
شـاری – ئارابخـا – بـووە ... کـە گۆتیـەکان بـوون هێرشـیان کردۆتـە سـ
ئاشـــووریەکان و بـــەرەو باشـــوور هـــەنگاویان نـــاوەو بۆتـــە مەڵبەنـــد
ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیەکان .

زۆر لە نووسەرو رۆژهەڵاتناس و مووئەرخەکان ناوی تەواوی ، یاخوود ناوی رەسەنی کەرکوکیان دیاریکردووە ، بەتایبەتی شووێنەوارناسانی ئێراقی ئێستا – تەها باقرو فوئاد سەفەر – کە دەڵێن:–

ناوی کەرکوک لە ووشەی – گرگر – وە هاتووەو پەرەی سەندووە بەپێی گۆرانکاریە یەك لەدوای یەکەکانی پەرینەوەی قۆناخەکانی ، یاخوود لە سەرچاوەی ئارامیەکان داهاتووە بە – کرخا – د – بێت سلوخ – واتە شاری – سلووقین – لە ناوچەکەدا .

بەڵام زۆربەی نووسەرانی مێژوو وای بۆ دەچن کە ناوی کەرکوك لە –گرگر– وە هاتووە ، لە بەر ئەوەی بابە گورگور بوونی بەرلەو مێژووەو لێکۆلینەوانە بووە ، کە بابە گورگور جێگەی بوونی ئاگرێکی نەوتی بەردەوام بووەو دەکەوێتە باکووری شاری کەرکوك وکەمتر لەکیلۆمەترێکی ئێستای شاری کەرکوك ، کە مەڵبەندی کۆمپانیای دەرهێنانی بەرهەمی نەوتە لەم شارەو خاکی کوردستانە . بەر لە بوونی عەرەب و تورکمان و بەر لە ئیسلام و ئاینەکانی دیکە لەم ناوچەیەدا .

ئەمەیە کۆچکردنی عەرەب بەرەو خاکی وولاتان و نەتەوەکان لە رێگەی داگیرکردن لە هەڵمەتەکانی فتورحاتی ئیسلامی لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، وەك لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە دیاریکراوە

جێگەی روونکردنەوەیە کە لە چەندین لێکۆلینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیووەندیەکانی نەتەوەی عەرەب و تورکمان ، بە تایبەت عەرەب لە ئێراقی ئێستا و بەتایبەتیش لە پارێزگاکانی کەرکوك و مووسڵ و دیالەو چەندین پارێزگای دیکە بەچەند ساڵێك دادەنێن کە لە نێوان ٢٠٠ – ٣٠٠ ساڵە عەرەب

ڕووی لــه ســنووری ئێــستای ئێــراق و ، بــه تایبــەتی هــەرێمی باشــووری کوردستان کردووه ، که نیشتەجێی ناوچه جیاجیاکان بوونەو هەمووی به هۆکاری ڕامیاری و نیاز خراپی و داگیرکردن بوونه ئەویش :-

١- هۆزی شەمەر :- ئەم هۆزه له شارو دەوروووبەری نەژدەوه - نجد -له بیابانی دوورگەی عەرەب ڕەوانەی ناوچەکانی باشووری ئێستای ئێراق و شام کراون شەپۆڵ له دوای شەپۆل و ، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یارمەتی دەریان بووه ، به هۆی بەردەوامی شەڕی نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و فارس له ئێران . هەروا هۆزەکانی - مەداعنه و ئەلاسلەم .

٢- هۆزی زەفیر :- ئەم هۆزەش هەر له هەمان ناوچه ڕەوانەی ئێراقی ئێستاو شام کران له سەدەی شانزەهەم ... له ناو ئەو هۆزەش تیرەکانی - بوومفرج و مەلیحل و کەراعنەو خەسامنەو ئەلبوعامر - لەناوچەی حەویجه نیشتەجێ بوون .

٣- هۆزی عنزه :- ئەم هۆزەش ٢٥٠ ساڵ بەر له ئێستا ڕەوانەی ناوچەی حەویجه کران .

٤- هۆزی جووله :- ئەم هۆزەش بەتیرەکانیەوه ڕەوانەی ناوچەی پارێزگای کەرکوك کراون و له باشووری کەرکوك نیشتەجێ بوون .

٥- هۆزی جومیله :- ئەم هۆزەش بەر له ٣٠٠ ساڵ ڕەوانەی ئێستای ئێراق کراون .

٦- هۆزی عوبێد :- ئەم هۆزەش له بنەڕەتا دانیشتووی وولاتی یەمەن بوونەو ناوزەندن به هۆزی - زبێد و له دەستی ڕاستی زێی دیجله نیشتەجێ بوون .

٧- هۆزی قرغول :- ئەم هۆزەش بەتیرەکانیەوه له شاری نەژدو دەوروووبەری ڕەوانەی ئێراق کراون و لەگەڵ هۆزی عوبێد لەناوچەی بێجی و حەویجه نیشتەجێن .

٨- هۆزی جحێش :- ئەم هۆزەش له بنەڕەتا زوبێدیەو له وولاتی یەمەنەوه ڕوویان له بیابانی عەرەبی کردووەو بەرەو ئێراق ڕەوانەکراون

٩- هۆزی هییات :- ئەم هۆزەش زوبێدی ڕەسەنن و لەهەمان شووێن هاتوون و له پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکوك نیشتەجێ کراون له هەرێمەکەدا .

١٠- هۆزی جبوور :- ئەم هۆزەش بەهەمان شێووە نیشتەجێی پاریزگاکانی مووسل و ئەنبار و سەلاحەددین بوون .
ئەم هۆزە عەرەبانە بەچەند قۆناخ ڕوویان لەئێستای ئێراق و شام و کەنداو کردووە ئەویش :-
١- بـەهۆی فتووحـاتی ئیـسلامی ، کـە یەکـەم بـە ئیـسلام کردنـی گـەلانی دانیـشتووی ئـەو ناوچـەیەو ، دووەم داگیرکردنـی خـاك بـەزۆرداری . نـەك بـە ئیسلام کردن و جێ هێلانـی خـاکی گـەلان و دوور کەوتناندنەوەیان لە کێشە هەمە لایەنەکان .
٢- دەسەلآتی سەلاحەددینی ئەیوبی ، هۆکارێکی گرنگ بوو لە بەهێزکردنی جێ پێگـەی عـەرەب و نیشتەجێ بوونیـان لـەو ناوچـانەی کەلە ژێـر دەسـتی خاچەکان رزگارکرا ... واتە سەلاحەددین .
لە پێناو یەکەم بەعەرەبکردنی خاکی گەلان بوو بەتایبەت خاکی کوردستان و ، دووەم ژیاندنەوەی ئاینی ئیسلام .
لـە بـەر ئـەوەی گـەر سـەلاحەددین نەبوایـە عـەرەب و هـەڵگری ئاینی ئیسلام توانـای ئـەوەیان نـەبوو خۆیـان و ئاینەکـەیان رزگاربکـەن لـەژێر دەسـتی مەسیحیەکان لەو سەردەمدا .
٣- بـوونی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت و پارمـەتی دەری ناوچـە جیاجیاکـانی ژێـر دەسـەڵاتەکەی ، بـە تایبـەتی لەسـەر خـاکی کوردستان و ئێستای ئێراق و شام و کەنداو لە ناوچەکەدا .
٤- دامەزرانـدنی دەوڵەتـەکانی عـەرەبی و ، بـە تایبـەتی ئێـراق و سـووریاو ئێـران و تورکیـا ، هۆکـاری سـەرەکی بـوو لـە بـە عـەرەبکردن لـەم ناوچـانەو رەوانەکردن و هێنانی عەرەب بۆ ئێراقی ئێستاو شامی پێشوو وەك سووریاو ئوردن و فەلەستین .
هاتنی هەردوو پارتی بەعس لە سووریاو ئێراق ، بۆ سەر دەسەڵات و لە باری کەش و هەواو باری گوونجاو بۆ بەعەرەبکردن و هێنانی عەرەب لـە وولآتـانی دراوسێی ئەم دوو وولآتە ، بە تایبـەتی سعوودیەو بـەردەوام بوونی لـەم کـارە شۆڤێنیانە لەهەموو بوارەکان ، لە سەر خاکی گەلان لە ناوچەکەدا .

١٨٩٧/٨/٢٩ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی جوولەکە لە شاری بازلی وولاتی سوویسرا بەئا
بـوونی هـەموو هێـزە داواکارەکـان و لایـەنگیران بـە دروسـتکردنی دەوڵ
جوولەکە لە فەلەستین و لەکۆتایی کۆنگرەکە ، کە بەچوار بڕیاری سەر
کۆتایی هات ئەویش:-
١- کارکردن بەپێی نەخشەی دیارکراو لەسەر نویٚ کردنەوەی فەلەس
بەیارمەتی جوولەکە لە هەردوو بواری کشتووکاڵ و پیشەسازیدا .
٢- کارکردن لەپێناو دامەزراندنی دام و دەزگاکانی یەهوودی.
٣- کـارکردن لـەپێناو هانـدانی گیـانی یەهوودیانـەو ویـژدانی یەهوود
بەگەیاندنی ئامانجەکان .
٤-کارکردن لەپێناو جیٚ بەجێکردنی ئامانجەکانی جوولانەوەی سەهیۆ
، لەگـەڵ ئەوەشـدا زینـدووکردوەوەی زمـانی عیـبری و ئـەدەبی عیـ
رۆشنبیری عیبرییەکان لەجیهاندا.



١٨٩٧/١٠/٣ لـە دایـك بـوونی نووسـەرو شـاعیری نـاوداری فەرەنـساو جیهان - لـویس ئاراگۆن - لـە شـاری پاریـسی پایتـەختی فەرەنسا .
جێگـەی باسـکردنە کـە لـویس ئاراگۆن لەو کاتەی وولاتەکەی لـە ژێـر زەبـرو زەنگـی داگـیر کردن بوو لـە لایـەن هێزەکانی سـووپای ئـەڵمانیا ، کـە ئـەم کـارەش بـووە هۆکـاری
کاردانەوە لە سەر هەست و هۆشی ئاراگۆنی شاعیر و بووە هۆی ئەو
بەرهـەم داهێنانـەکانی بۆ بـەرگری کـردن لـە نیشتیمانەکی تـەرخان بک
وولاتەکەیدا .
هەروا ئاراگۆن لە کۆلیژی پزیشکی لـە شاری پاریس قوتابی بوو ، کا
هاوڕێیـەتی - تەنـدریتی بریتـۆن -ی دەکـرد ، کـە دامەزرێنـەری قوتاب

سووریالیت بوو ، بۆ ماوەیەکیش پێکەوە بەرێوەبەرایەتی ئەو رێبازە ئەدەبیانەی کرد ، لە ساڵی ١٩١٩ هەر بەیەکەوە گۆڤاری – ئەدەب – یان دەردەچوواند .

دوای ئەوە لویس ئاراگۆن بەشداری لە جوولانەوەی دادابیەکانی کرد و هاتە رێزی ئەو تەوژمە ئەدەبیە گرنگە کە لە دەر کردنی ناوداری و ناسینی وەك شاعیرێکی گەورەی فەرەنسا .

هەروا سوودی لەو تەوژمە وەرگرت ، کاریگەرترین شاعیر کە کارتێکەری ئاراگۆن بێت و سوودی لێ ببینێت – تریستیان تزارا – بوو کە دامەزرێنەری دادییەکان کە لە شاری زیوریخ ئەو تەوژمە ئەدەبیەی دەستپێکرد ، داداییەکان نەمایەوە بۆ جاری دووەم پەیوەندی بە سووریا لیستەکان کردەوە و زنجیرەیەك نووسین و بەرهەمی بلاو کردەوە ، لەوانەش رۆمانی – هۆگرەکان – و – جووتیاری پاریس – بوون – جگە لەمانەش دوو کۆمەلە شیعری پوخت و بەهێزی بە چاپ گەیاند ، یەکێکیان بە ناوی – شەپۆلە خەونەکان – بوو لە ساڵی ١٩٢٤ بلاوبووەوە ، ئەوی دیکەشیان بە ناونیشانی – بزووتنەوە هەمیشەییەکە – کە لە ساڵی ١٩٢٦ رووناکی چاپ و بلاوکرنەوەی بینی .

هەروا دەرکەوتنی هەندێ بیروو بۆچوونەکان سووریا لیستەکان کە لەگەڵ بۆچوونی ئاراگۆن ناکۆك بوون و وایکرد کە جارێکی دیکە بە ووردی بەخۆیدا بچێتەوە ، لەوانەش لایەنگیری هەندێك لە شاعیرانی ناو سووریا لیستی ئەو هێرشە ناهەقەی کە فەرەنسا کردییە سەر شۆرشگێرانی وولاتی مەغرب بۆ کەپکردنی دەنگی ئازادی لەم وولاتەدا .

هەروا ئاراگۆن لە سەرەتا هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوو دەنگی مرۆڤ هەر لە کوێیەکی جیهان بێت خامۆش و کپ بکرێت . بۆیە ئاراگۆن و پۆل ئیلوار بەر پرسی ئەو هەڵوویستانەی شاعیرانی ناوبازنەی سووریا لیبن دایەوە ، کەچی ئەوان لە بەیاننامەیەکدا ئاراگۆن و ئیلواریان و بە ناپاك خائین نازەند کرد ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەش ناسین و ئاشنا پەیدا کردنی لەگەڵ – ئیلیز – بنچە رووسی کە کۆنە دۆستی مایکۆفسکی شاعیر بە لە ساڵی ١٨٢٦.

لە ئەنجامی ئەو فشارە دژووارە دەروونیەی کە دووچاری هاتبوو رۆمانێکی

گەورەی خۆی بەناوی بەرگری کردن لە بێ کۆتایی لە میوانخانەیەکی ئیسپانیا سووتاند ، کە نزیکەی ١٥٠٠ لاپەرە دەبوو ، لویس ئاراگۆن لە ساڵی ١٩٣٢ گەشتێکی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت ئەنجامداو تازەش لەگەڵ هاورێیەکەی – ئەندرێ بریتۆ – پەیوەندی پچراند بوو .

دوای ئەوە بووە بەرێوەبەری رۆژنامەی ئەم ئێواریە کە تەنیا گرنگی بە رۆمان و هونەرەکانی رۆمان نووسین دەدا ، دوای ئەوە چەند رۆمانێکی دەست پێکرد ، رۆمانی زەنگەکانی پاڵ – کە بە یەکەم رۆمانی زنجیرە – جیهانی واقعی – دەژمێردرێت .

دوای ئەوە رۆمانی – رێبوارانی گالیسکە – و گەرەکە جوانەکان – ی بلاوکردەوە . کە بیروو ناوەرۆکیان بۆ مەرگەسات و کارەساتە دڵتەزێنەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگێرایەوە و دیمەنی ئەو جەنگە کاولکاریە تیایاندا بەر جەستە کردبوو ، ئەم کەسایەتیە لە کارە هەمەلایەنەکانی بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی دەکات و بەرهەمەکانی وەك کەلتوورێك بۆ گەل و نیشتیمانەکەی و گەلانی دیکەی جیهان ماوەتەوە لە وولاتەکەیدا .

سەرچاوە :– لە ئەدەبی فەرەنسی سەردەمدا ، نووسینی – سامیە ئەحمەد ئەسعەد .

١٨٩٨

١٨٩٨/١/٢٣ لەدایك بوونی پێشەنگی سینەمایی رووسی و ناوداری جیهانی – ئازنستاین– لە هەرێمی لاتیڤیا .

١٨٩٨/٤/٢٢ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بلاوکرایەوە لە لایەن – تێکۆشەرو کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستا مقداد مەدحەت بەدرخان – کە ئەو رۆژە بە رۆژی رۆژنامەگەری کورد لە کوردستان دانراووەو هەموو ساڵێك یادی ئەم رۆژە دەکرێتەوە لە کوردستاندا .

کردستان

بسم الله الرحمن الرحيم

١٨٩٨/٥/١ لە ئاکامی شەڕی نێوان ئەمەریکا بەسەرکردایەتی جۆرج دوی و ئەسپانیا بەسەرکردایەتی مونتوخو لە کەنداوی مانیلا – الفیلین – کە بووە هۆی تێك شکاندنی کەشتیە جەنگیەکانی ئیسپانیا ، بێ ئەوەی هێزەکانی سووپای دەریایی ئەمەریکا یەك سەرباز لەدەست بدات ... ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئیسپانیا هەرچەند ژێردەستەی هەیبوو لە ئەمەریکا لەدەست بدات ، کە بەر لەو شەڕەدا ، یەکەم دەوڵەتی زلهێزبوو لە سەدەکانی شانزەو حەڤدەدا ، لە زەریای هێمن کێشووەرەکەدا هەر لەوکاتەشدا شۆڕشی کووبا سەرکەووتنی بەدەست هێنا بەیارمەتی ئەمەریکا دژی جوولانەوەی رزگار لە دوورگەی کووبا لە کێشووەرەکەدا .

١٨٩٨/٥/٢٢ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحادوتەرەقی لە پاریسی پایەتەختی فەرەنسا، دوای ئەوە لەگەڵ کۆمەڵەی حریە لە شاری سیلان لە١٩٠٥/٥/٨ یەکیان گرت ، بە ناوی کۆمەڵەی گشتی ئیتحادوتەرەقی لە پاریس ، بەلام ئیدارەی جوولانەوەکە لە شاری سیلانك بوو.

١٨٩٨/٦/١٥ بۆ یەکەم جار بانکی دەرچوو ڕاگەیەندرا ، کە ماوەی بە دەرکردنی پارەی کاشی بەردەدات بەناوی – نیکتۆت– ئەویش لەوولاتی میسرو بەمەڕسوومی پاشای میسر – مەحەمەد عەلی پاشا – و بەردەوام بوو تاکوو ساڵی١٩٦٠ وولاتەکەدا .

١٨٩٨/٧/٩ سەرکردەو کەسایەتی کورد – شەریف پاشای خەندان – بە پۆستی باڵوێزی عوسمانی بەرەو شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سووید بەرێکەوت ، لە پێناو ئەنجامدانی کاری باڵوێزی لە دەسەڵاتی عوسمانی لە وولاتی سوویددا .

١٨٩٨/٧/٣٠لە دایك بوونی پەیکەرتاشی بەناوبانگی سەدەی بیستەم – هنری سەبنسەر مۆر– لە شارۆچکەی کاسلفوردی هەرێمی بۆرکشایەی بەریتانیا، لە جەنگی یەکەمی جیهان بەشداری چەندین شەڕی کردووە دژی هێزەکانی ئەڵمانیا .لە ناوچەو هەرێمەکاندا .

١٨٩٨/٨/٨ بە هۆی کێشەی نێوان هەردوو عەشیرەتی هەمەوەند و شوان لە پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان ، ئەویش لە ڕاپۆرتێکی سەرکردەی عوسمانی– ڕەزا – کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی نووسیەو دەڵێ:–
عەشیرەتی هەمەوەند گوێرایەڵی ڕامیاریەتی حکوومەتی عوسمانی ناکەن و

بۆتـه هـۆی نانـەوەی دووبـەرەکی و لێـك ترازانـی بـاری ناوچـەکەو هێرشـیان کردۆته سەر عەشیرەتو حکوومەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا .

١٨٩٨/٨/٢٣ شـاندێکی کەنیسـەی ئۆرزکسـیەی رووسـی بـە سـەرۆکایەتی – سـینهوود ئەرسمندریت کیوبل– گەیشتنە ئێرانو دوایی بەرەو شاری تەبریزو دوایـی بـەرەو شـاری ورمـێ ل ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان ڕۆیـشتن ، لـە دوای ئـەو سووڕانەوەیە ڕێکەوتنامەی نێوان ئاشووریەکانو کەنیسەی ناوبراو مۆرکرا. ئـەویش کـە ئاشـووریەکان بـچنە نـاو کەنیسـەی ئۆرزکسیەی ڕووسـی ، کـە ئەمانە زۆربەی زۆریان کوردی دانیشتووانی رۆژهەڵاتو باکووری کوردسـتان بوون لە کێشووەرەکەدا .

١٨٩٨/٩/٢ بەریتانیا بەهێزەکانی سووپای میسر بەرەو باشوور هەنگاویاناو لە ئەنجام بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی – کـرِی– و لـە ناووەنـدی ڕێگـای نێـوان – شـندی– و– ئومـدریان– کـە بـووە هـۆی کووشـتنی – ١٠٠٠٠ – هـەزار چەکدارو هاووڵاتی ، کە لە ناویان یەعقوبی برای خەلیفە عەبدوڵلا تعایشیو محەمـەد مەهـدی بـوون.. دوای ئـەوە عەبـدوڵلا تعایـشی گوواسـترانەوە بـەرەو سـوودان لـە ناوچـەی – کوردڤـان– لـە هـەرێمی دارفـور گواسـتراوە کـە کـورد بووەو دانیشتووی کوردڤان بووە لە ناوچەکەدا .

١٨٩٨/٩/٢٧ بـەپێی بەڵگەنامـەی ژمـارە/٥٥ ی بڕیارەکـانی رژێمـی عوسمـانی، کـە تێیـدا هاتیه . کە ڕێکـەوتنی ئاشتبوونەوە لـە نێـوان عەشیرەتی هەمەوەندو شوان بەردەوامـه ، لـە نێـوان کەسـایەتیەکانی هـەردوو لایـان بەمـەرجێ عەشـیرەتی هەمەوەنـد ١٠٠ پارچـە چـەكو چـوار ئەسـپ بداتـەوە عەشـیرەتی شـوان ، کەرێکەوتنەکەشیان لە چوار برگە پێك هاتبوو لە ناوچەکەدا .

١٨٩٨/١٠/١٥ سەرکردەکانی جوولانەوەی سەهیۆنیزم – هرتزلو ماکس بوودنهابر– بەرەو شـاری ئەسـتانە بەرێکـەووتنو چـەند داواکیـان لـە داواکـانی سـەهیۆنیزم ئاراستەی سـوڵتانی عوسمـانی کـرد ، کە تیایدا ڕووبـەری خـاکی داواکراوی تێدا دیاریکرابوو . کە لە زێی نیلی میسر تاکوو زێی فورات بوو لـە باشـووری کوردسـتان .. وەك زەوی ناوزەنـد کـراوی یـەهوودی – ارض المعیـاد– لەنەخشەکانیاندا هاتبوو.

١٨٩٨/١٠/١٨ مەتران – سالیزبووری– هەڵسا بە تەواوکردنی کەنیسەی فوودی جۆرج ، لە دوای دروستکردنی لەلایەن مەزهەبی ئینجکلیکانیە ، کە کەنیسەی هەموو بەریتانیا بێت ، هەروا لەکاتی سەردانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بۆ شاری فوودی ، ئەویش بە کردنەوەی کەنیسەکە بەشێوەیەکی فەرمی لە ١١/١ی هەمان ساڵدا .

١٨٩٩

١٨٩٩/٣/١٥ لە دایك بوونی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کورد مامۆستا – یوسف مەلەکی تەلکیفی– لە شاری بەغدا ، کە هەوڵەکانی لە پێناو گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەری کوردی بووە لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٨٩٩/٣/٢١ مۆرکردنی پەیمانی ئەنگلو – فەڕەنسی، کە فەڕەنسا بە فەرمی دانی بەدەسەڵاتی بەریتانیا لە سەر کەندی نیل نا بەتەواوی لە وڵاتی میسردا .

هەروا بەریتانیا دانی تەواوینا بەمافی فەڕەنسا لە سەرپەرشتی کردنی ئەفریکیای ناوەندیو بەشی زۆری لە ڕۆژئاوای ئەفریکیا لەو ڕێکەووتنەدا ، داگیرکەری بەریتانیا باجی داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبیدا بەو داننانە بە فەڕەنسا لە ناوچە جیاجیاکانی کیشوەری ئەفەریکیادا .

١٨٩٩/٥/١٢ ژمارە دووی ساڵنامەی – نقارات المعارف عمومیە – یەدا باسی لەدام و دەزگای ڕۆشنبیری و پەروەردیەکانی وویلایەتی مووسڵ دەکات لەلاپەرەکانی ١٤٠٢ – ١٤٢٠دا ، کە هەندێك زانیاری لەسەر کتێبخانە ناودارەکانی ناوچەو هەرێمە کوردیەکان دەکات .

بەڵام ئەو کتێبخانانەی ناویان هێنراوە لەو لاپەرانەدا هەمووی هی کوردستان نین ... بەڵکوو بەدەیان و بە سەدان کتێبخانەش هەبوونە کەناویان نەخراوەتە ناو لاپەرەکانی ئەم لیستەیەی کە لە ساڵنامەکەدا هاتووە ... لەوانەیە لەشووێنی دیکە ناوەکانی کتێبخانەکانی دیکە کە ناویان نەهاتووە تۆکارکرابێت ... ئەو کتێبخانانەی کە ناویان هاتووە ئەمانەن :–

١– کتێبخانەی مزگەووتی گەوورەی هەولێر لە باشووری کوردستان کە دامەزرێنەرەکەی مامۆستا – ئەبووبکر – بووە لە ساڵی ١٦٦٩ دامەزراوەو

ژمارەی كتێبەكانی ٢١٠٥ كتێب بووە.
٢- كتێبخانەی خاتوو فاتمە خاتوون ، لە هەولێر لە ساڵی ١٧٨٥ كە فاتمە خاتوون دایمەزراندووەو ژمارەی كتێبەكانی ٣٥٠ كتێب بووە .
٣- كتێبخانەی شێخ هیدایەت لە خانەقای شاری هەولێر ، كە شێخ هیدایەت خۆی لەساڵی ١٥١٨ دایمەزراندووەو ژمارەی كتێبەكانی ٦١٠ كتێب بووە .
٤- كتێبخانــەی مزگــەوتی شــێخی چــۆلی لــە شــاری هــەولێر ، ئــەم كتێبخانەیـەش لەسـاڵی ١٧٥١ لەلایـەن شێخ جـەرجیس دامـەزراوەو ژمـارەی كتێبەكانی ٢٥٠ كتێب بووە .
٥- كتێبخانـەی خاتوونیـە ... لـە خاتوونیـەی شاری هـەولێر لەلایـەن حـاجی ئەفیـە خـاتوون لـە سـاڵی ١٧٨٥ دامـەزراوەو ژمـارەی كتێبـەكانی ١٣٠ كتێـب بووە .
٦- كتێبخانـەی مـەلا ئیسحاق ، ئـەم كتێبخانەیـەش لەگـەرەكی مـەلا ئیـسحاق لەلایـەن مـستەفا ئاغـا لەسـاڵی ١٧٨٥ لەشـاری هـەولێر دامـەزراوەو ژمـارەی كتێبەكانی ٣٠٥ كتێب بووە.
٧- كتێبخانـەی كورد محەمـەد پاشـا ، ئـەم كتێبخانەیە لەگـەرەكی سـەرای لـە شارۆچـكەی روانـدزی سـەر بـە پارێزگـای هـەولێر لەلایـەن محەمـەد پاشـا - پاشای كۆرە - دامەزراوەو ژمارەی كتێبەكانی ٤٠٠٠ كتێب بووە.
٨- كتێبخانـەی پاشـا ، ئـەم كتێبخانەیـە لەگـەرەكی نوعمانیـە لەشارۆچـكەی رواندز لەلایـەن عەبدوڵلا پاشـا دامـەزراوەو ژمـارەی كتێبـەكانی ٣٠٠ كتێـب بووە.
٩- كتێبخانــەی بجیــل ، ئــەم كتێبخانەیــەش لــە گونــدی بجیــل كەســەر بــە شارۆچكەی ئاكرێیە لە باشووری كوردستان دامەزراوەو ژمـارەی كتێبـەكانی ٩٠ كتێب بووە.
١٠- كتێبخانـەی ئاكرێ ، ئـەم كتێبخانەیە لەشارۆچـكەی ئاكرێ دامـەزراوەو ژمارەی كتێبەكانی ١٣٠ كتێب بووە .
١١- كتێبخانــەی حــاجی سلێمان ئاغــا ، ئــەم كتێبخانەیــە لەقــەڵای كــەركوك لەلایـەن سلێمان ئاغـا لـە سـاڵی ١٨٠٥ دامـەزراوەو ژمـارەی كتێبـەكانی ٢٠٠ كتێب بووە .

١٢- کتێبخانەی دەدە شاقوڵی ، ئەم کتێبخانەیە لەگەرەکی مووسەلا لەشاری کەرکوك لەلایەن حاجی عەبدولفەتاح لەساڵی ١٩١٢ دامەزراوەو ژمارەی کتێبەکانی ١٥٠ کتێب بووە .

١٣- کتێبخانەی ئاغازی ، ئەم کتێبخانەیە لە گولمەنیە لەگەرەکی سادات لەلایەن شێخ عەبدوڵلا دامەزراوەو ژمارەی کتێبەکانی ٣٠٠ کتاب بووە لە هەرێمەکەدا . لەگەڵ چەندین کتێبخانەی دیکە کە مێژووەکەی دیارنیە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ساڵنامەکانی عوسمانی جێگەی گرنگی پێدان و پەرەپێدان بووە ... لەهەمان کات زۆر لە نووسەرو لێکۆڵەران گرنگیان پێداوە... کە مێژووی ساڵنامەکانی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٦ ئەویش بەهۆی هەوڵەکانی - مستەفا پاشا - ی سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو کات بووە ... کە لە سەردەمی سولتانی عوسمانی سولتان عەبدولمەجیدی یەکەم - ١٨٣٩ - ١٨٦١ - یەکەم ساڵنامەی دەرکرد و ، دوای ئەوە دەستکرا بەدانانی ساڵنامە جۆراو جۆرەکانی لە ژێر باڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کێشوەرەکەدا.

سەرچاوە:- رۆژنامەی - برایەتی - ژمارە/٢٧٤٠

١٨٩٩/٧/٢٧ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی لاهای لە وڵاتی هۆڵەندا ، کە ناوێکە لە سەر دوو کۆنگرەی نێوودەوڵەتی لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندا ، لەکۆشکی - هویستن بۆشی- شانشین لە سەر داوای نیقولای دووەمی قەیسەری رووسیا .

ئەویش لە پێناو کەمکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی ، کە ببووە هۆی لەناووبردنی گەلان لە جیهاندا ، کە چەندین وڵات بەشداریان لەو کۆنگرەدا کرد ، لەوانە ئەمەریکاو کۆنگرەکە بەمۆرکردنی سێ رێکەوتننامە کۆنگرەکە کۆتایی پێ هێنرا ئەویش :-

١- تایبەت بەناوبژیووانی نێوودەوڵەتی .

٢- بەرامبەر شەڕی نێوان وڵاتان.

٣- بەرپاکردنی ئارامی و ئاشتی نێوودەوڵەتی و چارەسەری کێشەکانی نێوودەوڵەتی ، بەرێگەی لێبووردن و هاوکاری و دۆستایەتی... دوای ئەوە

دووەم کۆنگرە لە ١٩٠٧/١٠/٨ گرێدرا لە سەر داوای حکوومەتی بەریتانیا .

١٨٩٩/٨/١٣ شاسوواری مەیدانی سەباحی و سەرنجراکێشەری هونەری حەوتەم — ئەلفرید هتشکۆك — لە ئنگلتەرا لە خێزانێکی مەسیحی کاسۆلیکی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .
جێگەی ئاماژەیە کە هتشکۆك لە تەمەنی منداڵیدا ژیانی بەخۆشی و بەختەوەری بەسەربردووە ... بەهۆی ئەوەی کە باوکی بازرگانێکی دەووڵەمەند بووە... هەر لەمنداڵیەوە خوولیای هونەری شانۆ بوو ... دوای ئەوە چۆتە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان ، کە لە سەرەتای ژیانی ئارەزووی روو لەنیگار کێشی بووەلە وولاتەکەیدا .
دوای ئەوە چۆتە ناو جیهانی سینەماو بە ووردی ئاشنای ئەم هونەرە بەرزە بووە ... هتشکۆك یەکەم فلیمی درێژی بەناوی ژمارە /١٣ لەساڵی ١٩٢٢ بەرهەم هێناوە ... دوای ئەوە دووەم فلیمی بەناوی — باخچەی چێژ — ی لە ساڵی ١٩٢٥ بەرهەم هێنا ، سەرەرای ئەوەی کە بەدڵی نەبوو ... هەرچەند رۆژنامەو گۆڤارەکان بەفلیمی نایابیان لەقەڵەمداو فلیمی دیکەی بەدوادا هات ، لەوانە — هەڵۆی شاخ — کە دیمەنەکانی لەشاری میونخی ئەلمانیا وێنەیان گیرابوو ... لەفلیمی — شامپانیا — کە بیرۆکەیەکی سادەی هەیە تایبەتمەند بوو بەچیرۆك و سەرگووشتەی کچێك کەلە باوکی زویر دەبێت . ئەم فلیمانەش کە هەموویان بێ دەنگ بوون , تا ساڵی ١٩٢٩ کە سینەمای دەنگدار داهێنرا .
هتشکۆك یەکەم فلیمی دەنگداری بەناوی — شەڕ فرۆش — بەرهەم هێناو دوای ئەوە فلیمی — تاوان — ی لە ساڵی ١٩٣٠ بەرهەم هێنا ... هەروا لە ساڵی ١٩٣٢ فلیمی پیاوە — زۆرزانەکەی بەرهەم هێنا ... و فلیمی پلە /٣٩ ی

لە ساڵی ١٩٣٥ بەرهەم هێنا ... لە ساڵی ١٩٣٦ فلیمی - کاری نهێنی - بەرهەم هێنا ... هەروا لە ساڵی ١٩٣٨ فلیمی - کەی - بەرهەم هێنا ، و لە ساڵی ١٩٤٣ فلیمی - گومان - ی بەرهەم هێنا .

ئەم هونەرمەندە ناوادرە کە زۆربەی ژیانی بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ لە ئەمەریکا بەسەربرد ... جگە لەو فلیمانە بەدەیا فلیمی دیکەی بەرهەم هێناوەو دوا فلیمی بەناوی - پیلانی خێزان - لە ساڵی ١٩٧٥ بەرهەم هێنا .

سەرچاوە:- رۆژنامەی - التاخی - ژمارە/٥١٥٩ .

١٨٩٩/٨/٢ نووسەرو رووناکبیری ناوداری ئەرژەنتینی - خۆرخێ لویس پۆرخێس - لە شاری بۆینس ئایرس چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... دوای لە دایك بوونی بەماوەیەکی کەم گوواستیانەوە پالێرمۆ ، کە ناوچەیەکی میللی پراوپڕی مەیخانەو تیاترۆخانە بوو ... ئەو کەش و هەوایەشی بە ئاشکرا لە نووسینەکانی بۆ رێخرا رەنگی داوەتەوە .

باوکی خۆرخێ پارێزەرو مامۆستای دەروونزانی بوو ... رووناکبیرێك بوو کە بروای بە ئانادکیژمی و ووجوودی هەبوو... دایکی خۆرخێش ئافرەتێك بوو لەیەکێك لەخانەوادەی شۆڕشگێران بوو ... لە بەر ئەوە خۆرخێ زۆر سەرسام بوو بەتواناو لێهاتوویی دایك وباوکی ... دایکی لە تەمەنی ٩٩ ساڵیدا کۆچی کردو لانەیەکی گرنگ بوو بۆ خۆرخێ .

لە ساڵی ١٩٠٨ خۆرخێ چووە قوتابخانەو بەردەوام بوو لە خوێندن ... لە ساڵی ١٩١٤ باوکی چاوەکانی کوێر بوو و بەو هۆیە بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد ، دوای ئەوە چوونە پاریس و لەوێش چوونە سویسراو لە ژنێفی پایتەختی نیشتەجێ بوون .

دوای ئەوە خۆرخێ دەستی کرد بە خوێندنی زمانەکانی ئەڵمانی و لاتینی و فەرەنسی و ، لە هەمان کات چەندین هاورێ و دۆستی پەیداکرد ... دوای ئەوە کۆلێژی - کالڤن -ی تەواوکرد ، دوای ئەوە دەستی کرد بەسەرەتای نووسینەکانی ... دوای ئەوە یەکەم بەرهەمی خۆی بلاوکردەوە ... دوای ئەوە خۆرخێ توانایەکی باشی لە ئەدەب پەیداکرد ... لە ساڵی ١٩٢١ گەرانەوە بۆ شاری بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرژەنتین .

لەساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵە شعرێکی لەکتابێکی ٦٤ لاپەرەیی بەیارمەتی باوکی بلاوکردەوە ... ئەم نووسەرە بەردەوام بوو لەکارە هەمەلایەنەکانی تاکوو لە

تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە ١٩٨٦/٦/١٤ ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان و بواری نووسین کرد لە وولاتەکەیدا .

سەرچاوە:- مەوسوعەی فەلسەفە - داناتی - دکتۆر عەبدولرەحمان بەدەوی - بەرگی /٢.

١٨٩٩/٩/١٢ باڵوێزی رژێمی عوسمانی لە وولاتی سووید شەریف پاشای خەندان خەلاتی نیشانەی شمشێری لەلایەن شانشینی سووید پێ بەخشرا بەهۆی هەڵوویستە بووێرەکان .

١٨٩٩/٩/١٤ پیرە مێردی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانی کورد لە سەر فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شاری ئەستەمبۆڵ ، کە ئەوکات پایتەختی ئیمپراتۆریەتی دەووڵەتی عوسمانی بوو ، بەهۆی رۆڵی گرنگی لەکارە پیرۆزەکانی بەرامبەر بە گەلانی ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا .

١٨٩٩/١١/١١ هەڵگیرسانی جەنگی بووێرزەکان بەسەرکرایەتی سەرۆکی کۆمارەکەیان - پۆل کرۆچر- دژی بەریتانیا و یەکەم پێکدادان لە بەرژەووەندی بووێرزەکان بووە لو وولاتەکەدا .

بەلام دوای ئەوە هێزەکانی سووپای بەریتانیا توانیان دەست پێشخەری بەرەو سەرکەووتن بەدەست بێنن ، بەگەڕاندنەوەی شاری بریتۆریا لە ١٩٠١/٦/٥. کە ئەوکات رژێمی ئەڵمانیا پشتگیری لە بووێرزەکان دەکرد بەچەک و تەقەمەنی و پارە لەرێگەی نامیبیا .

١٩٠٠

٤ / ٢ / ١٩٠٠ شاعیرو نووسەرو سیناریۆ نووسی فەرەنسی - ژاك پرێڤێر - لە گەرەکی نوێی سەر رووباری سینی ناو شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... دوای تەواوکردنی خووێندنی سەرەتایی واز لە خووێندن دێنێ و روو لەدابینکردنی رۆژانەی ژیان دەدات و لە سەر شەقامەکان دەبێتە فرۆشیاری گەرۆك .

لە ساڵی ١٩١٧ بەشداری لە خۆپێشاندان دەکات کە دژ بەجەنگی یەکەمی جیهانی ئەنجامدراو ، ژاك تۆمەتباردەکرێت و دەستگیردەکرێت و ماوەیەك لەبەندیخانە دەمێنێتەوە ... دوای ئازادکردنی بە هۆی توانای نووسینەکانی لە گۆڤاری دیلابری کاردەکات ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٥ تێکەڵی کۆمەڵێك

شاعیرو ئەدیب و نیگار کێش دەبێت ، لەوانەش ئەندریا بریتۆن و ماکس ئیرنست و چەندین کەسایەتی دیکە جوولانەوەی سووریالی دادەمەزرێنن و ئەویش وەك ئەندامێکی چالاکی ئەم جوولانەوەیە لە هەموو شاعیرەکانی دیکە جەماوەر لەخۆ نزیك دەکاتەوە .

بەڵام دوای هەڵووەشانەوەی جوولانەوەکە پریڤێر خۆی لەجەماوەری کرێکاری نزیك دەکاتەوەو بەرگری لەماف و ژیان و کاری کرێکاران دەکات و لەگەڵ جۆزێف گوزمانی ئاوازدانەر ئاواز بۆ ژمارەیەك چامە دادەنێن . دوای ئەوە سیناریۆ بۆ فلیمی – تاوان لانگ – کە لە ساڵی ١٩٣٥ چان رێنوار دەریهێناو فلیمی مارسیل کارتی ، کە ئەویشیان درامایەکی کۆمیدیانە بوو کە لەساڵی ١٩٣٧ پێشکەشی کرا .

لە ساڵی ١٩٤٦ ژاك پریڤێر یەکەم دیوانی بەناوی – ووشەکان – بڵاوکردەوە . دوای ئەوە ئەم مرۆڤە تواناداره لەکارەکانی بەردەوام دەبێت تا لە ١٩٧٧/٤/١١ بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات لە وولاتەکەیدا .

١٩٠٠/٢/٢٧ دامەزراندنی یانەی – بایرەن میونخ ، یاریگا، الیانتس ، ئەرینا– لە وولاتی ئەڵمانیا ، کە جێگەی ٦٦,٠٠٠هەزار هاوولاتی لێدەبێتەوە لە یاریگاکەدا .

١٩٠٠/٥/٧ خەباتگێرو شۆرشگێری کورد – حوسێن قونجۆ – کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی ئیبراهیم پاشای مللی ، کە لە عەشیرەتی دینان بوو ، هەڵسا بە کووشتنی /٧ سەربازی سووپای عوسمانی لە شاری ماردین لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ، لە پێناو سەلماندنی بوونی کورد لە کوردستاندا.

١٩٠٠/٥/١ قۆناخی یەكەمی بەرهەم هێنانی نەوت لە رۆژ هەلاتی ناوەراست دەستی پێكردو بەردەوام بوو تاكوو سالْ ١٩٣٨ . هەروا دوای ئەوە دەست پێكردنی قۆناخی دووەم لە بەرهەم هێنانی نەوت تاكوو ئەمرۆ.

واتە قۆناخی یەكەم لە سالْ ١٩٠٠ تا١٩٣٨ و قۆناخی دووەمیش لە سالی ١٩٣٨ تاكوو ئەمۆ بەردەوام بووەو بەردەوام دبێت ، لە قۆناخی یەكەمی دەست پێكردن بە دۆزینەوەی چاوگە نەوتیەكان لە - لوبنان ،سووریا ، ئسرائیل ، رۆژهەلاتی ئوردن ، ئێراق ، كوێت ، بەحرێن عەرەبی سعوودی ، لە گەلْ هەندێك لە ولآتانی دیكەی عەرەبی و باشووری ئێران- كە ولآتی فارس جێگەی گرنگی پێدان بوو ، بۆ یەكەم جار ئەویش لە لایەن ئەندازیاری بەریتانی - ویلیام ك- داركی لە سالْ ١٩٠١ لە ناوچەی قەسرشیرین توانی بۆ ماوەی ٦٠ سالْ ئیمتیاز- ئیمتیازداری- وەربگرێت لە دوای گەرانێكی زۆر ، ئەم ئەندازیارە توانی لە باشووری ئێران لە سالی ١٩٠٣ نەوت بەرهەم بێنێت ، بە یارمەتی كومپانیای -بۆرما- ی بەریتانیابۆ نەوت . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە پەرەسەندنێكی خێرا بە پلەی یەك لە سالی ١٩٠٩ بە دەست بێنێ بە دامەزراندنی - كومپانیای نەوتی ئەنگلۆ فارسی - دوای ئەوە لە سالی ١٩١٢ ولآتی فارس بەستراوە بە بەریتانیا بە شێوەیەكی توند وئەو كومپانیا یە توانی نیوەی سەرمایەكە بكاتە خاوەنداریەتی خۆی و بە دامەزراندنی ١٦ بەرێوەبەر كە دووان لەو بەرێوەبەرانە مافی بە كارهێنانی ڤیتۆیان هەبوو لە سەر بەرێوەبەرایەتیەكانی دیكەدا

ئەو پەیوەند ییەی كە لە نێوان بەرپرسانی ئەوكومپانیایە هەبوو، لە نێوان كومپانیاكانی ئەمەریكاو حكومەتی بەریتانیاو حكومەتی فەرەنسانەبوو .

لەوکاتیش چاوگە نەوتیەکان کە کەوتبوونە باشوورو پەرەسەندنێکی باشیان بە خۆوە بینی کە کێلگە نەوتی – هافت کل –توانی ٩٠٠٠٠٠٠ملیۆن تەن لە نەوت بەرهەم بێنێ لە گرنگترین کێلگەکانی دیکەی جیهان .
هەروا ئەم نەوتەش لە رێگەی هێلەکانی بۆریی بە ناوچەی شاری –عەبادان – دەگەیاندراکەنداوو لەوێش رەوانەی بەریتانیا دەکرا ... لەو کاتەدا کومپانیای –ئیمتیاز – هەرێمەکانی باکووری لە خۆ گرتبوو ، کە لە پێنج هەرێم پێك هاتبوون کە ئەمرۆ ئەم هەرێمانە گرنگیەکی زۆریان هەیە لە بەرهەم هێنانی نەوت لە کێلگەکاندا .

سەر چاوە :– دراسات جغرافة المائية حول الشرق الاوسط –چاپی یەکەم /١٩٨٣

١٩٠٠/٥/١٤ پێشبرکێی یاریەکانی پالوانیەتی – ئۆلەمپیات – لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ١٠/٢٨ ی هەمان ساڵ لە نێوان یاریزانەکانی وولاتانی بەشدار بوو لەم یاریە جیهانیە لە وولاتی فەرەنسادا .

١٩٠٠/٥/٢٣ لەدایك بوونی فەیلەسوف و کۆمەڵناسی گەورەی ناوداری سەدەی بیستەم – ئاریك فرۆم – رابەری قوتابخانەی فرانکفۆرت لەشاری فرانکفۆرتی ئەلمانیا .
شایانی باسە کە ئاریك لە ساڵی ١٩٢٢ بەڵگەنامەی دکتۆرا بەناوی – یاسای جوولەکە – بەدەست دێنێ و هەروا لە ساڵی ١٩٣٠ لەشیکردنەوەی دەروونزانیش دەبێتە پسپۆر ... دوای ئەوە لەساڵی ١٩٣٢ بەرەو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڕوات و کۆمەڵگای ئەو وولاتە دەکات بەمەڵبەندی تووێژینەوەکانی ، لە هەمان کات لەزانکۆی نیۆرك دادەمەزرێت . لە ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بەپارتی سۆشیالست دەکات .
لەساڵی ١٩٦٥ دکتۆرای فەخری لەزانکۆی مەکسیك وەردەگرێت ... دوای ئەوە دەگەرێتەوە ئەورووپاو لە وولاتی سویسرا نیشتەجێ دەبێت و لە ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی دەکات .

١٩٠٠/٦/٢٠ لە دایك بوونی فەیلەسوفی ئیتالی – ئینریکۆ کاستلی – لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا . ئەم نووسەرە گرنگی بەبەشی فەلسەفەی ئایینی داوە . بەڕێوەبەری – پەیمانگای خوێندنەکانی فەلسەفە – بووە لە رۆما و مامۆستای فەلسەفە بوو لە ساڵی ١٩٤٠ تاکوو ١٩٧٠ لە زانکۆی رۆما . هەروا سەرنووسەری گۆڤاری – محفوظوت الفلسفة – بووە . بیروو بۆچوونەکانی لە نێوان ئایینی بوون بووە ، واتە – المپالیە – المادیە – و بەردەوام بووە لەکارە

هەمەلایەنـەكانی تـاكوو لـە ۱۹۷۷ /۳/۱۰ لـە رۆمـا كۆچـی دوایـی دەكـات لـە وولاتەكەیدا .

۱۹۰۰/۱۱/۸ لـە دایـك بـوونی نووسـەرو رۆژنامـە نـووس و ئەكتـەری سـینەما – مارگرێت یـۆجین مێشێل – لەشاری ئەتلانتای وولایەتـە یـەكگرتووەكان ئەمـەریكا ... بـاوكی یاساناسـی ڕەسـەنی سـكوتلەندی و دایكـی ئیزابیـل سـتیف لـە رەگـەز ئیرلەندی بووە .
لەماوەی كارە هەمەلایەنەكان و راگرتنی هاوسەنگی لە كارەكانی توانییەیەتی لەماوەیـەكی كـورت ۱۰ خـەلاتی ئۆسـكارت وەربگرێـت ... خـاتوو مارگرێـت لـەكاتی جـەنگی دووەمـی جیهـان ، لـە رێكخراوی خاچـی سـووری ئەمـەریكی كاردەكات و لەشاری فیموترێسی فەرەنسی خواردن و كەل و پەلی پزیشكی بە لێقەوماوان دەبەخشێ .
هـەر بۆیـە لـە سـالّی ۱۹٤۹ نازنـاوی هاونیـشتیمانی فـەخری ئـەم شـارەی فەرەنـسای پێدەبەخـشرێ ... بـەلام دوایـی لـە ۱۹٤۹/۸/۱۸ بەكارەسـاتی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دەدات . لە ۱۹۹۷/٥/۱٦ ئەو خانووەی مارگرێت كە رۆمانی بابردەلەی تێدانووسی بوو كرایە مۆزەخانە ، كە لە ناوەراستی شاری ئەتلەنیتە ... لەو مۆزەخانەیەش بەدەیا بەلّگەنامەو رۆمـان و فلیمـەكانی تیایە لەگەلّ كەل و پەلی تایبەتی و پۆستكارت لە وولاتەكەدا .

۱۹۰۰/۱۲/۱٦ لـە ئاكـامی گفتووگـۆی دوورو درێـژو نهێنـی لـە نێـوان شانـشینی فەرەنـسا و شانشینی ئیتالّیا ، لە ئـەنجام هـەردوو لا رێكـەوتن لـە سـەر ئـەوە مۆركرا ، كە ئیتالّیا دان بنێ بە داگیر كردنی وولاّتی توونس لە لایەن دەسەلاّتی فەرەنسا و ، هەروا نانانی فەرەنسا بـە دەسـەلاّتی ئیتالّیـا لـە سـەر تەرابلسی رۆژئاوا لە ناوچەكەدا .

سەرچاوەکان

- میدیا –ئی – م– دیاکۆنۆف – دار الحکمة – لندن.
- چەند لاپەڕیەك لە مێژووی کورد– لازاریف.
- الثقافة الجدیدة– گۆڤارێکی مانگانەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقە.
- بیری نوێ– گۆڤارێکی وەرزی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانە.
- کوردستان والکرد– جواد مەلا– وطن مقسم وامة بلا دولة.
- رادیۆی لەندەن– پرۆگرامی السائل والمجیب.
- رۆژ ژمێری – پانۆرامای کوردستان.
- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی کورد بەشی /١–٢، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.
- هەولَم داوە لەتەلەفزیۆن و گۆڤارو رۆژنامەکان کۆم کردۆتەوە لەگەلّ نووسینەکانی خۆم کە دەستنووس بوونەو بابەت لەدوای بابەتی جیاجیا بلاّوکراونەتەوە.
- کوردستان و کورد– شەهید دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ.
- شۆرشی شێخ عوبێدوللای نەهری– محەمەد حەمە باقی .
- شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان.
- کورد– باسیلی نیکیتین– وەرگێرانی: دکتۆر نووری تاڵەبانی .
- المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط– د. حامد محمود عیسی .
- ساڵنامەی کوردستان– دانانی: عەلی کەندی – چاپی سێیەم – تاران– ٢٠٠٦.
- تأریخ الدولة العثمانیة – مامۆستا محمد فرید المحامي ، چاپی نۆیەم – دار النفائس– بیروت .
- سنتان فی کوردستان– ١٩١٨–١٩٢٢ – دیلبوە– آ– هی فەرمانرەوای رامیاری هەولێر– وەرگێرانی: فوئاد جەمیل –چاپی یەکەم– بەیرووت.
- القانون الدولي العام – دکتور عصام العطیة – چاپی شەشەم– ٢٠٠١ – وەزارەتی باڵای فێرکردن و توێژینەوەی زانستی– بەغدا.
- رۆژنامەی – الحیاة – چاپی بەیرووت – ژمارەی ساڵەکانی ٢٠٠١–٢٠٠٢–٢٠٠٣–٢٠٠٤–٢٠٠٥–٢٠٠٦ –٢٠٠٧ .
- رۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان– خەبات – کوردستانی نوێ – گولان– رامان – کاروان – سەردەمی عەرەبی– رێگای کوردستان– گولانی عەرەبی– سەنتەری برایەتی.
- فەرهەنگی رووداوەکانی کوردستان و ولاتانی جیهان– دانانی: عەلی کەندی – چاپی یەکەم– تاران – ٢٠٠٥.
- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرە – پرۆگرامی – في مثل هذا الیوم–.
- اسرائیل الکبری – دراسة في فکر التوسعي الصهیوني – دکتور اسعد زوق – دار الحمراء–بیروت. الطبعة الرابعة – ٢٠٠٣.
- تأریخ اوروبا فی العصر الحدیث– دانانی : هـ. ا. ل. فیشر– دار المعارف– چاپی نۆیەم.
- قصة الحضارات – دانانی – ول دیورانت – وەرگێرانی: محمد بدران– مصر– مهرجان القراة للجمیع.

٢٦- معجم الحروب – دانانی : دکتور فردریك معتوق- چاپی یەکەم- بەیروت- لوبنان.
٢٧- لمحات اجتماعية عن تاريخ العراق الحديث – دكتور علي الوردي – توزيع مكتبة الصدر- تاران – ئێران.
٢٨- التاريخ الاسلامي – دانانی: دكتور محمد شاكر- المكتبة الاسلامية- چاپی هەشتەم- بەیروت – ٢٠٠٠.
٢٩- الارهاب الدولي وانعكاساته على الشرق الاوسط خلال الاربعين قرنا- دانانی سفیر: دكتور حسين شريف- الهيئة المصرية العامة للكتاب- ١٩٩٧- میسر.
٣٠- دراسات في الحركة الكردية المعاصرة- ١٨٣٣ -١٩٤٦ دانانی: دکتور عوسمان عەلی- چاپخانەی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان.
٣١- القاموس السياسي – ئامادەکردنی: احمد عطية – چاپی سێیەم- دار النهضة العربية –شارع عبدالخالق – قاهیرە – میسر.
٣٢- تاريخ الوزارات العراقية – دانانی : عبد الرزاق ئەلحوسنی – چاچی شەشەم- بیروت – ١٩٨٢,
٣٣- نەتەوەکان و دەوڵەتی سۆڤیەت – هیلین کاریردا کلوس- وەرگێرانی بۆ زمانی عەرەبی: هزی عبود – بەیروت – چاپی یەکەم- ١٩٧٩.
٣٤- مقالاتی – شەهید سامی عەبدولرەحمان- باشووری کوردستان- هەولێر.
٣٥- عەبدولکەریم قاسم – رؤية بعد الشعرين- حسن العلوى- چاپی یەکەم- العراق..
٣٦- الحياة السرية لصدام حسين – دانانی: انيس الرغيدى- چاپی یەکەم -٢٠٠٤- میسر.
٣٧- راپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دەریسم- هانز- لۆکای کبیسیر- ١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیریَ- وەرگێرانی لەفەرەنسیەوە – نەجاتی عەبدوڵڵا.
٣٨- کوردستانی پشت قەفقاس- دکتور –ئەفرسیاو هەورامی – لەبڵاوکراوەکانی – ژین- باشووری کوردستان- سلێمانی.
٣٩- تاريخ العراق بين احتلالين – پارێزەر – عەباس عەزاوی چاپی یەکەم- هەشت بەشەکە.
٤٠- شەرەفنامە –شەرفخانی بەدلیسی –وەرگێرانی هەژار – ١٩٧٣ لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد بەچاپ گەیاندراوە- چاپخانەی نعمان – نەجەف.
٤١- کوردو کوردستان – بەرگی ١-٢-٣ محەمەد ئەمین زەکی – لە دار اسلامی بغداد بەچاپگەیاندراوە -١٩٣١.
٤٢- کوردو عەجەم – نەوشیروان مستەفا ئەمین – مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران –سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلێمانی -٢٠٠٥.
٤٣- کورد – تورك – عەرەب- سیسیل جون ئیدمۆندی- وەرگێرانی حامد گەوهەری- دەزگا، چاپ و بڵاووکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤.
٤٤- في الاداب (ف. إ. لينين) – وەرگێرانی لە رووسیەوە- یوسف حلاق بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری – دیمەشق –سوریا -١٩٧٢.
٤٥- مێژوو – دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد – بە یاریدەدەری ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری ولاوان چاکراوە –بەغدا ١٩٨٣.
٤٨- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد- بەرگی دووەم- ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە- هەولێر – چاپی یەکەم – ٢٠٠١.

٤٩- یاداشتەکان - رەفیق حلیمی -بەشی یەکەم و دووەم - کوردستانی ئێراق شۆڕشەکانی شێخ مەحمود -چاپخانەی رۆشنبیری - بەغدا - ١٩٨٨.
٥٠- هەڵوێستنامە- عەلی کەندی - بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٦.
٥١- قصة الديانات -سليمان مەزهەر - کتێبخانەی مەدبولی - چاپی دووەم - میسر -٢٠٠٣.
٥٢- کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهان - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد - وەرگێرانی بۆ عەرەبی: دکتور محەمەد مەلا عەبدولکەریم - چاپی دووەم -بەغدا -١٩٨٤.
٥٣- راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران - رۆبەرت ئۆلسن -١٨٨٠-١٩٢٥ وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو- زەنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم - سلێمانی -١٩٩٩.
٥٤- تاریخ الاکراد- تۆماس بوا- وەرگێرانی - محەمەد تیسیر مبرفات - دار الفکر المعاصر- بیروت -لوبنان - چاپی یەکەم -٢٠٠١.
٥٥-حول مسألة الاقطاع بين الاكراد - أ. شامیلیۆف- وەرگێرانی- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد - چاپی دووەم- بەغدا - ١٩٨٤.
٥٦- قضایا کردية معاصرة - کرکوك والانفال -الكردو تورکیا - دکتور جبار قادر - دار ئاراس للطباعة والنشر - چاپی یەکەم - ٢٠٠٦.
٥٧- کورد لەجەنگی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا . پ. ی- ئەڤیریانۆف -وەرگێرانی لە رووسیەوە دکتۆر ئەفرسیاو هەورامی -سلیمان -٢٠٠٤.
٥٧- کرکوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير - دراسة وثائيقة عن قضية الكردية في العراق - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد- بەشی یەکەم - وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان - سلێمانی .
٥٨- المستبد - زهير ئەلجەزائری - صناعة القائد - صناعة الشعب- چاپی یەکەم - بیروت -بەغدا - ٢٠٠٦.
٥٩- عصر ناپلیۆن - تاريخ الحضارة الاوروبية في ١٧٨٩-١٨١٥ - ول ديورانت - وەرگێرانی دکتۆر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا شێخ - دار الجبل - بیروت -٢٠٠٢.
٦٠- تاريخ الرومان - دانانی نجيب ابراهيم طراد -تقديم دکتور محمد رينهم عزب - مكتبة ومطبعة القدر-١٩٩٧.
٦١- موسوعة الفلسفة - دانانی دکتۆر عەبدولرەمان بەدەوی - بەرگی - ١-٢-٣. تاران - ئێران ..
٦١- مێژووی ئیبن خەلدوون - ئامادەکردنی - محەمەد سالح هاشم - خانەی کتێبی زانستی - بەروت .
٦٢ -مقدمه ابن خلدون - مو سسه الرساله ، الناشرون - مستەفا شێخ مستەفا - چاپی یەکەم / ٢٠٠٧
.
٦٤ - مێژووی - تەبەری - - دار ابن كثير ، چاپی یەکەم - دیمەشق - بەیروت .
٦٥ - الکامل فی التاریخ - ابن اسیر - دار المعرفه - بەیروت ، لبنان - چاپی یەکەم /٢٠٠٢ .

کورتەیەك لە ژیاننامەی – نووسەر

گــەر بــەراوود لــە نێــوان ژیاننامــەی نووســەران بکەینــەوە ، بۆمــان دەردەکــەوێ کــە نووســەران ، یــاخوود دانــەران ، جــا لــە هــەر بووارێــك ب بگــرە لــە نووســینەوەی مێــژوو جووگرافیــاو زمــان وکەلتوورو داب ونەریت و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەك لە سەر گۆی زەویدا .
کە ژیاننامەی نووسەران زۆر لە یەك دەچیّ ، جا لە بوواری هەژاری و کەم دەرامەتی بێت ، یاخوود لە ئاستی بڕوانامەی خووێندن بێت ، یاخوود لە ئاستی پەیووەندیە کۆمەڵاتیەکان بێت .
بەڵام سەرچاوەی بوونی تووانای نووسەر لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا ، هۆکاری چ ئێش وئازار و نالەباری ئەو نووسەرەیە لە ناو پەیووەندیەکانی کۆمەڵگاو لە نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا .
ئەویش بە هۆی چەوسانەوەو نەبوونی داد پەروەری لە دەسەڵا ت و پەیووەندیەکان لە هەموو بووارەکانی ڕامیاری و ئابووری بازرگانی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و زمان و مێژوو داب و نەریت و و کەلتوورو شارستانیەت .
بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردو مێژووی چەوسانەوەی داگیرکردنی و لەت لەتکردنی لە لایەن ڕژێمەکانی دابەش کەر، لە پێناو پاراستن و بتەووکردن وبە هێز کردنی بەرژەوەندیەکانیان . بە دروستکردن و پێکهینانی دەووڵەت لەسەر خاکی گەلانی دیکە لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا ، لەوانەش گەلی کوردو خاکی کوردستان .
جا عەلی کەندیش یەکێکە لەو نووسەروو دانەرانەی کە بەو قۆناخە نا لەبارانە تێپەر بووەو بۆتە هۆی سەرچاوەی پێنووسەکەی بەنووسین و گەیاندنی پەیامەکەی بۆ کۆمەلگای گەلی کوردستان . کە ئەویش:–

ناوی تـەواوی— عەلـی عوومـەر عـەلی فـەتاح —ە و ناسراو بووە بە — عەلـی کـەنـدی — و لەسـالّی ١٩٥٣ لـە گووندی سـەر بەشـاخ ، کـە مەڵبەنـدی هـۆزی سـیانەو سـەر بەناحیـەی دیبەگـەی سـەربە قـەزای مخموری پارێزگـای هـەولێرە لـە باشووری کوردستان ، چاوی بـە جیهان هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جووتیار لەم گووندەدا .

هەروا عەلی کەندی بۆ یەکەم جار لە لای مەلای ئاینی ئیسلام دەستی کردووە بە خوێندن لە حووجرەی فەقێیان لە مزگەوتەکان .

دوای ئـەوە لـە سـالّی ١٩٦٠ چـۆتە قوتابخانـە لـە قـەزای مـەخموور . جا لەوکاتـە بـە هـۆی هـەژاری خێزانەکـەی و نـەبوونی توانـای دارایـی بـاوکی ، لـە گـەڵ خوێنـدن لـە پـشووی هاوینـە کـاری کـردووە ، بـە کـاری بەرخـەوانی و شـووانی و کرێکـاری و دروێنـە کـردن و جـووت کـردن و کاریدیکـەی لـە توانـایـدا هـەبووە ، لـە پێنـاو بـەرەو بـاش بـوونی بـاری گووزەرانی ژیانی خێزانەکەو یارمەتی دانی باوکی لەم بووارەدا .

هەروا دوای تـەواوکردنی قۆنـاخی خوێنـدنی سەرەتایشی دەرچـوونی بـە پلـەی دووەم لـە سەر ئاستی قەزای مەخموور لـە خوێندن و بەهۆی باری رامیاری و بیروو بۆچوونی ئـەو خێزانەوە ، لە هەمان کات بە هۆی هەڵووێستی عەلی کەندی فەرمانی دەست گیر کردنی لە مانگی/ ١٩٦٦/٧ لەلایەن داروودەستەکەی رژێمی بەعسی بۆ دەردەچێ لە قەزاکەدا .

هەر بەم هۆکارەش لە ١٠/ ٩ / ١٩٦٧ رووی لە شاخەکانی کوردستان کرد بە پەیووەندی کردنی بە پێشمەرگەی شۆرشـی ئەیلولی مەزن لە لقی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێـراق لقـی / هـەرێمی کوردسـتان ، لـە دەڤـەرەکانی رانیـە و قـەلادزێ و رەوانـدوزو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو بە ردەوام بوونی تاکوو ٢٠ /٣/ ١٩٧٢ .

لـەو ماوەیەشـدا بـەهۆی خراپـی بـاری خێزانەکـەی لـە کاتـە بەردەسـتەکانی کـاری کـردووە بۆئەوەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەرەو باشتر ببات لەو کاتدا .

دوای ئـەوە گەراوەتـەوە پارێزگـای هـەولێرو چـۆتە قـەزای مـەخموور بـۆ کـاری پارتایـەتی و بۆتـە کـادیر لـە قـەزای مـەخموورو بـە بـەردەوام بـوونی لـە پایـەکانی لـە پـارتی کۆمۆنیـست تـاکوو ١٩٧٩/٣/١٢ ، کـە ئەنـدامی لیژنـەی نـاوخۆی پـارتی کۆمۆنیـست بـووە لـە لیژنـەی پاریزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

دوای ئەوە لە ١ / ٧ / ١٩٧٥ چۆتە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەویش بـە خوێنـدنی لـە پـەیمانگای زانسـتە کۆمەلایەتیـەکان ، ی سـەر بـە ئـەکادیمیای زانـستی کۆمەلایەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە دەر چوونی بە پلەی زۆر باشە

لــه پیمانگایــه‌دا ، تــاكوو ١٥/ ٨ / ١٩٧٧ دا و دوای ئـه‌وه گه‌راوه‌تـه‌وه كـــوردستان لــه پارێزگای هه‌ولێر قه‌زای مه‌خموور له ده‌ڤه‌ره‌كه‌دا .

دوای گه‌رانه‌وه‌ی له سۆڤیت له ١٩٧٨/١٢/١٢ خێزانی پێك هێناوه و باوكی پێنج كوره ، و هه‌موویانی به ئامانجێكی باش گه‌یاندوو لـه پله‌كانی فه‌رمانبه‌ریـه‌تی و سیّ له كوره‌كانی خێزاندارن له شاری هه‌ولێردا .

هه‌ر له ١٩٧٩/٣/١٢ به فه‌رمانبـه‌ر دامـه‌زراوه لـه به‌رێوه‌به‌رایـه‌تی گه‌شت و گوزار لـه هاوینـه هـاواری سـه‌لا حـه‌دین – پیرمـام – لـه كۆمـه‌ڵگای سـه‌ره ره‌ش لـه پارێزگـای هـه‌ولێر ، بـه به‌رده‌وام بوونی كاری فه‌رمانبه‌رێتی . سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ش له دوای ساڵی هه‌شتاكان به‌هۆی مـل كـه‌چ نـه‌كردنی بـۆ داخوازیـه‌كانی دارو ده‌سـته‌كی بـه‌عس لـه كـوردو عـه‌ره‌ب ، كـه لـه ١٩٨٢/٢/١٣ له‌لایه‌ن به‌رێوه‌به‌رایـه‌تی ئـه‌منی هـه‌ولێر ده‌ست گیر كراوه‌و ره‌وانـه‌ی – الهیئـه الخاصه – له شاری كه‌ركوك زیندانی كراوه‌و بۆ ماوه‌ی حه‌وت مانگ گیراوه تاكوو ٦ / ٨ /١٩٨٢ . ئازاد كـراوه بـیّ ئـه‌وه‌ی هیچ كه‌سێك لـه ئه‌نـدامان و لایـه‌نگرانی پارتـه‌كان و كـه سایه‌تیه‌كان تووشی ئێشوو ئازارو ئه‌شكه‌نجه بكات --- واتـه ئیعتراف نـه‌كردن --- و به سه‌ربه‌رزی له‌و زیندانانه‌ی شه‌قلاّوه‌و مسیف سه‌لاحه‌دین وهه‌ولێرو كه‌ركوك ده‌رچووه .

دوای ئـه‌وه بـۆ جـاری دووه‌م لـه ١٩٨٥/٥/١٩ لـه لایـه‌ن پیـاوانی موخابـه‌راتی پارێزگـای مووسڵ ، كه له‌و كاته سه‌رباز بوو له مه‌درسه قتالی مووسڵ ده‌ستگیر ده‌كریّ و ره‌وانـه‌ی موخابـه‌راتی گـشتی شـاری كـه‌كوك ده‌كرێـت ، كـه ئـه‌م به‌رێوه‌به‌راتیـه گـشتیه بـۆ هـه‌موو شـاره‌كانی كوردسـتان بـوو وه‌ك مووسـڵ و كـه‌ركوك و هـه‌ولێرو سـلێمانی ودهـۆك . كـه فـه‌رمانی ده‌سـت گیركردنـی له‌لایـه‌ن به‌رێوه‌به‌رایـه‌تی ئـه‌منی هـه‌ولیرو ئـه‌منی بـاكوورو ئیستخبارات و موخابه‌رات له هه‌ردوو پارێزگای مووسڵ وهه‌ولێری بۆ ده‌رچوو بوو .

له ئاكام له‌م رۆژه‌دا ده‌ستگیركراو له زیندانه‌كانی مووسڵ وكه‌ركوك مایه‌وه تاكوو ١٧ / ٩ / ١٩٨٥ به ئازادكردنی له دوای داد گایی كردنی ، كه هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك نـه‌یتووانی تاوانباری بكات به‌هۆی دان نه‌نانی به كاره نه‌هێنیه‌كانی كه له‌و كاتدا ئه‌نجامی ده‌دا .

هـه‌وا بـۆ جـاری سـێیه‌م لـه ٢٥ / ٩ /١٩٩٠ لـه لایـه‌ن ئـه‌منی هـه‌ولیر ده‌سـتگیركراوه‌ته‌وه له‌سه‌ر هه‌مان بیرو بۆچوو ن وهه‌ڵوویست . به‌لاّم بۆ ماوه‌یه‌كی كه‌موو دوای ئه‌وه ئازاد كرا

.

لـه دوای ٣/١٢ /١٩٧٩ تـاكوو راپـه‌رینی گـه‌لی كوردسـتان لـه ١٩٩١/٣/٥ بـه سـه‌دان جـار له‌لایه‌ن به‌رێوه‌به‌رایه‌تیه‌كانی ئه‌من و ئیستخبارات و موخابه‌رات له پارێزگای هه‌ولێر بانگ

هێشت کراوەو لێکۆڵینەوەی لە گەڵ کراوەو لە دوای ووتە ناشیرینەکانیان و ئیهانە کردنی علی کەندی ئینجا ڕێگەیان پێداوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانیان دەرچێ .
سەرەرای ئەوەش بۆ دووجار لە ڕیزی سەربای سووپای ئێراق بووە بۆماوەی ٤,٥ چوارساڵ و نیوو ، بەڵام ئەو کەسانەی کە کورد بوون و رەفیق حزبیی و ئەمن جاشی خۆ فرۆش ودووژمنی کوردو کوردستان بوون دژی مامۆستا عەلی کەندی بوون بە نووسینی راپۆرت لەسەری و بە زیندانی کردنی ...؟...! . کە ئێستاش لەجاران پۆلایان و باری ژیانیان باشترە لە هەمان دام ودەزگا ئەمنیەکان و حکومەت و خاوەنی هەموو شتێکن ، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ، بەڵام مامۆستا عەلی کەندی تا تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە خاوەنی – یەك سم زەوی نیە نەك لە سەر گۆی زەوی بگرە لەسەر خاکی کوردستانیشدا و ماوەی ژیانی لە کرێ چیبایەتی بردۆتە سەر لەم بارو دۆخە تەنگەدا ، و علی کەندیش هەر وەك جارانە لە بیروو بۆچوون و هەڵوویستەکانی بەردەوامەو ڕۆژێك لە رۆژانیش مل کەچی هیچ لایەنێك نەبووە نە لە ڕابردوو و لە ئێستادا ، بۆ سەلماندنی ئەم ووتان . نووسینەکان ودانراوەکانیشی شاهیدن بۆ ئەم ڕاستیانە .

لە بەرهەم وبلاَکراوەکانی– نووسەر

لە گەڵ ئەوەشدا عەلی کەندی لە بارەی دەستکردنی بە نووسینەکانی کە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ ، کە لەو کاتەی لە شاری بەغدا بوو ، یەکەم بابەتی لە رۆژنامەی --- تەریق ئەلشەعب – کە زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوو ، لە سەر باری رامیاری و نەتەوەیی بلاوکردەوە لە رۆژنامەکدا . دوای ئەوە لە نووسین بەردەوام بووە بە پێی باروو دۆخەکانی رامیاری و نەتەوەیی و بووارەکانیدیکەدا . بەرهەمەکانیشی ئەمانەن :–

١– ساڵنامەی کوردستان ، کە یەکەم بەرهەمی نووسینەکانە .
٢– فەرهەنگی ڕووداوەکانی کوردستان و وولاتانی جیهان ، کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان – چاپی یەکەم /٢٠٠٥ .
٣– مێژوونامە – کە ئێستا لە بەردەستدایە ، چاپی یەکەم / ٢٠٠٦ .
٤– زانین – کە فەرهەنگێکی – کوردی – عەرەبی – رووسیە ، کە ئەویش بەرەوە بە چاپگەیاندن هەنگاو دەنێ .

٥- نەخشەی جیهان – بە زمانی كوردی بە ناونیشانی – كورد لە نێوو نەخشەی رامیاری جیهان – كە بۆ یەكەم جارە لە كوردستان . ئەم نەخشەیە ١٠٠٠٠ دە هەزار دانەی لێ چاپكرا لە ئیران ، بەڵام لە لایەن دەزگاكانی ئیتلاعاتی ئیران دەستگیر كرا . دوای ئەوە وەك هەدییە لە ٢٠٠٨/٨/٤ پێشكەش بە وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كرا ، لە ریگەی بەرێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەكان – كاك ئاراز نەجمەدین – لە هەولێر .

٦- سالنامەی كوردستان – بە شێوەی بچووك – تقویم مەنزەدی – كە بۆ یەكەم جارە لە كوردستان .

٧- هەڵوویستنامە – ٢٠٠٦ – بەرگی یەكەم ، كە ئامادەیە بۆ چاپكردن .

٨- ئینسكلۆپیدیای كوردستان و جیهان –چاپی دووەم /٢٠٠٨ .

٩- ئافرەت لە پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكاندا ، هەنگاو دەنێ بەرەو بە چاپگەیاندن .

١٠- دەفتەری زانیاری – بەندە بە پاركی سامی عەبدولرەمان لە شێووەی – شریت – كە ٢,٥٥ مەتر درێژیەتی ،ئەویش بۆ یەكەم جار بووە لە كوردستان .

١١-بڵاوكردنەوەی زیاتر لە – ٧٥ – بابەت و لێكۆڵینەوە لە بووارەكانی رامیاری و نەتەوەیی و جووگرافی وپەیووەندی كۆمەڵایەتی و ئافرەت و توویژی گەنج ، لە رۆژنامە وگۆڤارەكان ، لە سەر باروو دۆخی كوردو رووداوەكان لە گەڵ وولاتانی داگیر كەری كوردو كوردستان و رامیاریەتی لە پەیووەندی نێوو دەووڵەتیدا .

١٢-لە دوای ئەوانە ، ئەوا ئینسكلۆپیدیای مێژوونامەكە بە چووار بەرگ/٤ كەوتە بەردەستتان ، وەك بلێی هەگبەی مێژوو لە بەر دەستا بێت لە هەموو بووارەكانی – رووداوو بە سەر هات و رێكەووتن و شەڕو ئاشتی و نەتەویی نیشتیمانی و رامیاری و جووگرافی و سەر بازی و ئابووری و بازرگانی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مێژوو وزمان و داب و نەریت و كەلتوور و شارستانیت , لە گەڵ رووداوەكانی پزیشكی و گەردوونی و وەرزش و رووداوەكانی فرۆكە و گركان و گوومە لەرزەو ئاژەڵ وچەندین بوواری دیكە لە جیهاندا .

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٣٦٢	البعد السياسي للمشكلات القومية"الكرد نموذجا"	د.خليل اسماعيل محمد	دراسة	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٣	خۆری ئارابخا کەرکوك و ژیانی عەبدولرەحمانی نفووس	زانیار سەردار	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٤	الاعلام... والصحافة	صابر محمود عبدالله	دراسة	١٥٠٠	١٢٠
٣٦٥	هەڵوێستەکان. دەسکەوتەکان و وتارو دیمانەکانی سەرۆك مسعود بارزانی	ئا: مستەفا سلیم	وتارو دیمانە	-	٥٥٢
٣٦٦	لە درزی هزرەوە	بەهزاد حەویزی	وتار	١٥٠٠	٢٥٦
٣٦٧	توانەوە	غەفوور ساڵح عەبدوڵلا	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٤
٣٦٨	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الاول	٦٠٠٠	٧٨٤
٣٦٩	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الثاني	٧٠٠٠	٨٩٦
٣٧٠	ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی	د. شێرکۆ بابان	لێکۆڵینەوە	٣٠٠٠	٣١٢
٣٧١	مێژووی هونەری فۆتۆ	د. فەرهاد پیرباڵ	لێکۆڵینەوەی مێژوو	٣٠٠٠	٩٦
٣٧٢	پەلکە زێڕینە	سەید مەولود بێخاڵی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	٨٠
٣٧٣	کێ پەنیرێ من ڤەگوهاست؟	و:ئاهیدا دری	چیرۆك	١٥٠٠	١٠٤
٣٧٤	کانەبییان	رەزا سەید گوڵ بەرزنجی	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٢٤
٣٧٥	مناخس الالم	د.بشير الطوري	شيعر	١٠٠٠	٢٢٤
٣٧٦	مسرحيتان كوميديتان	عادل دنو	مسرحية	١٠٠٠	٤٨
٣٧٧	چنینەوە	د. لەتیف محەممەد حەسەن	شیعر	٢٠٠٠	٤٤٨
٣٧٨	کورد و سیستمی نێو دەوڵەتی	د.عوسمان عەلی میرانبەگ	لێکۆڵینەوە	١٥٠٠	١٥٢
٣٧٩	ئاسمانی گەڵا بابردووەکان	نەرمین جەعفەر	شیعر	١٠٠٠	١٢٠
٣٨٠	گزنەندێك لە هەڵبەست	موسی زاخۆرانی	شیعر	١٠٠٠	١٠٤
٣٨١	کەلەپووری کوردەواری	عەباس چنارانی	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٨٨
٣٨٢	تراژیدیای کوردان	وریا ڕەحمانی	ڕاپۆرتی سیاسی	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٣	بانگهێشتێك بۆ سەرهەڵدان	ئاشتی قەلەکەدین	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٤	لە پێناوی تازەگەریی فیکریدا	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٥٤٤

٣٨٥	ئاگرپژێن و بوومەلەرزەکان	و: ئەمیرە ئیسماعیل	زانستی	٣٠٠٠	١٤٤
٣٨٦	ملحمة سیامند وخجه	مصطفى خۆشناو حمو	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١١٢
٣٨٧	گەشت و گوزار	قادر باوەجان	گشتی	٥٠٠٠	٤٠٠
٣٨٨	نامەیەك لە قوبرسەوە	ئازاد کەریمی	کورتە چیرۆك	١٠٠٠	٨٠
٣٨٩	چەند لایەنێك ژدیرۆکا ئیسلاما سیاسی	و. جەمال عەبدوڵا	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	٩٦
٣٩٠	چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری/٢٠٠٨	ئا: روقیە عەبدوڵا	چالاکی	---	١٦٠
٣٩١	جەژنێك بۆ پیر	رەووف مەحمود پوور	لێکۆڵینەوە	٤٠٠٠	٣٦٨
٣٩٢	دوایین هەستی ترسناك	سەرهەنگ جەمال	رۆمان	١٥٠٠	١٣٦
٣٩٣	پەرەسەندنی کوردستانی نوێ	و:جەمیل محەمەد ئەرگوشی	رامیاری	٤٠٠٠	٦٤٠
٣٩٤	فرمێسك و تەمەن و خەون	ماریە ئەحمەد	شیعر	١٠٠٠	١٧٦
٣٩٥	برکان التنهدات	دانیال شابۆ	شیعر	١٠٠٠	١٦٠
٣٩٦	دیبلۆماتیك	ماجید نوری	پرۆژە	٥٠٠	٤٠
٣٩٧	مێژووی هاوچەرخ	خالید هەرکی	مێژوویی	٤٠٠٠	٦٦٤
٣٩٨	ناوکبڕینی بۆشایی	محەمەد باوەکر	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٣٩٩	لەپێناوی تازەگەری فیکریدا - بەشی دووەم	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٤٠٨
٤٠٠	رێسا	محەمەد وەسمان	پەروەردەیی	٢٠٠٠	٨٠
٤٠١	ستاتیکای شاکاری کوردی	تاریق کارێزی	شیوەکاری	١٥٠٠	١٢٠
٤٠٢	ماڵئاوایی	مجوهل ئیسماعیل	شیعر	١٠٠٠	٨٠
٤٠٣	کورد... عەرەب... شۆڤێنیزم	بەهرام محەمەد (کاکل)	سیاسی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٤	رەنگدانەوەی زەمبیل فرۆش لە ئەدەبی میللی کوردیدا	ئیدریس عەبدوڵلا	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٥	ئەفسانەی میرە گوڵ	محەمەد رەشید فەتاح	رۆمان	١٥٠٠	٢٦٤
٤٠٦	کەلەپوورنامەی کوردەواری	یاسین حەسەن گۆران	فۆلکلۆری	٢٠٠٠	٢١٦
٤٠٧	کورتنووسی لە زمانی کوردیدا	وشیار بەشیر مستەفا	زمانەوانی	١٥٠٠	٢٢٤
٤٠٨	المدن ولعبة الاجیال	محمد مسعود محمد	دراسة	٣٠٠٠	٣٧٦
٤٠٩	أمتلیء عشقا منك	فریدون سامان	ترجمة شیعریة	١٥٠٠	١٣٢
٤١٠	هونەری ئەڤاندنێ	د. لەزگین ئاڤدرەهمانی	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٠

٤١١	خەزینا زانستی د (١٠٠٠٠) پرسیار و بەرسڤادا	محەمەد سالّح پێندرۆیی	رۆشنبیری کشتی	١٠٠٠٠	٨٣٢
٤١٢	دیوانی خالّۆ	مەهدی فاتیح	شیعر	٤٠٠٠	٤٦٤
٤١٣	گرافیکەکانی کوردستانی	محەمەد عارف	هونەری شێوەکاری	٥٠٠٠	٦٧٢
٤١٤	یۆگا	و: حەمید گەردی	گشتی	٤٠٠٠	٦٢٤
٤١٥	شەوێ بەیادی گەڕانەوەت	دەرباز یونس	شیعر	١٥٠٠	٢٠٤
٤١٦	ئەلّمانیا.. جوگرافیا .. کلتور	باهۆز مستەفا	گشتی	٤٠٠٠	٢٢٤
٤١٧	با پەیڤەکان بەردەوام بن	و: خەسرۆ پیربال	شیعر	١٥٠٠	١٤٤
٤١٨	یاشام پۆتاسیندا پیشەن سوزجوکلر	حسام حسرت	شیعر	١٥٠٠	١٦٠
٤١٩	پاییز ئەرامۆش بکە	و: لەیلا محەمەد تەها	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٨
٤٢٠	خمسون أعجوبة من عصر (توت عنغ امون)	ترجمة: نضال الاغا	تأريخي	٤٠٠٠	١١٢
٤٢١	المنهاج الصحي الاول	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	٢٥٠٠	٢٦٤
٤٢٢	التغذية الصحيحة أساس الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	١٦٠
٤٢٣	برنامج نمط الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٠٠٠	٤٨
٤٢٤	اناستاسيا	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	٢٢٤
٤٢٥	هونەری هێلّکاری گیانداران	و: پەروین خدر ئیبراهیم	هێلّکاری	٦٠٠٠	١٤٤
٤٢٦	کێشەی کورد	و: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٦٤
٤٢٧	بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا	و: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٣٢٠
٤٢٨	کوردستان یان نەمان	و: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٨٠
٤٢٩	کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو ١٩٥٤	و: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٢٤
٤٣٠	سەفەرێك بۆناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان	و. ئەبوبکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	٦٠٠٠	٥٤٤
٤٣١	بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا	و. ئەبوبکر سالّح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	١٤٤
٤٣٢	پەل و خولی	تەحسین ناڤشکی	رۆمان	١٠٠٠	٤٢٤
٤٣٣	بەیانیت باش کۆمپیوتەرەکەم	ئەنور خدر بایەزید	زانستی کۆمپیوتەر	٨٠٠٠	٥٣٦
٤٣٤	تفەنگا ب خوێن	عەگیدێ چەرکس	رۆمان	٣٠٠٠	٤٠٨

٤٣٥	أبو اسحق الصابي: درر النثر وغرر الشعر	قيس مغشغش السعدي	تأريخي	٣٠٠٠	٤٦٤
٤٣٦	ئاڵای کوردستان لە نێوان شەریعەت و یاسادا	عەبدولستار ئەحمەد	توێژینەوە	١٥٠٠	٦٨
٤٣٧	کیژە سابڵاغی	ئیبراهیمی قادری	گۆرانی و ژیاننامە	٤٠٠٠	٤٥٨
٤٣٨	ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە (٤) بەرگ	علی کەندی	گشتی	١٠٠٠ بۆ هەر بەرگ	٦٧٢

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ENCYCLOPEDIA OF HISTOGRAPHY

1/1/0001 - 31/12/1900

Ali Kandy

لەم مەیدانە گرنگەی کولتوری هەموو نەتەوەیەك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە . ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە ، بەڵکو لەهەموو گێتیدا سوود بە خوێنەوارو رۆشنبیران دەگەیەنن کەچی نووسینەکانیان دەبن بە سەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك .

د. مارف خەزنەدار
ی مایسی ۲۰۰۷

ئەم خەمخۆرییە تاقەکەسییە کەلەلایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆر و ئارامێکی لەیوبییانەی گەرەکە. لەبەر ئەوەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لەخۆ دەگری.

تارق جامباز
۲۰۰۹/۸/۱۰

کارێکی کەلتووری مەزن ... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە ((ئینسکلۆپیدیایە- مێژوونامە)) قەلایەکی کلتووری مێژووی مەزنە، وەکو قەلای شاری مێژوو - هەولێر-، هەردەم زیندووە.

مومتاز حەیدەری
۲۰۰۹/۷/۷

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەش کتێبخانەی کوردی بکات. بەتایبەت کەهێشتا کتێبخانەی کوردی لەزۆر بواردا هەژارە.

د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور
۲۰۰۹/۷/۲۵

Second Edition - 2009
Shouthern of Kurdistan - Erbil

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێ